


## شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیای بەڵشەڤیک

# خوێندنەوەیەکی نوێ پاش تێپەڕبوونی سەدەیەك

نیاز موستەفا

نووسین و ئامادەکردن و وەرگێڕانی تێکستە ڕووسی و ئینگلیزی و عەرەبیەکان، مێژوونووس و ڕەخنەگر-

# نیاز موستەفا

پێداچوونەوە و پێشەکی : سیوەیلی ڕەشید

**سووپاسی بێ پایان بۆ بەڕێز " سیوەیلی " بۆ ئەرك و ماندووبوونی**

**نیاز.م**

" إنى لا أريد بهذا البحث أقنع إلا من يريد أن يقنع.

أما الذى لا يريد أن يقتنع فليس لنا إزاءه أية حيلة "

علي الوردى

**" بەندە بەم لێکۆڵینەوەیە، نامەوێت باوەڕ بەکەس بهێنم و فێڵی بکەم، مەگەر کەسەکە خۆی ویستی لەسەربێت و بیەوێت، بەڵام ئەوەی نایەوێت قایل بێت ئەوا لەبەرمبەردا هیچ فێڵ و فەرەجەیەکمان نیە بۆی "**

عەلی ئەلوەردی

ناوەرۆکی بابەتەکان :


پێشەکیەک ......................................................................................لا-٨

ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەرشیڤە نوێکانی ڕوسیا .........................................لا-١٢

کورتەیەک لە مێژووی سیاسی قەیسەرییەکانی ڕوسیا و دانیشتوانی..............لا-٢٧

بەکۆیلەکردنی مرۆڤ- پەڵەیەکی ڕەشە لە مێژووی مرۆڤایەتی.........................لا-٣٢

فاکتەرەکانی پێش بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر...........................................لا-٤٤

ڕیفۆرمی زەوی زار لە کشتوکاڵ- ستەڵووپین...................................................لا-٤٦

ڕۆلی پارڤووس لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ..........................................................لا-٤٨

پارڤووس کێ یە؟............................................................................لا-٤٩

- خەبات و بیرۆکەی چەپ لای پارڤووس.....................................................لا-٥٥

- ڕابواردن و جەربەزەی سیاسی پارڤووس...................................................لا-٥٧

- پلانی پارڤووس لە دژی قەیسەر.............................................................لا-٥٩

- وروژاندنی شەقام لەڕێگای کاری میدیاوە...................................................لا-٦٢

- تێکچوونی نێوان مەکسیم گۆرکی و پارڤووس................................................لا-٦٦

- پارڤووس و پەیوەندیکردنی بە تورک و ئەڵمانەوە...........................................لا-٦٧

- پارەی ئەڵمان و ڕۆلی پارڤووس بۆ هاوکاری بەڵشەڤیک لە دژی ڕوسیا.....لا-٦٩

- هاوکاری مادی و مەعنەوەی ئەڵمان بۆ بەڵشەڤیک لەبڕی شەڕ وەستان....لا-٧٢

- ڕوونکردنەوەیەکی سەرپێی لەخراپی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆ کورد .............لا-٨١

- کۆتایی ڕۆلی پارڤووس لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر.............................................لا-٨٣

- هۆکاری پشتگوێ خستنی ڕۆلی پارڤووس لەو شۆڕشە؟...........................لا-٨٦

ژیاننامەی سیاسی ترۆتسکی...........................................................لا-٨٩

- ژیانی منداڵی لێڤ یان یێدیش یاخود لێیبە( ترۆتسکی) و خوێندنی.......لا-٩٢
- لێهاتوویی لێڤ (واتە شێر) ترۆتسکی بۆ ڕابەرایەتی..........................لا-٩٤
- ترۆتسکی وکاری سیاسی ژیانی زیندانی........................................لا-٩٨
- لە ژیانی زیندانیەوە بۆ ڕاکردن بۆ ئەوڕووپا ....................................لا-١٠١
ڕێکخراوی "بووند"..........................................................................لا-١٠٣
کاری ڕێکخراوەیی سیاسی ترۆتسکی....................................................لا-١٠٧
کۆتایی قەیسەڕ پاش مانگرتنی فیڤڕایل................................................لا-١١٥
دوا سەرنج لەسەر کیرێنسکی............................................................لا-١١٧
جەنگی جیهانی یەکەم و قەیرانی سیاسی و ئابووری...............................لا-١١٩
لێنین- کورتە باسێک لەسەر ژیاننامەی سیاسی........................................لا-١٢١
لیۆنید ملێتشین لە پەڕتووکەکەی بەناوی " لێنین"....................................لا-١٢٣
بۆریس ڤەلێنتینۆڤیتش یاکۆڤێنکۆ باس لە بەکرێگیراوی لێنین دەکا............لا- ١٢٧
درووشمە باق و بریقەکانی لێنین و بەیانی ئەپریل....................................لا-١٣٠
ناکۆکی نێوان حیزبە سیاسیەکان لەناو پەرلەمان و لاوازی حوکومەتی کاتی...لا-١٣٤
ڕۆلی سەرەکی ترۆتسکی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر.........................................لا-١٣٧
دەمەتەقێی فرۆید و ترۆتسکی لە ڤیەننا ..................................................لا-١٤٥
دەمەتەقێی نێوان ترۆتسکی و باوکی.......................................................لا-١٤٦
ناجێگریی سیاسی وڵات و ئینقلابکردنی بەڵشەڤیەکان...............................لا-١٤٨
ڕۆڵی جولەکە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر.......................................................لا-١٧٦
جەنگی کۆمۆنیزمی بەڵشەڤیک'یەکان......................................................لا-١٨٠
بڕوبیانووی تیرۆر بۆ پاکتاوکردنی نەیارەکان...........................................لا-١٨٣

٣ سێ هەوڵی تیرۆرکردنی لێنین.........................................................لا-١٨٥
"نێپ" بەرنامەی لێنین ١٩٢١- ١٩٢٤..................................................لا-١٩٤
نێپ (سیاسەتی ئابووری نوێ) – لێنین..................................................لا-١٩٧
پێشێلکارییەکانی لێنین و بەلْشەڤیکیەکان بۆ مافی مرۆڤ و ئازادییەکان...لا-٢٠١
ئابرووی کەشتی پرۆفێسۆرەکانەوە......................................................لا-٢٠٦
شکستی سیاسەتی ئابووری- قات و قڕی و قەیرانی مرۆڤایەتی..............لا-٢٠٩
نۆمێنکلاتووره یان ئێلیت..................................................................لا-٢١٦

- ژیانی شاهانەی سەرانی بەلْشەڤیک لەناو کۆشکەکانی قەیسەڕ......لا-٢٢٠
- چارەنووسی کۆشکی تاڤریچێسکی.................................................لا-٢٢٣
- چارەنووسی کۆشکی ماتیلْدا کشینیتسکی........................................لا-٢٢٦
- ئەپارتمێنەکەی لێنین لەناو کرێملین- مۆسکۆ...................................لا-٢٢٨
- چارەنووسی کۆشکی کۆرکی و داگیرکردنی لەلایەن لێنینەوە...........لا-٢٣٢
- لێنین و خۆشگوزەرانی- " ژیان لەناو شوققە مەحاڵە.......................لا-٢٣٩

ڕێککەوتنی " برێست- لیتوانی"..........................................................لا-٢٤١
ترۆتسکی و درووست کردنی سوپای سوور............................................لا-٢٤٢
وەسیەتی لێنین و هەڵوێستی ستالین.................................................لا-٢٤٥
مێژووی نیشتەجێ بوونی جولەکە لەڕوسیای قەیسەری.............................لا-٢٤٨

- کووشتاری جولەکە بە کۆمەڵ لە ئۆکرانیا ڕۆلی سیمۆن و ماخنۆ......لا ٢٥٠
- لەکوێ ستالین جوولەکەکانی نیشتەجێ کرد؟...............................لا-٢٥٤

- چەند ووشەیەک دەربارەی پەڕتووکی ئەندرێ دیکی........................لا-٢٥٨

مێنێنایست و ئامێشەکان کێن؟.....................................................لا-٢٦٢
چەند وشەیەک دەربارەی بوخارین.....................................................لا-٢٦٥

- بوخارین- تاکتیک و ستراتیژیەتی جیاواز لەستالین...........................لا-٢٦٧
- ناکۆکی نێوان بوخارین و ستالین.................................................لا-٢٧٠

مانای کوولاک چیە و کێن؟ .........................................................لا-٢٧١

- مامەڵەی لێنین و دوو کەسایەتی بەڵشەڤیک لەگەڵ کوولاکەکان........لا-٢٧٣
- ڕاپەڕینی چینی کرێکار لەدژی بەڵشەڤیکیەکان...............................لا-٢٨٠

کورتە باسێک لەسەر ژیاننامەی سیاسی ستالین...................................لا-٢٨٥
پیلانی ستالین بۆ لادان و دەرکردنی ترۆتسکی...................................لا-٢٨٨
کوشتنی کیرۆڤ و شانۆگەری تۆڵەسەندنەوە.......................................لا-٢٩٧
ستالین- تیرۆرو سیاسەتی چەپەڵی...................................................لا-٢٩٩
ستالین - تیرۆری مەزن...............................................................لا-٣٠٣
ستالین- بەڵطەجی و چەقۆکێشەکانی ..............................................لا-٣٠٦
ترۆتسکی- گەڕان بەدوای شوێنێکی ئارام ..........................................لا-٣٠٧
ستالین- شەڕی دەروونی و جەستەیی لەگەڵ ترۆتسکی .........................لا-٣٠٩
تێکچوونی پەیوەندی نێوان دیێگۆ ڕیڤێرە و ترۆتسکی ..........................لا-٣١٩
چارەنووسی نەوەی ترۆتسکی لەمەکسیک ..........................................لا-٣٢١
بڕیاری کۆتایی ستالین بۆ لەناوبردنی ترۆتسکی ...............................لا-٣٢٢

کۆمەڵە دەق و ووتاری بەڕێز پێشڕەو محمەد لەسەر تیرۆری ترۆتسکی ............لا-٣٢٧
بۆریس ڤ. یاکۆڤێنکۆ: کادیرانی بەڵشەڤیک شایستەی پۆستەکانیان نەبوون......لا-٣٣٠
چەند ئامارێک لەسەر قڕکردنی مرۆڤ لە ڕوسیا..........................................لا-٣٤٩
باسێك لەسەر یەکسانی و مافی ئافرەت لەسەردەمی بەڵشەڤیک و تائیمڕۆ......لا-٣٤٩
بەڵشەڤیەکان- تاقیکردنەوەی گازی ژەهراوی لەسەر زیندانیان ...................لا-٣٥٣
لیۆنید ملێتشین باس لەتاوانەکانی بەڵشەڤیک دەکا....................................لا-٣٥٤
نەوەی ستالین باس لە بێ گەردی باپیرەی دەکا.........................................لا-٣٦١
ستالینیزمەکان لەسەر ستالین ..............................................................لا-٣٦٣
سادەیی و دەست پاکی ستالین ..............................................................لا-٣٧٣
بابەتێکی شیکاری مێژوویی بۆ ئەگەرەکان:
ئایا ستالین یان ترۆتسکی بۆ بەڕێوەبەرایەتی سۆڤیەت باش بوو؟................لا-٣٧٦
هێندێک لەو گرتە ڤیدیۆو چەند تێلێگرامێکی لێنین بۆ سەر زمانی کوردی
- زاراوەی سۆرانی لەگەڵ تێکست و ژێرنووسی کوردی دامناوە لەگەڵ کۆمێنت و سەرنج
و دوا ووشەم لەسەر ئەم باسە ..............................................................لا-٣٨٩
بۆچی ڕێژەی ڕەگەزی مێینە زیاترە لە نێرینە لە سۆڤیەت و ڕوسیا؟ ...........لا-٣٩٨
تابوری پێنجەم ......................................................................................لا-٤٠٠
ئایا ڕووداوەکانی مێژوو دووبارە دەبنەوە لەکات و شوێنی جیا؟..................لا-٤٠١
ڕەفتاری بێ پرینسیپی سەرکردەکانی بەڵشەڤیک .......................................لا-٤١٩
ستالین و دۆستەکانی ............................................................................لا-٤٢٢
ئەنجامی باسەکەم چەند پرسیارو وەڵامێک دەهێنێتە ئاراوە ....................لا-٤٢٩
سەرچاوەکان ........................................................................................لا-٤٥١

مێژوناس و ڕەخنەگر بەگشتی و لە سیاسەتی دەوڵەتی شوڕەوی بەناو کۆمنیزم. لە ڕاستیدا نیازی مستەفا تەنها لەسەر سیاسەتی کۆمۆنیزم ڕەخنەی نەگرتووە، بەڵکو هاوتا ڕەخنەی لە ئاینگەراکان گرتووەو بەتایبەت لە ئاینی ئیسلام، بێ لەوەی بەشێوەیەکی گشتی ڕەخنەی تایبەتی زانستیانەی خۆی هەبووەو هەیە دەرحەق بە سیاسەتی کوردی لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان تادەگاتە سەر پەکەکا'ش .

سەرنجێ دەربارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لەمەڕ دۆکۆمینتە مێژووییەکانی ڕوسیاو ئاشکراکردن و بڵاوکردنەوەی ئەجندای سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لە لایەن دەوڵەتی ڕوسیاوە. پاش هەرەسی بلۆکی شەرق یاخود دەوڵەتی شوڕەوەی بەناوی شیوعییەتەوە.

هەڵبەتە بەندە، ڕەشید سیوەیلی بە کارێکی باشی نازانم من پێناسەی نیازی مستەفا بکەم، لێ بەو پێیەی ئێمە هاوڕێن و یەکتر دەناسین و نزیکییەکمان هەیە لە بیروبۆچوونی خۆماندا وەک تاکێک یا هاوڵاتییەکی کورد، دەبێت چەند دێرێک لەسەر بەرێزیان بنووسم.

دەبێ ئەوەش بڵێم بەندە لە پێداچوونەوەی ئەم کارە سەخت و ماندووکەرەدا نیازی بەڕاستی خۆی ماندوو کردووە لە پێناوی خستنەڕووی ڕاستییەکان بۆ خوێنەری کورد، بەڵام من تەنها پیاچوونەوەی زمانەوانی و هەڵەی چاپ و پاش و پێشخستنی دەربڕین وشەکانم کردووە، بێ لەوەی هەندێ زاراوەی کاک نیازی بۆ چەند دەستەواژەیەک بەهۆی دووری کاک نیازی'یەوە لە زمان کوردی و ژیان لەکوردستاندا دەستەواژەکان بە عەرەبی دەنووسێت، زبری زمان و نووسینی بەرێزیان پەیوەندی بەمنەوەو نیەو ناتوانم ڕێی لێبگرم ڕای خۆی دەربېرێت، گەرچی ئاگادارم کردۆتەوە وەک سەرنج ئەو لە وەڵامدا وتوویەتی : دەتەوێت تۆش وەک ئەوانی تر ڕێی ئازادی دەربڕین و نووسینم لێبگری.

خاڵێکی تر سەبارەت بە نیازی مستەفا و ئەم کارەی کە دۆکۆمینتەکانی لە زمانی ڕوسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ئەوە کاری نیازی نیەو نیازی هەڤاڵێکی بارگرانی شیوعییەت نەبووە، بەڵکو باس لە ڕیالیتی ڕاستی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی ڕوسیای شووڕەوی دەکات لە زمانی خۆیان و مێژوونووسان و پسپۆرانی ئەو بوارەوە لە ڕوسیای ئێستاداو دەوڵەتی ڕوسی خۆیان بڵاویان کردۆتەوە.

فەرموون خۆتان بزانن چی ڕوویداوە لە دەسپێکی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە..

من تەنها یەک تێبینی تۆمار دەکەم لەسەر هەڤاڵێک لە هەڤاڵانی بارگرانی بەناو کۆمۆنیزمەوە، کە ئەو کەسایەتییەش ناوی ـ فەرمان کەریم زادەیەو نووسەری هەڤاڵانی بارگرانی شیوعییەکانی ڕوسیاو جیهانەو بە نوسەرێکی شۆڕگێڕ لەقەڵەم دەدرێت ـ من بەش بەحاڵی خۆم بە نووسەرێکی درۆزن و گرگن و هیچ لەبارانەبووی دەزانم. کە ئەو واتە فەرمان کەریم زادە، لە چیرۆکێکی دا بەناوی، دەربەندی بەفرو شاخ'وە فەرمان کەریم زادە خۆی خەڵکی وڵاتێکی ترک نشینە، بەڵام خۆی بە شیوعی لەقەڵەم داوەوە ئەویش لەهەڤالانی بار گرانە و من ئەو چیرۆکەیەم کرد بەکوردی تا خوێنەری کورد تێبگەن شیوعییەت مافی گەلانی نەپارستووە، بەڵکو ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگ بووە دەسەڵات بگرنە دەست، لە چیرۆکەکەدا سەرەڕای باسی چۆنیەتی دروستبوونی لەشکری سوور دەکات سەربازگەی سپییان ڕوخاندووەو لەشکری سوورو سەربازگەی سووریان دروستکردووە، بەڵام جەنابی نووسەری بەناو کۆمۆنیستەوە بەشێکی زۆر چیرۆکەکەی بۆ کوردێکی ڕوسیا تەرخان کردووە بەناوی ئیبراهیمەوە، سەرباری ئەوەی باس لە دروستبوونی کۆڵخۆز و کۆلاک و کۆمونە دەکات، کەچی ئەو بەشەی بۆ سوکایەتی کەرەکتەری کوردبەکار هێناوە چ کەسایەتی سوک وترسنۆک هیچ و پووچ و سەر شۆڕ و هیچ لەبارانەبوو بووە، هۆکاری ئەو نوسینەی دەرحەق بە کورد وەک نەتەوە یان وەک تاک چیە، لەکاتێکدا باسی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە؟ باس لە سەربازگەی سوور دەکات، ئەم کارە ئەگەر نازییەت و ئەوپەڕی ڕەگەزپەرستی نەبێت چیە؟ کوا کۆمۆنیزمی؟ بۆ باسی کورد دەکرێت لە ڕوسیادا یان ئازربایجان. ئەوانە بوون بە سەران و نووسەرانی هەڤاڵانی بارگرانی شیوعییەت، هەر بۆیە ئێمە وامان بەسەرهات بەمەرجێ کورد چ خوێنێکی نەدا سۆسیالیزم و شیوعییەت.

نیازی لەسەردەمی لاویەتییدا بە مەبەستی خوێندن و بەدەستهێنانی زانست ڕووی کردۆتە بولگاریاو ڕوسیای شوورەوی ، مانای وایە لەسەردەمی ئاڵای سووری بەناو دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و ڕابەڕانی سۆشیالیزمی جیهانی لەو دەوڵەتدا ژیاوە بە پراکتیک ژیان و گوزەرانی شوورەوی بینیوەو ژیاوە، بێ لەوەی زمانی ڕوسی زۆر پسپۆڕانە فێربووەو پاشان ڕووی کردۆتە وڵاتی کەنەدا.

بەڵام ڕەخنەکانی نیازی ڕەخنەیەک نین لە گیرفانەوە هاتبێتە دەرەوەو هەڕەمەکییانە یاخود لە بوغزو کینەدا هەڵیڕشتبێ، نەخێر بەڵکو لەسەر بنەمای ئاشکراکردنی ئەجندای سەردەمی ڕابەرانی شیوعیەت

بووه لەدوای هەرەسی دەوڵەتی شیوعی شوورەی کە دوا سەرۆکی ڕوسیای شوورەوی ـ گۆرباتشۆف بوو و لە سەردەمی بۆریس یێەلتسینەوە یەکەم سەرۆکی دوای ڕوسیای شوورەی ئەو دۆکۆمینتانە وردە وردە خرانەروو هەم گەلانی نێو ڕوسیاو هەم بۆ جیهان، بێ لەوەی بەشێکی زۆری تەنها بۆ پسپۆرانی مێژوو سیاسیە تا ئەوان پیاچوونەوەی بۆ بکەن بەو مەبەستەی هەم وەڵامێکیان بۆ دەربکەوێت هەم بەو مەبەستەی سودێک لە ئەزموونی ڕابردووی خۆیان وەربگرن ، نەک هاوڵاتی سادەو ساکار.

من دەزانم هەر وەک کاک نیازی ڕوو بەو جۆرە کەسان قسە دەکات و ڕەخنە دەگرێ کە هێشتا بە هزری شیوعییانەو چەکوشی پڕۆلیتاریا لەژێر ناوی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا بیر دەکەنەوەو پێیان وایە ڕزگارکەرە. دەڵێت هەڤاڵانی بارگران، گەرچی من حەزم بە تەشهیر نیەو قسەکەی ئەویش تەشهیرنیە، بەڵکو مەبەست لەو هەڤاڵانەی گوایە بارێکی گرانیان خستۆتە سەرشانی خۆیان، سەرەڕای ئەوەی سەدەیەک بەسەر بیرۆکەی دەوڵەتی بەناو کۆمۆنیزم دا تێپەڕی کردووە، کەچی ئەوان هێشتا دەستیان لە چەکوش و دیکتاتۆرییەت بەر نەداوە، گەرچی بۆ من زۆر سەختە وشەی دیکتاتۆرییەت قبوڵ بکەم لەکاتێکدا هەموو جیهان بەنیازن دیکتاتۆریەتی چینێک کۆتایی پێ بهێنن، دوای ئەوەش بۆ دەبێت ئێمە دیکتاتۆریەت قبوڵ بکەین، پاش ئەوەی بەڕوونی بۆمان دەرکەوت هەر ئەو کۆمۆنیزمانە بە ملیۆنیان لە هاوڵاتیانی بێدەرتان و سەرمایەدارو دەرەبەگ وڵاتی خۆیانیان تیرۆرکردووە لای هەمووومان ئاشکرایە، گەرچی شۆڕش مانای تیرۆرکردنی سەرجەم چینەکان نیە، تەنانەت گەر بیانەوێت چینێکیش بکەن سەرداری چینەکانی تر، ئەی چیمان کرد بەچی؟ تەنها ناوەکان و دەم و چاوەکان گۆڕاون، کەچی تازە بە تازە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان زۆر بە پەرۆشەوە هەڵگری ئەو دروشمەن، بەمەرجێک جیهان لەهەوڵی نەهێشتنیدایە، بیرمان نەچێت داگیرکەرانی کوردستان لەبەرەی سەرمایەدارین ناڵێم دیموکراتی باکەس زویر نەبێت، سەرباری ئەوەی یەکەم ڕوخێنەرو داپڵۆسێنەری حوکومەتە ساواکەی کورد ، " کۆماری کوردستان " لەژێر ناسنامەی کۆماری مهاباد کە زۆر کورد هەن ئێستاش بەو ناوەوە دەیناسێنن، بەڵێ ڕوسیای شورەوەی داکۆکیکەری چەوساوەو فلیاقەوەو کرێکاران و هەژاران ئەو دەوڵەتە کوردییەیان زیندە بەچاڵ کرد، بەڵێ دەزانم زۆر کەس ئەم بۆچوونەی منی بەدڵ نیەو بۆ منیش گرنگ نیە بە دڵیان بێت یان نەء. بەڵام لەڕاستیدا ڕوسیای شوورەوی کوردو کوردستان لە پێناوی پشکنین نەوتدا فرۆشت بە ئێران وترکیا، واتە گەڕان بەشوێن نەوتدا < تنقیب > وەک ئەوە

وایە ڕوسیای شووڕەوی کوردستانی فرۆشتبێت بە پڕۆتۆکۆلێک و دوان و کەسایەتییەکی وەک شای ئێران و ئەتاتورکی ترکیا.

بەندە تا ئێستا هیچ هێزێکی سیاسی و چەکداری کوردیم نەدیوە گەیشتبێتە ئاستی خەباتی پ ، ک ، کا .. وەک شۆڕشگێر، لێ پرسیارێک گەر نەتەوەیەکی وەک نەتەوەی کورد بە دروشمێک خەبات بکات دژی جیهانی سەرمایەداری و زلهێزانی جیهان و ئەوانە هاوپەیمانی داگیرکەران بێت چۆن پشتیوانی ئەو خەباتە چەکدارییە دەکەن دژی خۆیان بێت؟ مەگەر ڕۆژئاوا ئەوەندە دەبەنگن، دوای ئەوەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هەر هەموویان نۆکەری زلهێزە سەرمایەدارییەکەن و ئەوان دەوڵەتن و کاریگەرییان هەیە لە جیهاندا بەسەر دەوڵەتان و سیاسەتی جیهانییەوە، مەگەر نەمان دی چۆن شۆڕشەکانی کوردیان تواندنەوە لە هەر چوار پارچەکەو هەرەسیان هێنا بە شۆڕشی حەفتاو پێنج ی باشووردا؟ مەگەر نابینن هەردوو زلهێزەکە چ کەسافەتێکیان بەسەر کوردا هێناوە تا ئەمڕۆ؟ دوای ئەوە منی کورد هێشتا پەسند نیم لە فارس و ترک و عەرەب وەک گەل و نەتەوە، ئیتر بۆ دەبێ شێوەن بۆ خەباتی پڕۆلیتاریا بکەم، پڕۆلیتاریای ولاتانی داگیرکەر جیان بۆ کورد کردوە؟ ئایا ئەوان کاتێ سەربازییان دێت و ڕەوانەی کوردستان دەکرێن ئاخۆ لە بری ئەوەی گوللە بنێن بە سینگی کوردەوە گوڵیان تێدەگرن؟ ئاخۆ هیچ ولاتێکی داگیرکەر هەیە کوردستانی ئاوەدان کردبێتەوە، بەتایبەتی ئێرانی فارس و ترکی ترکیا هەم مێژوو و کولتوورو زمان و نووسین و زانستییان لە کورد بڕیوەو هەوڵی زیاتر لەناوبردنی دەدەن، بێ لەوەی شوێنەواری دێرینی نەتەوەی کوردیشیان سڕیوەتەوەو بەنداویان لەسەر دروست کردووە.

دەستخۆشی لە نیازی مستەفا دەکەم بۆ وەرگێران و خستنە ڕووی واقیعی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو سەرانی ئەو شۆڕشەو دەستخۆشی لەو سەرکردانە دەکەم چەند ملیۆنێکیان تەنها لە ڕوسیادا تیرۆر کرد بێ لە تێکدانی مێشکی زۆرینەی ئەو ولاتانەی هێشتا نەگەیشتبوون بە قۆناغی دەوڵەت نەک سۆشیالیستی کە ڕوسیا کردنی بە نەتەوەو دەوڵەت و لە شەو و ڕۆژێکدا وەحییان بۆ دابەزاندن.

ڕەشید سیوەیلی.

# ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەرشیڤە نوێیەکانی ڕوسیای فیدێڕاڵ لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەری بەڵشەڤیەکان، بەبۆنەی ١٠٠ ساڵ تێپەڕبوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر .

دەوڵەتی ڕوسیای فیدێرال، لەم ماوەیەی پێشوودا، هەندێک دۆکۆمێنتیان لە ئەرشیڤەکان دەرهێناوەو ئەوە یەکەمین جارە دۆکۆمینتی لەو جۆرە دەخرێتە بەر دەستی مێژوونووس و لێکۆڵەر و توێژەرانەوە، بە مەبەستی ئەوەی جارێکی ترو بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە مێژووی کودەتای ـ ئینقلابی ـ ( شۆڕشی) ئۆکتۆبەر بنووسنەوە .

بەندە وەک شارەزایەکی زمانی ڕوسی و مێژوو و ژیان بەسەربردن لەو وڵاتە بە ناو کۆمۆنیزمانە، هەوڵ دەدەم باسی لایەنە شاراوەکانی بەناو شۆڕشی ئۆکتۆبەر بکەم لە ڕوانگەی خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە بۆ مێژوو نووسانی ڕوسیای فیدێرال سەبارەت بەو کارەساتەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم بە سەر ڕوسیای قەیسەری داهات. باسی نەهامەتی دوای ئەو شۆڕشەو تایبەتمەندی و ڕەفتار و ڕەوشتی کەسایەتی سەرکردەی بەڵشەفیک و مەنشەفیکەکان بکەم بە بەڵگەوە. دڵنیابن هیچ شتێک بڵاوناکەمەوە بێ بەڵگە. لە سەرلەبەری باسەکانمدا دەربارەی ئەو مێژووە بە مۆڕالەوە پابەند دەبم پێوەی و بە ئەرشیف و دۆکومێنت دەیخەمە بەردەستی خوێنەران. هەڵبەتە بە پلەی یەکەم لە ئەرشیڤی ڕووسیەوە دەستپێدەکەم کە خۆیان بڵاویان کردۆتەوەو ئێستا بووەتە بابەتی مێژوونووسان .

هەر بەو بۆنەیەوە، واتە سەدەیەک بەسەر ئەو کارەساتەی ١٩١٧ی  ئۆکتۆبەر، ڕوسیای فیدێڕال چەند فیلمێکی دەرهێناوەو خستیویەتیە بەردەست گەلی ڕوسیاو جیهان و

ڕاستی ڕووداوەکانی ئەوکاتەی بڵاوکردۆتەوە بە بەڵگەی نوێوە، گرنگییان داوە بە ژیانی ڕیالیانەی سەرجەم کەسایەتییەکان ـ لێنین و ستالین و ترۆتسکی و ئەلێکسی ڕیکەڤ و بێریاو چەندەها کەسایەتی تر. هەر لەو فیلمە دۆکۆمێنتاریانە باسی ڕاستی و درووستی لایەنە شاراوەکانی ئەو ڕووداوانەو کەسایەتی لێنین و ستالین و ترۆتسکی دەکات. باس لە بەکرێگیراوی ئەو بزووتنەوەیەی لێنین دەکەن، چۆن بە پارەی قەیسەری ئەڵمان شۆڕشەکەیان کردووە، کە لەڕووی جەنگەوە دەبێ لێنین و کادیرە پێشکەوتووەکانی حیزبی کۆمۆنیستی بەڵشەڤیک بە خائینی وڵات لەقەڵەم بدرێن .

ئەڵمانیا هێندێک ئەرشیڤی نهێنی بۆ یەکەمین جار بڵاوکردۆتەوە لەسەر وەرگرتنی پارە لەلایەن ئەڵمانەوە بۆ لێنین و یارمەتیدانی حیزبی سۆشیالیستی لێنین بە مەبەستی هەوڵی سەرکەوتنیان لە ڕێی دەم چەورکردنەوە بە پارە تا سەربکەون بەسەر قەیسەری ڕوس دا، تا کۆتایی بەشەڕی ڕوس و ئەڵمان بهێنن. بە گوێرەی ئەو ڕێکەوتنە نهێنیەی نێوان لێنین و بەرپرسانی ئەڵمان و لە سەنرتراڵی وێستگەی شەمەندەفەری بەرلین'ەوە کە بەڕێوەچوو پێش ئەوەی مۆڵەت وەربگرێ بەخاکی ئەڵمانیا تێپەڕ ببێ .

منیش هەموو هەوڵێکی خۆم داوە دەست پاکبم لە وەرگێڕان و بەدواچوونم بۆ هەر ڕووداوێک بە شێوەیەکی خرۆنۆلۆژی و فاکتەکان دەخرێتە بەردەست. سەرچاوەی زانیارییەکانم بەشێکی گەنجینەی مەعریفی خۆمە کاتێ لە سۆڤیەت خوێندومەو تێیدا ژیاوم و سەرقاڵی مێژووی ڕوسیاو سۆڤیەت بووم و بەردەوام بەدوایدا گەڕاوم و کۆم کردۆتەوە، تا ئەمڕۆش بەردەوامم لەسەری و بەدوای زانیاری نوێ وەم تابگەم بە دوا لێکۆڵینەوەو دۆکۆمینت دەربارەی کەسایەتیەکانی ناو ئەو شۆڕشە .

مێژووی ئەو شۆڕشە، هەندێکیان دیسان وەرگیراون لە ئەرشیڤی ئەڵمان و پرووسیا( کەئێستا دەبن بە بەشێک لە نەمسا و هونگاریاو ئەڵمانیا ) و سویسراو بەلیجکاو فەڕەنسا و سوێد و روسیا . ئەو ئەرشیڤانەی لە دەرەوەی ڕوسیای سۆشیالیست بوون هەر زوو بڵاویان کردۆتەوە. بەڵام ڕۆژئاوا بێ دەنگی نواند لە ئاشکراکردنی دەست تێکەڵ کردنی ئەڵمانیا لە کاروباری ناوەخۆیی ڕوسیا بۆ ماوەیەک تا ئەوکاتەی بەڵشەڤیک نەبووە هەڕەشە بۆ سەر ئەڵمان. واتە لە کاتی گرژییەکانی نێوان ئەڵمان و سۆڤیەتی ستالین، ئینجا ئەو دۆکومێنتانەیان بڵاوکردۆتەوە. لە زۆربەی ئەو دۆکۆومێنتانەی دەرەوەی وڵات ئاماژە بە پێدانی پارەی ئەڵمان دەکەن بۆ ئینقیلابچیەکانی بەڵشەڤیک وەک بەکرێ گیراوێکی ئەوان لەخزمەت بوون. بەڵام سۆڤیەت و مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت نکۆڵی لێ دەکرد ئەگەر شتێکی ئاوا کرابێ و هەبێ. تەنانەت لە زەمانی خرووشۆڤ و بە دواوە تاوەکو گۆرباتشۆڤیش هەر شاراوە بوو، ئەگەر لێنین و سەرانی بەڵشەڤیک دەستیان تێکەڵ کردبێ لەگەڵ ئەڵمانیا کە وڵاتی ڕوسیا جەنگی لەگەڵی هەبوو، کە لە ڕووی یاساو مۆراڵ و نیشتمان پەروەرییەوە بەخیانەتی نیشتمانی لەقەڵەم دەدرێن .

تەنها ئێستا بە بۆنەی ١٠٠ ساڵ تێپەڕبوون ڕوسیا و مێژوونووسانی ڕوس دانی پێدادەنێن و دەڵێن :

" بەڵێ لێنین و بەڵشەڤیەکان پارەیان وەرگرتووەو پەیمانی ئاشتیان هەر لە ئەڵمانیاوە نووسیوە بۆ ئەڵمانیەکان لەبری یارمەتیدانیان بۆ هاتنیان بۆ سەر حوکم لە ڕوسیا " .

مێژووی ئەو ڕووداوە کراوە بە فیلم. لەمانگی ئۆکتۆبەر، من هەندێک گرتە ڤیدیۆم لێ هەڵگرتووە وەک بەڵگەی خودی حوکومەتی ڕوسیا کە لە میدیاکان بڵاویان کردۆتەوە.

بۆ ئەوەی تەنها نووسین نەبێ. لەگەڵ ئەوەش وێنەی ئەو نووسراوە دەست خەتیەی ئەڵمان و ختم و مۆری ئەڵمان بۆ پارەدان بە بەڵشەڤیەکەکانم داناوە. وە مێژووی ژیان و هاتنیان بۆ دەسەلات. .. .

ئیدی ئەوە مێژووەو ئێوە پێویستە پەرتووکی مێژوویی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بزانن چۆن خوێندنەوە بۆ فاکتەکان بکەن. هەرکەسێ شارەزای کتێب خوێندنەوەی مێژوویی هەبێ دەزانێ لێنین لە کوێ ژیاوەو چۆن گەڕاوەتەوە ڕوسیاو پێویست ناکا زۆر ڕووداوی گشتی و دووبارە باس کراون لێرە سێ بارەی بکەمەوە، بەلام وردەکارییەکان لە ئەنجامی خوێندنەوەی زیادە و گەڕان بەدوای سەرچاوەو ئاسان کاریم کردووە بۆ خوێنەری تەمبەڵی کورد .

لەگەڵ ئەوەی یادەوەرییەکانی پارڤوس و بیرەوەرییەکانی ترۆتسکیم لەلایەو بە ڕوسی و خوێندومەتەوە، زۆرێک لەو فاکتانەی کە باسم کردوون لە یوتووب هەن، هەروەها لە میدیاکانی ڕوسیای پاش گۆرباتشۆڤەوە هێدی هێدی باسی لێوە دەکرێ. بەلام ئەو دۆکۆمێنتانەی خۆیان ناخەنە سەر فەیسبووک بۆ دەستی تۆ، بەڵکو دەیخەنە ژێر دەستی مێژوو نووسان و لێکۆلینەرانی بێگانە. هێندێک لەو ڤیدیۆیانە کە لەو پێشانگایەی پێترۆگراد بوون، میژوونووسە ئەڵمان و فەڕەنسیەکان چاویان بەو دۆکوومێنتە نوێیانە داخشاندوە و کۆنفێرانسێکیان بۆ کردووە، پاشان هەر ئەوانن ئیدی دەیکەن بە کتێب و دەیخەنە ژێر دەستی خوێنەر .

هیوادارم برادەرانی چەپ و هەڤاڵی بارگرانەکانی سەربازگەی سۆشیالیست لەو کارەی من قەڵس نەبن و بە خراپ تەفسیری بۆ نەکەن! مەبەستی من ئاشناکردنی خوێنەری گەنجی کوردە بەو ڕووداوانەی کە لە شۆڕشێ ئۆکتۆبەر ڕوویداوە چ ئەنجامێکی بەدوای خۆی داهێناو چی لێکەوتەوە کە تاوەکو ئێستا باجەکەی دەدەینەوە .

مێژووی سیاسی ئەو ڕووداوانە زۆر شێوێندراون، بێ گوومان بۆ بەرژەوەندی حیزبی کراوە، ئینجا هەم بۆ بەرژەوەندی سۆڤیەت یان لە دەرەوەی سۆڤیەت کراوە لەلایەن حیزبە چەپەکانی سەر بەبەرەی سەربازگەی سۆشیالیست، کە ببوون بە کاسەی سەری مایکرۆفۆنی لێنین وستالین و ماوتسی تۆنگ و هۆشی مینەو پۆڵپۆتۆ و کاسترۆ و جیگیڤارا وهتد .

من دەزانم زانیاری زۆربەی کوردو چەپەکانی کورد لەسەر چەپ و زانستی مارکسی و لێنینی سنوردارەو هەر ئەو پەرتووکانەیە کە کاتی خۆی لە دار التقدم دەردەچوون بە زمانی عەرەبی .

دێڤید ئانین: نووسەر و مێژوونووسێکی ڕووسە و دەرچووی زانکۆی کۆڵومبیای نیۆرک- ئەمەریکا لەپەرتووکەکەی بەناوی (شۆرشی ساڵی ١٩١٧ لەدیدی سەرکردەکانیەوە)، چاپی ڕۆما لاپەرە ١١ دەڵێ :

لەماوەی حوکمی سۆڤیەت بە هەزارەها پەرتووک و بلاوکراوە دەرچووە دەربارەی ئەو شۆڕشە، وە زۆربەی لەیەکتر کۆپیان کردۆتەوە، چونکە هەموو مێژوونووسێک ئەو دەرفەت و متمانەی پێنەدرابوو چاو بەو ئەرشیڤانە دابکا . هەر لەبەر ئەوەیە هەموو بابەتەکان لە سەردەمی سۆڤیەت مێژوونووسەکان لەیەکتر کۆپیان کردۆتەوە چونکە زانیارییەکان سنووردار بوو لەسەر ئەو سەردەمە. تەنها لەنێوان ساڵانی ١٩٥٧-١٩٥٩ نزیکەی ٧ هەزار پەرتووک و بلاوکراوە دەرچووە لەسەر ئەو شۆڕشە. لە ساڵی (١٩٥٧- ١٩٥٨ ) تەنها ١٢٨ کۆمەڵە دۆکومێنتێک بلاوکرایەوە بۆ جاری یەکەم بووە کە

مێژوونووسەکان دەستیان کرد بە نووسین لەسەر ئەم دۆکومێنتانەو کۆپی کردنی هەمان دۆکومێنات لەیەکتر بووە بڵاوبوونەوەی ٢٢ هەزار لە بڵاوکراوە پەرتووک .[1]
هەربۆیە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکەم پابەند نابێ بە مێژوونووسانی چەرخی سۆڤیەت، چونکە زۆربەی زۆری لەژێر فشاری دەوڵەت بوون هەبۆیە نەیانتوانیوە دیمەنێکی تەواوی ڕاستەقینەی ئەو ڕووداوەمان پێشکەش بکەن. لەبەرئەوە ناچاربووم بەدوای بەڵگەی ئەرشیف و سەرچاوەکانی دەستی یەک بم لە ژیاننامەی ترۆتسکی و پارڤووس و سیاسیە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ڕوسیای قەیسەری و سۆڤیەت و مێژوونووسە بەناوبانگەکانی جیهان وە بەکاریان بهێنم لەم بەرهەمەم
بەهەر حاڵ پلانی من ئەوەیە دیمەنێکی تەواو و کورت و پوخت بخەمە بەردەستی خوێنەری کورد لەسەر کەسایەتیەکان، لەسەر ڕووداوەکان، پاشان بیری چەپ و پەیڕەوکردنی لە ڕووی واقیعی ئەوکاتەوە، ئایا گونجاو بووە ؟
ئایا بەڕاست پەیامێکی مرۆڤایەتی بوو یان تەنها مرازی دەسەڵات و خۆیستی تاکەکان بوو ؟
ئایا بەڕاست ترۆتسکی کەسێکی خراپ بوو ؟
ئایا لێنین کەسێکی مرۆڤ دۆست و لەغەمی گەل بوو ؟
ئایا ستالین باوکی گەل بوو، یان هەموو ئەو کەسانەی ناومان هێناون و ناویان هاتووە لەمێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کەسانی ساقطی ئەخلاق و شەیتان و بەدفەڕ و نامرۆڤانەو کەسانی نەخۆشی دەروونی و کینەدار و گەندەڵ بوون ؟

[1] https://vtoraya-literatura.com/pdf/anin_revolutsiya_1917_glazami_ee_rukovoditelej_1971__ocr.pdf

لێ یەک ڕاستی هەیە پێویستە لەبیری نەکەین، من هەرگیز لێی لانادەم. ئەویش ئەوەیە بەهیچ شێوەیەک نابێ کەسایەتی مارکس تێکەڵ بەو جەلادانە بکرێت دەمەتەقێ و ڕەخنە لە فیکری مارکس و مارکسیەت هەر لەزەمانی مارکس و ئێنگلس'ەوە بوونی هەبووە لە نێو توێژ گەلی ئەکادیمیانی ئەڵمان و فەرەنسا و بەلیجیکا و ڕوسیا . ئەگەر ئێوە موتابەعەی بەرهەمەکانی مارکس'تان کردبێ، چەندەها نامەو وەڵامدانەوەی مارکس هەیە بۆ دیوهرینگ و پردوودۆن و باوەڕ و هێگل و فیۆرباخ و هتد وە ڕەخنەی توند دەکا . وە بەهەمان شێوە لێنین تەنانەت لە زۆر بەرهەمەکانی لێنین ووشەی نەشیاو و تەنانەت جنێو و سووکایەتی بەهێندێک کەسایەتی سیاسی و ئەکادێمی ڕووسی و ئەڵمانی دەکات. زمانی زبری لێنین لەنووسینەکانی هەموو پێوەرێکی زانستی شکاندبوو. واتە ئەو ڕەخنانەی ئێستا لە مارکسیەت دەگیرێ شتێکی نوێ نیەو هەر لەکۆنەوە هەبووە. کەوابوو شتێکی نوێ نیە من داهێنانم بۆ کردووبێ، یان مەبەستم بێ بۆ لەکەدار کردنی فکری مارکسیەت. ئەگەر کەسێ ئاوا بیربکاتەوە پێم باشترە کاتی خۆی لەسەر ئەم بەرهەمە بەفیڕۆ نەدا

ئەوەی مارکس و ئێنگلس لێکۆلینەوەیان لەسەرکردووە زانیاری و زانستێکی بێگەرد بووە، شەونخونی نووسین و هاتووچۆی پەڕتووکخانەو توێژینەوەی ڕۆژگارێکی دوورو درێژبووە، بە ڕاستی کارێکی ئەکادێمی و فیکری و فەلسەفی بووە، هەرچەندە ئەوانیش پشتیان بەستووە بە واقیع کردنی تیۆرییەکانی خۆیان لە ڕووی فیکرییەوە. ئەو سەردەمە دەمەتەقێیەکی زۆر دەکرا لە ئەوڕووپا، ئایا گونجاوە بۆ پەیڕەوکردنی لە ڕووی واقیعەوە؟ بێگومان ئەگەر مارکس و ئێنگلس دەسەڵاتیان هەبوایە دەیانکرد. بەڵام بە هیچ شێوەیەک پێم وانیە وەک لێنین و ستالین و ترۆتسکی قاتل و خائین و

جەللاد بوونایە یان دەبوون!

باوەڕناکەم مارکس ئێنگلس هەمان ڕەفتاری ئەو ٣ جەلادانەیان بکردایە بۆ پەیڕەوکردنی سیستەمی کۆموونە. شێوەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی دژە کولاک و کەلخۆز وسەڤخۆزو دروستکردن و داهێنانی کوولتوورێک بۆ چینێکی دروستکراو بەناو "پرۆلێتاریا" و پێناسەی بۆ بکەیت و بیخەیتە واقیع و دروستی بکەیت وەک چین و هەڵگری کوولتوورێکی بکەیت و ناوی بنێیت و لە سرووشتی ئەو چینە نەبووە وەک کوولتووری پرۆلێتاری کە وجودی نەبوو لە ڕووی واقیع هێنایان وە کردیان بە واقیع

من لەو باوەڕەدام ئەگەر مارکس زیندوو بوایە حەتمەن حاشای لەو سیستەمە دەکردو خۆی بێبەری دەکرد لەو تاوانانەی کە کراوە بەناوی بیرۆکەی مارکس و ئێنگلس .

تاکۆتایی دەسەڵاتی ستالین هەموو شۆڕشگێرو ئەندامە هاوبیرەکانی لێنین و ترۆتسکی تیرۆرکران لەلایەن ستالینەوە، بەهاتنی خرووشۆف بەشێکی کەم لەو تیرۆر و نا دادپەروەرییەی ستالین'دا بەو شێوەیە ددانیان پێداناو بەردەوامبوو. تا سەردەمی گۆرباتشۆف. بەڵام بەهاتنی گۆرباتشۆف بۆ دەسەڵات ئیدی دەرگا کرایەوە لەسەر لێکۆلینەوەو چاوپێداخشانەوەو ئاشکراکردنی پەڵە ڕەشەکانی ئەو مێژووە. ڕۆژانە چاوپێکەوتن ئەنجام دەدرا لە میدیاکان و کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکانی سۆڤیەت ڕوو بەڕوو لەگەڵ ئەو کەسانەی هێشتا لە ژیاندا مابوون و بوون بە قوربانی سیاسەتی نەگریسی ستالین و زۆربەی ئەو چالاکوانانە خۆیان سیاسی و هونەرمەندو ئەکادێمی بوون لە دژی ستالین. بەڵام دیسان لە سەردەمی گۆرباتشۆف متمانەیان بۆ گێڕانەوە ( رد إعتبار) بەڵام ئەو لێبوردنەیان بۆ ترۆتسکی نەکردو لێبووردەییان پێ بە نەبەخشی و یادی بکەنەوە و تەنانەت هیچ قەرەبووی هیچ کەسێکیان نەکردەوە لە زیان و ئازاری دەروونیان ، تەنها گەڕانەوەی ناو ئازاد کردنیان لە زیندان و گەڕانەوەیان بۆ ناو

کۆمەڵگا . بەڵام ئیمساڵ پوتین بڕیاری دا کە لەمەودوا شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە نەمری(تمجید ) ناکرێ. واتە وەک ڕووداێکی نەمری و پیرۆز سەیر ناکرێ، بەڵام دیسان هێشتا بەفەرمی ئەو ئینقلابەی ئۆکتۆبەر بە خیانەتی نیشتمانی لەقەڵەمی نادەن، چونکە هێشتا عەقلیەتی ڕووس بەرگەی بانگەوازێکی ئاوا ناکا و لایەنگرانی بەڵشەڤیک و لێنین و ستالین هەرماون بەڵام ڕێژەیان ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو کەمی دەچێ.

هەندێک زانیاری گشتی سەرەتایی بۆ ئەو کەسانەی زۆر ئاشنا نین بەم باسە، بەو مەبەستەی دەستەواژەکان لایان نامۆ نەبێ:

بەڵشەڤیک کێن؟ باڵی توندڕەوی ناو حیزبی سۆشیال-دیموکراتی ڕوسیا بوو و دواجار بوون بە پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت.

پایتەختی ڕوسیا چەند جارێک ناوەکەی گۆڕاوە بەگوێرەی بواری سیاسی ئەو وڵاتەوە، کێ فەرمانڕەوایەتی کردووە هەر لە سەردەمی قەیسەرەوە، پاشان بەبۆنەی جەنگی جیهانی یەکەمەوە پاشان بە هاتنی کۆمۆنیستەکان و پاش شکستی کۆمۆنیزم و دروستبوونی سیستەمێکی حوکم لە ڕوسیای فیدڕاڵ و لێکترازانی کۆمارەکانی سۆڤیەتەت.

لە ساڵی ١٧٠٣ پیتەر'ی مەزن- قەیسەری ڕوسیا ئەو خاک و شوێنەی هەڵبژراد بۆ ئەوەی دەروازەیەک بێ بەرەو ڕووی جیهانی ڕۆژئاوا. لەساڵی ١٧١٢ بوو بە پایتەختی وڵات بەناوی پیرسبورگ. بورگ- بڕگە و تۆنێکی ئەڵمانی هەیە ، هەربۆیە لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەم و شەڕی لەگەڵ ئەڵمان لەساڵی ١٩١٤ ناوەکەیان گۆڕی بۆ پێترۆگراد لەو بڕگە- بورگەی تۆنی ئەڵمانی ڕزگاریان بوون. بەهاتنی کۆمۆنیستە بەڵشەڤیە توندڕەوەکان بۆ سەر حوکم و لادانی قەیسەر لەدوای مردنی لێنین لەساڵی

١٩٢٤ دیسان وەک ڕێزێک بۆ لێنین ناوەکەیان گۆڕی بە مەبەستی خەباتی لێنین شارەکە لە پێترۆگراددەوە کرا بە لێنین گراد( گراد واتە شار). جارێکی تر بەبۆنەی تێکچوونی سیستەمی کۆمۆنیزم لە سۆڤیەت و شکستی کۆمۆنیزم لە حوکم و لێکترازانی کۆمارە سۆڤیەتیەکان لەساڵی ١٩١٩ ناوی لێنین گراد بوو بە سان- پیترسبورگ. نەک تەنها ناوەکەی گۆڕا بەڵکو لەدوای هاتنی بەڵشەڤیەکان لە ڕووی ئیداری و جیۆسیاسی و ستراتیژیەوە پایتەخت گواستراوە بۆ مۆسکۆ . هەربۆیە لەکاتی خوێندنەوەی ئەم باسەم بە گوێرەی کات و سەردەمەکە ناوی هەمان شار دەهێنم بەجۆری جیاواز.

پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتەکەم، هێندێک لە هەڤاڵانی بارگران پرسیار دەکەن بۆ من بایەخ بە پەڕتووکەکەی جۆن ڕید نادەم  لەم بەحسەم.

جۆن ڕید کێ یە؟

**جۆن ڕید** ڕۆژنامەنووسێکی ئەمەریکی شیویعی چەپی هەواداری بەڵشەڤیکی بوو. لەکاتی قەیرانی سیاسی ڕوسیا  دروستبوونی حوکومەتی کاتی و بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕۆژانە هەواڵەکانی نووسیوەتەوە بە دەقە و بە  سەعات بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆی و ڕوانگە چەپیەکەی خۆی. پاش ئەوە هەموو بابەتە ڕۆژنامەوانی و ڕووداوەکانی کۆکردۆتەوە لە پەڕتووکێکدا بەناوی  " **١٠ ڕۆژ جیهانی هەژاند** ". هەڵساوە بە کۆکردنەوەی هەموو ئەو ڕۆژنامانەی کە لەوکاتەدا لە ڕوسیای قەیسەری دەرچووە، هەرچی بەحەز و بەرژەوەندی بەڵشەڤیەکانە کۆی کردۆتەوەو ڕێکی خستووە و کردوویەتی بە ڕووداو و لەشێوەی کتێب بڵاوی کردۆتەوە و هاوسەری لێنین **"کرووپسکایا"** پێشەکیەکەی بۆ نووسیوە. تەنانەت کرووپسکایا وەری گێڕاوەتە سەر زمانی ڕوسی و ئاماژە پێ دەکا کە جۆن ڕیدی ئەمەریکی، زمانی ڕوسی و عادەت و

تەقالید و عەقڵیەتی ڕوسی نەزانیوە، بەڵام دیسان کارێکی مەزنی بۆ بەڵشەڤیەکان کردووە بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە.

من کاتێ لە سۆڤیەت بووم هێشتا لە قۆناغی ساڵی دووهەمی دانیشگا بووم ئەو کتێبەم بە عەرەبی خوێندۆتەوە. ئێستا ئەو کتێبەم بە ئینگلیزی و عەرەبی لا هەیە بەشێوەی پی دی ئێف و چاوم پێ داخشاندۆتەوە سەرلەنوێ ئەگەر شتێکی بە سوودی تێدا هەبێ بۆ بەحسەکەم بەکاری بهێنم.

کتێبەکەی "جۆن ڕید" باس لەساڵی ١٩١٧ دەکا و خۆی لە ساڵی ١٩٢٠ مردووە بەماوەیەکی کەم پێش مردنی ئەو کتێبەی دەرچووە. دیسان بۆ جارێکی تر دەیڵێمەوە بۆ ئەوەی ڕوونبێ بۆ خوێنەری هەڤاڵانی بارگران ئەو جۆن ڕیدە لە ساڵی ١٩٢٠ مردووە. واتە ئەوەی ئەو باسی دەکا دەبێ پێش ساڵی ١٩٢٠ بێ وا نیە؟ لە ڕووی لۆژیکەوە دەبێ وابێ! بەڵام باسەکەی من زیاتر کەسایەتیەکانی ئەو شۆڕشەیە و هەڵسوکەوت و تێگەیشتنیان بۆ پەیڕەوکردنی سۆشیالیزم نەک ڕووداوێکی ئەکشن.

ئەگەر بڵێم بە هەزار و ٥ هەزار کتێب نووسراوە لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر زیادڕەویم نەکردووە. واتە بۆ من دەبێ یاخود هەر دەبێ تەنها کتێبی جۆن ڕید بە سەرچاوەی سەرەکی دابنێم و پابەندبم بۆ باس کردنی ڕووداوەکان؟

دیسان جارێک و سەد جاری تر باسی دەکەمەوە هیوادارم بە جوانی بیخوێننەوە، من دووبارە مێژوو ئەو شۆڕشە نانووسمەوە، چونکە هێندە باس کراوە بووەتە قەوان و بێ تام بووە. هەموو هەوڵێکی من بۆ پێداچوونەوەی ئەو مێژووەیە لەڕوانگەی پۆست - پێرێسترۆیکاو سەدەی ٢١، لە ڕێگای زانیارییە نوێکانەوە کە خراونەتە بەر دەستی مێژوونووسەکانی ڕوس. جارێکی تر دەیڵێمەوە بۆ کێ؟ بۆ مێژوو نووسەکانی ڕوس. ئەگەر مێژوو نووسی بێگانە بوایە لەوانەیە من وەرم نەگرتایە، چونکە زوو دەیانوت

هی کووفففاری سەرمایەداری خوێنمژی کرێکارانی بەکارهێناوە بۆ بەحسەکەی، بەڵام هەموو هەوڵێکی خۆم داوە بەپلەی یەک سود لە سەرچاوەی ڕوسی و زمانی ڕووسی وەربگرم. هیوادارم ڕوونبێ.

لە بەحسەکەم من پابەند نابم بە هیچ سەرچاوەیەکی کۆمۆنیستی کە لە ماوەی ٨٠ ساڵەی ڕابردوو نووسیویانە و هێشتا لەسەر هەمان عەقلیەت دەینووسن، مەگەر ڕەخنەیان لێبگرم و لەسەریان بنووسم، ئەگینا لای من جێگای بڕواو متمانە نین.

هەرکەسێ ئەگەر بتوانێ لەڕێگای کتێبەکەی جۆن ڕیدەوە هەڵەکانی من بدۆزیتەوە، ئاگادارم بکاتەوە دەست خۆشی لێدەکەم.

یەکێ لە هەڤاڵانی بارگران دەڵێ: "بۆ دەوڵەمەندتر کردن و پایەی بابەتەکەت پێویست بوو سەرچاوەی کتێبی جۆن ڕیدت بەکار هێنا بوایە، مادام بەکارت نەهێناوە ئیدی ئەو بەهای نابێ لەڕوی مێژووییەوە". هەروەک بڵێیت تێکستێکی قورئانیەو بێ گەڕانەوە بۆ دەقی قورئان ئیدی باس کردنی حەدیس مانای نامینێ، بەڵێ وایە لەڕوانگەی شیویعیەتەوە بەڵام من نە شیویعیم و نە پابەند دەبم پێوەی. ئا ئەمەیە عەقڵی چەقبەستووی مێشک داخراوی کوردی ڕادیکاڵی چەپڕەوی توندڕەو هەروەک عەقڵی سەلەفی و داعشەکان بیردەکەنەوە. هەربۆیە من زۆر جار لێم تێک دەچێ ئەو توندڕەوە سەربەکام قوتابخانەی فکرییە. ئایا ئیسلامیە یان شییویعیەتە؟

باوەڕبکەن بەهەمان عەقڵیەت کاردەکەن و هەڵسووکەوت دەکەن و ئاوات و ئەنجامەکانیشیان. بۆ ڕاستی قسەکانم وەک بەڵگە سەیری لاپەڕەی ٣٨٩ بەرەو خوارەوە بکە لە لێکچوونی ئەو دوو بەرەیە.

....نێوان خۆمان بێ زۆر لێک نزیکن هەردووکیان تەڕحی بەهەشت دەکەن بۆ چینی بەلەنگاز، یەکێکیان لەو بەری گۆی زەوی ئەمەی تریان لەسەر ئەم گۆی زەوییە ئینجا

شوێنێ چەند بەڵەنگاز دەبێتەوە؟ مەگەر اللەو  مارکس بزانن. ئەگینا بەهەشتی سەرزەوی بەشی ئەو حەشاماتە ناکا.

چی لەو پەڕتووکە وەربگرم ؟ بۆ من دەبێ سەرچاوەی جۆن ڕید بەکار بهێنم، کە ئەو باسی:

 کێ تەقەی کرد کێ و کام گروپ لەکام جادە و شەقام چەند گوولەیان بەکام بارەگاوە ناوە؟ ئەوەی جۆن ڕید باسی دەکا دەقەو سەعاتی کۆبوونەوەکانی سەڤیت و حوکمی کاتی و هەڕەشە و هەڵچوون و دابەزینی حیزبەکانی ئەوکاتە لەهەڵوێست. زۆر گووتراوە شتێکی نوێ نیە و کتێب زۆرن بۆ خوێندنەوەی شەڕی ناو کۆڵانەکانی پێترۆگراد.

بابەتەکەی من جیاوازە لە گێڕانەوەی ئەو بەسەر هاتەی جۆن ڕیدی کۆمۆنیست باسی دەکا.

چ بڕگەیەکی لێوەربگرم ؟ کما قال و قیل و هو قال و هی قالت و جواب و حدیث و حدث؟ یەکێ لە بڕگەکانی کتێبەکەی جۆن ڕید وە وێنەی دەقی نووسراوەکەیم وەرگرتووەو لەخوارەوە دامناوەو بیخوێنەوە بە ئینگلیزییەکەی.

بڕگە بێ سەرو بەرەی تێدا هەیە لە کتێبەکەی جۆن ڕید، هەرچی نووسراوە کۆی کردۆتەوە لەو ماوەیەی پێش و پاش کودەتاکەی بەڵشەڤیک

بەبڕوای من پێویست ناکا هەرچی نووسرابی تۆ بێیت نەقڵی بکەیتەوە لە کتێبێک ئەگەر هەواڵەکە ڕاست نەبێ، چونکە زۆرینەی مێژوونووسان دەزانن کە کیرێنسکی کەسێکی پارێزەرو یاسا زان بووە و لەسەردەمی حوکمی ئەو هەرچی زیندانی کراوە بەردراوە تەنانەت قاتل و تاوانبارانی جینائیشی ئازاد کردووە. بێجگە لەمە سزای هەڵواسین و گوولەبارانکردنی ڕاگرت و قەدەغەی کرد و ئازادی سیاسی و میدیا و

ڕۆژنامەگەری ئازاد کرد. هەرکێ وهەرچی دەنووسێ دەبا بینووسی و ئەو ئازادە تەنانەت لەسەر حوکومەت و خودی شەخسی کیرێنسکی بوایەو جنێوت پێ بدایە.

لەسەردەمی حوکمی کاتی کیرێنسکی ئەوپەڕی دیموکراتیەت هەبووە. کیرینسکی دژی گەڵ نەبوو وەک بەڵشەڤیەکان بوختانی بۆ هەڵدەبەستن و کەسێکی خائینی وڵات نەبوو وەک بەڵشەڤیەکان بەکرێگیراو و خائین بە وڵات دەرچوون. هەربۆیە پابەند نابم بە کتێبەکەی جۆن ڕیدەوە، چونکە هەموو بابەتێکی بێ سەروبەرەو کۆیکردۆتەوە لەدەم و زاری هەڤاڵانی بارگران.

وا برگەیەک لەو کتێبەم بۆتان داناوە کە باسی ترۆتسکی دەکاو دەڵێ:

بۆ کوشتنی هەر سەربازێکی شۆڕشگێر(مەبەستی لەسەربازی بەڵشەڤیکە) پێویستە ٥ لە سەربازانی دژە شۆڕشگێرەکان بکوژین "کاکی برا حەزدەکەیت ئەو دەقانەی جۆن ڕیدت بۆ لێرە داڕبرێژمەوە؟ ئاخر هەندێک قسەی ڕادیکاڵەکان بەقازانجی تۆ نابێ.

إن حكومة كرنسكي معادية للشعب. وكرنسكي سيخرب البلد. هذه الصـ
للشعب وتقف إلى جانب الشعب، إلى جانب الطبقات الفقيرة من عمال
وفلاحين. لا خلاص للشعب إلا بإنجاز الثورة... ولتحقيق ذلك يجب أ
جميع السلطات بيد السوفييت..

هذه الصحيفة تدعو إلى ما يلي:

كل السلطات للسوفييت ـفي العاصمة وفي المناطق.

قد يبدو غريبا، لأول وهلة، أن يكون مؤلف هذا الكتاب أجنبيا، أمريكي
البلد وتقاليده. يبدو وكأن لا بد له من أن يرتكب أجسم الأخطاء، عند
وأن يتغافل عن عوا

إن الكتاب الأجانب لا يكتبون عن روسيا السوفييتية كما يكتب جون ري
لا يفهمون معنى الأحداث، وإما أن يلجأوا إلى التعميم انطلاقا من وقائع
تكون هي الوقائع الأساسية المميزة. وصحيح أن القليل منهم فقط قد ش

صاح جندي من الجبهة الرومانية نحيلا ومأساويا ووحشيا: «يا رفاق! نحن نهلك من الجوع في الجبهة ونتجمد
نموت دون أي سبب. اسأل رفاقنا الأمريكيين أن يقولوا لأمريكا أن الروس لن يتخلوا مطلقا عن ثورتهم حت
سنحمي هذا الحصن بكل ما نملك من قوة إلى حين تهب شعوب العالم لنجدتنا! قولوا للعمال الأمريكيين أن يهبو
من أجل الثورة الاجتماعية!»

1- زوجة لينين، ومترجمة «عشرة أيام هزت العالم» إلى الروسية، عام 1919

against the Soviets, and when his comrades had returned from the defence of the Winter Palace they appointed him their Commissar, to go to Smolny and offer their services to the *real* Revolution…

Then Trotzky again, fiery, indefatigable, giving orders, answering questions.

"The petty bourgeoisie, in order to defeat the workers, soldiers and peasants, would combine with the devil himself!" he said once. Many cases of drunkenness had been remarked the last two days. "No drinking, comrades! No one must be on the streets after eight in the evening, except the regular guards. All places suspected of having stores of liquor should be searched, and the liquor destroyed.[4] No mercy to the sellers of liquor…"

The Military Revolutionary Committee sent for the delegation from the Viborg section; then for the members from Putilov. They clumped out hurriedly.

"For each revolutionist killed," said Trotzky, "we shall kill five counter-revolutionists!"

Down-town again. The Duma brilliantly illuminated and great crowds

## کورتەیەک لە مێژووی سیاسی قەیسەرییەکانی ڕوسیاو دانیشتوانی

سرووشتی عەقلیەت و هەڵسووکەوت و ڕەفتارو هەڵچوون و داچوونی میللەتی ڕووسی ئەگەر لە ١٠٠٪ شەڕقییانە نەبێ ئەوا ٨٠٪ شەڕقیانەیە. ڕاستی بێ من لە هیچ بەرهەمێک یان بابەتێکی ڕووسی ئەو تێڕوانین و سەرنجەم نەخوێندبووەوە یان نەم بیستبوو تەنها سەرنجی خۆم بوو لە میللەتی ڕوس دەرحەق بە سیفات و هەڵسووکەوتیان، بەڵام پێش ماوەیەک کاتێ بەرهەمەکانی ترۆتسکیم خوێندەوە ڕێک ئاماژە بەوە دەکا :**"گەلانی ڕوس سەبارەت بە خەشلەت لە سیفەتی خۆرهەڵاتیانەی نزیکتربوون لە چاو ڕۆژئاواییەکان، خۆرهەلاتییەکان توانیان ئەو تۆوی تەتەرییەی تێدا بچێنێ "** [2]

ئەگەر مێژووی ڕوسیا بخوێنیتەوەو سوراغی ژیانیان بیت ئەوا بۆت دەردەکەوێ شێوەی بیرکردنەوەو کرداریان زیاتر خۆرهەڵاتین ـ شەرقین ـ وەک لەوەی وەک مرۆڤی ئەوڕووپی سەیریان بکەیت مەبەست لە ڕۆژئاواییەکەیتی .

ڕاستە سیمایان زەرد و سوور سپین و میللەتیکی جوانن، بەڵام بە حوکمی تێکەڵییان هەبووە لەگەڵ تەتەرو لە نێو تەتەرو تورکیای ئاسیاوی کوولتورو عادەتی شەرقییان هەڵگرتووە، بەو پێیەی بۆ ماوەی زیاتر لە هەزارساڵێک پێکەوەژیانیان هەبووە لە گەڵ یەکتر. تەنانەت مەزهەبی ڕووسی کە ئەرثەدۆکسی شەڕقیە هەروەک یۆنان و میصر. وەک لە چاو کاثۆلیکی ڕۆمی ڕۆژئاوایی. هەربۆیە ئۆکڕانی و پۆلەندی خۆیان بە ئەوڕووپی تر دەزانن وەک لە ڕوس بەهۆی مەزهەبی کاثۆلیکیانەوە. هەرچەندە

---

[2]-ترۆتسکی - مێژووی شۆڕشی ڕوسیا لاپەڕە ٥٩ چاپی وەرگێرانە کوردییەکەی.

بەڕەسەن ئۆکرانی و ڕوس و بێلەڕوس یەک میللەتن و یەک ڕەگەز و یەک نەتەوەبوون. بەڵام بەحوکمی جیابوونەوەی ڕوس لە مەزهەبی کاثۆلیکی ئیدی گرژییەکان لەنێو هەرێمەکانی ڕوسیا ڕوویداو جیابۆوەوەو خەسڵەتێکی تری وەرگرت، هەر وەک بێلەڕوس و ئۆکرانی و ڕوس، ئەگینا ئەو ٣ نەتەوەیە لە ڕەسەن یەک نەژادو یەک خوێنن، بەڵام مەزهەب لێکی جیاکردنەوە .

بەڕێژەی ٨٠٪ دانیشتوانی ڕوسیا تاوەکوو شۆڕشی ئۆکتۆبەر بریتی بوون لە چینی جووتیارو هەژارو و بە زۆری گرێدراوی خاکبوون و مەزهەبی ئاینی مەسیحی ئەرثەدۆکسی لەناو خوێنیاندابووە. قەیسەرەکانی ڕوسیش هەر بەهەمان شێوەی شاهەکانی ئێران زیاترو بەڕێژەیەکی کەمتر لەناو سوڵطانەکانی عوسمانی کوشتنی یەکتر لەناو خودی بنەماڵەی حاکم باو بووە. ئەگەر مێژووی شاهەکانی ڕوسیاو ئێران وتورکیا بخوێنیتەوە کارەساتە بەمانای ووشە. چۆن یەکتریان قڕکردووەو لە نیوەی شەودا دەسەڵاتیان لەیەکتر زەوت کردۆتەوەو یەکتریان سەربڕیوە، یاخود نەیارەکانیانی نێو خۆیانیان ژەهراوی کردووە، یان بەخیانەت یەکتریان کووشتووەو کوڕی برای خۆی کووشتووە.

لێرەدا چەند نموونەیەک لەو خیانەتی بنەماڵەیی حاکمەکان باس دەکەین .

هەر لە دوای دامەزراندنی یەکەم قەیسەری ڕوس بەناوی ئیڤان گرۆزنی (١٥٣٣-١٥٨٤) کوڕی سێهەمی بەناوی فیۆدەری یەکەم لە تەمەنێکی منداڵیدا مرد (١٥٨٤-١٥٩٨)، کە ئەویش گومانی ژەهراویکردنی لێدەکرێت. پاش ئەوەی ڕاوێژکاری ئیڤان گرۆزنی بەناوی بۆریس گەدوونۆڤ بوو بە قەیسەر (١٥٨٩-١٦٠٥)، بەڵام ئەویش لە پڕێکا مردو گومانی لێدەکرێ ژەهراوی کرابێت. ئیدی دەبوایە کوڕەکەی بێتە سەر حوکم، بەڵام زۆر بە شێوەیەکی نامرۆییانە هەم خۆی و هەم دایکی کە بە بێوەژن کەوتبوو لەنیوە شەودا

کووژران و پارچە پارچە کران، لەلایەن نەیارەکانی کۆشک واتە ئەوانەی بە دەوورووبەری قەیسەرەوە بوون.

پاش ئەو ڕووداوە یەکێ لە بنەماڵەی کۆشک گووتی من کوڕی ئیڤان گڕۆزنیم و خوێنم لەوە، بەڵام ئەویش زۆری نەخایاند کووشتیان .

ئیڤانی چوارەم نێوان ساڵی(١٧٤٠-١٧٦٤) ژیاوە. هێشتا تەمەنی ٢ مانگانە بوو پاش مردنی پووری کرا بە شاە، واتە ( قەیسەری ڕوسیا ) لەژێر سەرپەرشتی دایک و خزمەکانیدا، بەڵام کچە گەورەکەی پیتەری یەکەم ـ ئێلیزابێث ـ بە پیلانێک کودەتایەکی بەسەر ئەو منداڵەدا کردو خستیە زیندان لەگەڵ دایکی و هەندێک لە خزمە نەیارەکانی بۆ ماوەی ٢٣ ساڵ. کاتێ ئیڤانی چوارەم لە زیندان تەمەنی گەیشتە ٢٣ ساڵ دیسان بە پیلانی شاژن چەند ئەفسەرێکی نارد بچنە نێو زیندانەوە بۆی و وتیان ئێمە دەربازت دەکەین و ئازادت دەکەین تا ڕابکەیت، بەڵام ئەوە تاکتیک بوو کاتێ هێنایانە دەرەوە زۆر بەنامرۆڤانە کووشتیان

بەو شێوازە نموونەییەی گرتن و زەوتکردنی ئازادی بەرامبەر منداڵێکی شازادە وەستانەوەو ژیانیان لێزەوت کرد، تا گەورەبێت و پاشان بەو شێوازەبکوژرێ. هەمان نموونەو کۆپیەکی دەقاودەقی یاسای مەغۆلییەکان بوو. چونکە مەغۆلییەکان پێش جەنگیز خان و پاش جەنگیز خان ئەگەر منداڵێک بە گوێرەی دەستاودەست کردنی دەسەڵات و چاوەڕوانی دەسەڵات بوایەو گوایە دەکرێت بە خانی مەغۆل، ئەوا نەیارەکانی بە پیلان دەسەڵاتیان لەو منداڵە زەوت دەکرد. ئیدی شەرم بوو دەست بۆ ئەو منداڵە شاهە یان خانی هۆزەکە ببەیت، دەبوایە چاوەڕوان بکەیت تا گەورە دەبێت و سەری بگاتە گالیسکەیەکی عارەبانە بۆ بەرزی و درێژی ئەو منداڵە، ئەوکاتە ملی ئەو منداڵە خانی مەغۆلیەکەیان دەپەڕاند .

یەکێ لە هەرە نموونە قێزەوەنەکانی سوڵتانەکانی عوسمانی سەلیمی غازی ( ئازاو جەنگاوەرە) .

سوڵتان سەلیمی غازی(غەزوو کەر) یەکەمی عوسمانلی لەنێوان ساڵانی ١٥١٢-١٥٢٠ بە کودەتا کردن بەسەر باوکیەوە هاتە سەر عەرشی دەسەڵات. هەروەک مێژوونووسەکان باسی دەکەن باوکی لەنیوە شەو کووشتووە، هەندێک دەڵێن ژەهری داوەتێ، لەدوای ئەوە یەک بەدوای یەک لە خوشک و براو خزم و کوڕە مام و کورە پوور هەرچی نزیک بوو لەخزم و گوومانی ئەوەی هەبێ ڕۆژێک دەسەڵاتەکەی لێزەوت بکاتەوە یان لێی وەردەگرێتەوە، هەر هەمووی کوشت لە پێناوی ئەوەی هیچ ڕکابەرێک نەمێنێ بەرامبەری بوەستێ بۆ داواکردنی دەسەڵات .

ئەگەر مێژووی ئیرانیش بیخوێنیتەوەو لە سەربردەی دەسەڵات و تەختی پاشایەتیان. ئیدی ئەوەش کارەساتێکە بۆ خۆی! چیرۆکێکی دووروودرێژە لە کووشتن و قڕ کردنەوەی یەکتر لەناو بنەماڵەی شاهانشاهەکان .

بێگومان کورد بێبەری نیە لە کوولتوورە نامرۆییە، ئەگەر مێژووی "شەرەفنامە" بخوێنیتەوە .

**هەندێك جار هەندێك هۆی لاوەكی هەن دەبن بە هۆكاری سەرەكی و هۆكارە سەرەكیەكانیش دەبن بە هۆكاری لاوەكی**

کاتێ ئێکەتەرینی دووهەم لە ساڵی ١٧٦٢-١٧٩٦ بوو بە شاهزادەی ڕوسیا لە ساڵی ١٧٦٢ دا، پاش مردنی مێردەکەی کە پیتەری سێهەم بوو و بە بنەماڵە دەگەڕاوە سەر نەوەی پیەتەری یەکەم، واتە کوڕی کچی پیتەری گەورەبوو. مردن یان پیلانی کوشتنی شاراوەی پیتەری سێهەم و دەگەڕێننەوە سەر ئەو هۆکارەی ژنەکەی ئەڵمانی بووە و

کاریگەری بەسەر سیاسەتی ڕوسیاوە هەبووەو گوایە شەرمەزارییە بۆ بنەماڵەی قەیسەری ڕوس لە ڕووی دەسەڵاتەوە بکەوێتە ژێر فەرمانی ژنەکەی، بەتایبەتی ئەگەر لەنەتەوەی ڕوس نەبێ. لەسەر هەمان هۆکار خەڵکی ڕوس هەڵسان لەدژی دوا قەیسەڕی ڕووس نیکۆلای دووهەم کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری لێکەوتەوە دژایەتیان کرد. خەڵکی ڕوس بڕوبیانوویان لە قەیسەر دەگرت گوایە ژنەکەی ئەڵمانەو کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەوەوەو ئەویش بە هەمان شێوە سەرلەبەری بنەماڵەکەی کوژران بەدەستی بەڵشەڤیکەکان لە ساڵی ١٩١٨. بێجگە لەوە بڕوبیانووی ئەوەیان لێگرت کەوتووەتە ژێر کاریگەری قەشەیەکی جادووگەر بەناوی " ڕەسپووتین "ەوە کە لە ژێرەوە لەگەڵ ژن و کچی بنەماڵەی شازادەو بەگزادەکانی ڕوس دەستی لەگەڵیاندا تێکەڵ کردبوو و لەگەڵیان خەوتبوو. هەروەها دەنگۆی ئەوە بڵاوببۆوە پیاو نەماوە لەناو بنەماڵەی مەلیکیەت ئیدی هانایان بۆ قەشەیەکی سیبیری هێناوە تاوەکو ژنەکانیان ڕەحەت بکات. ئەوانە هۆکاری بێ مانابوون کە ڕک و کینەی دروستکرد لای چینی هەژاری ڕوس تا بکەونە سەر کەڵکەڵەی دژایەتی دوایین قەیسەڕی ڕوس.

کاتێ ئەلێکساندەری دووهەم (١٨٥٥-١٨٨١) هاتە سەرحوکم لە دوای باوکی، بەکەسێکی ئازادیخواز ناودەبرێ، چونکە جوتیارانی ڕوسیای ئازادکرد لە کۆت و بەندی کۆیلایەتی ژێردەستی دەرەبەگ و ئاغاکانیان. واتە بڕیارێکی پێشووی قەیسەری دووهەمی ڕوسیا ئەلێکسێی یەکەم ١٦٤٥-١٦٧٦ی هەڵوەشاندەوە. کۆیلایەتی لە ڕوسیا تەنها ١٥٠ ساڵ پێش ئێستا بە یاسا لابراوە. بەهۆی ئەو بڕیارە نامرۆییەوە جووتیارانی ڕوسیا کۆیلەکرابوون لای ئاغاکانیان، واتە لابردنی ئەو بڕیارە زۆر کۆن نیە تەنها ١٥٠ ساڵ پێش ئێستا لاچووە. بەم شێوەیە بیهێنەرە بەرچاوی خۆت مێژووی

کۆیلەکردنی مرۆڤ چەند سەدە بەردەوام بووە. فەرمانی قەیسەری نوێ دەبێ جوتیار ببێتە کۆیلەی ئاغاکەی. دەرەبەگ و موڵکدار مافی نەک بەسەر ژیان و ئازادی جووتیارەکەوە هەیە، بەڵکو بەسەر ژن و منداڵەکەشی ئەگەر منداڵەکانیشی گەورەبن هەر بە کۆیلە دەمێننەوەو مافی ڕاکردنیان نیە، بەو پێیەی بە فەرمانی قەیسەر سزای کوشتن بوو هەر کەسێک ڕایبکردایە، هەربۆیە گەڕانەوەی بڕیار خاوەن موڵکی کۆیلەدارە .

## بەکۆیلەکردنی مرۆڤ - پەڵەیەکی ڕەشە لە مێژووی مرۆڤایەتی

نەبێتە پاکانە بۆ ئاینی ئیسلام یان هیچ ئاینێک، بەڵکو ئەو کردارە نامرۆییە واتە بازرگانی بەمرۆڤ و کردنیان بە کۆیلە، ئیدی ئەو دەستەواژەیە ببو بە داب و نەریت و بەکردارێکی ئاسایی سەیری دەکرا لە ڕابردوو.

کاتێ دەسەڵات کەوتە دەست کەسانی ستەمکارو نامرۆڤ، ئەوان دەستیانکرد بە کۆیلەکردنی زۆرینەی بڕی مرۆڤەکان،. تەنانەت بە کۆیلەکردنی کۆمەڵگا بۆ مەرامی ئابووریی و کۆکردنەوەی پارەو پوول و دارایی بۆ کاری کشت و کاڵ و بازرگانی پێوە کردنیان .

بەکارهێنانی مرۆڤ وەک کەرەستەی شەڕ و بەکوشت دانیان لەو ڕێیەوە. تەنانەت بۆ سێکس و حەزی تاکەکەسی مرۆڤەکان بەکاردەهێنران، بەوپێیەی بەتەواوی مرۆڤیان کرد بە کۆیلەیەی دەسەڵات و خاوەن هێزەکان. هەمیشە ئاین و ئایدیۆلۆژیا کراوە بە ئامرازێک بۆ بەردەوامیدان لەسەر ئەو ڕەوت و ڕەوشتە نامرۆییە .

لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکان بەکۆیلەکردنی مرۆڤ نەک هەر کاری زۆر ئاسایی بووە، بەڵکو زۆریش سرووشتی بووەو قبوڵکراوبووەو بەدەگمەن یاخیبوون و ڕاپەڕین ڕوویداوە،

بەڵکو تاکەو بێ بەرنامە لێرەو لەوێ ڕاپەڕیون لە دژی خاوەندارەکانیان .
لە کۆمەڵگەی نێو سەردەمی سەدەی ناوەڕاست بوو بە نەریت و کۆیلەکان وەک ئەمرێکی واقیع و چارەنووسی سەپێنراوی خۆیان سەیریان کردووە، چونکە الله لەنێو چەوانی ئەوان ئاوای بۆ نووسیون. هەمان تەفسیر هەیە بۆ کۆیلەو عەبدی الله و نوێنەری الله لەسەر زەمین وەک خەلیفە و سوڵتان و شاو قەیسەرەکان هەموویان نوێنەری اللەن، کەواتە مادام تۆ قبوولی دەکەیت ببیت بە کۆیلە الله و الله فەرمانت پێدەکا کەواتە تۆ کۆیلەی منیشیت، چونکە منی شاه نوێنەری اللەم لەسەر ئەم زەمینە. هەموو ئایینەکان قەبوولی عەبدی الله دەکەن .
بەلاتەوە سەیر نەبێ ئەگەر لە سعودییە تا ساڵی ١٩٦٢ بازرگانی بەمرۆڤەوە کرابێ، لە ژێر فشاری نەتەوە یەکگرتووەکان بەو مەبەستەی سعودیە وەک ئەندام قەبوول بکرێ بە ناچاری و بەفەرمی قەدەغەکردنی بازرگانی بە کۆیلەکردنی مرۆڤەوە قبوول کرد. هەرچەندە پاش ئەو مێژووەش لە شوێنە دوورە دەستەکانی بەرچاوی دەزگا فەرمیەکان هەر بەردەوام بوون لە کڕین و فرۆشتنی مرۆڤ لە سعودیەو کاری پێدەکرا.
لەئەمەریکا بەحساب لە دوای ١٨٦٥ نەماوە، بەڵام لە راستیدا پاش جۆن کەنەدیی کاری پێکراو تا ئەو کاتە لە عەقلی مرۆڤی ئەمەریکی ڕەش پێست وەک مرۆڤ سەیر کراوە، ئەگینا پێش ئەوکاتە هەر وەک کلاسێک لە پلەی دووی بەشەریەت سەیرکراون.
لە باشووری ئەفەریقا تا ساڵانی نەوەدەکان ڕەگەز پەرستی شێوەیەکە لە مامەڵەی عەقلیەتی کۆیلایەتی. ڕەش پێست لە ڕیزی سپی پێست نەبووەو بەچاوی کۆیلەو پلە دوو سەیر کراون، تەنانەت مامەڵەی سپی پێستەکان لەگەڵ سەگ و ئاژەڵەکانیان باشتربووە لە چاو ڕەش پێستەکانی باشووری ئەفەریقا .

لە ڕوسیا بە فەرمی ١٥٠ ساڵ پێش ئێستا یاسای کۆیلەکردن و بازرگانی کردن بە کۆیلەوە قەدەغە کرا، بەڵام دیسان هەر کاری پێدەکراوە لەم لاو لەو لا .
تەنانەت لە عەقڵیەتی بەگزادەو ئاغاو دەرەبەگ و خێزانە ئەرێستۆکراتەکان و دواهەمین ئیمپراتۆرو پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، واتە نیکۆلای دووهەم مرۆڤە سادەکان بەچاوی کۆیلە و خزمەتکاری خەلیفەو ئیمپەراتۆر سەیرکراون .
خوێندنەوەی ئەم باسە بەچەند ئەڵقەیەک لەم لینکە پۆستم کرووە بۆ ئەو کەسانەی حەز لەم بابەتە دەکەن. لەماڵپەڕی خوداکان دامناوە .[3]

سەبارەت بە پەڵەی ڕەشی مرۆڤایەتی

تاوەکوو ١٥٠ ساڵ پێش ئێستا لە ڕوسیای قەیسەڕی کچی کۆیلە لە تەمەنی ١١-١٥ ساڵی بەرەو سەرەوە دەفرۆشا بۆ کاری سێکسی. کۆیلە لە ڕوسیا هەموو کارێکیان پێ دەکرا . تەنانەت خاوەن کۆیلە مافی هەبوو کۆیلەکانی خۆی بکوژێ بێ هیچ هۆکارێک وە هیچ یاسایەکیش ڕێگری لێنەدەکردووە، چونکە موڵکی خۆی بووە
خاوەن کۆیلە لە ڕوسیا دەیتوانی کۆیلەکانی لە زەوییەکانی خۆیدا شەو ڕۆژ بۆ ماوەی ١٦ یان ٢٤ سەعات کاریان پێبکا، هەرچی ئیشی گران و خراپە بە کۆیلەکانی بکردایە کۆیلە مافی نەبوو دەنگ بەرزبکاتەوە. کۆیلە مافی نەبوو سەفەر بکا بێ ڕەزامەندی ئاغاکەی .

---

3 http://xwdakan.com/nyaz/koylekirdnimrov/sereki.htm

کۆیلە مافی نەبوو کچی خۆی بدا بە شوو بێ ڕەزامەندی ئاغاکەی، بەڵکو ئاغاکە دەیتوانی تەنها بۆ کاری سێکسی خۆی بەکاری بهێنێ، یاخود بیفرۆشی وەک پەلەوەرو ئاژەڵ بە ئاغایەکی تر بەمەبەستی زاوزێی پێکردن لە گەڵ کوڕێکی یەک لە کۆیلەکانی .

گەورەترین ئەدیبی ڕوسی و پسپۆڕی زمانەوانی ڕوسی و شاعیرو ڕۆمان نووسی ڕوس پوشکین باپیرەی حەبەشی بوو، واتە پوشکینی شاعیر بەسیما نیمچە ئەفەریقی بوو، بەڵام وا دیارە باپیرەی لەگەڵ خانمە بەگزادەیەک خەوتووبێ و نەوە بەدوای نەوەی لێکەوتۆتەوەو بووە بە مرۆڤێکی ئازاد.

تاوەکوو ١٥٠ ساڵ پێش ئێستا لە کۆشکی زستانی ئیمپراتۆری قەیسەری ڕوسیا، تەنانەت لە ماڵە دەوڵەمەندو شازادەو بەگزادەکان و خانوەکانیان ئاوا دروست کرابوو بەشێوەیەک هەر حەزیان نەکردووە چارەی کۆیلەکانی خۆیان ببین .

ژووری نان خواردنیان بەشێوەیەک دروستکرابوو هەموو تاوڵە مێزەکان لە نهۆمی دووهەم بووە هەر کورسییەک لەتەنیشتیەوە بۆڕییەکی لوولەی بەرەو نهۆمی یەک درێژکراوەتەوە بە مەبەستی ئەوەی خواردن و داخوازییەکانی بەگزادەکان لە نهۆمی سەرووی خۆیان جێ بەجێ بکەن و ئەو بۆڕییە وەک کارێکی کۆمیونی کەیشن واتە پەیوەندی کردن بە کۆیلەکانیانەوە، بەو شێوەیە بەکارهێنراوە، ئەو بۆڕیە بە درێژی و پانی ٢٠ سانتیمەترێک دەبووە وەک مصعد بەسترابووەوە بە نهۆمی ژێرەوە. هەر کاتی ئەو کەسەی لەسەر مێزی خواردن دانیشتووە ناوی ئەو خواردن و داوایانەی دەکا لە کاغەزێک دەینووسی و دەیخستە ناو بۆڕییەکەوە پاڵێکی پێوە دەنا بەرەو خوارەوە. ئەو کاغەزە دەچووە خوارەوە، ئیدی کۆیلەکان ئەو داواکارییە لەو خواردنەی داوا

کراوە بۆیان لەو بۆکسە داناوە بەرزیانکردۆتەوە بۆ سەرەوە ئەویش دەریهێناوەو خواردوویەتی. هەرکاتێ هەموو خانەوادەی بەگزادە تەواودەبوون لە خواردن هەر هەموو مێزو تاوڵەکان بەیەک جار نزم کراوەتەوە بۆ خوارەوە وەک مصعد بەرز بۆتەوە هاتووەتە خوارەوە تا خاوێنی بکەنەوە. بەو مەبەستەی کۆیلەکان نەچن بۆ نهۆمی سەرەوەو ببینرێن. سەبارەت بە خواردن و ئامادەکردنی لە ماڵە دەوڵەمەندەکان ئامادە نەکراوە، بەڵکو لەبەشێکی دووری خانووەکە درووستکراوە، بەڵکو هەر ئەوەبووە تەنها لەناو کۆشکەکە گەرمکراوەتەوە .

تەنانەت نیکۆلای دووهەم واتە دواهەمین ئیمپراتۆری ڕوس لە چەند بۆنەیەک ئاماژەی بە چینی ئەرستوکراتی کردووەو ئەوانی تری بەعەبد لەقەڵەم داون و تەنها بۆ خزمەتی شازادەکان درووستکراون .

هەروەک ئێستا لە ڕۆژنامەو ماڵپەرو تەلەفیزیۆنەکان ڕێکلام بۆ ختولیکەدانی خۆیان دەکەن و ڕەحەتکردنەکە بەپارە دەکرێت لەگەڵ ئافرەت. لەڕێگای تەلەفۆن و مەساژ و شوێنی سۆزانی و خزمەت سێکسی هەیە، ئەوکات لە ڕوسیا لە ڕۆژنامەکان نووسرابوو کۆیلەیەکم هەیە بۆ خزمەت و ڕەحەتکردن ئامادەیە، نرخەکانیان نەنووسرابوو، بەڵام هەر کاتێ ئاغاکەی ناردوویەتی بۆ لای خاوەندارێکی تر ئیدی پارەی داوەتێ بیدا بە ئاغاکەی .

مەبەستم لەمە چیە ؟

ئێمە پێویست ناکا گلەیی یان ڕەخنە تەنها لە ئیسلام بگرین لەسەر کۆیلەکردنی مرۆڤەکان، بەڵکو لە ڕابردودا لە هەموو شارستانیەکاندا هەبووەو کراوە. بەر لە

جاهلیەتیشەوەو دوای جاهیلیەت و زەمانی محەمەد'یش بەردەوام بوەە تا سەردەمی حەریمی سوڵتانەکانی عوسمانی، بەڵکو کولتووریکیش بووە، نەریتییکی ناشیرینی هەموو مرۆڤایەتی و شارستانیەتی ئەوکات بووە، مێژوویەکی تاڵی مرۆڤایەتیە .

لەیەکێ لە موحازەڕەتەکانی زاناو دکتۆرلە فەلسەفە،پرۆفیسۆر، جێگری سەرۆک بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە،بەڕێوەبەری پەیمانگای بنچینەیی و توێژینەوەی کرداری لە زانکۆی مۆسکۆ بۆ مرۆڤایەتی - ڵوکەڤ،ڤ. دەڵێ :
کاتێ مەغۆلیەکان هێرشیان هێناوەتە سەر میللەتان و سەر ناوچەیەک کە پڕبووە لە دانیشتوان، سیاسەتیان وابووە ئەگەر بەرگریان کردبێ ئەوا هەرچی مرۆڤ و خەڵکی ئەو ناوچەیە هەیە بە ژن و منداڵەوە کوشتوویانن، بەو مەبەستەی ببێتە عیبرەت بۆ ناوچەکانی ترو لە کاتی هێرشی مەغۆلیەکاندا بەرگری نەکەن، هەربۆیە توانیویانە زاڵببن بەسەر میللەتان تا موڵک و زەوییەکانیان داگیربکەن، بەڵام لەهەمان کات دا ژیانی داگیراوەکان پارێزراوبوون، بەڵام دەبوایە ڕازیبن بە باج دان و منداڵەکانیان ڕادەستی مەغۆلیەکان بکەن وەک کۆیلە ببیەن بۆ خۆیان" .[4]
هەموو سەردەمێک پرۆسەی کۆیلەبوون هەبووەو بەردەوام بووە، بەڵام لەژێر ناوی ترو فۆرمی ترو شێوازی ترو بەگوێرەی پێوەری سەردەم. بەڵێ ئێستاش کۆیلەبوون و کۆیلەکردن هەیە و بەردەوامە، بەڵام بەناوی جیاوازو بیرۆکەی جیاوازەوە .
حیزبایەتیش بەهەمان شێوە جۆرێکە لە کۆیلەبوونی تۆ لە ڕووی فیکرەوە. ئیتر لە ڕووی جەستەییەوە بێ وەک خۆ بەخت کردن و گیان فیدایی و بەندبوون بە کارێکی

---

[4] - http://www.isoa.ru/art-view.php?bc_tovar_id=763

ئایدیۆلۆژی- سیاسیەوە، تا ملکەچ و گرێدراوی بڕیاری سیاسی حیزبی بیت، پاکانە و داکۆکی کردن لەو فکرەیەی دەی پەرستیت. گەرێلابوون بە فکری چەپی ئاپۆ بێ یان بە چیاکانی قەندیلەوە یاخود بە فکری طۆڕانی ئەردۆگانی یان داعشی یان تورکە لاوەکان یان بەعسی و جەلالی و مەلایی و ڕێبازی نەوشێروانی بێت، ئەوانە هەموویان جۆرێکن لە بە کۆیلەکردنی خۆت، بەڵام بە خۆبەخشانە ئەوکارە دەکەیت یان ئەمری واقیع دەیسەپێنیت ئەو کارە بکەیت، چونکە گۆڕانکارییەکانت پێناکرێ، ئیدی ناچاریت ملکەچی بیروڕاو بزووتنەوەیەکی فکری بیت کە کەسێکی تر بۆی داڕشتوویت بۆ ڕزگارکردنی تۆ، بەڵام لە ڕاستیدا دیسان جۆرێکە لە کۆیلەکردنەوەی تۆ بە شێوایێکی بەرجەستەترو نوێ تر .

ئەستەمە من بتوانم خەڵکانێک تێبگەیەنم پەیامی من چیە ؟ مەبەستی من دەبێ چی بێت لە هوشیارکردنەوەی تاکی کوردو گەنجی کورد تا فریو نەدرێن؟ بەڵام بەداخەوە کەسانێکی زۆر هەن مێشک قوفڵ دراون و تێناگەن لە مەبەست و ئاماژەی من. چونکە هەموو ئەوانەی دەکرێ تا ئێستا لەو شەڕە فکریی و ناوچەییەوە تەنها دەسەڵات گۆڕینەوەیە، ئەگینا هەر هەمووی شێوەیەکە لە شێوەکانی کۆیلەبوون و بەکۆیلەکردنی خۆمان .

مافی ڕەوای قەڵا ( کرێپەستنۆیە پڕاڤە )

لەم ڕۆژانە لەیەکێ تەلەفزیۆنەکانی ڕوسیا باس لەهەندێک ئەرشیڤی ڕوسیای قەیسەری کرا . وادیارە بۆیەکەم جارە مێژوونووسان ئاوا بە جیدی باسی ئەم بابەتە بکەن. یاسایەکی بەناوبانگ هەبوو لە ڕوسیای قەیسەری بەناوی " مافی ڕەوای قەڵا" یان بەشێوەیەکی ڕونتر " مامەڵەکردن بە کۆیلەکانی زەوییەوە". تا جوانترو زیاتر ڕوون بێ بۆ خوێنەری کورد تا ئەو دەستەواژەیە بکوردێنم یا بەکوردی بکەم و دەبێت

به کۆیلەکردنی جوتیاران لەشێوەی خستنە ناو قەفەزەوە یان لەناو قەڵات بچەوسێنیتەوە بە جۆرێک دەربازبوونی نەبێ و وەک کۆیلە کاریان پێبکەیت و هیچ مافێکیان نەبێ و خاوەندار هەموو مافێکی بەسەر کۆیلەکانیەوە هەبێ. مەبەستی لەوەیە ئاغاو دەرەبەگەکان جوتیارەکانی خۆیان بەکار هێناوە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیانەوە کە زەوییەکانیان بووەو هەموو کارێکیان بە جوتیارەکان کردووەو ئەوانیش مافیان نەبووە لەسنووری زەوییەکانیان دووربکەونەوە. ئەو یاسایە تاوەکوو ١٨٦١ بەردەوام بووە، بەڵام پاش ئەو دیرۆکە تۆمارکراوە ئازادبوون و بۆیان هەبووە لە سنووری زەوی ئاغاکەی دەربچێ یان ببێ بە کۆیلەی کەسێکی تر، واتە خۆفرۆشتن ئازادکراوە، وەک لەوەی ئاغاکەت تۆ بفرۆشێ. هەمان ئەو خۆفرۆشتنە ئێستا پێ دەڵێن " کرێی کار "، واتە تۆ دەچیت کار دەکەیت بۆ یەکێ ئەمەش شێوەیەکە لە کۆیلەکردنی خۆت بۆ ماوەی ٨ سەعات کارت پێدەکات، بەڵام بە فۆرمێکی شارستانی ترو مافی زیاترت هەیە وەک لە سەدەکانی پێشوو .

ترۆتسکی دەڵێ : "بەشێوەی یاسایی تا ساڵی ١٨٦١ هەڵنەوەشایەوە، لە کاتێکدا لە کۆتایی سەدەی شانزدەهەمەوە سەری هەڵدابوو و لەسەدەی حەڤدەهەمەوە ڕەگی داکوتاو تووندو تیژترین ماوەی لە سەدەی هەژدەهەمدابوو" .[5]

یەکێ لە مێژوو نووسەکان وتی چاوی بە ئەرشیڤێکی ڕوسیای قەیسەری کەوتووە تووشی شۆک بووە، کاتێ لەیەکێ ڕۆژنامەکانی ساڵی ١٨٣٨ لە پارێزگایەکی ئۆکرانیای سەر بە ڕوسیای ئەوکات چەند دیعایەکی بینیوەو نووسراوە :

" کچێکی ١٨ ساڵ شۆخ و شەنگ و بەهێزو تەندرووست لەگەڵ منداڵە ساواکەی بۆ

---

[5] "مێژووی شۆڕشی ڕوسیا". لاپەڕە ٦٣ لە وەرگێڕانە کوردییەکەی-

فرۆشتنە بە ٥٠ ڕووبل و چەند فلسێکیش لەگەڵ منداڵەکەی"
"کوڕێکی گەنجی بە هێزی چوارشانە بۆ فرۆشتنە بە نرخێکی گونجاو بە ١٠٠ ڕۆبل"
لە یەکێکی تر باسی "کچێک دەکا دەیفرۆشن بە ١٥٠ ڕۆبل و یەکێکی تر باس لە کچێک دەکا ئامادەیە بیفرۆشین بە ١٠ ڕوبل" و هتد .[6]

هەرچەندە ئەو یاسا قەیسەری ڕوسیە لەساڵی ١٨٦١ بەرەو سەرەوە بە حساب ڕیفۆرمی تێکراوە، بەڵام بنبڕ نەکرا، کەچی ڕیفۆرمی تێدا کرا . ئەگینا تا کۆتایی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەو یاسا قەیسەرییە هەر هەبووە. هەر ئەم یاسایەش یەکێکە لەو یاسایانەی زۆربەی مارکسییەکان دژی شۆڕشی پڕۆلێتاری بوون لە ڕوسیا بکرێ، چونکە بە تێگەیشتنی ئەوان ڕوسیا هێشتا نە چووەتە قۆناغی بورژووازییەت، واتە هێشتا لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدایە، بەڵکو هەندێکیان وتبوویان هێشتا ئێمە لە قۆناغی کۆمەڵگەی سەرەتایین یان کۆیلایەتی .

لە هەندێک ڕووەوە ئایینی ئیسلام ڕێگری کردووە لەوەی دەسەڵاتدارو حاکم و خەلیفە و سوڵتان و شاهەکان شوێنی تایبەتی خۆیان هەبێ لە ناو پەرستگاو مزگەوتەکان واتە لەناو ماڵی اللە .

لە ئایینی ئیسلام هەرکاتێ چوویتە ناو مزگەوت - ماڵی اللە هەموو مرۆڤەکان وەک یەک یەکسان دەبن بەرامبەر بە اللە، چونکە هەموویان عەبدی اللەن. ئێمە نابێ

---

[6] وێنەی ئەو ڕیکلامەیە لە ڕۆژنامەی ساڵی ١٨٣٨ باسی لەو دووحاڵەتە دەکات بۆ فرۆشتنی کۆیلە لەبەشی سەرچاوەکان دامناوە لەخوارەوە دامناوە. لەگەڵ دوا وێنە خێزانێکە بەماڵ و منداڵەوە لەلایەن خاوەنەکەیانەوە کە موڵکدارێکی زەوی بووە بڵاوی کردۆتەوە ئامادەن بۆ فرۆشتن .

حاشا لەو ڕاستیە بکەین کە بەدرێژایی مێژوو حوکمی ئیسلام ڕێگەی بە جیاوازی چینەکانی کۆمەڵگای نەداوە لەناو مزگەوتەکان.

کەچی تا سەردەمانێک پێش ئێستا، ئایینی مەسیحیەت چاوپۆشی کردووە لە جیاوازی چینەکان لەناو کلێساکانیان. تەنانەت لەماڵی اللەکەیان جیاوازی هەبووە لەنێوان توێژو چینەکانی کۆمەڵگا.

واتە تاوەکوو ١٩١٧ لە کلێساکان جوتیارانی هەژارو دەوڵەمەندەکان پێکەوە نوێژیان کردووە، بەڵام شوێنی تایبەت هەبووە

بۆ خاوەن موڵک و دەوڵەمەندو پایەدارەکان لەڕێزی پێشەوە یان کوچەیەک بەولاوە دوور لەبەرچاوی هەژاران دانیشتوون بەرەو ڕووی قەشەکە یان جاری وا هەبووە لە نهۆمی سەرەوە شوێنی تایبەت هەبووە بۆ دەسەڵاتداران و خاوەن موڵکەکان و چینی هەژاریش لە گۆشەیەک لەناو کلێساکان دانیشتوون و فزەیان لێوە نەهاتووە. قەشە چاوپۆشی لەو نادادپەروەرییە کردووە، بەڵکو قەشە هەمیشە لایەنگیری لە دەسەڵات و خاوەن پارەو موڵکدارەکانی کردووە، چونکە هەر ئەوان بوون پاڵپشتی دارایی کلێساکان بوون. قەشەکان کۆمەڵگەیان پەروەردە نەکرد لەسەر یەکسانی چینەکانەوە ئەو کارە لەناو ماڵی اللە کراوە کە کارێکی قێزەوەن بووەو بەحساب اللە قەبوولی ناکا، بەڵام  وا دیارە اللە قەبوولی کردووە، چونکە ئێمە هەر هەمووومان عەبدی اللەین، بەڵام وا دیارە لای اللەش عەبدەکانیش بەگوێرەی پلەو پایەیەی خۆیان قەدریان هەیە .

پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر کلێساکان زۆربەیان تەقێندرانەوە، تەنها چەند دانەیەکیان لێ هێشتنەوە بۆ ڕیکلامی صابوون و قەشەکانیان کردە سیخور بەسەر کۆمەڵگاوە. وە ئەو کلێسا و مزگەوت و کەنیسانەی لە شوێنی خۆیان مابوون بۆ ماوەیەک داخران، بەڵام

پاش سنوردار کردنیان لە چالاکی و بەرەوڕوو کردنەوەی ئیماندارەکانیان و ڕۆژانە بۆ ماوەیەکی کەم بتوانن سەردانی بکەن بۆ عیبادەت .

ئەلێکساندەری دووهەم پاش ٣٠٠ ساڵ ئەو فەرمانەی هەڵوەشاندنەوەو وتی نامرۆییەو پێویستە لەگەڵ شارستانیەت بڕۆین و ڕیفۆرمی لە ئەحوالی مەدەنی کرد باری کەسیەتی و لابردنی "مافی ڕەوای قەڵا" لە ئازادکردنی جووتیارانی ڕوس لە دەستی دەرەبەگ و ئاغا . خاوەنی جوتیاری کۆیلە و بە هیچ شێوەیەک مافی ئەوەیان نیە فەرزی بکات جوتیارەکان تەنها لای ئەو کاربکەن، بەڵکو ئازادن ئەگەر بڕۆن لە شوێنێکیتر کاربکەن و جێ و شوێنی خۆیان بگۆڕن و ڕێپێدراوبووە نیشتەجێ بوون لەهەر شوێنێکی ئیمپەڕاتۆریەت بە ئازادنە کاربکەن خۆیان بیانەوێت. ڕێگای دا هەموو هەرێمێک نوێنەری خۆی هەبێ و خاوەن بڕیاربن لە چارەنووسی وڵات. بێگومان ئەو بڕیارەی قەیسەر نارەزای دەرەبەگ و بەگزادەکانی لێکەوتەوەو پاڵپشتی ئەوانی لەدەستچوو، پۆلیسی نهێنیش بەردەوام بەدوای دەنگە نارەزاییەکانی قەیسەرەو بوون خەڵکیان دەگرت و دەخرانە زیندان و ئەنجامی شەڕی قرم لەگەڵ هاوپەیمانان و ئاژاوەو ڕاپەڕینی پۆلەندیەکان کە حەزیان نەدەکرد پارچەیەک بن لە وڵاتی ڕوسیاو داوای جیابوونەوەیان دەکردو قەیسەر زۆر بە توندی بەرپەچی دانەوەو کووشتارێکی زۆری لێکردن و گەلێک لەو خەڵکەی لە ڕوسیا بە دەرناو هەندیکی تری لەو پۆلەندیانە ڕاگواستەوە بۆ ناو قولایی ڕوسیا . هێشتا بەنیاز بوو یاسای شارستانی تر و ئازادی ڕادەربڕینی زیاتر واژۆ بکا، بەڵام گروپێکی تیرۆریستی ڕادیکال کە زۆربەیان قوتابی دانیشتگا بوون بەناوی" بزوتنەوەی ئیرادەی گەل" توانیان زەبری خۆیان لە قەیسەر بوەشێنن. هەموو ئامانج و تاکتیکیان کاری تیرۆریستی بوو بۆ ئەوەی خەڵک

هووشیاربکەنەوە بۆ ڕاپەڕین، لەبەرئەوەی بەهەموو شێوەیەک سیستەمی ئیمپەڕاتۆرییەتی قەیسەریان ڕەت دەکردەوە. هەڵسان بە تیرۆرکردنی ئەڵێکساندەری دووهەمی قەیسەری ڕوسیاو شکستیان بەو ڕیفۆرمە هێنا لەساڵی ١٨٨١ .

هۆکارە لاوەکیەکان لای خەڵکە عەوامەکان و بوو بە هۆکاری سەرەکی نەهاتمەتیەکانی ڕوس

بەدوای ئەلێکساندەری دووهەم کوڕەکەی هاتە سەر حوکم بەناوی ئەلێکساندەری سێهەم. بیروبۆچوونی کوڕەکەی پێچەوانەی سیاسەتی باوکی بوو. سیاسەت و بیروبۆچوونی قەیسەری نوێ جێگرەوەی باوکی ڕێک پێچەوانەی باوکی بوو، کە پێیوابوو ئەو ڕیفۆرم و ئازادی ڕادەربرین و گرتبوونەوەیە سەری باوکی لە ناوبردووە. هەربۆیە دەستیکرد بە ڕاونان و گرتنی هەموو گروپە سیاسی و نهێنی و تیرۆریستیەکان و گەڵێکی لێ هەڵواسین .

ئەلێکساندەری سێهەم کەسێکی ڕوسی ڕەگەزپەرست بوو. هەرچەندە بە سێ پشت لە دایکێکیەوە ئەڵمانی بوو، بەڵام دیسان لە ڕوس ڕوستربووەو ئیماندارێکی ئەرثەدۆکسی و نەتەوە پەرستبوو. هەربۆیە ئەو سیاسەتەی قەیسەر بووە هۆی ڕاوە دوونانی جولەکە بەهۆکاری ئایینی یەهوودیەت و هەموو گرژی و قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکانیان خستە سەر تاوانی جولەکەو تیرۆرکردنی باوکی قەیسەریان خستە پاڵ کرداری جولەکە.

سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و نەتەوەپەرستی قەیسەر هانی خەڵکە عەوامە نەخوێندەوارەکەی دا هێرش بکەنە سەر جولەکە لە هەموو لایەکەوە لە ساڵی ١٨٨١. هەرچی جولەکەبوو لەشارە گەورەکان دەرکران وەک مۆسکۆ و پێترۆگرادو کییێڤ و هتد. هەر لەساڵی ١٨٨١ تاوەکوو دوای شەڕی ناوەخۆیی ڕوسیای بەڵشەڤیک لە ماوەی ٤٠

ساڵ زیاد لە ٢ ملیۆن جولەکەی ڕوسیا کۆچیان کرد بەرەو دەرەوەی وڵات و زۆربەیان ڕوویان کرد بەرەو ئەمەریکا.[7]

## فاکتەرەکانی پێش بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە، ڕوسیای قەیسەری بەیەکێ لە وڵاتە پێگەیشتووەکان دادەنرێ لەڕووی پیشەسازییەوە لەسەر ئاستی هەناردەکردنی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ بەقەت هەر سێ وڵاتی ئەمەریکاو کەنەداو ئەرجەنتین بەرووبوومەکەی ناردووە بۆ دەرەوە بۆ فرۆشتن. بەڵام لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرو بەهاتنی بەڵشەفیەکان و شێواندنی سیستەمی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ لەدەوڵەتێکی هەناردەکراوەوە بوو بە دەوڵەتێکی هاوردەکراوی بەروبوومی کشتوکاڵ و پیشەسازی.

بۆ ئەوەی زیاتر لە ڕووداوەکانی پێش بەرپاکردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر تێبگەین، پێویستە تۆزێک بگەڕێینەوە ژیانی سیاسی وڵاتی ڕوسیاو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی و ئاستی ئابووری و چالاکی کۆمەڵایەتیەکان چۆن بووە؟ بە مەبەستی ئەوەی بتوانین دیمەنێکی

---

[7] - https://cei.org/blog/what-happened-us-wages-during-mass-immigration

https://www.quora.com/Why-did-European-flee-to-America-in-the-19th-century

ڕوون و ئاشکرا بهێنینە بەرچاو. پاش ئەوە هەندێک لەبەرهەمە نووسینەکانی ترۆتسکی ئامازە پێدەکەم کە پاکانەو پاساو دەهێنێتەوە بۆ بڕوبیانووەکانی بەڵشەڤیک لەو هەنگاوەی کەنایان وەک کودەتا بەسەر حوکومەتی کاتی وڵات کە بە بەرنامەیەکی جوان هاتە پێش لە ڕیفۆرم. بەڵشەڤیکەکان هیچ مۆڵەتێکیان بە حوکومەتی کاتی نەدا بەرنامە- ڕیفۆرمە سیاسی و ئابوورییەکەی خۆیان جێ بەجێ بکەن.

لە یادەوەرییەکانی بۆریس ڤەلێنتینۆڤیتش یاکۆڤێنکۆ فەیلەسووف و نووسەرو چالاکوانێکی سیاسی ڕوسیای قەیسەڕی (بەنەتەوە ئۆکرانی بوو) پاش ئەوەی گیراو حوکمی زیندانی تەواوبوو ئیدی لە ساڵی ١٩١٣ بەرەو ئیتاڵیا چوو و بە یەکجاری وڵاتی لەدوای خۆیەوە بەجێهێشت و نەگەڕاوە. بەڵام لە دووری وڵاتەوە ڕۆژ بەڕۆژ موتابەعەی هەواڵی وڵاتی دەرکردو ڕۆژنامەکانی ڕوس و دەرەوەی وڵات دەربارەی ڕووداوەکانی ڕوسیای تۆمار دەکردو ڕێکی دەخست و لە دواییدا کردی بە پەڕتووکێکی نایاب بەناوی "مێژووی شۆڕشی ڕوسیای مەزن". لە ڕووی ئاستی مێژووییەوە ئەو پەڕتووکە بەهایەکی ئێجگار بەسودی هەیەو ئەرشیڤێکی میدیاییە کە لە ڕۆژنامەکانی جیهان و وڵاتی ڕوسیای بەدەستی گەیشتووەو کۆی کردوونەتەوەو باسێکی لەسەر نووسیوە. لە خوارەوە دەقی نووسینەکانی یاکۆڤێنکۆ دەنووسمەوە لەسەر پێش ڕووداوەکە .

ئەوانەی دژی قەیسەر بوون و ئاژاوەیان درووست دەکرد لەناو پەرلەمان داوایان دەکرد کە ئیمپەڕاتۆر واز لەهەموو دەسەڵاتەکان بهێنێ .کاتێ قەیسەر وازی هێنا هەر ئەو کۆمەڵە نەیارانەی قەیسەر نەیانتوانی حوکومەت بەڕێوە ببەن و کۆنترۆڵی شەڕی جیهانی یەکەم بکەن و فەرمان بدەن بە سووپا هێرش بکا . زۆربەیان ڕایانکرد بۆ دەرەوەی وڵات بەرەو فەڕەنساو لەوێ بوون بە پەناهەندە.

هەموو ئەو بەسەرهاتانەی ڕوویدا پاش کودەتاکەی مانگی دوو ( فێڤرالسکی پێرێڤەرۆت) بوو. خۆشی خۆشی خەڵک بوو بەهاتنی حوکومەتی کاتی و سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتی لە وڵات. کۆبوونەوە جەماوەرییەکان و دەنگە ناڕەزاییەکان و ناڕەزایی شەقام نەیانزانی ڕوخانی ئیمپراتۆرو سەرکەوتنی هێزی لیبێڕال بە دوای خۆی کودەتای ئۆکتۆبەر بەدوای خۆی دەهێنێ و تیرۆری سوور و سپی داهێناو شەڕی ناوخۆی هێنا ئاراوە .

ئەو کودەتاو دەسەڵاتەی بەڵشەڤیکیەکان بێ ویژدانی ترین حوکوم بوو لەو سەردەمە. هیچ پێوەرێک نیە بۆ ژماردنی تاوان و ڕێژەی ئەو دڵڕەقی و دڕندەیی شەڕی سیڤیڵە .

## ڕیفۆرمی زەوی زار لە کشتوکاڵ – ستەڵووپین

" ستەڵووپین " کەسایەتیەکی بەناوبانگی ڕوسیای قەیسەری بوو. لەشاری درێزدنی ئەڵمانی لە دایکبوو بەڕەچەڵەک ئەڵمانی بوو. بەهۆی زیرەکی و لێهاتوویی بەهۆی ئەو کارانەی کە پێی دەسپێردرا توانی ببێتە متمانەی قەیسەری ڕوس. ستەڵووپین چەند پۆستێکی گەورەی وەزارەتی وەرگرت لە سەردەمی قەیسەر، هەر لە وەزیری ناوخۆییەوە تاوەکوو سەرۆک وەزیران لە نێوان ساڵانی ١٩٠٦-١٩١١.

ستەڵووپین کاتێ بوو بە سەرۆک وەزیران لە پێناوی ئەوەی ئەو گرژییەی قەیرانی سیاسی و ئابوورییەی لە وڵات سەری هەڵداوەو دایبمرکێنێتەوەو چارەسەری بۆ بکا، بەتایبەتی لە دوای کارەساتی شۆڕش و خۆپێشاندانەکانی ساڵی١٩٠٥. ستەڵووپین هەڵسا بە پلانێکی ڕیفۆرم لە بواری کشتووکاڵ لە بەرواری ٤ ی مانگی هەشتی ١٩٠٦. ئەو ڕیفۆرمە هاندەرێک بوو بۆ ئەوەی حیزبە سیاسیەکان ئەو گرژی و قەیرانە ئابووری

و سیاسیەکان و دەنگی ناڕەزاییەکانی جووتیاران و چینی هەژار نەی قۆسنەوە .

ڕیفۆرمی ستەڵوپین بریتی بوو لە :

پێدانی زەوی بە جوتیاران بەگوێرەی قەبارەی چەند سەر خێزانن بە بڕە پارەیەکی کەم پێی بفرۆشێ. لەماوەی ٤٠ساڵ قەرزەکەی بە حوکومەت بداتەوەو بە فائیزێکی زۆر کەم. واتە هەموو جوتیارێک دەتوانێ ببێتە خاوەن زەوی و زاری خۆی و بەرهەم بهێنی و هەندێک لەو بەرهەمەی بە حوکومەت بفرۆشێ بۆ ئەوەی ئەویش هاوردەی دەرەوی بکاو بەو پارەیە کەلووپەل و ئامێری کشتووکاڵ و پیشەسازی و بڕە پارەیەک ببێتە دەستەکەوتی حوکومەت. بەڵام نابێ و جوتیار مافی نیە ئەو زەوییەی پێی دراوە بیفرۆشێتەوە یان ڕادەستی کەسێکی تری بکاتەوە، هەندێک خاڵی تریش هەبوون لەو ڕیفۆرمە.

لە نێوان ساڵانی ١٩٠٦-١٩١١ بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکاری بەسەر کشتوکاڵی ڕوسیادا هات. ڕوسیا بوو بە یەکێ لەهەرە وڵاتانی هاوردەکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ بۆ ئەوڕووپا . ئەوەش بووە هۆی کپکردنی دەنگی ناڕەزایی جوتیاران. بەڵام ئەو ڕیفۆرمە لەبەرژەوەندی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان نەبوو. چونکە باش بوونی بواری جوتیاران لە قازانجی چەپەکان نەبوو. هەربۆیە چەند جارێک هەوڵی تێرۆرکردنی ستەلووپین دراو لە جاری چوارەم ئەنجامەکەیان پێکا . کاتێ سەرۆک وەزیرانی قەیسەر لەبەرنامەیەکی شانۆیی لەشاری کیێڤی - ئۆکرانیا ئامادەبوو، لەناو سالۆکەنە دەستدرێژی گوللەی لێکراو کوشتیان، لەلایەن گروپێکی چەپی مارکسیەوە. ئەو کەسەی تیرۆریکرد لە دوای ١٠ بەسزای خۆی گەیشت و هەڵیانواسی .

لەپایەی خزمەت و کارە چاکەکانی ستەڵووپین بەفەرمانی قەیسەر پەیکەرێکی بۆ ستەڵوپین درووستکراو هەر لەو شارەی کەلێی تیرۆرکرا، هەر لەوێ پەیکەرەکەیان بۆ

دانا وەک ڕێزێک. بەڵام خەڵک ئەو پەیکەرەیان هێنایە خوارەوە لە کاتی شۆڕشە سەرنەکەوتووەکەی خۆپێشاندەران لە مانگی دووی- فێڤرالّی سالّی ١٩١٧ .

## ڕۆلی پارڤووس لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر

پارڤووس جولەکەیەکی ڕوسیای قەیسەری بوو و ئەندامی سۆشیال دیموکراتی ڕوسیاو ئەڵمانیا بوو. پارڤووس ئەندازیاری شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو. لەگەڵ ئەوەی ملیۆنێرو بیرمەندێکی مارکسی چەپڕەوی توندڕەو بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا درێغی نەکرد لەیارمەتیدانی دارایی بۆ هاتنی بەڵشەڤیکیەکان بۆ سەر حوکم .
پاش تێپەڕبوونی ١٠٠ ساڵ و بە بۆنەی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە ڕوسیا دان بە ڕۆل و کارامەی پارڤووس دادەنێ بۆ سەرکەوتنی لێنین لەو شۆڕشە. هیچ کام لە لێنین و ترۆتسکی و ستالین و خرۆشۆڤ و تەنانەت سەردەمی گورباتشۆف'یش ناوی پارڤووس'یان نەهێناوە. تەنها ئێستا باسی ڕۆلی ئەو کابرایە دەکرێ وەک ئەندازیارێکی شۆڕشی ئۆکتۆبەر .

پارڤووس ڕۆلێکی مەزنی هەبوو بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر. وەک کەسێکی سەربازی ونی نە ناسراوە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەرو مێژووی ڕوسیاو سۆڤیەت. بەداخەوە ناو و ڕۆلی ئەو زاتە سڕدراوەتەوە، نەک لەلایەن بورژواو لایەنگیرانی قەیسەرو حوکومەتی کاتی ڕوسیا یان ئەڵمان و تورک و فەڕەنسا، نەخێر بەڵکو خودی هاوڕێیانی حیزب و خەباتەکەی ئەویان وێلکرد ئاماژەیان بە ڕۆڵی پارڤووس نەکردووە. خودی لێنین بە پلەی یەکەم، ئینجا ترۆتسکی پاشان ستالین و کادیرانی تر. بەڵکو هیچ ڕۆڵ

و پاداشتێکیان بەو زاتە نەدا لەپای ئەو هەموو خزمەت و ڕۆلە سەرەکیەی پێشکەشی کرد بە حیزبی بەڵشەڤیک دەرحەق بە سەرکەوتنی شۆڕشەکەیان .

پارڤووس چاوەروانی چاکەو پاداشتی لێنین بوو لەبڕی ئەو یارمەتی و هاوکاریەی پارڤووس بۆ لێنین کاتێ لە ژیانی پەناهەندەیی دەژیاو لە دەربەدەرییەوە بۆ هێنانی لێنین بۆ سەرحوکم بەهیمەتی پارڤووس بوو. بەڵام لێنین نەک وێلی کرد، بەڵکو لەهەموو مێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕویساو مێژووی سۆڤیەت ناوی نەهێنراوەو نەهاتووە .ئەو زاتە ناوی سڕردابۆوەوە لە خەباتی مێژووی بەڵشەڤیکی کۆمۆنیستی سۆڤیەت تاوەکوو ئەم ماوەیە کەس باسی لێوە نەکردووە.

## پارڤووس کێیە؟

ئەلێکساندەر لڤۆڤ پارڤوس( ناوە ڕاستیەکەی ئیسرائێل لازاریێڤیتش گێڵفەند )ە. لە ٢٧ی مانگی هەشت یان بە کەلێندەری نوێ دەکاتە ٨ ی مانگی ٩ ی ساڵی ١٨٦٧ لە شاری بێرێزینۆی هەرێمی مینسک لەدایکبووەو لەساڵی ١٢ی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٢٤ لە بەرلینی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردوە. نازناوی پارڤووسی بۆ خۆی هەڵبژاردووە بە مانا لاتینیەکەوە دەبێتە (بچوک). هەر لە منداڵیەوە کێشەی قاچێکی هەبوو وەک بلێیت شەل دەڕۆیشت. لەکاتی ڕۆیشتن هەمیشە خۆی بەلایەکدا دەنووشتاندەوە . چالاکوانێکی بزووتنەوەی سۆشیال دیموکراتی ڕووسی ئەڵمانی، تیۆری زانێکی مارکسی، ڕۆژنامەنووس، نووسەر، لەگەڵ ئەوەش خاوەن شەهادەی دکتۆرای فەلسەفە بوو .

### ژیانی منداڵی و هەرزەکاری

لە خێزانێکی جولەکەی خاوەن پیشە لە دایکبووە لەشاری بێرێزینەی نزیک شاری مینسک. هەر لەسەرەتای ژیانی منداڵی پارڤووس ماڵەکەیان سووتا، تەنانەت نیوەی

شارەکە سووتا . هەربۆیە بەناچاری ڕوویان لەشاری ئۆدێسە کرد کە مەڵباتی دایکی بوو. زۆربەی زۆری جولەکەکانی ڕوسیای ئیمپەڕاتۆریەت لە شارە گەورەکان دەژیان. بە شێوەیەکی گشتی جولەکەو ئەرمەن هەمیشە ڕوو لە شاری گەورەو نزیک سنوور و شاری خاوەن بەندەرو شوێنی بازرگانی دەکەن بۆ ژیان و گوزەرانیان. شاری ئۆدێسە یەکی لەو شارانەبوو کە ژمارەیەکی ئیجگار زۆر جولەکەی لێ دەژیا پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر .

باوکی پارڤوس بۆ بەخێوکردنی ماڵ و منداڵی ناچاربوو ببێت بە کرێکاری بەندەری شارەکە. بار هەڵگری و بار بارکردن بۆ ناو کەشتیەکان بوو بە کاری پیشەی باوکی . پارڤووس هەر لەو شارە توانی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی تەواوبکاو لەهەمان کات دا پەیوەندی و بەشداری بە شانەی شۆڕشگێرە گەنجەکانەوە کرد. بەهۆی کاری سیاسیەوە گیراو دوورخرایەوە، بەڵام توانی ڕابکات و وڵات بەجێ بهێڵێ .

لەساڵی ١٨٨٥ چوو بۆ سویسڕا شاری زوریخ و هەر لەوێ لە گرووپێک نزیک بووەوە بەناوی ( ئازادکردنی کار). لەساڵی ١٨٩١ بەڵگەنامەی دکتۆرای فەلسەفەی لە بواری ئابووری سیاسی بەدەستهێنا لە دانیشتگای بازیل. پاشان چووە ئەڵمانیاو بوو بە ئەندامی پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا . بەڵام خۆی لە نێو باڵی توندڕەوە چەپەکانی ئەو حیزبەدا بینییەوە. گیانی پارڤووس زۆر شەڕانگێزو هۆڤیانە بوو. هەموو هەوڵێکی بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بوو بۆ بووژانەوەو زیندوکردنەوەی گیانی شۆڕشگێری سۆشیالیزمی ئەڵمانی .

لەساڵی ١٨٩٣ وەک کەسێکی نەخوازراو دەرکرا لە پروسیا( ئیمراتۆری نەمسا- هونگاری) بەهۆی کاری سیاسی و توندڕەوییەوە. بەڵام کۆڵی نەدا لە نووسین و چالاکی سیاسی. پارڤووس پەیوەندی کرد بەشۆڕشگێرە ڕوسەکانەوەو بەشداری کرد لە

کۆنگرەی نێودەوڵەتی سۆشیالیستی کە لە لەندەن بەسترا لەساڵی ١٨٩٦. وەک ئەندامێکی چالاک بەشداری لەو کۆنگرەیەدا کرد .

پارڤووس هەر لەساڵی ١٨٩٧ بەدواوە بوو بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی "کرێکارانی درێزدنی ساکسۆنی". نووسینەکانی بەشێوەیەکی هێندە ڕەق و توندڕەوانەی چەپ بوو نەک تەنها ڕاست ڕەوەکانی ناو حیزبی سۆشیال دیموکراتەکانی ناڕەحەت کرد، بەڵکو خودی چەپڕەوەکانی ناو ئەو پارتەش ناڕازی بوون لەشێوەی تۆن و لەهجەی ئەو نووسینانەی پارڤووس لەسەر شیکارییە ئابووری سیاسیەکانی ئەورووپاو سیستەمی حوکمی ئەو دەوڵەتانە بەرامبەر بە کرێکاران. کاتێ برێنشتێن واتە ترۆتسکی(نازناوی سیاسیەکەی) هاوکاری پارڤووسی دەکرد لە نووسین و ڕاوێژکاری، لەهەمان کات دا بیرو بۆچوونەکانیان ئالوگۆر دەکرد، ئیدی پەیوەندیان توندوتۆڵتر بوو و زۆر نزیکبوونەوە لە یەکتری لە بیری سیاسی و شێوەی کارکردن بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی سەرتاپا.

پارڤوس کتێبێکی تری نووسی هەر لەهەمان ساڵ واتە ١٨٩٧ بەناوی " بازاڕی جیهان و قەیرانی کشتووکاڵ" .

پارڤووس لە کۆتایی ساڵی ١٨٩٨ لەگەڵ یولیان مارخیلیێڤسکی(بەڕەسەن ئەڵمانی لەدایک بووی پۆلەندە بوو) دەرکران لەساکسۆنیا . بەناچاری ڕۆژنامەکەی خۆی ڕادەستی ڕۆزا لوکسێنبێرگی کرد. ڕۆزا خاتوونێکی جولەکەی پۆلەندی ڕەسەن بوو لە ئەڵمانیا دەژیا، چالاکوانێکی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی و ئینتەرناشناڵی بوو . دەبێ ئەوە بڵێین هەرلە کۆتایی ساڵی ١٨٩٠ بەرەو سەرەوە شووقەکەی پارڤووس لە میونخ'ی ئەڵمانیا بوو و بوو بە سەنتەری کۆبوونەوەی مارکسیە ئەڵمان و ڕوسەکان .

مێژووی یەکتر ناسینی لێنین و پارڤووس دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٠ لە میونخ'ی ئەڵمانیا هەر ئەوکات پارڤووس قەناعەتی بە لێنین هێنا کە دەبێ ڕۆژنامەیەک دەربکا بە مەبەستی ئەوەی چالاکیەکانی بگات بە خەڵک. وە هەر پارڤووس ناوی ئەو ڕۆژنامەیەی بۆ لێنن هەڵبژارد بەناوی (ئیسکرا ) واتە تیشک - شرارة پارڤووس لەماڵی خۆی چاپخانەیەکی بۆ لێنین دانا بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆژنامەی" ئیسکرا "ی پێ چاپ بکاو بڵاوی بکاتەوەو بینێرن بۆ ڕوسیا . ئەو چاپخانەیە کە لە ساڵی ١٩٠٠ لەماڵی خۆی داینابوو نایاسایی بوو، واتە بێ ئاگاداری پۆلیسی ئەڵمانیا ئەوکارەیان دەکرد . لێنین زوو زوو سەردانی پارڤووسی دەکردو سوودی لەو پەڕتووک و سەرچاوانەی پارڤووس وەردەگرت کە پارڤوس لەماڵەکەی هەیبوو وەک پەڕتووکخانەیەک بوو لە کتێبی مارکسی و زانستی مرۆیی. لە ڕێگای پارڤووسەوە لێنین توانی زۆرێک لەکەسایەتی ناوداری ئەڵمانی و چالاکوانە سیاسیەکانی ئەو سەردەمە بناسێ. بە خاتری پارڤووس'ەوە حیزبی سۆشیال- دیموکراتی ڕوسیا توانی پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە بکا لەڕێگای ڕۆژنامەی ئیسکراوە .

پارڤووس کەسێکی زۆر زیرەک و خاوەن پێنووس و زانیاری بوو، هەر بۆیە لێنین( هەرچەندە حەزی لە چەهرەی پارڤووس نەدەکرد، بەڵام پێویستی پێی هەبوو) و مارتۆڤ ( جولەکەی لەدایکبووی ئەستەنبوڵ بوو بەڕەسەن) و پەترێسۆڤ داوایان لە پارڤووس کرد کە هاوکاریان بکا لە نووسین لەو ڕۆژنامەیە. ووتارەکانی پارڤووس هەمیشە لەپەڕەی یەکەمی ئەو ڕۆژنامەیە بوو و لە یەکەم وتار بڵاودەکرایەوە. واتە نووسینی کادیرەکانی حیزبی لێنین و لێنین لە دوای پارڤووسەوە بڵاودەبوونەوە . پارڤووس بیرو ڕای وابوو کە دەبێ نەک یەک ڕۆژنامە بەڵکو گۆڤارو پاشکۆی ڕۆژنامە دەربکرێ وە نابێ هەفتانە بێ ، بەڵکو دەبێ هەموو ڕۆژ ڕۆژنامەو هەفتانە گۆڤارێک

دەربکرێ وە زۆر پێویستە بیگەیەنرێتە ناو ڕوسیا، ئەگینا ئێمە لە ئەڵمانیا دانیشتووین هیچ کاریگەرییەکی عەمەلیمان نابێ بۆ سەر کرێکاران و دەنگە ناڕەزاییەکانی ناو ڕوسیا.

هەمیشە پارڤووس ئەوەی لەمێشک بووەو بە هاوڕێیانی پارتەکەی دەگوت بێ پارەو پوول هیچ شۆڕشێک سەرناکەوێ. ئەگەر ئێمە چاوەڕوانی دەستی کرێکارو یارمەتی چینی ڕەش و ڕووت بکەین بۆ هاوکاری ماددی بۆ سەرخستنی شۆڕشەکەمان ئەوا ئێوە خەیاڵتان خاوە. ئێمە دەبێ پارە بەڵکو پارەیەکی ئێجگار زۆرمان لەبەردەست دابێ لەپێناوی ئەوەی چالاکیەکانی خۆمان پێش بخەین و نابێ ئێمە لەدەرەوەی وڵات ئاوا بمینێینەوە، بەڵکو دەبێ بگەڕێینەوە وڵات و لەوێ خەباتی نهێنی و ئاشکرا بکەین لێنین دەیزانی قسەکانی ڕاستە، بەڵام لایەنگیری خۆی بۆ ئەو بیرۆکەیە دەرنەدەبڕی چونکە غیرەتی چوونەوەی نەبوو دەیزانی زوو دەگیرێ .

هەروەک باس دەکرێ لێنین حەزی لەپارڤووس نەکردووە کە زۆر لێی نزیک بێتەوە. لێنین هەمیشە سەیری پارڤووسی کردووە وەک کەسێکی ڕکابەر لە مەسەلەی ئادیۆلۆژی مارکسیەت. واتە بەکەسێکی زیرەک و چالاکی زانیوە لە بواری فەلسەفەی مارکسییەوە .

ترۆتسکی لەیادەوەرییەکانی خۆی لەسەر پارڤووس نووسیویەتی کە کەسێک بووە حەزی زۆر لە پارە کردووە، لەپێناو پارە ئامادەبوو هەموو شتێک بکا، بەڵام لەهەمان کات دا باوەڕی بە شۆڕشی ڕوسیا هەبووە سەربکەوێ و خەباتی بۆ دەکرد. ترۆتسکی بەردەوام دەبێ لەسەر پارڤووس و دەڵێ :

" کەسایەتیەکی بێڕکابەری مارکسییە "وە " هەمیشە کاری شێتی و جەربەزەیی لێ بەدی دەکرێ و متمانەی پێناکرێت.

واتە لایەنگیرانی لێنین و ترۆتسکی پێیان وابوو پارڤووس شۆڕش و خەباتەکەی بەکاردەهێنی بۆ بەدەستهێنانی پارە، بەڵام پارڤووس بە پێچەوانەوە بیری دەکردەوە و دەیوت : بۆ ئەوەی خەباتەکەت سەربکەوێ تۆ پێویستیت بە پارەو پوولە، پێویستیت بە بیزنس و درووستکردنی پەیوەندیە لەگەڵ کەسایەتیە سیاسیەکانی ئەڵمان و بێگانە وئینتەرناسیۆناڵەکان. هەربۆیە هەموو هەوڵێکی بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بوو بۆ بەدەست هێنانی پارە بۆ ئەوەی مەرامەکانی بێتە دی. واتە بێ پارە هیچ شتێکت بۆ ناکرێ! و لە دوارۆژدا دەردەکەوێ کە قسەکەی پارڤووس ڕاست دەردەچێ .

پارڤووس تەنها پەڕتووکێکی وەک ژیاننامەی خۆی بەجێ هێشتووە، بەناوی ( لە تێکۆشینەوە بۆ ڕاستی) وەک ژیاننامەیەکی سیاسی خۆی. لەوێدا دەڵێ :

" کاتێ من ڕەخنەو تانەدەگرم لە ڕۆشنبیرە شۆسیالیستەکانی روسیا، لەبەرئەوەی هیچ پەیوەندیەکی ڕووحی و زیندووی بەدی ناکەم لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاران. ئەو ڕۆشنبیرانە چەند بنووسن لەسەر سۆشیال- دیموکرات قسەی نەستەق و ژیرانە، هەمووی قسەی پەڕتووکن و لە قاڵبی پەڕتووک ناچێتە دەرەوە. جەماوەری کرێکار هەموو هێزو توانای خۆی بەگەر خستووە بۆ ئەوەی حسابی بۆ بکرێ، بەڵام توێژی ڕۆشنبیر خۆیان بە سۆشیالیزمەوە هەڵواسیوە تەنها بۆ خۆشی بیرکردنەوەیان و کات بەسەربردن، ئەگینا هەموو دنیا ئامادەن و تەنانەت هەموو چینی کرێکاریش بکەن بە قوربانی حەزەکانیان". [8]

بەردەوام دەبێ و دەڵێ :

[8]پارڤووس:-" لەتێکۆشینەوە بۆ ڕاستی" لاپەڕە ١٧.

" بۆ زۆربەی ڕۆشنبیرە سۆشیالیستەکانی ڕوسیا، ئەگەر بە واقیعی ئەوکاتە سەیری بکەین شۆشیالیزمیان وەک وەسیلەیەک بۆ شۆڕش بە کارهێناوە" .[9]

پارڤووس بەردەوام دەبێ و دەڵێ :

"من هێشتا پێش ساڵی ١٩٠٦ پێشبینی ئەوەم کردبوو ڕۆژێک دادێ توێژی ڕۆشنبیرەکان لە سۆشیالیستی کرێکاری دادەبڕێن، بەڵام بۆ زۆرێک ئەو قسانەی من بە گاڵتەجاڕییەوە وەریان دەگرت" .[10]

زۆر بیرۆکەو سەرنجی جوانی نووسیوە لەسەر ڕۆشنبیرو کادیرە چەپەکان چۆن بیردەکەنەوەو چەند هەڵەن لە خوێندنەوەی واقیع .

## خەبات و بیرۆکەی چەپ لای پارڤووس

پارڤووس بیرۆکەیەکی نوێی داهێنا لە تیۆری کارڵ مارکس و ئێنگلس دا دەربارەی "شۆڕشی هەمیشەی بەردەوام". کاتێ مارکس دەڵێ بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی پڕۆلێتاریا دەبێ لە حوکمی ڕەها ـ مطلّق ـ بەرەو حوکمی دەستووری مەلیکی و پاشان بەرەو کۆماری بۆرژوایی لە دوا قۆناغی شۆڕشی پڕۆلێتاریا دەبێ. پێشبینی مارکس ئەوە بوو لەسەر بنەمای شۆڕشی ١٨٤٨-١٨٤٩ لە ئەوڕوپا چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد سەرتاپا جیهان بگرێتەوە وەک ئەڵقەی زنجیرەیی پێکەوە بەستراونەتەوە ئەو دەوڵەتانە لە شوێنێک سەر هەڵدەداو دەوڵەتەکانی تر چاو لێدەکەن، هەربۆیە مارکس وتی :

---

[9] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٨-

[10] هەمان لاپەڕە -

"فەڕەنسا دەست پێدەکا، ئەڵمانیا تەواوی دەکا".

کارڵ کاوتسکی لایەنگیری تیۆری مارکسی کردو وتی : "ڕوسیا هێشتا قۆناغی بزووتنەوەی بۆرژوا- دیموکراتی لەپێشە، هەرکاتێ ئەو قۆناغەی تێپەڕاند ئەوا ئەوکاتە دەبێتە پاڵنەرێک بۆ شۆڕش لە ئەڵمانیاو ئینجا ئەوروپاو پاشان ڕوسیا . هەرکاتێ ئەوروپا سەرکەوت لەو شۆڕشە ئەوا دەبێتە پاڵپشتێک بۆ کرێکارانی ڕوسیا بەو مەبەستەی بێنە ڕیزی شۆڕشی جیهان" .[11]

کەواتە بە دیدو بۆچوونی زۆربەی سەرانی مارکسی لە ئەوروپاو تەنانەت هەندێک لە ڕوسەکان شۆڕشی پرۆلێتاری دەبێ و یەکەم جار لە ئەوروپای ڕۆژئاوا دەست پێبکا واتە هیچ کەسیان قەناعەتیان نەبوو کە ڕوسیا لەبارەو گونجاوە بۆ ئەو شۆڕشە .

بەڵام پارڤووس بیرو ڕای جیاوازی هەبوو، وتی" : لەبەر ئەوەی حاڵەتی ڕوسیا جیاوازە وەک لە ئەوروپا بۆ گەیشتن بە پرۆسەی بزوتنەوەی بووژوازی- دیموکراتی لەبارنیەو نەگەیشتووە بە ئاستی پێویست، بەڵام شۆڕش لەبارەو حالەتی ڕاپەڕین و حیزب و کرێکارو جوتیاری هەیە( هەرچەندە پارڤووس زۆر باوەڕی بە چینی جووتیار زۆر نەبوو بۆ کاری ڕێکخراوەیی تا هاوکاری شۆڕش بکەن، بەڵام زۆر باوەڕی بە کرێکار هەبوو). حاڵەتی شەڕی بەردەوامی قەیسەر لەگەڵ تووركی عوسمانی و ژاپۆن و شەڕی مەنجوریاو ئەڵمان و قەیران لەدوای قەیران ئەوانە هەوی ئاگری بەرپاکردنی شۆڕشی گەرمتری دەرکرد.

واتە ئەوە بیرۆکەکەی پارڤووس بوو نەک لێنین! پاشان لێنین خۆی کردە خاوەن ئەو

---

[11] - https://libcom.org/library/different-critics-bolsheviks-karl-kautsky

بیرۆکەیەو پاش مردنی لێنین بە چەند ساڵێک ئینجا ستالینیش خۆی کرد بەخاوەنی ئەو بیرۆکەیە.

## ڕابواردن و جەربەزەی سیاسی پارڤووس

نەک تەنها لە یادەوەرییەکانی ترۆتسکی، بەڵکو هەموو هاوڕێ سۆشیال-دیموکراتەکان هەستیان بەوە کردبوو پارڤووس کەسێکی چەپڕەوەو باوەڕی بە شۆڕشی کرێکاری هەبووە، بەڵام دەیانبینی پارڤووس چۆن حەز لە ژیان دەکا، حەز لە قات و جل و بەرگی گران بەها دەکا، حەز لە خۆشی و ڕەفاهیەتی ژیانی ئەریستۆکراتی دەکا، حەز لە خواردنی ڕێستۆڕانتی گرانبەها دەکا، حەزی لە کچ و ڕابووادرنە، لەگەڵ سۆزانیان دەخەوت و عاشق و مەعشوقی زۆری هەبوو و کێشی لەشی بەرەو زیادبوون دەچوو، واتە تا دەهات قەڵەوتر دەبوو، هیچ گوێی لەوە نەبوو پارە بڕژێنی یان تەرخانی بکا بۆ بەچاپ گەیاندنی ڕۆژنامەی " " ئیسکرا"، چونکە باوەڕی بە شۆڕشی پڕۆلێتاریا هەبوو.

یەکێ لەو کچانەی پارڤووس لەگەڵی دەخەوت سکی پڕبوو و منداڵێکی لێکەوتەوەو ناوی لەو منداڵە بێ شەرعیە نا . لێڤ ( واتە شێر). ئیتر کاتێ ژنەکەی پێیزانی پارڤووسی مێردی لەگەڵ سۆزانی و کچانی تر دەخەوێ و منداڵی لەکچی تری بۆ درووستکردووە ئیدی لێی جیابووەوە بەرەو ڕوسیا گەڕاوە ساڵی (~ ١٩٠٦). ئەو ڕەوشت و هەڵسوکەوتەی پارڤووس هیچ جێگای ڕەزامەندی هاوڕێکانی نەبوو وە حەزیان لەو شێوە ژیانی ڕابواردن و پارە سەرف کردن و ڕابواردنی لە چەند کلۆبێکی شەوانەی پارڤووس نەدەکرد، بەڵام بەناچاری لە پارڤووس'یان قەبوول دەکرد، چونکە پارەدار

بووەو پێویستیان بە دکتۆری فەیلەسوف هەبووەو بێ ئەو هیچیان پێ نەدەکرا بۆ پەیوەندی حیزبەکەیان لەگەڵ دەرەوە .

وەک باس دەکرێ پارڤووس ٢ جار ژنی هێناوە. ژنی یەکەمی جولەکە بووە لەنەتەوەی خۆی و خەڵکی ئۆدێسە بووەو هەر لەوێ مارەی کردووە. هەرچەندە بەروارەکان بە گوێرەی سەرچاوەکان تێکەڵ و پێکەڵەو ساڵی جیاواز بۆ ژنهێنان و منداڵی یەکەمی لە ژنی یەکەم یان لە ژنی دووهەم دانراوە. بەداخەوە هیچ بەروارێکی تاوەکوو ئێستا ڕاست دروست ساغ نەبۆتەوە، چونکە بەم دواییە مەسەلەی پارڤۆس هاتۆتە ئاراوە، هەربۆیە هیچی لە شوێنی خۆی تۆمار نەکراوە. بەهەر حاڵ وەک من بۆی دەچم لەئەنجامی پشکنینم بەو سەرچاوانە. دەبێ پارڤووس ئەو منداڵەی لە خاتوونێکی جولەکەی ڕوسیابووەو لە ئەڵمانیا خواستبێتی لە ساڵی ١٨٩٨ و هەر لەو ساڵە منداڵی لێبووە. چونکە کوڕی پارڤووس (١٨٩٨-١٩٨٣) بووە. چونکە زۆربەی زۆری سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کوڕەکەی لە ئەڵمانیا لە دایکبووەو پاشان هەرسێکیان( پارڤووس و خێزان و منداڵەکەی ) گەڕاونەتەوە ڕوسیا . چونکە پارڤووس بەپاسپۆرتێکی ساختەی چیکی بەناوی "ئەڤگووست پێن" لەگەڵ هاوڕێیەکی خەباتی بەناوی کارل لێمەن بەرەو ڕوسیا چووە لەساڵی ١٨٩٩. وەک کەسێکی ڕۆژنامەنووس خۆی ناساند. بۆ ئەوەی دەزگای پۆلیس و ئاسایشی دەوڵەت نەیناسنەوە کە ناوی ڕاستەقینەی چیەو هاوڵاتی ڕوسیایە لە بنەچەدا . ئەو گەشتەی پارڤووس بۆ ڕوسیا بۆ دیراسەکردنی قات و قڕی و برسیەتی ناوچە هەژارییەکانی کازان، ڤیاتکە، ئوفە، سەماڕە و سیمبیرسکی ڕوسیای قەیسەڕی بوو .[12] چونکە خێزانی لە ساڵی ١٩١٦ خێزانی دەمرێ لەڕوسیا و کوڕەکەی

---

[12] - پارڤووس:-" لەتێکۆشینەوە بۆ ڕاستی" لاپەڕە ٣

لەساڵی ١٩٣٩ سزای دوورخستنەوەی بۆ سیبیریای بۆ دەردەچێ و بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لەوێ دوورخراوەتەوە تەنها لەبەر ئەوەی کوڕی پارڤووسە. ئەمەش پاداشتی هاوڕێکانی دوێنێی پارڤووس ئیمڕۆ سزای کوڕەکەی دەدەن، کەچی پارڤووس ئەو کەسە بوو کە لێنین و ستالین لەسایەی ئەوەوە بوون بە کەڵەگا .

## پلانی پارڤووس لە دژی قەیسەر

میدیا بەکاربهێنرێ وەک دەسەڵاتی چوارەم، هەروەها دەسەڵاتی پێنجەم( لێکۆلینەوە ئابووری و کۆمەڵایەتی و چاودێری سەندیکا و("Twitter-revolution") . پلانی پارڤووس بۆ ڕوخاندنی سیستەمی قەیسەری ڕوسیا، بەو مەبەستەی هەوڵبدرێ میللەتانی غەیری ڕوس هانبدرێن لە دژی قەیسەری ڕوس و ئیمپڕاتۆریەتی ڕوسیا. واتە هەستی نەتەوایەتی بجولێنێ و ناکۆکی و ئاژاوە بنرێتەوە لە ناو میللەتانی قەفقازو ئۆکڕانیاو میللەتانی بەڵطیق( لاتڤیا، ئوستۆنیاو لیتڤیا، و فینلەندیا) بۆ ئەوەی شۆڕش لە دژی سیستەم بێتە ئاراوە. ئەم بیرۆکەیەی پارڤووس لەئاستی سیاسەتی ناو خۆیی ڕوسیای قەیسەڕی، بەڵام تێڕوانینی بۆ ئاستی جیهان و نێوان میللەتان ئەوا پارڤووس دەڵێ:

"سەردەمی ناسیۆنالیزم کۆتایی هاتووە، بە پێشکەوتن و بەرەوپێش چوونی میللەتان، ناسیۆنالیزم ناتوانێ شوێنی خۆی بکاتەوە و نیشانەکانی هەرلەئاردابێ. ناسیۆنالیزم سووتاوە و بلێسەی کردووە تەنها خۆڵەمێشەکەی ماوە".[13]

---

[13] -پارڤووس:-" لەتێکۆشێنەوە بۆ ڕاستی". لاپەڕە-٥

پارڤووس یەکەمین کەس بوو کە پێشبینی شکانی سووپای قەیسەری دەکرد لەو شەڕەی لەگەڵ ژاپۆن. پێش بینیەکانی پارڤووس ڕاست دەرچوو، کاتێ شەڕی نێوان ژاپۆن - ڕوسیا دەستی پێکرد ساڵی ١٩٠٤-١٩٠٥ وتی خودی ئەو جەنگە بەزیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕوسیاو دەبێتە سەرەتای شۆڕشێکی گەورە بۆ سەرنگووم کردنی قەیسەری ڕوسیا .
بەڵێ هەر ئاوا دەرچوو. ڕوسیا شەڕەکەی دۆڕاندو زۆر لە کەشتیە دەریاکانی ژێر ئاو کەوتن و لە شەڕی دەریایی بەتایبەتی نەیتوانی بەرامبەر بە ژاپۆن بوەستێ .
وتارەکانی پارڤووس لە ڕۆژنامەی " ئیسکرا" بڵاودەکرایەوە لەژێر ناونیشانی" جەنگ و شۆڕش". بیرۆکەی پارڤووس بۆ ئەو شەڕە" جەنگ نیعمەتێکە بۆ ڕوخاندنی حوکمی مەلیکیەت" پارڤووس پێی وابوو سەربازانی کەشتی جەنگی تشێرنۆمۆڕسکی ڕادەپەڕن.
پارڤووس پێی وانەبوو دەبێ ڕوسیا بە قۆناغی بۆژوازیەت و پەڕلەمێنتاریزم بڕوات ئینجا بۆ شۆڕشیکی پڕۆلێتاریا، ئەگەر ئاوا بێ، کەواتە هەر باشترە لە ئەڵمانیا بمێنمەوە، چونکە لێرە دەمێکە لەو قۆناغە بۆرژوازییەو پەڕلەمێنتاریزمەین و مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە".[14]
پارڤووس دەڵێ:
" لێنین و ترۆتسکی و مارتۆڤ من بە کابرایەکی ئیمپێریالیست و دیدی ناسیۆنالیستی لەقەڵەمم دەدەن ، کەئەوە دوورە لەڕاستیەوەو بوختان و درۆیە. پارڤووس دەڵێ لەناو کۆمۆنیستە ڕادیکاڵە- بەڵشەڤیەکانی ناو سۆشیال- دیموکراتەکانی ڕوسیا کەسانی وەک لێنین و، ترۆتسکی و مارتۆڤ درۆزن و بوختانکەر و شکست خواردوون. بەڵام

[14] -پارڤووس:-" لەتێکۆشینەوە بۆ ڕاستی". لاپەڕە- ٤

لەڕاستیدا خیلافی من لەگەڵ ئەوان تەنها تاکتیکیە بۆ مەسەلەی ڕوسیا. ئەوان پێیان وایە شکست و دۆڕانی ڕوسیا لەشەڕی ژاپۆن ڕوسیا بەهێز دەکا، چونکە لایەنگیری ئەنتانتی(فەڕەنسا و ئینگلتەرە) تووندترو بەهێزتر دەبێ لەگەڵ ڕوسیا، بەڵام پارڤووس بە پێچەوانەوە ئەو مەسەلەیە دەبینێ".[15]

قەیسەری ڕوسیا - نیکۆلای دووهەم جەماوەری خۆی لەدەستداو جەماوەری نەما لەناو خەڵکدا . دەنگی ناڕەزایی و برسیەتی لە ناو ڕوسیا بەرزبۆوە.
هەربۆیە لێنین لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ڕوسیا یەکەم دروشمی ئاشتی و نان و ئازادی بوو، کە لە دواییدا هیچیانی نەدا بەمیللەت و تەنها دروشم بوون، بەڵکو ژیان و گووزەرانی پاش جەنگی یەکەم زۆر بەرەو خراپتر چوو لەسایەی حوکمی بەڵشەڤیکی .
"ئازادی تاک دیاری شارستانیەت نیە، خۆی سەروەربوو پێش ئەوەی هەر شارستانیەتێک هەبووبێ" - زیگمۆند فرۆید
The liberty of the individual is no gift of civilization. It was great before there was any civilization

پارڤووس یەکەم کەس بوو پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا دەرکی بەوەکرد کە : یاریکردن بە عەقڵی گۆمەڵگاو زاڵبوون بەسەریەوە خۆی چاکترین ئامێرە لەخەباتی سیاسی. پلانی پارڤووس لە ڕێگای میدیاوە بوو بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی شەقام بکرێ. هەربۆیە ترۆتسکی و پارڤووس پێکەوە وەک دوو ڕۆژنامە نووس ٢ ڕۆژنامەیان بەچاپ

---

15 -پارڤووس:-" لە تێکۆشینەوە بۆ ڕاستی". لاپەڕە-٥

دەگەیاند لە ساڵی ١٩٠٥ لە پێترۆگراد کە ڕۆژانە بوو. نرخەکەی لە نیو سەنت (فلس) کەمتر بوو. ڕۆژنامەی (سەرەتا) لەگەڵ ڕۆژنامەی( ڕوسیا) دەریان دەدەخست لەگەڵ هەندێ ووتار لە ڕۆژنامەکانی تری لۆکاڵ. ڕۆژنامەکان بابەتی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون. هەربۆیە لەماوەیەکی زۆر کەم توانیان تیراژی بڵاوکردنەوەکەیان لەسەرووی نیو ملیۆن دانەبێ. ئا بەم شێوەیە پارەیەکی ئێجگار زۆریان بەدەست هێنا. هەر بۆ زانیاری گشتی، یەکێ لە بروبیانووەکانی هیتلەر بەرامبەر بە جوو ئەوە بوو کە دەستیان بەسەر میدیای ئەورووپادا گرتووە، هەر لە ڕۆژنامە و چاپەمەنی و کاری توێژینەوەو دەمەتەقێی سیاسیەکان. عەقلی جولەکەیە میدیاکان بەڕێوەی دەبا نەک تەنها لە ئەڵمانیا، بەڵکو لە هەموو ئەورووپا . ئەوانن( جولەکەن) کە ئێمەی ئەورووپی بەشەڕ دەهێنن و ئەوانیشن ئاژاوەکان قۆرخ دەکەن .

## وڕووژاندنی شەقام لەڕێگای کاری میدیاوە

لە ڕاستیدا ترۆتسکی( برێنشێیتن) و پارڤووس(ئیزرائێل) کە هەردووکیان دوو کەسی سیاسی و لێهاتوو و چالاکبوون و هەردوکیان لە نەتەوەی جولەکەی ڕوسیابوون. دوو کەسی سەرەکی بووژاندنەوەی خەڵک بوون و دامەزرێنەری کۆمیتەی شوورای نوێنەران بوون. لە ڕاستی دا تا ئەوکاتە لێنین هەر ناوی نەبوو لەنێو ناوانداو هیچ ڕۆڵێکی نەبوو لە شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ بۆ هاندانی خەڵک .

بەڵام مەخابن لە ئەدەبیاتی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی و سیاسەتی سۆڤیەت بۆ ماوەی١٠٠ساڵ لێنین بە فیگۆرەی یەکەم لەقەڵەمیانداوە، کە گوایە لێنین لەهەموو ئەو خۆپێشاندان و ڕاپەڕینانە دەستی هەبووە !

بەڵام تەنها ساڵی پار لە میدیاکانی ڕوسیای فیدڕال دان بە ڕۆل و کەسایەتی پارڤووس و ترۆتسکی دەنێن لە ڕاپەڕینە خوێناوییەکەی ١٩٠٥. ئێستا یادی ئەو دوو زاتە دەکەنەوە کە ڕۆلی گرینگیان هەبووە لە ڕوخانی ئیمپراتۆرییەتی قەیسەڕی ڕوسیا- نیکۆلای دووهەم لە ٢٥ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧یان ٧ ی نۆڤەمبەری هەمان ساڵ بە کەلێندەری نوێ .

زۆر بە زیرەکانە هەواڵ و مەبەستی خۆیان تێدا ئاماژە پێدەکرد کە مۆڕالی خەڵکیان پێ دەوورژاندو مۆڕالی دەستەودائیرەی حوکومیان پێ دەرووخاند کە بووە هۆی دارمانی ئابووری و بانک و سیستەمی بازرگانی لە وڵات. کاتێ ترۆتسکی و پارڤووس هەردووکیان باسی سیستەمی ئابووری ڕوخاوی ئیمپراتۆرییەی ڕوسیای قەیسەڕیان کرد بووە هۆکاری ئەوەی خەڵک بەتایبەتی سەرمایەدارەکانی ڕوسیا پارەو پوولەکانیان لەبانق و سیستەمی داراییی وڵات دەربخەن و ڕای بکێشنەوە. ئیدی تەواو قەیرانی دارایی درووست بوو، تا گەیشتە ئەو ڕادەیە وەزیری دارایی ڕوسیا ڕایبگەیەنێ کە دەوڵەت بەرەو ئیفلاسی دەچێ. بەگوێرەی هێندێک سەرچاوەی ڕوسی گوایە هەر ئەوکاتە پارڤووس دەستی تێکەڵکردبوو لەگەڵ دەزگای سیخوری ئەڵمان بە پارەی ئەوان ئەو ڕۆژنامانەیان بەچاپ گەیاندووە. بەڵام ترۆتسکی دەرکی بەوە نەکردووە کە هاوەڵەکەی لەژێرەوە لەگەڵ ئەڵمان کار دەکا، چەند ڕاستە. بەڵام ساڵی پار فیلمێک لە ڕوسیا دەرچوو باس لە ڕۆڵی دیپلۆماسەکانی باڵوێزخانەو کۆنسووڵخانەی ئەڵمانیا دەکا لە پێترۆگراد لەگەڵ پارڤووس، وە پارەیان پێداوە بۆ ئەوەی ئاژاوەی سیاسی بنێتەوەو باس لە قەیرانێکی ئابووری و دارایی ڕوسیا بکا کە ڕێگاوەیە .

خاڵی ١-٤ وروورژاندنی شەقام لەڕێگای میدیاوە لەلایەن پارڤووس و ترۆتسکیەوە بووە هۆکار بۆ خاڵی پێنجەم لەخوارەوە :

١ - دەوڵەتێکی پۆلیسی

٢ - دۆڕانی ڕوسیا لەشەڕی ژاپۆن ١٩٠٤-١٩٠٥

٣- چالاکی و داواکارییەکانی سەندیکای کرێکاران .

٤- دەنگی ناڕەزایی لەنێو خوێندکارانی ڕوسیا وەک هێزێکی جەماوەر .

٥ - ڕۆژانە خەڵک دەهاتنە سەر جادەو خۆپێشاندان و کۆبوونەوەیان دەکرد .

٦- میدیاو هەواڵی ڕۆژنامەوانی هۆکاربوون بۆ ڕاپەڕین. کە بە ڕاپەڕینە خوێناوییەکەی ٢٢ی مانگی یەکی ساڵی ١٩٠٥ بەناوبانگەو ٢٠٠ هەزار کەس هاتنە سەر شەقامەکان و بەرەو کۆشکی مەلیک (قەیسەر) چوون، پۆلیسیش دەستی کردەوە بە لێدان و تەقەکردن ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە خۆپێشاندەران کوژران .

هەر ئەم هۆکارەش بوو حوکومەتی ڕوسیای قەیسەڕی دەستیکرد بەگرتنی ترۆتسکی و پارڤووس و هەموو کارمەندانی ئەو چاپخانەیە .

کاتێ پارڤووس دەستبەسەر کرا، ئەو خۆی ئاوا نیشان دا کە کەسێکی بیانیەو هەڵگری پاسپۆرتی چیکیە و ناوی ئەڤگووست پێن'ە. بەڵام دواییی ئاشکرابوو کەسێکە بەڕەسەن دانیشتوی ڕوسیای قەیسەڕییەو دەمێکە بەدوایدا دەگەڕێن. چونکە لەناو لیستی چالاکوانە سیاسیە ناڕەزەییەکانی ڕوسیابووەو ڕایکردووە لە سیبیریا کاتی خۆیدا . ناوی ڕەسەنی پارڤووس کە خۆی بە کاڕل پێن ناساندبوو، بەڵام لە ڕاستی دا ناوی ئیسرائێل لازارەیێڤیتش گێلفەند بوو .

ڕوسیای قەیسەڕی ئەمجارە ٣ ساڵ حوکمی بەسەری دا . لەناو زیندان هەموو خزمەتگووزارییەکی بۆ تەرخانکرابوو تەنانەت بە قات و بۆینباخەوە وێنەی گیراوە لەزیندان لەگەڵ ترۆتسکی و کێڤ دایتش. هەرسێکیان جولەکە بوون و چالاکوانی

سیاسی و تیۆریزانی مارکسی بوون. تەنانەت ڕۆزا لوکسێنبێرگ لە ئەڵمانیاوە هات بۆ لای و سەردانی کرد، کەیەکێکە لە سەرکردەکانی سۆشیال ئینتەرناسیۆنال. ڕۆزا بە ڕەسەن جولەکەی پۆڵەندی- ئەڵمانی بوو. ڕۆزا لوکسێنبێرگ خانمێکی چالاکوانی سیاسی و تیۆریزانی مارکسی و فەیلەسوف و ئەندامی سۆشیال دیمووکراتی ئەڵمانیا بوو .

پارڤووس ئەو ماوە زیندانیەی کە دوورخرابووەوە بۆ سیبیریا نەیتوانی خۆی ڕابگرێ تا ماوەی زیندانیەکەی کۆتایی دێ. هەر بۆیە هەلی بۆ هەڵکەوت و ڕایکرد پاش ساڵێک لە ئەڵمانیا بەدەرکەوتەوە. پارڤووس لە کتێبەکەی باسی ئەوە دەکا هاوڕێی خەباتی کێڤ دایتش ئەندازیاری پلانی ڕاکردنەکەی بووە. توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە گوندێک و هەندێک جل و بەرگی جوتیاری لەبەرکردووەو وەک جوتیارێک سواری شەمەندەفەر بووە تا مۆسکۆ. لە فارگۆنی گشتی و چینی هەژارەکان دانیشتووەو شوێنی خەوتنی تێدانەبووە. هێندە بێزاربووە لەناو ئەو فارگۆنەی کە پڕ بووە لە جوتیارو خەڵکی هەژار بۆنی سەگی تۆپیویان لێهاتووەو پیس و پۆخڵ بوون. بەهەرحاڵ خۆی گەیاندووتە مۆسکۆ و لای هاوڕێ چەپەکان پاسپۆرت و پێناسەیان بۆ دروستکردووە بەناوێکی قاچاغەوە ڕەوانەی ئەڵمانیایان کردۆتەوە .

کتێبێکی نووسی لەسەر ژیانی زیندانی خۆی لە ڕوسیا بەناوی ( زیندانی باستیلی ڕوسیا ) ناوی بردووە. ئەو بەرهەمەی لە ژیانی زیندانی پارڤووس بۆ خوێنەری بێگانەو دەرەوەی ڕوسیا زۆر کاریگەری هەبوو. بۆ ئەوەی خەڵکی دەرەوەی ڕوسیا واتە ئەوڕوپا بەچاوێکی خراپ و دەوڵەتێکی ستەم دیدەو زیندانی سەیری بکەن. بەهۆی ئەو کتێبەوە پارڤووس لەلایەن بەرپرسە حوکومیەکانی ئەڵمانیاوە زیاتر ناسرا.

## تێکچوونی نێوان مەکسیم گۆرکی و پارڤووس

مەسەلەی تێکچوونی مەکسیم گۆرکی و پارڤووس دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٠٢-١٩٠٨).

کاتێ پارڤووس ڕێکەوتنێکی لەگەڵ مەکسیم گۆرکی کرد لە ساڵی ١٩٠٢، کە پارڤووس هەڵبستێ بە سپۆنسەری مەسکیم گۆرکی بۆ پێشکەشکردنی شانۆیەکی بەناوی "ئەدنێ " واتە " لە قوڵایی ". کە بریاربوو ٥٠ جار پێش کەش بکرێ وە ئەو بڕە پارەیەی کە بەدەست دەهێنرێ لە قازانجی ئەو نمایشە واتە ٤/٣ بدرێتە خەزێنەی حیزب کە لەژێر کۆنترۆڵی لێنین بوو. وە ٤/١ ئەو پارەیە بدرێتە گۆرکی خۆی تەنها لەشاری بەرلین زیاد لە ٥٠٠ جار پێشکەش کرا . بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەوکات قازانجی ئەو شانۆیەبە ١٣٠ هەزار مارک خەملێندراوە. بەڵام پارڤووس ئەو پارەیی بۆ خۆی بردووەو هیچی نەداوە بە گۆرکی. هەر بۆیە ناخۆشی لە نێوانیاندا درووست بوو. کێشەکە گەورەبوو گۆرگی لەساڵی ١٩٠٨ ویستی بیدا بە دادگاو لە ڕێگای دادگاوە مافی خۆی وەربگرێتەوە، بەڵام بێبلیا و کاوتسکی و چێتنیک بوونە ناوبژیوان لەنێوانیان ئیدی بڕیاریان دا وەک دادگاییەکی حیزبی کە پارڤووس دەربکەن لە حیزبی سۆشیالیستی ئەڵمانی و ڕووسی. لەهەمان کات دا ڕوزا لوکسێنبێرگ قەناعەتی بە مەکسیم گۆرکی هێنا کە مەسەلەکە هەر لەناو چوارچێوەی حیزبی بیمینێتەوە و پارەکەی بۆ بگەڕێنێتەوەو کێشەکە چارە بکرێ، بەڵام لە دواییدا ئاشکرا بوو پارڤووس ئەو پارەیەی لەگەڵ خانمێک خەرج کردووە بۆ گەشتێکی خێری بۆ ئیتاڵیا . پاشان دەرکەووت ئەو خانمەی لەگەڵ پارڤووس بووە هەر خودی ڕوزا لوکسێنبێرگ بووە و گەشتێکی غەرامیان پێکردووە بەرەو ئیتاڵیا . هەرچەندە پارڤووس بە درەنگتر ئەو پارەیەی مەکسیم گۆرکی گەڕاندەوە بێ کەم و زیاد، بەڵام زۆر لە هەیبەت و

کەسایەتی سیاسی پارڤووسی دراو لەکەداریان کرد کە لەمەو دوا جێگای متمانە نابێ لەناوی حیزب وەک کەسێکی دەست پاک.
هەربۆیە لێنین توانی مەسەلەی ئابروچوونەکەی پارڤوسی لەگەڵ گۆرکی بقۆزێتەوە وەک دەرفەت بۆ شکاندنەوەی پارڤووس لەناو کادیری حیزبی و سیاسیەکان .
ناخۆشی لەگەڵ مەکسیم گۆرکی زۆر کاریکردە سەر دەروونی پارڤووس. هەربۆیە ئەڵمانیای بەجێهێشت و چوو بۆ ڤیەننا بۆ ماوەیەک لە ڕۆژنامەیەک بەناوی "پراڤدە"ی ڤیەننای ووتاری دەنووسی .

## پارڤووس و پەیوەندیکردنی بە تورک و ئەڵمانەوە

بەڵام ئیدی لەوێش تاقەتی نەماو چوو بۆ کۆستەنتینۆپل(ئەستەنبووڵ) لەساڵی ١٩٠٨پاش ئەوەی زانی تورکە لاوەکان ئینقلابێکیان کرد بەسەر سوڵتان عبد الحمید. وەک باس دەکرێ پارڤووس هەمیشە حەزی لە شوێنێک بووە کە ئاژاوەو کێشەو باس و خواستی تێدابێ. حەزی لە شوێنێکی سست نەکردووە جوڵەی تێدانەبێت. کاتێ تورکە لاوەکان هاتنە سەر حوکم بۆ ئەوەی دەوڵەتێک لەسەر بنەمای دەستوور دابنێن. تورکە لاوەکان تووشی زۆر کێشەی ئابووری و قەیرانی برسیەتی بوون. بەڵام پارڤووس توانی یارمەتی توورکە لاوەکان بداو لە ڕێگای نوێنەرانی ئەرمەن و ڕوسەکانەوە لە ئەستەنبوولەوە ڕێکەوتنی لەگەڵیان کرد کە گەنم بنێرن بۆ تورکە لاوەکان و ئەویش پێیان بفرۆشێ. واتە کاری بازرگانی گەنمی کرد لەڕێگای کەناڵی هاولاتی ڕوس و ئەرمەنیەکانی ڕوسیاوە. گەنم لە ڕوسیا بکڕن و پارڤووسیش بەحاڵی خۆی بۆیان بفرۆشێ بەو شێوەیە توانی هەم تورکە لاوەکان لەو قەیرانە ڕزگار بکاو سەربکەون

بەسەر برسیەتی بێ نان و گەنم  هەم توانی پارەیەکی باش قازانج بکا لەو ڕێگایەوە.
هەربەمە نەوەستا بەڵکو هەڵسا بەنووسینی ووتار لە ڕۆژنامەی تورکە لاوەکان ووتاری دەنووسی و مەدحی ئەو حوکومەتە نوێیەی تورکە لاوەکانی دەکردو باسی هاوکاری و یارمەتیدانی تورکە لاوەکانی دەکرد گوایە پێویستە بەهانایانەوە بێن. ئا بەم شێوەیە خۆی نزیک کردەوە لە طلعت پاشای ئەندامی مەجلس و وەزیری ناوەخۆیی. بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە طلعت پاشا یەکێک بووە لەئەندامە سەرەکی و ناودارەکانی بزووتنەوەی ماسۆنی جیهانی.
لەکاتی شەڕی بەڵقان (١٩١٢-١٩١٣) پارڤووس بەهەموو شێوەیەک یارمەتی توورکە لاوەکانی دا . پارڤووس توانی لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی بەرهەم هێنان بەناوی " ئاگ کرووپ"ی ئەڵمانی ڕێک بکەوێ و ببێتە نوێنەریان لە تورکیا بۆ فرۆشتنی کەل و پەل و بەرهەمەکانی ئەو کۆمپانیایە بە تورک. ئەو کۆمپانیایە دەرهێنانی خەڵوزیان لە ئەستۆ گرتبوو لەکانی خەڵوزی تورکیا، بەرهەمی ئاسنی خەڵوزی و تۆپ و چەک و کەلووپەلی سەربازی و بەرهەمی کشتووکاڵ و بەرهەمی ماکینەو تراکتۆرو هەموو جۆرە مەکینەیەکی دەیتوانی بەرهەم بهێنێ لە ئەڵمانیاوە بینێرێ بۆ تورکیا لەڕێگای پارڤووسەوە. ئیدی هەم خۆی خۆشەویست کرد لای تورکەکان هەم لەڕێگەی ئەو چەند ووتارە دڵخۆشکەرانەی پارڤووس'ەوە توانی دڵی ئەڵمان لەخۆی ڕازی بکا .
بەماوەیەکی کورت توانی بە سەدان ملیۆن مارک قازانج بکا . قازانجەکەی بەهۆی شەڕی بەڵقان و تورک و بارزگانی گەنم و جۆ لە ڕوسیاوە بۆ تورکیا بوو لە ڕێگەی کڕیارەکانیەوە .
پارڤووس لەساڵی ١٩١٥ توانی زیرەکایەتی خۆی بە ئەڵمان و تورک نیشان بدا . کاتێ ووتارێکی نووسی لەڕۆژنامەیەکی بەڵقانی. ناوەرۆکی ئەو ووتارەی پارڤووس باس لەوە

دەکا کە" سۆشیالیزم سەرناکەوێ ئەگەر ئەڵمانیا بەسەر ڕوسیا دا زاڵ نەبێ لەو شەڕە جیهانیە. چونکە ئەڵمان خاوەن کوولتورێکی بەرزن. . ." کاتێ ئەو ووتارەی پارڤووس دەنگی دایەوە لە تورکیا، باڵوێزی ئەڵمان لە ئەستەنبوول زوو پەیوەندی بە پارڤووسەوە کرد کە ڕوونکردنەوەی بداتێ چۆن بتوانن بەسەر ڕوسیا دا سەربکەون، ئەویش پڵانەکەی بۆ شێکردەوە. پارڤووس گووتی" سەرکەوتن بەسەر ڕوسیا تەنها لە ڕێگای درووستکردنی شۆڕشەوە دەبێ. پارچە پارچەکردنی ڕوسیا بۆ چەندەها حوکومەت و هەرێم. ئیدی باڵوێز نامەیەکی نارد بۆ حوکومەتی خۆی کە کەسێکی بەناوبانگی سۆشیالیست هەیە قسەکانی زۆر جێگای سەرنجەو ئەو دەتوانێ یارمەتیمان بدا بۆ سەرکەوتن یان تەواوکردنی ئەو شەڕەو بێ ئەوەی زیان بە خاک و وڵات و سەربازو ئابووریمان بگەیەنێ. ئیدی حوکومەتی ئەڵمان وەڵامی داوەو داوایان کرد ئەو کەسە بنێرێ بۆ ئەڵمانیا.

## پارەی ئەڵمان و ڕۆلی پارڤووس بۆ هاوکاری بەڵشەڤیک لە دژی قەیسەری ڕوسیا

یاداشتنامەو پارەوەرگرتنی پارڤووس بۆ بەڵشەڤیکیەکان بۆ ڕوخاندنی قەیسەر لەئەرشیفەکانی ئەڵمان و وێنەی کۆپی ئەو پارانەی وەرگیراون لە خوارەوە دامناوە . باڵوێزی ئەڵمانیا نامەیەکی بۆ پارڤووس ناردووە ڕەوانەی ئەڵمانیای کرد لە ڕێگای ڤیەنناوە بۆ بەرلین. پارڤووس پلانێکی ٢٠ لاپەڕەی پوختی نووسی و دای بە وەزارەتی

دەرەوەی ئەڵمانیا . ئەو پلانە بەناوی (یاداشتنامەی پارڤووس) بەناوبانگە و ئێستا لە ئەرشیڤی ئەڵمانیا دا هەیە .

ئیدی توانی سەرۆک وەزیران و حوکومەتی ئەڵمان قەناعەت پێبکات بەپارەو پوولی ئەڵمان کارەکانی جێبەجێ بکات و ئەو دەتوانێ جەماعەتێک بدۆزێتەوەو ئاژاوەو ڕاپەڕین دروستبکەن، تەنانەت دەتوانێ حیزبێک بدۆزێتەوە لەڕێگای میدیاو جەماوەرەوە بهێنرێنە سەر حوکم، بەڵام پێش وەخت ڕێککەوتنامەیان لەگەڵ واژۆ بکەن بە هاتنیان بۆ سەر حوکم دەستبەرداری ئەو ناوچانە دەبن کە گرتوویانەو ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئەڵمان دەبەستن. کاتێ حوکومەتی ئەڵمان پرسیاریان لە پارڤووس کرد چەند پارەت دەوێ بۆ ئەوکارە بیکەیت کە خەڵک بە ڕاسپاردن بدەیت بۆ شۆڕش و ئینقلاب ؟

گووتی ٥ ملیۆن مارکم پێویستە بیدەن بە من وەک سەرەتا . گووتیان زۆرە. پارڤووس گووتی :

ئەگەر شەڕێک بە ٥ ملیۆن دۆلار تەواو بێ و ئێوە بەسەلامەتی لێی دەربچن بێ ئەوەی یەک سەرباز زیاتر بکوژرێ بێ ئەوەی ئابووری و نەهامەتی ڕۆژانە لە دەیان ملیۆن مارک زیان بەر ئێوە بکەوێ لەجیاتی ئەوەی زەوی و خاکتان بڕوا ٥ ملیۆن مارک چیە بۆ ئەو کارە؟

ئەڵمان دەستبەجێ باوەڕیان کردو چەکێکی ٥ ملیۆن مارکیان بۆ نووسی. ئیدی بەدواوە بوو بە ١٠ ملیۆن مارک و پاشان ملیۆن ڕوبلی کاش و ١٠ ملیۆنی تر تاوەکوو بەڵشەڤیکیەکان هاتنە سەر حوکم. وێنەی ئەو چەکی پارانەی دراوە لە خوارەوە دامناوە لەگەڵ هەندێک بەڵگەی ئەرشیڤی پروسیا و ئەڵمان .

پارڤووس ڕاوێژو ئامۆژگاری ئەڵمانیای کرد کە هەڵبژاردەی ئەو بۆ سەرخستنی ئینقلاب لە ڕوسیاو بەسەر قەیسەڕو " حوکومەتی کاتی" لێنین دەبێ. هەرچەندە سەرەتا ویستی ترۆتسکی بکا بە فیگۆری یەکەم. پارڤووس هەڵسا پەیوەندی بە ترۆتسکیەوە کرد. بەڵام ترۆتسکی کەسێکی زۆر توندڕەو و مەبدەئی بوو و لای نەدەدا لە پەیامەکەی خۆی تا موساوەمەو مامەڵەی لەگەڵ دوژمن و سەرمایەداری بکا و ئەو هەڵوێستەی پێ ڕاست نەبوو. ترۆتسکی کارێکی نەکرد خۆی خۆشەویست بکا لای پارڤووس بۆ ئەوەی ببێتە سەرکردەی ئەو شۆڕشە. بۆیە پارڤووس زوو پەشیمان بووەوە کە ئەو کارەی بە ترۆتسکی بسپێرێ، بێگومان هۆکاری تریش هەبوون. لەوانە، ترۆتسکی جولەکەیەو ترسی ئەوەی هەبوو ڕووس قەبوولی نەکەن ئەگەر لەنەتەوەیەکی تر بێ بۆ ڕابەری شۆڕش. بەهەمان شێوە ترۆتسکی'یش قەناعەتی وابوو کە میللەتی ڕووسی ئەو قبوول ناکەن وەک ڕابەرو پێشەوای ئەو شۆڕشە لەبەر ئەوەی بەنەتەوە جولەکەیەو ئەستەمە قەبوول بکرێ .

هۆکارێکی تریش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی ترۆتسکی زۆر باوەڕی بە شۆڕشی ئینتەرناسیۆنالی هەبووە. واتە زۆر باوەڕی بە ڕاپەڕینی ئەڵمان هەبووەو هەرئەوەش ئەڵمانیەکانی ناڕەحەت دەکرد. خاڵێکی تری ڕاسپاردنی ترۆتسکی بۆ ڕابەرایەتی شۆڕش ئەوە بوو کە ترۆتسکی زۆر ڕکابەرایەتی پارڤووسی دەکرد لە بیرو بۆچوون و حەزی لە ڕەفتاری ئەریستۆکراتی پارڤووسی نەدەکردو گومانی لە پاکی پارڤوس هەبوو ئەگەر بە باوەڕیشەوە کەسێکی چەپ و مارکسی بێ و باوەڕی بەو شۆڕشە هەبێ! هەربۆیە پارڤووس کەسێکی تری لە لێنین باشتری نەدۆزیەوە لەناو پەناهەندە

ڕوسەکانی ئەورووپا . ئیتر لەسەر ئەو بنەمایە پەیوەندی پێوەکردو دانیشتنێکی نهێنی لەگەڵ ساز کرد.

لەو کاتەی پارڤووس سەردانی ماڵی لێنین'ی کرد زینۆڤییێڤ و ڕادێک ( هەردوکیان جولەکە بوون) و لەوێ ئامادەبوون و چاویان بە پارڤووس کەوت. زینۆڤییێڤ و ڕادێک دوو هاوڕێی لێنین بوون لە خەباتداو هەموو ڕۆژێک لای لێنین بوون و هاوکاری لێنینیان دەکرد لە نووسین و بازاڕکردن و کاری ناو ماڵ. ئەو دوانە دەستی ڕاست و چەپی لێنین بوون .

لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی کاری حیزبایەتی و خەبات جێگای متانەی هاوڕێکان نابێ و تۆش ناتوانی متمانەی تەواو بەهاوڕێکانت بکەیت لەکاتی خەبات نەوەک ڕۆژێک نهێنیەکانت وەک کارت لە دژی تۆ بەکاری بهێنن. هەربۆیە لێنین بە ڕادێک و زینۆڤییێڤی ووت :

بڕۆنە دەرەوە کارێکی تایبەتیم بە پارڤووس هەیە. ئیدی دەرگای داخست و زینۆڤییێڤ و ڕادێک زۆر لایان سەیربوو کە لێنین متمانە بەوان ناکا بۆ ئەوەی بزانن باسی چی دەکەن و گوێ بگرن لە پێشنیارەکانی پارڤووس .

## هاوکاری ماددی و مەعنەوەی ئەڵمان بۆ بەڵشەڤیک لەبری شەڕ وەستان

لێنین ڕازی بوو بە پارەوەرگرتن لە ئەڵمان بۆ دژایەتی قەیسەری ڕوسیاو حوکمی وڵاتەکەی. تەنانەت ڕازیبوو لەکاتی هاتنی بۆ سەر حوکم پەیمانی ئاشتی مۆر بکا لەگەڵ ئەڵمان و لەتەک هەندێک مەرج و بەندو بنوودی تر (پاشان بڵاوی دەکەمەوە)

بەرامبەر بە یارمەتی دارایی ئەڵمان. یاداشت نامەکەی لێنین بەناوی( بەیانی ئەپرێل) بەناوبانگە  کە ڕەنگدانەوەی مەرجەکانی ئەڵمانە بۆ کۆتایی هێنانی جەنگ لەگەڵ ئەڵمان .

بەڵام لێنین بە پارڤووسی وت نابێ کەس بزانێ لە من و تۆوە دەرنەچێ ئەو ڕێککەوتنە، چونکە ئابروو چوونێکی سیاسی دەبێ و لەوانەیە ئەگەر ئاشکرا بێ ئەوا نەتوانین بێینە سەر حوکم، لەبەرئەوەی ئەوکاتە خەڵک بە خائینمان لەقەڵەم دەدەن. بەلای پارڤووس'یشەوە گرینگ بوو سەربکەوێ، چونکە ئەگەری هەیە پلانەکەی سەرنەکەوێ ئەوا لەبەرچاوی ئەڵمان دەشکێتەوەو لەوانەیە لێپێچینەوەی لەگەڵ بکەن. هەر بۆیە پارڤووس نهێنیەکانی لێنینی ئاشکرا نەکرد کە ئەو شۆڕشە بەپارەو یارمەتی دارایی ئەڵمان کراوە. بەڵام لەدوای هاتنی بەڵشەفیکیەکان پارڤووس ئاشکرای کرد. .. . .بۆ ئاشکرای کرد؟

چونکە لێنین هیچ پۆستێکی ئیداریی و وەزارەتێکی پێ نەبەخشی لە حوکمی بەڵشەفیک بەهاتنیان بۆ سەر حوکم و پاداشتی پیاوەتی پارڤووسی نەداوە. تەنانەت نەیهێشت بگەڕێتەوە ڕوسیا نەوەک لە شوێنێک باسی بکات و ئابڕووی ببات. چونکە ئەوکاتە گومان لای دەنگە نارەزاییەکان دروست ببوو کە پارڤووس بۆتە بەکرێگیراوی ئەڵمان .

هەربۆیە زۆر کەس خۆی لێ دووردەکەوتەوە. بەڵام لێنین چەند جارێک بە نهێنی دانیشتنی لەگەڵ کردووە لە سویسراو کۆپنهاگن و ئەڵمانیا . جارێک پارڤووس دیداری لێنین دەکا لە مانگی مایۆ ساڵی ١٩١٥ لە سویسڕا .

پارڤووس جارێکی تر متمانەی ئەڵمانیای بەدەستهێنایەوە کە ببێت بە ئەندازیاری ڕوخانی سیستەمی حوکم لە ڕوسیا لەڕێگای حیزبی سۆشیال دیموکراتی لێنین. هەر

بۆیە ئەڵمانیا جارێکی تر ١ ملیۆن مارکی تەرخانکرد لەڕێگای پارڤووسەوە بۆ لێنین کە بەکاری بهێنی بۆ شۆڕش لە دژی قەیسەر.

ساڵی ١٩١٧ بارودۆخی ئەڵمانیا زۆر خراپبوو لە شەڕی جیهانی یەکەم، چونکە هەر لەو ساڵە ئەمەریکاش ڕایگەیاند لە لەدژی ئەڵمانیا دەجەنگێ و دێتە بەرەی ئینگلیزو فەڕەنساو ڕوسیا لە شەڕی ئەڵمان. بۆیە ئەڵمانیا بە هەموو شێوەیەک دەیویست ڕوسیا دەربخا لەو هاوکێشە شەڕە یان هەر نەبێ بەرەی ڕۆژهەڵات بوەستێنرێ .

پارڤووس قەناعەتی بە ئەڵمان هێنا کە دەبێ یارمەتی لێنین و کادیرەکانی بدرێن لەسویسڕاوە بەرەو ڕوسیا بچن بەتێپەڕبوونیان بە خاکی ئەڵمان. بەگوێرەی یاسای شەڕی ئەوکات دانیشتوانی وڵاتی دوژمنت وەک دیل و ئەسیر دەبێ سەیربکرێن و دەستگیر بکرێن، بەڵام بۆ حاڵەتی لێنین و کادیرەکانی ڕێگایان پێدرا بەناو خاکی ئەڵمان دا تێپەڕن بەرەو سویدو فینلەنداو لەوێوە بۆ پێترۆگراد .

لێنین بە جۆرێک خۆی پیشان دەدا کە ئەو ناکڕێ و ( خۆی نافرۆشێ ) و پێویست ناکا ببێ بە بەکرێگیراوی ئەڵمانیا لەو ڕێکەتنەدا، بەڵکو خودی پارڤووس ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەڵمانیا ئەو کارە دەکاو ئەوان بەناڕاستەوخۆیی ئەو پارەیان وەرگرتووەو بەکرێگیراو نین و بۆ خزمەتی ئەڵمانیا ئەو شۆڕشە ناکەن. بەڵام هێشتا لێنین لە سویسڕاوە بەڕێ نەکەوتبوو لەڕێگای ئەڵمانیاوە بەرەو ڕوسیا، هەر زوو لە ئێستگەی شەمەندەفەری سوویسڕاوە لەلایەن ڕوسی تاراوگەو ئێمیگرانتە سیاسیەکان دەنگی نارەزاییان بەرزکردەوە بۆ ئەو پیلانەی بەڵشەڤیکیەکان لەدژی وڵات و نیشتمانەکەیان.

پەناهەندە سیاسیەکانی ڕووس  هاتن بەرەو ڕووی لێنین و کادیرە بەڵشەڤیکیەکان و دەیان قیژاند بە ڕوویاندا کە ئێوە خائینن و بەکرێگیراوی ئەڵمانن، ئێوە سیخوڕی

ئەڵمانن شۆڕش گێڕ نین. هەر لەو کاتەوە زۆرێک لە چالاکوانە سیاسیەکان خۆیان بێ بەریکرد لەو شۆڕشەی لێنین کە بەفیتی ئەڵمان سەرپەرشتی کراوە .

دوا کۆبوونەوەی پارڤووس لەگەڵ لێنین لە ئێستگەی شەمەندەفەر بوو لە بەرلین بۆ واژۆ کردنی ڕێکەوتنەکەی لەگەڵی و ئەو پەیمانەی پێیداوە کە پۆستێکی بداتێ لەدوا ڕۆژ هەرچەندە لێنین دڵنیای کردەوە کەلە بیری ناکا، بەڵام بەجێی نەکرد .

سەیر لەوەیە لە هیچ کام لەو ئێستگانەی کە ئەو شەمەندەفەرە تێیدا تێپەڕی بە خاکی ئەڵمانیا لە هیچ شوێنێک ئەو فارگۆنانەی لێنین و هاوڕێکانی تێدابوو نەپشکێنران. تەنانەت کەس هاتووچۆی ئەو فارگۆنانەی نەکرد بزانێ کێ لەناوی دانیشتووە، یان ئەو کەسانەی لەناوی دانیشتوون چ پاسپۆرتێکیان پێیە.

بەگوێرەی زانیاریە سیخوریی و ئەرشیڤیەکان باس دەکرێ ئەڵمانیا لەڕێگای باڵوێزخانەکەی لە سویسڕاوە داوای لە حوکومەتی سویسرا کردووە کە ئەو فارگۆنانە تایبەتن بە کاروباری ئەڵمانیاو دیپلۆماتکارەکانیەتی. تەنانەت یەکێکێ لە دیپلۆماتکارەکانی خۆی لە باڵوێزخانەی ئەڵمانیاوە لە وڵاتی سویسڕاوە لەو گەشتە لەناو فارگۆنەکەی لێنین بووە بۆ سەرپەرشتی ڕێگاکە .

تەنها ٣٣ کادیری حیزبی بوون لەگەڵ لێنین لەو فارگۆنانە بۆ مەبەستی شۆڕش بەرەو ڕوسیا بەڕێکەوتبوون. هێشتا ڕوون نیە بۆ ئەو شەمەندەفەرە کاتێ گەیشتە بەرلین بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر وەستاوە؟

گومان دەکرێ بۆ ئەوەی دەرەنگانی شەو دابێ تا نوێنەری قەیسەری ئەڵمان بێتە ئێستگەی شەمەندەفەرو دیداری لێنین بکاو پەیمانی لێ وەربگرێ ئەگەر لەحاڵەتی سەرکەوتنیان لەو شۆڕشەدا ئەوان( لێنین و جەماعەتەکەی) شەڕ لەگەڵ ئەڵمان دەوەستێنن لە هاوپەیمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی دێنە دەرەوە. ئەڵمانیا لەلایەنی

خۆیەوە بەربەرەکانی ئەوان ناکا، بەڵکو یارمەتیان دەدا، ئەگەربێتو پەیمانی ئاشتی مۆر بکەن لەکاتی سەرکەوتنیان .

بەگوێرەی نووسین و یاداشتەکانی لێنین هەر لەکاتی گەشتەکەی ئەو بەیاننامەیەی ئەپریلی نووسیوە کە لە ١٠ خاڵ پێکدێت .

هێندێک لەوێنە ئەرشیڤی ئەڵمان و سوێد دەربارەی گەیشتەکەی لێنین و ٣٣ کادیرەکەی بەرەو کودەتاکە بڵاوکراونەتەوە لە میدیاکان وا لە خوارەوە دامناوە .

هەر ئەو ڕۆژەی لە ئەڵمانیاوە گەیشتنە سوید کە هێشتا لێنین نەگەیشتبووە ڕوسیا پڕۆپاگەندەی میدیایی دەستی پێکرد بۆ سەرکەوتنی لێنین لەو شۆڕشە. ڕۆژنامەیەکی سوێدی بەناوی " پۆلیتیک" ئیدی نازناوی ڕێبەرو پێشەوای شۆڕشی ڕوسیایان پێوە لکاند لەگەڵ ئاشناکردنی خوێنەران بە وێنەی لێنین و باسێک لەسەر کارو خەباتی سیاسیی ئەو.

پارڤووس دەڵێ: من لە ستۆکۆڵم بووم کاتێ لێنین شەمەندەفەرەکەی لەوێ وەستا. لێنین ڕەتی کردەوە دیمانەی تایبەتیم لەگەڵ بکا. بەڵام هەوڵم دا لەڕێگای هاوڕێیەکی نێوانمانەوە( مەبەستی لە ڕادێکە کە بەنەتەوە جولەکە بووەو هاوڕێی هەمیشەیی لێنین بوو لە ژیانی پەناهەندە وەک خزمەتکار و بەردەستی دەکردو کارەکانی بۆ هەڵدەسوڕاند) ولەو ڕێیەوە پەیامی خۆم بە لێنین بگەێنم کە بۆ ئێستا زۆر پێویستە ئاشتی بەرقەراربکرێ لەگەڵ ئەڵمان و کەش و هەوایەکی ئاشتیانە دروست بکەن بۆ ڕێککەوتن. ویستم بزانم چ زانیارییەکی لە لایەو نیازی چیە ئەگەر بەو ئاراستەیە بڕوا. وەڵامی لێنین ئەوە بوو: خەریکی کاری دیپلۆماسی نیە، بەڵکو خەریکی کاری پڕۆپاگەندەیی شۆڕشی- سۆشیالیستی دەبێ. لەسەر ئەو بنەمایە وەڵامم دایەوە:

"پێی ڕابگەیەنن بە لێنین ، تکایە، دەبا خەریکی پڕۆپاگەندە بێ، ئەگەر لای ئەو سیاسەتی دەوڵەت بوونی نیە ، ئەوا لەمەولا ئەو دەبێتە ئامرازێک لە ناو دەستی من ".[16]

زۆرێک لە ڕوس ناوی لێنین'یان هەر نەبیستبوو یان لەبیریان کردووە کێ بووە؟ چونکە زیاد لە ١٠ ساڵ لەدەرەوەی وڵات ژیابوو هیچ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیی نەمابوو بە وڵاتەوە. مەگەر تەنها بەنهێنی لەنێو کادیرە حیزبیەکانی خۆی ناسراوبێ و ناویان بیستووبێ .

پێش ئەوەی لێنین بگاتە فینلەندا پارڤووس بە جەماعەتی خۆی وتبوو پێشوازی لە لێنین بکەن لە ئێستگەی شەمەندەفەر بە چەپکە گوڵ و هات و هاوارەوە بۆ تەشویق سۆزداری و خۆشەویست کردنی لێنین و ناسینی و هاندانی سەربازەکانی ڕوسیا کە لە خزمەتی دەریایی ئەرکیان پێسپێردرابوو کە زۆربەیان لەچینی هەژارو کوڕە جوتیار بوون و هاتن بە دەنگ لێنین'ەوە. ئەوکات فینلەندە بەشێک بوو لە خاکی ئیمپەراتۆریەتی ڕوسیا.
کاتێ لە فینلەندەوە بەرێکەوت بەرەو پێترۆگرادو گەیشتە پێترۆگرادی پایتەخت هەر لەو ئێستگەیەوە بەیانی ئەپریلی خوێندەوە گوایە دەبێت شەڕ کۆتایی پێبێت. ئەو ١٠ خاڵەی خوێندەوە کە هەمووی لەبەرژەوەندی بێگانەو مەرامی پارڤووس بوو و بەزیانی ڕوسیا تەواو دەبوو. بەیاننامەکەی ئەپریل کە بە کورتی و کرمانجیەکەی بریتی بوو لەمانەی خوارەوە :

---

[16] ـ پارڤووس:ـ" لە تێکۆشینەوە بۆ ڕاستی". لاپەڕە- ٢٧-٢٨

بەرەو شۆڕشێکی پرۆلێتاریا دەسەڵات بکەوێتە دەستی جوتیارو کرێکارو دەبێت شووراکانی ئەوان سەروەربێت، نەک پەرلەمانتاری کۆماری، بەڵکو کۆماری گەل بێ و میللەت خۆی هەڵبیبژێرێ و بانک هەمووی خۆماڵی بکرێ و بکرێتە یەک بانکی سەرەکی و مەرکەزی و هەموو بەرهەمی خواردن و کشتووکاڵ لەدەستی شووڕای گەل بێ و گەل خاوەنی بریارو دابەشکردنی بەرووبووم بێ و چاکسازی لە زەوی بکرێ و دەرەبەگ نەمینێ و کارگەکان خاوەندارییەتی نەمینێ لەلایەن دەوڵەمەندەکانەوە بدرێ بە گەل واتە بە حوکومەتی پرۆلێتاریا . ئیدی ئەو قسە بێ ماناو نا واقیعانە. .. . هتد .

بەڵشەڤیەکان هەڵسان بە کڕینی چاکترین ئامێری چاپکردن و چاپەمەنی ئەو سەردەمە لە کۆپێنهانگن و سوێدەوە ئەو ئامێرانەیان کڕی و هێنایانە ڕوسیاو بە تیراژی زۆر دەستیانکرد بە چاپکردنی ڕۆژنامەی " پراڤدە " واتە ڕاستی.
سیخوڕەکانی قەیسەری ڕوسیا توانیان تێلێگرامێکی پارڤووس بگرن کە لە سوێدەوە ناردبووی بۆ پێترۆگراد کاتێ داوا دەکا درووشمەکانیان بکەن بە " هەموو دەسەڵات بۆ شوورا بێ" " بۆ ئاسایش و نان و ئازادی" بێ. زۆربەی ئەو دروشمانەی لە مانگی تەمووز هەڵکرابوون بە فیت و وەعزی پارڤووس بوو.
ئەلێکسی مێزنیچێێڤ بەرپرسی بەشی تێلێگرام و پشکنینی کۆنترا سیخوری بوو لە سەردەمی قەیسەر، پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەستگیرکراو لەساڵی ١٩٣٩ باسی ئەوە دەکا کاتێ کە لە دەسەڵاتبوون ئەو( واتە ئەلێکسیێ یە) زۆر لەو تێلیگرامانەی بەڵشەڤیەکانی بەدەست کەوتووەو دەستگیری کردوون و چاودێری کردوون و شوێن پێیانی هەڵگرتووەو سەرپەرشتی چالاکیەکانی بەڵشەڤیەکانی کردووە

بە گوێرەی ئەرشیڤی قەیسەرییەکان کە ئێستا بڵاوبۆتەوە باس لەوە دەکرێ بەڵشەڤیەکان (کادیرە حزیبیەکانی لێنین) پارەیەکی بێشوماریان بەسەر کرێکارو بێ کارو عەطاڵ و بەطاڵی سەر جادەکاندا دابەشکردووە بۆ ئەوەی ئاژاوە بنێنەوە و نەچن بۆ کارو هەر کەسێ لە خۆپێشاندان بەشداری بکاو هاوار بکا لە ١٠ تاوەکوو ٧٠ ڕوبلی پێدەدرێ. هەر کەسەش لەو کاتانەدا تەقەو بەرگری بکا ئەوا لە ١٢٠ تاوەکوو ١٤٠ ڕۆبلی پێ دەدرێ. بەگوێرەی ئەرشیڤی قەیسەری کە ئێستا ئاشکرابووە سیخورەکانی قەیسەر زانیویانە ئەڵمانیا لە پشت ئەو کارەوەبوون و بەکرێگیراوەکانی ئەڵمانیا بەو کارە هەڵساون و خەڵکیان هانداوە بۆ ئاژاوەو ڕوخاندنی سیسەتمی حووکم. وێنەی ئەو تێلێگرامە لەبەشی سەرچاوەکانە .

قەیسەرییەکان توانیان ئەو تێلێگرامە بگرن کە باس لەناردنی ئەو پارەیە دەکەن کە لەڕێگای بانقێکی بازرگانیە نێردراوە بۆ سیبیریا بۆ بانقێکی تری ڕووسی- ئاسیاوی نێردراوە بۆ پێترۆگراد. بەهای ئەو پارەیەو بۆ کێ نێردراوە هەمووی نووسراوە .
وێنەی کۆپی ئەو بەڵگە تێلێگڕام و پارەو شوێنی وەرگرتنی ئەو پارانە لەخوارەوە دامناوە .

ئەو کەسانەی ئەو پارەیان وەرگرتووە لە ڕوسیا هەموویان خزم و کەس و کاری ئەو کادیرە حیزبیانەبوون کە لە سوێدو دانیمارک و سویسرا دەژیان، هەر هەموویان لەژێر سەرپەرشتی پارڤووس و پیاوی پارڤووس بوون. ئەو کەسانە هەر هەمووی کەسانی ساقطی ئەخلاق و دزو جەردەو قاچاخچی بوون و کاری نایاساییان دەکرد لە ئەوڕووپا . بەڵام پارڤووس لەڕێگای ئەو کەسە نەبەردانەوە توانی کاری بازرگانی و قاچاغی چەک بکاو پارەو کەل و پەل بنێرێ بۆ روسیا . پاشان ئەو چەقۆ کێشانە هەر هەموویان بوون بە بەرپرسی حوکومی و بەرپرسیاریەتی هەستیاریان وەرگرت لەدەزگای نوێی

ڕوسیای شۆسیالیست. هەندێکیان بوون بە دیپلۆمات و بەرپرسی بازرگانی دەرەوە و باڵوێزو وەزیری کشتووکاڵ و بازرگانی و سیخوری لە ئێنکەڤێ دێ و چیکیستی ( مخابەراتی سۆڤیەتی ئەوکات).

لە ئەرشیڤی نەمسادا هاتووە لێنین شەڕ دەوەستێنی و داوای ئاشتی دەکا پاش بەدەست هێنانی ١٠ ملیۆن مارک وەک یارمەتی لە ئەڵمانیاوە. لە خوارەوە وێنەی ئەو دۆکومێنتەم داناوە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ناواخنی نووسراوەکە .

پاش بەرپابوونی شۆڕشی ٢٥ ئۆکتۆبەر یان ٧ نۆڤەرمبەر بە کەلێندەری نوێ، پارڤووس حوکومەتی ئەڵمانیای ئاگادار کردەوە بەڵشەڤیەکان جەماوەریان نیەو لاوازن و ناتوانن تا سەر لە دەسەڵاتدا بمێننەوە، هەر بۆیە داوا دەکەم ١٠ ملیۆن مارکی تر تەرخان بکەن. ئەڵمانیا جارێکی تر ئەو داواکارییەی جێبەجێ کردو ١٠ ملیۆن مارکی نارد بۆ ڕوسیا بۆ پشتیوانی و یارمەتی حوکومەتی بەڵشەڤیک. بەو بۆنەیەوە لێنین دان بە کۆتایی شەڕی جیهانی هێنا کە ڕوسیا لەمەودوا بەشداری ئەو شەڕە ناکاو هەموو ئەو ناوچانەی کە بەزەبری هێز گرتوویەتی ڕادەستی ئەڵمانیای دەکاتەوە و هەموو ئەو ڕێککەوتنامانەی ڕوسیای قەیسەری هەڵدەوەشێنێتەوە لەسەری ڕێککەوتبوون لەگەڵ هێزی ئەتلانتا( ئینگلتەرەو فەرەنسا )، ئەو ڕێکەوتنە بووە پەڵەیەکی ڕەش لە مێژووی ڕوسیا لە خیانەتی نیشتمانی و خاک و زەوی ژێردەستی خۆی ڕادەستی ئەڵمانیای دەکاتەوە .

پارڤووس چاوەڕوانی لە لێنین دەکرد پۆستێکی باشی پێبدا دەرحەق بەو کارو خزمەتانەی بە لێنین و شۆڕشەکەی گەیاندووە. هەرنەبێ بکرێ بە سەرپەرشتیاری بانقەکانی ڕوسیا یان بە سەرۆکی حوکومەتەکەی. بەڵام ئەوە ڕووی نەداو لێنین هیچ

پۆستێکی پێ نەبەخشی و تەنانەت ناوی نەدەهێناو بایەخی پێ نەدا و وێڵی کرد، سەرەڕای ئەوەی پارڤووس ئەندازیاری ئەو شۆڕشە بوو .

لێنین لەڕێگای ڕادێکەوە (ئەندامی سەرکردایەتی و نەتەوەی جولەکە کە دەستی ڕاستی لێنین بوو لە خەباتدا) پەیامێکی بۆ پارڤووس نارد و گوتی :
" شۆڕش نابێ بەدەستی پیسەوە بکرێ ".
کاتێ پارڤووس ئەوەی بیست لە زاری ڕادێکەوە ئیدی زۆر تووڕەبوو گووتی بە لێنین بڵێ :
"پارە وەرگرتن و پاڕانەوەت لەمن بۆ ناساندنی تۆ بە ئەڵمان و هاوکاریی و ئاسانکاری حوکومەتی ئەڵمانیا بۆ هێنانی تۆ بۆ سەر حوکم دەستی پیس نیە "؟ .
هەر بۆ ئەو قسەیەی لێنین کە شۆڕش بە دەستی پیس ناکرێ، ڕێک وتەیەکی تری هەیەو پێچەوانەی ئەوەی سەرەوەیە کە وتوویەتی بەهاتنیان بۆ سەر حوکم کاتێ کەوتنە بەر ڕەخنەی نووسەران و هوونەرمەندان و چالاکوانان چۆن کوشت و کوشتار و شەڕی ناوەخۆییان هەڵگیرساندووە. دەڵێ : شۆڕش بە دەستکێشی سپی ناکرێ! واتە شۆڕش  بێ خوێن نابێ و دەست کێشە سپیەکەت بە ڕەنگی سووری خوێن ڕەنگ دەبێ. پارڤووس بڕیاری دا تۆڵە لە لێنین بسەنێتەوە. چونکە چاوەڕوانی دەکرد پاداشتی بداتەوە، بەڵام بێ ئەرزشی کرد. ئیدی هەڵسا بە پیلان گێڕان لەدژی لێنین .

## ڕوونکردنەوەیەکی سەرپێیی لەخراپی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆ کورد

ئەگەر بهاتایە ئەو شۆڕشە سەری نەگرتبوایە یان هەر ڕووی نەدابوایە و ڕوسیای قەیسەری بەردەوام بوایە لەسەر حوکم، بێگومان ئەڵمانیا دۆڕابوو لەو شەڕە

هەرچەندە لەدوا ساتەکان هەر بە دۆڕاوی هاتە دەر لەو شەڕە، بەلاَم بە گوێرەی ڕێککەوتنی نهێنی ڕوسیاو هاوپەیمانەکانی بەناوی ( ئەتلانتا ) دەبوایە ڕوسیا دەست بەسەر کوستەنتینۆپل( ئەستەنبوول ) بگرێ و بکەوێتە ژێر ڕکێفی ڕوسیا . ئەوکاتە نە طڵعت و نە ئەتا تورکی پاشا دەبوون بە حاکم لە تورکیا . گومانم نیە هاتنی ڕوس و دەسەلاَتی ڕووس باشتر بوو لە دەسەلاَتی طۆڕانیەکانی تورک .

بەلاَم بەو مەرجەی سەرکردەی کورد بەهانای سوڵتانی عوسمانیەوە نەهات بوونایە، چونکە یەکێ لەو بڕوبیانووەی ئەتا تورک ئەوەبوو کە کوردەکان لایەنگیرو پاڵپشتی سوڵتانن و لە بەرەی کۆنەپەرستین و ئیسلامین دژی نوێکاری و چاکسازین. هەرچەندە بۆمان دەرکەوت چاکسازیەکان چۆن بوون. دەبێ دان بەو ڕاستیە دا بنێین کە شێخ سەعیدو هاوکارەکانی لەبەرەی کۆنەپەرستی لەقەڵەم دەدران. سەرکردایەتی کوردی باکوور ئەو کاتە لە دیدی ئیسلامیەوە لە دژی ئەتا تورک ڕاپەڕینیان کردووە، پێش ئەوەی بزووتنەوەکەیان بخرێتە قاڵبی مافی نەتەوەیی لە ڕێگای بەدرخانیەکانەوە. باسێکی دووروو درێژم کردووە لەو یاخی بوونەی شێخ سەعید لە ڕیفۆرمەکەی ئەتا تورک و لایەنگیری سوڵتانی لادراوی کردووە، بەڵگەی مێژوویی و ئامادەبوانی بێگانە هەن لەو ڕووداوەو دادگاییەی شێخ سەعید کە زۆر بەڕاشکاوانە شرع اللە ویستووەو لە گەڵ ئەحکامی ئیسلامی و دژی لادانی سوڵتان بووە. لە پەیجی پەڕتووک- کتێب لە فەیسبووک دامناوە وەک پی دی ئێف لەبابەتی ڕەگەزو نەژادی تورکەکان .[17]

---

[17] -https://www.facebook.com/groups/108097512664305/permalink/2628100600663971 /

## کۆتایی ڕۆلی پارڤووس لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر

لە۳۱ مانگی ۸ ساڵی ۱۹۱۸ هەوڵێکی سەرنەکەوتووانە درا بۆ کووشتنی لێنین کە بۆ جاری دووهەم لەهەمان ساڵ دا هەوڵی تیرۆرکردنی لێنین درا، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە.

زۆر گوومان دەکرێ کە دەستی پارڤووسی لە پشتی هەوڵی تیرۆرکردنی لێنینەوە هەبێ؟

بریندار بوونی لێنین بەو کارە تیرۆریستیە زۆر کاریگەری لەسەر تەندرووستی کردوە تاوەکوو مرد هەر ئازاری پێوە چەشتووە. هەرچەندە توانرا لێنین بریندار بکرێ. لێنین توانی بۆ ماوەی 6 ساڵ بەرەنگاری مردن ببێتەوە، بەڵام بە دەردە سەری و ئەشکەنجەی برینەکانیەوە سەری نایەوەو مرد لە ۲۱ی ژەنیوەری ساڵی ۱۹۲٤ .

گومان دەکرێ ئەرشیڤەکەی پارڤووس تاوەکو ئێستا هەر شاراوەبێ بۆ ڕای گشتی. وەک باس دەکرێ ئەرشیڤێکی گەورەو دەوڵەمەندی هەبووە. هەرچەندە پارڤووس بێجگە لە ژیاننامەکەی بەناوی " لە تێکۆشینەوە بۆ ڕاستی" دیسان ۲ پەڕتووکی تری هەیە بەناوی: " دەوڵەت، پیشەسازی و سۆشیالیزم"، "خەباتی چینایەتی پرۆلێتاریا". چاپی بەرلین بە ئەڵمانی ساڵی ۱۹۱۱، وە بۆ ڕووسیش وەرگێڕدراون.

کاتێ زانی لێنین هیچ پۆستێکی پێ نابەخشێ لەپای پیاوەتیەکانی کە بیکا بە سەرۆک وەزیران یان بە وەزیری دارایی، لێنین نەک هیچ پۆستێک، تەنانەت بانگی

نەکرد بگەڕێتەوە ڕوسیا بەفەرمی و قەدری بگرێ، بەڵکو ناوی نەهێنا . تەنانەت لەهیچ بۆنەو یادەوەریی ئەو شۆڕشە بەشداری پێ نەکرد و میوانداری نەکرد بۆ ڕوسیا. پارڤووس تەنانەت پاش تەواو بوونی شەڕی جیهانی یەکەم نەیتوانی هیچ پۆستێک لە ڕوسیا وەربگرێ.

پاش ڕاگەیاندنی قەیسەڕی ئەڵمان بە دۆڕانی لە شەڕی هاوپەیمانەکان و ڕاکردنی بۆ هۆڵەندە بۆ ئەوەی تووشی دادگایی و لێپرسینەوە نەبێ، جارێکی تر ئەڵمانیا حوکومەتێکی نوێی ئیتیلافی پێکهێنرا کە سۆشیالیستەکان تێیدا بەشداربوون. تەنانەت ڕادیکال و ڕۆزا لوکسێنبێرگیش بەشداریان تێدا کرد .هێشتا لەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم بوو، کاتێ پارڤووس ڕایگەیاند کە خۆی بە شۆشیال دیموکراتێکی ئەڵمانی لەقەڵەم دەدا وەک لەوەی ڕووسی .[18]

هەرچەندە پارڤووس دۆست و هاوەڵی زۆربەی کابینەی نوێ حوکومەتی سۆشیالیستی ئەڵمان بوو کەچی دیسان هیچ ئۆفەرێکیان پێشکەش نەکرد لەو کابینەیەو هیچ پۆستێکیان پێ نەبەخشی .

ئەوانە هەر هەموویان پێشتر دۆستی نزیکی پارڤووس بوون، کەچی هەرهەموویان پشتیان لە پارڤووس کردو کەس ڕووی پێ نەدا، لەگەڵ ئەوەش زۆر دەوڵەمەند و پارەدار بوو. هەربۆیە هەمیشە پارڤووس گلەیی لە ژیانی خۆی کردووە کە بێ نیشتمان و تەنانەت لەو ئەوڕووپاش جێگای نابێتەوە وەک هاوڵاتیەک. لەساڵی ١٨٩١ پارڤووس نامەیەک دەنووسێ بۆ ڤیلگێلم لینبکنێخت و ناڕەزایی دەردەبڕێ لەمامەڵەکردنی پۆلیسی ئەڵمان لەگەڵی کە وەک کەسێکی بێگانە سەیری دەکا، نەک وەک هاوڵاتیەکی

---

[18]:- پارڤووس" لەتێکۆشینەوە بۆ ڕاستی" لاپەڕە- ١

ئەڵمان. هەربۆیە گووتەیەکی جوانی هەیە و دەسووڕایە و پریساری لەناسیاوەکانی دەکرد، بێگومان بەتەنزەوە ئەو پرسیارەی دەکرد و دەیپرسی :

**"لە نیشتمانێک دەگەڕێم، لەکوێ بیدۆزمەوە بە برە پارەیەک"**[19]

مەبەستی لەوە بوو پاش ئەو هەموو خەبات و دەربەدەرییە کەس قەدری ناگرێ و نە نیشتمانی هەیەو بێ خاک و زێدی خۆی ماوە لە دەربەدەری دەژی.

بەڵام بە گوێرەی دوا گووتەی پارڤووس بێ لە ژیاننامەکەی گەیشتبووە قەناعەتێک کە پێویستە : "دانیشتنی ئەنجوومەنی دەستووری پێویستە و کرێکاران بەشداری تێدابکەن لەو پەڕلەمانە ئەگەر بە کەمینەش بن، بەڵام ئەگەر بتوانن لەڕێگای کاری ڕێکخراوەیی و هێزو توانای خۆیان بخەنەگیر بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگی جەماوەر باشترە بۆ ئەوەی ببن بە زۆرینە، چونکە شۆڕشی دیکتاتۆری سنووری خۆی هەیە، بۆ حوکومەتێکی کرێکاری بۆ هەمیشە ناتوانێ ڕێگای قامچی بگرێتە بەر.هەربۆیە باشترە سازش بکەن و چاوەڕوانی هێزی جەماوەری جووتیاران تێکەڵ بەخەبات بن".[20]

بۆیە بریاری دا کۆشکێک لە دوورگەی شڤانێنبێردەر بکڕێ لەنزیک بەرلین لە ئەڵمانیا . پارڤووس تاکۆتایی ژیانی تێیدا ماوە. هەر عارەقی دەخواردەوەو خواردنی زۆری دەخوارد. وەک باس دەکرێ هێندە قەڵەو ببوو نەیدەتوانی هەڵبستێ. هەر لەهەمان ئەو ساڵە کە لێنینی تێدا کوچی کرد، پاش چەند مانگێک پارڤوس'یش مرد. بەڵام پارڤووس مەرگی لێنینی بیست پێش مردنی  خۆی و زۆر دڵخۆش بوو. هەربۆیە زوو زوو دەیگووت :

---

[19] - پارڤووس :-" لەتێکۆشینەوە بۆ ڕاستی"  لاپەڕە ٣

[20] - پارڤووس:-" لە تێکۆشێنەوە بۆ ڕاستی". لاپەڕە- ٣٦

لێنین تۆپی. لێنین تۆپی و خودا حەقی منی لێکردەوە

## هۆکاری پشتگوێ خستنی ڕۆڵی پارڤووس لەو شۆڕشە؟

هۆکار زۆرن و تا ئێستا دووبارەو سێ بارە دەبێتەوە لە جیهان و ئەخلاقێکە زیاتر لە ناو کەسانی سیاسی هەن و دەبینرێ لە بێ وەفاییان، لە سووککردنی یەکترو داڕزانی یەکتر و ئینقلاب بەسەر یەکتر و هتد. ئەو ئەخلاقە لەناو سیاسیەکانی جیهان و کوردەکانی خۆشماندا هەیەو لەوان باشتر نین.

بەڵام بۆ؟

ناحەزی، ئیرەیی، چاوهەڵنەهاتن بە لێهاتووی پارڤووس، ترسی کورسی لەق کردن. دەوڵەمەندی و زیرەکی و لێهاتووی ئەو کابرایە بووە هۆی ئەوەی هەموو ئەندام و کادیرە ئینتەرناسیۆنال و بەڵشەڤیک و مەنشەڤیک و ئێسێر و لیبێرالەکان حەسوودیان پێی ببەن .

ڕاستە پارڤووس هەڵسووکەوتی ئەریستۆکراتی بوو، ڕاستە حەزی لە ئافرەت و ڕابواردن و ڕێستۆڕانتی گرانبەهاو حەزی لە ژیانێکی ڕەفاهیەت و خۆش گووزەرانی دەکرد. هەرچەندە بیری چەپ لە عەقیدەی هەبوو. هەموو ژیانی گەنجایەتی و کەش و هەوای ئەوڕووپای ئەو کات وەک مۆدێلێکی گەنجەکان بوو ببیت بە شۆڕشگێر. بەڵام نابێ ئەوڕاستیەش لە بیربکەین کاتێ کە دەستی کرد بە بیزنیس و سەرکەوتووبوو لە ڕێکەوتنی بازرگانی چەک لەگەڵ برادەرێکی هاونەتەوەی خۆی جولەکە کە خاوەن کارگەی درووستکردنی چەک بوو لە دانیمارک (یان بەلجیکا ئەگەر هەڵەم نەکردوبێ) بەناوی زاخارۆڤ ئیدی ئەو چەکانەی بە تورکە لاوەکان دەفرۆشت لەگەڵ ئەوەش بوو بە نوێنەر یان ملحقی تجاری کۆمپانیایەکی گەورەی ئەڵمان لە تورکیا ئیدی پارەی بۆ

ڕژا.

من پێم وابێ لێرەوە وەچەرخانێک لە فکر و بژێوی ژیانی ڕوویدا، لەگەڵ ئەوەی پاڵپشتی گرووپە چەپەکانی دەکرد، بەڵام پێم وانیە تا سەر ئێسقان حەزی کردووبێ چینی کرێکار بێتە سەر حوکم و تاجی دەوڵەمەندیەکەی لێ زەوت بکا.

هەربۆیە پارڤووس دەڵێ :

**" هەرکاتێک، من ئەگەر وڵاتی ڕوسیام فرۆشت، ئەوا دڵنیابە هەر لەو ساتە خیانەتیشم کردووە بەو چینەی کەمنی پێ لەقەلەم دەدرێ وەک بورژووازی" .**[21]

بەڵام زیرەکی پارڤووس ئەوەبوو سوودی لە شۆڕش و ئینقلاب و ئاژاوەگێڕێ دەکرد وەک ئامێرێک بۆ بەدەستهێنانی پارەو سامان بەکاری دەهێنا . واتە خورمژی دەویست واتە هەم خورماو هەم مێوژی دەویست. واتە لەگەڵ ئەوەی حەزی لەپارەو پارە دار بوو، بەڵام دیسان حەزی دەکرد لەو سیستەمە پرۆلێتاریایەی لێنین دەستکەوتێکی هەبێ. لەبەرئەوەی بانگەوازی لێنین لە دژی دەوڵەمەندو سیستەمی سەرمایەداری بوو، هەربۆیە مەعقول نیە پارڤووس بکاتە نوێنەری چینی کرێکار. ئەمەش هۆیەکی ترە لەوهۆیانەیەی لێنین کە پارڤووسی پشت گوێی خست .

ئیدی لێنین تێگەیشت کە پاڕڤووس کەسێکی ڕوح ئەریستۆکراتی و خاوەن پول و سەرمایەیەو ناتوانێ خزمەت بە چینی هەژار بکا، بەڵکو بەکاریان دەهێنێ.

هەرچەندە خۆیشی( لێنین) کەمی نەکرد لەبەکارهێنانی چینی کرێکار تاوەکو گەیشت بە دەسەڵات، بەڵکو زۆری لە چینی کرێکاری کوشت زۆر زیاتر لەچەوسانەوەی قەیسەر و بورژوواکان بەرامبەر بە کرێکاران .

---

[21] پارڤووس :-" لەتێکۆشینەوە بۆ ڕاستی" لاپەڕە ٣ .

بەڵام بۆ وەفاداری وەک دۆست و لە پایەی پیاوەتی پارڤووس دەبوایە لێنین ناوی بخاتە مێژووی خەباتەوە بە کەسێکی سەرکێشی قەیسەری بزانێ .

تەنانەت کایزەری ئەڵمان یان قەیسەری ئەڵمان جارێک لە پارڤووسی پرسی :

پارڤووس بۆ ئاوا قینت لە قەیسەر و ڕوسیایە؟ ئەو شێوە حەماسەی تۆ بۆ لەناو بردنی ڕژێمی قەیسەر چ شتێک هانی داویت یان پاڵی پێوە ناویت ئابەم شێوەیە لە دژی وەستاویت و هەموو شتێک دەکەیت لەپێناو ڕووخانی ڕوسیا؟

پارڤوس لەوەڵامدا وتی :

من؟

نەخێر من زۆر حەزم لە ڕوسیایە وەک نیشتمانی خۆم سەیری دەکەم؟

بەڵام ئەڵمانیەکان بە گومانەوە وەڵامەکەیان وەرگرت .

بێ گومان پارڤوس بوغزێکی ڕەشی بەرامبەر بە قەیسەر و ڕوسیا هەبوو. بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون بێ هەروەک ئێمەی کورد چۆن لە دیدی کوردایەتی و زوڵم لێکراوییەوە سەیری نەتەوەی عەرەب و حاکمی بەغدا دەکەین و چۆن حەز بە لەناوچوونی عێراق دەکەین و ئەگەر فرۆکەیەکی عێراق بکەوتایە خوارەوە ئێمە دڵخۆش دەبووین.

پاڕڤووس'یش بەهەمان شێوە لەنەتەوەی جولەکەی ژێردەستە بوو هەربۆیە زۆربەی جولەکەکان لە ژێرەوە لەدژی قەیسەربوون و هاوکاری بەڵشەڤیەکانیان دەکرد، چونکە لە ڕووی ئایینی و نەتەوەییەوە زۆر چەوساوە بوون هەر بۆیە زۆرێک لە جولەکەکانی ڕوسیا ئایینی خۆیان گۆڕی بۆ مەزهەبی ئەرثەدۆکسی مەسیحیەت بۆ ئەوەی قەبوول بکرێن. زۆرێک لەو جولەکانە ناو نازناوی خۆیان گۆڕی و زۆرێک هەڵسان بە تێکەڵ بوونی خوێنی ژن و ژنخواستن لەگەڵ ڕووس بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە. زۆرێک لەو جولەکانە هەڵگری پەیامێک بوون کە نەتەوەو نیشتمان سنووری پێناسە نەبێ و

بانگەوازیان بۆ یەکسانی لە ڕەنگ و چینەوە دەکرد. هەروەک مەسیحیەکانی عێراق زۆربەیان لەگەڵ حیزبی شوعی بوون، چونکە لە ڕێگای ئەو حیزبەوە دەتوانرێ ئازادییەک بەدەست بهێنیت بۆ ئەوەی حسابت بۆ بکرێ. کەس لە ڕووی ئایین و نەتەوەییەوە تۆ هەڵنەسەنگێنی و مامەڵەت لەگەڵ نەکا، بەڵکو لەسەر بنەمای عەقیدەو هاوبیری بێ و هەموو لایەک وەک یەک یەکسان بن. هەربۆیە کەمایەتیە نەتەوەکان زیاترین خەڵکانێکن لەناو گرووپی ئینتەرناسیۆنالەکان و هاندەری سەرەکی ئەو هێزانەن .

## ژیاننامەی سیاسی ترۆتسکی

لیۆن ترۆتسکی( لیێف داڤیدۆڤیتش برۆنشتێین) لە نۆڤەمبەری ٧ ی ١٨٧٩ لە هەرێمی کێرصۆن- ئۆکرانیای سەر بە ئیمپەڕاتۆریەتی قەیسەڕی ڕوسیا لەدایک بووە و لە ٢١ی مانگی هەشتی ساڵی ١٩٤٠ لە مەکسیک کوژراوە بەدەستی پیاوەکانی ستالین.
لەخێزانێکی جولەکەی ئۆکرانی لەدایک بووەو پێنجەمین منداڵی ناو خێزانەکە بووە.
ترۆتسکی کەسێکی مارکسیی شۆڕشگێرو تیۆری زان و سیاسیەتمەدارێکی سۆڤیەتی بوو.
قۆناغی سیاسی ترۆتسکی لە گرووپێکی نە ڕۆدنیکەوە(میللی پەپوولیستی)ەوە دەستی پێکردووە تاوەکوو حیزبی سۆشیالیستی و مێنشەڤیک و بەڵشەڤیک و تا حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت. بەقسەی زۆرێک لەسیاسی چەپ و دیپلۆماتکارەکانی ئەوکات و تەنانەت خودی ترۆتسکی لە یاداشتنامەکەی بەناوی" ژیانی من" نووسیویەتی :
ئەگەر من لە پێتربوورگ نەبوومایەو هەر لە ئاوارەیی بوومایە، لەوانەیەو ئەگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەبوو ڕووی بدایە لەژێر سەرکردایەتی شەخصی لێنین، بەڵام ئەگەر نە لێنین و نە من وجودمان نەبوایە لە وکاتە من تەواو دڵنیام شۆڕشەکە بەرپا

نەدەبوو، چونکە سەرکردایەتی بەڵشەڤیکەکان بەربەستیان دروستدەکرد لەبەرپابوونی" .

ترۆتسکی کەمێک پێش بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر چووە ناو ڕیزی بەڵشەڤیکەکان لەساڵی ١٩١٧ وە یەکێ لەو ٧ ئەندامە دەفتەری سیاسیەی حیزبی بەڵشەڤیک بوو کە شۆڕشەکەیان بەڕێوەبرد. هەرچەندە سەرەتای شۆڕش وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی قەبوول نەکرابوو، بەڵام ڕۆڵ و کەسایەتیەکەی وای لە بەڵشەڤیەکان کرد نەک وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی، بەڵکو بە کەسی دووهەمی ئەو شۆڕشە لەقەڵەمی بدەن و جێگرەوەی لێنین بێ .

بەهاتنیان بۆ سەر حوکم ترۆتسکی بوو بە لێپرسراوی بەشی دەرەوە. بە زمانی ئێستا بوو بە وەزیری دەرەوەی ڕوسیای سۆشیالیست، بەڵام حەزی نەکرد کاتێ لە ژێر فشاری دەفتەری سیاسی حیزبەکەی ڕێککەوتنێکی ئابروو چوانە لەگەڵ ئەڵمان مۆربکا و پاشەکشە لەزۆر ناوچەو خاک و سەرەوەری ڕوسیا بکا لەبرِی شەڕ وەستان و ڕێککەوتنی ئاشتی. هەربۆیە دەستلەکارلکێشانەوەی ڕاگەیاند ـ إستقالەی ـ داو ئەو مەلەفەی دەرەوەی ڕادەستی لێنین'ی کردو وتی من نامەوێ واژۆی من هەبێ لەو ڕێککەوتنە ئابرووچوونەو کەسێکی تر دابنێ لە شوێنی من. هەر بۆیە لێنین ئەم جارە داوای درووست کردنی سووپایەکی لێکرد بۆ شەڕی سووپای سپی( سوپای قەیسەرو دوژمنی بەڵشەڤیکەکان) واتە ترۆتسکی بوو بە وەزیری بەرگری بەدەستەواژەی ئێستا.

ترۆتسکی زۆر سەرکەوتوانە توانی لەماوەیەکی زۆر کورت سوپایەکی ڕێک و پێک و بە دیسیپلین و بە عەقیدە دروستبکا . لەماوەی ١٩١٨-١٩٢٣ توانی ببێتە قارەمانی بەڵشەڤیک لە دژی سوپای سپی و نەیارەکانی دەسەڵات وسەرکەوتووانە شکستی پێهێنان .

بەڵام هەر لەیەکەم ڕۆژی هاتنیان بۆ سەر حوکم، ستالین لە هێزو تواناو عەقل و چالاکی ترۆتسکی ترسا . ئەگەر ڕۆژێک ترۆتسکی ببێتە جێگرەوەی لێنین ئەوا کۆتایی ستالین'ەو فت دەبێ. چونکە ترۆتسکی حەزی لەکەسی نەزان و بوغزاوی کینەدار و ترسنۆکی وەک ستالین نەکردووە ئەگەر لە دەفتەری سیاسی حیزب بمینێتەوە، بەڵکو زۆرجار ترۆتسکی گاڵتەو قەشمەری بە ستالین کردووە کە ڕووسی باش نازانێ و ئاستی ڕۆشەنبیری زۆر نزمەو زیرەک نیە لە ئەدائی قسەکردن و کادیرێکی ئیدارەیی باشیش نەبووە لەڕوانگەی ترۆتسکیەوە. بەڵام ترۆتسکی ئاگاداری پیلانی ژێر بە ژێری ستالینی نەبووە کە چۆن توانی لەماوەی سەرقاڵ بوونی بە شەڕی سوپای سپیەوە بۆ ماوەی ٥ ساڵ، ستالین توانی کەسانی دەروون لاواز و مشەخۆرەکان لەدەورووبەری خۆی کۆبکاتەوە. ستالین دەمی زۆربەی ئەندام سەرکردەکانی بەڵشەفیک چەورکردبوو و بەڵێنی پۆست و دەسەڵاتی پێدابوون ئەگەر دەنگ بدەن بە خۆی( ستالین) لەکاتی جێگرتنەوە شوێنی لێنین .ستالین توانی هەرهەموویان کۆبکاتەوە لە گرووپێک دژ بە ترۆتسکی. تەنانەت زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی حیزب لەنەتەوەی جولەکەی ترۆتسکی بوون، بەڵام خیانەتیان لە ترۆتسکی کرد وەک نەتەوە. زۆربەی زۆری لە دژی هاونەتەوەی خۆیان وەستان، تەنها لەبەر ئیرەیی و خۆپەرستی کادیرەکانی حیزب. کەس حەز بە چەهرەی ئەوی تری نەکردووەو هەر یەکێ لەوان خۆی بە خاوەن میراتی لێنین لەقەڵەم دەدا . بەڵام لە دوایی هەموویان ڕێککەوتن کەسێکی گەمژە بکەن بەسەرۆکی خۆیان وەک ستالین. چونکە ئەوکاتە وا پێویست بوو کە ستالین گوێڕایەڵی هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بکا بۆ ئەوەی خۆشەویست بێ لایان و وا بریار بوو بڕیارەکان بەکۆمەڵ دەربکرێن .لەبەرئەوەی مەکتەبی سیاسی ترساون لە کەسایەتی ترۆتسکی ئەگەر ترۆتسکی ببێتە جێگرەوەی لێنین ئەوا هەموویان دەکەونە ژێر

ڕەحمەتی ترۆتسکی و ئیشکردن لەگەڵی زۆر زەحمەت دەبێ، چونکە بڕیارەکانی ترۆتسکی جێگای موناقەشە نەبوو، بەڵام ستالین سەرەتای کاریزماکەی خۆی بە کەسێکی زۆر گوێڕایەڵ و هێمن و دڵفراوان خۆی نیشان دا تاوەکوو حوکمی کەوتە دەست ئیدی یەک بە یەک هەر هەموویانی کوشت .

## ژیانی منداڵی لێڤ یان ێیدیش یان لێیبە( ترۆتسکی) و خوێندنی

لێڤ ( نازناوە سیاسیەکەی ترۆتسکی) هەر لە تەمەنی ٨ساڵیەوە هەستی بە نادادپەروەری کردووە. کاتێ بینی باوکی زۆر بێ ویژدانانە مامەڵە لەگەڵ جوتیارانی گوندەکەی دەکا . بەتایبەتی ئەو کاتەی بەچاوی خۆی بینی چێلی جوتیارێک بە هەڵە هاتۆتە ناو کێڵگەی باوکیەوەو کەمێک لەوەری کردووە لە نێو موڵکی باوکیدا . ئیدی ڕەتدانەوەی باوکی لە تۆڵەی ئەو چێلەی لەوەڕی کردووە لە موڵکی ئەودا چێلەکەی زەوتکردوە، جوتیارەکە بە هات و هاوار قیژاندویەتی بەسەر باوکی ترۆتسکی'دا داوای چێلەکەی لێکردۆتەوەو بە خوێن مژ ناوی بردووە. بەڵام باوکی هەستاوە بە دارکاری کردنی.

کاتێ ترۆتسکی ئەو دیمەنە دڵڕەقانەی باوکی دەبینێ بەرامبەر بە هەژاران بڕیاردەدات بە نهێنی یارمەتی جوتیارەکان بدات. بۆیە وەک ئەرک و هەڵویست هەڵسا بەدابەشکردنی خواردن بەسەر جوتیارو منداڵە هەژارەکانی گوندەکان بەدزی باوکیەوە. تا ڕۆژێک باوکی هەستی پێکرد کە ترۆتسکی بەدزی باوکیەوە خواردن دەدات بە جوتیارەکان. هەرچەندە ترۆتسکی حاشای لێکردبوو کارێکی لەو جۆرەی کردووە، بەڵام باوکی دڵنیا بوو لەو کارەی ترۆتسکی.

باوکی ترۆتسکی زۆر دەوڵەمەند بووە. گەر ئیستا بەراوردی بکەین بەم سەردەمە مانای وایە باوکی ملیۆنێر بووە. زیاد لە ١٠ هەزار فەدانی هەبووە ـ دۆنەم ـ لە زەوی و زار کە کردوویەتییە ـ 856. 4046 ـ هێکتار زەوی و حەزی ماسی، بی لە بەخێوکردن و ئاشەوانخانە وەک کارگەی بچوک. بەڵام زۆر چاوچنۆکبووە، گەرچی خەرجکردنی هەر برە پارەیەک بۆ منداڵەکانی خۆی جێ باس نەبووە بۆی. باوکی ترۆتسکی هەوڵیداوە منداڵەکانی لە چاکترین قوتابخانە بخاتە بەرخوێندن. هەر بۆیە باوکی ترۆتسکی بریاردەدا کورەکەی بنێرێتە بەر خوێندن بەو مەبەستەی دوور بکەوێتەوە لێی . سەرەتا ناردی بۆ شارێکی گەورەی وەک ئۆدێسا لەسەر دەریای رەش، کە رێژەیەکی زۆر لە جولەکە لەو شارە بەندەرەییە نیشتەجێ بوون. سەرەتا ترۆتسکی لە قوتابخانەیەکی تایبەت بە جولەکە خوێندویەتی و هەموو وانەکان بە ئەڵمانی بوون. هەربۆیە زمانی ئۆکرانی و روسی و ئەڵمانی و پاشان ئینگلیزی و فەرەنسیش زۆر بەجوانی فێرببوو. بەڵام ترۆتسکی هەر زوو وازی لەو قوتابخانەیە هێنا، بەو پێیەی لە تەمنێکی کەمەوە حەزی لەبابەتی ئاینی یەهودی نەبووەو باوەری بە ئاییینیش نەبووە، هەربۆیە گواسترایەوە قوتابخانەیەکی گشتی روسی .

ترۆتسکی لەرووی فیزیکیەوە کورێکی لاوازو بێ هێزبووە. وەک روس چوار شانە نەبووە. هەربۆیە کەس حەزی نەکردووە یاری لەگەڵ بکا لە باخچەی قوتابخانەکەی، بەتایبەتی لە دوای رووداوێک، لە کاتێ یاری کردندا دەکەوێتە زەوی لەئەنجامی و بەو هۆیەوە لە هۆشخۆی دەچێت. کاتێ هۆشخۆی هاتەوە ئیدی زانی تووشی نەخۆشی فێ لێهاتن بوو. لە هەندێک ناوچەی کوردستان پێی دەڵێن خووگرتن- صرع بە عەرەبی و بە ئینگلیزو لاتینیەکەی Epilepsy . ئیتر لەو رۆژەوە ترۆتسکی بوو بە گاڵتەجاری منداڵانی قوتابخانە. بەڵام ترۆتسکی گوێی بە قوتابیەکانی دەوروبەری خۆی نەداو

دەستیکرد بە خوێندن و تێکەڵی کەسی نەدەکرد. بۆیە ملیدایە بەر خوێندن و زۆر بە جەختەوە دەیخوێند. لە خوێندندا هەمیشە یەکەم بووەو پلەکانی لەسەرووی هەموو قوتابیەکانەوە بووە .

پاش ئەو ڕووداوەی تڕۆتسکی هەستا بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو نەخۆشیە. هەموو ڕۆژ دەچووە پەڕتووکخانەی گشتی و سەیری فەرهەنگی پزیشکی دەکردو خۆی سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبی مێژوویی دەکرد لەسەر ئەو نەخۆشیە. کاتێ بینی کەسانی وەک یولیۆ سێزەر، ئەلێکساندەر مەکەدۆنی و پیتەری یەکەم و ناپلیۆن هەموویان ئەو نەخۆشیەیان هەبووە ، ئیدی دڵی زۆر خۆشبوو، وتی منیش دڵنیام کە گەورەبم دەبم بەکەسێکی ناوداری ئەم جیهانە .

لەبەرئەوەی قوتابیەکی زۆر سەرکەوتووبوو لە خوێندن. هەربۆیە زۆربەی قوتابیەکان پێویستیان بە تڕۆتسکی بووە بۆ وانە وتنەوە. ترۆتسکی وانەی بەو قوتابیانە دەوتەوە کە زیرەک نەبوون یان لە وانەکان تێنەدەگەیشتن، هەمیشە داکۆکی لەو قوتابیانە دەکرد زوڵمیان لێدەکرا . بەو جۆرە توانی هەموو قوتابیەکان لەدەوروبەری خۆی کۆبکاتەوە. ئیدی وای لێهات هیچ قوتابیەک لە قسەی تڕۆتسکی دەرنەدەچوو، هەرهەموویان بوون بەگوێڕایەڵی ئەو. زوو زوو کۆبوونەوەی بە قوتابیەکان دەکردو وانەی پێدەوتنەوەو قسەی بۆ دەکردن .

## لێهاتوویی لێڤ ( واتە، شێر) تڕۆتسکی بۆ دژایەتی

مامۆستای زمانی فەڕەنسی وەک ڕابەری لێهات بەو پێیەی کەسێکی زۆر خراپ بووە، چونکە هیچ قوتابیەک حەزی لەو مامۆستایە نەدەکرد لە قوتابخانەکە، هەر بۆیە

ترۆتسکی ویستی دەردێک بدات بەو مامۆستایەو پێی بسەلمێنێ ئیرادەی قوتابیەکان بە هێزترە لە زوردارییەکانی ئەو.

ترۆتسکی بۆ ئەوەی هێزو توانای خۆی تاقی بکاتەوە، قوتابیەکانی کۆکردەوەو وتی لەکاتی وانە وتنەوەی مامۆستای فەرەنسی هەمووومان بەیەک دەنگ مینگە مینگ دەکەین، واتە هەر کاتێ مامۆستا پشتی لە ئێمەکرد بەو دەنگە مممم نارەحەتی دەکەین. بەم جۆرە ئێمە دەتوانین مامۆستا شێت بکەین بەو کردەوەیەمان، هەرکاتێ مامۆستا ئاوڕیداوە ئێمە بێ دەنگ دەبین و هەرجارێک ڕووی لە تەختە ڕەشەکە کردەوە دیسان هەمووومان پێکەوە بەکزی دەڵێین مممم مممممم تا دەست بەرداری وانە وتنەوە دەبێت. تاقیکردنەوەکەی زۆر سەرکەتوو بوو، وایان لە مامۆستا کرد شێت و هاربێ و بچێتە لای بەڕێوەبەری قوتابخانەو داوای سزای ئەو قوتابیانە بکا کە ئاژاوە لەناو پۆلەکە دەنێنەوە. بەڕێوەربەری قوتابخانەکە هەستا بە هەڵبژاردنی ١٥ قوتابی لەو قوتابیە تەمبەڵ و ئاژاوەچیانە کە لە ئاژاوە دەگەڕێن و پێیوتن ئەگەر پێم نەڵێن کێ پێشنیار و سەرپەرشتی ئەو کارەی کردووە ئێوە ناگەڕێنمەوە قوتابخانەو هەرهەمووتان دەردەکەم لە قووتابخانە.

مامۆستای فەرەنسی و بەڕێوەبەری قوتابخانەکە گومانیان لەیەکێ لەو ١٥ قوتابیانە بوو، بەڵام نەیان دەزانی کێ یە؟ تەنانەت لەو لیستە ناوی ترۆتسکی هەر تێدانەبوو بۆ دەرکردن لە قوتابخانەکە، چونکە کەس بیری بۆ ترۆتسکی نەدەچوو کارێکی لەو جۆرەبکاو بیرۆکەی ئەو بێت یان بیر لەوە بکەنەوە کەسێکی ئاژاوەگێڕبێت، چونکە قوتابیەکی زیرەک و سەرکەوتوو بوو، هەر بۆیە ناوی لەو لیستە ١٥ کەسیە دانەنرابووە بەڵام یەکێ لەو قوتابیانە لای لیژنەی لێکۆلینەوە دانی پێدانا ترۆتسکی

بوو ئەوکارەی بە ئەوان کردووە، ئیدی هەر ١٥قوتابیەکە گەڕانەوە قوتابخانەو ترۆتسکیان لەجیات ئەوان بۆ ساڵێک دەرکرد لە قوتابخانە .

پاش گەڕانەوەی بۆ قوتابخانە ئەمجارە ئیدی تێگەیشت دەبێ چاوەڕوانی هەر ئاکامێک بێت لەپای کار هەڵوێستەکانی. مرۆڤ دەبێ قوربانی بدا، ئەگینا سەرناکەوێ، بەڵام ئەمجارە زۆر بە ڕێکوپێکی دەستی کردەووە بە خوێندن. هەروەها لەگەڵ کەس دانوساندنی نەدەکرد، بەردەوام تەنها سەرقاڵی خوێندن و خوێندنەوەو پەرتووکخانە بووە.

لە ساڵی ١٨٩٦ گوێستراوەتەوە بۆ شاری نیکۆلاییێڤ- ئۆکرانیا بۆ تەواوکردنی قۆناغی دوا ناوەندیهەر لەو ساڵەوە واتە لە ١٨ ساڵیەوەو بەدواوە تەنانەت پاش وەرگرتنی لە دانیشتگا لەبەشی ماتماتیک کەوتە ناو سیاسەتەوەو بوو بەئەندامی گروپێک بەناوی "نەرۆدنیک" واتە میللی. ئەو ئایدیۆلۆژیایە بە "نەرۆدنیتشێستڤۆ"- میللی گەرایی ناسراوە. بیرۆکەی ئەو ڕێکخراوە زۆرکۆنە. دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی بیری ئوتۆپیای سۆشیالیزم و فەنتازیایی کۆمۆنە. بەرهەمە فکریەکانی ئەلێکساندەر هێرزن هەوێنی ئەو گرووپە بوو، چونکە هێرزن بە باوکی سۆشیالیزمی ڕووسی دادەنرێ.

مەغزی فکرەی نەرۆدنیکەکان بەچەند ووشەیەك :

"ڕووخانی ڕژێم لەگەڵەوە دەستپێدەکا ، گەیشتن بە سۆشیالیزم مەرج نیە بە قۆناغی کەپیتالیزم دابچێ. کۆمەڵگەیەکی سادەی میللی گەرایی ڕوسی دەتوانێ زوو خۆی بگوونجێنێ بۆ ژیانێکی کۆمۆنەی هاوبەشی پێکەوە". سەرەتا ترۆتسکی سەر بەم گرووپە بووە.

بەڵام لێنین هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئەو گرۆپە بە وتارو قسە ڕەخنەی لەو ڕێکخراوە میللی گەراییە گرتووە لە شێوەی خەباتیان لەدژی قەیسەرو دەرەبەگ .
ئەو ڕێکخراوە بریتیبوو لە کۆمەڵێ گەنجی سۆشیالیست بەناو گوندەکانی دەووروووبەری ئۆکرانیا دەگەڕان و بەجل و بەرگی میللی ئۆکرانی و قسەیان بۆ جوتیار و کرێکاران دەکرد. ئەو کۆمەڵە گەنجە خوێن گەرمە باسی مارکس و کتێبی کەپیتاڵی مارکسیان بۆ ئەو جوتیارانە دەکرد. پێیان دەوتن ئاغاو دەرەبەگی گوندەکانتان بە پلەی یەکەم دوژمنی ئێوەی جوتیاری بەدبەختن. ئەگەر ئێوە پێکەوە لەگەڵ جوتیارەکانی گوندی دەوروبەری خۆتان یەکبگرن و بەیەک دەنگ ڕاپەڕن ئەوا دەتوانن لەدژی ئەو ئاغاو دەرەبەگانە شۆڕشێک بەرپابکەن و ئێوە ببن بە خاوەن ئەو زەویانەو سەربەخۆ بن! ئەوگەنجانە دەیانویست دروشمەکەی مارکس لەو جووتیارانە تێبگەیەنن:

## "کرێکارانی جیهان یەکبگرن "

بەڵام جوتیارەکان تەقەی سەریان دەهات لە کتێبی کەپیتاڵی مارکس و خودی مارکس و سۆشیالیزم ڕووبەڕووی ئاغاو خاوەن موڵکەکان ببنەوە. لای ئەوان مەحاڵ بوو کارێکی ئاوا نەشیاو ئەنجام بدەن. هەربۆیە ئەو جوتیارانە وایان زانی ئەو کۆمەڵە گەنجانە حەتمەن شێتن و عەقڵیان لەدەستداوە بۆیە هاتوون بەو گووندانەدا بسوڕێنەوە گوند بە گوند. هەر بۆیە زوو پۆلیسیان ئاگادار کردەوە گوایە کۆمەڵێ گەنجی شێت و بێ عەقڵ هاتوون بەم ناوەدا دەسوڕێنەوە باسی کتێبێک دەکەن و شتی زۆر نامەعقول دەڵێن و سەرکردەی ئەو گرووپە کوڕێکی جوولەکەیەو بەجلی ئۆکرانیەوە بەناو ئێمەدا دەسوڕێتەوە .
پۆلیس هاتن بە دەنگ سکاڵای ئەو خەڵکەوە. چەند جارێک خۆیان بینیان ئەو کۆمەڵە

گەنجە ئاژاوە دەنێنەوە لەو گوندانەدا . ئیدی هەموو جارێک دەبوایە پۆلیسەکان ئەو گەنجانە سواری ئەسپ و وڵاخ بکەن و بیانبەنەوە بۆ گووندەکانی خۆیان. تەنانەت پۆلیسەکانیش هیچ سکاڵایەکیان لە دژی ئەو کۆمەڵە گەنجانە تۆمار نەکرد، چونکە هەر بەراست وایان دەزانی ئەو کۆمەلە گەنجە عەقلیان لەدەست داوەو هەر هەموویان شێت و وێتن !

## ترۆتسکی و کاری سیاسی و ژیانی زیندانی

بۆ ماوەی ساڵێک ترۆتسکی بەردەوام بەشداری کردووە لە کۆبوونەوەی شانە سۆشیالیستیەکانی شاری نیکۆلایێڤی، لەو ڕێیەوە ئاشنایی پەیداکردووە لە گەڵ ئەندامانی ئەو گروپە، تەنانەت لەو ماوەیەدا خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی هاوخەباتی خۆی بووە لەناو شانە حیزبیەکەدا، کچەکە ناوی ئەڵیکساندرە سۆکۆڵۆڤەو پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانیاندا درووستبوو. بەڵام لە ساڵی١٨٩٨ هەردوکیان دەستگیردەکرێن لەگەڵ ٢٠٠ ئەندامی تر لەو شارەدا لەسەر کارو چالاکی سیاسیان .

بەرواری جیاواز ئامارژە پێکراوە سەبارەت کات و ماوەی پرۆسەی دادگاییان، بەڵام لەنێوان ساڵانی (١٨٩٨-١٩٠٠) داو ئەم شار ئەو شاریان پێکردوون لە گۆڕینی شوێنی زیندانی کردنیان وەک شارەکانی نیکۆلایێڤ و ئۆدێسەو مۆسکۆ. بەڵام لەبەرئەوەی ترۆتسکی و خۆشەویستەکەی هەر لە زیندانی مۆسکۆ مارەییان کرا لەسەر شەریعەتی جولەکەو حاخامێکیان هێنا بۆ ناو زیندانەکەو مارەی کردن لەسەر شێوازی یەهودیەت. هەربۆیە حوکومەت ناچاربوو شوێنی زیندانی ئەو دوو کەسە پێکەوەو لەیەک شوێن دابنێن. بەو هۆیە دادگا بڕیاریدا لە سیبیریاو لە یەک جێ بژین هەردوکیان. لە ماوەی

دوورخرانەوەو سزای زیندانیان هەردوکیان دوو منداڵیان بوو هەردوکیان کچبوون. بەناوی زینەیدەو نینە .

لێرەوە ژیانی سەرکێشی ترۆتسکی دەست پێدەکا .کاتێ لە زیندانی ئۆدێسە بوو پێش دوورخستنەوەی کۆتایی بەرەو سیبیریا . بەڕێوەبەری زیندان نازناوی ترۆتسکی بوو . ئەو ترۆتسکیەی ئێمە باسی دەکەین لە بنەڕەت دا نازناوی ترۆتسکی نەبووە، بەڵکو لێڤ( واتە شێر) نازناوە ڕەسەنەکەی کە لەباوکیەوە وەریگرتبوو برۆنشتێینە، نەک ترۆتسکی. برۆنشتێین نازناوێکی ئێدیشی جولەکەیەو ناوەکانیان لە ئەڵمانیەوە وەرگرتووە.

بەڕێوەبەری زیندانیەکە کە ناوی ترۆتسکی بوو کابرایەکی زۆر توندوتیژو زاڵمبووەو ئەکشەنجەدەرو نیزامی بووە. هەموو هەوڵێکی دەدا بۆ ئەوەی بتوانێ کۆنترۆلی زیندانیەکانی بکاو کەس لە قسەی ئەو دەرنەچێ تا سڵی لێبکەنەوە. بەڵام لێڤی ویستی نیشانیبدا کە داواکاری زیندانیەکان نابێ پێشێل بکرێ و دەبێ مامەڵەی جوان بکرێ لەگەڵیان. هەر بۆیە لێڤ هەستا بە ئاژاوە نانەوە لە ژووری زیندانیەکان و هانیدان بەیەک دەنگ هاوار بکەن بۆ چاککردنی حاڵیان. کاتێ بەڕێوەبەری زیندان هاتۆتە ژوورەوە نەیپرسی کێ ئەو هەڵاو هۆریایەی ناوەتەوە، بەڵکو یەکێکی هەڵبژارد بێ ئەوەی بزانێ ئەو بەرپرسە یان نەء بردی لەبەر چاوی ئەوان ئازارو ئەشکنجەیەکی زۆریداو نیوە مردووی کرد. هەر جارێك ئاژاوە دەنراوە ئەو بەڕێوەبەرە حەیەڵلا کەسێکی لەو زیندانیانە هەڵدەبژاردو لەبەر چاوی ئەوان ئەشکەنجەی دەدا تا بۆی ئاشکرابوو دەستی لێڤی جولەکەی لە پشتەوەیەو توانی هەر بەچاو ئاشکرای بکات کە لێڤ سەرکردایەتی زیندانیەکان دەکا هەربۆیە بانگی کرد بۆ ئۆفیسەکەی و خواردنێکی باشی پێداو یاری شەترەنج لەگەڵ کرد. لەکاتی قسە کردنیدا لەگەڵ لیێڤ

، بۆی دەرکەوت کە لیێڤ گەنجێکی بێ عەقڵی خوێن گەرمی نەزانە، چونکە موناقەشەی سیاسی و ئەدەبی لەگەڵکرد. هێندێک برگەی وتەی جوانی دۆستێیێفسکی بۆ خوێندەوە ، بەڵام نەیوت هیٚ کێیە ئەو قسە نەستەقانە. بەڵام پرسیاری لێکرد وتی بیروو ڕات چیە بەرامبەر بەو وتەیە؟

لێڤ لەوەلامدا : وتی هەمووی قسەی قۆڕە، بەرپرسی زیندا ڕوو بە لێڤ وتی لێڤ دەزانی تۆ زۆر بێ عەقلیت؟ چونکە ئەو گووتەیە من ئاماژەم پێکرد لە بەرهەمی ئەدەبی دۆستێییێفسکی بوو، بەڵام دیارە کە هیچ ناخوێنیتەوەو نەزانیت، ئیدی لێڤ برۆنشتێین زانی تێکەوتووە لەگەڵ کەسێکی زیرەک مامەڵە دەکا . ڕاستە بەڕێوەبەری زیندانە، بەڵام کەسێکی ڕۆشنبیرە. بەڕێوەبەری زیندان واتە ترۆتسکی بۆی دەرکەوت کە قسەکانی لێڤی جولەکە هەمووی درووشم و قسەی باق و برِیقی نێو کتێبە و دروشمی دیماگۆگیە .

بەڕێوەبەری زیندان فەرمانی دەرکرد :

بیبەن تێری تێهەڵبدەن و لە ژووری تەنیانی تاریک بیهێلنەوە بۆچەند ڕۆژێک، تادەبێت بە پیاو. پێیوت، لێڤ من وامزانی کەسێکی زۆر زیرەک و عاقل و ڕۆشنبیریت ، چونکە توانیت ئەو هەموو زیندانیە لە دەوروبەری خۆت کۆبکەیتەوە، بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوت هەر هەمووتان کەسانی دەماغسزن. وتی من بۆیە هەر ئاوا کەسێک لە ئێوە هەڵ دەبژێرم و تێری تێهەڵدەدەم بۆ ئەوەی چاوی ئێوەی پێبترسێنم بۆ ئەوەی ببێتە عیبرەت بۆ ئەوانی ترو هەمووتانی پێبتۆقێنم .

لەگەڵ ئەوەش لێڤ قین و ڕکی زۆری لە بەڕێوەبەری زیندانیەکە بوو، بەڵام تا ئاستی شێتی سەرسام بوو بە کەسایەتی ئەو بەڕێوەبەرەی زیندانە. هەربۆیە لەدوا

ڕۆژ نازناوی ئەو بەڕێوەبەرەی زیندانیەکەی هەڵدەگرێ. لەبڕی بەهێزی کەسایەتی ئەو بەڕێوەبەرە کە چۆن توانیویەتی کۆنترۆڵی ئەو هەموو زیندانیەبکاو کەس نەتوانێ لەقسەی ئەو دەربچێ. لیێڤیش بەهەمان شێوە حەزی دەکرد ئاوا بتوانێ لە دوا ڕۆژ خەڵک سڵی لێبکەنەوە و بتوانێ گەلێک کۆنترۆل بکاو ببێتە ڕابەریان .

## لەژیانی زیندانیەوە بۆ ڕاکردن بۆ ئەوڕووپا

بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ژیانی دوورخراوەیی سیبیریای وشک و ساردو سڕی بەفر و دوور لە شارستانیەت ژیانیان بردەسەر خۆی و خێزانەکەی. بەڵام دوا جار تێگەیشت مانەوەی لەوێ کۆتایی ئاواتەکانی ژیانیەتی. ئەو ماڵ و منداڵەش کە بەسەری دا ساغ بۆتەوە، ئەوەش بەربەستێکی ترە لەپێش خەونەکانی. شەو ڕۆژ خەریکی خوێندنەوەی فەلسەفەو ڕۆشنبیرکردنی خۆی بوو. توانی لەڕێگا نووسین و نامە گۆڕینەوە لەگەڵ خانە حیزبیە سۆشیال- دیموکراتەکانی ڕوسیا پێناسەو پاسپۆرتێکی بۆ درووستبکەن بە مەبەستی ئەوەی دەربازبێت لەو دوورخراوەیەی و بەرەو ئەوڕووپا بڕوات. کاتێ کابرای قاچاخچی لێی دەپرسێت چ ناوێکت بۆدابنێم لەسەر پاسپۆڕتەکەت؟ چونکە نابێ ناوی ڕاستەقینەی خۆت بنووسیت بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبیت. لیێڤ برۆنشتێین بێ یەک و دوو بێ ئەوەی بیربکاتەوە یەکسەر وتی ترۆتسکی. نازناوی من لەمەودوا دەبێتە ترۆتسکی و حەزدەکەم لەمەودوا خەڵک بەوناوە بانگم بکەن "ترۆتسکی" .

واتە لەبەر سەرنجڕاکێشی و سەرسوڕمانی لێڤ برۆنشتێین بە کەسایەتی بەڕێوەبەری زیندان، حەزیکرد نازناوی ئەو هەڵبگرێ لێرەبەدواوەو خەڵک بەوناوە بانگی بکەن .

ساڵی ١٩٠٢ توانی بەنهێنی هەڵبێت و ژن و دوو منداڵەکەی لەو دوورخراوەیە بەجێ

هێشت و وتی دێمەوە بەدواتان یان هەوڵ دەدەم ئێوەش بهێنمە لای خۆم، بەڵام بەڵێنەکەی خۆی بەجێ نەگەیاندو تا کۆتایی ژیانی نەچووەوە لای ژنەکەی. بەڵام منداڵەکانی سەردانیان دەکرد کاتێ گەڕاوە ڕوسیاو شۆڕشیان بەرپاکرد .

کاتێ ترۆتسکی خۆی گەیاندە ئینگلتەرا . تا ئەو کاتە موناقەشە دەکرا لەنێو سۆشیالیستەکان ئایا تەنها خەبات بکرێ بۆ چاککردنی ژیان و گوزەرانی و مافی کارکردنی کرێکاران بێ گوێدانە ڕوخانی سیستەمی حوکم و ڕژێم؟ یان خەبات بکەن لە پێناوی گۆڕینی ڕژێم و سەرتاپای سیستەمی حوکم بۆ چاککردنی گوزەرانی کرێکاران و بەدەستهێنانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر لە سەر بنەمای مافی کرێکاران؟

ترۆتسکی زوو بیروڕای بۆ هەڵبژاردەی دووهەم بوو، پێیوابوو دەبێ ڕژێم سەرتاسەر بگۆڕدێت بە مەبەستی ئەوەی بتوانیت چاکسازی بکەیت لە ژیان و مافی کرێکاراندا . هەربۆیە زوو نزیک بووەوە لە ڕۆژنامەی "ئیسکرا "و لێنین. هەر لە کۆنگرەی دووهەمی سۆشیال دیموکراتەوە، لە ساڵی ١٩٠٣ بەدواوە ناخۆشی کەوتە ناو دەستەی سەرکردایەتی حیزبەوە لە نێوان مارتۆڤ و لێنینەوە لەسەر شێوەی ئیشکردن و هاوپەیمانیەتی و قبووڵکردنی ئەندام و بیروبۆچوونیان سەبارەت بە ڕوخاندنی ڕژێمی قەیسەر. هەموویان بوون بە خیلاف. مارتوڤ و لێنین کێشەیان هەبوو کێ ببێتە سەر نووسەری ڕۆژنامەی ئیسکرا . لایەنگرانی مارتۆڤ پێیان وابوو باشترە لەگەڵ هەموو حیزب و ڕێکخراو تەنانەت نیمچە بۆرژواش هاوپەیمانی ببەسترێ بۆ ڕووخاندن یان چاککردنی سیستەمی حوکم لە ڕوسیا . گرووپی مارتۆڤ( کە خۆی جولەکەی ئەستەنبوول بوو بە ڕەسەن) پێی وابوو دەبێ بزووتنەوەی سۆشیالیستی "بووند" وەک

گرووپێکی مارکسی سۆشیالیست سەیر بکرێ و نیمچە ئۆتۆنۆمیەکیان پێبدرێ لە خەبات و مافی سیاسیان و وەک نەتەوەی جولەکە سەیر بکرێن .

## "ڕێکخراوی "بووند"

بزووتنەوە یان ڕێکخراوی "بووند" بریتیبوو لە ٣٠ هەزار ئەندامی جولەکە بە شێوەیەکی گشتی جولەکەی لیتوانیا بوون. لیتوانیا یەکێ لەو ٣ کۆمارەی بەڵطیقی ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا بوو. کەچی بەڵشەڤیکیەکەکان ئەوکاتە تەنها ٦ هەزار ئەندامیان هەبووە .

هەموو ئەندامەکانی ئەو "بووند "ە لە کرێکارو خاوەن کارگەی نەتەوەی جولەکە بوون. زۆر بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کاریاندەکردو سەرمایەیەکی دارایی باشیان کۆکردبۆوە بۆ خەباتی سیاسی.

گرووپی مارتۆڤ پێی وابوو نابێ بەهیچ شێوەیەک دەست بۆ پارە و پولی حوکومی ببرێ وەک تالانکردن و دزی بانکەکانی حوکومی بە مەرامی کاری سیاسی. نابێ ڕاوڕووتی خەڵکی دەوڵەمەند بکرێ بەبڕوبیانووی پارە کۆکردنەوە بۆ حیزب. زۆر بیرو ڕای جوان و مەعقولی پێشنیار کرد .

بەڵام لێنین و جەماعەتەکەی تەنانەت پلێخانۆڤیش بەگەڵ لێنین کەوت وتیان ئەوانەی مارتۆڤ دەیڵێ هیچی قبوول نیە. بۆیە مارتۆڤ و ترۆتسکی و گروپەکەیان زۆرینە بوون و لە ٢٨ ئەندام ٢٣ ئەندامیان دەنگی دا بە گروپی مارتۆڤ. بەڵام لەدوا ساتەکانی کۆنگرەکە ٧ ئەندام لە گرووپی دەنگدەران بۆ مارتۆڤ دەنگی خۆیان کێشاوە کە لەنەتەوەی جولەکە بوون و داواکاری زیاتریان پێشکەش کرد بۆ ڕیکخراوەکەیان "بووند" بناسرێن وەک گروپێکی سەربەخۆی و ئۆتۆنۆمییەکی تەواوی هەبێ لە بڕیار و

چارەنووسی خۆیان.

بەڵام دیاربوو بە پرۆژەکەی مارتۆڤیش ڕازی نەبوون، هەربۆیە دەنگەکانی مارتۆڤ و لێنین بەڕێژە نزیکبوون. هەندێک سەرچاوە دەڵێن مارتۆڤ ڕاستە بەناوی مێنشەڤیک ناوبرا( واتە کەمینە أقلیة) بەڵام لە ڕاستیدا زۆرینەبوون تەنها پڕۆپاگەندی جەماعەتی لێنین بوون کە کەمتریان هێناوەو وتوویانە ئێمە زۆرینەین. وە هەندێک سەرچاوە دەڵێن مارتۆڤ زۆرینەبوون، بەڵام ڕێکوپێک نەبوون لە کاری ڕێکخستن و تۆزێک بەرەڵلایی تێدابوو لە ئەندام بوون و دەرچونیان. بەهەر حاڵ لەماوەی جیابوونەوەی ئەو ٢ لقە لە حیزب لەماوەی ١٩٠٣ تا ١٩١٧ هەموو ئەندامەکانیان کوێستان و گەرمیانیان کردووە، واتە ماوەیەک دەبوون بە ئەندام لەنیو مێنشەڤیکەکان و ماوەیەکی تر دەگەڕانەوە بۆ ناو بەڵشفیکەکان. تەنانەت سەرەتا ترۆتسکی لەگەڵ مێنشەڤیک بوو، کەچی پاشان بوو بە بەڵشەفیک. هەرچەندە سەرەتا بلێخانۆڤ لەگەڵ بەڵشەڤیەکەکان بوو، بەڵام هەر پاش ٢ ساڵ بەدوای ئەو کۆنگرەیە بە توندی ڕەخنەی لە لێنین و ترۆتسکی گرت لە سیاسەتی دیموکراتی مەرکەزی کە بەشێوەیەک لە شێوەکانی دیکتاتۆریەت دەیبینی. هەر بۆیە زیاتر بەلای مێنشەڤیکەکانەوە دایشکاندەوە. لەدوای ١٩٠٥ بەدواوە ڕەخنەی لە سیاسەتی لێنینی دەگرت لە چۆنیەتی خەبات لەدژی ڕژێم، کە نابێ ئێمە شۆڕشی پڕۆلێتاریا بکەین بێ ئەوەی بە قۆناغی دیموکراتی بچین و ڕوسیا هێشتا ئامادەی کودەتای پڕۆلێتاریا نیە .

ترۆتسکی هەر لەو کۆنگرەیە زۆر بە توندی ڕەخنەی لەهەموو کادیرو سەرکردەی پارتی سۆشیال - دیموکراتەکان گرت وتی ئێوە چیدەکەن لێرە؟ کاری ئێوە لێرە تەنها ڕۆژنامەو بەیان دەرکردنە. ئەوەی هەیە تەنها دەنگێکی ئۆپۆزسیۆنیەو هیچ سەنگێکتان نیە لەناوخۆی وڵات. پێویستە خەباتەکەمان بگوازینەوە بۆ ناو وڵات.

ئەویش بەگەڕانەوەی هەر یەکێ لە ئێمە دەبێ بۆ وڵات. ئەگەر بە ڕێگای قاچاغیش بێ دەبێ کاری سیاسی لەنێو خودی وڵات ئەنجام بدرێ، نەک وەک پەناهەندەو دەربەدەری وڵات لێرە کۆبووینەتەوە. ئێمە هەمووومان لێرە کەوتووین و چاوەڕوانی جەماوەری ناو خۆی وڵات دەکەین شۆڕشمان بەرپابکەن. ئێمە لێرە تەنها قسەی زل دەکەین. بەلام پارڤووس نەک تەنها لەسەر لێنین و هەڤاڵ-شۆڕشگێرەکانی تر قسەی هەبوو بەڵکو لەسەر ترۆتسکیش هیچی کەمتر نەبوو لەوانی تر کە پاڵی دابووەوەو ڕەخنەی لێگرتووە.

لێنین لە سویسرا پاڵید دابۆوەو هەر خەریکی وتار نووسین بوو. هەموو چالاکیە سیاسیەکانی لە چوارچێوەی پەناهەندە ڕوسەکان نەدەچووە دەرەوە،هەروەک لەناو بتلێکی سەرداخراو بوون. تەواو لە ڕوسیا دابڕابوون و بەهەمان شێوە ترۆتسکی وهەموو پەناهەندە سیاسیەکانی ڕوسیا.[22]

لە ٣ی ژانیوەری ساڵی ١٩٠٥ گیۆرگی گاپۆن توانی خۆپیێشاندانێک ڕێک بخاو دەنگە ناڕەزاییەکان لە خۆپیێشاندانێکی سەرتاسەری وڵات کۆبکاتەوە. یەکەم جار توانی ٨ هەزار کەس کۆبکاتەوە، بەڵام لە ٧ی ژانیوەری مانگرتنەکە تەشەنەی سەندو ١٤٠ هەزار بەشداری ئەو مانگرتنەیان کرد. خۆپیێشاندان و ڕوخانی قەیسەرو داوای ئازادی و دیموکراسی دروشمی خۆپیێشاندەران بوو. بەرەوام خەڵک لەمەیدانی کۆشکی زستانی قەیسەر بوون. ئیدی ترس کەوتە دڵی قەیسەرەوە وەزیری ناوەخۆی فەرمانی بە پۆلیس دا لە ٩ی ژانیوەر ساڵی ١٩٠٥ دەستیان لێوەشێنن و بەتەقەو ڕاونان خۆپیێشاندانەکە سەرکوتکراو نزیکەی ١٠٠٠ کەسێکیش کوژراو گەڵێکی تر برینداربوون و بووە هۆی گرتن

---

[22] - پارڤووس:-" لە تێکۆشێنەوە بۆ ڕاستی". لاپەڕە- ٢٧

و ڕاونانی سەرکردەی مانگرتنەکان. ئەو ڕۆژە بوو بە یەکشەممەی "خوێناوی بەناوبانگە" لە مێژووی ڕوسیا. بەڵام قەیسەر لەهەمان ساڵدا (١٩٠٥) تۆزێک بەدرەنگتر لێبوردەیی گشتی ڕاگەیاند و زیندانە سیاسیەکانی ئازاد کرد.[23]

هەر لەو کاتەی بزوتنەوەی شۆڕشگێری ڕوسیا دەستی پێکرد من ( پارڤووس) گەڕامەوە ڕوسیا لە ساڵی ١٩٠٤-١٩٠٥.[24]

ترۆتسکی قسەی خۆی بەجێ گەیاند بە پراکتیک گەڕاوە ڕوسیا . ترۆتسکی بەنهێنی لەڕێگای ئۆکرانیاوە- کییڤ ـ لە مانگی دووی ساڵی١٩٠٥گەڕایەوە. هەرلەوێ دەستی کرد بە نووسین بۆ چاپخانەیەکی ژێر زەمینی و بەنهێنی وتارەکانی بڵاودەکردەوە، بەڵام زۆری پێنەچوو بەرەو شاری پێترۆگرادی پایتەختی ڕوسیا بەرێکەوت بۆ کاری سیاسی لەگەڵ بەڵشەڤیک و مێنشەڤیکەکان کاریکرد. ژیان و گوزەرانی خەڵک و باری سیاسی وڵات زۆر کاریکردە سەر ترۆتسکی. تەنانەت بەرەو ئاراستەی توندڕەوی زیاتری برد. بەڵام زۆری نەبرد پۆلیسی نهێنی توانی لە ڕێگای سیخورەکانیەوە نامەیەکی ترۆتسکیان بەردەستکەوت و شوێن پێکەوتنی دەستی پێکرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون بەوپێیەی ترۆتسکی ڕایکرد بەرەو فینلەندا کە ئەو کاتە بەشێک بوو لە ڕوسیای قەیسەری. وەک ناوچەیەکی نیمچە ئۆتۆنۆمی دیفاکتۆ لەشێوەی هەرێمی کوردستانی ئێستا بووە. پۆلیسی نهێنی قەیسەری لەو ناوچەیە چالاکیەکانی سنوردار بوو.

هەربۆیە ترۆتسکی لە فینلەندا بۆ ماوەی چەند مانگێک لەوێ ماوە بەڵام جارێکی تر گەڕاوە پایتەخت و دەستی کردەوە بە چالاکی سیاسی و ڕێکخستنی خۆپێشاندان و

---

[23] ـ پارڤووس:-" لەتێکۆشینەوە بۆ ڕاستی". لاپەڕە ـ ١٥

[24] ـ پارڤووس:-" لەتێکۆشینەوە بۆ ڕاستی". لاپەڕە ١٢

ڕۆژنامەیەکی بەناوی "ڕوسکەیا گازێتە" ( واتە ڕۆژنامەی ڕووسی ) یان دەرکرد لەگەڵ پارڤووس. ئەو ڕۆژنامەیە نیو ملیۆن تیراژی لێ چاپ دەکراو بەنرخێکی هەرزان دەفرۆشا . بەڵام توانیان قازانجێکی ئێجگار زۆر لە فرۆشتنی ئەو ڕۆژنامەیە بکەن. توانیان جەماوەر بورووژێنن، دەنگە ناڕەزاییەکان کۆبکەنەوە لەدژی دەسەڵات .

## کاری ڕێکخراوەیی سیاسی ترۆتسکی

لەگەڵ ئەوەش ترۆتسکی چووە ناو ڕێکخراوێک بەناوی "نوێنەرانی کرێکارانی پێترۆگرادی سەڤێت" سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە کرێکاریە سەندیکاییە پیتەر خروستالیێڤ بوو .ترۆتسکی ناوێکی تری لەخۆی ناو بەناوی یانۆڤسکی خۆی ناساند بۆ ئەوەی پۆلیسی نهێنی قەیسەری نەیدۆزیتەوە کە ترۆتسکی خۆیەتی بەو ناوە کاردەکا . ترۆتسکی بۆیە ئەو ناوەی هەڵبژارد ، چونکە ناوی گوندی (یانۆڤکە) شوێنی لەدایک بوونیەتی و تێیدا ژیاوە.

لەماوەیەکی کەم توانیان لە ٥٠٠ ئەندامەوە تەشەنەبکا بۆ ٢٠٠ هەزار ئەندام. پاش ئاشکرابوونی ئەو ڕێکخراوە پیتەری خروستالیێڤ گیراو ئەو ڕێکخراوە چەپە سەندیکایە کەوتە ژێر دەستی ترۆتسکی و کرا بەسەرۆکی ڕێکخراوەکە لە نۆڤەمبەری هەمان ساڵ. ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوە ئەندامانی ئێسێر و مێنشەڤیک و ئەنارخیست و چەپی تری لەخۆ گرتبوو. تەنها بەڵشەفیکیەکان بەشدارییان لەو ڕێکخراوەییە نەکرد ، چونگە هەستیان دەکرد هیچ سەنگێکیان نابێ لەبەرئەوەی ئەندامەکانیان زۆر کەم بوون لەوکاتە، ئەگەر بەڵشەفیکیەکان ڕۆلی سەرەکی لە بزووتنەوەیەک تێدا نەبوایە ئەوا بەشداریان تێدا نەدەکرد. لە دیسەمبەری هەمان ساڵدا "نێونەرانی کرێکارانی پێترۆگراد سەڤێت" بەیانێکیان دەرکرد کە ئامانج و خەباتی ئەو ڕێکخراوەیە :

باج نەدانە بە حوکومەت و بووە هۆی ئەوەی جەماوەر پارەکانی خۆیان ڕابکێشن لەبەنقەکان بۆ ئەوەی حوکومەت ئیفلاس بکا . ئاژاوەو مانگرتن کارو پیشەیان دەبێ. دەنگە ناڕەزاییەکان لەدژی قەیسەرو حوکمی قەیسەر دەبێ. تەنانەت ترۆتسکی چەند ئەندامێکی ئەو ڕێکخراوەیەی بەناوی "نوێنەرانی کرێکارانی پێترۆگراد سەڤێت" لایەنگیری خۆیان نیشان دا بۆ خەباتی چەکداری لە دی قەیسەر. هەربۆیە ڕۆژێک پاش ئەو بەیانە پۆلیس توانی گەمارۆی شوێنی کۆبوونەوەیەکەیان بداو هەموویان بگرێ لەنێو ئەوان ترۆتسکی بوو. پاش لێکۆلینەوە لەگەڵی ئیدی بۆیان دەرکەوت کە ترۆتسکیەو دەمێکە بەدوایدا دەگەڕێن. لەگەڵ پارڤووس هاوەڵی کە ڕۆژنامەکەیان دەردەکرد دەستگیرکران و پاش لێکۆلینەوەو دادگایی کردنیان لە ٤ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٠٦ سزا دران بە دوورخستنەوەیان بۆ سیبیریا . لەکاتی گواستنەوەیان بۆ سیبیریا هەر بەڕێگاوە توانیان ترۆتسکی و پارڤووس و لیۆ دۆیتش (هەرسێکیان جولەکەو هاوخەباتی سیاسی بوون) ڕابکەن لە دەستی پۆلیس و بەقاچاغ جارێکی تر لە ڕوسیا دەربچن.

وەک باس دەکرێ ترۆتسکی لە ڕێگای ئیتالیاوە خۆی گەیاندەوە لەندەن ، بەڵام زۆر نەماوە لەوێ، بەڵکو بۆ ماوەی ٧ ساڵ لە ڤیەننا نیشتەجێ بوو. مانەوەی لە ڤیەننا بەهاوکاری برادەرێکی هاوخەباتیەوە بوو بەناوی ئەدۆلف جۆف ( جولەکەی ناوچەی تەتەرستانی قرم بوو). ئەدۆلف لە خێزانێکی بەگزادەی دەوڵەمەندبووە. کاتێ ئەدۆلف و ترۆتسکی لە ڤیەننا ژیاون هەردووکیان پاڵپشتی داراییان لەباوکیانەوە بۆ هاتووە. بەڵام دیسان ئەدۆلف هاوکارییەکی زۆری ترۆتسکی کردووە بۆ ئەوەی بتوانێ لە ڤییەنا ڕۆژنامەیەک دەربکات دوو هەفتە جارێک دەربچێ بە ناوی پراڤدە( ڕاستی) هاوکاری سەرەکی سەبارەت بە دارایی ئەدۆلف جۆفە بوو. هاوڕێیەتی ئەو دووانە تا ئەو کاتەی

لێکترازان و مردن پەیوەندیەکی توندو تۆڵیان هەبوو، هەرئەوە لێک نزیکبوونەوەی ئەو دوانە بوو ستالین ئیرەیی بە ئەدۆلف دەهات و بە پیاوی ترۆتسکی لەقەڵەمی دەداو لە دوا ساتەکان ئاوا نارەحەتیکرد کە خۆی بکوژێ. وە خێزان و منداڵەکانی رەوانەی سیبیریا بکرێن بە جۆرێک گەڕانەوەیان نەبێ .

ڕۆژنامەی پڕاڤدە تەنها ٥ ژمارەی لێ چاپکرا، بەوپێیەی تووشی قەیرانی دارایی بوو. هەربۆیە ترۆتسکی داوای هەم لە بەڵشەفیک و مێنشەڤیکەکان کرد هاوکاری دارایی بکەن و داوایکرد "لێڤ کامینییێڤ " بببێتە سەرپەرشتی دارای ئەو ڕۆژنامەیە. لێڤ کامینییێڤ زاوای ترۆتسکی بوو، واتە خوشکی ترۆتسکی لای کامینییێڤ بوو ئەویش جولەکە بوو هاو خەباتیشی بوو. بەڵام لێنین وتی بەمەرجێک ئێمە پاڵپشتی دارایی ئەو ڕۆژنامەیە دەکەین، ئەگەر سەرنووسەرەکەی لە ئێمە بێ و ئێمە سەربەپەرشتی ئەو پڕاڤدایە بکەین. زۆر هەوڵدرا ئەو دوو لقە لە حیزبی سۆشیال دیموکراتە ببنەوە یەک و زۆربەی ئەندامەکان حەزیان بەیەکگرتنەوە دەکرد هەوڵەکان تاساڵی ١٩١٠ بەردەوام بوو .

لێنین توانی هەندێک لە ئەندامەکانی مێنشەڤیک ڕازی بکا بێنە کۆنگرەی بەڵشەفیکەکان کە لە پراگ_ چیکۆسلۆڤاکیای کۆن و کۆماری چیکی ئێستاو ئەوکات لەناو ئیمپراتۆریەتی نەمسا- هونگاریادابوو. لەهەمان مانگی هەمان ساڵ لە ڤیەنا لقە حیزبیەکەی تری سۆشیال- دیموکراتەکەی ڕوسیا کە بەناوی مێنشەڤیکەوە بوو ئەوانیش کۆنگرەی خۆیان بەست واتە ٢ کۆنگرەی یەک حیزب لەدوو شوێنی جیاواز بەسترا.

ترۆتسکی لەکاتی نیشتەجێ بوونی لە ڤیەنا وتاری دەنووسی بۆ ڕۆژنامەکانی دژ بە قەیسەرو دەسەڵات بۆ ئۆکرانیەکان، بۆ سۆشیال دیموکراتەکانی ڕوس و ئەڵمانیەکان.

ئۆکرانیەکان داوایان لە ترۆتسکی کرد وەک پەیامنێرێکی رۆژنامە ئۆکرانیەکەیان بچێتە بەلقان و هەواڵی شەڕی بەڵقان ڕۆماڵ بکا . ئیدی بۆ ماوەی ساڵێک بەردەوام بوو لەو کارەی .

بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی یەکەم و نەمسا- هونگاریا شەڕیان لەدژی ڕوسیا ڕاگەیاند ترۆتسکی ناچاربوو ڤیەنا بە جێ بهێلی، بەگوێرەی یاسای شەڕ نابێ هاوڵاتی دوژمنت لای تۆ هۆگر بێتەوە. هەربۆیە بەرەو سویسرا گواستیەوە وەک دەوڵەتێکی بێ لایەن. ترۆتسکی و مارتۆڤ و لێنین لەدژی شەڕو بەشداربوونی وڵاتی ڕوسیابوون و لەو شەڕەدا هەڵوێستیان وەرگرت، کەچی زۆربەی سۆشیال دیموکراتەکانی ڕوسیاو ئەڵمانیاو وڵاتان هەر هەموویان لایەنگیری وڵاتی خۆیان دەکردو پاکانەو شەرعیەتیان دەدا بە وڵاتی خۆیان کە بەشداری شەڕیان کردووە، وەک پلێخانۆڤ و زۆربەی ئەندامەکانی بەڵشەڤیک و مێنشەڤیکەکان.

پارڤووس دەڵێ:

"ڕادیکاڵەکانی وەک لێنین و ترۆتسکی داوایان لە سۆشیال- دیموکراتەکانی ئەڵمان دەکرد کە بەسەربازەکانی خۆیان بڵێن ڕووی تفەنگەکانیان لە حوکومەتی ئەڵمان بکەن، بەڵام ئەوکارەیان نەکرد، چونکە پێیان ڕاست نەبووەو واقیعی و نیشتمان پەروەری نەبوو، لەهەمان کاتدا ڕادیکاڵەکانی وەک لێنین و ترۆتسکی حەزیان بە شکستی ڕوسیای قەیسەری دەکرد لەشەڕی جیهانی یەکەم ، کە دەبووە مایەی سەرکەوتنی ئەڵمان ، بەڵام پارڤووس دەڵێ پێم وانیە هێندە ڕاستگۆ بن حەز بکەن ڕوسیا شکست بهێنێ بەرامبەر بە ئەڵمان، بەڵکو لەو حاڵەتە نقەیان لێوەنایە ئەگەر

داوایان لێبکەیت دەبا سەربازەکانی ڕوس تفەنگەکانیان بەرەو ڕووی قەیسەر بێ و ڕوسیا بشکێ لەو شەڕەو دەبا ئەڵمان سەربکەوێ".[25]

هەر لەوکاتە ترۆتسکی پەڕتووکێکی نووسی بەناوی " شەڕ و نێونەتەوەیی ". ئاماژەی بەوەکرد کە پێویستە کرێکارانی هەموو جیهان هەموویان یەکبگرن لەیەکیەتیەکی نێونەتەوەیی بۆ ئاشتی و لەڕێگای سەرکردایەتی کردنی حوکمەتەکانیانەوە. لەبەر ئەوەی پارتە چەپەکان هەریەکەو بەشێوەیەک پاکانەو لایەنگیری وڵاتی خۆی دەکرد لەو شەڕە. ئیدی هەر ئەوە بووە هۆی شکست و لێکدابڕانی پارتە سۆشیالیستەکانی ئەوروپاو تێکچوونی ئینتەرناسیۆنالی دووهەم. لێنین بریاری کۆتایی دا کە دەبێ بەڵشەڤیکەکان ئیدی بکشێنەوە لەو ڕێکخراوە جیهانیە.

پارڤووس دەڵێ:

" دەڵێ لێنین و پلێخانۆڤ زیاتر ڕەخنەیان لێم گرتووە لەسەر بیروبۆچوونەکانم لەسەر شکستی ڕوسیا بەرامبەر بە ژاپۆن لەساڵی ١٩٠٥، پێیان وایە لاوازی ڕوسیا بووەتە هۆکاری سەرکەوتنی ژاپۆن، بەڵام پارڤووس دەڵێ ساڵی ١٩١٤ واتە سەرەتایەکی نوێیەو خەڵک هەستی نیشتمان پەروەری و ناسیۆنالیزمی خۆی بۆ وڵات و حوکومەتەکەی بەهێزترو توندتر بووە لەهەموولایەکەوە، بە پێچەوانەی دید و بۆچوونی ڕادیکالەکان، وەک لێنین و ترۆتسکی و پلێخانۆڤ، کە پێیان وایە ئێستا بە پێچەوانەی ساڵی ١٩٠٥ نیشتمان پەروەری و ناسیۆنالیزمی لەناو چووە".[26]

---

[25] -پارڤووس:-" لە تێکۆشینەوە بۆ ڕاستی".لاپەڕە- ٦

[26] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.لاپەڕە- ٨

ترۆتسکی زۆر نەماوە لە سویسرا، بەڵکو بەرەو فەرەنسا بەڕێکەوت و لەوێ نیشتەجێ بوو. بەڵام هەر لە فەرەنساوە دەنگ و چالاکیەکانی دەگەیشتە بەرەی شەڕ. ترۆتسکی توانی کاریگەری بخاتە سەر سەربازانی ڕوسیا بۆ ئەوەی بەشداری شەڕ نەکەن. تەنانەت لولەی تفەنگەکانیان بەرەو ڕووی دەسەڵاتی قەیسەر ئاراستە بکەن نەک بۆ بەرەی جەنگ. فەرەنسا ناچار بوو ترۆتسکی دەست بەسەر بکا چونکە پرۆپاگەندەی دژی شەڕ و بەشداربوونی ڕوسیای دەکرد لەو شەڕە کەهاوپەیمانی ڕوسیا بوو. بەڵام زوو ئازادکرا لە ڕێگای هاوبیرە سیاسیە فەرەنسیەکانیەوە. ترۆتسکی ئیدی ناچار بوو فەرەنساش بە جێ بهێڵێ و بەرەو ئیسپانیا بەڕبکەوێ. بەڵام ئیسپانیا حەزی نەکرد کەسێکی ئاژاوەگێری جیهانی لە سەر خاکەکەی هەبێ، بۆیە داوای لێکرد وڵات بەجێ بهێڵێ. لە ٢٥ی دێسەمبەری ساڵی ١٩١٦خۆی و خێزان و منداڵەکەی بەرەو نیۆرک بەرێ کەوتن بەو پێیەی خاڵە دەوڵەمەندەکەی لەوێ بوو. لە ئیپسانیاوە بلیتێکی First Class وەک ڤی ئای پی کری بەرەو ئەمەریکا- نیۆرک بەڕێگای کەشتی دەریایی بەڕێکەوت لە ١٣ی ژانیوەری ساڵی ١٩١٧ گەیشتە نیۆرک .

باوکی ترۆتسکی زۆر هاوکاری دارایی دەکردو خاڵێکی ترۆتسکی بەناوی ئەڤرام ژیڤاتۆڤسکۆڤ لە ئەمەریکا- نیۆرک دەژیاو بانقێکی هەبوو ئەویش پارەی بۆ دەنارد کاتێ لە فەرەنساو ڤیەننا بوو. واتە ترۆتسکی لە ڕووی مادییەوە هیچ کاتێک کێشەی دارایی نەبووە، بەڵکو لە خۆشترین ئەپارتمێنت ژیاوە لەناو جەرگەی جولەکەی نیۆرک وەک مەنهاتن و بازاڕو بانقی سەرمایەداری جیهان و جوانترین جل و بەرگی لەبەرکردووەو خواردنی لە باشتری ڕێستوڕانت خواردووە. تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیک کاری نەکردووە وەک کرێکاری یان هێزو بازی خۆی بەکار بهێنی بۆ بژێوی ژیانی. . لەگەڵ بوخارین و ڤۆڵۆدارسکی و ئوریتسکی و تشودنۆڤسکی (هەموویان جولەکە بوون)

و کەڵەنتای(لە باوکێکی ڕوس و دایکێکی فینلەندی لەدایکبووە) پێکەوە دیسان ڕۆژنامەیەک بەزمانی ڕوسیان بە چاپ دەگەیاند بۆ تاراوگە ڕووسەکان بەناوی" نۆڤی میر" واتە جیهانی نوێ

ئۆفیسی ئەو چاپخانەیەو ماڵی ترۆتسکی لە بەهاترین شوێنی نیۆرک بووە. لە گرانبەها ترین ئەپارتمێنت ژیاوە، واتە لەناوچەی تایم سکوێر نێوان شەقامی ئەڤێنیو ٧ و شەقامی برۆدڤیو ١٢٠ژیاوە. ئەو ناوچەیە سێنتەری جولەکەی نیۆرک بووە و تاوەکوو ئەمرۆ ئەو شوێنە نێوجەرگەی پارەو پوول و بازاڕی ئاڵووگۆڕی پارەو بارزگانیە. زۆربەی هەرە زۆری بانق و سەرمایە لە وولْ ستریت و برۆدڤیویی نیۆرکە. ئەو نیمچە دوورگەیەی نیۆرک بە مەنهاتن ناودەبرێ. بەگوێرەی سەرژمێری ساڵانی هەشتاکان تەنها لە نیۆرک ٣ ملیۆن جولەکەی تێدا ژیاوە، بێ گومان ئێستا زیاتریشە. مێژووی جولەکەی نیۆرک مێژوویەکی کۆنی هەیە .

ترۆتسکی تەنانەت شۆفێری خۆی هەبووە بە ماشین ئەوی هێناوەو بردووە لەساڵی ١٩١٧. گومان دەکرێ کە خاڵی ترۆتسکی لەگەڵ برای یاکۆڤ سڤێردلۆڤ بەناوی بنیامین سڤێردلۆڤ (ئەوانیش هەر جولەکەی ڕوس بوون) ئۆفیسی بانقی ئەو دووانە هەر لەهەمان شەقامی ١٢٠ی برۆدڤیو بووبێ. گوایە ئەو دووانە دەستیان تێکەڵ کردبێ لەگەڵ ئینگلیزو سیخوریان کردووە بەسەر چالاکیەکانی حیزبە چەپ و سیاسیەکانی ڕوس لە نیۆرک.

یاکۆڤ سڤێردلۆڤ ڕۆڵێکی خراپی هەبووە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەرو تاوانباری سەرەکی بووە لە کوشتنی بنەماڵەی قەیسەرو منداڵەکانیەوە. واتە یاکۆ سڤێردلۆڤ کە سەرکردەیەکی بەڵشەڤیکی دەستڕۆیشتوو بوو هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئەو ڕۆژەی مرد، هەموو بڕیارەکانی کووشندە بوون. کەسێکی دەروون نەخۆش بووەو هەر بەئازاری

جەستەوە سەری ناوە، زۆر زوو مرد، ئەگینا مانەوەی سڤێردلۆف کارەساتێکی مرۆڤیی دەخوڵقان لە ڕوسیا لە کوشتنی مرۆڤەکان. من لەو باوەڕدام ئەگەر نەمردبایە تاکۆتایی سالانی سییەکان حەتمەن ستالین دەیکوشت وەک دژی گەل و هاوەڵی ترۆتسکی، لەپاڵ ئەمەش ستالین زۆر قینی هەڵگرتبوو لە نەتەوەی جوو لەناوی حیزب.

زۆری نەخایاند لە ڕوسیا ڕاپەڕین سەری هەڵدا کە بەناوی" ڕاپەڕینی فێڤڕال" بەناوبانگە. هەربۆیە ترۆتسکی نەیتوانی خۆی بگرێ لەدوور ولات وەک تەماشاکەر بێ، بەڵکو پێویستە کاراکتەری سەرەکی ئەو خۆپێشاندانانە بێ. تا ئەوکاتە توانی پاسپۆرتی ئەمەریکیش بەدەست بهێنێ و بگەڕێتەوە ڕوسیا . لە ٢٧ی مارتی ساڵی ١٩١٧ بەرەو ڕوسیا بەڕێکەوت، بەلام لە کەناری هالیفاکس- نۆڤەسکۆشیای ولاتی کەنەدا کەشتیەکەی وەستێنرا . لە کاتی پشکنین لە ناو گەشتیارەکان ترۆتسکیان ناسیەوە کێیەو ئامانجی گەڕانەوەی بۆ ڕوسیا چیە. هەربۆیە دەست بەسەرکرا بۆ ماوەی مانگێک بەفیتی هەواڵگری ئینگلتەڕا M15 ئەوکارە ئەنجامدرا .

بەلام لەبەر ئەوەی حوکومەتی کاتی لە ڕوسیا دامەزرابوو بە سەرۆکایەتی کیرێنسکی و لێبووردەیی گشتی بۆ سیاسی و تاوانبارانیش دەرکرابوو و بریتی بوو لە ئازادی ڕادەربڕین و چاپەمەنی و میدیاو چالاکی خۆپێشاندان و پلانی هەڵبژاردنی سەرتاسەری لە ئارادا بوو. هەربۆیە وەزیری دەرەوەی حوکومەتی کاتی ڕوسیا لەڕێگای پەیوەندی کەناڵی دیبلۆماسیەکەیەوە داوای ئازادکردنی هاولاتیەکی ڕوسی کرد بەناوی ترۆتسکی لە حوکومەتی کەنەدا . ئیدی حوکومەتی کەنەدا نەیتوانی زیاتر دەست بەسەری بکا لەبەرئەوەی ڕوسیا لێبووردەیی گشتی ڕاگەیاندبوو. هەربۆیە ترۆتسکی ئازادکراو لە ٢٩ی ئەپریلی ١ بە کەشتیەکی تر ڕەوانەی پێترۆگراد کراوە. لە

١٧ ئایاری ساڵی ١٩١٧ گەیشتە پێترۆگڕادی ڕوسیا . جەماوەرێکی زۆر پێشوازیی گەرمیان لە ترۆتسکی کرد .

لیۆنید ملێتشین باس لە یەکێ لەو خاڵانە دەکا :

"لێنین بەدەرفەتی زانی یان وەک خاڵی لاوازی کیرێنسکی زانی ئەویش ئەوەیە : لە دیدی لێنینەوە چۆن سزای هەڵواسین و کووشتن ڕەت دەکەیتەوەو ئازادی بێ سنووربێ، کەچی لێنین پێی وابوو بێ خوێن ناتوانیت دەسەڵات بپارێزیت بێ خوێن .وە هەمیشە دوژمنەکانی لەبیرنەکردووە ." [27]

## کۆتایی قەیسەر پاش مانگرتنی فێڤڕایل

قەیسەر ئیدی لەدوای مانگرتن و خۆپێشاندانەکەی مانگی دووی ساڵی ١٩١٧ نیکۆلای دووهەمی قەیسەری ڕوسیا بە فیعلی هیچ کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی نەما نە بەسەر پەرلەمان و نە بەسەر دەوڵەتەوە، چونکە ناڕەزاییەکانی گەڵ لەبەردەوامی شەڕی جیهان و قەیرانی حیزبە سیاسیەکان و ئەندامەکانی ناو پەرلەمان و ئاژاوەی ناوخۆیی لە خۆپێشاندان و برسیەتی و خراپی بەڕێوەبردنی بواری ئابووری و لە ژێر فشاری پەرلەمان، لەمانگی مارت ساڵی ١٩١٧ بەفەرمی واژۆی دەستبەرداری حوکم و

---

27 - https://slovakia.mid.ru/revolucii-1917/-/asset_publisher/OmdbJKPMMyWN/content/kak-lenin-sel-k-vlasti-istoriceskij-ekskurs-leonida-mleci-1?inheritRedirect=false

ئیمپراتۆریەت بوو. واتە سێ سەد ساڵەی حوکمی بنەماڵەی ڕۆمانۆڤ کۆتایی پێهێنرا. حوکومەتی کاتی بەسەرۆکایەتی لْڤۆڤ پێکهێنراو هەر خودی خۆی بوو بە وەزیری ناوخۆی. لْڤۆڤ لەبنەماڵەی میرو دەرەبەگی ڕوسیا بوو کە دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەی قەیسەرەکانی کۆنی پێش بنەماڵەی ڕۆمانۆڤ. کیرینسکی بوو بە وەزیری داد، بەڵام زۆری نەخایاند لڤۆڤ وازی هێناو کیرێنسکیان هەڵبژارد وەک سەرۆک وەزیران .

"هەر هەموو ئەندامانی حوکومەتە کاتیەکەی کیرێنسکی کەسانی زیرەک و نیشتمان پەروەرو دەست پاک بوون، بەڵام کەسانی سیاسی نەبوون و لەناو جەماوەر ناسراو نەبوون بۆ ئەوەی جەماوەریان هەبێ، زۆربەیان خاوەن بڕیار نەبوون، غیرەت و جورئەتی تەواویان نەبوو لە بریارەکانیان. ئەو پەیامەو ئەرکەی هەڵیانگرتبوو لە ئەستۆی ئەوان زۆر زیاتر بوو" ئەمە وتەی مۆریس پالیۆلۆگ- باڵوێزی فەرەنسا بوو لە ڕوسیا بۆ حوکومەتە کاتییەکەی کیرێنسکی .

حوکومەتی کاتی چەند بریارێکی باشی دا :

هەموو ئەو بەرپرس و کەسە نزیکەکانی بنەماڵەو لایەنگرانی قەیسەریان بەلاوە ناو و دەرکران لەسەر کار وەک پارێزگاکان و سەرۆک شارەوانیەکان، لە شوێنی ئەوان کۆمیسەرەکانی ناوچەکە دەست بەکار بوون. سانسۆڕ نەما لەسەر هیچ شتێک. بڕیاریاندا بەیاسایەک کە هەموو ئازادی ئاینی و سیاسی لە وڵات شەرعیەتی پێ بدرێ و کەس نەچەوسەندرێتەوە لە سەر بنەمای ئایین و نەتەوە و بیرو بۆچوون. هەموو زیندانیانی سیاسی و تاوانبارانی کووشتنیش هەر هەموویان ئازاد کردن (لێبووردەیی گشتی بەرقەرار بوو) ئازادی هاتووچۆ و نیشتەجێ بوون و گۆڕینی شوێنی گووزەرانی و بەربەستی بۆ دروست نەکرێ بۆ خوێندن و کۆلیژی سەربازی و خزمەتی

حوکومی. یاسایەک دەرچوو بۆ ڕێگا پێدان بۆ کۆبوونەوەی گشتی و دروستکردنی ڕێکخراو و حیزب. خەڵک هەستی بەخۆشیەک کرد کە ئازادی و یەکسانی و برایەتی هاتۆتە ئاراوە. ئەو دروشمە ئاواتی هەموو چین و توێژی ڕۆشەنبیری ئەوکات بوو. کڵێسای ئەرثەدۆکسی شەڕقی پیرۆزبایی و شەڕعیەتی دا بە دەسەڵاتی نوێ.

خەڵک لە هەموو شارەکان هەڵپەڕکی و خۆشی و شادییان دەکرد. ڕۆژانە جاری وا هەبوو خەڵک بە ١٠ کاتژمێر کۆبوونەوەی جەماوەریان لەناو مەیدان و گۆڕەپانی شارەکان بەڕێوە دەبردو باسی سیاسی و شۆڕش و گۆرانی شۆڕشگێریان دەوتەوە. لەناوجادەکان دروشمی گاڵتەجاریان بە بنەماڵەی قەیسەرو وەزیرەکانیان دەکردو شانۆی کۆمێدیان لە دژی قەیسەر پێشکەش دەکرد. ڕک و کینەی خەڵک لە دەسەڵاتی کۆنی قەیسەر بەسەر پەیکەرو وێنەو هەموو هێمایەکی قەیسەڕ شکاوەو پەیکەرەکانیان ڕوخاند .

کڵێساو پیاوە ئایینیەکان هەمیشە لایەنگرو دۆستی قەیسەربوون، تەنانەت بەشێک بوون لە دەسەڵات. هەربۆیە خەڵک بە چاوێکی گوماناویی و سووکایەتیەوە سەیری قەشەو پیاوە ئایینیەکانیان دەکردو تیرو توانجیان تێدەگرتن لەبەر ئەوەی پیاوی قەیسەربوون، هەربۆیە ئێستا لەو حوکومەتە نوێیە هیچ دەوریان نیە

## دوا سەرنج لەسەر کیرێنسکی

زۆرینەی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان پشتگیری کیرێنسکیان کرد بۆ ئەوەی وەک قۆناغی گواستنەوە ـ إنتقالی ـ لە حوکمی کاتی بەرەو هەڵبژاردن و دروستکردنی حوکمێکی ئیئتلافی دروستبکرێ نەک تەنها زیندانی سیاسیەکانی سەردەمی قەیسەری ئازاد کرد،

بەڵکو زیندانی جینائی- تاوانباری کووشتن و دزو جەردەکانیشی بەردا گرتووخانەکانی بەتاڵکرد لە زیندانیان، وتی بەسە گرتن و کوشتن. ئازادی ڕادەربڕین تا ئەوپەڕی بێ سنووربوو. ڕۆژانە لەو مەیدانانە بە سەدان و هەزارەها کەس کۆدەبوونەوەو هەر کەسە و هەڵدەستا ووتارێکی دەخوێندەوە، کەس مافی نەبوو ڕێگای لێبگرێ. هەموو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیەک ئازاد بوون، تەنانەت ئەگەر وتارەکان لەدژی کیرێنسکی و حوکومەتەکەیشی بنووسرایە. شەو ڕۆژ بەڵشەڤیکیەکان لەدژی کیرێنسکی کۆبوونەوەی جەماوەریان ڕێک دەخست و مارشی گەرێلایان بەناو شارەکان دەکردو سروودی شۆڕشێگری تەڤگەڕی هەڤاڵی بارگرانیان دەوتەوەو کەس ڕێگەی لێ نەگرتبوون. لەناو پەرلەمانی کیرێنسکی و حوکومەت و پێتروۆگراد سەڤێت و هەر چ ڕێکخراوێک دابمەزرایە ئەوان خۆیان تێ دەکرد و لەهەوڵی دەست بەسەر داگرتنی بوون و ئەگەر نەیان توانیبایە دەست بەسەر ئەو ڕێکخراوە دابگرن بۆ ئەوەی زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبنهێنن و زاڵبن بەسەر حیزبەکانی تردا، ئەوا یەکسەر لەو ڕێکخراوە هاوپەیمانیەتە دەردەهاتن ئەگەر ببوونایە بە کەمینەو قسەیان لەدژی دەکرد پاش دەرچوونیان .

لە سەردەمی حوکومەتی کاتی ئێسێرەکان و کادێت و مێنشەڤیک و مۆنارخیستەکان دەنگی باشیان هەبوو لەناو دووما ( پەرلەمانی ڕوسیا )، پاشان خودی کیرێنسکی حیزبێکی نەبووەو فکرەو ڕێکخراوێکی دروست نەکردبوو بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشتی. تەنانەت ئەو گێنێراڵانەی کەلە خزمەتی قەیسەڕ بوون هەر بەنەمان و وازهێنانی قەیسەر لە دەسەڵات ئیتر هەر ژەنراڵێک و خۆی دەکرد بە خوداو حسابی بۆ کەس نەدەکردو خۆی بوو بە خاوەنی خۆی و هێزەکەی بۆ خزمەتی خۆی بەکار دەهێناو گەلێ لەوان داوای حوکمی سەربازی وڵاتیان دەکردو حسابیان بۆ هیچ حیزبێک نەدەکرد.

هەربۆیە حیزبی شۆڕشگێری سۆشیالیست (ئێسێرەکان) بووە پاڵپشتی کیرێنسکی وەک هەڵوێستێکی نیشتمانی و وڵات پارێزی لە دژی هێرشی ئەڵمان و پشتگیری سەربازی و سوپای کرد بۆ بەردەوامی سەرکەوتنی بەسەر ئەڵمان. بەڵام دروشمە باق بریقەکانی لێنین وەک :

سەرباز بۆ ماڵەو شەڕنەکەن و جوتیار دەبێتە خاوەن زەوی و بەرهەمەکەی بۆ خۆی دەبێ و کرێکار بە ویستی خۆی کاربکاو مافی بەسەر خاوەن کارەوە، بێگومان ئەو دروشمانە بۆ ئەوکات هەرچی سەرباز هەبوو بەدوای بەڵشەفیک کەوتن لەدوا قۆناغ هەربۆیە کیرێنسکی و ئێسێرو حیزبەکانی تر جەماوەریان ڕۆژ بەڕۆژ کەمتر دەبووەوە. بەتایبەتی پاش ئینقلابەکەی بەڵشەفیک زۆربەی حیزب و ئەندامانی حوکومەتی کاتی سەرانی حوکومەتی کاتی لەشاری پێترۆگراد دەرچوون بەرەو ناوچەی ڕۆژهەڵات و باشووری وڵات لەوێوە حوکومەتی کاتی حوکمێکی سەربەخۆی ڕاگەیاند بێ پاڵپشتی سوپای سپی و چەکداری چۆن سەردەکەوێ ئەگەر هێزی سەربازیت نەبێ هەربۆیە زوو لەناو چوو!

## جەنگی جیهانی یەکەم و قەیرانی سیاسی و ئابووری

قەیرانی سیاسی ئەو کاتە دروستبوو، کاتێ چینی هەژار و سەربازەکان ناڕازی بوون لە بەردەوامیەتی شەڕو حەزیان لەو جەنگەی جیهانی نەدەکرد بەردەوام بێ و لەو وەزعەی کە تێیدا دەژین و داواکاریەکانیان زیاتربوو وەک لە بەڵێنەکانی حوکومەتی کاتی کە بەڕێوەیان ببا . هەربۆیە لەنێو خۆیان بە فیتی حیزبە چەپەکان بەتایبەتی مێنشەڤیکیەکان توانیان کۆمیتەیەک دروستبکەن کە هەموو کرێکارو دەنگی سەربازەکانی تێدا جێگا ببێتەوە ئەو کۆمیتە بەناوی" پێترۆگرادی سۆڤیەت" یان

بەشێوەی ڕوسیەکەی باوە ( پێترۆگراڕدسکی سەڤێت) درووستکرا . ئەو کۆمیتەیە نوێنەرایەتی کرێکارو سەربازەکانی دەکرد بە سەرۆکایەتی " نیکۆلای سیمیۆنۆڤیتش چیخیدزێ" کە بە نەتەوە گرووزینی بوو. بەهۆی چالاکی سیاسیەوە تەنها توانیویەتی قووتابخانەی ئامادەیی تەواو بکا، چونکە ٢ جار دەرکراوە لە دانیشتگای نۆڤۆڕەسییسکی و پەیمانگای بەیطەرییە ـ ڤێرتەنەری ـ ئیدی تەواو و داوی ئەوە دەستیکرد بەسیاسەت .

پێترۆگرادسکی سەڤێت بریتی بوو لە مێنشەڤیکەکان. هەر ئەوکەسانە بوون کە لە مانگی دوو یاخی بوون یان مانیان گرت، کە بەڕوسیەکەی پێی دەڵێن "فێڤڕالسکەیا ستاتشکە" مانگرتن (إعتصام). ئەندامی سەرکردایەتی ئەو یاخی بوونە بریتی بوون لە گڤەزدییێڤ، بۆگدانۆڤ، سکۆبیلییێڤ و چیخیدزێ .

چیخیدزێ لە بنەماڵەیەکی دەرەبەگ و دەوڵەمەند بوو. لەمانگی دووهەمەوە ڕێکخەرو سەرۆکایەتی ئەو گرووپە مەنشەڤیکیەی دەکرد. ئەندامانی پێترۆگرادسکی سەڤێت لەلایەن خەڵکەوە هەڵنەبژێردرابوون، بەڵکو هەر خۆیان کردبووە خاوەن ماڵ و خۆیان کردە بە بەرپرس و بەڕێوەبەری دەوڵەت .

حوکومەتی کاتی و پێترۆگرادسکی سۆڤێت وەک دوو دەزگای دژ بەیەک وڵاتیان بەڕێوە دەبردو بڕیارو یاساکانیان لەلایەن یەکترەو شەرعیەتیان نەبوو .

کۆمیتەی پێترۆگڕادسکی سەڤێت بڕیارێکی زۆر خراپیان دەرکرد :

هەر تیپێک، هەر لڤێک، هەر بەشێک لە سەربازو سەربازگەیەک دەتوانێ نوێنەری تایبەت بە خۆی هەبێ و هەڵیبژێرن و گوێڕایەڵی فەرمانی ئەوبن. بەگوێرەی ئەم بڕیارە :

سەرباز مافی هەبوو فەرمانی ئەفسەرەکەی خۆی بەجێ نەهێنێ. یان هەر تیپێک

ئەگەر حەز بکا بەهەموویان بریار بدەن شەڕبکەن یان نەیکەن بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ فەرمانی سەرووی خۆیان. ئەو بڕیارە وایکرد ببێتە هۆی گوێنەدان بە خزمەتی سەربازی. بەڕەڵایی کەوتە ناو سووپا لەشەڕی جیهانی یەکەم. دیسیپلین نەما، چونکە سەرباز مافی ئەوەی پێدرا بوو فەرمانی ئەفسەرەکەی خۆی ڕەت بکاتەوە سەبارەت هێرشکردن و بەهەموویان بەیەک دەنگ لەدژی فەرمانی ئەفسەرەکە بوەستنەوە. بەهۆی ئەو بڕیارەوە زۆر کارەساتی مرۆیی ڕوویدا وەک حاڵەتی کوشتنی ئەفسەرو فەرمانبەرەکانی خۆیان کاتی گوێڕایەڵی فەرمانی نەبوون و دەمەقاڵی درووستبووە. حاڵەتی وا هەبووە بەهەموو سەربازەکان ئەفەسەرەکانی خۆیان کوشتووە. هەموو تیپێک کۆمیتەی سەربازی خۆی دروست دەکردو بریار لەوێ دەردەچووە. زۆرێک لەو سەربازو ئەفسەرانە لە سووپا کشانەوەو چوونە ناو ڕیزی شۆڕش یان لەدژی شۆڕش یان تەنانەت لە دژی کۆمیتەی پێترۆگرادی مێنشەڤیکەکانیش وەستانەوە .

بەیان و بڵاوکراوەکانی پێترۆگرادسکی سەڤێت بەتایبەتی بۆ ئەو بڕیارەی سەرەوە بە ٩ ملیۆن تیراژ بەسەر ئەفسەرو سەربازەکان دابەشکراون. زۆربەی بڵاوکراوەکانیان بەبەلاش بڵاودەکرانەوە کە پارەیەکی زۆری تێدەچوو. گومان لای زۆر چاودێری سیاسی ئەوکات دروستبوو، ئایا پێترۆگرادسکی سەڤییێت ئەو پارەیەی لە کوێ دەهێنێ؟

## لێنین- کورتە باسێک لەسەر ژیاننامەی سیاسی

بەڵاو باجی ئەو شۆڕشە هەموو لەو شارەوە دەست پێدەکا کە ٧٠٠ کیلۆمەتر لە مۆسکۆوە دوورە بەناوی سیمبیرسکی. شارێکی زۆر گەورە نیە لەناو جەرگەی ڕوسیایە. ئەپریڵی ساڵی ١٨٧٠ ڤلادیمیر ئیلیتش ئولیانۆڤیتش- لێنین لە دایکبوو و لە دواڕۆژ ناسراو دەبێ بە لێنینی ٢٢ کە ژمارە حیزبیەکەی بوو. خێزانی ئولیانۆڤ بریتی بوو

لە ٦ منداڵ. خێزانێکی تەباو تێرو تەسەل دەژیان. لەگەڵ ئەوەی لە ڕاگەیاندنە فەرمیەکان دەڵێن خەڵکێکی سادەبوون، بەڵام زۆر دوورە لە ڕاستیەوە. بەگوێرەی زانیارییە فەرمیەکان لێنین لەنەتەوەی ڕوسی بێگەردە. تا ئەو دواییانە ڕاستیەکان شاراوەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەش زۆربەی ئەو بۆچوون و گریمانەی لەسەر ڕەسەنایەتی و نەژادی لێنین لێک نزیکن. یەکێ لەو گریمانە دەڵێن :

یەک دڵۆپە خوێنی ڕوسی تێدانەبووە. دایکی وەک ئەڵمانیەک تێکەڵ بە خوێنی سوێدی و جولەکەیی بووەو باوکی نیوە خوێنی لەنەتەوەی کەڵمیک( نەژادێکی ئاسیاوی سیبیری لەشێوەی ئەسکیمۆ و چاو باریک) و نیوەکەی تر لە تشوڤاش( نەتەوەیەکە نەژادیان دەگەڕێتەوە سەر تورک). گریمانێکی تر هەیەو دەڵێ :

ڕەچەڵەک و بنەچەی لێنین لەباوکەوە ڕەگێکی لەنەتەوەی ڕوس و نەتەوەی چوڤاشی تورکی ئاسیاوی هەبووە. لە دایکەوە : باپیری دایکی جولەکەی ئۆکڕانیا بووە بەناوی ئیسرائێل(ئەلێکساندەر) بلانک، بەڵام دایکی لێنین خۆی دەگەڕێنێتەوە سەر نەتەوەی ئەڵمان.



**لیۆنید ملێتشین لە پەڕتووکەکەی بەناوی" لێنین"** دەڵێ :

لێنین زۆر کوورتەبنەو قوتەبووەو دەم و چاوێکی سەیری هەبووە، لە ئاسیاوی ڕەنگ پێستی سوور و سپی و کەللە سەری زۆر گەورەتر بووە وەک لە دەم وچاوی. کاتێ قسەی کردووە نەیتوانیوە پیتی " ڕ" بلێ لەبری ئەوە وتوویەتی "غ " شایەت لەبەر ئەوە بێ ڕەگێکی چووبێتەوە سەر ئەڵمان هەربۆیە نەیتوانیوە پیتی ڕ بەجوانی دەربهێنی. هەربۆیە لە قوتابخانە هەمیشە قوتابیەکان گاڵتەو قەشمەریان پێکردووە لەبەر ئەوەی هەیکەلی بچووک و بوودەڵە بووە. هەر بۆ زانیاری زۆر عەرەبی خەڵکی بەغداو موصل هەن بە غ غ بە قوڕگیانەوە قسەدەکەن. ئەگەر بێتەوە بیرتان عودەی کوڕی صەدام'یش کاتێ قسەی دەکرد بە غ غ قسەی دەکرد وەک بڵێیت لەجیات "کوڕی کەر بلێ

" کوغی کەغغ ". ئینجا لێنین'یش ئا بەم شێوەیە قسەی کردووە. وە بۆ بەدبەختی لێنین زمانی ڕوسی زۆربەی وشەکانی پیتی "ڕ"ی تێداهەیە و بە ڕێژەی ٧٠-٨٠٪ پیتی "ڕ" تێدایە. واتە لەهەر یەک ڕستەیەک بەلایەنی کەمەوە سێ چوار جار دەبێ بڵێیت غغغ غغغ لەم حاڵەتە. هەروەک چۆن لە زمانی ئینگلیزی پیتی "س، ت، ڕ" زۆرن لەناو وشەکانی و لە هەموو زمانێکی هەندێک پیت هەن زۆر دووبارەو پیتی سەرەکین بۆ ناو وشە و ڕستەکانی .

بەڕێز سالار حەمە سەعید وتارێکی مەکسیم گۆرکی وەرگێراوە سەر زمانی کوردی لە ئینگلیزیەوە ، لەو وتارە باسی مەکسیم گۆرکی دەکا کاتێ بۆ یەکەمین جار لێنینی بینیوە لە لەندەن لەکۆنگرەی پارتی سۆشیال دیموکرات دەڵێ : کە قسەی دەکرد حەرفی ( ر ) ی قووت دەدا و پەنجە گەورەی دەخستە بن باڵی هێڵەکەکەیەوە. "لێنین

هێندە ئاسایی بوو کە **هیچ شتێکی ڕابەر و لیدەری تیانەبوو**. من وەک کەسێکی نووسەر دەبێ وردەکاریەکان وەک تێبینی بنووسم. بەهۆی قووت دانی حەرفی "ر" وادەردەکەوت کە کەسێکی بە توانا نەبێت، بەڵام لەماوەی یەک خولەکدا بەتەواوی سەرنجی ڕاکێشام بەلای خۆیدا وەک هەر کەسێکی تر لەوێدا . هەرگیز هیچ کەسێکم نەناسیووە ئاوا بە سادەیی و ئاسانی دەربارەی ئاڵۆزترین کێشەی سیاسی بدوێ. ئەم قسەکەرە دروستکەری زاراوەی ڕازاوەو جوان نەبوو، ئەو هەر وشەیەکی دەخستە سەر لەپی دەستی وەک خۆی چۆن بوو ئاوا مانای ڕاست و دروستی خۆی دەخستە ڕوو بەئاسانیەکی سەرسوڕهێنەر .[28]

لەستایشی لێنین، مەکسیم گۆرکی دەڵێ : "لەهەرکوێ یەک عەقڵ و زیرەکی گەورە هەبێ، غەمێکی گەورەش هەیە ." [29]

لێنین بە ڕوحێکی ئەڵمانی پەروەردەبووە لە ڕووی کاری شێوەی نیزامی ئیشکردن. ئەو خاسیەتانەی هەر لە منداڵیەوە لەدایکی وەری گرتووە. دایکی بەردەوام بۆ لێنین'ی دووبارە کرۆتەوە کە ڕوس فاشیلن. پێویستە لە ئەڵمان فێر بیت. ڕوس گەمژەن. .. ڕوس ئەحمەقن. خێزانی ئولیانۆڤ ٧ جارماڵیان گۆڕیوە لەهەمان شار. هەرجارەی منداڵێکیان بووە شوێنەکەیان گۆڕیوە بۆ خانوویەکی گەورەترو ژووری زیاتر. هاوینان خێزانی ئولیانۆڤ چوون بۆ گووندی "کەکووشکینە". هەروەک هەموو خێزانێکی بەگزادە خانوویەکی پشوودانیان هەبووە لە گوند. منداڵەکانی ئوولیانۆڤ کاتی خۆیان بە

---

[28] http://www.hkkurdistan.org/%D9%84%DB%95-%D8%B3%D8%AA%D8%A7%DB%8C%D8%B4%DB%8C-%D9%84%DB%8C%D9%86%DB%8C%D9%86-%D8%AF%D8%A7

[29] -هەمان سەرچاوەی پێشوو

خوێندنەوەو یاری بەسەر بردووە. باوکی لێنین مووچەخۆرێکی حوکومی بووەو مامەڵەی لەگەڵ دەوروبەری هەر بەگوێرەی پۆستەکەی کردووە. باوکی لێنین پلەوپایەیەکی بەرزی هەبووەو بەڕێوەبەری موفەتیشی قوتابخانە میللیەکان بووەو لە بنەماڵەیەکی بەگزادە بووە. باوکی لێنین لەگەڵ خەڵکانێک دانوساندنی کردووە کە لە چینی بەرزی کۆمەڵگا بوون. هەربۆیە خێزانەکەشی پێویست بوو بەو شێوازە مامەڵەی دەورووبەر بکا، چونکە بە بەردەوامی خەڵک هاتووچۆیان کردوون. مامۆستا و قوتابی و هەموو جۆرە کەسایەتیەک هاتووچۆی ماڵی باوکی لێنین'یان کردووە. هێندێک دۆکومنێتی ئەو سەردەمە زانراوە کە قەشەو پیاوی ئایینیش هاتووچۆی ماڵیانی کردوون. بەحوکمی ئەوەی باوکی لێنین بەڕێوەبەری قوتابخانەو موفەتیشی گشتی هەمووقوتابخانەکان بووە. هەر بۆیە ئاشانیەتیەکی زۆری هەبووە لەگەڵ خەڵک. بۆیە دەتوانین بڵێن پەیوەندی لەگەڵ هەموو چینەکان هەبووە. بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی بەربڵاون، لێنین بەمنداڵی خولیای هیچ شتێکی تایبەت نەبووە. بەڵام بەشێوەیەکی زۆر نایاب خوێندویەتی. خێزانی ئولیانۆڤ ئایيندار بوون. بەشداری هیچ چالاکیەکی سیاسیان نەکردووە.

بنەماڵەی ئولیانۆڤ زۆر حەزیان لەخوێندنەوە کردووە. دەستیان گەیشتووەتە هەموو جۆرە پەرتووکێکی بەرهەمی زانستی و سیاسی. بەڵام باوکی لێنین هیچ کاتێک مەیلی بیری شۆڕشگێری نەبووەو کاری سیاسی نەکردووە. هیچ کاتێ کەسی هان نەداوە بۆ بەشداری کردن لە بزووتنەوەی سیاسی. باوکی لێنین مرد کاتێ لێنین ١٦ ساڵی بوو. بەدوای ئەو بەدبەختیەوە کارەساتێکی دڵتەزێنی تر چاوەڕوانی لێنینی دەکرد لەساڵی ١٨٨٧. بەهۆی بەشداربوونی لە تیرۆڕکردنی قەیسەر لە پێترۆگراد براگەورەکەی لێنین (ئەلێکساندەر) گیرا . بریاری لەسێدارەدانی براکەی لێنین درا لەگەڵ پێنج لە

هاوەڵەکانی لەقەلایەکی نزیک پیتەربوورگ. لە ٨ی مانگی ئایاری هەمان ساڵ هەموویان هەڵواسران. لە سێدارەدانی براکەی لێنین(ئەلێکساندەر ئولیانۆڤ) کاریگەریەکی زۆر قووڵی کردە سەر دەروونی لێنین .

مێژوونووس میخائیل شتێین دەڵێ : ئەو سزا قورسە بۆ لەدەستدانی ئەلێکساندەری براگەورە زۆر کاریکردە سەر دەروونی لێنین. بە گوێرەی مێژوونووسی روسی(ڤەلێنتین ) لە زاری میخائیل شتێنەوە. جیهان هیچ کاتێ لێنینی نەدەناسی ئەگەر براکەی لە سێدارە نەدرابوایە. توورەیی لێنین بە سێدارەدانی براکەی وای لێکرد ببێتە شۆڕشگێڕ. هێشتا قوتابی بوو مەیلی بزووتنەوەی شۆڕشگێری لا درووست ببوو. تووشی گرتن و زیندانی هات، پاشان بۆ ماوەی ٢ ساڵ دوورخرایەوە بۆ سیبیریا بۆ گوندی "شووشینسکەیا". ڕێگەی گەڕانەوەی نەما . پاش بەردەوام بوونی لە خەبات ئیدی بوو بە یەکێ لە سەرکردەکانی پارتی سۆشیال-دیموکراتی ڕوسیا . کاتێ ئەو پارتە لێکترازا و بوو بە دوو گروپ ( مێنشەڤیکی و بەڵشەفیک). لێنین بوو بە سەرکردەی باڵی بەڵشەفیکی ئەو حیزبە .

پارڤووس دەڵێ:

" لەکاتی شەڕی جیهانی یەکەم حوکومەتی ئینگلتەرەو فەڕەنسە ڕاوە دووی کەسایەتیە سیاسیە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ڕوسیای قەیسەریان دەکرد لە وڵاتی خۆیان یان زیندانی دەکردن یان دەری دەکردن لە وڵات، چونکە ڕوسیا لە جەنگی جیهانی یەکەم هاوپەیمانی ئەو ٢ دەوڵەتە بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی نەمسا چاوپۆشی لە لێنین دەکرد و سەربەخۆییەکی تەواوی بە ڕیزانۆڤەی دابوو( سۆشیال-دیموکراتێکی ڕووسی و مێژوونووس و بیبلیۆگراف و چالاکوانێکی بزووتنەوەی سەندیاکایی بوو- نیازی).

تەنانەت ئەڵمانیا هەموو کارئاسانیەکی بۆ پەناهەندە سیاسیە ئۆپۆزسیۆنە ڕوسەکانی

کرد بۆ ئەوەی سواری شەمەندەفەر ببن و بەناو خاکی ئەڵمانیا دا تێبپەڕن و بگەڕێنەوە ڕوسیا".[30]

## لە بیرەوەرییەکانی ( مێژووی شۆڕشی مەزنی ڕوسیا ) بۆریس

**ڤەلێنتینۆڤیتش** یاکۆڤێنک( بەنەتەوە ئۆکڕانی)، فەیلەسووف و نووسەر و چالاکوانێکی سیاسی لە دژی ڕوسیای قەیسەری، پاش ئەوەی گیراو حوکمی زیندانی تەواو کرد، ئیدی لە ساڵی١٩١٣ بەرەو ئیتالیا چوو بە یەکجاری وڵاتی بەدوای خۆیدا بەجێهێشت و نەگەڕاوە. پەرتووکێکی نایابی نووسیوە لەکاتی مانەوەی لە ئیتالیا بەناوی "مێژووی شۆڕشی ڕوسیای مەزن". لەو پەرتووکە باس لە خیانەتی لێنین دەکا و دەڵێ :

شەمەندەفەرەکەی لێنین کە لە ئەڵمانیاوە گەڕاوە بۆ ڕوسیا لەژێر چاودێری ئەڵمان و سۆشیال- دیموکراتی سوێدی بوو. بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەم باسە تکایە سەیری ئەم لینکانەی خوارەوە بکەن بە بەڵگەو ناو باسی تێکەڵبوونی بەڵشەڤیکیەکان لەگەڵ ئەڵمان دەکا.[31]

---

30 ـ پارڤووس:-" لە تێکۆشینەوە بۆ ڕاستی". لاپەڕە- ١١

31 ـ

https://www.facebook.com/NeazyAsma/posts/1220804848052015

https://www.facebook.com/NeazyAsma/posts/1221403544658812

https://www.facebook.com/NeazyAsma/posts/1221858271280006

٤/٣ سێی لەسەر چواری فارگۆنەکان مۆر(ختم) کرابوون واتە داخرابوون بۆ ئەوەی پەیوەندیان بە دەرەوە نەمینێ لەکاتی سەفەرەکەیان. دوو ئەفسەری ئەڵمانی لەگەڵیان بوون لەو گەشتە بۆ سەلامەتی و کار ئاسانکردنیان لەکاتی تێپەڕبوونیان بەسەر خاکی ئەڵمانیا . پاشان سۆشیال- دیموکراتەکانی سوێدی سەرپەرشتی گەشتەکەیان دەکرد .

"فرێدریک هەپدتۆن" کە یەکێ لەو سۆشیال دیموکراتانەی سوێدی بوو کەبەشداری ئەو گەشتەی لێنین و جەماعەتەکەی کردووە تا سوێدو ئەرکی پەیوەندی نێوان لێنین و ئەڵەمانیاکانی لە ئەستۆ گرتبوو وەک (گرێدەرەوە ـ حلقة وصل).

٣ ئەپریل لێنین گەیشتە شاری پێترۆگراد.

پارڤووس دەڵێ: لە ڕۆژنامەی "پێترۆگراد" لە ١٩ی مانگی ٦ی ساڵی ١٩١٧ لەسەردەمی حوکمی کاتی کیرێنسکی بڵاوکراوە کە پارڤووس وەک کەسێکی نێوەندگیری گەیێنەرو گرێدەرەوە (حلقة وصل) نێوان حیزبی سۆشیال- دیموکراتی ڕوسیای باڵی بەڵشەڤیک و حوکومەتی ئەڵمانیای کردووەو بەردەوام یارمەتی دارایی پێ گەیاندووە. ئەو ڕۆژنامە ڕوسیە تەنانەت ناوی ئەوکەسانەی نووسیوە کە بە ناڕاستەخۆ پارەیان لە حوکومەتی ئەڵمان وەرگرتووە لەڕێگای پارڤووسەوە وەک "ترۆتسکی و ڤومان، کارۆ، لێیتیس". ناوی ئەو کەسانە هاتووە لەو ڕۆژنامەیەدا، تەنها بۆ مەبەستی پڕۆپاگەندەو فرۆشتنی

---

https://www.facebook.com/NeazyAsma/posts/1219519021513931

زیاترین ژمارەی دانەی ئەو ڕۆژنامەیە، بێشەرمانەو بێ ئەوەی ویژدانیان بجولێ کە ئەگەری ئەوەیان هەیە بزماریان تێدا بکووترێ و هەڵبواسرێن و خیانەتی نیشتمانی بدرێتە پاڵیان. پارڤووس دەڵێ ئەو ڕۆژنامە نووسانە کارێکی باشیان نەکردووەو زۆر بێ بەرپرسیارانە ژیانی کەسانێک دەخەنە مەترسییەوە. بەڵام لەهەمان کات دا پارڤووس حاشا لەو هەواڵە دەکاو دەڵێ هی بنەمایەکی نیەو من کاری نێوەندگیریم نەکردووە و هیچ پارەیەکی حوکومەتی ئەڵمانیام نەداوە بە بەڵشەڤیەکان.[32]

بێگومان پارڤووس خۆی لێ بێبەری کرد لەوناوبژییەی نێوان لێنین و حوکومەی ئەڵمان بۆ سەلامەتی هاوڕێ بەڵشەڤیەکانی و سەرکەوتنیان لەو خەباتە، بەڵام کاتێ زانی لێنین هیچ پۆستێکی پێ نادا لەحوکومەتی بەڵشەڤیک ئەوکاتە کەوتە گیانی لێنین لە ڕەخنەو شکاندنەوەی لێنین و حیزبەکەی.

حوکومەتی کاتی بەنیاز بوو کەیسی سیخوری و بەکرێگیراوی لێنین و هەڤاڵە بەڵشەڤیەکان لەگەڵ ئەڵمان بجولێنێ. بەڵام لێنین پاش ئەوەی هەر لە ئێستگەی شەمەندەفەرەوە بەیانی ئەپرێلی بۆ جەماوەرەکەی خوێندەوە ئیدی خۆی ونکرد لە جەماوەر. پاش ئەمە لێنین بەنهێنی دەهاتە ناو کۆبوونەوەکانی حیزب، تەنانەت ئەندام و هاوڕێکانی لێنین'یان نەناسیووە بەو سەرو ڕیشەی کە داینابوو بۆ ئەوەی لەناو کوچەو کۆڵانەکان تاوەکوو دەگاتە شوێنی کۆبوونەوەکان نەیناسنەوە. بێ گومان لێنین هەرئاوا بیری کردۆتەوە ئەگەر :

"قیادە سەلامەت بێ قاعیدة هەر دروست دەبێتەوە"

[32] - پارڤووس:-" لە تێکۆشێنەوە بۆ ڕاستی". لاپەڕە- ١٧

کۆبوونەوەو بەشداربوونی بەڵشەڤیکەکان لە حوکومەتی کاتی و پێترۆگرادسکی سەڤێت بۆ هەوڵی کۆکردنەوەی جەماوەر بووە. بۆ ئەوەی زیاتر لەدەوروبەری خۆی کۆیان بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ دەسەڵات بەدەستبهێنێ لەڕێگای نوێنەرانی سۆڤێتەوە( دێپووتات سەڤێتە) کە زۆرینەی کرێکارو سەربازبوون بتوانێ کاریگەری خۆیان لەسەری دابنێن پاشان هەر بەو سەڤێتە بتوانێ حوکومەتی کاتی بەلاوە بنێ و کودەتایەک بکا.

## دروشمە باق و بڕیقەکانی لێنین و بەیانی ئەپڕێل

چالاکی و کاریگەری بەڵشەڤیەکان تا مانگی مارت دەتوانین بڵێین سفر بووە، بەڵام بۆ هاوین توانی هاوکێشەکە بگۆڕی و جەماوەر پەیدا بکا بە دروشمە باق و بریقەکانی. تا مانگی دووی فێڤڕالی ساڵی ١٩١٧ تەنها ٢٤ هەزار ئەندامی بەڵشەفیک هەبووە بۆ دانیشتوانێکی ئەوکاتەی ڕوسیا کە ١٥٠ ملیۆن بوو .

بۆ مانگی ئەپڕیلی هەمان ساڵ بوو بە ١٥٠ هەزار ئەندام.

هەنگاوی یەکەمی لێنین ڕێکخستنی خۆپێشاندانێکی جەماوەری بوو بە دروشمی "بڕوخێ حوکومەتی کاتی و کێرینسکی" و بە سەیارەو لۆری و شاحینەی پڕ لە چەک و تەقەمەنی نمایشیان دەکرد بۆ ئەوەی هێزی خۆیان نیشان بدەن و لەسەر لولەی تفەنگەکانیان درووشمی

" یەکەم گوللە بۆ کێرینسکی دەبێ " ! نووسرابوو .

بەڵشەڤیەکان توانیان کادیرەکانیان لەناو سەربازگەو هەموو کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا چالاکانە وتار بدەن و یاری بە هەستی کرێکارو جوتیارەکان بکەن . دروشمەکانی بەڵشەڤیک ئەمانە بوون :

" بڕووخێ وەزیرە کەپیتالیستەکان "

" شەڕ تاکۆتایی "

" دەسەڵات بۆ سەڤێت پارتی سۆشیالیستی و جوتیاران و نوێنەرانی "

"زەوی ،ئیرادە"

" ئاشتی و کۆتایی بەشەڕ "

" هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکانی ئیمپراتۆر"

لێنین لە١٥ی مارتی ساڵی ١٩١٧ دەڵێ : "دروشمی ئێمە نەک هەڵوەشاندنەوەی سووپایە. .. وتەیەکی بێ مانا نیە : بڕوخێ جەنگبەڵکو : فشار بخەینە سەر حوکومەتی کاتی بۆ ئەوەی بەئەرکی خۆی هەڵبستێت لە پێش دیموکراتیەتی جیهانی بۆ ئەوەی لایەنەی شەڕەکەرەکان بێنە سەر مێزی موفاوەزات و شەڕ بوەستێنن ، بەڵام تا ئەوکاتە ئەوە ئەنجام نەدرێ پێویستە لەسەر سووپا لەشوێنی خۆی بمینێتەوە" .[33]

بەگوێرەی ئەو بەیانەی سەرەوە لێنین پاش گەڕانەوەی لەدەرەوەی وڵات هێشتا ناڵێ بڕوخێ حوکومەتی کاتی. لێنین داوای ئاشتی کرد بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی جیهانی کە ١٧ ملیۆن سەربازی ڕوسی تێدا بەشداربوو، بەو جۆرە توانی زۆربەی سەربازەکان بەرەو لای خۆی ڕابکێشی بەڵام لەبری شەری ئەڵمانیا تووشی شەڕێکی ناوخۆیی کردن کە زیان و کوشتارو نەهامەتی زۆر زیاتری هێنا بەسەر ڕوسیا ١٩١٧-١٩٢١نەک ئاشتی بەڵکو بوو بە غەزەب بۆ ڕوسیا.

لێنین وتی ئازادی ڕادەربڕین کەچی هەموو میدیاو دەزگاکان هێدی هێدی لەسەرەتای ١٩٢٤ بەتەواوی بنەبڕ کرا دەنگی نارەزایی و حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان. یەک میدیاو

---

[33] ترۆتسکی "وانەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر"،لاپەڕە -١٤-

یەک دام و دەزگای هەواڵ دامەزرا . . بەڵێنەکانی لێنین زۆربوون نەک بەجێی نەگەیاند بەڵکو زۆر خراپتر شکاوە بەسەر ڕوسیا.

کەمتر لەمانگێک بەهاتنیان بۆ دەسەلآت لێنین لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی حیزبی بەڵشەڤیک لەپێترۆگڕاد لە مانگی ١١ وتی :

"ئەگەر پێویستیمان بە گرتن بێ ئەوا دەیکەین، کاتێ مەسەلە دێتە سەر ڕاونان وگرتن،فەللاحێکی تڤەری دێ و دەڵێ "هەموویان بگرن" ئەوەیە کەمن تیێدەگەم، لێرە ئەو( فەللاحە)ش دەرک بەوە دەکا مانای دیکتاتوریەتی پڕۆلێتاریا چیە؟" .[34]

لەکۆنگرەی سێهەمی نوێنەرانی سۆڤێت گووتی :

"هیچ کێشە چارەیەکی ململانێی چینایەتی نەکراوە بەدرێژایی مێژوو،تەنها لەڕێگای توونددووتیژیەوە نەبێ. توندوتیژی چینی چەوساوە بەرامبەر بە چینی چەوسێنەر، بەڵێ ئێمە لەگەڵ ئەم جۆرە توندوتیژیەین" .[35]

بەیانی ئەپرێل زۆر کاریگەری خستە سەر مۆڕالی سەربازەکان، کە ئەوانیش ئیدی ئارەزووی شەڕکردنیان نەمابوو بۆ جەنگی جیهانی یەکەم. ئیدی هەر لەمانگی تەموز کادیرەکانی بەڵشەڤیک لەبەرەی شەر مەعنەویەتی سەربازەکانیان دەڕوخاند، بۆ ئەوەی کۆتایی بەشەڕبێ و هێرش نەکەن. هەر بۆیە پاشەکشەیان بە سووپا کرد لەبەرەی شەڕ. بەڕەلایی و بێ گوێنەدانە فەرمانی ئەفسەرەکان بووە هۆی

---

34 -
https://slovakia.mid.ru/revolucii-1917/-/asset_publisher/OmdbJKPMMyWN/content/kak-lenin-sel-k-vlasti-istoriceskij-ekskurs-leonida-mleci-1?inheritRedirect=false

35 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

شەهیدبوونی بەهەزارەها سەرباز لەبەرەی شەڕ. بەڵشەڤیەکان توانیان قەناعەت بە چەند تیپێکی سەربازی بکەن لەپشتی بەرەی شەڕ وەک شاری پێترۆگراد کە نەچن بەرەو شەڕ، بەڵکو بۆ کۆتایی هێنان بەو شەڕە پێویستە لێرەوە چارەسەری بکرێ واتە کودەتا بەسەر حوکومەت. بەڵشەڤیەکان داوایان لەسەربازەکان کرد نەچن بەرەو بەرەی شەڕ تاوەکوو مۆرکی ـ طابعی ـ شۆڕش وەرنەگرێ.

مانای چی بوو ئەو وتەیە؟ کەس نەی دەزانی مەبەستیان چیە بەرەی شەڕ مرۆکی شۆڕش وەرنەگرێ؟ بێگومان مەبەستیان لەشۆڕش و کودەتابووە بەسەر حوکومەتی کاتی.

بەڵشەڤیەکان تاکە حیزب بوو کە بەڵێنیان بە جەماوەردا بۆ قەتەبوو، بۆ دەست بەسەرداگرتنی هەموو خاوەنداریەتی زەوی و زاری موڵکدارەکان. لێنین بەڵێنی بە کرێکاران دا، خۆیان کارگەکان بەڕێوەبەرن و بڕیارو بەرهەم هێنان لە دەست خۆیان بێ، نەک درۆ دەرچوو، بەڵکو بریارەکان لەمەرکەزەوە دەهات وسێنترەلایز کرا . لێنین قەولی بە جوتیارەکان دا زەویان پێ ببەخشێ و خۆیان خاوەن زەوی و بەرهەم بن، کەچی هەموو زەوییەکان زەوت کران و ڕادەستی حوکومەت کرانەوە و هەموو جوتیارەکان خرانە سیستەمی کەلخۆز واتە کاری هەرەوەزی. هەموو جووتیارەکان پێکەوەو لەیەک کێلگە کاربکەن و بەرهەمەکانیشیان بۆ حوکومەت بێ لەبری چەند قرانێک پارە.

## ناکۆکی نێوان حیزبە سیاسیەکان لەناو پەرلەمان و لاوازی حوکومەتی کاتی

خاڵی وەچەرخاندن لە ڕۆژی ٣ی تەمووز بوو، کاتێ کادیرە چەکدارەکانی بەڵشەڤیک چوون بۆ ناو کارگە و داوای هاوکارییان کرد کە خۆیان چەکدار بکەن بۆ بەهانا هاتنی هاوڕێکانیان لە کرێکارو زەحمەت کێشەکان. بەڵشەڤیەکان توانیان کرێکارێکی زۆر دەربهێنن لە کارگەکان و بیانهێنن بۆ سەر شەقام وە لە هەمان کات دا توانیان قەناعەت بە سەربازی دەریاییەکان بکەن بێنە ناو ڕێزی خەباتی چەکداریی و بەشداری شۆڕش بکەن بەو پێیە هێزی کرەنشتادی مارینزی مەترۆسەکان کەوتنە ڕیزی بەڵشەڤیەکان .

لەو کاتەی بەڵشەڤیەکان خەڵکیان هان دەدا بۆ پەلاماری سەربازی، کەچی خودی لێنین و سەرکردەکان خۆیان شاردبۆوە تا نەکەونە بەردەستی حوکومەت. بەتایبەتی لێنین هەر لە پێترۆگراد نەما چوو بۆ شوێنی حەوانەوە لای سەرنووسەر و هاوڕێی خۆی بۆینچ برۆیتش. هێندێک لە سەرکردەکانی بەڵشەڤیک دوو دڵ بوون لە خەباتی چەکداری و بەهێزی ئینقلاب بکرێ. تەنانەت هەندێک لەو سەرکردانە داوایان لە خەڵک کرد هێور ببنەوە بەشێوەیەکی ئاشتیانە دەنگی ناڕەزاییەکانیان دەرببڕن . هەربۆیە ڕۆژی دوایی خۆپێشاندانەکانی بەڵشەڤیکەکان ئاشتیانە نەبوو. دروشمەکانیان گۆڕی و بەفەرمی ڕایانگەیاند لەگەڵ خەباتی مەدەنی و ئاشتین، بەڵام لە ژێرەوە بەنهێنی خەڵکیان هان دەدا بۆ ڕوخاندنی حوکومەت .

بەردەوامیەتی شەڕی یەکەمی جیهان بە گشتی لەسەر ئاستی جیهان وای لەخەڵک کرد تووشی نەهامەتی و برسیەتی و قات و قڕی و ناجێگیری و ئاژاوە گێڕی بێ. ڕێژەی تاوان لەناو شارو وڵاتەکان زیاتربێ.

دەنگی حیزبە ناڕەزاییەکان بۆ وەستانی شەڕ یان گرتنە بەری چارەسەرییەک بۆ گفتوگۆ و ڕێککەوتن لەنێوان لایەنە شەڕکەرەکان بەرزتر دەبووەوە. حیزبی ئەکتیابریست و کادێت و لیبێڕال و هێزە شۆڕشگێڕەکان و دەستەی دووما وەزیر و تەنانەت خودی قەیسەرێش لە وەرزی پایزی ساڵی ١٩١٦ گەیشتە قەناعەتێک بەردەوام بوونی ئەو شەڕە نەهامەتیە بۆ سەر حوکمەکەی و وڵاتی ڕوسیا بەرەو هەڵدێر دەبا.

تەنانەت خودی ترۆتسکی ئامازە بەو ڕاستیە دەکا کە دەڵێ :

" بەرپرسانی حوکومەتی قەیسەری بەدوای ڕێگەچارەیەکەوە بوون بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی جیهانی و ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئەڵمان و هاتنە دەرەوەی ڕوسیا لەو شەڕە هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩١٦. [36]

ترۆتسکی دەڵێ : قەیسەر ڕازی بوو وەفدێکی ڕوسی بنێرێ بۆ سوێد بەسەرۆکایەتی "پڕەتۆپۆپۆڤ" وەزیری ناوخۆی کە لەگەڵ وەفدێکی دیپلۆماسی بەسەرۆکایەتی "م ڤاربوورگ"ی خاوەن بانق و بازرگانێک بەڵام صەلاحیەتی پێدرابوو وەک نوێنەری.

[36] ترۆتسکی" مێژووی شۆڕشی ڕوسیا" چاپی کوردییەکەی، لاپەڕە ٩٧-٩٨.

ئەڵمانی دابنیشێ بۆ چارەسەری ڕێککەوتنێکی دوولایەنەو لەو هاوپەیمانیەتەی ئینگلتەرەو فەرەنسا دەربچێ بۆ کۆتایی شەڕەکە. [37]

چەند وشەیەک لەسەر کەسایەتی ئەلێکساندەر دیمیتریێڤیتش پرۆتۆپۆپۆف. بەهۆی دۆستایەتی و نزیکایەتی لە سەرۆک وەزیرانەوە توانی متمانەی قەیسەر بەدەست بهێنی. خودی پرۆتۆپۆپۆف خاوەن چەند کارگەیەکی گەورەی پیشەسازی بوو لە بەگزادەو ئەندامی حیزبی ئەکتیابەر و ئەندام دوومای قەیسەڕ بوو. دووما شێوەیەک لە شووراو سیستەمی پەرلەمانی وەک مەجلیسی نوێنەرانی گەل کە دەسەڵاتی یاسا و بەڕێوەربردنی لە حوکم هەبوو. هەرچەندە پرۆتۆپۆپۆف پسپۆری سەربازی و پیشەی پۆلیسی و ئاسایشی نەبوو، بەڵام بووە جێگای متمانەی قەیسەر بیکا بە وەزیری ناوەخۆ هەر لە مانگی نۆی ساڵی ١٩١٦. کەسێکی متمانە بەخۆ و جددی لەکارەکەی بوو. هیچ بەزەیی بە خۆپێشاندەران نەدەهاتەوە دەست ڕێژیان لێبکاو کەسێکی زۆر دڵڕەق بووەو هەندێک دەڵێن نەخۆشی دەروونی هەبووە. هەربۆیە لەدوای دەست بەکار بوونی وەک وەزیری ناوخۆی وڵات، گرژییەکان زیاتر بوو، ڕاوەدوونان و گرتن و کوشتن زیاتر بوو. هەربۆیە لای هێزی ئۆپۆزیسیۆن وەزیری ناوەخۆ بووە هێمای شەیتان و غەزەب و قاتڵی ڕاپەڕینەکان. کاتێ بەڵشەڤیەکان هاتنە سەر حوکم ناوی پرۆتۆپۆپۆڤ لە لیستی ڕەشی ئەوان بووەو لەسەرووی هەموو ناوەکان بوو پاش قەیسەر. هەربۆیە کاتێ دەستگیریان کرد زۆر بە شێوەیەکی نامرۆڤانە تۆڵەیان لێکردەوەو کوشتیان. شێوەی کوشتنەکەی لەلایەن بەڵشەڤیکەکانەوە زۆر خراپتر بوو لەو سزایانەی وەزیر بە بەڵشەڤیکەکانی دەبەخشی .

[37] -هەمان سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە ٩٧-٩٨

لە ڕووداوە مانگرتنەکەی مانگی دوو( فێڤرایەڵسکەیا ستاتشکە) ستالین کەوتە ناو سەرکردایەتی  بەڵشەڤیەکان. تا مانگی ئەپڕیل و پێش گەڕانەوەی لێنین بۆ پێترۆگراد تا ئەوکاتە ستالین هەر لایەنگیری حوکومەتی کاتی بوو، بەڵام بەگەڕانەوەی لێنین بیروڕای گۆڕی و ڕایگەیاند کە لەگەڵ شۆڕشی سۆشیالیستیە .

کاتێ سەربازەکانی کڕانشتاد داوایان لە ستالین کرد چەک هەڵبگرن بۆ ڕووخاندنی دەسەڵات. ستالین کە ئەوکات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبەی سیاسی پارتی سۆشیالیستی دیموکراتی ڕوسیابوو لەوەڵامی ئەوان وتی :

" چەک؟. .. . هاوڕێیان ئێوە چاکتر دەزانن، بەڵام ئێمەی نووسەر هەمیشە پێنووس لەگەڵ خۆمان هەڵگرتووە، بەڵام ئێوە وەک چۆن مامەڵە لەگەڵ چەکەکانتان دەکەن، هەر ئاوا خۆتان باشتر دەزانن" .

## ڕۆلی سەرەکی ترۆتسکی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر

هەر لەو کاتە بیرو بۆچوونی جیاواز پەیدابوو لەناو پارتی سۆشیال- دیموکراتەکان. لێکترازانێک دروستبوو بەلایەنی کەمەوە ئەو حیزبە بوو بە ٦ پارچە. هۆی سەرەکی ناخۆشیەکانی ناو حیزب، تێگەیشتینی جیاوازو هەڵوێستی جیاوازبوو بەرامبەر بە حوکومەتی کاتی چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەن؟

ترۆتسکی چووە پاڵ لایەنێک بەناوی " مێژ ڕەیۆن "، کە بریتی بوو لەیەکێ لەو گروپانەی کە جیابوونەوە لە سۆشیال دیموکراتەکان. بەناوێکی ترەوە هاتنە ناو مەیدانی خەبات لەنێوان ساڵی ١٩١٣-١٩١٧. زۆربەی ئەندامەکانی مێژڕەیۆن پێکهاتبوو لە ئەندامەکانی بەڵشەڤیک و مێنشەڤیکەکان. ترۆتسکی لە ٣ی ئایارەوە چووە پاڵ  بەڵشەڤیەکان پێش ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی شەش بۆ پارتی شۆسیال-

دیموکراتی ڕوسیا کە لە مانگی هەشت بەسترا . ترۆتسکی لە ڕێکخستن و هاندانی خەڵک بۆ ڕاپەڕینی سەرتاسەری و وتارەکانی لە مەیدان و شەقامە گشتیەکان بۆ هاندانی جەماوەر لە دژی دەسەڵاتی حوکومەتی کاتی دەورێکی زۆری هەبوو. وەک کاراکتەرێکی سەرەکی ڕاپەڕینی مانگی تەمووز لەقەڵەم دەدرێ. بەڵام ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو شکستی هێناوەو بووە هۆی گرتنی ترۆتسکی وەک تاوانباری سەرەکی لە وروژاندنی خەڵک بۆ ئاژاوەگێڕی. بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ دەست بەسەرکرا ، بەڵام ئازادکرا لەبەر ئەوەی تەنها قسەی کردووە واتە بە ڕاستەخۆیی هیچ کارێکی توندوتیژی بەرپانەکردووە. لە دوای ئازادکردنی لەزیندان یەکسەر کرا بە سەرۆکی پێترۆگرادی سۆڤیەت، چونکە زۆرینەی ئەو ڕێکخراوە پێکهاتبوو لە مێنشەڤیک و بەڵشەڤیک و ئێسێرو لیبێڕالەکان هەر هەموویان ڕەزامەندی خۆیان نیشان دا بۆ سەرۆکایەتی ترۆتسکی بۆ جوڵانەوەی جەماوەری و ڕۆڵێکی چاکی تێدابینی لە کۆکردنەوەی خەڵک.

بەڵام ڕابەرێکی وەک لێنین هەر لە دوای ڕاپەڕینی تەموزەوە خۆی شاردەوە. کاتێ زانی پۆلیس بەدوای کەسە چالاکوانە سیاسیەکانەو لە کاری نهێنی ئەوان بە گومانە لە دژی دەسەڵات. بەتایبەتی پۆلیسی نهێنی قەیسەری تەواو دڵنیا بوو کە لێنین گەڕاوەتەوە بۆ ڕوسیا بە فیتی ئەڵمان و پارەی لەئەڵمان وەرگرتووەو خیانەتی لە وڵات دەکاو خەڵک هاندەدا لە دژی دەسەڵات بەتایبەتی بە سەربازەکانی ڕوس دەڵێ بەرەی شەڕ لە دژی ئەڵمان بەجێ بهێڵن و چەکەکانتان بەرەو ئاراستەی دەسەڵات بکەنەوە. بۆیە پۆلیسی نهینێ گەڕا بە دوای شوێنی لێنین بیدۆزێتەوە، بەڵام زوو خۆیشاردەوە تا ڕۆژی کودەتاکەی. لێنین بەدەرنەکەوت لە هیچ کۆبوونەوەو بۆنەیەک لە هیچ مەیدانێک خۆی نیشان نەدا بۆ وروژاندنی شەقام. بەڵکو خۆی حەشاردابوو

زوو زوو شوێنی خۆی دەگۆڕی. تەنها چەند کەسێک لەکادیرە نزیکەکانی خۆی شوێنی لێنینیان دەزانی لە کوێیە، وەک : زینۆڤیێڤ، ڕادێک لەگەڵ ستالین، تەنانەت ترۆتسکی نەی دەزانی لێنین لە کوێ خۆی حەشارداوە .

لە دوای بەربوونی ترۆتسکی لەزیندان ستالین و زینۆڤیێڤ هاتن بۆلای ترۆتسکی و پیان وت کەسێک حەزدەکا تۆ ببینێ. ترۆتسکی زۆری لا سەیربوو دەبێ ئەوکەسە کێ بێ؟ واتە لێنین'ی هەر لەبیرکردبوو ئەگەر لەمەیدانی خەبات مابێ؟!. کاتێ بەسەیارە بردیان بۆ شوێنی شاراوەی لێنین، لێنین سەرو ڕیشێکی درێژی دانابوو، تەنانەت ترۆتسکی زۆر واقی وڕما هۆی چییە ئاوای لە خۆ کردووە، تەنها بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە. ترۆتسکی زۆر ڕەخنەی توندی لە لێنین گرت و تانەو تەشهیری پێکرد چ ڕابەرێکیت ئەگەر نەیەیتە ناو جەماوەر، لە ڕۆژێکی وەک ئیمڕۆ دەورت نەبێ کەی دەورت دەبێ. بەڵام لێنین وتی پێویستە ڕابەر هەر بمینێ و نەکەوێتە بەردەست، مانەوەی من پێویستەو خۆ پاراستنی من ئەرکی حیزبی منەو بەڵام ئێوە کارەکان بکەن. ئیدی ترۆتسکی زانی کە کەسێکی ترسنۆکەو لەسەر حسابی خەباتی خەڵکی تر دەیەوێ لەتێ نانێک بۆ خۆی ببا .

بەهەمان شێوە ستالین'یش پێش ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر هیچ دەورێکی پراکتیکی کاریگەری جەماوەری نەبووە، چونکە تیۆری زان نەبوو، وتاردانی خراپ بوو لەگەڵ ئەوەش ڕوسیەکەی زۆر خراپ بوو و لەهجەیەکی زۆر توندی هەبوو. بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕوس حەزی بە لەهجەی قەفقازی- وگروزینی نەدەکرد، بەڵام کاتێ ستالین هاتە سەرحوکم ئیدی بوو بە ئەمری واقیع گوێی لێ بگرن .

بەڵشەفیەکان داوای کۆنگرەیان دەکرد بۆ ئەوەی خۆیان ساغ بکەنەوە چ لایەنێک بگرن یان کام لایەن پشتیوانی لەبەلشەیکەکان دەکا . لە مانگی هەشتی ١٩١٧

کۆنگرەی شەشەمی پارتی سۆشیال دیموکراتەکان بەستراو زیاد لە ٤ هەزار لە ئەندامانی مێژرەیۆنەکان چوونە ناو  بەڵشەڤیەکان لەوانە ترۆتسکی .

ترۆتسکی ڕۆلی سەرەکی بینی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر، کات و سات و پلانەکان هەر هەمووی ترۆتسکی دایرشتبوو.

"بمرێ بورژووا، بژی تیرۆری سوور" دروشمی بەڵشەڤیک بوو

دروشمی  بەڵشەڤیەکان پاش هاتنیان بۆ سەر حوکم لە شێوەی نازییەکان دەچوو.

بەڵشەڤیەکان دەست پێشخەربوون پێش طلائع ی ئێس ئێس و نازییەکانی ئەڵمان و بەعسیەکانی عێراق، کاتێ کادیرەکانی بەڵشەڤیک هاوارییان دەکرد

"بمرێ بورژووا " ، " بەڵی بۆ تۆقاندن " ، " بژی تیرۆری سوور"

پارتی سۆشیال- دیموکراتی ڕوسیا کاتێ بوو بە دوو بەرە بەناوی بەڵشەڤیک( زۆرینە) و مێنشەڤیک( کەمینە). خیلافی بەڵشەڤیک و مەنشەڤیکەکان لەناو حیزب لەوە پەیدابوو کە مەنشەفییکەکان دژی تالان و دزی و ڕاو ڕووت کردنەوەی خەڵک بوون بۆ بەدەست هێنانی پارە. تەنانەت پەلاماردانی بانق و دارایی دەوڵەت، بەکارێکی باشیان نەزانیوەو ترۆتسکی دژی ئەوە بووە، هەربۆیە بەلایەنی مێنشەڤیکەکانەوە بووە سەرەتای خیلاف .

زۆربەی زۆری سەرکردەکانی حیزبی بەڵشەڤیک و مێنشەڤیک خەڵکانی دەرەبەگ و خانەوادەی تێروتەسەل ژیاون بوون. ئەگەر لەبنەماڵەی دەوڵەمەندیش لەدایک نەبووبن، ئەوا بێگوومانبە لە چینی هەژار نەبوونە، تەنها ستالین و گروپی دەووروبەری ستالین نەبێ کەسانی ڕەش و ڕووت و لە بنەماڵەی هەژار لە دایک ببوون.

پارڤووس دەڵێ:

" لەناو بزوتنەوەی سۆشیالیستی کەسانی دەوڵەمەند و بازرگان کەم نەبوون کە بەشداری ئەو بزوتنەوەیان کردبوو. لەوانە کلۆد ئەندری دێ ڕوڤووا، گراف سان سیمۆن(١٧٦٠-١٨٢٥) بازرگانی چەک فرۆشتن بوون. پارەیەکی باشیان قازانج کردووە لە فرۆشتنی کەلوپەلی سەربازی. فەیلەسوف و کۆمەڵناس و ڕیفۆرمیستێکی کۆمەڵایەتی فەڕەنسی بوون. دامەزرێنەری قوتابخانەی ئوتۆپیای سۆشیالیزمی بوون. ڕ. ئۆین: خاوەن کارگە بوو. فرێدریک ئێنگلس: خاوەن کارگەو لەهەمان کات دا کەسێکی کەپیتالیست بووە، بێ یارمەتی دارایی ئەو کارڵ مارکس حاڵی خراپ دەبوو. لەناو پارتی سۆشیالیستی ئەڵمانیا هەرە بەناوبانگترینیان لە نموونەی دەوڵەمەندی "پی. زینگەر" بوو، کە خاوەنی کارگەیەکی گەورە بووەو کەسێکی زۆر دەوڵەمەند بوو".[38]

لە بیرەوەرییەکانی مەکسیم گۆرکی لەستایشی لێنین کاتێ لە ئینگلتەڕابوون لە کۆنگرەی پارتی سۆشیال- دیموکراتی ڕوسیا دەڵێ : " ئەوەی کە زۆر جێگەی سەرنج بوو ئەو هەست و کاریگەریە بوو کە ئەو لەسەرخواست و داوای مێژووەوە قسەی دەکرد نەک لە سەر داوای خۆی یا بە نێوی خۆیەوە ". وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە : سالار حەمە سەعید. [39]

[38] -پارڤووس:-" لەتێکۆشینەوە بۆ ڕاستی". لاپەڕە-١١

[39] -

http://www.hkkurdistan.org/%D9%84%DB%95-%D8%B3%D8%AA%D8%A7%DB%8C%D8%B4%DB%8C-%D9%84%DB%8C%D9%86%DB%8C%D9%86-%D8%AF%D8%A7

لێرە ئەگەر سەرنج بدەیت بۆت دەردەکەوێ لێنین بەهەموو قەناعەتێکیەوە پێی وایە پەیامێکی پێ سپێردراوە وەک ڕاسپاردەیەک لەشێوەی پەیامی مەسیح و جوبرائێل بۆ محەمەدی پێغەمبەر کە دەبێ لەسەر خواست و داوای مێژوو ئەوکارەیان کردبێ نەک لەسەر داواو حەزی خۆیان بەو کارە هەڵساون، بەڵکو ڕاسپێردراون؟ ئا ئەمەیە بەدبەختی میللەتێک کە کەسێکی ئاوا پەیامی هەبێ بۆی، لە تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا لە سیستەمی بەڕێوەبردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک، لەبەر ئەوەی بە بڕوای ئەو کەسە مێژوو ئەوی ڕاسپاردووە بۆ ئەو کارە .

"جارێکیان لێنین بەرەو ڕیستورانت دەچوو، لە ڕێگە کرێکارێکی مێنشەڤیک لێی نزیک بۆوەوە دەیویست پرسیارێکی لێ بکات. لێنین هەنگاوەکانی هێواشترکرد و کەوتە دوای هەمووانەوە. پێنج دەقیقە دواتر گەیشتە ریستورانتەکە. لێنین وتی؛ "سەیرە کەسێکی ئاوا سادەو خۆشباوەڕ لە کۆنگرەی حزب دا بێت". بەڕوو ترشیەکەوە وتی : "ئەو دەیویست بزانێ کە هۆکاری ڕاستەقینەو ئەسڵی ناکۆکیەکانمان چین"، منیش پێم وت : "ئێ باشە، هاوڕێکانت دەیانەوێ لە پەرلەمان دانیشن لەکاتێکدا ئێمە لەوباوەڕەداین کە چینی کرێکار دەبێت ئامادەی شەرو نەبەردی بێت، لەو باوەڕەدام کە لێم تێگەیشتبێ .[40]

ئەم باوەڕ بە خۆبوونەو قەناعەتەی لێنین بووەتە جێگای پرسیار لای مێنشەڤیکیەکان کە کەسێکی ناو واقیع و سەرکێشە، چونکە حەزدەکا لە ڕێگای هێزو کودەتاوە دەسەڵات وەربگیرێ نەک لەڕێگای هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە دەنگی زۆرینە بەدەست بهێنێ .

---

40 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

گۆرکی بەردەوام دەبێ لەسەر هەڵوێستی مەنشەڤیکیەکان لەو کۆنگرەیەی حیزب لە لەندەن و دەڵێ :

"بەڵام مێنشەڤیکەکان بەبێ دوودڵی وتەکانی لێنین یان پێ سەرنج ڕاکێش نەبوو، تەنانەت کەسایەتیەکەشیان بەدڵ نەبوو. هەرچی زیاتر لێنین زەرورەتی بەرزکردنەوەی حزب بۆ ئاستی بەرزی تیۆری شۆڕشگێرانەو پراتیک بردن بە ئەزموونێکی تەواو گشتگیردا بە وردی سەلماند، هەرچی زیاتر بێڕەحمانەو بەدکارانە وتەکانیان پێبڕی و وتیان " ئەم کۆنگرە شوێنی فەلسەفەکردن نییە " "هەوڵ مەدە وانە و دەرس مان دادەی! " ئێمە قوتابی نین". بەڵام رۆزا لۆکسمبرگ سەری ڕادەوەشاند لە پەسەندکردنی وتەکانی لێنین. رۆزا لەیەکێک لە دانیشتنەکانی تردا بە مێنشەڤیکەکانی وت :

" ئێوە هەڵوێستێکی مارکسیستیتان نییە لەسەری دانیشتوون، بەڵکو خۆتان پێدا هەڵواسیوە" .

لەستایشی لێنین. مەکسیم گۆرکی : لە هەرکوێ یەک عەقل و زیرەکی گەورە هەبێ، غەمێکی گەورەش هەیە! [41]

سەرکردایەتی سۆشیال دیموکراتەکان بەڕابەرایەتی لێنین و هەموو کادیرە بەرپرسەکانی وەک ترۆتسکی و ستالین و زینۆڤیێڤ و کامینییێڤ و ئەوانی تر هەر هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە دەبێ دوژمنی پڕۆلێتارو شۆڕش لەناو ببرێن بە کووشتن و ڕاویان بنین و ئامادەبوون هەر ڕێگایەک بگرنە بەر بۆ لەناو بردنی هەر کەسێ لەدژی شۆڕش چەک هەڵبگرێ، هەربۆیە ئەو شەرعیەتەیان بە خۆیان دابوو .

---

[41] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ترۆتسکی داهێنەری ئەو شۆڕشە بوو. تەنانەت ترۆتسکی بوو ئەو ڕۆژەی دیاری کرد کە بکووتنە سەر کۆشکی زستانی( زیمنی دڤەڕێتس). پاشان دەرکەوت بۆ ئاوا سووڕبوو کە دەبێ لەو ڕۆژە بکرێ. چونکە لەو ڕۆژە ترۆتسکی لەدایکبووەو ویستوویەتی نەمرییەک بۆ خۆی تۆمار بکا . لەو ڕۆژە تەمەنی ترۆتسکی بوو بە ٣٩ ساڵ. هەر لەو شەوەدا تووشی فێ بوو و لە هۆش خۆی چوو ماوەیەکیش لەژێر باری پەلکەم ـ صرع ـ ماوەتەوە بەتەنیایی .

بیرۆکەی ترۆتسکی بوو بچن بۆ سەر ئێستگەی شەمەندەفەرو بەندەری کەشتیەکان و پۆست و دائیرەی تەلەفۆن و پردو شەقامە سەرەکیەکان بگرن. ترۆتسکی بوو ڕایگەیاند کە لە ئەمڕۆوە حوکومەتی کاتی نەماوەو وجوودی نیە. کودەتای ئۆکتۆبەر حوکم دەکا.

گومان لەوە نیە کە ترۆتسکی کەسێکی دڵڕەق و دەستی بە خوێن بووە. فەرمانی کوشتنی بەنەیارەکانی داوە. دروشمی "شۆڕش بێ خوێن ڕشتن بەرپا نابێ "، یان بە واتا کوردییەکەی " شۆڕش بێ قوربانی دان و خوێن ڕشتن بەرپا نابێ" بەو مانایەی گەیشتن بۆ دەسەڵات لە ڕێگای خوێنەوە دەبێ و داکۆکی لەو خوێن ڕشتنەی کردووە. ترۆتسکی بیرۆکەی تیرۆرو تیرۆری سووری لە چوارچێوەی کۆمۆنیزمی داڕشتووە. شەپقەی سووپای سوور ترۆتسکی دایهێنا . دروشمی "من هاولاتی یەکیەتی سۆڤیەتم و سۆز دەدەم" مێدالیای سوور و ئەستێرەی سوور و هێمای چەک و داس و سووپای سوور و کۆنسلاگەر( گرتووخانەی بە کۆمەڵی زۆرەملێ و لەدوور شارستانی) هەمووی بیرۆکەی ترۆتسکی بوون.

ژیاننامەی شۆڕشگێری پڕشنگداربوو. ترۆتسکی توانایەکی سەرسووڕهێنەری هەبوو لە وتاردان (خیطاب) ترۆتسکی زیاتر حەزی لە نووسین و کاری توێژینەوە کردووە، حەزیکردووە پرس و ڕاوێژی پێبکرێ لە بڕیارە چارەنووس سازەکان. واتە حەزی کردووە

وەک مەرجەعێکی ڕۆحی سەیری بکرێ لەناو حیزب و دەرەوەی حیزب. هەرچەندە هەمیشە جەختی لەسەر جولەکایەتی خۆی دەکردەوە کە بووەتە بەربەست لە پێشی بۆ ڕابەرایەتی و ببێتە کەسی یەکەم لە ڕوسیا.

ترۆتسکی لە حاڵەتی شەڕ فەرمانی کوشتنی دەرکردووە بەسەر سەربازە بەزیوەکاندا . بەسەر هەر کەسێ لەدژی شۆڕشەکەی وەستابێ و بڕیاری نامرۆڤانەی دەرحەقیان دەرکردووە. بەڵام لەدوای شەڕی ناوەخۆ و کاتی ئاشتی تەنانەت یەک بڕیاری کوشتن و لە سێدارەدان و سزای کەسی نەداوە .

## دەمەتەقێی فرۆیدو ترۆتسکی لە ڤیەننا

لەکاتی ئامادەبوونی ترۆتسکی لە شاری ڤیەننا لەساڵی ١٩٠٣ لە یەکێ لە سیمینارەکانی فرۆید، کردیە دەمەتەقێ لەگەڵ فرۆید .

فرۆید وتی : " لەژیانم دا تەنها دوو جۆرە کەسم لە شێوەی تۆ بینیوە، یەکێکیان کەسانی قاتل و تێنووی خوێنن و ئەوی تریان کەسانی توندڕەوی ئایینین" .

ترۆتسکی وەڵامی فرۆید دەداتەوەو دەڵێ :

"من خەبات دەکەم لە دژی بەهێزەکان و کەسانی لاواز. بۆ من جێگای سەرنج نیە بەربەرەکانیان بکەم" .

دروشمێکی ترۆتسکی هەیە کاتێ دەڵێ : " دلڕەقی و زبری( بێ ڕەحمی) خۆی شۆڕشێکی مرۆڤایەتیە" .

ترۆتسکی دروشمێکی داهێنا کە سەربازەکانی سووپای سوور لە کاتی شەڕدا هاواریان دەکرد و دەیانوتەوە .

" بژی شۆڕش لەڕێگای خوێنەوە" .

ترۆتسکی دەڵی :

" میللەت هەر وەک کچێکی خرپن و ناسکۆڵە وایە. سایکۆلۆژی میللەت هەر وەک نەفسیەتی ژن وایە. سرووشتی ژن پاسیڤە. چاوەڕوانی دەستپێشخەری لە پیاوان دەکەن و پاشان ئەوان چاکترینیان هەڵدەبژێرن. میللەتیش بەهەمان شێوە بەتایبەتی میللەتی ڕوس. ڕوس قەت بۆ خۆی یەکەم هەنگاو نانێ، بەڵکو چاوەڕوانی قارەمانێکی بەهێزو نەبەرد دەکات و بەهەموو قەناعەتێک و پێخۆشحاڵیەوە یەکسەر بەدوای دەکەوێ و چارەنووسی خۆی ڕادەستی ئەو قارەمانە دەکات" .

ترۆتسکی سەبارەت بە ڕوس دەڵێ :

**" میللەتێک بە سەدان ساڵ بەرگەی زوڵم و زۆرداری کردبێ و نقەی لێوە نەهاتبێ، پێت وانیە شایستەی سووکایەتی پێکردنی نەبێ؟ " .**

## دەمەتەقێی ترۆتسکی و باوکی لەسەر خەبات و شۆڕشە سەرکێشیەکە

باوکی بە ترۆتسکی کوڕی دەڵێ :

"واز لەو بیرۆکەی شۆڕش و ڕاپەڕینە چەکدارییە بهێنە بۆ کێ خەبات دەکەیت؟ بۆ ئەو چینە هەژارو بەدبەختە؟

هەرکاتێ دەسەڵاتیان بکەوێتەدەست خودای خۆیان ناناسن تەنانەت بەزەییان بە تۆش نایەتەوەو ڕۆژی تۆش دێ ."

ترۆتسکی لە وەڵامی باوکی دەڵێ :

**" من نە باوەڕم بە خودا هەیەوە نەبە شەیتان "**

باوکی دەڵێ :

"هێندەی نەمابوو جوتیارەکانی گوند کچەکانت بکوژن، تۆش حەزدەکەیت چەکیان پێبدەیت و دەسەڵاتیان بخەیتە دەست"

ترۆتسکی زۆر بە خوێن ساردییەوە وەڵامی باوکی دەداتەوەو دەڵێ :

" بەداخەوە تۆم تووشی ئەو ژانە سەرییە کردووە لە بەخێوکردنی منداڵەکانم "

باوکی ترۆتسکی تووڕە دەبێ و دەڵێ :

واز لەو قسە قۆڕانە بهێنە! بۆ ئەو چین و هەژارە خەبات دەکەیت؟ بۆ کام جیهانی نوێ؟. ئەوان( جوتیار و ڕەش و ڕووتەکان) هەموو قوژبنێکیان تەنیوەو تۆ حەز دەکەیت منداڵەکانت بکەیتە قوربانی دەستی ئەو چینە؟

ترۆتسکی دەڵی :

**" بەڵێ ! تۆ خۆت بکە بەقوربانی من و تەنانەت خۆشم دەکەم بە قوربانی ئەو پەیامەی کە هەڵم گرتووە. ناتوانیت مێژوو بوەستێنیت " .**

**" نیوەی دونیا نوێژ دەکەن و دەپاڕێنەوە بۆ لێبووردەیی لە گوناهیان. ئێوە نەتان توانیوە قوربانی بدەن بۆ بنیات نانی ژیانێکی بەختەوەر، بەڵام من ئامادەم خۆم بکەم بە قوربانی پەیامی بەختەوەری و توانام هەیە لە تێگەیشتنی" .**

باوکی دەڵێ :

" تۆ مرۆڤ نیت ! تۆ کوڕی من نیت لەمەودوا . من لەعنەتت لێ دەکەم"

ترۆتسکی وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ :

" لە ئاخیری بەدەنگ هاتیت و دانت پێدانا کە لەعنەتم لێ دەکەیت. تۆ ئەو کاتە لەعنەتت لێکردم، کاتێ لە قوتابخانەی ئامادەیی دەرکرام. تۆ قەت باوەڕت بەمن نەبووە، بەڵام من بۆت دەسەلمێنم کە من ڕاستم و کەس ناتوانێ من بوەستێنێ" .

## ناجێگریی سیاسەتی وڵات و کودەتاکردنی بەڵشەڤیەکان

بۆ ئەوەی زیاتر تێبگەین لە هەڵسووکەوت و بۆچوونی بەڵشەڤیەکان سەبارەت بە گرتنەدەستیی دەسەڵات و قۆزتنەوەی دەرفەتی شەڕی جیهانی ئەوا من ئاماژە بەیەک سەرچاوەی ترۆتسکی دەکەم لە نووسینێک لەسەر وانەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەڵێ : ناتوانیت دەسەڵات بەدەست بهێنیت لەڕێگای ڕیفۆرمەوە، هەر وەک ئەستەمە فشار بخەیتە سەر بۆرژوا سیاسەتی خۆی بگۆڕێ کە پەیوەندی بە چارەنووسی خۆیەوە هەیە. .. . هتد" .[42]

کورتەی تاکتیک بۆ ستراتیژیەتی بەڵشەڤیەکان، ئەوەبوو نابێ چاوەڕوان بکەیت لە بۆرژوا چاکسازی و ڕیفۆرم بکا بەمل کەچ بوونی بۆ داواکارییەکانی تۆ( بەڵشەڤیکی) واتە دەبێتە خۆکوژی بۆ بۆرژوا، چونکە داواکارییەکانی بەڵشەڤیک دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی پڕۆلێتاریا بوو، تەنانەت مێنشەڤیک و سۆشیال شۆڕشگێڕەکانیش دژی ئەو سیاسەتەی دیکتاتۆریە پڕۆلێتاریایە بوون. لە وەڵامی سەربازەکانی کڕانشتادەکان ستالین وتی خۆتان لە ئێمە باشتر دەزانن چەک هەڵبگرن یان نەء بۆ کودەتاکردن واتە

---

[42] ترۆتسکی-"وانەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر"چاپی عەرەبی،لاپەڕە- ١٥-

ڕای خۆی نەدا . تەنانەت لەناو خودی بەڵشەفیکیەکان وەک زینۆڤییێڤ و کامینییێڤ تاڕادەیەک لەڕێگای هێزەوە گرتنی دەسەڵاتیان پێ قبوول نەبوو، بەڵام دیکتاتۆریەتی لێنین وایکرد هەموو ئەندامەکانی لیژنەی سەرکردایەتی بکەونە گوێڕایەڵی خۆی و ئەو فەرمان بکاو ئەوانیش جێ بەجێی بکەن .

ترۆتسکی لەلاپەڕە ١٠ ئاماژە بەهەندێک ڕاستی ئەو ڕووداوە دەکا کە چۆن لایەنەکان دیدو بۆچوونیان هەبووە سەبارەت بە دواڕۆژی ڕوسیا وەک مێنشەڤیک و سۆشیال شۆڕشگێر( ئێسێرەکان) و وردە بۆرژواو لیبێڕاڵ و زۆری تر هەر هەموویان گەیشتبوونە ئەو قەناعەتە ڕوسیا دەبێ بە قۆناغی سەرمایەداری دابڕواو لە ڕێگای شۆڕشێکی دیموکراتیەوە بگەین بە سۆشیالیست. کەچی تاکە لایەن بەڵشەڤیک هەروەک وتم وە هەندێک لەناو خودی بەڵشەڤیکیش لەگەڵ ئەو بیرو بۆچوونەی لێنین نەبوون لەڕێگای هێزو خوێنەوە دەسەڵات وەربگیرێ و شۆڕشێکی سۆشیالیستی بەرپابێ و کودەتایەک بکەن. بە حسابی زۆربەی سیاسیەکانی ئەوکاتی ڕوسیاو سۆشیال دیموکراتەکانی ئەڵمان و فەڕەنساو ئینگلتەرا هێشتا ڕوسیا ئامادە نیە بۆ شۆڕشێکی سۆشیالیستی، هەربۆیە دەبێ بە قۆناغی سەرمایەداری دابڕوا، چونکە هێشتا لە قۆناغی دەرەبەگایەتیەو تازە سەرەتای پیشەسازی و دروست بوونی بۆرژوایەو پڕۆلێتاریا بەو مانا ڕۆژئاواییەی مارکس هێشتا درووست نەبووە .

بەڵام ترۆتسکی وتەیەکی ئینگلس دەهێنێتەوە بۆ پاکانەی بەرپابوونی شۆڕش لە ڕوسیاو مەرج نیە ئەگەر بەسەرمایەداری دانەچووبێ. ترۆتسکی لەزاری ئێنگلسەوە( شۆڕشی جووتیاران) دەڵێ :

"ڕوودەدا لە قۆناغێکداو ئەوەش بێگومان نەک لە هەموو کات و شوێنێک، یان لە ئاستێکی دیاریکراو لە پلەی گەشەسەندن، بۆرژوازیەت تێبینی ئەوە دەکا کە هاوەڵەکەی واتە پڕۆلێتاریەت پێشی کەوتووەتەوە" 43

مانگرتن و خۆپێشاندان و دەنگی ناڕەزایی هەموو چین و توێژ و تەنانەت وەزیر و کاربەدەستانی حوکومیشی گرتبۆوە کە دەبێ چارەیەک بدۆزرێتەوە بۆ ئەو وەزعە. هەربۆیە ئەنجامی بەردەوام بوونی یاخی بوون و مانگرتنی خۆپێشاندەران و تەنانەت لەناو دوومای(پەرلەمانی قەیسەر یان ئەنجومەنی نوێنەرانی گەڵ) دەنگی ناڕەزایی گەیشتە قەیسەرو وای لە قەیسەر کرد دەست لەکار بکێشێتەوە .

حوکومەتی کاتی لەنێوان مانگی ٢ تا مانگی ئۆکتۆبەر ١٠ بە تەقویمی کۆن حوکومەتیان بەڕێوەبرد. هەروەک پێشوو باسمکرد زۆر بڕیاری باشیاندا، یەکێ لەو بڕیارە سەرەکیانە ئەوە بوو کە ئەنجوومەنێکی دەستووری پێکبهێنن لەڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرانی هەرێم و ناوچەو شارەکانی ڕوسیاو حیزب و چین و توێژەکان. هەرلایەنێک نوێنەری خۆی بنێرێ بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی سەرتاپایی بکەن بۆ ئەوەی هەر لایەنێک زۆرینەی دەنگی بەدەستهێنا ئەوا دەتوانێ حوکومەت بەدەست بهێنی و پێکی بهێنێ.

بەڵام لێنین زوو هەستی کرد کە بەڵشەڤیەکان زۆرینەی دەنگ بەدەست ناهێنن لەو دەنگدانەو هێشتا کەمینەن بەر لە کودەتاکەیان. بەگوێرەی ڕاپرسی و ئەنجامەکان بەدیار کەوت کە ٥٠٪ دانیشتوان بەشداریان کردووە لەو هەڵبژاردنە، واتە

---

[43] ترۆتسکی- " وانەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر" .چاپی عەرەبی،لاپەڕە- ١٠-

٧١٥ ئەندام بۆ ئەو ئەنجوومەنە هەڵبژێردرا لەوانە :

٣٧٠ بۆ ئێسێرەکان(سۆشیالیستە شۆڕشگێرەکان)

١٧٥ بۆ بەلٚشەڤیک

٤٠ ئەندام بۆ ئێسیری چەپ

١٧ بۆ کادێت

١٥ بۆ مێنشەڤیک چوو

سەرچاوەی ڕێژەی دەنگەکان لە ڕاگەیاندنی فەرمی "حوکومەتی کاتی" ئەمەی سەرەوە بوو .

بەلاّم کاتێ بەلٚشەڤیکیەکان هاتنە سەر حوکم هەولٚیان دا ئەو ڕاستیە جارێکی تر بشارنەوە ژمارەی هەلٚە بە دانیشتوان بدەن کەکاتی خۆی دەنگی زۆریان هێناوە لەسەرووی هەموویان بووە .[44]

لەم هەلٚبژاردنەی ئەو ئەنجوومەنە لێدانێکی چاوەڕوان نەکراو بوو بۆ مێنشەڤیکەکان، چونکە تا مانگی ئەپرێل ئەوان لە مەیدان ڕکابەری یەکەمی ئێسێرەکان بوون لەناو جەماوەر، بەلاّم کتوپڕ دەنگەکانیان لەناوچوو لەبەر ئەوەی کاتێ کۆمیتەی پێترۆگرادی سەڤێتیان دروستکرد نەیان توانی ببن بە جێگرەوەی

44 -
https://ru.wikipedia.org/wiki/%D0%92%D1%8B%D0%B1%D0%BE%D1%80%D1%8B_%D0%B2%D0%BE_%D0%92%D1%81%D0%B5%D1%80%D0%BE%D1%81%D1%81%D0%B8%D0%B9%D1%81%D0%BA%D0%BE%D0%B5_%D1%83%D1%87%D1%80%D0%B5%D0%B4%D0%B8%D1%82%D0%B5%D0%BB%D1%8C%D0%BD%D0%BE%D0%B5_%D1%81%D0%BE%D0%B1%D1%80%D0%B0%D0%BD%D0%B8%D0%B5

حوکومەتی کاتی و بڕیارەکانیان لەناو جەماوەر کاریگەر نەبوو، تەنانەت خەڵک لەوانیش بێزاربوو.

کاتێ لێنین زانی ئەندامەکانی بەڵشەڤیک لەو ئەنجوومەنە کەمەو ناتوانن ڕۆڵ بگێرن، زوو بە ئەندامەکانی خۆی وت دەربچن لەو ئەنجوومەنە، چونکە لەو ڕێگایەوە ناتوانین دەسەڵات وەربگرین. هەربۆیە مانگێکی نەبرد پاش ئەمە لێنین کودەتایەکی کرد بەناوی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە. هەر **خودی لێنین دەیوت کودەتابووە نەك شۆڕش و بە شانازییەوە ئاماژەی پێدەکرد** لەدوای مردنی لێنین'ەوە لەسەردەمی ستالین ئینجا ناوی لێنرا شۆڕش و وشەی کودەتا وردە وردە لەسەر زمان و ئەدەبیاتی کۆمۆنیستی لابرا.

پاش کودەتاکەی ئۆکتۆبەر ئەو ئەنجوومەنە جارێکی تر کۆبووەوە ئەو ئینقلابەی بەڵشەڤیکیەی بە نایاسایی و بە ناڕاستی زانی و ئیدانەی کردو وتی دەبێ واز لەو کودەتایە بهێنێت و ڕادەستی ئەنجوومەنی دەستووری بکاتەوە بۆ ئەوەی حوکومەتێک پێک بهێنرێ .

بەڵام بە بریاری لێنین ئەو ئەنجوومەنە دەستوورییە هەڵبوەشێتەوە کە شێوەیەک بوو بۆ سەرەتای سیستەمی پەرلەمانی بۆ ڕوسیا کە بێتە ئاراوە. بەڵام بەداخەوە لێنین بواری بەو پڕۆسە دیموکراتیە نەداو زوو بریاریدا ئەو ئەنجوومەنە هەڵبوەشێندرێتەوە، چونکە نوێنەرایەتی چینی پڕۆلێتاریا ناکاو چینی کرێکار ناڕازین لەو ئەنجوومەنە. هەربۆیە هەموویانی قاوداو ئیدی چیتر نەیانتوانی کۆببنەوەو دانیشتن بکەن بەناوی ئەنجوومەنی دەستووریەوە .

بە تێڕوانینی لێنین ئەگەر ئینقلابەکە نەکرابایە، ئەوا قەت جارێکی تر ئەو دەرفەتەیان بۆ هەڵنەدەکەوتەوە لە دواڕۆژ بێنە سەر حوکم.

بەگوێرەی مێژوونووسی ڕوسی لیۆنید ملێتشین دەڵێ :
کاتێ لێنین وەک پەناهەندەیەک لە سویسڕا دەژیا چەند جارێک دەردی دڵی خۆی بەیان کردووە کە چیتر هیوایەکی نەماوە بە سەرکەوتنی شۆڕشەکەی.
لیۆنید ملێتشین'ی مێژوونووس بەردەوام دەبێ و دەڵێ :

لێنین لەدوا ساتەکانی ژیانی تاراوگە تەواو گەیشتبووە قەناعەتێک کە دەمرێ و بە خەونیش دەسەڵات نابینێ. بەڵام دەرگای بەختی بۆکراوە کاتێ یاخیبوون و ڕاپەڕین و مانگرتنی سەرتاسەریی دەست پێکراو بووە هۆی ئەوە نیکۆڵای دووهەمی قەیسەڕی ڕوسیا بڕیاری کۆتایی خۆی بدا کە دەست لەکار بکێشێتەوەو ڕادەستی دووما(مجلس النواب) بکاو حوکومەتێکی کاتی دابمەزرێنن و لە دواییدا هەڵبژاردنێک بکەن و چیتر ئەو لە حوکم نامینێتەوە. ئیدی لێنین یەکسەر بڕیاری دا بگەڕێتەوە ڕوسیاو دەرگای بەختی بۆکراوە .
بەگوێرەی بیرو بۆچوونی لێنین کە لە چەند تیۆرییەک دای ڕشتبوو، وەک :
لە دوای شۆڕشی ١٩٠٥ ڕوسیا قۆناغێکی تری تێپەڕاندووەو ئێستا قۆناغی دیکتاتۆری دیموکراتیەتی پڕۆلێتاریایە! بەڵام مێنشەڤیکەکان پێیان وابوو نابێ لەڕوسیا زیاتر لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوڕوپا هەنگاو بنێ بۆ ئەو پەیامە. هەربۆیە دەبێ بورژووا حوکم بکات و سۆشیال دیموکراتیەکان لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بن بەقۆناغی شۆڕشی دیموکراتی دابچن و پاشان پەیامی پرۆلێتاری بەجێ بهێنن. بەڵام لێنین ئاوای بۆ نەدەچو[45]

[45] -ترۆتسکی- "وانەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر" بەزمانی عەرەبی،لاپەرە ١٠

ترۆتسکی جەخت لە بەکارهێنانی هێز و تاکتیک دەکا کە دەبێ بۆ ستراتیژیەت بەکار بهێنرێ و ئامانجەکەی گرتنی دەسەڵاتەو پاشان پەیامەکان جێبەجێ دەکرێ. واتە بێ گرتنی دەسەڵات ئەستەمە بتوانیت بگەیت بە قۆناغی دیکتاتۆریەتی پڕۆلێتاری. هەربۆیە زۆر لەهەوڵی هاندان و بەگەڕخستنی جەماوەربوون بۆ چەکدارکردنیان و بۆ جەنگێکی دەستەویەخەی گەرم و گور .[46]

ترۆتسکی ئاماژە بەقەولێکی لێنین دەکا کاتێ دەڵێ :

" زۆرجاران لە پڕێکا گەڕانەوەیەک بەرەودواوە دەبێ لەمێژووی حیزبە پێشڕەوەکان و بۆ ماوەیەکی کورت یان درێژ دەست و پێیان دەبەسترێتەوە بتوانن خۆیان لێ ڕابهێنن لەگەڵ وەزعی نوێ و ئەو دروشمانەی کە دووبارەیان دەکردەوە بۆ دوێنێ ڕاستبوو، بەڵام بۆ ئیمڕۆ ماناکەی لەدەست داوە، ئەمەش بەهۆی ئەو قۆناغەیە کە لە پڕێکا هاتووەت ئاراوە" .[47]

مەبەستی لە شکستی شۆڕشی ١٩٠٥ و فێڤرایەلی ١٩١٧ یە کەسەرکەوتوو نەبوون بۆ گرتنی دەسەڵات و دروشمەکانیان ئێستا نایخوا، هەربۆیە گرتنی دەسەڵات تاکە چارەیە .

لێنین و هەڤاڵانی جەختیان زۆر دەکردەوە لەسەر ئەو دروشم و دوا ئامانجەو بەدیهاتنی "دیکتاتۆرییەتی دیموکراتی بۆ کرێکار و جوتیاران" ، بەڵام ترۆتسکی لەوەش زیادەڕۆیی کرد کاتێ تیۆری " شۆڕشی بەردەوامی" داهێنا کە دەبێ شۆڕشێکی جیهانی سەرتاپا بێتە ئاراوە بۆ ئەوەی حوکومەتێکی کرێکاری بە پاڵپشتی جوتیاران

---

46 ـ هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٨

47 ـ هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٨

بێتەدی و شۆڕش بەردەوامیەتی هەبێ، کەبووە جێگای ڕەخنەی خودی سۆشیالیستەکان [48].

هەموو نووسینەکانی ترۆتسکی لە وانەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر جەخت لەسەر گرتنە دەسەڵات دەکا وەک هەنگاوی یەکەم. ئایا خەباتمان بۆ گرتنە دەسەڵاتە یان نەء؟ یان خۆمان سەرقاڵ بکەین بەخەباتی مەدەنی دیموکراتی لەکەش و هەوایەکی بۆرژوازی بچوک؟

ترۆتسکی بەردەوام دەبێ و دەڵێ : ئەرکی گرتنە دەسەڵات قەت نەخراوەتە پێش حیزب تا ئەمڕۆ (٤ی ئەپریلی ١٩١٧)، واتە پاش گەیشتن و گەڕانەوەی بۆ پێترۆگراد (لێنینگراد)، تەنانەت لەناو حیزب دیسان مشتومڕ هەر هەبوو ئەگەر بۆ هەوڵی دەسەڵات بێ یان خەباتی مەدەنی .[49]

ڕەفتارو مامەڵەی سەربازە دەریاییەکانی کرانشتاد

٤ ی تەموزی ساڵی ١٩١٧ مەترۆسی کرانشتاد( مارینز- سەربازی دەریایی) بەرەو بارەگای سەرەکی  بەڵشەڤیەکان چوون. ئەو شوێنە پێش ڕووداوی ڕاپەڕینی فێڤراڵ، کۆشکێکی پشووی کیشنێتسکی بوو، کە خاتوونێکی هونەرمەندی شانۆی بەلێرینە ( سەماکاری بالییێت بالیە) بوو. بەڵام لەلایەن بەڵطەجیەکانەوە داگیرکرابوو و ببوو بە بارەگای  بەڵشەڤیەکان. بزانە چ کارەساتێکیان هێنا بەسەر ئەو خاتوونەهونەرمەندە.

---

48 - هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٤

49 - هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٣

گواستنەوەی کولتووری ڕەشە وڵاخ و چینی ڕەش و ڕووتی دوور لە جیهانی هونەرو تەلارو شارستانیەت، دەبێ چاوەڕوانی چ ئەنجامێکیان لێ بکەیت؟ [50]

سەربازە مەترۆسەکان هاواریان دەکردو تەقەیان بەئاسمانەوە دەکرد لە پێش کۆشکەکەی لێنین. داوایان لە لێنین دەکرد کە فەتوای شەڕو ڕاپەڕین بدا . لێنین لە بەڵکۆنی کۆشکەکە هاتە دەرەوەو قسەی بۆ سەربازەکان کرد لە دژی حوکومەتی کاتی و کۆمیتەی پێترۆگراد. کە ئەو دوو لایەنە هەریەکەو لەلای خۆیەوە حوکمی وڵاتی دەکردو هیچکام لەوانە یەکترییان پێ قەبووڵ نەکردووە، هیچ فەرمان و یاسای یەکتریشیان پێ قەبوول نەبووە. واتە ڕوسیای دوای نەمانی قەیسەر بوو بە وڵاتێکی بێ سەروبەرو پڕ لە ئاژاوەو دیفاکتۆ. ببوو بە ئەمری واقیع لە وڵاتێک کە دوو سیستەم دوو دەستەو دائیرەو دوو ڕژێمی جیاواز حوکمی یەک شارو یەک دەوڵەت بکا . ئەو جۆرە سیستەمە لە فەرهەنگی سیاسی پێی دەڵێن حوکمی دوانەیی (دایەرخی Diarchy). [51]

لێنین لە دژی هەردوکیان پڕۆپاگەندەو هەڕەشەی دەکردو دەیوت :

دەبێ دەسەڵات بدرێتە دەست کرێکاران و سەربازان. ئەو ڕژێمە چیتر نەمینێ، بەڵام ئەو ڕۆژە هانی سەربازە مەترۆسەکانی نەدا بۆ ڕاپەڕینی سەربازی بەرەو بارەگای

---

[50] https://www.facebook.com/NeazyAsma/posts/1211589925640174

[51] https://www.facebook.com/NeazyAsma/posts/1533283840137446

حوکم بچن و پەلاماری بدەن.  گەرچی هەمان ڕۆژ هەندێک پێکدادان ڕوویدا لەسەر شەقامەکان لە بەرامبەر هێزی حوکومی و چەند کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە. ئەو ڕۆژە چەقۆ وەشێنەکانی لێنین سەربازە حوکومیەکانیان سەر بڕی و پارچە پارچەیان کردن و لەسەر شەقامەکان پەرت و بڵاویان کردبوون بە مەبەستی ئەوەی خەڵکی پێ بتۆقێنن کە ئێمە کێین؟

حوکومەتی کاتی هێندە بێدەسەلات بوو، تەنانەت کۆنترۆلیان بەسەر حوکومەت و سەربازو ناو شارەوە نەمابوو. ئیدی لە شوێنێکی ئارام و پارێزراو دەگەڕان بۆ ئەوەی بتوانن کۆبوونەوەو بڕیارەکانیان دەربکەن. هەربۆیە هانایان بۆ ژەنەڕاڵێکی قەیسەری برد بەناوی پۆڵۆڤیتشێڤ، بەڵام خودی ئەو ژەنەڕاڵە ژمارەی سەربازەکانی کەم بوو وە ئەوانەی لەگەڵی مابوونەوە جێگای متمانەی ئەو نەبوون، چونکە سەربازەکانی هەمووی لە چینی ڕەش و ڕووت بوون و بە درووشمەکانی چەپ و لێنین هەڵخەڵەتابوون.  بەڵام لێنین و ترۆتسکی و چەند ئەندامێکی تری ناو بەڵشەفیک کاتێ سەیری لاوازی هێزی حوکومەتی کاتی و کۆمیتەی پێترۆگراد'یان کرد، هەر زوو بۆچوون و تاکتیکی خۆیان گۆڕی و وتیان :

" ناتوانرێ لەڕێگای چاکسازی و ڕیفۆرمەوە دەسەلات وەربگرێت" .[52] کەواتە بەڵشەڤیەکان تەواو خۆیان ئامانجیان گرتنە دەستی دەسەلات بووە .

بەڵام کامینیێڤ و زینۆڤییێڤ لە دژی ڕیفۆرم نەبوون، بەڵکو لەگەڵ ئەوەبوون کە شانسێک بە حوکومەتی کاتی بدرێ بۆ چاکسازی و بەشداربوون لە پەرلەمان و سۆڤێتەکان( لیژنە ناوچەییەکان). هەر پێش ٣ هەفتە پێش بەر لە کودەتاکە یاخود

---

[52] - ترۆتسکی- "وانەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر" بەزمانی عەرەبی،لاپەڕە- ١٥

شۆڕشی ئۆکتۆبەر زۆرینەی  بەڵشەڤیەکان کە ١٧٥ ئەندام بوون لەناو پەرلەمان دەنگیان دا بۆ بەشداربوون لە ئەنجوومەنی دەستووری( هەروەک ئەنجومەنی حوکمی سەردەمی ـ ببریمەر ـ لە عێراقی پاش صەدام حسین، شتێکی لەو جۆرەبوو). بەڵام لێنین کاتێ بینی ڕێژەی  بەڵشەڤیەکان ئەوەندە نیە تا بتوانن زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنن و دەنگیان زاڵبێ بەسەر لیژنەکەو ببن بە زۆرینەی پەرلەمان لە دوارۆژ، هەر بۆیە زوو پێیوتن وەرنە دەرەوە و دانوستانەکان هەڵبوەشێننەوە لە ١١ی ئۆکتۆبەر. واتە بەهەفتەیەک پێش ئینقلابی بەڵشەڤیک لێنین پێی وابوو بەشداربوونی بەڵشەفیکەکان هەڵەیەکی گەورە بوو و نەدەبوایە بکرایە، چونکە ئەگەر چاوەڕوان بکەیت لەڕێگای بەشداربوونت لە پەرلەمانەوە بگەیت بە دەسەڵات ئەوا وەهم و خەیاڵە .[53]

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لێنین هیچ باوەڕەی بە خەباتی مەدەنی و پەرلەمان و دیموکراتیەت نەبووە، بەڵکو لەڕێگای هێزەوە دەسەڵات بستێنیت و دیکتاتۆریەتی پڕۆلێتاریای کرێکاران و بەهاوکاری جوتیاران دروست بکەیت!

هەربۆیە پارڤووس دەڵێ:

پارڤووس باس لەهەڵەی کیرێنسکی دەکا کە پێی وابوو توانای هێزی سەربازی ئەنتانتە( بەریتانیا و فەڕەنسا) بەرزترە،  بەڵشەڤیەکان هەر تەواو ئاگایان لەباری نالەباری بەرەی شەڕ هەر نەبوو،  پێیان وابوو دەتوانن سووپای ئیمپێریالیستی تێک بشکێنن لەڕێگای شۆڕشەوە.[54]

---

[53] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ـ١٧،٢٠،٢١ ـ

[54] ـ پارڤووس:ـ" لە تێکۆشێنەوە بۆ ڕاستی". لاپەڕە- ٢٨

بێگومان هەر لەسەر بڕیاری لێنین'یش بوو بەڵشەڤیەکان بەشداری پەرلەمان و حوکومەتی کاتیان کرد کەچی کاتێ زانی هیچ زۆرینە نین و تەنانەت دەنگی بەڵشەڤیک لەناوچەکانی دووری پایتەخت لە دەنگی مێنشەڤیک و ئێسێرەکانی ناو ئەنجوومەنی دەستووری کەمترن وە لەم هەڵبژاردنە دەنگێی تەواوی نەهێناوە دەست بەسەر پەرلەمانی و حوکومەت دابگرێ ئیدی ڕەئی خۆی گۆڕی .

هەرچەندە ڕێژەیەکی زۆر لە کرێکارەکان لایەنگیری بەڵشەڤیەکان بوون، بەڵام گەیشتبوونە قەناعەتێکی تەواو کە جوتیارەکان دەنگ بە ئێسێرەکان(سۆشیال-شۆۆڕشگێڕەکان) دەدەن. لەدوای مانگی ٢ ساڵی ١٩١٧ ئێسێرەکان بوون بەهێزی یەکەم لە ڕوسیا لە هەڵبژاردنەکانی ناوچەو شارەوان و پەرلەمان و چەند وەزیرێکیان هەبوو لە حووکومەتدا.

ئێسێرەکان(سۆشیال- شۆڕشگێڕەکان) بوون بە بەلا بۆ لێنین، هەربۆیە زوو دەرکی بەوە کرد کە دەبێ دروشمەکانی بەڵشەڤیک بەشێوەیەک دابڕێژێ بۆ ئەوەی زۆرترین جەماوەر لەدەوروبەری خۆیان کۆبکەنەوە. هەربۆیە لێنین لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ڕوسیا یەکەم دروشمی ئاشتی و نان و ئازادی بوو، کە لە دواییدا هیچیانی نەدا بەمیللەت و تەنها دروشم بوون، بەڵکو ژیان و گووزەرانی پاش جەنگی یەکەم زۆر بەرەو خراپتر چوو لەسایەی حوکمی بەڵشەڤیکی .

"ئازادی تاک دیاری شارستانیەت نیە، خۆی سەروەربوو پێش ئەوەی هەر شارستانیەتێک هەبووبێ" - زیگمۆند فرۆید

The liberty of the individual is no gift of civilization. It was great before there was any civilization

هەربۆیە دروشمی وەستانی شەڕ و بۆ ئاشتی و نان و سەرباز ملکەچی فەرمانی شەڕکردن نەبێ و زەوی موڵکی جوتیارە و خۆی دەبێ خاوەنی بێ و بۆ ئازادی و بۆ دیموکراتیەتی پرۆلێتاریای کرێکارو جووتیاران. هێندێک لەو درووشمانە پێشتر هێ ئێسێرەکان بوون و لێنین قۆستیەوە وەک درووشمی پێدانی زەوی بە جووتیاران. ئەو دروشمانە وای کرد هەرچی سەربازە دەست لەو جەنگە هەڵبگرن لەشەڕو بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان. لێنین وتی :

" ئێستا یان بۆ هەتا هەتایە( الأن أو إلى الأبد ) ". [55]

مەبەستی لەوەبوو ئەگەر ئێمەی بەڵشەڤیک ئێستا حوکم نەگرینە دەست ئەوا بۆ هەتا هەتایە دەرفەتی ئاوامان بۆ هەڵناکەوێتەوە .

ترۆتسکی پاکانە بۆ ئینقلابەکەی دەهێنێتەوە کەلەکات و ساتێکی گونجاودا ئەگەر نەء چارەنووسیان وەک سۆشیال-دیموکراتەکانی ئەڵمانیای لێ دەهات لەساڵی ١٩٣٢کە شکستیان هێنا بۆ هاتنیان بۆ سەر حوکم چونکە بەقسەی ترۆتسکی چەپەکانی ئەڵمان ئەو دەرفەتەیان نەقۆستەوە بێنە سەرحوکم واتە وەک بەڵشەڤیەکان ئینقلاب بەسەر هەڵبژاردن و دیموکراتیەتی ئەڵمان بکەن .ترۆتسکی دەڵێ :

" هەروەها ڕوسیاش گەیشتە کەنارەکانی هاوشێوەیە بارودۆخەکەی ئەڵمانیا لە پایزی ساڵی ١٩١٧دا،خۆ ئەگەر چەند هەفتەیەک بوەستاینایە ئەوا هەمان گۆڕانکاری و ناهەموارانە ڕووی دەدا .لەبەر ئەوە(لێنین چاک پێکای کە گوتی( یان ئێستا یان هەتاهەتایە) " [56]

---

[55] هەمان سەرچاوە،لاپەڕە- ٢٦ .

[56] - ترۆتسکی" مێژووی شۆڕشی ڕوسیا"چاپی کوردی،لاپەڕە ٣٠

بەیەک هەفتە پێش ئینقلابەکەی ئۆکتۆبەر، کامینییێڤ لە ڕۆژنامەی "نۆڤەیا ژیزن" ووتارێکی توندی نووسی و دەڵێ :

" نەک زینۆڤییێڤ و من، بەڵکو کۆمەڵێکی زۆر لە هاوڕێیان دەستپێشخەری بۆ ڕاپەڕینی چەکداری لەم کاتە ناسکەدا قبوول نیەو ئابروچوونە بۆ پرۆلێتاریا و شۆڕش ."

هەفتەیەک پاش دەستگرتنی بەڵشەڤیەکان بەسەر حوکم ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی و نوێنەرانی گەل دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان پێشکەش حیزب کرد کە ئەو شێوەی خەباتە چەکدارییە ڕەت دەکەنەوەو بەڕێگای ئاشتیانە حوکمیان وەرنەگرتووە .[57]

لێنین و ترۆتسکی ئەو داواکارییەی دەنگە ناڕەزاییەکانیان پێڕاست نەبوو. وتیان بە چ حەقیک، ئێمە تازە دەسەڵاتمان وەرگرتووە، تا جارێکی تر ڕادەستی حیزبەکانی دەسەڵاتی پێشوو بکەینەوە؟[58]

دیسان دەستکێشانەوە لە حیزبی بەڵشەڤیک بەردەوام بوو لە بەرپرسە باڵاکانی ئەو حیزبە. وەک لووزۆڤسکی نامەیەکی پێشکەش بە حیزب کرد لە نۆڤەمبەری ٥ نووسرابوو :

"من ئامادەنیم ملکەچی ڕێکاری ئێوەبم و ڕێگە بەخۆم نادەم کەس بپەرستم ( پێ دەچێ تاکپەرستی لێنین دەستی پێکردوبێ- نیاز). ئەگەر حیزبی بەڵشەڤیک هێشتا حیزبێکی مارکسی چینی کرێکارە یان ڕێچکەیەکی تری گرتووەتەبەر کە هیچ پەیوەندیەکی بە مارکیسیەتی شۆڕشگێریەوە نەبێ؟" [59]

---

[57] -ترۆتسکی- "وانەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ،لاپەڕە- ٢٧

[58] هەمان سەرچاوە،لاپەڕە- ٢٧.

[59] لا، ٢٨.

کاتێ خۆیان ئامادەکرد بۆ شۆڕشێک لە شێوەی کودەتا بەسەر حوکومەتی کاتی لێنین پێشنیاری کرد یەکەم جار لە مۆسکۆ پیادەبکرێ، چونکە شارێکی دوورەو هێزی بەرەنگاربوونەوەی حوکومەت هێندە بە هێز نابێ و زوو دەتوانین دەست بەسەر دام و دەزگا حوکومیەکان دابگرین، بەڵام لیژنەی مەرکەزی و بەتایبەتی ترۆتسکی وتی باشترە لەپایتەخت دەست پێبکرێ واتە پێترۆگرادو هەر لەوێ کڵپەی شۆڕش هەڵبگیرسێ ، وە پێشبینیەکانی ترۆتسکی ڕاست دەرچوو زۆر بەئاسانی کۆشکی زستانی گیراو. کەچی لە مۆسکۆ دەسەڵاتی حوکومەت زۆر بە توندی و خوێناوییەوە بەرەنگاری بەلشەڤیەکان بوونەوە زۆر زیاتری خایاند لەوەی کە چاوەڕوانیان دەکرد .

مارکس دەڵێ : " ڕاپەڕین هونەرە"

نووسینەکانی لێنین کاتێ لەدەرەوەی وڵات بوو زۆر لیبێڕالیانە بوو، بەڵام کە هاتە سەر دەسەڵات نووسین و ڕەفتارەکانی مۆدیلی قەیسەر بوو، واتە بەهەمان شێوەی قەیسەر، بەڵکو دەکرێت بڵێین خراپتریش حوکمی کردووە.

سەردەمی قەیسەر دەزگایەکی داپلۆسینی پۆلیسی نهێنی هەبوو بەناوی ئۆخرانە ( زاراوەی کۆنی ڕوسیەو بەشێوەی نوێکەی ئەم سەردەمە وتنەکەی دەبێتە ئەخرانە- واتە پاراستن) ـ الأمن و الأستخبارات ـ ی ڕژێمی قەیسەرە. دەزگایەکی زۆر بەهێز بوو بەشێوەیەکی پرۆفێشیۆنالانە کاری دەکردو دەبوایە کەسەکان لێهاتوو و کەسانێکی ئایندار یان باشتر بڵێم بە ئیمان و کەرامەت بن و پلەی ئەفسەر یان شەهادەیەکی هەبێ تا لەو دەزگایە کار بکات وەک زەمانی بەلشەڤیک نەبوو مادام تۆ حیزبیت ئیدی دەتوانیت لەهەموو شوێنێک کار بکەیت تەنانەت کەسێکی حیزبی دەیتوانی فەرمان بە سەر هەموو ژەنەڕاڵێکەوە بکا . بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون بێت بۆتان و ئاشناییتان هەبێت نموونەی عێراق وەک رفیق حیزبیەک دەیتوانی فەرمان بەسەر أمر فەوجێک یان أمر

لیوایەکدا بکات. حیزب بڕیاری سەربازی دەدا نەک کەسێکی ئەفسەر. هەر بەهەمان شێوە سەردەمی بەلْشەڤیک، ئابەو شێوەیە فەرمانەکان جێبەجێ دەکران .

بێینەوە سەر باسی دەزگای ئۆخرانە، توانی لەناو هەر هەموو حیزب و گرووپە سیاسیەکاندا تەنانەت ئەوانەی لەگەڵ حوکومەتیش بوون دیسان سیخوڕی خۆیان دانابوو. هەربۆیە زوو زوو ئەندامی حیزبیە ئۆپۆزیسیۆنەکان دەگیران. هەروەک دەزانن لێنین گیراو ترۆتسکی ٢ جار گیرا، پارڤووس ٢ جار گیرا ، هیچ کام لەو ئەندامانەی بەلْشەڤیک نیە نەکەوتبێتە تەڵەی دەزگای ئۆخرانەی قەیسەرییەوە. لێرە پرسیارێک دێتە پێشەوە، باشە ئەگەر حیزبی بەلْشەڤیک ئاوا پڕ بە دڵ و گیان کاریان کردووە ئەی چۆن ئاوا ئاسان وەک چۆلەکە کەوتوونەتە بەر دەستی ئۆخڕانە؟ کەواتە دەبێ ئەندامەکانی حیزبی بەلْشەڤیک یان سۆشیال -دیموکراتەکان خەت مایل و لادەریان تێدا هەبووبێ ؟ بەڵێ بێگومان.

پارڤووس باسی کەسایەتیەکی سۆشیال- دیموکرات دەکا بەناوی "بورتچییێڤ" کە خۆی بە نووسەر و کەسێکی زیرەک و خاوەن بەرهەمی ئەدەبی لەقەڵەم دەدا، بەڵام دەڵێ هەموو بەرهەمەکانی جگە لەنووکتەو گاڵتەجاڕی هیچ شتێکی تر نیە، ئەو کابرایە هیچ پێش نەکەوت لە نووسین و بەهرەدار نەبوو، پاش زیندان و ڕاکردنی لە زیندان و چوو بۆ دەرەوەی وڵات و دیداری لەگەڵ پارڤووس لەساڵی ١٨٨٠ لە زوریخ- سویسڕا ، پاشان گەڕاوە ڕوسیا لەساڵی ١٩٠٥ کاتێ پۆستێکی حوکومیان پێدا ئیدی کەوتە گیانی کەسە چالاکوانەکان وەک کەسێکی دیتێکتیڤ کاری دەکرد ـ سیخوڕ ـ و هەروەک بڵێیت لە ژیانیدا ڕۆژێک پەیامی شۆڕشگێری بەخەیاڵدا نەهاتووە.[60]

---

60 ـ پارڤووس:-" لە تێکۆشێنەوە بۆ ڕاستی". لاپەڕە-١٤

ڕۆلی پارتی شۆڕشگێری سۆشیالیست چیبووە لەو ڕووداوانەی ڕوسیای قەیسەری و پاش هاتنی بەڵشەڤیک بۆ سەر حوکم ؟ .

باس لە دەبڵ سیخوڕێک دەکرێ وەک جێگری ئەو حیزبە. ئەندرێی ئەرگوونەڤ کە سەرۆکی حیزبی شۆڕشگێری سۆشیالیستی بوو وەک لە ژیاننامەکەی دیارە سەرەتا لە ڕێکخراوێکی چەپی جەماوەرە - ناوچەیی کاری کردووە بەناوی "نەرۆدنیک"، هەر هەمان ئەو ڕێکخراوە بوو کە لە سەردەمی گەنجایەتی ترۆتسکی'یشی تێیدا بووە وەک ئەندام و کاری تێدا دەکردو سەری چووە قوڕو زوو گیرا . بەڵام ماناى وانیە یەکێ بەناوی ئازۆڤەوە کە جێگری ئەندرێی بووە هەموو خانەو شانەو ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوەی ئاشکرا کردبێت، چونکە ڕوسیا وڵاتێکی گەورەیە، بەڵکو دەزگای ئۆخرانەی قەیسەری لەناو زۆربەی شانەو خانەکان کەسێکی سیخوری خۆی تێدا دانابوو هەربۆیە هەندێک جار چاوەڕێی دەکرد تا خانەو شانەکە گەورەتردەبێ ئینجا کەمپینی دەستگیرکردنی بۆ دەردەکرد .

شتێکی زۆر سەیروسەمەرەیە هیچ کام لە ستالین، لێنین، ترۆتسکی برادەرێکی ڕووح بە ڕووحیان نەبووە وەک نموونە بیهێنینەوە ،ئەگینا هەر هەموو حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان بەچەپ و ڕادیکاڵەکانەوە هەر هەموویان بەهەمان شێوە لەزەمانی حوکمی قەیسەر برادەرێکی ڕووح بە ڕووحیان نەبووەو ڕۆژانە هاتووچۆی یەکتریان کردبێ و متمانەی تەواویان بەیەکتر هەبوو بێ. بۆ؟

لەبەر ئەوەی کاری حیزبیان کردووە هەمیشە لە ئەگەری دەستگیرگرتینان هەبووە و متمانەیان بەکەس نەبووە بۆیە هەر هەموویان هەمیشە بەتەنیا بوون و برادەرایەتی کەسیان نەکردووە. تەنها لە کۆبوونەوەکان یەکتریان بینیووەو هەمیشە هەر هەموویان

لەهەموو کۆبوونەوەیەک بۆ هەر جارێک چاوەڕوانی گیران بوون متمانەی تەواویان بەیەکتر نەبووە، چونکە گومانیان لەسەر یەکتر هەبووە کە لەژێرەوە لەگەڵ ڕژێم کار دەکا یان نەء، هەر ئاواش دەرچووە .

لێنین و ترۆتسکی هەمیشە گومانیان لە پارڤووس بووە کە لە ژێرەوە لەگەڵ دەزگای ئەڵمان کار دەکا . لێنین گومانی لەزۆرینەی هەڤاڵانی خۆی هەبووە کە لە ژێرەوە لەگەڵ قەیسەر کاریان کردبێ. بەهەمان شێوە ئەندرێ ئەرگوونۆڤ گومانی هەبووە کە ئازێڤ لەژێرەوە لەگەڵ ڕژێم کار دەکا . بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هیچ ئەرشیڤێک لەدوای هاتنی بەڵشەفیکەوە تا ئەمڕۆ بڵاونەکراوەتەوە کە هیچ دەست خەتێکی ئازۆڤ هەبووبێ لەلای دەزگای قەیسەرو بڵاوی بکەنەوە بۆ سەلماندنی دەبڵ سیخوری. هەربۆیە میژوونووسەکان تاوەکوو ئەمڕۆ بایەخ بەو مەسەلەیە نادەن هەروەک نە سەڵماندنی سیخوڕی پارڤووس لەسەر بەڵشەڤیک .

سەبارەت بە مەسەلەی ئەو حیزبە شۆڕشگێرە سۆشیالیستە پۆپولیستە( کەبە ئێسێر بەناوبانگەو کورتکراوەی ناوی حیزبەکەیە) کە ڤیکتۆر تشێرنۆڤ یەکێ لە دامەزرێنەرەکانی بووەو کەسایەتی ئەندرێ ئەرگونۆڤ لەپلەی دووهەم دەهات، بۆ سەرکەوتوو نەبوو؟

هەرچەندە ئەگەری هاتنیان بۆ سەر حوکم زیاتربووەو لە بەڵشەڤیەکان لەبەرئەوەی جەماوەرێکی ئێجگار زۆریان هەبووە. زۆرینەی دەنگی ناو پەرلەمان هی ئێسێرەکان بوو، بەڵام دیسان بەهیچ شێوەیەک و هەرگیز بیریان لە کودەتا نەکرۆتەوە، یاخود بە ناشەرعی بێنە سەر حوکم و نە مێنشەڤیک، تەنانەت لەناو خودی بەڵشەڤیک نەک ٢ گروپ هەبوون، بەڵکو بە جۆری جیا بیریان دەکردەوە بۆ بەشداری کردن، هەروەک کامینیێڤ و زینۆڤیێڤ زۆر بە توندی دژی ئینقلاب و شۆڕشی ناشەرعی بوون بۆ ئەوەی

حوکم وەربگرن، بەڵکو لەگەڵ ڕێگای پەرلەمان و هەڵبژاردن و هاوپەیمانیەتی لەگەڵ حیزبەکانی تر بوون .

هەروەک چۆن ئێستا خەڵکی عێراق باسی زەمانی مەلیکیەت و سەردەمی زێڕین دەکەن بەهەمان شێوە لەهەموو مێژووی ڕوسیاو تا ئەمڕۆ ئەو ماوەیەی حوکمی کاتی کیرێنسکی بە دیمووکراتی ترین سەردەم دادەنرێت. بۆ خۆی کەسێکی پارێزەر بوو لە خێزانێکی ڕۆشنبیرو تێروتەسەل ژیاوە. باوکی بەڕێوەبەری قوتابخانەبووەو مامۆستای لێنین بوو لەو شارەی کە لێنین تێدا ژیاوەو تەزکیەی کردووە کەلە پەیمانگا وەربگیرێ، چونکە کوونیەو مەلەفی لێنین خراپ بووە بەهۆی براکەیەوە کە دەستی هەبوو لە تیرۆرکردنی قەیسەری ڕوس و پاشان هەڵواسرا .کەچی لێنین وەفای بۆ کیرێنیسکی هاوشارو کوڕی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی نەبوو ببێتە هاوپشت و یارمەتی بدا تا ڕوسیا لەقۆناغی دوای قەیسەرەوە بەرەو دەوڵەتێکی مەدەنی دیموکراتی بڕوا، بەڵکو بواری پێنەداو کودەتای بەسەرداکرد .

بەڵام کاتێ بەڵشەفیکیەکان هاتنە سەر حوکم دەزگایەکیان دانا بەناوی "تشیکیستی". دەزگایەکی زۆر زاڵم بوو بەرامبەر بە نەیارەکان. لەسەردەمی حوکمی بەڵشەفیک پارێزەر و دادگاو لێپرسینەوە نەما بەڵکو لیژنەیەکی حیزبی لەکادیری نەخوێندەوارو بێ ئاست و ناشارەزایی لە ڕووی یاساییەوە حوکمیان بەسەر خەڵکەوە دەکرد هەموو بڕیارێکیان یان کوشتن و گوللەباران کردن بووە یاخود زیندانی هەتا هەتایی بووە، چونکە مەحاڵ بوو بگیرێیت و هیچت لەسەر نەبێ و بەڕەلاَت بکەن .

هەربۆ زانیاری گشتی ئێوەی خوێنەری کورد، وشەی " گووللەباران، بیکوژن ئەو ئەحمەقە"расстрелять гады وشەی سەرزاری لێنین بووە بۆ حوکمدانی نەیارەکانی.

تاوانی "سیخوڕی ئینگلتەرایە، دوژمنی گەلە" английский шпион وشەی سەرزاری ستالین بووە لەکاتی حوکمڕانیەکەی .

کاتێ هێرشیان کردە سەر کۆشکی زستانەی قەیسەر سەربازە بەڵشەفیکەکان گوویان کردە ناو قازەی چینی(گوڵدان،ئامان، مزهریة) و سوڕاحیە گرانبەهاکان بۆ ئەوەی نیشانی بدەن کە لای ئێمەی بەڵشەفیک گەنجینەی قەیسەر هیچ بەهای نیەو دەتوانین گوو لەهەموو شوێنێک بکەین ، چونکە سەرکەوتووین .

ئینجا ڕۆژی حەشر ڕوویدا ڕاو ڕووتی خەڵک دەست پێکرا . هەروەک زەمانی جەنگیز خان هەر جارێک شوێنێکی بگرتایە تاوەکوو ٣ ڕۆژ ڕێگە پێدراو بوو هەرچی بکەیت و نەیکەت تۆ ئازادیت لە لاقەکردنی ژن و تاڵان و کوشتن و بڕین و دزین. ئا بەم شێوەیە هەرچی ڕەش و ڕوتی سەر جادەو بەڕەڵاکان هەبوون کەوتنە گیانی پرۆفیسۆر و دەرەبەگ و خانزادەو موڵکدارو خاوەن دوکان و کارگەکان سووکایەتیان پێدەکردن و هەرچی بکەوتایە بەردەستیان درێخیان نەکرد لەتاڵان کردنیان و کەس نەبوو لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکا .

تەنانەت ئەگەر پیاو مەعقولێکیان ببینیایە لەسەر جادەو بە قات و تەکسیدۆ و شەپقەی ئەریستۆکراتی و گۆچانێکی لەدەست بوایە و دەستماڵێکی لەدەستەکەی تر بوایەو دەستکێشی لەدەست بوایە یان شالێک واتە ملپێچێکی لەمل بوایە ئیدی یەکسەر دەکەوتە بەر ڕەسەدی ڕەش و ڕووتەکان هەر لەسەر جادە ئەو کەسەیان ڕووت دەکردەوەو گاڵتەو قەشمەریان پێدەکردو سووکایەتیان پێدەکرد، ئیدی ناچار بوو هەرچی پرۆفیسۆری دانیشتگاو خانزداو نەبیلەکانی شارە گەورەکان هەبوو زۆریان وازیان لە جل و بەرگی ڕاقی هێناو دەستیانکرد بە لەبەرکردنی جلکی شڕ و پیس و

ساده بۆ ئەوەی نەکەونە بەر چاوی ڕەش و ڕووتەکان، تەنانەت هەندێک لەو پرۆفیسۆرانە بە ئەنقەست پانتۆڵی خۆیان دەدڕی بۆ ئەوەی وا خۆیان پیشان بدەن کە کەسێکی هەژارو لات و پووتن. واتە تاوەکوو تۆ زیاتر لات و پووت و هەژارتر بیت و سەرو شکڵت لە بائع مخلص بچوایە تۆ ڕێزت لەناو کۆمەڵگاو هەڤالانی بارگران و کۆمۆنیستەکان زیاتر دەبوو .

ژەنەڕاڵ کەرنیلۆڤ کەلایەنگیری قەیسەر بوو شەڕی دژی بەڵشەڤیکەکانی کرد. زۆرینەی ئەفسەرو ژەنەڕاڵەکانی قەیسەری بەدوای کەوتن ویستی حوکمێکی سەربازی بهێنێیە ئاراوە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، کاتێ بینی وڵات بەرەو ئاژاوەو ناجێگیری دەڕواو هەر لایەنەو لایەنی تر تاوانبار دەکاو حساب بۆ یەکتر و وڵات ناکەن، لەکاتێکدا کە وڵات لەناو جەنگێکی جیهانیەو حیزبەکانیش کەوتوونەتە گیانی یەکتر و کودەتایەکی نا دەستووری بەڵشەڤیەکان بەرپایان کردووە، بڕیاری دا حوکمێکی سەربازی بەڕێوە ببات لە وڵات و بەڵشەڤیەکان لە دەسەڵات دەربکاو وە زۆر سەرکەوتووبوو. توانی لەهەموو بەرەکان سووپای بەڵشەڤیەکان ببەزێنێ، بەڵام بەختی کەرنیلۆڤ زۆر نەژیاو تووشی نەخۆشێ تاعون بوو هەر لەساڵی١٩١٨ مرد. بەگوێرەی هەندێک سەرچاوەی تر دەڵێن گوولـلەیەکی قەناسە بۆ ژوورێک هاویشتراوەو ڕێک بەر ئەو کەوتووە. وە هەندێک سەرچاوەی تر دەڵێن نەخێر لەکاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ ژەنەڕاڵ و ئەفسەرەکانی و ڕێک ساچمە گوللەیەک هاتووەتە ئەو گۆشەیەی کە کەرنیلۆڤی لێ دانیشتووەو تەنها بەر ئەو کەوتووەو تەنها ئەویش مردووە .

وەزیری داخلی کەوتە بەردەست بەڵشەڤیکەکان کووشتیان .

لە مانگی ٦ی ساڵی ١٩١٨ ئەمیری مەزن میخائێل برای قەیسەر لەلایەن بەڵشەڤیەکانەوە گیراو لە١٣ی تەمووزی هەمان ساڵ کوشتیان .

بە فەرمانی یاکۆف سڤێردلۆڤ( ناوە ڕاستیەکەی یانکێن صەڵەمۆن- جولەکە بوو) خوێنمژێکی پلەی یەک بوو، بکوژێک بوو لە شێوەی ئایەتووااللەی خەلخانی ( ئازەری ئێران کە بەناونابگە لە کوشتنی نەیارەکانی ویلایەتی فقهی ئێران)، ئەم سڤێردلۆڤە خودا ڕوحمی کرد زۆر نەژیا ئەگینا نیوەی میللەتی قڕ دەکردەوە و بکوژێکی وەک ئەو پیاوە نەبووە. بە فەرمانی ئەو بێ گومان ڕاوێژکاری کردووە بە لێنین بۆ کووشتنی بنەماڵەی قەیسەر، بەڵام ڕاستەوخۆی ئەو فەرمانی بە یوریتسکی( جولەکە بوو) کرد لەگەڵ هاوڕێکانی بچێ بنەماڵەی قەیسەڕ بکووژێ کە لە کەلاوەخانەیەک زیندانی کرابوون پاش ئەوەی کە دەستگیریان کردبوون. هەموو بنەماڵەی قەیسەر گوللە باران کران، تەنانەت دکتۆری بنەماڵەو چێشت لێنەری قەیسەر و خزمەتکارەکەشیان کوشت .

بەگوێرەی لیۆنید ملێتشین مێژوونووسی ڕوسیای فێدێرال دەڵێ :

ترۆتسکی پاکانە دەهێنێتەوە بۆ کوشتنی بنەماڵەی قەیسەر، ناڵێ کارێکی باشمان کرد بەڵام دەڵێ، دەبوایە بەم شێوەیە ڕەفتارمان بکردایە بۆ ئەوەی وورەی سووپای سپی پێ بشکێنین و واز لە بەرەنگاربوونەوە بهێنن( هەروەک کووشتنی صەدام بۆ ئەوەی صەدامیەکان ئیدی بێ هیوابن لە بەربەرەکانی کردنی دەسەڵاتی بەغدای شیعە)

لەبارەی کوشتنی منداڵە بچووکەکەی قەیسەر ترۆتسکی پێی وابوو :

لەبەر ئەوەی حەزمان نەکرد سووپای سپی ئەو منداڵە بەکار بهێنن و لە دواڕۆژ بیکەن بە ئەمری واقیع و بڵێن جێگرەوەی قەیسەرەو خەڵکیان بەدوابکەوێ، هەربۆیە ویستمان لە ڕەگ و ڕیشەوە بیرۆکەی قەیسەریەت و مەلیکیەت دەربهێنین و لەناوی ببەین لە ڕوسیا.

تیۆری پلێخانۆف" ڕۆلی تاک لە کۆمەڵگا" پێی وایە تاک ڕۆلی سەرەکی دەبینێ بۆ گۆڕینی سیستەم و ڕەوتی مێژوو، وە ئەگەر ڕاستیت دەوێ لە ڕووی دیالێکتیکی مارکسیەوە بیخوێنیتەوە، تاک ئەو ڕۆڵەی نیە وەک جەماوەرە بەڵکو هێزی کاریگەرو جولێنەر جەماوەرە، لەکات و شوێنی دیاری کرا گۆڕانەکان هەردەبێ ئەگەر ڕۆلی ئەو تاکە هەبێ یان نەء. بەداخەوە وەرگێری کورد پێشەکیەکی نووسیوە بۆ پەڕتووکە مێژووەکەی ترۆتسکی و بەحساب هێندێک تیۆری دیالێکتیکی و مێژووی بۆ مارکسیەت زیاد دەکا بەڵام تێکی داوە. لەبیرتان نەچێ ئەم دوا ڕستەیە چۆن تەفسیرو پاکانە بۆ بەرپابوونی ئەو شۆڕشە دەکا کە زۆر دژ بەیەک دەوەستێتەوە. وەرگێر باس لە تیۆری پلێخانۆف دەکاو دەڵێ :

پلێخانۆف پێیوایە : " گەلێک جار تاکە کەس کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە لەسەر کۆمەڵگەو ناشێت بۆ کاریگەرییەکەش بۆ ئەو ڕێگەیە دیاری بکرێ کە ڕووداوەکان دەیگێرنەوە،چونکە لەباریدا هەیە هەرساتێک بێ لایبدات یان دوای بخات یاخود خێراتری بکات-واتە ڕووداوەکە" .

لێرە وەرگێر ئەو تیۆرییەی پلێخانۆف بە درۆ دەخاتەوە نموونەی سەیر دەهێنێتەوە تەنها ئاماژە بە یەکێکیان دەکەم و دەڵێ :

" وادابنێین گوللەیەک لەجەنگی(ئەرکۆل)دا پۆناپارتی بکوشتایە،ئەوا جەنرالەکانی تر دەهاتن و هەمان کارییان درێژە پێ دەدا کەناوبراو لەهێرشە ئیتالیەکانیدا دەیکرد" .[61] بەڵام ئەو بۆچوونەی وەرگێر ڕاست نیە، نموونەمان گەڵێ زۆرن. ئەگەر ئەلێکساندەر مەکەدۆنی و ناپلیۆن و جەنگیزخان و نەبوایە هەر لەسەرەتاوە، ئەوا پێم

---

61 ـترۆتسکی"مێژووی شۆڕشی ڕوسیا" وەرگێرانی کوردی چاپی۲۰۰۷ سلێمانی،لاپەرە ۲۸

وانیە کەسێکی تر لەوکاتە یان لەکاتێکی درەنگتر هەمان ڕەفتار و هێرش و ئیمپەڕاتۆرییەتیان درووست بکردایە. پاشان بە مردنی ئەلێکساندەر مەکەدۆنی هەر لە ڕۆژی دوای ئەوە سەرکردەکانی ئەلێکساندەر لێکترازان و ئیمپەڕاتۆرییەتەکەیان پارچە پارچەکرد لەناو خۆیان و بەردەوام نەبوون لەسەر هەمان میتۆدی ئەلێکساندەر، کەواتە بەردەوام نەبوون لەسەر هەمان پەیامی .

ترۆتسکی بەردەوام دەبێ و دەڵێ :

" لەتوانای ئەو چینەش دایە کە سەربکەوێ تەنانەت ئەگەر کارڵ مارکس نەشهاتایەتە ژیان و بوونەوە،یان ئەگەر ئولیانۆڤ لێنین'ش نەبوایە، ئەوا چینی کرێکار هەر دەیتوانی ئەو بیرۆکانەی بڕسکێنێ" .[62]

دیسان دژەفکرێکی تری ترۆتسکی بەسەرەو قن لێکی داوەتەوە لەلایەک دەڵێ :

" ئەگەر من و لێنین لە پێترۆگراد نەبووینایە، ئەوا شۆڕشی ئۆکتۆبەر نەدەبوو، بەڵکو لێنین بەبێ من بیتوانیایە بەرپای بکردایە، بەڵام هەمان ئەنجامی ئێستای نەدەبوو، چونکە زۆربەری ئەندامانی بەڵشەڤیک دژی کودەتاو بەرپاکردنی شۆڕش و ڕاپەڕینی چەکداری بوون و ئەو حەماسەتە شۆڕشگێرییەیان نەبووە وەک خۆی و لێنین .[63]

کەواتە ترۆتسکی دەیسەلمێنێ ڕۆلی تاک لەناو شۆڕشەکە چەند گرینگ بووە و بەمانایە. هەر خودی قسەکەی دژ بەیەکە لەناو هەمان پەڕتووکی مێژووی شۆڕشی ڕوسیا. وەرگێری پەڕتووکی ترۆتسکی لە دیدی مارکسیەوە "بەڵشەڤیەکان هەر لەساڵی ١٩٠٢'ەوە هەموو ئەوشتانەیان بەلاوە ناوە کە پەیوەندی بە قەدەرگەرایی

---

[62]-هەمان سەرچاوە،لاپەڕە ٣١

[63] - هەمان سەرچاوە،لاپەرە ٣١

هۆکارەکانەوە هەیە. [64] هەڤاڵی بارگران پێی وایە ،بەڵکو دەبێ شۆڕش درووست بکرێ نەک چاوەڕوانی بیت هەروەک پلێخانۆڤ و مەنشەڤیەکان لە چاوەڕوانی بوون .

وەرگێر باس لە ووتارێکی ترۆتسکی دەکا بەناوی ( بۆچی ستالین بەسەر ئۆپۆزیسیۆندا سەرکەوت؟) لەزاری ترۆتسکیەوە دەڵێ ئەگەر وابێ کەواتە دیسان شەش و بێشی هەیە لەقسەو تێڕوانینەکان لە ڕۆڵی تاک لەناو کۆمەڵگاو جولێنەری شۆڕش. ئەمجارە ترۆتسکی بە گرینگی دەزانی ڕۆلی تاک و دەبێ بارووودۆخەکە گونجاو بێ ، بەڵێ هەمان قسەی مەنشەڤیەکانە کەدەڵێن دەبێ بارووودۆخ و هۆکارەکان هاوکاری ئەو گۆڕانکارییانە بێ ئەگینا دەبێ چاوەروانی قەدەر و کاتی گونجاو بین، بەڵام ترۆتسکی پێی وایە :

"سەرکردایەتی ڕۆلێکی زۆر گەورەی هەیەو هەرگیز پرۆلێتاریا ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێ بەبێ بوونی سەرکردایەتی ڕاست و ڕەوان،بەڵام باشترین سەرکردایەتی ناتوانێ مەشخەڵی بڵێسەی شۆڕش داگیرسێنێ، ئەگەر بارووودۆخی بابەتیانەی شۆڕش لەئارادا نەبێ"[65]

ترۆتسکی لە دێسەمبەری ١٩١٧ تاوەکوو ژانیوەری ١٩١٨ بوو بە بەرپرسی کاروباری دەرەوەی وڵاتی ڕوسیا . لەهەمان کاتدا سەرۆکی لیژنەی دانوستان ـ موفاوەزاتی ـ سۆڤیەت بوو لەگەڵ ئەڵمان بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕ، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ملکەچی داواکارییەکانی ئەڵمان نەبوو، بەڵام لەهەمان کات دا دروشمێکی هەڵدا " نە ئاشتی، نە شەڕ و هەڵوەشاندنەوەی سووپا". مەبەستی لەوەبوو نە شەڕتان لەگەڵ دەکەین نە

---

64 ـ هەمان سەرچاوە،لاپەرە ٣٠

65 ـ هەمان سەرچاوە،لاپەرە ٣٢

خۆشمان ڕادەستی ئێوە دەکەین، بەڵام پاشەکشە بە سووپا دەکەینەوە لەبەرەی شەڕ بەرامبەر بە ئێوە.

پارڤووس دەڵێ: ئەمجارە لێنین ژیرتر خۆی نشان دا وەک لەوەی لێی چاوەڕوان دەکرا، کەچی ئەمجارە ترۆتسکی ڕۆڵی گەوجێتی بەرکەوت لەو ڕێککەوتنە ئاشتیەی لەگەڵ ئەڵمان. ئەو هەنگاوە ڕێک کار عەقلێەتی باڵی بەڵشەڤیکە، بەتاییەتی ڕێک کاری لێنینە.[66]

ترۆتسکی زوو وازی لە بەرپرسیاریەتی دانوستانەکان هێنا لەگەڵ ئەڵمانەکان. وتی نامەوێ خۆم شەرمەزاری مێژووی ڕوسیا بکەم و ڕێککەوتنێکی شەرمەزارییانە لەگەڵ ئەڵمانیا واژۆ بکەم و خاکی ڕوسیا داگیربکاو ناوم لە مێژوو بەخراپ بهێنرێ لەو ڕێکەوتنە. یەکێ لەو تیرو توانجانەی ستالین لە ترۆتسکی دەگرت گوایە سەرکەوتوو نەبووە لە دانوستانەکانداو نەی توانیوە ڕێکەوتن بکا لەگەڵ ئەڵمان.

لێنین زۆر هەوڵی دا ترۆتسکی ببێتە سەرۆک وەزیران و حوکومەتێک پێکبهێنێ، بەڵام ڕەتیکردەوەو وتی : من جولەکەم و باش نیە ئەو ئەرکە بەمن بسپێریت. لێنین وتی گوێ مەدەرە قسەی ئەحمەقان. لە وەڵامدا ترۆستکی گوتی : هەرلەبەوە ئەوە دەبێ ئەحمەقان بەهەند وەربگرین. ترۆتسکی پێشنیاری کرد گوایە حەزدەکا سووپایەکی بەهێز درووستبکات و کۆتایی بە سووپای سپی و نەیارەکانی بەڵشەڤیک بهێنێ .

لێنین ڕازی بوو بۆ ئەو پێشنیارەو لە مانگی مارتی ساڵی ١٩١٨ سەرپەرشتی سووپای سووری کرد کە هەر خودی ترۆتسکی دروستکەری ئەو سووپایە بوو و ڕاستەخۆ بەشداری لەشەڕی ناوەخۆیی کرد لەگەڵ سووپای سپی و تیپی کازاکیەکان کەوتە شەڕ

[66] ـ پارڤووس:ـ" لە تێکۆشینەوە بۆ ڕاستی". لاپەڕە- ٢٦

**کازاکیەکان بریتی بوون لە سووپایەک کە هێزەکەیان لایەنگیری قەیسەرو شەڕکەری ئازابوون و لەدژی  بەڵشەڤیەکان شەڕیان دەکرد.**

**کازاکیەکان کێن؟**

چەند جۆرە کازاکی هەن. زۆر گریمان و ڕاو بۆچوون هەیە، هەربۆیە هیچ مێژوویەکی ڕاست و دروستی کازاکیەکان نیە لە کوێوە هاتوون و چۆن دروست بوون. تەنانەت هەندێک لەو کازاکیانە لە طۆڕانیە تورکزمانەکان بوون وەک تەتەرەکانی ناوچەی ڕووباری ڤۆڵگە یان قەڤقازی وەک شیشانی بوون، هەندێک دەڵێن لە ڕەسەن جوتیاری ڕۆژئاوای ڕوسیا بوون بەتایبەتی ناوچەی ئۆکرانیا و نیشتەجێ کراون لە ڕووباری ڤۆلگاو نێوان چیای ئوڕاڵ. وە هەندێکی تر دەڵێن لەناوچەی کراسنەدارو سووارچاکی باش بوون و بەپارە و کۆنتراکت شەڕیان کردووە بۆ هەر دەرەبەگ و لایەنێک بەکاریان هێناون. بەرهەرحاڵ ئەو کازاکانە کۆمەڵە جەنگاوەرێک بوون شێوەیەک لە شێوەکانی سوارەی حەمیدیەی عوسمانی بوون. واتە لەدەرەوە سووپا بوون و ڕاستەوخۆ فەرمانیان لەقەیسەرەوە وەردەگرت و بۆ کاری داپلۆسین و بەرەنگاربوونەوەی یاخی بووەکان و هەر ترسێک بێتە سەر وڵات ئەو کازاکیانە لە ڕیزی پێشەوە بوون و جەنگاوەری ئازا بوون. بەڵام ترۆتسکی توانی لەناویان بباو پەرت و بڵاویان بکاتەوە.

**سیاسەتی ترۆتسکی لەجەنگ و سزاکەی** ئەوە بووە :

هەر مەفرەزەیەکی سووپای سوور لەهەر شەرێک بەرامبەر بە دووژمن ڕابکا و بشکێ و بکشێتەوە ئەوا لە هەر ١٠ سەرباز یەکێکیانی حەییەڵلاە دەردەخست و دەیکوشت واتە هەموویانی ڕیز دەکردو دەیژماردن لەیەکەوە تا ١٠ دەیوت سەربازی دەیەم بێتە دەرەوە پاشان جارێکی تر بەردەوام دەبوو لەژماردن و دیسان دەیەمین سەربازێکی تری دەردەخست و گوولەبارانی دەکردو بێگومان بەرپرسی یەکەمی ئەو لقەو سەر

مەفرەزەیەو ئەفسەرەکەی بێ یەک و دوو دەکوشت، بۆ ئەوەی سەربازەکان جارێکی تر ڕانەکەن لەشەڕ و بەزین نابێ هەبێ بەرامبەر بە دوژمنی گەل. ئا بەم شێوەیە توانی سووپای سوور زاڵ ببێ بەسەر سووپای سپی و سەربکەوێ لەشەڕی ناوخۆیی .

لەپەڕتووکی لیۆنید مێلتشن "ستالین. خولیای ڕوسیا" لەلاپەڕە -٧ دەڵێ:

یەک شت دەتوانین بڵێین ڕاستە. سەرۆکی لیژنەی سەربازی شۆڕشگێری لەماوەی ( الحرب الأهلیة- شەڕی ناوخۆی دەبێتە چی؟) زۆر توند و بێویژدان بوو، کاتێ سووپای سوور پتەو نەبوو، بەشێکی چەکی فێردا و بەرەی جەنگی بەجێهێشت و ڕایکرد(فیرار بوون). فەرموو ئەمە یەکێکە لەو دۆکۆمێنتانە ترۆتسکی کە لە ساڵی ١٩١٨ نووسیویەتی و فەرمان دەدا: ئەو بڕیارە سەختەی دای لەکاتێک بوو کە چارەنووسی ڕوسیای سۆڤیەت لەسەر شانی ئەو بوو ( هەڵواسرابوو):

ئاگادارتان دەکەمەوە(تنبیە): ئەگەر هەر یەک لە کەرتەکان ( یەکە سەربازییەکان) بگەڕێتەوە (بکشێتەوە دواوە پاشەکشی بکا ) خۆبەخشانە بە ئیرادەی خۆی( مەبەستی لەوەیە بێ فەرمان و بە حەزی خۆی و بە زۆر پاشەکشە بکا )،یەکەم کەس قۆمیسار گوولەباران دەکرێ- دووهەم کۆماندار. سەربازی ئازاو بەغیرەت لە شوێنی قیادة دادەنرێن. ترسنۆک و تەڵەکەباز و خائینەکان لە دەست گوولە نەجاتیان نابێ( واتە گوولە باران دەکرێن).ئەوە منم کە لەپێش سووپای سوور بەرپرسیاریەتیم لە ئەستۆگرتووە لاپەڕە-٧ .سەیری ئەم لینکانەی خوارەوە بکە.[67]

---

67 http://loveread.ec/read_book.php?id=43763&p=7

سەیری ئەم لینکە بکە بۆ کتێبەکانی لیۆنید لێلتشن ئۆنلاین.[68]

ترۆتسکی پلانێکی لەبەردەست دا بوو هەموو وڵات بکات بە زیندانێکی سەربازگەیی بەناوی " سووپای بارگران" و بەو شێویە دابمەزرێنێ، بەڵام خەونەکەی نەهاتە دی. چونکە زۆرینەی دانیشتوان و بەتایبەتی جوتیاران ڕازی نەبوون بەو سیاسەتەی بەڵشەڤیک و زەوتکردنی زەوی و بە زۆرەملێ کارکردن لە کێڵگەکان بۆ حوکومەت لەبڕی لەتە نانێک و هیچ بەرهەمێکیش بۆ جوتیاران نەبێ.

جوتیاران دەستیانکرد بە خۆپێشاندان و دەنگی ناڕەزایی بەرزبووەوە و بەڵشەڤیکیەکانیش "جەنگی کۆمۆنیزم" یان ڕاگەیاند .

هێندێک سەرچاوەی ڕوسی بۆ ئەم باسە .[69_70]

## ڕۆڵی جولەکە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر

شتێکی شاراوە نەبووەو نیە کە جولەکەی ڕوسیای قەیسەری ڕۆڵێکی سەرەکیان

---

68 http://www.kodges.ru/static/read_75564_2_45.html

69 https://plus.google.com/+%D0%98%D1%80%D0%B8%D0%BD%D0%B0%D0%9F%D0%B0%D0%B2%D0%B5%D0%BB%D0%B8%D0%BD%D0%B0%D0%92%D0%B8%D1%82%D0%B0/posts/TdWP4duPUt8

70 /https://wideawakegentile.wordpress.com/2015/04/21/the-bolshevik-jewish-revolution

بینیوه لەو ئینقلابەی ئۆکتۆبەر. میللەتی جولەکە باجی ڕۆلی جولەکەکانی بەڵشەڤیکی ناو شۆڕشی ئۆکتۆبەریان داوە کە بوون بە قوربانی دەستی نەیارەکانی بەڵشەڤیک و سووپای سپیەوە کە بێ ویژدانانە لەهەر شوێنێ لەهەر گوندێ نیشتەجێ جولەکە بوایە ئەوا کوشتارێکی باشیان لە جولەکەکان دەکرد بەتایبەتی لەناوچەی ئۆکرانیا و بێلەڕوس کەزۆرینەی لەوێ نیشتەجێ ببوون .

٢ هەفتە پێش کودەتای ئۆکتۆبەر لە پێترۆگراد، لێنین کۆبوونەوەیەکی نهێنی بە لیژنەی مەرکەزی حیزبی بەڵشەڤیکی کردو بڕیاریاندا دەستبگرن بەسەر حوکمی وڵاتدا. لەناو ئەو ١٢ ئەندامەی کەبەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون .

٤ ئەندام لەنەتەوەی ڕووس بوون .

١-گرووزین ئەویش ستالین بوو .

١ -پۆڵەندی بوو ئەویش درژینسکی بوو

٦ -ئەندام لەنەتەوەی جولەکە بوو

بۆ ئاراستەکردنی دەست بەسەرداگرتنی حوکم مەکتەب سیاسی بەڵشەڤیەکان کۆمیتەیەکیان دروستکرد و ٧ کەسیان هەڵبژارد بۆ ئەو کۆمیتەیە کە سەرپەرشتی ئەو ئینقلابە بکات. لەوانە :

٢ ڕووس ( لێنین و بۆبنۆڤ)

١ -گروزین (ستالین)

٤ -جوولەکە( ترۆتسکی، سەکۆڵنیکۆڤ، زینۆڤییێڤ، کامینییێڤ)

لەهەمان کاتدا تۆتسکی کە سەرۆکایەتی پێترۆگرادی سەڤییێتی دەکرد لیژنەیەکی شۆڕشگێڕی پێکهێنا کە بریتی بوون لە ١٨ ئەندام ڕاستەخۆ سەرپەرشتی ئینقلابەکە بکەن لەوانە :

٨ یان ٩ لەوان ڕوس بوون

١ -ئۆکرانی

١ - پۆڵەندی

١ - قەفقازی

٦ جولەکە

ناوە ڕاستەقینەکانی ترۆتسکی ( لێڤ برۆنشتێین)، سەکۆڵنیکۆڤ( گوریش بیلیانت)، زینۆڤییێڤ(هێرش ئەپفێلباوم)، کامینییێڤ( ڕۆزێنفێلْد) و مۆیسییێ ئووریتسکی و یاکۆڤ سفێردلۆڤ( یانکێل صۆلۆمۆن).

بێگومان زۆر جولەکەی تر هەبوون زۆر چالاکبوون لە ڕۆژانی ئینقلاب وەک کارل ڕادێک (سۆبێڵصۆن) و مەکسیم لیتڤینۆڤ( والاتش)، تۆمسکی و بوخارین و نیکۆلای کریستینسکی ، میخائێل میخایلۆڤیتش لاشێڤیتش، لازارییێڤ کاگانۆڤیتش، ئەدۆلف ئەبرامۆڤیتش یۆففێ، دێڤید ڕیازانۆڤ( باوک جولەکەو دایکی ڕوس)، پیتەر سمیدۆڤیتش،ڤ. ڤۆلۆدارسکی(مۆیسێی مارکۆڤیتش گۆڵدشتێین)، میخائێل کۆلتچۆڤ، گێنریخ گریگۆرییێڤیتش یاگۆدە( جەللادی ستالین) و نەفتالی فرانکێل .

نەفتالی فرانکێل : ئاستی خوێندنی لەپلەی سەرەتایی بوو جەللادێکی تری بەڵشەڤیکی شەقاوەی بێکاربوو. خۆی تێوەگلاندە سیاسەت و تا خۆی بینیوە لە زیندانی سیبیریاو بەڵام ڕۆژگار هات و چوو بووە بەرپرسی یەکەمی زیندانیەکانی بەناو دژی گەلی سۆڤیەت لە سیبیریاو گووڵاک. بەقسەی **سەڵجەنیتسین** بێ نەفتالی دەبێ جولەکەی تورکی ئەستەنبوول بووبێ و خۆی گەیاندۆتە ناو بەڵشەڤیەکان و لەدوا ئێستگەی ژیانی بوو بە جەللادی نەیارەکانی دژی گەلی سۆڤیەت و بەرپرسیاریەتی ئۆردوگا زۆرەملێکانی سیبیریا بوو بەناوی "ئەرخیپیلاگ گووڵاک" ەوە بەناوبانگەو هاوشێوەی نگرە سلمانی عێراق ببوو، بەڵام چوونە ناوەوەی هەبوو بەڵام گەڕانەوەی نەبوو، بەگوێرەی هەندێک سەرچاوەی تر دەڵێن جولەکەی حەیفای فەلەستینی بوو کە ئەوکاتە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمەپەڕاتۆریەتی عوسمانی بووەو خۆی گەیاندۆتە ڕوسیا، و هێندێکی تر دەلێن جولەکەی هونگاری نەمساوی بووە .

بێلە کون( بێلا کۆهین) جولەکەیەکی هونگاری بوو، بەڵام لەبەرئەوەی کۆمۆنیست بوو و ڕایکرد بۆ سۆڤیەت ئیدی کرا بەیەکێ لە جەللادەکانی تیرۆڕی سوور و بکوژی سووپای سپی. لەساڵی ١٩٢٠بە فەرمانی ئەو ٥٠ هەزار دیلی سووپای سپی کوژران کە بەڵێنی پێدان ئەگەر خۆیان ڕادەست بکەن نایان کوژێ و ئازادیان دەکا، بەڵام کاتێ ئەو سووپایە خۆیان تەسلیم کردو وتیان چیتر شەڕ ناکەین لەناوچەی قرم'ی سەر بە ئۆکرانیا.

زۆر لینک و سەرچاوە هەن دەربارەی ڕۆڵی جولەکە لەو ٢ سەدەیەی ڕابردوو لە ئەوروپا بە خراپ و چاک باسیان لێکراوە.

سەرچاوەی ئەو زانیاریانە لە پاشکۆی پەڕتووکەکەم دامناوە، بەڵام لێرە تەنها بۆ زانیاری یەک لینکی ئینگلیزیم داناوە وەک پی دی ئێف /بڵاوکراوەی ئێلێکترۆنی ٦٠١ لاپەڕەیەو بەشێکی تایبەت لەلاپەڕە ٥٣٠-٥٤٥ باس لە چالاکی و پۆستی وەزاری و هەستیارەکان و بەرپرسیارەتی نەتەوەی جولەکە دەکا لەخەباتی سیاسی ڕوسیا زۆر بە دوورودرێژی ناوی هەر یەکێ لەو بەرپرسیاریەتەی وەریان گرتبوو. کلیک لێرە .[71]

## جەنگی کۆمۆنیزمی  بەڵشەڤیەکان

سیاسەتی"جەنگی کۆمۆنیزمی" لەکاتی شەڕی ناوخۆیی بەرپاکرابوو لەلایەن بەڵشەفیکیەکانەوە لەنێوان سالانی١٩١٧-١٩٢٣، ولاتی بەرەو وێرانی و قات و قڕی و نەهامەتی برد. ڕوسیای قەیسەری پێش جەنگی یەکەمی جیهان و پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەدەوڵەتێکی کشتوکاڵی و بە هەناردەکردنی گەنم وجۆ و بەرهەمی کشتووکاڵی بۆ بازارەکانی ئەوڕوپا ناسرابوو، بەڵام پاش سیاسەتی دژە کوڵاک و زەوتکردنی زەوی و گەنم و جۆ و ئاژەڵ لە جوتیاران ئیدی هیچ نەما بۆ جوتیاران بەرهەمی بهێنن. تەنانەت هەندێک گەنمیان بۆ جوتیارەکان بە جێ نەدەهێشت بۆ

---

71 /https://wideawakegentile.wordpress.com/2015/04/21/the-bolshevik-jewish-revolution

ئەوەی بتوانن گەنم بچێننەوە. ئیدی خەڵکانێکی زۆر مردن لەبرسان و بوون بە قوربانی سیاسەتی :

"جەنگی کۆمۆنیزم" لەشێوەی کۆلێکتی ڤیزاتچیا، کەلخۆز و پاشان سەفخۆز. بازاڕی ئازاد نەما بۆ کڕین و فرۆشتنی بەرهەمی خۆماڵی و خاوەن بەرهەم، بەڵکو هەموو شتێک بوو بە حوکومی و حوکومەت دەستی بەسەر هەموو کەرتێکی ئابووری و پیشەسازی و موڵکداری و کولتوورو میدیاوە گرت. ئازادی ڕادەربڕین و خۆپێشاندان و مانگرتن و کۆبوونەوە بەهەموو شێوەیەک قەدەغە کرا، تەنانەت لەناو ماڵەکان خەڵک زۆر بەکەمی ئەگەر بیتوانیایە کۆببێتەوە بە نهێنی، چونکە هەموو شتێک هێدی هێدی کۆنترۆڵی دەکرا .

لەبەر ئەوەی بەڵشەڤیەکان سیاسەتی کەلێتیڤیزاتچیایان پەیڕەو کردبوو، واتە جوتیارانی هەر ناوچەیەک دەبوایە بە زۆرەملێ بخرێنە کەمپی کارکردنی بە کۆمەڵ بۆ بەرهەم هێنانی کشتووکاڵ( کاری هەرەوەزی و پێکەوە کارکردن) و بەرهەم هێنان و بەروبوومەکەش بۆ دەوڵەت دەچوو، لەبڕی کارکردنەکانیان تەنها لەتێ نانێک بوو بۆ سک پڕکردنیان بۆ ئەوەی نەمری نەژی بمێنێتەوە. جوتیاری بەدبەخت زوو تێگەیشت بەڵێنەکانی بەڵشەفیک هەمووی درۆ بوو. نە زەوی پێدراو نە بووە خاوەن بەرهەمی خۆی و ئازادانە بیفرۆشێ، بەڵکو ئەوەی هەیبوو لێی سەنراوەو بەرهەمەکەشی بۆ حوکومەت دەچوو و مافی بەسەر بەرهەمی خۆیەوە نەما . جوتیار نەبوو بە خاوەن زەوی هەروەک لە دروشمەکانی پێش شۆڕش بانگەوازیان بۆ دەکرد. جوتیاران مافیان نەبوو بێنە ناو شارەکان تەنانەت بەزیارەت یان بۆ شت کڕین بێ ئاگادارکردنەوەی دەزگای ئاسایشی حوکومەت. واتە پاسپۆرت و هەوییەیان پێنەدەدراو دەبوایە ڕەزامەندی لیژنەی ناوچەکەیان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن بێنە ناو شار یان بگوازنەوە

بۆ ناو شارەکان. ئەو سیاسەتە پەیڕەو کرا لەساڵانی سیەکانەوە تا سەردەمی برجنیێڤ، جوتیاران ئەو مافەیان لێزەوت کرابوو ئازادی هات و چۆ و گۆڕینی شوێنی نیشتەجیٚ بوونیان .

بەردەوام بوونی لەسەر ئەو سیاسەتە ولاٚتی ڕوسیاو دەسەلاٚتی بەلٚشەڤیەکانی خستە مەترسیەوە. هەربۆیە لێنین لەو سیاسەتە جەنگە کۆمۆنیزمیەی خۆی پەشیمان بووە و پێوەی دیار بوو، بەلاٚم دانی پێدانەدەنا، بەلاٚم بۆ ماوەیەک بۆ ئەوەی خۆیان بگرنەوە مل کەچی واقیعی بازاڕی ئازاد بوون. واتە **هەنگاوێک بەرەو پێش و دوو هەنگاو بەرەو دواوە بگەڕێنەوە**

جێگری سووپا لە ڕاپۆڕتەکەیدا دەلٚێت :

"سەربازەکان دەلٚێن : ئێمە چیتر خزمەتی سەربازی ناکەین بۆ ولاٚتێک بەناوی یەکیەتی سۆڤیەت، ئەگەر شەڕ لە دژی جوتیاران بکریٚ ئەوا ئەوان بەشداری ئەو شەڕە ناکەن".

هەموو ئایقۆنە زێڕینی و کالاٚ بەنرخەکانی ناو هەموو کلٚێساو کنێسێتی جولەکە و شوێنە ئایینی و پەرستگاکانیان تالاٚنکردو پاشان هەمویان تەقاندەوە، بێجگە لەوە وەک شوێنێکی مێژوویی و دەستمایەی مرۆڤایەتی بوو بەهاو نرخی خۆیان هەبووەو هەر یەک لەو شوێنە پەرستگایانە مێژوو و چیرۆکێکی خۆی هەبوو، بێجگە لەوە دەتوانرا بکرێنە مۆزەخانە بۆ گەشتیاران و پارەو داهاتێک بۆ ولاٚت بهێنن ، بەلاٚم بەلٚشەڤیەکان مانەوەی شوێنی پەرستگا بە مەترسیدار تێدەگەیشت نەوەک هەر لەدلٚ و ڕوحی خەلٚکی ڕوس بمینێتەوە .[72]

---

[72] https://www.facebook.com/photo.php?fbid=1221845557947944&set=a.164184490380728&type=3&theater

## بڕووبیانووی تیرۆر بۆ پاکتاوکردنی نەیارەکان

( وعسى أن تكهروا شيأ و هو خيرلكم )

لەوانەیە تۆ ڕقت لە شتێک بێت بەڵام لە ڕاستیدا بە باشە بۆتان دەشکێتەوە.

لە ئەڵقەکانی **"مێژووی نەژادی تورکە ئاسیاوییەکان بەرەو ئەردۆگانیزم"** بڵاوم کردەوە و پاشان وەک بە پی دی ئێف بۆ ئێوەی بەێز لە پەیجی پەرتووک-کتێب لەفەیسبووک دامناوە. لەوێ بە دوورودرێژی باسی ٢ حاڵەتم کردووە کە بە قازانجی کەمال ئەتاتورک و ڕەجەب ئەردۆغان تەواوبوو، کاتێ هەوڵی کودەتاە و و تیرۆرکردنیان درا و ئەو هەڵەیان قۆستەوە بۆ لەناوبردنی نەیارەکانیان بە بڕوبیانووی کودەتایەکی شکستخواردوو بەسەریان کراوە. لەم لینکەی خوارەوە دەتوانن پەرتووکەکەم داونڵۆد بکەن یان بیخوێننەوە .[73]

بەهەمان شێوە هەمان سیناریۆی تیۆرکردنی ڕابەرەکان ڕوویداوە لە عێراقی بەعسیەکان و جەمال عبد الناصر و زۆر لە دیکتاتۆرەکانی تر، ئەم بڕوبیانووەیان گرتۆتە بەرو لە ڕوسیای بەڵشەڤیکیش بەهەمان شێوە .بۆ ئەوەی قوربانیەک بدۆزنەوە

---

[73] https://www.facebook.com/permalink.php?story_fbid=630719093935389&id=310413042632664

که دەبێتە هەڕەشە بۆسەر بەڵشەڤیکیەکان ئینجا لە ئێستادا بێت کە لەدەسەڵاتن یان لە دوارۆژ، ئیدی هەمیشە بوختانێکیان هەڵدەبەست بۆ ئەوەی شەرعیەت بەخۆیان بدەن بۆ لەناو بردنی ڕکابەرەکانیان.

ئێسێرەکان هەم لەزەمانی دوومای(پەرلەمانی قەیسەری) و هەم لە حوکومەتی کاتی ڕێژەی دەنگدەرانیان زۆر زۆر زیاتر بوو لە ڵشەڤیکیەکان. وەبەتایبەتی بەچەند مانگێک پێش کودەتای بەڵشەڤیک ئێسێرەکان لەناو پەرلەمان دەنگیان ٣ قات زیاتر بوو لە کورسیەکانی بەڵشەڤیک و دەنگی یەکەم بوون، بەڵام ئێستا بەڵشەڤیک حوکم دەکاو مانەوەی ئێسێرو مەنشەڤیک و کادێت و لیبێڕال و شۆڕگێرەکان هەر هەمووی زیادەن و بوون بەبەربەست لە پلان و پڕۆژەو پەیامەکانی کۆمۆنیزم، بۆیە دەبێ لەناویان ببەین بەڵام چۆن؟ چاکترین ڕێگا ئەوەیە بڵێین دەستیان لە پیلانگێڕان و سەرنگووم کردنی دەسەڵاتە، ئیدی هەر ئابەم شێوەیە هەرجارەو یەکێ لەو حیزبانەیان تاوانبار دەکردو کادیرەکانیان دەگرتن و بێ سەرو شوێنیان دەکردن.

پارڤووس دەڵێ: بەڵشەڤیەکان نەک تەنها لە دژی کەپیتالیزم بوو، بەڵکو لەدژی هەموو لایەنێک بوو هەر لە مەجلیسی دەستووریەوە تاوەکوو پارتە سیاسیە لیبێڕاڵ و دیموکراتیەکان، تەنانەت لەدژی پارتە چەپ و سۆشیالیستەکانیش کاری دەکرد. کاتێ هاتن بۆ سەر حوکم بەڵشەڤیەکان کۆبوونەوەی ئەنجوومەنیان قاودا لە پێش چاوی جەماوەر وەک پارتێکی تاکڕەو لەژێر فشاری قامچی مامەڵەیان لەگەڵ هەموو لایەنێک کردووە هەر کەسێ دژیان بوەستێ ئەوا دوژمنەو سزاکەی بێ یەک و دوو لەناوبردنە.[74]

---

74 - پارڤووس:-" لە تێکۆشینەوە بۆ ڕاستی". لاپەڕە- ٢٦

# ٣ هەوڵی تیرۆرکردنی لێنین درا

بەماوەیەکی زۆر کەم بەنزیکەی ٣ مانگ پاش کودەتاکەی لێنین بەناوی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ( بە تەقویمی کۆن کە دەکاتە نۆڤەمبەر بە تەقویمی نوێ) لە ١ ژانیوەری ساڵی ١٩١٨ هەوڵی تیرۆرکردنی لێنین دراو سەرکەوتوو نەبوون. بێگومان جەماعەتی قەیسەرییەکانیان تاوانبارکرد لەو پیلانەو پاش ئەوەی یەکێ لە ئەمیرە بەگزادەکانی قەیسەر کە ڕایکردبوو لە ڕوسیا و لەدەرەوەی وڵات وتی من بۆ کوشتنی لێنین نیو ملیۆن ڕوبلم تەرخان کردووە( نیو ملیۆن ڕوبلی ئەوکاتە بەڵکو ٥٠ ملیۆن دۆلاری ئێستا بێ).

هەوڵی تیۆرکردنی لێنین بۆ جاری دووهەم زۆر کەم باسی لێوە دەکەن ، چونکە وا پێ دەچێ هەر پلانی بەڵشەڤیکەکان خۆیان بێت، چونکە بە حساب یەکێ لە تاوانبارەکان کە بڕیار بوو لێنین تیرۆربکات لەو ڕۆژەی بۆی دانرابوو لە نیوەی مانگی ژانیوەر واتە پاش ٢ هەفتە لە هەوڵی تیرۆرکردنی یەکەم هات بۆ لای تشیکییست( دەزگای پاراستن و ئاسایشی بەڵشەڤیکیەکان، مخابراتی سڕی) وتی من نێردراوم لەلایەن ئەفسەرانی قەیسەڕییەوە ( گروپێکی ئەفسەرو بەگزادە پاشان لە تاراوگە -لە پاریس هاوپەیمانیەتێکیان پێکهێنا بۆ ڕوخاندنی حوکمی بەڵشەڤیک لە ڕوسیا) وە بەڵێنی ٢٠ هەزار ڕوبلیان پێداوم. هەر هەمان ڕۆژ سووپای چەکداری تشیکیستەکان پەلاماری پاشماوەی جێنشێنی ئەو ئەفسەرانەیان دا کە هێشتا لە ڕوسیاو لەناو شارەکان مابوونەوەو کاری چەکداری و سیاسیان نەکردبوو یان وازیان هێنابوو، بەڵام بەم شێوەیە هەموو شاری پێترۆگرادی خاوێن کردەوە لە ئەفسەرانی قەیسەڕی. هەربۆیە ئەوەی توانی خۆی دەربازبکا بۆ ئەوڕوپا یان سیبیریا و دوور لەشارەکان و خۆی

بگەیەنێتە سووپای سپی ئەوا بەختی هێنای، وە ئەوەی نەیتوانی کەوتە بەردەستی بەڵشەڤیەکان و بێسەرو شوێن کرا .

هەوڵی سێهەم تیرۆر زۆر تراژیدیایی تربوو. خانمێکی پێ تاوانبار کرا بەناوی " **فاننی کەپلان** " .

فاننی کەپلان : ئافرەتێکی جولەکە بوو، بەهۆی دەست تێوەردانی لەسیاسەت و کاری حیزبیەوە هیچ خۆشی لە ژیان نەدی و تراژیدیایانە کوشتیان. سەرەتا لەگەڵ ئەنارشیستەکان کاری کرد. لە ساڵی ١٩٠٥ داوای لێکرا لەگەڵ هاورێ حیزبیەکەی کە ئەویش جولەکەیەکی پیاو بوو بەناوی **یاکۆڤ شمیدمان** لە شاری کیێڤ( پایەتەختی ئێستای ئۆکرانیا ) پارێزگاری ئەو شارە کە ژەنەراڵێک بوو بیکووژن. کاتێ کاپلان و هاورێکەی بۆمبێکی دەستکردیان ئامادە دەکرد لە هوتێلێک بەهەڵە پێیدا تەقیەوەو سەر و دەست و قاچی بریندار بوو پڕ بوو لە ساچمەو تاڕاددەیەکی زۆر چاوی لەدەست داو بووە هۆی لاوازی بینینی بەڵام نەمردو توانی لەو هوتێلە ڕابکاو دەربچێ، بەڵام بەهۆی تەقینەوەی دەنگی بۆمبەکە زوو پۆلیس گەیشتە سەری و دەستگیری کرد.
ئەوکاتە تەمەنی ٢٠ ساڵ بوو بێکارەبوو نە ماڵ و نە حاڵی هەبوو، تەنانەت یەک هەوییەی پێ نەبوو تا بزانن کێیە. پاشان ئاشکرابوو ڕەگەزی جولەکەیەو ناوی چیەو لەکوێ دەژی و تەنها یەک ڕوبڵی لە گیرفانی هەبوو. لەهەمان ساڵ واتە لەساڵی ١٩٠٥ پاش لێپرسینەوەو دادگاکردنی حوکمی هەڵواسینی بۆ درا، بەڵام لەبەر ئەوەی تەمەنی بچووک بووەو نەخۆشی ڕۆماتیزمی هەبوو لەگەڵ لاوازی جەستەیی ئیدی حوکمەکەیان گۆڕی بۆ زیندانی هەتا هەتایی لەگەڵ کاری سەخت .

کاپلانیان ڕەوانەی سیبیریا کرد نزیک بەدەریاچەی بایکاڵ، ئەو زیندانە تەنها کەسانی بکوژ و تاوانباری دزو تالان و ساختەکاری و دەستبڕی لێبوو. کاپلان کەوتە ناو جەماعەتێکی ئاوا، هەربۆیە هەر لەهەوڵی ڕاکردن بوو لەو زیندانە. بۆیە بەرپرسی ئەو زیندانیە ڕاپۆرتی بەرزکردەوە بۆ سەروی خۆی و وتی ئەو کچە ڕەوانەی زیندانێکی تربکەن بۆ ئەوەی ڕانەکا . پاش ئەوەی ڕەوانەی زیندانێکی تریانکرد لەوێ زیاتر کەسانی چالاکوانی سیاسی لێبوو، هەربۆیە کەوتە ناو جەماعەتێکی حیزبی ئێسێری و ڕای خۆی گۆڕی لە ئەنارشیستەوە بۆ ئێسێر.

کاپلان ئازاری زۆر هەبوو زۆر جار دکتۆر پشکنینی بۆ دەکرد لە زیندان کە پێویستی بە چارەسەر هەیە لەبەر ئەوەی هێشتا برینی ساچمەی بۆمبەکە لەدەست و قاچی ئازاری دەدا و ٧٠٪ کوێرایی ڕووی تێکردبوو. بەڵام بۆ یەک جاریش داوای بەخشین و پەشیمانی نەکردبوو لە دەسەڵات بۆ ئەوەی ئازادی بکەن .

هەروەک زۆر لە کادیرەکانی بەڵشەڤیک، کاتێ لە زیندان بوون نامەیان دەنووسی بۆ دەسەڵات کە ئازادبکرێن و ببەخشێندرێن و پەشیمانن لەکارەکانیان. هەروەک نامەیەکی **ستالین** دۆزراوەتەوە کاتێ لەزیندان بووە نامەی نووسیوە بۆ دەسەڵاتی قەیسەر ئازادی بکەن، چونکە تەنها دایکێکی هەیەو دەبێ بچێ خزمەتی بکا، بەڵام کاتێ بەربوو لەزیندان و تەنها یەک جار سەردانی دایکی کردووە بەڕێگاوە کاتێ چووە بۆ کۆبوونەوەی حیزبی لە گروزیا لە قەفقاز. تەنانەت کاتێ دایکی مرد نەچوو بۆ ناشتن و مەراسیمی نێشتنەکەی یان بچێ بۆ سەردانی گۆڕی دایکی سەری نەوی بکات بۆی. دوو ڕوویی هەڤاڵی بارگرانەکان چیرۆکیان هێندە زۆرە و ئەگەر کاتم هەبێ باسی یەک بەیەک ژیاننامەی ئەو کەڵەکە بازانەتان بۆ دەکەم هەر کارەساتە

بەمانای ووشە. زۆربەیان بێ کارو دەست سپی بوون و یەک ڕۆژ لە ژیانیان کاریان نەکردووەو بوون بە نوێنەری کرێکاران و داوای مافی کرێکاریان دەکرد کە زۆر زەحمەت دەکێشن، کەچی زۆربەیان بەتایبەتی کادیرە جولەکەکان لە بنەماڵەی ئەریستۆکراتی و دەوڵەمەندەوە هاتبوون و هەندێك کەمیان نەبێ لە بنەماڵەی لات و پووت بوون و بێ بنەچە و دەست بڕ و تالانچیەوە هاتووبن وەک ستالین کە کاری ڕێگری و تالانچی دەکرد لەقەفقاز پێش ئەوەی دەست بخاتە ناو کاری سیاسیەوە.

لە ساڵی ١٩١٣ سزاکەی فاننی کەپلانیان سووکتر کرد بۆ ٢٠ ساڵ زیندانی. لەساڵی ١٩١٧ پاش خۆپێشاندان و مانگرتنی سەرتاسەری وڵات بەناوی **"یاخی بوونی فێڤرالْ"** بڕیاری لێبووردەیی بۆ گشت زیندانیانی سیاسی دەرکراو و کەپلانیش ئازاد کرا. ماوەیەک لای مامی ژیا کە کارگەیەکی جگەرە دروستکردنی هەبوو لە مۆسکۆ و تا ئەم دواییەش ئەو جۆرە جگەرەیەی بەناوی دوکاتە هەر هەبووە لە سۆڤیەت. وا پێدەچێ لە ڕەسەن خاوەنەکەی جولەکەیەکی ئۆکرانی بووبێت کە دەکاتە مامی کەپلان. مامی بێجگە لەو کارگە کۆشک و خانووی لەدەرەوەی شار هەبوو ماوەیەک کچی برای واتە کەپلان لای ئەو پشووی دەدا . بەڵام کاتێ حوکومەتی کاتی بڕیاری دا شوێنی حەوانەوە و چارەسەری تەرخان بکا بۆ هەرچی زیندانی سیاسی هەیە کە لەزەمانی قەیسەرییەکان گیرابوون ئیدی دەتوانن بچن بەبەلاش تێیدا بژین و چارەسەری تێداوەربگرن.

کەپلان ماوەیەک لەوێ ژیاو چارەسەری بۆکرا، پاشان ڕەوانەی شاری خارکۆڤی ئۆکرانیا کرا بۆلای چاکترین دکتۆری چاو، کە ئەویش جولەکە بوو. تاڕادەیەکی زۆر توانی بەڕێگای لێدانی تەزووی کارەباوە چاوی بگەڕێنێتەوەو ئازاری کەم تربێتەوە .

لەمانگی ئایاری ساڵی ١٩١٨ وەک ئەندام ئامادەبوو لە کۆنگرەی هەشتەمی ئێسێرەکان لەمۆسکۆ. هەرچەندە حوکمی بەڵشەڤیک بوو، بەڵام هێشتا ئێسێرەکان لەمەیدانی خەباتدابوون و جەماوەرییان هەبوو. بەڵام ئاوا چاوەڕوان دەکرا کە بەڵشەڤیکیەکان شەڕێک بە ئێسێرەکان بفرۆشن و لەناویان ببەن، بەو مەبەستەی وەک تاکە حیزب حوکم بکەن و ڕکابەریان نەمینێ لەمەیدانی سیاسی .

لەمانگی هەشتی ساڵی ١٩١٨ لێنین وتارێکی لەیەکێ لەکارگەکانی مۆسکۆ خوێندەوە بۆ چینی کرێکار. کاتێ هاتە دەرەوە لە کارگەکەو بەرەو ماشینەکەی خۆی دەچوو دەست درێژی گووللەی لێکرا . دوو گوللە بەر لێنین کەوت و گوولەیەکیش بەر ژنێک کەوت کە لەنزیک لێنینەوە وەستابوو. لێنین بەسەختی بریندار بوو بە مل و شانی کەوتبوو گووللەیەکیان گەیشتبووە ناو سییەکانی پڕی کردبوو لە خوێن. تاڕادەیەکی زۆر ئەو ٢ گووللەیە پەکی خستبوو هەر بەئازارەوە ژیاو دواجار بووە هۆی مردنی لەساڵی ١٩٢٤. بۆ بەدبەختی کەپلان'یش لەوناوە بوو یەکسەر دەستی تاوانیان بۆ ئەو درێژکردو گیرا . بەچەند ڕۆژێک دوای ئەو ڕووداوە **مۆییسێی صۆڵۆمۆنۆڤیتش ئوریتسکی** جولەکەی بەڵشەڤیکیش تیرۆڕکرا کە سەرۆکایەتی تشیکیستی(دەزگای ئاسایش و دژی سیخوڕی) پێترۆگرادی بەڵشەڤیەکیەکانی دەکرد بەدەستی بکوژێکی هەمان نەتەوەی خۆی جولەکە کوژرا بەناوی **لیۆنید ئاکیمۆڤیتش کانیگیسەر.**

هەرچەندە دۆکۆمێنتەکانی پاش پێرێسترۆیکە ئاماژە بە ڕاپۆرتی پزیشکی دەکەن کە کەپلان نیوە کوێربووە و لەو شوێنەی کە کەپلانی لێ وەستابوو واتە لەو دوو ریانەوە ئەستەمە بتوانێ ئامانج بپێکێ بە گووللە هاویشتن، چونکە کێشەی بینینی هەبووە و

پاشان خۆی کەسێکی لاواز و نەخۆش بووە، مەعقول نیە ئەو کارەی کردبێت و پاشان دەرکەوتووە چەکی پێنەبووە لە کاتێ گیرانیدا، بەڵام فایلێکیان بۆ دروستکرد کە بەفیتی ئێسێرەکانەوە ئەوکارەی کردووە. پاش ئەشکەنجەدان و لێدان و ڕاپۆرتی ساختە بەناوی کاپلانەوە درووستکراو نووسراوە کە ئێسێرەکان ئەو کارەیان پێکردووە. لە ئێوارەی ۳ مانگی ۹ی ساڵی ۱۹۱۸ کاپلانیان گووللەباران کرد. تەنها بەوەوە نەوەستان، بەڵکو وتیان نابێ شوێنەواری لاشەکەی بمینێتەوە لەسەر زەوی، بەڵکو دەبێ بیسووتێنن، هەر لەوێ لاشەکەی کەپلان پاش کوشتنی خرایە ناو بەرمیلێکی بەتاڵ و هەندێک نەوتیان پێداکردوو سووتاندیان تاوەکوو بوو بە زووخاڵ و خۆڵەمێشەکەشیان خستە ناو زەباڵەو فڕیان دا بۆ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی نەمێنێ. بێگوومان بەگوێرەی ڕیوایەتەکان بێ، هێندە ئەشکەنجەیان دابوو کاتێ ئامادەیان کرد بۆ گوولله باران کردن ئیدی هیچ هێزی تێدا نەمابوو بوەستێ .

خودی **یاکۆڤ میخائیلۆڤیتش سڤێردلۆڤ**( ناوە ڕەسەنە جولەکەییەکەی- یانکێل صۆڵۆمۆن)ە سەرپەرشتی ئەو تاوانەی کرد کە جەزاری بەڵشەڤیکی بوو. ئەویش جولەکەی ڕوسیا بوو، هێشتا سڤێردلۆڤ منداڵ بوو کاتێ بنەماڵەکەی هاتنە سەر مەسیحیەت بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لە دەست عوقدەی جولەکایەتی و ناڕەحەت کردنیان لەلایەن ئەرثەدۆکسی ڕوسەوە. هەربۆیە ناوی خۆیان گۆڕی بۆ ناوی ڕوسی. سڤێردلۆڤ خوێنڕێژێکی بەڵشەڤیکی بوو بە گوێرەی پۆستی بەرپرسی ئێستابێ دەبێتە وەزیری ناوخۆیی و لەهەمان کاتدا بڕیاردەری دادگاکردن و سزادانی نەیارەکانی بەڵشەڤیک. لێنین هەموو سەلاحیەتێکی پێ دابوو هەرچیەک بکاو نەکا لێپرسینەوەی لەگەڵ نەدەکرد، دەیزانێ کە کەسێکی بێ ویژدان و بکوژە هەربۆیە ئەوکارەی بە ئەو پرسی بۆ کوشتنی نەیارەکانی بەڵشەڤیک، بەڵام عێزارعێل زوو تەمەنی لێ سەندەوەو

پاش ساڵێک مرد ١٩١٩ ئەگینا نیوەی ڕوسیای قڕ دەکرد. هەروەک ئایەتوولای خەڵخانی ئێران ، یان بکوژێکی وەک عەلی کیمیاوی عێراق بوو .

بۆ ٣ ڕۆژ لێنین لە کۆما بوو پاش هەوڵە تیرۆرکردنە سەرنەکەوتووەکەی فاننی کەپڵان هاتەوە هۆش و یەکسەر لە ڕۆژی ٥ مانگی ٩ تێلێگرامی کرد بۆ هەموو لقەکان ڕاوە دووی نەیارەکان بن و بێ ڕەحمانە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن و گوللەبارانیان بکەن .

ئیدی بەڵشەفیکیەکان هەڵسان بەڕاونانی ئێسێرو مێسێرو هەرچی بەنی بەشەر و ئادەمەو قسە دژی بەڵشەفیەکانیان دەکا گیران و زۆربەی بێسەرو شوێنکران .

واتە لە ڕۆژی ٥ سێمپتەبەری ساڵی ١٩١٨ بەفەرمی **" تیرۆری سوور"** ڕاگەیەندرا و پڵاکات بە نووسین درووشمی تیرۆری سوور بەناو شەقامەکاندا هەڵواسرابوو و بڵاوکرایەوە.

سەیری ئەم لینکانەی خوارەوە بکەن لە گرتە ڤیدیۆ و وێنەی تیلێگرامەکانی لێنین و کردومە بە ژێر نووسی کوردی لە ڕوسیەوە و تێکستەکەشم داناوە لەپۆستەکان ئەگەر نەتوانن بیخوێننەوە بە خێرایی سەیری تێلێگرامەکانی لێنین بکەن چۆن چۆنی فەرمانی داوە بۆ کوشتنی نەیارەکانی. ئەو تیلێگرامانە بەم دواییە ساڵی پار ٢٠١٧ بەبۆنەی ١٠٠ ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە حوکومەتی ڕوسیا ئاشکرای کردووە خستوویەتی بەر مێژوونووسان و توێژەران .[75]

---

[75] https://www.facebook.com/NeazyAsma/posts/1221601104639056
https://www.facebook.com/photo.php?fbid=1220103568122143&set=a.164184490380728&type=3&theater
https://www.facebook.com/photo.php?fbid=1220123931453440&set=a.164184490380728&type=3&theater
https://www.facebook.com/photo.php?fbid=1220848721380961&set=a.164184490380728&type=3&theater

پاش هەوڵدانە سەرنەکەوتووەکان بۆ تیرۆرکردنی لێنین لە مانگی هەشتی ساڵی ١٩١٨ ئیدی بەڵشەڤیکیەکان زیاتر هاربوون بۆ تۆڵەسەندنەوەو وەڵامدانەوەی تیرۆر بە تیرۆر. بەڵام تیرۆری سووری بەڵشەڤیکیەکان زۆر بێویژدانەتر و نامرۆڤانەتر بوو لەهی سووپای سپی .

لێنین و ترۆتسکی و هەموو کابینەی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لایەنگیری تیرۆری سووریان دەکردو پاساویان دەهێناوە گوایە بە جەختەوە دەبێ بکرێ بە مەبەستی تۆقاندن و لەناوبردنی نەیارەکانیان. هەربۆیە فەرمان بەهەموو کۆمیتە ناوچەییەکان درا . هەر کادیرێکی بەرپرس دەبێ فەرمانبدا لەو شوێنەی خۆی بگەڕێن بەدوای بورژوواو سووپای سپی و حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ڕوسیا.

لەهەمووی تراژیدیایی تر ئەو حاڵەتە بوو کاتێ کادیرە بەڵشەڤیکیەکان کە زۆربەی زۆری لەچینی هەژارو ڕەش و ڕووت و بێ کوولتوور و شەلاتییەکان پێکهاتبوو و ئاستی خوێندەواریان زۆر کەم بوو ئەو هەڵەیان قۆستەوە بۆ سەرماڵە دەوڵەمەندەکان ئەوانەی هێشتا لە ڕوسیا مابوونەوە.

بەگوێرەی هەندێک سەرچاوەی ڕوسیای ئێستا لەیەکێ لەو ڤیدیۆیانەی یوتووب چاوپێکەوتنێک لەگەڵ زیاتر لە ٥ دکتۆرو پسپۆر و پرۆفیسۆری دانیشتگا لەکاتی گێڕانەوەی کارەساتی ساڵانی تیرۆری سوور باس لەو کارەساتە دەکەن.

یەکێ لەو پرۆفیسۆرانە دەڵێ تاوەکوو ساڵانی کۆتایی سییەکان ئاستی نەخوێندەواری گەڵێ زۆر بووە لە ڕوسیا، بەتایبەتی لەناو کادیرانی بەڵشەڤیک بە پەنجەی دەست دەژمێردران. ئەگەر یەکێ لە بەرپرسە سکرتێرەکانی بەڵشەڤیکی ناوچەکە

---

https://www.facebook.com/photo.php?fbid=1221845557947944&set=a.164184490380728&type=3&theater

قوتابخانەی ئامادەیی تەواوکردبێ ئەوا دووشەشی بۆ هاتووە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی حیزبی و دەسەڵات ( پلەی بەرزکراوەتەوە) بەڵێ کارەساتە ئەگەر نەخوێندەوارێک بکرێتە بەرپرسی پانتاییەک لە هەرێم بەقەت هەموو عێراق فەرمانی لەدەستبێت تۆ بکوژێت یان نەء، بەڵکو دەبوو بێ سێ و دوو فەرمانەکانی لێنین جێبەجێ بکەن ئەوانەی بە تێڵێگرام ناردبوونی و پڕبوون لە تیرۆرکردن و کوشتنی نەیارەکان و دەبوایە بێ بیرکردنەوە پەیڕەوبکرێن.

ئیدی وای لێهات هەر کۆمەڵە چەکدارێکی بەڵشەڤیک هەر شەوەو هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵێکی دەوڵەمەندو بازرگان و دەرەبەگ و خاوەن موڵک و پارە بە بڕوبیانووی ئەوەی لە مەرکەز داوای دەکەن. ئیدی فەرمانیان پێدرابوو یەک کەس لە خێزان و بنەماڵەکەی دەربازی ئەو تیرۆرە نەبێ و نابێ نەوەو وەچەیان بمینێتەوە .

لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنی ڕوسیای فێدێڕال بەبۆنەی سەدەیەک بەسەر کارەساتی کودەتای بەڵشەڤیک، مێژوونووسێک باس لە حاڵەتی هەڵکوتانی سەرماڵانی دەکرد دەیوت :

زۆربەی هەڵکوتانە سەرماڵەکان و سەر نەیارەکانیان شەوانە بووە. کاتێ هەڵیان کووتایەتە سەر ماڵی کەسێکی بازرگان بەنیوەی شەو بەخاوەن ماڵی بازرگانیان وتووە لە سەنتەری ( دەزگای پاراستن – تشێکیست ) بانگکراویت بۆ لێکۆلینەوە، بەلام هەر خۆت نا بەڵکو دەبێ هەر هەموو خێزان و منداڵەکانت لەگەڵبێن، ئیدی بەدبەخت ناتوانێ بەرگری بکا، بەلام هەر هەموو کاری تیرۆرەکان لەدەرەوی بارەگای پاراستن کراوە، بەڵکو هەر بەرێگاوە بەرەو دارستانێک یان شوێنێکی چەپیان بردوون یاخود بۆ ژێر زەمینێک و کەلاوەیەک و هەر لەوێ ڕیزیان کردوون و باوک ودایک و منداڵەکان نەپارێزراون و کوژراون. پاش ئەوە گەڕاونەتەوە ناو ماڵی بازرگان و دەستیان کردووە

بە تاڵانکردنیماڵەکە. یان هەر لەوێ دەستیان کردووە بە عارەق خواردنەوە تاوەکوو خەوتوون و بۆ بەیانی ئەوەی دزیویانە بردوویانەو ئەوەی نەیان توانیوە بیشارنەوە لە بەرپرسەکەی خۆیان ئەوا بردوویانە بۆ بارەگا وەک غەنیمەی تاڵان و ڕادەستی بەڵشەفیکیەکانیان کردووە.

ئەمە یەک لەو نموونانەیە ، بەڵام بە هەزاران نموونەی لەو جۆرە هەیە لە سایتەکانی ڕوسیا کە باس لە تیرۆری سووری بەڵشەفیکیەکان دەکەن .[76]

## "نێپ" بەرنامەی لێنین ١٩٢١-١٩٢٤

تێکدانی بەڕێوەبردنی سیستەمی ئابووری و دەزگای پەرلەمانی لەلایەن بەڵشەفیکیەکانەوە بۆتە هۆی شیرازە تێکچوونی کۆمەڵگا . حوکومەت لە ژێر فشاردا ماڵ و موڵک و زەویی و زاری جووتیارانی زەوتکردووەو کارگەکانیش لەژێر کۆنترۆڵی لیژنەی سۆڤیەت بوون، نەک لە ژێر کۆنترۆڵی خودی کرێکاران دابێت و بڕیارەکان لەلایەن خۆیانەوە دەربچێ. کە بووە هۆی قات و قڕی و برسیەتی ئیدی هیچ شتێک نەما بۆ دانیشتوان گوزەرانی لەسەربکەن.

سیاسەتی جەنگی کۆمۆنیزمی بەڵشەفیکیەکان بووە هۆی مردن و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تاعون و شەڕی ناوخۆیی بەهەمووی نزیکەی ٢٣ ، ملیۆن کەس بوونە قوربانی ئەو شۆڕشەی لێنین تەنها لەماوەی ١٩١٨-١٩٢٤ ڕوسیا.

---

76 #/https://agitpolk.ru/919-ilja-belous-red-and-white-terror

تەنها لەیەک ساڵی یەکەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەهۆی سیاسەتی زەوتکردنی بەرهەمی کشتووکاڵی جوتیاران بووە هۆی مردنی زیاد لە ٥ ملیۆن کەس تەنها لەناوچەی ڕووباری ڤۆڵگەو ڕوباری ئۆڕاڵ.
سەیری ئەڵقەی ١،٢،٣،٤ بکە بۆ بینینی هەندێک لە مامەڵەی کادیرە بەرپرسەکانی بەڵشەفیک لەگەڵ کووڵاکەکان( جوتیاری خاوەن زەوی و موڵکی تایبەتیەکان) چۆن بووە لەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە.[77]

هەربۆیە دەنگی نارەزایی بەرزبۆوەو خۆپێشاندانەکانی ساڵانی ١٩٢٠- ١٩٢١ وای لە لێنین کرد بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە واز لە تیرۆری کۆمۆنیزم و جەنگی کۆمۆنیزم بهێنێ و ڕێگا بە بازاڕی ئازاد و ئابوورییەکی ئازادانە بداو خەڵک بتوانێ بەرهەمی خۆی بەرهەم بهێنی و بۆ خۆی بیفرۆشێتەوە لەبازاڕی ئازادو بێ کۆنترۆڵی حوکومەت هەرچەندە دیسان لە ژێر سەرپەرشتی سیاسەتی حوکومەت ماوە، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر دەریخست کە سیاسەتی ئابووری کۆمۆنیزم سەرکەوتوو نەبوو وە شکستی هێناوە .
تەنانەت پرۆکۆڤیتش سێرگێی نیکۆلایێڤیتش دکتۆری پرۆفیسۆری ئابووری ناس چەند جارێک مەترسیەکانی سیاسەتی ئابووری کۆمۆنیزمی لێنینی بەهەڵە ئاماژە پێکردووەو لەکاتی محاضرة وتنەوەی لە دانیشگای مۆسکۆ بە ئامادەبوونی کوڕی ترۆتسکی و گەیاندویەتی بە باوکی کە ئەو سیاسەتەی ئێوە گرتووتانەبەر هەڵەیەو کارەسات دەخوڵقێنێ، بەڵام نەک سەرانی کۆمۆنیست گوێیان لەکەسانی ئەکادێمی نەگرت بەڵکو

---

[77]
https://www.facebook.com/NeazyAsma/posts/1201802463285587
https://www.facebook.com/NeazyAsma/posts/1201840673281766

بووه هۆی هەڕەشەی گرتن و زیندانی کردنی، بەڵام بەهۆی ترۆتسکیەوە توانرا زۆرینەی مامۆستاو ئەکادێمیەکان دووربخرێنەوە لە وڵات بەرەوە ڕۆژئاوا بڕۆن. گەلێکیان لە دوور وڵاتەوە بەنووسین دژایەتی سیاسەتی ئابووری بەڵشەفقکیەکانیان دەکرد .

بنەمای سیاسەتی نێپ گەڕانەوەیەک بوو لەپەیامی پەیڕەوکردنی سۆشیالیزم، چونکە ملکەچی بازاڕی ئازاد بوو، تەنانەت ڕێگەیدا خەڵک بتوانێ هەندێک لەو کارگانەی حوکومەت دەستی بەسەر داگرتبوو جارێکی تر بیکڕنەوەو ببن بە خاوەن کارگەو کرێکار بەکرێ بگرن و خۆیان کرێی کرێکارەکان بدەن حوکومەت سەرپەرشتی مافی یەکسانی لە کرێ و کار دۆزینەوەی بۆ کرێکار نەبێ. ڕێگای دا لەدەرەوەی وڵات کۆمپانیا بێ و کاربکا و بەرهەم و سەرمایەکەی بخاتە گەڕ بەرامبەر بە بڕە پارە و بیدات بە حوکومەتی بەڵشەڤیک. بیزنیسی بچووک پەیدابوو پێداویستیە سەرەکیەکانیان بەرهەم دەهێناو بە ئازادی دەیانفرۆشتەوە .
سیاسەتی "نێپ" ڕێگایدا بە باڕو مەلهاو ڕێستورانت بکرێنەوەو دانس و سەماکردنی شەوانەی ئەوروپیانە بێتە ئاراوەو سیمایەکی ئەوروپی گەڕاوە بۆ ناو شارەکان، کە پێشتر جووتیارو ڕەش و ڕووت هەموو کوچەو کۆڵانێکی گرتبووەو جلی دڕاو پیس و پۆخڵ وڵاتی داپۆشیبوو. ئەو سیاسەتە هەناسەیەکیدا بە وڵات جارێکی تر ئابووری و جولانەوەی بازرگانی و بەرهەم هێنان بەگەڕ بخرێنەوە. بەڵام لێنین وتی ئەوە تاکتیکەو تەنها ماوەیەکە، ئەگینا هەر دەگەڕێینەوە سەر " تیرۆری ئابووری" لە دوا قۆناغ .
مەبەستی لێنین لە تیرۆری ئابووری ( إرهابی الإقتصاد) واتە کۆلێکتیڤیزاچیە"

نێپ بریتیە لە دیکتاتۆریەتی سۆشیالیستی کە پەیوەندی بەرهەم هێنانی سۆشیالیستی لەئەستۆ دەگرێ و هەڵدەستی بە ڕێکخستنی بەرهەمی ووردە بۆرژوا بەشێوەیەکی بەرفراوان" - لێنین .

مەبەستی لەوە چیە؟ مەبەستی لەوەیە ئێمە ڕێگا دەدەین بۆرژوازیەت جارێکی تر زیندوبێتەوەو بەرهەمی خۆی بهێنێتە ئاراوەو لەبازاڕی ئازاد بیفرۆشنەوە، بەڵام ناهێلین ئەو بۆرژوازیەتە گەورەبێ، بەڵکو سنوورداری دەکەین لەئاستی ووردە بۆرژوا لە چوارچیوەی کۆئۆپۆرەیشن و مجلس تعاونی .[78]

شێوەیەکە لە شێوەکانی سیاسەتی ئابووری منصور حیکەمەتیانە .

## نێپ ( سیاسەتی ئابووری نوێ ) – لێنین

ولأت بەرەو قەیرانی برسیەتی و ڕوخانی ئابووری و کشتوکاڵ و بێ سەروبەرەیی بازاڕ و دەنگی ناڕەزاییەکان هێدی هێدی توندوتیژی لێدەکەوتەوەو دزین و ڕێگری و چەتەیی و تاڵانکردن دەستی پێکردبوو. ئیدی دەنگ و باس و هەواڵی ڕۆژنامەنووسەکانی جیهان باسیان لێوە دەکردو دەنگۆ گەیشتە لێنین کە ولأت بەرەو ڕوخان دەچێ و ئەزموونی دروستبوونی کۆمۆنیزم شکستی هێناوە.

ئیدی ناچار بوو لە ١٤ی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٢١لە کۆنگرەی حیزب لە سیاسەتی کۆمۆنیزم پاشگەز بێتەوەو ڕێگابدا بە کەرتی تایبەت و پرایڤەت بیزنیسی بچوک درووستبکەن، هەرچەندە سنوورداریکرد گەشەی سەرمایەداری و بازاری ئازاد .

---

78 https://istoriarusi.ru/cccp/nep-kratko-novaja-econom-politika.html

لەکۆنگرەی ١٠ی پارتی کۆمۆنیستی ڕوسیا لەمانگی ئازاری ١٩٢١ سیاسەتی ئابووری (نێپ)ی ڕاگەیاند کە بەرنامەی لێنین بوو، وە بوخارین لەهەموو ئەندامەکانی بەلشەڤیک زیاتر لە پێویست لایەنگیری ئەو سیاسەتە نوێیەی ئابووری بوو. بەلام ترۆتسکی لە دژی وەستاو بە کارێکی باشی نەزانی و پێیوابوو گەڕانەوەیەکە بەرەو کەپیتالیزم و لەپەیامی کۆمۆنیزم لادەدەین. وە ستالین'یش بێ هەلوێستی خۆی نیشاندا، بێدەنگیەک نە بەلێ و نە نەخێربوو لەدژی ئەو سیاسەتەی لێنین .بەلکو هەمیشە ستالین لەجەماعەتی أشهدوا باللە بوو تاوەکو لێنین لەژیان و دەسەلات بوو. لیۆنید ملێتشین نووسەرو میدیاکارو مێژوونووس لەبواری سەردەمی سۆڤیەت دەلێ : لە ڕاستیدا سیاسەتی ئابووری "نێپ" بیرۆکەی ڕیبکەڤ بوو. ئەندامی سەرکردایەتی بەلشەڤیک ئەویش بەرەچەلەک لەنەتەوەی جولەکە بوو. کاتێ ستالین هاتە سەر حوکم کوشتی بەبرووبیانووی ئەوەی لە ژێرەوە هاوپەیمانە لەگەل ترۆتسکی و لە دژی گەلە .

سیاسەتی "نێپ" بازاڕی ئازادبوو لە کڕین و فرۆشتنی بەرهەمی جوتیاران، تەنها بەمەرجێک برە باجێک بدەن بە حوکومەت. ئەوەش خۆی کرانەوەیەک بوو بەرەو ڕووی ئابووری سەرمایەداری. جوتیار بۆ خۆی بەرهەم بهێنێ و ئەوەی زیادە بتوانێ لەبازاڕی ڕەشی ئازاد بیفرۆشێ.

لێنین لە وەلامی ترۆتسکی وتی : بەلێ من دەزانم نیمچە کەپیتالیزمە، بەلام لەبەر ئەوەی ٣ سالە ئێمە لە شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆییداین و ئابووریمان ڕووخاوە. بۆیە **هەنگاوێک بۆ پێشەوەو دوو هەنگاو بەرەو دواوە دەڕۆین**، بەلام پڕۆسەکە کاتییە. واتە تەنها هەناسەکێشانێکە بۆ جوتیاران و حوکومەت بێنەوەسەرەخۆ و

لەسەر پێ بوەستنەوە جارێکی تر. ئەگینا پاشان جارێکی تر سیاسەتی ئابووری سەربەخۆی لادەبەینەوە .

"نێپ" لە دیدی لێنین و منصور حیکمەتەوە واتە سەرمایەداری دەوڵەت، بەڵام ترۆتسکی لەدژی سیاسەتی نێپ بوو، توندڕەوی ترۆتسکی بۆ داپڵۆسینی کرێکاران هیچ کەمتر نەبوو لە ستالین. لێنین زیاتر کەسێکی پڕاکتیکی بوو وەک لە تیۆریزان هەرچەندە بە سەدان بەرگە کتێکبی نووسیوە، بەڵام هەمووی دووبارەو سێ بارەو وەڵامدانەوەی ئەم و ئەو بووە، بەڵام زیاتر لەگەڵ واقیع کاری دەکردو بەگوێرەی ڕۆژ مامەڵەی دەکرد، کەچی ترۆتسکی پەیامێکی هەبوو ئینجا چەند دەکێشێ و چەند قوربانی دەوێ و چەندی لەسەر دەکەوێتەوە ئەوا لای ئەو گرینگ نەبوو. پەیامی ترۆتسکی لەسەرتاپا دونیا شۆڕشی بەرپابێ و یەک لە دوای یەک وەک زنجیرە، کەچی تێڕوانینەکانی سەرنەکەوت و لێنین و ستالین دژی نەبوون، بەڵام پێیان واقیعی نەبوو، بەڵکو زیاتر جەختیان دەکردەوە لە ڕوسیا سەربکەوێ و بیکەن بە بنکەیەکی شوعلای شیویعیەت.

ڕیکەڤ و بوخارین( هەردوکیان جولەکە بوون) لەناو هەمووە ئەندامەکانی ناو بەڵشەڤیک ژیرتر و مێشک کراوەتر بوون .[79]

لە ١٧ئایاری ١٩٢١ دەستکرا بە کرانەوەی بازاڕو گەشەی بازرگانی لە ٧ی مانگی شەش ڕێگایدا کارگەی تایبەت بکرێتەوە، بەڵام نابێ لە ٢٠ کرێکار زیاتر کاری تێدا بکا و خاوەن کار خۆی سەرپەرشتی و مافی بەسەر کرێکاران و کرێگرتەیی هەیە. وای

---

79 -هەمان سەرچاوەی پێشوو

لێهات جوتیار بتوانێ بەرهەمی خۆی بخاتە بازار تەنانەت وڵات توانی جارێکیتر گەنم و جۆ بفرۆشێتەوە بۆ دەرەوەی وڵات .

نەک خەڵکی ئاسایی، بەڵکو کادیرانی بەڵشەڤیک هەستیان بەو سەرکەوتنەی بازاڕی ئازاد کرد. جارێکی تر بازاڕ بوژایەوەو بیزنس و سەرمایە جارێکی تر گەشەی کردەوە بێ ئەوەی حوکومەت سەرپەرشتی بکاو دەزگای چاودێری کۆمۆنیزم و کادیری حیزب و پۆلیس و حوکومەت دەستیان هەبێ لە بەڕێوەبردنی ئابووری وڵات. گەیشتنە قەناعەتێک وتیان :

کەواتە ئەو شۆڕشەی کردومانە بەناوی پڕۆلێتاریاو یەکسانی چینی کرێکاران بێمانا دەرچوو ئەگەر سیاسەتی" نێپ" سەرکەوتووتربێ لە سیاسەتی کۆمۆنە؟.
بێگەڕانەوە بۆ حوکومەت و چاودێری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ ئابووری وڵات، ئەگەر بۆ خۆی گەشە بکا، کەواتە ئێمە ئەو شۆڕشەمان بۆچی کرد؟
هەرچەندە سیاسەتی نێپ لە ڕووی موڵکداری و گەڕانەوە بۆ سیستەمی بازاڕی ئازاد سنوور کرابوو، بەڵام دیسان توانی بیسەلمێنێ باشترە لەسیاسەتی ئابووری کۆمۆنیزم کە شکستی هێناوەو قەیران و برسیەتی و ئاژاوەو تاڵانکردنی بەدوای خۆی داهێناوە .
هەربۆیە سەرانی کۆمۆنیست زوو هەستیان بەوەکرد کەواتە مانەوەیان لەدەسەڵات مانای نامینێ ئەگەر سیاسەتی ئابووریەکەیان سەقەت و شکستی هێنابێ ، هەربۆیە ناچاربوون زوو پەشیمان ببنەوە لە سیاسەتی نێپ و جارێکی تر بگەڕێنەوە سەر جەنگی کۆمۆنیزم و حوکمی سەرمایەداری دەوڵەتی بەرپابکرێتەوە بۆ ئەوەی بە زەبر پەیامی کۆمۆنیزم بەسەر خەڵکدا بسەپێنن و بیسەلمێنن کە ڕاستترە لە بازاڕی ئازاد .
دەستەواژەی سەرمایەداری دەوڵەتی کە حیکمەت مەنصور بەکاری دەهێنێ، لە ڕاستیدا

بێ هی ئەو نیە، بەڵکو یەکەم جار لەلایەن ماکس شاتمەن تیۆریستیکی مارکسی ئەمەریکی بوو هەوادارو هاوبیری ترۆتسکی بوو، بەڵام لەدوا قۆناغ باوەڕی بە دیموکراتی کۆمەڵایەتی هێنا کە باشترین چارەسەرە بۆ کۆمەڵگا . وە باوەڕی وابوو ئەو سیستەمەی کە ستالین بەڕێوەی دەبا لە کۆلێکتیڤیزاچیا Collectivization کۆمەڵگا بەرەو بە عەسکەرتارییەت دەبا لەسیاسەتی جیهانی. ماکس شاتمەن لەگەڵ ئەو تێڕوانینەی ترۆتسکی و تۆنی کلیف نەبوو بۆ پێناسەی توێژی حاکم لە سۆڤیەت، بەڵکو چینێکی حاکمە بەدەر یان جیاواز لە کرێکار .

## پێشێلکارییەکانی لێنین و بەڵشەڤیکیەکان بۆ مافی مرۆڤ و ئازادییەکان

نووسینەکانی لێنین کاتێ لەدەرەوەی وڵات بوو زۆر لیبێڕالیانە بوو، بەڵام کە هاتە سەر حوکم هەموو نووسین و ڕەفتارەکانی زاڵمانەی و هەڕەشەو توندو تیژیانە بوو و سەد ڕەحمەت بە قەیسەڕ.

نەک بەهەمان شێوەی قەیسەر دەزگای داپلۆسینی هەبێ، بەڵکو خراپتریش پۆلیسی نهێنی هەبوو بەناوی تشیکیست. دەزگایەکی زۆر زاڵم بوون بەرامبەر بە نەیارەکانیان. هەر نەبێ زەمانی قەیسەر دادگاو پارێزەرو دەزگای لێکۆلینەوەو پشکنین و پێداچوونەوە بەبڕیارەکانی دادگا هەبوو، بەڵام لەزەمانی بەڵشەڤیکیەکان نەک یاسا پێشێلکاری کرا .

لێنین لە کۆبوونەوەی لیژنەی مەرکەزی بەڵشەڤیک لە پێترۆگراد لە نۆڤەمبەری ١٤ دەڵێ :

هێندێک لە هاوڕێیان بەزەییان دێ بە چەوسێنەران و نەیارەکانمان. ئێمە دەبێ توندوتیژ بین بەرامبەریان ئا ئەمەیە دیکتاتۆریەتی پرۆلێتاریاو ئەگەر پێویستبێ بیانگرین ئەوا یەک و دووی لێناکەین و پیاوانەوە دەیانگرین .[80]

لە کۆبوونەوەی سێی سۆڤیەت لێنین ڕایگەیاند :

توندوتیژی چەوسێنەران بەدرێژایی مێژوو لەدژی هەڤاڵی بارگران و زەحمەت کێشەکان هەر بە توندوتیژی چەوسێنەرانە دەبێ وەڵام بدرێتەوە، بەڵێ ئێمە لەگەڵ ئەم جۆرە توندوتیژیەین .[81]

لە ٢٢ نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٨ لێنین واژۆی لەسەر " فەرمانی شەڕ"- ژمارە یەک کرد :

سەرجەم یاسا کۆنەکانی هەڵوەشاندەوە لەگەڵ قاودانی هەموو دادوەرە کۆنەکانی ناو دادگاکان و دەزگای پشکنین بۆ پزیشکی( مؤسسة طب الشرعی) شەرعی و نیابة العامەی هەڵوەشاندەوە لەدادگاکان و لەبری ئەوە دادگای شۆڕشی( محکمە الثورة)ی داهێناو سەرپەرشتی ئەو لیژنانە بریتی بوون لە چینی کرێکارو جوتیاران .[82] وڵات کەوتە قۆناغێکی بێ یاساو بە هەموو مانایەک.

---

[80] https://slovakia.mid.ru/revolucii-1917/-/asset_publisher/OmdbJKPMMyWN/content/kak-lenin-sel-k-vlasti-istoriceskij-ekskurs-leonida-mleci-1?inheritRedirect=false

[81]-هەمان سەرچاوە

[82] -هەمان سەرچاوە

لێنین باوەڕی وابوو کە دادپەروەری خزمەتی دەوڵەت دەکا . بەرژەوەندی سیاسی زۆر گرینگ ترە لە یاسا . دەسەڵات دادپەروەری ناهێنێتە ئاراوە، بەڵکو دوژمنە سیاسیەکان بەلاوە دەنێ. ئەگەر سەرۆکی دادگای شۆڕش وتی : ئەوەی لەپێش من وەستاوە تاوانبارە. واتە هەر وایە ( دەبێ تاوانبار بێ).

لە سەرتاپای وڵات بەشی خوێندنی یاسا لە دانیشتگاکان داخران، چونکە وتیان پێویستیمان بە یاسای دادگاکان نیە، بەڵکو ئێمەی جەماوەرو میللەت خۆمان دادگاو لیژنەی لێپرسینەوەین و تاوانباران پێویستیان بە پارێزەر نیەو ڕۆلیان نەما لە حوکمی بەڵشەڤیک. هەربۆیە بەڵشەڤیکیەکان بێ لێپرسینەوەو بێ ویژدانانە کەوتنە گیانی نەیارەکان و لە ژێر دیوار گوولەبارانیان دەکردن، چونکە ڕابەری بەڵشەڤیک شەرعیەت و فەتوای بۆ دابوون .

یوری گۆتیێ پرفیسۆری ڕوسی لە بەشی مێژووی بەگاڵتەجاڕییەوە دەڵێ :

**لە وڵاتێکی بێ یاسا پێویست بەزانینی( زانستی ) یاسا نیە!**

گوستاڤ فلۆبێرت ڕۆمان نووسی فەڕەنسی بەبەلاش نەی وتووە :

**لە هەر تاکێکی شۆڕشگێر بەکەسایەتی جەندرمەیی داپۆشراوە.**

بەڵشەڤیزمە حوکمی ڕوسیا دەکا. بەڵشەڤیزم لەناو سیاسەتی حوکومەت بەشێوەیەک بەرجەستەو تەسک کراوەیە کە هیچ دەرفەتێکی هەناسەدانی تێدا نیە، تەنانەت خودی لێنین کە دامەزرێنەری ئەو سیستەمە بووە ،ناچار بوو بگەڕێ بەدوای کەلێنێک بۆ سازشکردن.[83]

---

83 - پارڤووس:-" لە تێکۆشێنەوە بۆ ڕاستی:. لاپەڕە- ٢٦

مامەڵەی جیاواز لە پرۆسەی تیرۆر - نێوان سووپای سوورو سووپای سپی

سووپای سپی بەشێوەیەکی گشتی بریتی بوون لە ژەنەراڵ و ئەفسەر و سەربازی هەوادارانی قەیسەرو دژی ئینقلابە شوومەکەی بەڵشەڤیک بوون، مامەڵەیان لەگەڵ بەڵشەڤیکیەکان لەکاتی شەڕ بەگوێرەو هەوەسی ئەو بەرپرسە سەربازیە یان ژەنەراڵەبوو کە لەناوچەکەی دەسەڵات دار بوو. واتە لە شوێنێک تاوەکوو شوێنێکی تر سووپای سپی مامەڵەکەیان جیاواز بوو لەگەڵ سووپای سوور. بەڵام سووپای سووری بەڵشەفیکیەکان یەک فەرمان و یەک مامەڵە بە یەک شێوە کاری تیرۆریان ئەنجام دەدا بەرامبەر بە سووپای سپی ، چونکە هەموو سیستەم و ئایدیۆلۆژیاو سەربازەکانی بەیەک رۆحیەتەوە پەروەردە کرابوون بۆ تیرۆرکردنی نەیارەکانیان.

**ماریا ئەندریێڤنە** کە ئەکتەرێکی بەناوبانگی ڕوس بووەو هەوادارو یارمەتی دەری بەڵشەڤیکیەکان بوو، چوو بۆ لای لێنین کە خەڵکی بێگوناح نەگرێ و ئازادیان بکا، لەوەلامی خاتوون دا، لێنین وتی :

نابێ دەستگیر نەکرێن، بەڵێ دەبێ دەستگیربکرێن کادیری کادێت و نزیک و دەوروبەری حیزبی کادێتە تاوانبارەکان و بەشێوەیەکی ئاشکرا دەبێ بەسزای خۆیان بگەن[84].

پاش هەوڵە سەرنەکەوتووەکەی تیرۆرکردنی لێنین و ڕزگاربوونی لە مردن، ڕابەری ئەنارخیستەکان- ئەمیر( بەگزادە) پیتەر کراپۆتکین وتی :

[84] هەمان سەرچاوەی پێشوو-

" کاتێ کەسێک ڕزگاری دەبێ لەهەوڵی تیرۆرکردنی پاش ئەوە تۆزێک هێور دەبێتەوەو بەخۆیدا دەچێتەوەو لێبوردەیی و بەخشین ڕووی تێدەکا . کەچی من سەیرم هات بەلێنین لە مەغرووریەت و لە عینادی و کەللەڕەقی و بەهیچ شێوەیەک ناتوانیت قەناعەتی پێ بهێنیت کە هەڵەیەو بە خۆیدا بچێتەوەو ڕەحمێک بەدەورووبەر بکا . ئەو کابرایە لەهیچ شتێک لەهەر بابەتێک گفتووگۆی لەگەڵ دەکەیت ئەو( واتە لێنین) جەخت لەسەر قسەکانی خۆی دەکاتەوەو ملکەچی هیچ پێشنیارو داواکارییەکی تۆ نابێ. لەقسەکانی لێنین بۆم دەرکەوت ئەو کابرایە ئامادەیە ٢،٥٠٠ نەفەری بێگوناح بکوژێ لە تۆڵەی هەوڵی تیرۆرکردنەکەی و بۆ یەک زەرەش ویژدانی ناڕەحەت نابێ" [85].

دەزگای ئاسایشی دەوڵەتی بەڵشەڤیک بە جۆرێک پاکانەی بۆ کارە داپلۆسین و تۆڵەسەندنەوەکەی دەکرد کە هیچ ویژدان و هەستی مرۆڤایەتی تێدا بوونی نەمابوو و بەشێوەیەکی بەرفراوان هەموو بەرپرسە باڵاکان و سەروژێروو بەیەک سیستەمی ڕک و کینە کاریان دەکرد. بانگەوازی لیبێرالیزم و بیری ئازاد سزای توندی لەسەر بوو .

ڕابەری ئینقلابی ئۆکتۆبەر هەروەکو پێشتر باسم کرد، لێنین لە خانەوادەیەکی خوێندەوارو ڕۆشنبیر لە دایک ببوو، وە باری گوزەرانی دارایی بنەماڵەکەی مام ناوەندی بووەو تاڕاددەیەک تێرو تەسەل ژیابوون، بەڵام بۆ دەبێ ئاوا دڵڕەق دەرچووبێت بەرامبەر بە نەیارەکانی و بگاتە ئەو قەناعەتە کە دەبێ ڕەقیبەکانی بسوتێنرێن ، گوللەباران بکرێن بێ دادگاو بێ لێپرسینەوە لەگەڵ ئەوەش کە خودی خۆی لێنین پارێزەری تەواو کردووەو دەیزانی یاساو دادگا دەبێ سەروەربێ کەچی

---

[85] هەمان سەرچاوەی پێشوو-

پێشێلکاری ئەو بنەما شارستانیەتەی کردووە. تەنانەت سەرەتای کاری سیاسی لێنین بە گیران و دادگایی و لێپرسینەوەو زیندانی و دوورخرانەوە دەستی پێکردبوو، هەر نەبوایە ئەوانە دەبوایە ببێتە عیبرەت بۆی کە پێویستە مافی مرۆڤ و مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤەکان بە ڕێزەوە بکرێ ئەگەر جیاوازی بیرو بۆچوونیشان هەبێ و نابێ پێشێلکاری مافی مرۆڤ بکرێ بێ دادگاو بێ لێپرسینەوە گوللەبارانی خەڵک بکرێ، بەڵام پێدەچێ ڕابردووی خۆی زوو لەبیر کردبێ کاتێ بوو بە ڕابەری وڵات .

## ئابرووی کەشتی پرۆفیسۆرەکانەوە

سکاندالێک ڕوویدا لەزەمانی لێنین بەناوی "کەشتی پرۆفێسۆرەکان" لەساڵی ١٩٢٢. کاتێ دەنگی نارەزاییەکان گەیشتە توێژە ئەکادێمیەکان و ڕەخنەیان دەگرت لەسیستەمی پەروەردەو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین، ئیدی بەڵشەڤیەکان هەرچی بەو سیستەمە کۆمۆنیزمەی لێنین ڕازی نەبوو دەست بەجێ دوور دەخرانەوە لە ـ محاضرة ـ وانە وتنەوە و دەست بەجێ دەگیراو ڕەوانەی زیندان دەکرا . یەکەمین کەمپینی ڕاونان و گرتن لەسەر دەمی لێنینەوە دەستی پێکرا نەک لەسەر دەمی ستالینەوە. ستالین و دێرژینسکی لەگەڵ ئەشکەنجەدان و کوشتنی هەرچی پرۆفیسۆرو زاناو مامۆستا هەیە کە لەدژی دەسەڵات قسەدەکەن و نارازین پێویستە لەناو ببرێن، بەڵام بە هیممەتی ترۆتسکی توانی زۆریان ڕزگار بکاو قەناعەت بە لێنین بکا کە نە کووژرێن، چونکە زاناو پرۆفێسۆرو فەیلەسوف و ئەدیب و شاعیرەکانمان نەک سەرمایەی ڕوسیان بەڵکو سەرمایەو گەنجینەیەی مرۆیین، ڕاستە توێژی ڕۆشەنبیر پشتیوانی شۆڕشەکەمان ناکا، بەڵام مانای وانیە بیانکوژین هەر نەبێ دەریان بکەین لە وڵات بۆ ئەوەی لەبەر چاوی میدیاکانی جیهان و مێژوو شەرمەزار

نەبین. ئیدی لێنین قەناعەتی بەقسەکەی ترۆتسکی هات و بڕیاری دا بە سەرۆکی دەزگای داپلۆسین کە درژینسکی بوو و بەفیتی ستالین ئەوکارە کرابوو هەڵوەشێندرایەوەو هەموو پرۆفێسۆر و فەیلەسوف و دکتۆرەکان بە سواری کەشتیەک بەرەو فەرەنساو ئەڵمانیا ڕەوانەبکرێن و مافیان لێ زەوت بکرێت بگەڕێنەوە ڕوسیا و لە جنسیەی ڕوسیش بێبەری بکرێن و مافیان نەبوو یەک شت لەگەڵ خۆیان ببەن تەنها یەک جانتای شان نەبێ. بەناوی ئابرووی کەشتی پرۆفێسۆرەکانەوە بەناوبانگە لەمێژووی ڕوسیای سوور. [86]

لە راستیدا، لێنین ژیانی ڕاستەقینەی ڕوسیای نەبینی بوو. کاتێ لێنین هاتە سەر حوکم ئەو نەی دەزانی گوزەرانی خەڵک چۆنەو جوتیاران لەو گوندانە چۆن ژیان بەسەر دەبەن و لە چ کولەمەرگیەک دان؟ بۆ؟ چونکە تاکە شوێن کە لێنین ڕووی تێکردبێ تەنها ڕێگای نێوان کرێملین و شوێنی پشوودانی لەدەرەوەی شار (کۆرکی) بووە. واتە لە کۆرکی بۆ کرێملین و لە کرێملینەوە بەرەو کۆرکی و تەواو. . تەنانەت بۆ یەک جاریش سەردانی یەک گووند و دەرەوەی شاری نەکردووە تا ئەو ڕۆژەی مرد بۆ ئەوەی بزانێ خەڵک لەدەرەوەی مۆسکۆ چۆن دەژین.

هەروەک لەچەند پۆست و بۆنەی جیاواز باسم کردووە لای زۆرینەی کادیرەکانی بەڵشەڤیک و بەتایبەتی سەرکردەکانی و لێنین لەو باوەڕەدا بوون :

گرینگ نیە چەند کەس دەبنە قوربانی تاقیکردنەوەی سیستەمی کۆمۆنیزم و تووشی

86 https://www.rbth.com/history/326731-philosophy-steamer-lenin

نەهامەتی و سەختی و ئازارو ئەشکەنجە دەبن لەو ڕێگایەدا، بەڵکو دوا ئامانج گرینگە کە لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە ئەویش بەدی هێنان و دامەزراندی کۆمۆنیزمە. بۆ سەرکەوتنی ئەو پەیامەش بێگومان دەسەڵاتەو لەدەستی لێنین خۆی بمێنێ، ئەوانی تر گرینگ نیە.

١٢ نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٧ حوکومەتی سۆڤیەت کەرتی تایبەتی هەڵوەشاندنەوە و هیچ کەسێک مافی نەبوو خانوو و ئەپارتمێنێک بکڕێ و یان بیفرۆشێ، بەڵکو هەموو شتێک دەبێ ڕادەستی حوکومەت بکرێتەوەو کەس نابێ خاوەنی هیچ موڵکێک بێ. کارگەکان کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی لیژنەی سۆڤیەت، نەک لە ژێر کۆنترۆڵی خودی کرێکاران بێ و بڕیارەکان لەلایەن خۆیانەوە دەربچێ. دەستیانگرت بەسەر خانووی دەوڵەمەندەکان، یاخود ئەو شوێنانە کرا بە شوێنی کۆبوونەوەو بارەگای حیزبی بەڵشەڤیکیەکان یان ئەو شوێنە ئەگەر بچوک بوایە ئەوا خەڵکی ڕەش و ڕووتی کادیرو لایەنگرانی بەڵشەڤیکەکانیان تێدەپەست و خاوەن موڵک و خانووەکەیان دەردەکردو بۆ شووقیەکی تر ڕاگوێزیان دەکرد بەمەرجێک ئەو شووقەیە ئەگەر ٣ ژوور بوایە ئەوا دەدرا بە ٣ سەر خێزان کەس کەس ناناسێ کێ دەبێتە دراوسێت لەناو ئەو شوقەیە لە ژوورەکەی تر، واتە هەر ژوورەو دەدرا بە خێزانێک ئینجا ئەو خێزانە چەند سەر نەفەرن گرینگ نیە دەبێ لەو ژوورە شوێنی خۆیان بکەنەوەو یەک حەمام بەتەوالێتەوە بوو ئینجا بەیانیان دەبووە شەڕ لەسەر ڕیزگرتن لەسەر پیسایی کردن و نان خواردنی بەیانی لەیەک چێشتخانەی بۆ ٣ خێزان. چەندەها کارەسات و ڕووداو و دەست درێژی سێکسی و شەڕو پێکدادان لەناو ئەو خێزانانە دروست دەبوو، چونکە هەر کەسە و لەشوێنێک و باکگراوندێکەوە هاتبوون و قیڕە قیڕ و ژیانی ئارامی نەما .

مەبەست لەو تێکەڵ کردنە چی بوو؟ پلانیان ئەوەبوو کۆمەڵگا بکەن بەیەک جۆرە بیرکردنەوەو یەک جۆرە کەسایەتی و پێکەوە هەڵکردن و هەماهەنگی لەنێو تاکەکان و تێکەڵ بوون لە ڕەگەز و توخم و نەتەوەو ڕەنگ جیاوازی نەمینێ لەنێوان تاک و میللەتی سۆڤیەت.

واتە کۆمەڵگایەکیان دروستکرد لەشێوەی بەخێو کردنی ئاژەڵ. کەس مافی نەبوو بگوازێتەوە لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر و بەڵکو کادیرێکی حیزبی مافی هەبوو ڕەوانەی شارێکی ترت بکا بێ ڕەزامەندی خۆت و مافت نەبوو بەرپەچی بدەیتەوە چونکە سزای بەدواوە بوو. واستە و بەرتیل و پارەدان لە ژێر مێزەوە بوو بەکاری ڕۆتینی ڕۆژانەی کادیرەکانی کۆمۆنیستی بەڵشەڤیک .

## شکستی سیاسەتی ئابووری- قات و قڕی و قەیرانی مرۆڤایەتی

" دەوڵەت کاتێ وجودی هەیە کە ئازادی نەبێ،بەڵام ئازادی کاتێک هەیە کە دەوڵەت وجودی نابێ ".

**ڤ. ئ. لێنین**

ووتەیەکی جوانەو قسەیەکی نەستەقە هەروەک فستەق، بەڵام لە ڕووی واقیعەوە یەک زەڕە پەیڕەویان نەکرد. نەک هەر ئازادی ڕادەربڕین و گردبوونەوەو کۆبوونەوەو خۆپێشاندان و مانگرتن نەما، بەڵکو دەوڵەتێکی دروستکرد وەک کۆمەڵگای زۆرەملێ (مجمعات قصرية) کۆنسڵاگەری هیتلەری ئەڵمان. هەر هەموو دەوروبەری وڵات تەلبەند کرا . سنوورەکان داخران ئازادی هات و چۆی تەنانەت نێوان شارو وڵات نەما . هاتوو

چۆی هەر تاکێکی کۆمەڵگەو دانیشتوان دەبوایە بەرەزامەندی پۆلیسی ناوچەکەوە بوایە.

پاڤێل میلیوکۆڤ- وەزیری دەرەوەی حوکومەتی کاتی ڕوسیا دوای حوکمی قەیسەر قسەیەکی جوانی هەیە لەسەر هەڤاڵی بارگرانەکان دەڵێ :

" بە ووشە کاردەکەن، تەنها بە ووشە و هیچی تر نا "

سیاسەتێکی شکست خواردووی ئابووری لە حوکمی کۆمۆنیزم بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و بێ ئەزموونی کادیرانی هەڤاڵی بارگرانەکان، وە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی مرۆڤایەتی تاقی کردنەوەیەک بەسەر کۆمەڵگایەک بهێنرێ کەتا ئەو کاتە تەنها لە گۆشەی تیۆرییەو باس و خواستی لەسەر دەکرا کە ڕوویەکی مرۆیی تێداهەیە بەیەکسانی کردنی چینەکانی کۆمەڵگا، بەڵام کاتێ هێنایانە سەر ڕووی واقیع نەک سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو بە کارێکی نامرۆیی و بێویژدانی و نەهامەتی پێناسە کرا، چونکە سیاسەتی کۆموونە کارەساتێکی مرۆیی خوڵقاند. گوزەرانی خەڵکیان تێکدا، دەستکرا بە ڕاگواستن و دورخستنەوەی خەڵک. خەڵک هیچ هیوای بەژیان نەما و بێ ئیرادەی ڕووی لە مرۆڤەکان کرد. دەست بەسەرداگرتنی موڵکی هاوڵاتیان بووە هۆی نەمانی متمانەو ڕەتکردنەوەی سیستەمی کۆمۆنیزم و ئاژاوەی ناوخۆیی و شەڕی ناوخۆیی بەدوای خۆی داهێنا کە بووە کوژران وماڵوێرانی زیاد لە ١٠ ملیۆن کەس . ئەوانە هۆکاری سەقەتی بەڕێوەبردن و بەکاولکردنی وڵات بوو. بۆ نموونە :

کاتێ بە زەبری هێزو ستەم خاوەن موڵک دەستبەرداری موڵک و ماڵ و حاڵی بێ ئیدی هیچ هیوایەکی بەو وڵاتە و سیستەمە نامینێ کاری بۆ بکا و وەفای بۆی هەبێ. کاتێ حوکومەت لە شووقەکەی دەری دەکا چەند سەر خێزانێکی تێدا دەپەستێ و خاوەن موڵکەکەش ڕەوانەی شوێنێکی تری دەکاو لەگەڵ چەند سەر خێزانێکی تر بە هاوبەش

لەیەک شووقەی تر بژی ئیدی چۆن دڵی بەو شوێنە نوێیە خۆش دەبێ کە موڵکی ئەو نەبێ و موڵکە ڕەسەنەکەی لێزەوتکرابێ، چونکە تازە لەدەستی چووەو ڕاگوێزراوەتەوە شوێنێکی تر بێ ئیرادەی ئەو و دەبێ لەگەڵ کەسانی تر بژی، هەربۆیە کەس گوێی بە جوانی و پاک و خاوێنی و ئاگادار بوونی شووقەکەی نەدەدا . بەتایبەتی هەندێک شووقە ئەگەر ژوورێکی چۆل بوایە ئەوا دڵنیابە دەیانکرد بە تەوالێت لەحاڵەتێک ئەگەر تەوالێتە ئەسڵیەکە کاری نەرکردبایە. لەبەر ئەوەی نەوت و گاز نەبووەو زستانی ڕوسیا زۆر سارد بوو، تەنانەت دەرگاو تەختی نووستن و سندوقی ئەو ژوورانەیان دەردەهێناو دەیان سووتان بۆ چێشت لێنان و بۆ خۆ گەرمکردنەوەو چەندەها ژووری شووقەکان دەرگای پێوە نەدەماو پەردەیەکیان پێوە هەڵدەواسی بۆ ئەوەی لەگەڵ دراوسێی ژوورەکەی تر بەربەست و سنوورێک هەبێ. بۆری ئاو بشکێ نەشکێ ئاوی لەبەر بڕوا نەڕوا خۆی لێ بەرپرسیار نەدەکرد. دەرگای چێشتخانەو تەختی نووستنی خۆیان دەسووتاند لە سەرمان بۆ ئەوەی گەرم ببنەوە لەو شووقەیە ئینجا بێتە بەرچاوت چ دووکەڵێک بەردەبوو لەو شووققەیە. تەوالێت بگیرێ و بپەنگێتەوە کێشە نیەو گوو بەناو حەمام و تەوالێتەوە مەلەی دەکرد. من چەند جارێک بەڵکو بە سەدان جار بەناو جۆگەی گوواو کەوتووم و بەردو تەنەکە دانرابوو لە شووقەکان بۆ ئەوەی بەسەری دابڕۆیت تاوەکوو دەگەیت بە شوێنی ئامانج و بۆ ئەوەی پیسایی تێدا بکەیت.

لە بیردۆزەی کۆمۆنیزم و هەموو ئاوات و ئامانجیان ئەوەبووەو هەیە کە پارە ڕۆلی نەمینێ و بگەڕێنەوە قۆناغی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان لە ئاڵووگۆڕی شتوومەک و پارە و موڵکداری بەهای نەمینێ، هەربۆیەوە وەک قۆناغی یەکەم بەڵشەڤیکیەکان وتیان

دەرمان لە دەرمان خانەکان بەلاش دەبێ، بەڵام یەک دەرمان نەبوو لەدەرمانخانەکان. تراموای(شەمەندەفەری ناوشار لەشێوەی پاس و گواستنەوەی خەڵک بەنەفەرات) بەبەلاش بوو بێ پارە دەتوانیت سوار بیت بۆ هەر شوێنێک، بەڵام کاری نەدەکرد .

شووقەکان بەبەلاش بوو بەڵام نەگازو نەوتی هەبوو بتوانیت چێشتێکی لێ بنێیت و هێندێکیان ئاوی بۆ نەدەچوو، چونکە کارەباو مزەخەکەی کاری نەدەکرد. گەرماوی گشتی( حمام عامة) بۆ خۆششتن بەبەلاش بوو، بەڵام ئاو بەدەست نەدەکەوت بچیت سەری خۆت تێدا بشۆیت. جل و بەرگ بە بەلاش بوو، بەڵام دەبوایە بە ڕادانی بدەیت ( داواکاری بنووسیت و خۆت ناونووس بکەیت) بۆ قیاسی لەش و درێژی ئەو جلو بەرگە بە پێوەری تۆ بێ، بەڵام نەبوو یان ئەگەر بەخت یاوەرت بوایە ئەوا مەرج نیە ئەوەی داوات کردبوو بۆت درووست بکرایە، بەڵکو ئەگەر قیاسی بچووک یان گەورە یان ڕەنگ و ستایلی ناشیرینیش بوایە هەر قبووڵت دەکرد چونکە بەکەسێکی ناسیاوی خۆت دەدا و چونکە گەڕانەوەی مانای ئەوەی نیە یەکێکی ترت بۆ دروستبکەن، بەڵکو هەر ئەوەی بۆت هات هەر ئەوە دروستکراوەو دابەش دەکرێ.

پاش کودەتای کۆمۆنیستی بەڵشەڤیکیەکان پارەو دراو هیچ بەهایەکی نەما لەبازاڕ و نرخی هاتە خوارەوە وەک پەڕە کاغەزی لێهات. هەربۆیە لەبڕی کارکردن بۆ حوکومەت، دەوڵەت هەڵسا کەل و پەل و لەتێ نانی دەبەخشی بەخەڵک. هەر بۆیە خەڵک زەوقی کار و هەوەسی کارکردنی نەما . وە ئەگەر هەر کەسێ ناڕەزایی دەربڕی بوایە ئەوا دڵنیابە بە سزای خۆی دەگەیشت وەک دوژمنی گەڵ لەقەڵەمیان دەدا،

چونکە لەهەموو گۆشەیەکی کارگەو شوێنێک سیخوڕو ئاسایش و کادیرێکی حیزبیان دانابوو بۆ ڕاپۆرت نووسین.

لێنین وتی لەدوای شۆڕش خەڵک خۆی دەبێتە خاوەن موڵک و حوکم دەکا کەچی وادەرنەچوو. کەس هەستی ئینتیمای بۆ وڵات و دەوڵەت و کارکردن نەما، چونکە لەهەموو سەروەرییەک تاک بێبەشکرا
چاودێری کردن (سانسۆر) لەسەر نووسین و ڕۆژنامەنووسەکان و کاری میدیایی سەرتاپای وڵاتی گرتبۆوە.
بەرهەمێکی من هەیە دەربارەی ئەم باسەو کەشتی پرۆفیسۆرەکان  و مامەڵە و عەقلیەتی سەرانی بەڵشەڤیک وەک  پی دی ئێف و لە پەیجی پەرتوک-کتێب دامناوە بەناونیشانی

**" دیکتاتۆریەت لەدەروونی مرۆڤەکان دایە "** .[87]

لەزەمانی بەعسیەکانی عێراق ئەگەر بێتەوە بیرتان، کاتێ نووسەرێک پەرتووکێکی بنووسیبوایە، سەرەتا دەبوایە ڕادەستی دەزگای چاودێری و پێداچوونەوەی بکردایە. دەزگایەک هەبوو بەناوی الرقابة و الطباعة وە زۆر بێشەرمانە مۆرێکیان لەسەر پەڕەی یەکەمی بەرگەکەو دوا پەڕەی بەرگەکە دەداو لێی نووسرابوو کە ڕەزامەندی دەزگای چاودێری لەسەرکراوە بۆ چاپ کردن ئینجا بڵاودەکرایەوە.

87 /https://www.facebook.com/groups/108097512664305/permalink/2323240867816614

بەڵام ئەو دەزگایە لە سۆڤیەت کە دانرا کورتەی ناوەکە دەبێتە "گلاڤلیت " هەربەوە بەناوبانگ بوو، بەکوردیەکەی دەبێتە "بەڕێوەبەری گشتی بۆ وێژەو بڵاوکردنەوە" .
ئینجا ئەو گلاڤلیتە هەر لەسەردەمی بەڵشەڤیکیەکانەوە هەر لە سەردەمی ستالین بەتایبەتی و بەردەوام تا هاتنی گۆرباتشۆڤ بەمانای وشە کارەسات بوو.
لینکی ئەو چاوپێکەوتنە لەخوارەوە دادەنێم کە خاتوونێک بوو لە پەنجاکان کاری کردووەو باسی سالانی سییەکان و پەنجاکان بەدواوە دەکا کە لەبەشی( پاراستنی تایبەت) کاری کردووە. واتە ئەوبەشە تایبەت بووە بە کۆکردنەوەی چاپ و چاپەمەنیەکانی ناوەخۆ و دەرەوەی ولات بە زمانی بێگانە لەسەر سۆڤیەت هەر شتێک نووسرابێ کۆکراوەتەوەو کۆدی بۆ دانراوەو بەگوێرەی ناوەرۆکی بابەتەکە چەند خەتەر بووە بۆ سەر ئاسایشی ولات خەزنکراوە. باس دەکا هێندە کتێب و چاپەمەنی دەستی بەسەر داگیراوە یان ڕێگای پێ نەدراوە کەچاپ بکرێت، بەڵام دەست نووسەکەیان نە گەڕاندووەتەوە بۆ نووسەرەکە خۆی، بەڵکو لەم شوێنە پارێزراوە، بەڵام پاش گۆرباتشۆڤ هەموو ئەو نووسراوە دەست خەتیانە ڕادەستی خاوەنی نووسەرەکان یان بنەماڵەکانیان کراونەتەوە.

پاش بیرۆسترۆیکا من لەیەکێ لە ڕۆژنامە ئازادەکان چیرۆکی ئەو نووسەرانەی باسمکردبوو کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرابوو لەو ڕۆژنامەیەو بڵاویان کردبۆوە. کاتێ بەڵشەڤیکیەکان هاتنە سەر حوکم چەند نموونەیەکیان هێنایەوە کە چۆن مامەڵەیان کردووە لەگەڵ بەرهەمی فکری نووسەران. بۆ نموونە :

یەکێ لە نووسەرەکان پەڕتووکێکی نووسیوە لەسەر سیاسەتی ئابووری ئەڵمانیای سەردەم و یەکێکی تر لەسەر فکری فەلسەفەی هێگل، بێگومان دەبێ چەند ساڵێک

بوەستیت تاوەکوو ڕەزامەندی وەردەگریت لەسەر چاپکردنی بەرهەمەکەت، بەڵکو تاو ئەوکاتەی ڕەزامەندیەکە قبوول دەکرێ ئەوا زۆر شت لەزانیاریەکان دەگۆڕێن و پێویستیت بە پێداچوونەوەو گۆڕینی هەندێ برگەی کتێبەکەت دەبوو، بەڵام ئەو مافەت چوو، پاشان ئەگەر ئەگەر دیسان ئەگەر ڕەزامەندییان بکردایە لەسەر چاپکردنی مەرج نیە ئەو ناونیشانەی کە تۆ هەڵتبژاردووە بۆ پەڕتوکەکەت هەمان ئەو ناونیشانە بێ، بەڵکو ئەگەری زۆری هەبوو ئەوان ناوێکی تر بۆ ناوی کتێبەکەت دابنێن. پاشان وەک باس دەکرێ یەکێ لەو نووسەرانە کاتێ کتێبەکەیان بۆ چاپ کردووەو دانەیەکیان پێداوەو وتوویانە فەرموو کتێبەکەت دەرچوو بۆ چاپ. کاتێ نووسەر سەیری ناونیشان و ناوەرۆک و فەهرەست و بچووکی قەبارەی پەڕتووکەکە واتە زۆر پەڕی لابراوە و بابەتەکەی کورت کراوەتەوە و هیچ لەگەڵ نووسین و داڕشتن و فکری ئەو نەبووەو جیاواز نووسراوە، هەروەک بڵێیت کەسێکی تر ئەو کتێبەی نووسیبێ. نووسەر بەدەزگای ئاسایشی وتوە وابزانم ئێوە هەڵەتان کردووە ئەمە کتێبی من نیە دەبێ هەڵەبێ چونکە من شتی ئاوام نەنووسیوەو هیچ لەگەڵ ناوەرۆک و ناونیشانەکەی من یەکناگرێتەوە. واتە بە شێوەیەک دەستکاریان بۆ کردبوو بە شێوەیەک بۆیان زیاد کردبوو یان لێیکەم کرابوو و بەناوی نووسەرەکەوە، بێگومان لەڕوانگەی بەڵشەڤیکیەوە شتیان بۆ نووسی بوو کەلە ئاستی ئەکادێمی خودی نووسەرەکە نەبووە ، لەگەڵ ئەوەش نووسەرەکە لە خۆشیان هەڵپەڕیوە پاش چاوەڕوانکردنێکی زۆر دیسان ڕەزامەندیان بۆ داوە کە چاپ بکرێ دیسان هەر خراپ نیەو ئیدی دەستبەرداری بوارە زانستیەکەی بووە. واتە زانست و خوێندن بەرەو هەڵدێر چوو هێدی هێدی .

وێنەی دووهەم پەیڕەو پڕۆگرامی دەزگای گلاڤلیتە کە چ جۆرە پەڕتووک و چاپەمەنیەک ڕێگا پێدراوەو چۆن دەبێ مامەڵە بکرێ لەگەڵ چاپکردن و میدیاو ئادیۆلۆژیای کۆمۆنیزم دەبێ لەسەر هەموو چاپەمەنیەک ڕەنگی دابێتەوە. وێنەی سێهەم بەڕێوەبەری تشیکیست یۆژەڤ لەتەک ستالینە، پاش ئەوەی کوشتی لەبڵاوکراوەکان وێنەکەی لابراوە، هەروەک دەیبینن. وێنەی پێنجەم ئەو خاتوونەیە کەلە دەزگای پاراستنی تایبەتی (سپێتچ خران) کاری کردبوو پاش گۆرباتشۆڤ بیرەوەرییەکانی خۆی لەو دەزگایە باس دەکا .وە هەندێک وێنەی ئەو پەڕتووکانەی کە لە دەرەوەی وڵات بە ڕوسی نووسراوە لەلایەن ژەنەڕاڵەکانی قەیسەری کاتێ ڕایانکرد بۆ دەرەوەی وڵات و باسی ژیانی خۆیان و ڕووداوەکانی بەڵشەڤیکیان گێڕاوەتەوە کۆپیەکیان کڕیوە لەدەرەوەی وڵات و هێناویانەتە بەشی لێکۆلینەوە لەدەزگای ئاسایشی "تشیکیست" و پاشان بوو بە " کەیجی بی" پاشان ڕەوانەی ئەرشیڤی پاراستنی تایبەتی دەکەن و کۆد و ژمارەی بۆ دادەنێن و کەس بێ ڕەزامەندی سەرووی خۆی مافی نیە چاو بەو بڵاوکراوانە دابخشێنێ.[88]

---

[88] https://gpib.livejournal.com/42771.html

# نۆمێنکلاتووره یان ئێلیت

چەگەڵۆڤ گیۆرگی، دکتۆرای لە ئابووریناسی هەیە و نووسەرەێکی ئۆسێتینی قەڤقازییە. چەگەڵۆڤ دەڵێ پاش هاتنی بەڵشەڤیەکان بۆ سەر حوکم ئیدی تەواو قەناعەتێکیان لا درووست ببوو کە پێویستە میللەت لە خزمەتی ئەوان بێ نەک بەپێچەوانەوە .

**" نەک ئێمە بۆ شۆڕشین، بەڵکو شۆڕش بۆ ئێمە ".**[89]

کێ بوون ئەوانەی پێیان دەوترا : نۆمێنکلاتووره یان ئێلیت یان هەروەک ترۆتسکی لەبری چین ناوی لێنان طائیفة ؟

( توێژێک یان بڵێین چینێکی نوێ) لە ناو کۆمەڵگای سۆڤیەتی دروستبوو کە پێی دەوترا " ئێلیتی سیاسی" لە کادیرانی حیزبی بەڵشەڤیک .

تۆنی کلیف سۆشیالیستی جولەکەی ئیسرائێل پاشان کۆچی کرد بۆ ئینگلتەراو لەساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کردووە و سەر بە ترۆتسکیزم بوو ناوی لەو سیستەمەی سۆڤیەت نا " دەوڵەتی کرێکاری داڕزاو" کە پڕە لەگەندەڵی و ئێلیتێکی دوور لەبەهای چینی کرێکاران.

کادیرانی- ئێلیت یان نۆمێنکلاتوورەکان سوودمەند لەسیستەمی کۆمۆنیزم جیاواز بوون لەخەڵکانی ئاسایی و نا حیزبی. بۆ ئەو ئێلیتە گرینگ بوو سەرمایان نەبێ، برسیان نەبێ، بێ شوێن و ڕێ نەبن و نارەحەت نەبن بۆ ئەوەی چاکتر کاربکەن. هەربۆیە

---

89

/http://www.lgz.ru/article/-42-6618-25-10-2017/velichie-i-drama-lva-trotskogo

کادیرە حیزبیەکان ئیدی حەساسەتیان پەیداکردبوو کاتێ یەکێ نووزە نووز و گلەیی بکردایە لە گوزەرانی ژیانی یان باسی برسیەتی و بێ شوێن ماڵ وحاڵی خۆی بۆ بکردایە و گوێبیستی نەدەبوون. ئەوان واتە کادیرە حیزبیەکان دووشەشیان بۆ هاتبوو ئیدی پێویست نەبوو چیتر باسی زوڵم و چەوسانەوەی چینی ڕەش و ڕووت بکا بۆ چینی ڕەش و ڕووت. ئەو بابەتانە هێدی هێدی لە وتارو کۆبوونەوەکان کەمتر باسیان لێوە دەکرا و خۆیان لەقەرەی کێشەی گوزەرانی خەڵک نەدەداو پشت گوێیان خستبوو .

تا ئاستی بەرپرسی حیزبی و پۆستی بەرزترت هەبووایە لەناو حیزب، ئەوا تۆ زیاتر دوو شەشت بۆ دەهات بۆ تێر بوونی سک و ماڵ و منداڵەکەت. تۆ زیاتر شانسی شووقەیەکی باشترت هەبوو پێت بدرێ بۆ ئەوەی خۆت و خێزانت بەتەنیا تێیدا بژین لە شوێنێکی باشی ناو شار. بوون بە حیزبی و ڕەفیق حیزبی، ئەندامی لق واتە ژیانت کەوتە ڕۆنەوە .

بۆ کادیرە بەرپرسە باڵاکان لە ناو شارەگەورەکان و دوکانی (محل) تایبەت هەبوو بۆ شت کڕین و پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەیان هەموو جۆرە خواردنێکی تێدا بەدی دەکرا . بوون بە حیزبی و بەرپرس واتە شوێنی تایبەتت بۆ تەرخانکراوە بۆ چارەسەری و خەستەخانەی تایبەت و گەشتی ساڵانە بۆ شوێنی پشوودانی تایبەت. .. . بە کورتیەکەی بیتاقەی یانسیبت بۆ دەرچووە .

ئەو بەشەی دەدر( حصحصة)یە بە کادیرانی کرێملێن درابوو تەنها لە سەردەمی گۆرباتشۆف هەڵوەشێندراوەتەوە و وتی نادادپەروەرییە و نایەکسانیە ئەوەی ئێلیتی کادیرانی شیویعی دەیکەن .

نەک تەنها بۆ کۆمۆنیستی سۆڤیەت، بەڵکو کادیرە باڵاکانی حیزبە شیویعیە ئومەمیەکانی جیهانیش بێبەری نەبوون لەو نیعمەتە. هەروەک لە بابەتی

"دیکتاتۆرییەت لە دەروونی مرۆڤەکان دا" باسم لێوە کردووە تەنانەت عزیز محمد و کەریم ئەحمەد کاتێ دەهاتن بۆ سۆڤیەت لە هوتێلی تایبەت بە لێژنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی سۆڤیەت دەمانەوەو هەر لەو هوتێلە چاکترین خواردنیان دەخوارد  بە پارەیەکی ڕەمزی تەنها بۆ گاڵتە کردن بە چەند قرانێک حەقی یەک بتڵە ڤۆدکا و گەرای ماسی و مریشکی سورکراوە بوو. ئەو باس و هەواڵانەم پێ دەگەیشت لەڕێگای کوڕ و خزمە بەرپرسەکان کە ئەوانیش ـ منحة ـ مۆڵەتی  خوێندنیان هەبوو لە دانیشگا باشەکان و کوڕەکانیان دەنارد بۆ سۆڤیەت بخوێنن و کادیری ڕەش و ڕووت کەوتە بەردەستی یەکیەتی لە پشت ئاشان کوژران .

ئەو کرداره ئاکام و دیاردەیەکی ناشیرینی بەرهەم هێنا لە ناو کۆمەڵگای سۆڤیەت، ئەویش کەسانێک یان چینێکی بەرهەم هێنا لە نیفاق و دووڕووی و ماستاوچیەتی و موجامەلەکردن و بێویژدانی و بێشەڕەفی بەدڕەفتاری و مشەخۆری بەرپرسەکان و هەرکەسەو بۆ خۆی و لەپێناو مانەوەو بەرزبوونەوەی پلەی حیزبی ئەوان ئامادە بوون ڕاپۆرت بنووسن لەسەر نزیکترین کەسی خۆشەویستی خۆیان تەنها لەپێناو پارچە نانێک بۆ پڕکردنی سکی برسیەتی و پۆستێکی باشتری پێوەربگرێ
کادیره حیزبیەکان هێشتا ڕازی نەبوون بە نەخۆشخانەی تایبەتی کە تایبەت دروست کرابوو بۆ کادیره بەرپرسە باڵاکانی ناو کرێملێن لە چاکترین دکتۆرو پرۆفیسۆری نەشتەرگەری، بەڵکو فێر ببوون بچن بۆ ئەڵمانیا و ئیتالیا بەپارەی دۆلار لە خەزێنەی دەوڵەت بۆیان تەرخان دەکرا.
پارڤووس باسی کەسێ دەکا بەناوی  "ئەلێکسینسکی" یەوەو بە نوێنەری سۆشیال دیموکڕات دانراوەو کە خۆی بە کەسێکی بەگزادەو تێرو تەسەڵ لەقەڵەم دەداو

خەباتەکەی کردبووە منەت بەسەر پرۆلێتاریادا کە بۆ ئەوان خەبات دەکا ئەگینا هیچ بەرژەوەندیەکی شەخسی لەو پەیامەی نیە. بەلام پارڤووس دەڵێ ڕاست ناکا ئەگەر خۆی حاڵی باش بێ و چ پێویست دەکا خۆت سەرقاڵ بکەیت بە غەمی چینی ڕەش و ڕووت ئەگەر شتێکی بۆت تێدانەبێ لەپۆست و پایە و پوول. پارڤووس دەڵێ لەبنەماڵەی بەگزادە نیە بەڵکو کار و پیشەی پێشووی پینەدۆزی بوو.[90]

لینکی سەرچاوەکان زۆرن لە ئینتێرنێت هەم بە ڕوسی و هەم بە ئینگلیزی و لەوانەشە بەعەرەبیش هەندێک هەبێ. تەنها چەند دانەیەکیان دادەنێم ئەگینا زۆرن و پێداچوونەوەو بیرەوەری خۆم زۆرن لەسەر چۆنیەتی مامەڵەی ئێلیتی گەندەڵکاران .[91]

## ژیانی شاهانەی سەرانی بەڵشەفیک لەناو کۆشکەکانی قەیسەر

پاش ئینقلابی بەڵشەڤیکیەکان بەسەر حوکومەتی کاتی لە شاری پێترۆگراد سەرکردایەتی بەڵشەڤیک گواستیانەوە بۆ ناو کۆشکی قەیسەر لەبەشێکی ئێرمیتاژ . لێنین و ترۆتسکی و ستالین و کامینییێڤ و زینۆڤییێڤ و کالێنین و زۆری تر لە سەرانی بەڵشەڤیک بە خێزانەوە چوون بۆ ناو کۆشکی قەیسەرو تێیدا ژیان. تەنانەت ئەو خزمەتکارو چێشت لێنەرو کار بەدەستەکانی قەیسەر ئەوانەی هێشتا لەناو کۆشکەکان کاریان دەکرد و مابوونەوە دیسان جارێکی تر خرانەوە کار، بەڵام ئەمجارە بۆ خزمەتی سەران و ڕابەرانی هەڤاڵی بارگرانەکانی کۆمۆنیزم.

---

[90] پارڤووس:-" لە تێکۆشێنەوە بۆ ڕاستی" .لاپەڕە- ١٣-١٤

[91]

https://www.newyorker.com/magazine/2017/10/16/russias-house-of-shadows

https://en.wikipedia.org/wiki/Nomenklatura

بەگوێرەی گێڕانەوەی سەربوردەی هەندێک لە شایەت حاڵەکانی ناو کۆشک، باس لە کادیرانی کۆمۆنیست دەکەن کە چۆن لەناو ئەو کۆشکانە ژیانیان بەسەر بردووە. تا نیوەی شەو سیگار کێشان و عارەقیان خواردۆتەوەو گۆرانیان وتووە و زۆر لەو ڤاز و گڵاسە گران بەهایانەی قەیسەریان شکاندووە کاتێ سەرخۆش بوونە. تەنانەت چەند جارێک لێنین سکاڵاو ناڕەحەتی خۆی نیشانداوە بەرامبەر بە هەڤاڵە بارگرانەکانی کە دەبێ ئارامی و هێمنی بنوێنن لەکاتی شەو، چونکە لێنین حەز لە ئارامی دەکا، هەروەک هەمیشە هاوسەری لێنین بەناوی کرووپسکەیا لە چاوپێکەوتنەکان دەیوت :

" لێنین حەز لە ئارامی و هێمنی و بێدەنگی دەکا". هەربۆیە داوای لە ترۆتسکی و کادیرەکانی تری کردبوو کە بگوازنەوە بۆ کۆرپووسێکی تر( بەشێکی تر) لە کۆشکەکانی ناو ئێرمیتاژ بە مەبەستی ئەوەی شەوانە دەنگیان نەگاتە لێنین. شەوانە هەر هەموویان لەسەر هەمان تەخت و فەرش و ژووری قەیسەرییەکان خەوتوون، وە بەیانیان هەمان خواردنی قەیسەریان خواردووەو بەهەمان شێوە و سێرڤس و خزمەت کراون هەروەک قەیسەرییەکان. تا ئەوکاتەی بڕیاریان دا پایتەخت بگوازنەوە بۆ مۆسکۆ لەبەر ئارامی و ئاسایش وەک لەوەی لە پێترۆگراد بمێننەوە. لەبەر ئەوەی پێترۆگراد شارێکی سەر دەریایەو ئەگەری هەیە لە دوارۆژ هێرشی بکرێتە سەر لەلایەن بێگانەوە وەک ئینگلیز و ئەڵمان و فەڕەنسا و سووپای سپی قەیسەڕی هەربۆیە گواستنەوەی پایتەخت بە پێویستیان زانی بەرەو مۆسکۆ.

کاتێ لێنین و کرووپسکایە(هاوسەرەکەی لێنین) هاتن بۆ مۆسکۆ پاش سەرکەوتنی کودەتاکەی و گواستنەوەی پایتەخت لە پێترۆگرادەوە بۆ مۆسکۆ، دوو هەفتەی یەکەم لە

هوتێلێکی مۆسکۆ مانەوە بەناوی " ناسیۆنال "ی پێنج ئەستێرە( کە لە سەردەمی قەیسەرەکانەوە دروستکرابوو)، پاشان گواستیانەوە بۆ کرێملن، کە پێش هاتنی بەڵشەڤیکە کۆمۆنیتسەکان بنەماڵەی قەیسەر لە بەگزادەو ئەمیرەکان تێیدا دەژیان. کادیرانی هەڤاڵە بارگرانەکانی بەڵشەڤیک بەهەمان شێوە لەسەر هەمان تەخت و شوێنی حەوانەوەی بنەماڵەی قەیسەری خزمەت کران لەلایەن هەمان خزمەتکار و چێشت لێنەرانی قەیسەری بوون بە خزمەتکاری سەرکردەی نوێ دەوڵەت.

پاشان لێنین لەوێش دیسان ئۆقرەی نەماو داوایکرد شوێنێکی باشتری بۆ بدۆزنەوە لەناو کرێملین ئیدی گواستیەوە بۆ شوێنێکی خۆشترو فراوانترو بەرزتر لە نهۆمی سێهەم نزیکتر بوو لە باڵەخانەی دادگاو سالۆنی کۆبوونەوەکان و هەر لەو بەشە مەکتەبی سەرکردایەتیشی لێبوو، تا بۆی بلوێت سەرپەرشتی دائیرەکان بکا لە نزیکەوە .

لە یوتوب بگەڕێ لە Hermitage و kremlin ئینجا جوانی دیزانی ناو ئەو کۆشکانەت بۆ دەردەکەوێ کە ڕابەرە بارگرانەکان لە کوێ ژیاون بەناوی چینی کرێکاران .

# چارەنووسی کۆشکی تاڤریچێسکی

کۆشکی تاڤریچێسکی ساڵی ١٧٨٣ دەستکرا بە دروستکردنی لەشاری پێترۆگرادی ڕوسیا. لە ماوەی ٦ ساڵ تەواو بوو. واتە لەساڵی ١٧٨٩ تەواو بوو .
ئیڤان ستارۆڤ ئەندازیاری ئەو کۆشکەبوو. خاوەنی ئەو کۆشکە "گریگۆری پەتێمکین " بوو، کە ئەمیرێکی سەر بە بنەماڵەی ئیمپەڕاتۆری بوو .
پەتێمکین لە ساڵی ١٧٩١مرد واتە تەنها بۆ ماوەی دوو سێ ساڵ خۆشی لەو کۆشکە وەرگرت. پاش مردنی ئێکەتەرینەی دووهەم شاژنی قەیسەر ئەو کۆشکەی کڕییەوە بۆ پشووی هاوینی خۆی.

لە ڕووداوی ڕاپەڕینی فێڤراڵ( ڕاپەڕینی مانگی دووی ساڵی ١٩١٧) کەوتە بەر دەستی کۆمیتەی (پێترۆگراد سەڤێت) و حوکومەتی ناوچەی پێترۆگراد. پاشان پاڵیان بە حوکومەتی محەللی پێترۆگراد دا بۆ ئەوەی بڕۆن لەو شوێنەو بۆ شوێنێکی تر بگوازنەوە. ئیدی کۆشکی تاڤرچێسکی بوو بە بارەگای حیزبی ئێسێرو مەشەفیک و لیبێڕالەکان .
کاتژمێر ٤ ی ئێوارەی مانگی دووی ساڵی ١٩١٧ سەربازەکانی کرانشتاد( هێزی دەریایی) بەرەو بارەگای ئێسێر (حیزبێکی چەپی ڕوسی بوو) و پێتترۆگرادی سەڤێت( مێنشەڤیکی و لیبێڕالەکان) چوون کە ئەو کۆشکەیان کردبووە بە بارەگای خۆیان.
لەمانگی ئایاری ١٩١٨ بەڵشەڤیکیەکان داگیریان کردو کردیان بە شوێنی گۆنگرەی حیزبی خۆیان. حەوتەمین کۆنگرەی بەڵشەڤیکی لەوێ بەسترا . کە بڕیاریان داو ناوی حیزبەکەیان بگۆڕن بۆ پارتی کۆمۆنیستی ڕوسیا.

له ساڵی وه ١٩٢٠ ئەو شوێنە کرا بە قوتابخانەی باڵای حیزبی(واتە کادیری حیزبی لێ پەروەردە دەکرا). لەساڵی ١٩٩٠ ئەو کۆشکە کراوە بە شوێنی پەرلەمانتارە نێونەتەوەییەکانی ڕوسیا . لە نوێنەرانی نەتەوەی ژێر کۆنترۆڵی ڕوسیاو ئەوان تێیدا کۆدەبنەوە.

کاتێ پەلاماری ئەو کۆشکەیاندا بەچەند ڕۆژێک خاوەن ماڵ کە لە بنەماڵەی خانزادەی شاهانە بوون ئاگادار کرانەوە کە پلان هەیە بۆ پەلامار و هێرش کردنە سەر ئەو کۆشکە .

ئیدی بە چەند ڕۆژێک پێش ئەمە ماڵ و حاڵیان چۆلکرد بەرەو خانووی پشووی دەرەوەی شار. کاتێ زانیان بە دوای خاوەن ماڵ دەگەڕێن ئیدی وڵاتیان بە جێ هێشت بەرەو فەڕەنسا وەک پەناهەندە.

هەرچەندە خاوەن ماڵ نەیتوانی ئەو هەموو خشڵ و زێڕی بە بەهای ناو ماڵەکە لەگەڵ خۆی ببا، هەر بۆیە گەنجینەیەکی زۆر دەوڵەمەند لەناو کۆشکەکە کەوتە بەردەستی شەلاتییەکانی چینی ڕەش و ڕووت و تالانکرا . هیچ ژوورێک نەبوو کە پڕ نەبێ لە تابلۆی بەهای وێنەکێشان کە بە هیچ شێوەیەک ئەژماری بەهاکەی ناکرێ. هیچ ژوورێک نەبوو پڕ نەبێ لەگوڵدان و سوراحی چینی و ئاوێنە و پەیکەری زێڕینی ئەنتیکی. .. هتد. زۆربەی زۆریشی شکێنران، زۆربەی زۆری تالان کرا . سالۆنی سینەما و شانۆ و کۆنگرەی تێدابوو کە شەوانە ئەمیرەکان بۆخۆیان کەیف و سەفایان دەکرد تێیدا و خەڵکی ڕەش و ڕووتیش مردبوون لە برسان.

هەڤاڵە بارگرانە ڕەش و ڕووتەکان ئاوا مامەڵەیان لەگەڵ بەها و گەنجینەی بەهرەی مرۆیی کردووە لەگەڵ تابلۆ و دەست ڕەنگینی کەل و پەلەکان؟

ئایا هۆکاری تۆڵەسەندنەوە لە بەهای بەرهەمی مرۆڤایەتی چ وەڵامدانەوەیەکە بەرامبەر بە ڕق و کینەی خۆت؟

لەبەر ئەوەی چینی ڕەش و ڕووت هیچ باگراوندێکی هوونەری و جوانکاری و داهێنانی مەعریفی نیە، ئیدی هەر شتێک کە بە خۆی نامۆ بێ ئیدی بە سووکایەتی دەبینێ بەرامبەر بەخۆی.

لێنین دەڵێ :

چینی پڕۆلێتاریا کولتووری نیە،هەربۆیە پێویستە سوود لە ووردە بۆرژوا وەربگرین بۆ پەروەردەکردنی چینی ڕەش و ڕووت. ئەوکاتە پێویستیمان بە وردە بۆرژوا نامینێ و شەقێکیان تێهەڵدەدەین، واتە پڕۆلێتاریا لەژێر دەستی وردە بۆرژوا پەروەردەبێ. ئەو پڕۆسێس و ئەو کولتوورە ناوی لێ دەنێیین یان دەکەین بە ناونیشانی کوولتووری پڕۆلێتاریا .؟!

ئەم بابەتە ڕووداوێکم دەهێنێتەوە یاد کاتێ محمەدی ئیسلام کافرەکانی مەککەی دەگرت لە شەڕ وەک دیل بەرامبەر بە ئازادکردنیان دەبێ هەر کافرەو ١٠ داعشی ئیسلام فێرە نووسین و خوێندن بکا بۆ ئەوەی توێژێکی خوێندەوارو ڕۆشنبیری هەبێ ، بۆ ئەوەی نەڵێن جەماعەتی محمەد هەمووی لات و پووت بوون.

سەیری هەندێک وێنەو کارەساتی ئەو کۆشکە ببینە لە خوارەوە دامناوە .

دەوروبەری ئەو کۆشکە هەمووی کرا بە ڕەبایەو سەربازەکان گونیەی پڕ لە خۆلیان دانا وەک ئەوەی بڵێیت شەڕەو لە بەرەی جەنگیت. لە دوای مانگی ٢ی ساڵی ١٩١٧ تاو ١٩١٨ ماوە بەو شێوەیە.

مەبەست لەو کۆشکە چیە؟ ئایا کۆشکەکە بوو بەهۆی نەهامەتی و بەدبەختی ئەو میللەتە لە جەنگی جیهانی یەکەم؟ یان کەس و ئەکتەرەکانی ناو ئەو کۆشکە بوون؟

ئایا بە گۆڕینی ئەکتەرەکانی ناو ئەو کۆشکە مەسەلەکە گۆڕا یان تەنها شوێن گۆڕکێ بوو لەئەکتەرەکانی ناو ئەو کۆشکە؟ عەباس و حوسەین چوون و حەمە و مەمەو مەغدید هاتنە جێیان.

خەڵک وایزانی بەگۆڕینی ئەکتەرەکان ژیانیان خۆشتردەبێ. پڕۆپاگەندەی بەڵشەڤیکیەکان ئەوە بوو گوایە ئەوەی ڕوویداو هەمووی خەتای قەیسەرە ئەو ئەو نەهامەتیەی بۆ هێناوین، بەڵام قەیسەر دەمێک بوو وازی لە دەسەڵات هێنابوو، کەچی ڕووداوەکان بەرەو خراپتر دەچوون. هەروەک مەجلیس حوکمی عێراقی زەمانی بڕەیمەری لێهات بوو. بوو بە کەر بازاڕی و کۆنترۆڵ نەما بەسەر دەوڵەت. بۆ ماوەی چەند ساڵێک هەر ئاوا کەس حسابی بۆ کەس نەدەکرد. هەر لایەنەو بۆ خۆی حوکمی دەکرد و بەیان و بڕیاری دەردەکرد. هەربۆیە زۆرێک لە لیبیراڵ و ئەنارشیست و تەنانەت مێنشەڤیک و ئێسێرەکانیش پەشیمان بوونەوە لەو ناڕەزاییانەی کەدەیان کرد بەرامبەر بە قەیسەر، تەنانەت دوای ئیمپراتۆریش بە هاتنی حوکمی کاتییش ڕازیبوون وەک لە حوکمی بەڵشەڤیکیەکان. چونکە خۆیان نەیانتوانی کۆنترۆڵی بەرەی شەڕ بکەن لە شەڕی یەکەمی جیهان بەرامبەر بە ئەڵمان و لەناو شاریش نەیانتوانی نان و خواردن و ئاو و موچە دابین بکەن بۆ خەڵک، سەرەرای ئەوەی ڕێژەی تاوان بەرەو زیاتر دەچوو .

## چارەنووسی کۆشکی ماتیڵدا کشینیتسکی

کۆشکی حەوانەوەی ماتیڵدا کشینیتسکی( سەماکاری بالێتی بەڕەگەز پۆڵەندی و هاوڵاتی ڕوسی) بوو. ماتێڵدە یەکێ لە چاکترین سەماکارانی بالێتی ئەوکاتەی ڕوسیاو

ئەورووپا بوو. باس لە جوانی ئەو خاتوونە دەکرێ، هەر کاتێ یەکێ بەتەکیەوە ڕۆیشتووە عاشقی جوانی و لەنجەو لاری بووە

تەنانەت خودی ئیمپراتۆر نیکۆلای ئەلێکساندەر عاشقی بوو وەک باس دەکرێ هەستی ڕۆمانسیەتی لەگەڵ هەبووە. تەنانەت دەنگۆی ئەوە هەبووە کە خودی ئیمپراتۆر باوکی ئەو منداڵەی ماتێلدایە. پاشان پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ چەند ئەمیرێکی تری ناو کۆشکی شاهانە کردووە.

بەگوێرەی بەڵگەی بڵاوکراوەی فەرمی، خودی ئیمپراتۆر ئەو خانوەی پێشکەشی ماتێڵدا کردووە لەپای هوونەرو کارو خەباتی کوولتووریەکەی.

لەکاتی ڕاپەڕینی مانگی دوو کە بە ( فێڤرالسکۆیە ڤەستانیێ) بەناوبانگە. کۆشکی کیشنێتسکی ماتێلدا کەوتە دەست شۆڕشگێرەکانی بەڵشەڤیک. ڕۆژێک پێش هێرش و پەلامارەکە بۆسەر ئەو کۆشکە ماتێلدای دانسەر ڕایکرد بەرەو دەرەوی شار بۆ شوێنی حەوانەوەی خۆی. پاشان لە چەند شوێنێک ماوە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو کۆشکەی کە لەدەستی داوە بیگەڕێنێتەوە لە ڕێگای یاساو دادگا، بەڵام بێ سوود بوو، چونکە کەس حسابی بۆ حوکومەتی کاتی و دەسەڵات نەدەکرد. هەر حیزب و گرووپێک خۆیان خاوەن دەسەڵات بوون. ئەو کۆشکە ئاوا تاڵانکرابوو هیچ گوڵدان و سوڕاحی و تابلۆ و قەنەفەو مۆبێلی جوانی تێدا نەما هەر هەموویان وێرانکرد بە چەقۆ و عارەقیان لەسەر خواردبۆوە. زۆربەی کاڵا بەهاکانی ناو ئەوماڵە تاڵان کران لەلایەن شەلاتییەکانەوە . چونکە جەماعەتی لێنین زووتر گرتبوویان و کردبوویان بە مەقەڕی خۆیان. و خودی لێنین لەناویدا دەژیا پاش گەڕانەوەی لە تاراوگە، واتە لەمانگی ئەپریلەوە بوو بە شوێنی حەوانەوەو کاری سیاسی لێنین لەو کۆشکی سەماکاری بالێییەدا.

یەکێ لەهەرە ڕووداوە مێژوویەکانی ئەو کۆشکە کە تۆمارکراوە ئەوەیە لێنین لە بەلکۆنی ئەو کۆشکەوە قسەی بۆ ڕەش و ڕووتەکانی کردووە بچن بۆ خۆپێشاندان و دژی ئێسێر و پێترۆگراد سەڤێت و حوکومەتی کاتی و محەللی قسەی کردووە و هانیدان لەمانگی ئایاری ساڵی١٩١٨، بەڵام هێشتا فەتوای هێرشی سەر نەیارەکانی نەکرد، چونکە باوەڕی بەخۆی نەبوو کە بتوانێ دەسەڵات بەدەست بهێنێ لەڕێگای کودەتاوە .
بەگوێرەی ڕاپۆرتی پۆلیسی ئەوکاتەی حوکومی کاتی. ناو ماڵەکە ئاوا تالانکرابوو، کاتێ هەندێک لە خزمەتکارەکانی ماتێڵدا چوون سەردانی ئەو کۆشکەیان کردبوو بە بینینی وتبوویان نابێ ئێرە کۆشکی ماتێڵدا بێ؟ چونکە هێندە پیس و خراپ کرابوو، پڕ بوو لە بوتڵە عارەقی ڤۆدکاو پەڕو پیسایی خواردن.
ماتێڵدای بەلێرینەی دانسەر بەناچاری ڕوسیای بە جێهێشت بەرەو فەڕەنسا لەساڵی ١٩٢٠ وە هەر لەوێ مێردی بە ئەمیرێکی قەیسەر کردو تاکۆتایی ژیانی هەر لەگەڵی ماوە. لەدوای مردنی خۆی کۆشکێکی ماتێلدا لە قەراغ دەریایەکی فەڕەنسا فرۆشرا کە نرخەکەی بە ٣٢ ملیۆن دۆلار بوو .

## ئەپارتمانتەکەی لێنین لەناو کرێملین – مۆسکۆ

ئەو شوقەیەی ناو کرێملین کە لێنین بۆ ماوەیەکی زۆر کەم تێیدا ژیا بریتی بوو لە ٤ ژوورو چێشتخانەو سالۆنێک بۆ میوانان. واتە ژوورێک بۆ لێنین و ژوورێک بۆ هاوسەرەکەی و ژوورێکی تری بۆ خوشکی لێنین و ژووری چوارەم بۆ خزمەتکارەکەیان.
بەڵام زۆربەی جاران هەر لە چێشتخانەکە نانیان دەخوارد نەک لە سالۆنی نانخواردنی میوانان. هەمیشە حەزی لەخواردنی دوومەڵان و باینجان کردووە.

بۆ سەرکەوتن بۆ نهۆمی سێهەم هاوسەری لێنین زەحمەتی دەکێشاو و تاقەتی نەبوو بۆی بچێت، هەربۆیە لێنین فەرمانی دەرکرد ئەسانسۆر ـ بەرزکەرەوە ـ مصعد ی ـ بۆ دروست بکەن لەو باڵەخانەیە بۆ ئەوەی خێزانەکەی زەحمەت نەکێشێ، تەنانەت خۆی لێنین تاقەتی سەرکەوتنی نەبوو بۆ نهۆمی سێهەم و هاتنە خوارەوەی.

کاتێ لێنین لە پەناهەندەیی بوو لەژیانێکی کوولەمەرگی دەژیا شەو و ڕۆژ نامە و ووتاری دەنووسی و دەیخوێندە نارەحەتی ژیان وای لێکرد هەر بەدوای گواستنەوەی ماڵ بێت و بەردەوام ئەم ماڵ و ئەو ماڵ بکات. تەنانەت چەند وڵاتێکی کرد لەبەر بێ پارەیی و گرانی کرێی خانوو کە پێی نە دەدراو کادیرانی حیزبی پارەکەیان بۆ دەدا و و هەندێک جار پارەی لە پوور و دایکیەوە بۆ دەهات. تەنانەت دەگەڕا بەدوای ئیشێک بیکا بۆ ئەوەی پارەیەکی دەست بکەوێ. هەرچەندە تاوەکوو ئێستا ساغ نەبووەتەوە ئەگەر قاپ شۆری کردبێ لە ڕیستۆرانتێکی ڕوسی لە سویسرا یان نەء؟ چونکە لە هێندێک بەڵگەی ڕوسی دەڵێن بۆ ماوەی ٣ مانگێک قاپ شۆری کردووەو تەواو ئیدی لەژیانیدا کاری نەکردووە، هەندێک مێژوونووسی ڕوسی هەر لەسەر ئەوە جەخت دەکەنەوە نەخێر لە ژیانیدا بۆ یەک کاتژمێر کاری نەکردووە. سەیارەی نەبووە، بەڵکو بە پایسکل هاتووچۆی کردووە ئەو کاتەی پەناهەندە بووە. لەبەرئەوەی لێنین چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە نەبوو ئەگەر ڕۆژێک دابێ نانی بکەوێتە ڕۆنەوە.

لە زۆر یادەوەریی و گێڕانەوەی کەسانی نزیک لێنین باس لە کولەمەرگی ژیانی پەناهەندەی لێنین و کادیرانی حیزبیەکان دەکەن کە بە هەژاری و نیگەرانی ژیاون و بەهیوای ئەوە بوون ڕۆژێک بگەڕێنەوە وڵات و تێر خواردن بخۆن و پۆستێکی باشیان هەبێ لە حوکومەت .

مەکسیم گۆرکی لە ستایشی لێنین دا کە پێشتر ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە ئەو وتارە لەلایەن بەڕێز سالار حمە سەعیدەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی :
گۆرکی دەڵێ( کاتێ لە ئینگلتەڕا بوو) : ئێمە گروپێکی بچووکبووین هەمیشە لە ڕیستۆرانتێکی بچووکی هەرزان نانمان دەخوارد. تێبینیم کرد کە لێنین کەمێکی خوارد، دوو یاسێ هێلکەو پارچەیەک گۆشتی تەنکی سوێرکراو (بەیکن) لەگەڵ پەرداخێک بیرەی خەست و تێر ڕەنگ. ئاشکرایە کە ئەو نیگەرانی خۆی نەبوو، نیگەران و پەرۆشی ئەو بۆ کرێکاران سەرسوڕهێنەر بوو .[92]
بەرپرس و هەڤالانی بارگران بەر لە دەستبەکاربوونی شۆڕش و بەهاتنیان بۆ سەر حوکم چۆن ژیاون و چۆن مامەڵەیان کردووە لەگەڵ پارەو کۆشک و تەلار. کلیک لەم لینکە بکە .[93]
نامەیەکی ئەرشیفی لێنین لەم دواییە بڵاوکراوەتەوە کە بۆ دایکی نووسیوی بووە و تێیدا دەڵێ :
" بێ ئیشی و تەنیایی( دوور لەخەڵک) بۆ من لەهەموو شتێک خۆشترە " .[94]

---

92 http://www.hkkurdistan.org/%D9%84%DB%95-%D8%B3%D8%AA%D8%A7%DB%8C%D8%B4%DB%8C-/%D9%84%DB%8C%D9%86%DB%8C%D9%86-%D8%AF%D8%A7

93 https://www.facebook.com/NeazyAsma/posts/1344171372382028

94 https://www.facebook.com/NeazyAsma/posts/1344171372382028

ئەو نامەیە پاش هاتنی گۆرباتشۆف باس کراوە. ئێستا مێژوونووسەکان توێژینەوەی بۆ دەکەن کە چۆن دەبێ ڕابەرێکی شۆڕش پاش ئەو هەموو تێکدانی وڵات و سیستەمی ئابووری و سیاسی و پەرلەمانی و دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆیی ئاوا بەخەم ساردی نامەیەکی ئاوا بێ بەرپرسیارانە بنووسیت، کاتێ وڵات لە قەیرانی برسیەتی و ئابووری و نائارامی دا بێت، کەچی ئەو دەگەڕێ بەدوای ئارامی و ڕەحەتی خۆی.[95]

بێگومان گلەیی لێ ناکرێ، چونکە هەموو تەمەنی منداڵی و هەرەوەزی کاتێ لەگەڵ بنەماڵەکەی ژیاوە دایک و خوشکەکانی ئاگایان لە لێنین بووەو هەموو شتێکی بۆ هاتووەتە بەردەست بێ ئەوەی یەک ڕۆژ کاری کردبێ، وەک منداڵانی ڕوسیای هەژار. هاوینانیش بەردەوام نێردراوە بۆ شوێنی پشوودان و حەوانەوە لەناو سرووشت و دەرەوەی شار بەسەری بردووە.

من لەڕێگای گەشتی قوتابخانەوە سەردانی کۆشکەکەی لێنین'م کردووە لە دەرەوەی شار. لەم لینکەی خوارەوە خاتوونێکی ئینگلیز پێدەچێ گەشتێکی کردبێت بۆ هەمان ئەو شوێنە زۆر بەجوانی وێنەکانی گرتووە لەناوە کۆشکەکە. کلیکی لەسەر بکە بۆ بینین و هەندێک ڕوونکردنەوە بە ئینگلیزی هەرچەندە هەندێک لە هەواڵەکان ڕاست نین ، بێگومان سەرپەرشتیاری گەشتەکە هەمیشە لەهەوڵی جوانکاری ڕووداوەکانی مێژوون لای گەشتیارانی بێگانە .[96]

---

95

https://slovakia.mid.ru/revolucii-1917/-/asset_publisher/OmdbJKPMMyWN/content/kak-lenin-sel-k-vlasti-istoriceskij-ekskurs-leonida-mleci-1?inheritRedirect=false

96

/https://northernsunlight.net/2016/10/09/a-look-into-lenins-life

## چارەنووسی کۆشکی کۆرکی و داگیرکردنی لەلایەن لێنین'ەوە

لێنین هێشتا ڕازی نەبوو بە ژیانی ناو کریملن، بەڵکو وتی پێویستیم بە ئارامی و پشوودان هەیەو دەبێت دوور لەشار بێت، هەرچەندە زۆر کۆشک و تەلار و خانووی گران بەهایان نیشاندا . کاتی ئەو کۆشکانە کەوتە بەردەستی بەڵشەڤیکیەکان بێگومان خۆماڵیان کردن و خاوەن کۆشکەکانیشیان یان تیرۆرکران یان ڕایان کرد بۆ دەرەوەی وڵات .

بەڵام لێنین کۆشکی کۆرکی هەڵبژارد بۆ حەوانەوە وەک دوا ئێستگەی ژیان بۆ پشوودان لەبڕی ئەو هەموو کۆشک و تەلارانەی ناو شارو دەرەوەی شار. بۆ ؟

چونکە کۆشکی کۆرکی لەمەڕمەڕی سپی دروستکرابوو. چەندەها کۆڵەکەی مەڕمەڕی درێژی تێدا بوو. بیناکە فەسادێکی جوانی هەبوو پێکهاتبوو لە ٢ نهۆم. سالۆنێکی گەورەشی تێدا بوو لەنهۆمی یەکەم پیانۆیەک لەناوەڕاستی سالۆنەکە بوو لەگەڵ پەڕتووکخانەیەک و چەندەها پلانت و گوڵدانی گەورەو ڤازەی گرانبەها و دیوان و تەخت و ئامرازی ناوماڵ و فەرشی ئێرانی تێدا بوو. کارەبای تایبەتی بەخۆی هەبوو، ئاوێکی پاک و کانیاوی هەبوو، مەلەوانگەی هەبوو، دەریاچەیەکی تایبەت لەنزیک کۆشکەکە هەبوو دەتوانرێ ڕاوە ماسی لێبکرێ. چەندەها هێکتار زەوی لە داری سێ و ترێ و هەمە جۆرە میوەی لێچێنرابوو. ئاو هەوایەکی پاک و هێمن و خانوویەکی گەورەو پڕ لە ژوور.

لە ڕێگای گەشتی قوتابخانەوە لەساڵی ١٩٨٣ ئێمەیان بردە کۆشکی کۆرکی کە ١٠

کیلۆمەتر دوورە لە مۆسکۆ، هەموو ژوورەکان گەڕاوم و پیانۆی ناو کۆشکەکەو باخ و دارستانی دەوروبەری کۆشکەکەو دەریاچەکەی هەر هەمووی جێگای سەرسوڕمانی من بوون، چۆن خەڵکی دەوڵەمەندی ئەو سەردەمە ئاوا ژیاون بەلایەنی کەمەوە ١٢٠ ساڵ پێش ئێستا دەبێ، کەچی خەڵکانێکی هەژاریش نان نەبوو بیخۆن. لێنین دژی دەرەبەگ و دەوڵەمەندو خاوەندارییەتی بوو، بەو مەبەستەی هەموو خەڵکی وەک یەک بژین ، کەچی هەر خودی خۆی چووە شوێنی هەمان دەرەبەگ و بێ ڕەچاوکردنی ئەو بیروبۆچوونەی هەیبووەو لەپێناویدا خەباتی بۆ کردوە لەژێر دروشمی یەکسانی و دادپەروەری لە ژیاندا .

چیرۆکی ئەو کۆشکەو دروست بوون و خاوەنداریەتی چەند دەستێکی کردووە. سەرەتای دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٨ بەڵام بەتێپەڕبوونی ساڵ و سەدە کۆشک و تەلارەکەی گەورەتر کراوە و ڕووبەری زەویەکەی زۆرتری بۆ کڕاوەو پەرەی زیاتری پێ دراوە تا کۆتایی سێهەمی سەدەی نۆزدەهەم واتە دەوروبەری ساڵی ١٨٧٥. بەڵام هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٥و بەدواوە واتە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، کەسێک بەناوی "ساڤی تیمۆفییێتش مەڕۆزەڤ"-١٨٦٢- ١٩٠٥ کە بازرگانێکی گەورەی خاوەن کارگەو بنەماڵەیەکی ناوداری ڕوس بوو، ئەو کۆشکەی کڕییەوەو گەورەترو خۆشترو پڕ لە دارو درەختی کرد. بەڵام بە ڕووداوێکی نادیار کاتێ گەشتێکی کرد بۆ فەڕەنساو لە هەوارگەی کان لە هوتێلێک کوژراوەو نووسینێکی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە گوایە من خۆم کووشتووەو کەس تاوانبار مەکەن، بەڵام هیچ هۆکارێک نەبووە بۆ ئەوەی بڕیارێکی ئاوا کتوپڕانە بدات دوور لە وڵات و خێزانی ئابەم شێوەیە خۆی بکوژێ .
ژنی مێرد کوژراو بەناوی زینایدە گریگۆرییێڤنە( ١٨٦٧-١٩٤٧) کە بۆ جاری دووهەمە

شوودەکا، ئیدی جارێکی تر شوو دەکاتەوە واتە مێردی سێهەم ژەنەڕاڵیکی قەیسەر بوو لەگەڵیدا هاوسەرگیری دەکات، ئەویش دەوڵەمەندێکی بنەماڵەی بەگزادەو سەرۆکی شارەوانی مۆسکۆ بوو بەرلە کودەتاکەی بەڵشەڤیەکان.

ئەو دوو بنەماڵەیە موڵک و زەوی زارو پارەو پوول و کارگەو بازرگانییەکی زۆریان هەبووە. وێنەی هەندێک لەو عقارات و کۆشکانە دادەنێم لە خوارەوە کە لەشوێنی جیاجیای ناو ڕوسیا هەیان بووەو لە هایلایف ژیاون و ببینن چ تراژیدیاییەک بەسەر ژیانی ئەو ژنەو منداڵەکانیدا هاتووە کە ٣ جار شووی کردۆتەوە لە کۆتاییدا . لەسەر هەندێک وێنە ڕوونکردنەوەم لە تەنیشتییەوە بۆ نووسیوە.

بڕیاری بەڵشەڤیک و ڕابەرەکەی لێنین نابێ کەس خاوەنی موڵک بێ و هەموو شتێک دەبێ بگەڕێتەوە بۆ حوکومەت و حوکومەت سەرپەرشتی عقارات و دابەشکردن دەکا . کەچی لێنین بۆ خۆی چوو لەناو هەمان کۆشک و تەلار ماڵی دەوڵەمەندەکان و قەیسەرەکان دانیشت و ژیا تا کاتی مردنی و بەهەمان شێوە کادیرەکانی لیژنەی مەرکەزی و مەکتەب سیاسی هەر یەکێکیان خانو و کۆشکێکیان داگیر کرد لەدەرەوەی شار. شیویعیەکان ڕازی نەبوون کە بنەماڵەیەک خاوەنی ئەو کۆشکانەبن و قاویاندان بۆ دەرەوە، کەچی هەر خودی ڕابەری چینی ڕەش و ڕووتە بوودەڵەکان چوون بۆ ناو ئەو کۆشکانە و تا کۆتایی ژیانیان لەوێ مانەوە. باشە چی گۆڕا تەنها ناوەکان و شکڵی ئەکتەرەکان گۆڕا لەو شانۆگەرییەکان ئەگینا شوێنەکان دیسان بەهەمان تاس و حەمام گیرانەوە. واتە "حەسەن کەچەڵ، کەچەڵ حەسەن".

بەهەمان شێوە مەسعودو نێچیر لە ئێران کەوتووبوون لە ئۆردووگا کاتێ هاتنەوە کوردستان چوونە ناو هەمان کۆشکەوە. شوێنی هاوینەهەوار و گەشت و پشووی صەدام

تێیدا دەژیا لە سەری ڕەش و مەسعود شوینی صەدامی گرتەوەو تاوەکو ئیمڕۆ لەوێ پاڵ داوەتەوەو هەروەها عیزەت دووریش لەناو شاری هەولێر ڕووبەرێکی زۆری گرتبوو مام جەلال شوێنی گرتەوەو تێیدا ژیا پاش ئەوەی لەو هەولێر یەکیەتیەکان قاودران بووە شوێنی مانەوەی بۆ هێندێک جار نێچیر بارزانی. شوێنەکان هەر هەمان شوێنن بەڵام خەڵکەکان ئەکتەرەکان گۆڕان. کەواتە چ گۆڕا لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی چینەکان. بەهەمان شێوە لەدوای شۆڕشی ڕوسیاو ڕاپەڕینی کوردستان کاولکاری بەدمۆڕال و گەندەڵکاری هاتە گۆڕ.

زینایدە گریگۆرییێڤنە دەرکرا لە کۆشکەکەی چەند جارێک هەوڵی دا بە نامەو داواکاری پێش کەشکرد کۆشکەکانی بۆ بگێڕێنەوە، پاشان تەنها داوای یەک کۆشکی کرد پاشان. تەنها داوای یەک خانوو لەو هەموو میرات و موڵکەی هەیەتی بۆی بگەڕێننەوە کە تێیدا بژی. نەخێر لە دواجار هەڕەشەیان لێکرد ئەگەر جارێکی تر بێتەوەو عەریزە پێشکەش بکا ئەوا دەست بەسەر دەکرێ و بێسەرو شوێن دەکرێ. ئیدی ناچار بوو بگوازێتەوە بۆ ناو شاری مۆسکۆ و لە شووقەیەک بژی کە پڕ بوو لە خەڵکی باکگراوندی جیا . تا ساڵی ١٩٢٤ لەوێ ژیا پاشان بەرگەی ئەو ژیانەی نەگرت و گواستیەوە بۆ گوند. لەوی هێدێ هێدی ئەو خشل و زێڕەی کە هێشتا نەکەوتبوە دەستی بەڵشەڤیکیەکان هێدی هێدی بەنهێنی دەیفرۆشتەوە لەبڕی ئەوە لەتێ نانێک بکرێ و خۆی پێ بژیەنێ. ئەو پارانەی هەیبوو هی سەردمی قەیسەریی بوون سودی نەماو ئێکسپایەر ببوو، چونکە بەهاتنی بەڵشەڤیکیەکان بۆ حوکم پارەی قەیسەریان گۆڕی بۆ پارەی بەڵشەڤیکی و وێنەی لێنین لەسەر پارەکە دانراو کێ دەیتوانێ بڵێ من هەزار ڕۆبلی قەیسەریم هەیە؟ مافت نەبوو پارەت هەبێ یان پاشەکەوتت کردبێ. ئیدی پارەکەشی مفعولی نەما . لە دوا ساڵانەکان زینابیدە هێندە هەژاربوو کەس لێی

نەدەپرسیەوە، بەناچاری داوای مووچەی خانەنشینی کرد، تەنها لەساڵی ١٩٣٠ بە مووچەیەکی کەم ١٢٠ ڕۆبل خانەنشین کرا .

١- کوڕێکی بەناوی تیمۆفێی ساڤیتش لە دوای ٤ ساڵی واتە ساڵی ١٩٢١بە حوکمی بەلْشەڤیک گوللە باران کراو لە ڕۆژنامە ناوەکەی بڵاوکرایەوە.

٢- کچێکی بەناوی ماریبیا ساڤیشنە لە دوا ساتی ژیانی پاش ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر دایک و بنەماڵەو موڵک و حاڵیان داهات و سووکایەتی کادیرانی بەلْشەڤیک لەئەنجامدا بەرگەی نەگرت و شێت بوو.

٣- کچێکی تری بەناوی ئێلێنە ساڤیشنە هەر لە دەستپێکی ئینقلابی بەلْشەڤیکیەکاندا زوو هەستیکرد ئیدی ڕوسیا جێگای ژیان نیەو بەرەو کارەسات دەڕوا یەکسەر ڕایکرد بەرەو دەرەوە وڵات ، دوا نامەی کە بۆ دایکی ناردبوو لە بەڕازیلەوە بوو لەساڵی ١٩٤٧ .

٤- کوڕێکی تر بەناوی ساڤە ساڤیتش چەندەها جار گیراوەو دوورخراوەتەوە و سووکایەتی پێکراوە لەلایەن بەلْشەڤیکیەکانەوە. بەم جۆرە کارەساتە ژیانی لە سۆڤیەت بردەسەر تاکۆتایی ژیانی و لەساڵی ١٩٦٤ لەتەک گۆڕی دایکی نێژراوە .

ئێستا بێینەوە سەر داگیرکردنی ئەو کۆشک و تەلارە لەلایەن هەڤاڵی بارگران و ڕابەری چینی کرێکار لە کوێ نیشتەجێ بوو؟

بێگومان لەکۆشکی زینایدە گریگۆرییێڤنەی خاوەن موڵک و دەربەگ دەژیا .

لێنین بۆ پارێزگاری لەژیانی خۆی پاش ئەوەی ٣ جار هەوڵی تێرۆرکردنی درا ئیدی تەواو ترس و تۆقین کەوتە گیانی و خۆی دوورخستەوە لە جەماوەرەکەی و کەمتر دەهاتە ناو چینی هەڤاڵی بارگرانەکان بڕیاری دا زیاتر پشوو بدا .

هەروەک وتم لە پێشتر، ڕابەری چینی کرێکار تەنانەت بۆ یەک جاریش سەردانی یەک گووندو دەرەوەی شاری نەکردووە بزانێ خەڵک چۆن دەژین پێش و پاش کودەتا .

ڕابەری چینی کرێکار بۆ یەک جاریش نەچووە ناو جوتیاران و لەنزیکەوە بزانێ ژیانیان چۆنە و قسەیان لەگەڵ بکا ؟ تاوەکوو ئێستا یەک گفتوگۆی ئەو تۆمارنەکراوە لەگەڵ هیچ جوتیارێک یان کۆمەڵە جوتیارێک. تەنها سەرەتای شۆڕش پێش ئەوەی بێتە سەر حوکم زوو زوو دەچووە کارگەکان قسەی دەکرد بۆیان و هانی دەدان بۆ توندوتیژی، بەڵام کەهاتە سەر حوکم زۆر کەمتر دەچوو بۆناو کۆبوونەوە جەماوەرییەکان و ئیدی پاش هەوڵی تیرۆرکردنی سێهەم ئیدی تەواو لەجەماوەر دابڕا.

بۆ پارێزگاری لێنین لە دەورووبەری کۆشک و شوێنی حەوانەوەی لێنین ٣ هەزار چەکدار تەرخان کرا ٢٤ کاتژمێر پاسەوانی لێنین دەکرا بە ٣ شیفت. بۆ ئەو سەربازانە شوێنی حەوانەوەیان بۆ تەرخانکرا . هەندێک لەو سەربازانە دابەشکران لە نهۆمی یەکەم و هەندێکیان لەخانووەکانی دەووروبەرو ناو دارستانەکان بەدەوری ٥ کیلۆمەتر تایبەت بۆ پاسەوانی کردن لە لێنین.

تەنانەت بۆ نیکۆلای دووهەمی قەیسەری ڕوسیاش هێندە سەربازو پارە تەرخان نەکرابوو بۆ پارێزگاری لە خاوەن شکۆ. بەڵگەی ئەو فاکتەش، کاتێ هێرشیان کردە سەر کۆشکی زستانی قەیسەڕ کەمتر لە ٥٠ پاسەوانی لێ بووە بەهەموو کۆشک و

مەیدانی زستانەی. بەڵام لە میدیاکان و فیلمە مێژوویەکانی پڕۆپاگەندەی ستالین ئاوا باس دەکرێ هەروەک بڵێیت بەرەنگاری سووپای زیندانی باستیلی فەڕەنسا بوونەتەوە. شیویعیەکان خۆیان کوشت بەدرۆ لەماوەی ٧٠ ساڵ درۆ و کلاوبازی.

لێنین داوای ڕاکێشانی هێلی تەلەفۆنی ڕاستەوخۆی کرد نێوان کۆرکی و کرێملن بەدووری ١٠ کیلۆمەتر دووری نێوانیان بوو. داوای هێلی شەمەندەفەری کرد دروست بکرێ لەنێوان کۆرکی و شاری مۆسکۆوە بۆ هاتووچۆی ڕاستەخۆی لێنین بە ڕێگای شەمەندەفەر. کاتێ مرد هەر بەو شەمەندەفەرە هێنایان بۆ مۆسکۆ و ئەو فارگۆن و مەکینەی شەمەندەفەرەکەیان گەڕاندەوە بۆ کۆرکی و دانراوە وەک بەشێک لە مۆزەخانەی لێنین بۆئەوەی گەشتیاران ئەو فارگۆن و شەمەندەفەرە ببین کە لێنینی پێ گواستراوەتەوە بۆ مۆسکۆ، هەروەک بڵێیت هەرشتێکی ئەو دەستی لێدابێ و لەناوی ژیابێ پیرۆزەو دەبێ بپارێزرێ وەک پێغەمبەرو فیرعەونیەکان بە موتفەڕکی بزانین .

من ئەو شەمەندەفەرەم بینیوە لە کۆرکی لەگەشتی قوتابخانە. بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠١١ پێدەچێ ئەو شەمەندەفەرەو فارگۆنەکە گواسترابێتەوە بۆ ناو شاری مۆسکۆ لە مۆزەخانەیەکی تایبەت بە مێژووی شەمەندەفەری ڕوسیا دانرابێ. پێدەچێ بەم دواییە مۆزەخانەیەک دروست کرابێ لەناو ئەوانە فارگۆن و مەکینەی ئەو شەمەندەفەرەی کە لێنینی پێگواستراوەتەوە، بێگومان بۆ گەشتیارانی بێگانە هاسانکاریان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن لە نزیکەوە سەردانی بکەن وەک لەوەی ١٠ کیلۆمەتر بڕۆن بۆ دەرەوەی شار بۆ کۆشکی کۆرکی.

ئەو تاکپەرستی و پەرستنی ڕابەرو سەرکردەکان لەناو سیستەمی کۆمۆنیستی لەئارادابوو، مەگەر تەنها لەمێژووی فیرعەنیەکان کرابێ و سەد ڕەحمەت لە

پێغەمبەری ئیسلام -محمدی قورەیش و صەدام ئەگەر بەو شێوەیە پەرسترابن. بێجگە لە کەلووپەلەکانیان پارێزراون، بەڵکو پەیکەر نەمری سەرانی کۆمۆنیست بێ ئەژمار پارەی لێ تەرخانکراوەو بەربڵاوە وەک موتفەڕک سەیریان دەکرێ .

## لێنین و خۆشگوزەرانی- " ژیان لەناو شوقە مەحاڵە

تەنها یەک ڕۆژ پاش ئینقلابەکەی بەڵشەڤیک، لێنین و کرووپسکەی هاوسەرەکەی پاڵتۆیەکی فەرو و دەستکێش و پاڵتۆ و شەپقەیان بۆ خۆیان کڕی کە بۆ ئەوکات تەنانەت لەبازاڕەکانیش بەدەست نەدەکەوت، چونکە بازاڕ بەرەو قڕان دەچوو. هەربەهاتنی هاڤاڵی بارگرانەکان بۆ سەر حوکم هەموو کەلووپەل و پێداویستیەکانی ژیانیان لەدەرەوەی وڵات بۆیان دەهات و بەڕادانیان دەدا .

تا ئەوکاتە لێنین هەر بە پایسکل هاتووچۆی دەکرد، بەڵام هەر بۆڕۆژی دوایی کودەتاکە بوو بە ماشین بۆ هاتووچۆ و ژیانی فەخفەخە دەستی پێکرد. کاتێ لێنین و هاوسەرەکەی چوون بۆ لای خاتوونێکی دێرینیان لەخەبات بۆ سەردان. خاتوونی هەڤاڵی بارگران پرسیاری لێکردن وتی :

**" چۆن ئا بەو درەنگەوە هاتوون، تەنانەت تراماواش بەم شەوە درەنگە هاتووچۆ ناکا "؟**

مەبەستی لەوەبووە لێنین هەر بەپایسکل هاتووچۆی کردووەو ئەگەر بە قیتاری ناوشار و پاس نەهاتبێ ئەی چۆن ئەو دوانە گەیشتوون و باوەڕی نەکردووە کە سەیارەیان لەژێر دەستبووە. لێنین بێ ئەوەی خۆی تێک بداو بە سەر سوورمانەوە وەڵامی داوە و وتویەتی : **بێ گومان بەسەیارە هاتووین!**

لێنین حەزی لە تەختی زەوییەکەی ناو کۆشکی کۆرکی نەکرد داوایکرد بۆی بگۆڕن. هەربۆیە تەختێکی نوێیان لە بۆ زەویی کۆشکەکە دانا کەچی شەوانە پێی ناڕەحەت

دەبوو ئەگەر یەکێ تەقە تەقی پێی هاتبوایە کاتێ بەسەر تەختی ناو کۆشەکە بڕۆیشتایەو هاواری لێ هەڵدەستاو دەیوت :

خەوم لێ ناکەوێ لەبەر تەختی عەرزەکە پێدەچێ کەرەستەی کارگەی سۆڤیەتی بێ، بۆیە ئاوا بێ کەلک و بێ سوود و وشک و ڕەق و تەقە. دەنگی تەختی عەرزی ناو کۆشکەکە وەک گوولـە وایە لەناو مێشکم دەتەقێتەوە .

لەهاوینی ساڵی ١٩٢٢ هێشتا خۆی و هاوسەرەکەی لە کۆشکی کۆرکی پشوویيان دەدا، فەرمانی نارد بۆ مۆسکۆ کە پێویستە شووقەکەی ناو کرێملینی بەتەواوی بۆ نوێژەن بکەنەوە. لەنامەکەی دیسان جەختی کردەوە لەسەر ووشەی " بەتەواوی نوێژەن بکرێتەوە تاکۆتای مانگی ئۆکتۆبەر" واتە لەماوەی ٣ مانگ دەبێ بەتەواوی بۆی ئامادەبکرێ. لەو نامەیە داوای ناوی قۆنەتەراتچی ـ کۆنتراکتەر ـ و تەلەفۆنەکەی کردبوو بۆ ئەوەی خۆی ڕاستەخۆ پەیوەندی پێوە بکا چۆن چۆنی حەز دەکا بۆی نوێژەن بکاتەوە و دەستکاری بکا و فەرمانی پێبدا . داوای لەبەرپرسانی حیزب کرد بوو " بەجێ نەگەیاندنی فەرمانەکەی جێگای قبوولکردن نیە و لێیان خۆش نابێ" و داوای چاکترین وەستای کاری کردبوو بیهێنن بۆ دروست کردنی شووقە ٤ ژوورەکەی. تا ئەوکاتە تەنها ١٠- ١٥ کرێکار کاریان تێدا دەکرد، بەڵام پاش ئەو فەرمانەی لێنین و هەڕەشەی لێنین لە کاربەدەستانی کرێملین ناچار بوون ١٦٠ وەستاو کرێکار بهێنن بۆ سەرکارو ٢٤ کات ژمێر بێوەستان بە ٣ شیفتی جیا کاری تێدابکەن تاوەکوو بتوانن لە کاتی دیاریکراو فەرمانی لێنین جێبەجێ بکەن کە داوای کردبوو دەبێ لەو کاتەدا تەواوبێت .

٢ی ئۆکتۆبەر لێنین و کرووپسکایە هاتنە مۆسکۆ و بۆ ناو کرێملن و سەیری شووقەکەیان

کرد بزانن چۆن دروستکراوە؟ هەندێک تێیدا سووڕانەوە. .. لێنین گەیشتە قەناعەتێک و ڕوو بە هەڤاڵانی بارگرانەکانی کرێملن وتی : ژیان لەناو شوقە مەحاڵە !

بۆ ئەوەی نەڵێن نیاز بێ بەڵگە قسە دەکا، سوودم لەم ڤیدیۆیەی خوارەوە وەرگرتووەو زانیارییەکان لە تەلەفیزیۆنێکی ڕوسیای فێدێراڵی پوتینەوە وەرگرتووە کەس ناتوانێت بڵێت بێ بەڵگە قسەدەکا . چونکە لیۆنید ملێتشین پسپۆڕێکی بواری مێژووی بەڵشەڤیکەو میدیاکارە و بۆ چەندەها ساڵ بەرنامەی تایبەت بە خۆیەوە هەبووە لەچەند کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی و شۆی خۆی هەبووە و تاوەکوو ئیمرۆ بەردەوام بانگی دەکەن بۆ باسی کردنی ڕووداوەکانی ئەوکات. ئەگەر نەبێتە موباڵەغە ئێستا تاکە شارەزای بواری سەردەمی بەڵشەڤیک و سۆڤێیتە لە ڕوسیا.[97]

## ڕێککەوتنی "برێست- لیتۆڤ"

لەبەر ئەوەی ترۆتسکی سەرقاڵ بوو ماوەیەک بەکاروباری سیاسەتی دەرەوەی ولات، کە بەگوێرەی پۆستی ئێستا بێ دەبێتە وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت. بەڵام وازی لێ هێناو نەیویست بەرپرسیارییەتی مێژوو هەڵبگرێ لەواژۆکردن و دەست بەرداری خاکێکی زۆری وڵات بێت بۆ ئەڵمان لەبری ئاشتی لەگەڵ ئەڵمان و ملکەچی داواکارییەکانیان بێ. هەربۆیە ترۆتسکی لە بەردەم ئەندامانی بەڵشەڤیک وتی نامەوێ خۆم شەرمەزاری مێژوو بکەم لە واژۆ کردنی ڕێککەوتنی "برێست- لیتۆڤ" لەگەڵ ئەڵمان. داوای دروستکردنی سووپایەکی بەهێزی سووری بەڵشەڤیکی کرد. بەڵام

---

97 https://www.youtube.com/watch?v=QsZTkJ01AGk

ستالین لەکۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی بەڵشەڤیک زۆر توانجی لە ترۆتسکی گرت کە سەرکەوتوونەبووە لەگەڵ ئەڵمان و وتی ئەگەر تۆ نەتوانی ئەو ڕێککەوتنە واژۆبکەیت چۆن دەتوانی سووپایەکی بەهێزمان بۆ دروست بکەیت؟
ترۆتسکی وتی مادام وایە ئێوە بچن واژۆی بکەن، هێشتا درەنگ نیە. مەبەستی لەوەبوو ستالین خۆت برۆ ئەوکارە بکە، بەڵام ستالین نقەی لێوە نەهات .

## ترۆتسکی و دروست کردنی سووپای سوور

ترۆتسکی توانی سووپایەکی ٣ ملیۆنی دروستبکا بەناوی سووپای سوور. شەپقەی سووپای سوور ترۆتسکی دایهێنا . درووشمی " من هاوڵاتی یەکیەتی سۆڤیەتم و سۆز دەدەم " و مێدالیای سوور و ئەستێرەی سوور و چەک و داس و سووپای سوور و کۆنسلاگەر( گرتووخانەی بە کۆمەڵی زۆرەملێ و لە دوور شارستانی) هەمووی بیرۆکەی ترۆتسکی بوون .

ترۆتسکی سەرپەرشتی هەموو بەرەکانی شەڕی دەکرد، کە لە ١٦ بەرەی شەڕ پێکهاتبوو، زۆر سەرکەوتوانە توانی بەسەر سووپای سپی و نەیارەکانی بەڵشەڤیکدا سەربکەوێت لەساڵی ١٩٢٠. پاش کۆتایی هاتنی سووپای سپی ترۆتسکی قبوول کرا لە لیژنەی مەرکەزی حیزبی بەڵشەڤیک و ناوی ترۆتسکی وەک ڕابەری شۆڕش لەتەک ناوی لێنین'ەوە بوو .

ترۆتسکی وتی : هەموو سووپا دەبێ لەژێر ڕکێفی یەک کەس بێ و یەک سەر لەشکربێ و حوکم بەهەموو سووپاکەوە بکا، کەئەمەش لەگەڵ دید و تێڕوانینی مارکسیزم نەبوو.

هەربۆیە هەردووکیان کەوتنە بەر ڕەخنەی ڕۆزا لوکسێنبێرگ و سەرکردەکانی ئینتەرناسیۆنالی وەک پاننێکۆییێک و گۆرتەر چەپە مارکسیەکان کە ئەو دوانەیان واتە ( لێنین و ترۆتسکیان ) بە دیکتاتۆر لەقەڵەم دەدان .

تێڕوانینە توندڕەوەکانی ترۆتسکی لەسەر ڕێکخراوی سەندیکای کرێکاران کە پێویست بەو ڕێکخراوی نەقابەی کرێکاران نیە لەمەو دو،ا چونکە دەوڵەت خەمی کرێکاران دەخواو پێویست ناکا بەرپرسان و نوێنەرانی کرێکاران تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بن لە سیاسەتی دەوڵەت بەرامبەر بە کرێکاران .

بەهەمان شێوە کاتێ سەربەزەکانی کڕانشتاد بینینان تەجرووبەی بەڵشەڤیک لە حوکم فاشیلە و برسیەتی و قڕان و قات و قڕی بەدوای خۆی داهێناوەو ڕاپەڕینی جوتیارانی داپڵۆسیوەو دەنگی و بیری ئازادو میدیای ئازادو هەڵبژاردنی ئازاد نەما، ئیدی کاپیتانی کڕانشتاد ستێفان پێترۆشێنکۆ و ئەفسەران و سەربازانی دەریایی و چەندەها بەرەی تر لە سەربازان دەنگیان دایە پاڵ ڕاپەڕینی کەشتی کڕانشتاد .

لێنین تۆقی وتی ئەو ڕاپەڕینەی کڕانشتادەکان کە زۆر ترسناکترە لە سوپای سپی ژەنەڕال دێکین و یودێنیتش و کۆڵچاکەکان. هەربۆیە فەرمانی دا چارەیەکی بۆ بکەن بەڵام ترۆتسکی توانی کاپیتانەکە بەفیت و کڵاوبازی بهێنێتە دەرەوەی کەشتیەکە بانگی کرد بۆ ئۆفیسی خۆی گوایە گفتوگۆی لەگەڵ دەکاو گوێ لەداواکاری لە کەپیتانەکە دەگرێ. بەڵام گرتی و حوکمی گوللەبارانی لەسەر دەرکردو ٦٠٠ هەزار

سەربازی هێنا سەر ڕاپەڕیوەکان و توانی دای بمرکێنێتەوە. ئەو هەڵسوکەوتەی ترۆتسکی لێنینی دڵگران کرد. ڕەخنەی دووهەم و سێهەم کە لە ترۆتسکی گیرا .

ترۆتسکی لەدژی سیاسەتی 'نێپ "ی لێنین بووەو بە کارێکی باشی نەدەزانی و گەڕانەوەیەک بوو بۆ کەپیتالیزم. لەدوا سات ترۆتسکی بڕیاری دا بچێ بۆ سەر دەریای ڕەش و پشوویەکی دووروو درێژ بدا و خۆی سەرقاڵ کرد بەنووسین و خوێندنەوەو بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە .

ستالین دوورکەوتنەوەی ترۆتسکی لەمۆسکۆ بە دەرفەتێکی باشی لەقەڵەم دا . ستالین لەژێرەوە کاری خۆی دەکرد لەدژی ترۆتسکی و توانی بەرەیەک دروستبکات لە ناو سەرکردایەتی بەلشەفیەکان و قەناعەتیان پێبهێنی کە مانەوەی ترۆتسکی لە لیژنەی سەرکردایەتی و بەرپرسیاریەتی هەڕەشەیە بۆ سەر هەموویان و پێویستە لە دژی ترۆتسکی بوەستنەوە لەکاتی گونجاودا . هەرچەندە کامینییێف و زینۆڤییێف و ڕادێک لەنەتەوەی جولەکە بوون هەروەک ترۆتسکی و خوێندەوار و لەبنەماڵەی دەوڵەمەند و پەروەردەی بەرز بوون، بەڵام حەزیان لە ترۆتسکی نەدەکرد و ئیرەییان بە توانا وچالاکیەکانی ئەو دەهات. تاڕاددەیەک لێنین'یش لە توندڕەوی ترۆتسکی کەوتە گومانەوەو ترسی لێنیشت کە بەکەڵکی سەرکردایەتی نایە .

ستالین هەر لەدوای هەوڵە تیرۆرکردنەکانی لێنین و پەککەوتنی لێنین لە چالاکی سیاسی و دوورکەوتنەوەی لە مۆسکۆ لەلایەن لێنین'ەوە کرا بە ئەمینداری گشتی بۆ لیژنەی مەرکەزی حیزب لەساڵی ١٩٢٢. بۆ ئەوکات پۆستێکی گەورە نەبوو، بەڵام دیسان بەهۆی ئەو پۆستەوە ڕەوای پێدرابوو کێ دابمەزرێنێ لە پۆستی هەستیار و

جەماعەتی خۆی دروستبکات کاری باشیان پێ ببەخشێ بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست ببن بە جەماعەتی خۆی و کتلەو کتلەکاری. هێشتا لێنین لەژیان مابوو ستالین دەستی کرد بە دوورخستنەوەی لایەنگرانی ترۆتسکی لە پۆستە هەستیارییەکان بەبرۆبیانوی جیاواز، بۆ ئەوەی لەکاتی دەنگدان و کۆبوونەوەو گۆنگرەی حیزب ترۆتسکی کەسی پێوە نەمینێ .

## وەسیەتی لێنین و هەڵوێستی ستالین

لێنین بە درەنگ هەستی بە ترسناکی ستالین کرد و ویستی دەسەڵاتی کەم بکاتەوە لەنێوان ساڵانی ١٩٢٢-١٩٢٤ وە هەوڵی دا لایەنگیری ترۆتسکی بکاو ئەو لەشوێنی خەلافەت دابنێ، بەڵام بەهۆی جەڵتەی دەماغ و پەککەوتنی جولانەوەو قسەکردن بەهۆی برینداربوونی لە هەوڵە تیرۆرکردنەکەی ئیدی هیچ تواناو دەسەڵاتی نەما بەسەر حیزبەوەو هێدی هێدی ستالین هەموو گۆشەو دائیرەیەکی پڕ کردبوو لە جەماعەتی خۆی .

لێنین پێش ئەوەی بمرێ وەسیەتی کرد بۆ مەکتەبی سیاسی حیزب کە ستالین لەهەموو بەرپرسیارەتی و پۆستێک وەلا بنرێ، چونکە مرۆڤێکی زۆر دڵ ڕەق و قاسی و بێ ویژدانە، هەربۆیە پێشنیاری کرد لە پۆستی سەرکردایەتی و جێگیری خۆی( لێنین) ترۆتسکی دابنێن. بەڵام ستالین زوو پێ ڕاگەیشت بەو نامەیە لەڕێگای سکرتێری لێنین'ەوە کە لەژێرەوە کاری سیخوری بۆ ستالین دەکردو هەموو ڕۆژێک ڕاپۆرتی بۆ ستالین دەنارد کێ هاتووە بۆ لای لێنین و پەیوەندی پێوەکردووە یان سەردانی دەکا، ئەو هەواڵانەی هەمووی لە ڕێگای تەلەفۆنەوە ستالینی ئاگادار دەکردەوە یان نامەکانی لێنین'ی حەشار دەداو پاشان ڕادەستی ستالینی دەکرد. ستالین کاتێ بە

نامەکەی لێنین'ی زانی لە دژی بۆ وەلادانی لە دەسەلاَت زوو گوورزی خۆی وەشاند لە دژی لێنین و ترۆتسکی. هەربۆیە زوو دەنگۆی بە ژەهراوی کردنی لێنین لە کۆمیتەی ناوەندی بەڵشەڤیکەکان بلاَوبۆوە. نامە وەسیەتەکەی لێنین لەسەر ستالین تا ئەم دواییانە هەر بە شاراوەیی مابووە لەلایەن ستالین، بەلاَم پاش مردنی ستالین ئیدی توانرا ئەو نامەیە بدۆزنەوە لە ئەرشیڤەکەی ستالین.

تا ئێستا ئەرشیڤی نەخۆشی لێنین و ستالین نەخراوەتە بەردەستی کەسانی پسپۆڕ بۆ لێکۆلینەوەو بلاَوکردنەوە، بەڵکو هێشتا وەک دۆکوومێنتێکی نهێنی هەڵگیراون .

پاش مردنی لێنین هەموو کەل و پەل و شوێنی نووستن و حەوانەوەی کران بە بەشێک لە مۆزەخانەی لێنین. من خۆم سەردانی مۆزەخانەی لێنین'م کردووە، لە بەشێکی ناو کرێملن و بەشێکی تری لە کۆرکی دەرەوەی شار بوو، بەلاَم پێم وابێ پاش هاتنی یێلتسین بۆ سەر حوکم مۆزەخانەیەکی تایبەتیان بۆ کردبێتەوە کەل و پەلەکانیان لە مۆزەخانەیەکی تایبەت دروست کردبێ. هەموو کەل و پەل و نووسین و ئامرازەکانی دانراوە وەک ئەرشیڤ، لەوانە وەک موو کلاَو کلاَش و پاڵتۆ. .. . هەر بەهەمان تاس و حەمامی ئیسلام بۆ محەمەدی پێغەمبەر کراوە هەر لە گۆچان و موو و قژ و کلاَو تا گۆچانەکەی وەک شتێکی پیرۆز هەڵگیراون.

کاتێ سەیری پاڵتۆکەی لێنین دەکەیت کەلەبەری کردووە ئینجا دەزانیت کە چەند کورتە بالاَ بووە لەچاو ڕوس .

ستالین پیاوێکی شەرقی ورگ زلی بالاَی مام ناوەندی و دەستێکی سەقەتی گۆجی هەبوو. هەمیشە دەستە سەقەتەکەی دەشاردەوە لەکاتی ڕۆیشتن یان وەستان، کەچی لەهەموو وێنەکان بەقەبارەیەکی ئاوا مەزن و گەورە دروست دەکرا نەک کابرایەکی مەزن و العظمة بەڵکو کرا بە خودا لەمەزنی، تەنانەت لەسەر مەڤزۆلێی( ضریح)

لێنین لەمەیدانی سوور کە دەوەستا لە ژێر پێی کۆسپێکی نیو مەتریان بۆ دروست کردبوو تایبەت بە ئەو بوەستێ بۆ ئەوەی لەچاو هاوڕێکانی کورتر دەرنەکەوێ، بەڵکو هەیکەلی درێژتر بەدیار بکەوێ بەرامبەر بەخەڵک، بەڵام لەکاتی ڕۆیشتن و وێنەکانی تر بۆت دەردەکەوێ کە لە لێنین'یش درێژ ترو بە قەبارەتر بووە، بەڵام لەچاو هاورێکانی تر کەسێکی ئاسایی بوو لەدرێژیەکەی. ئینجا بێتە بەرچاوت لێنین چەند کوورتە باڵا بووە، بێگومان پەیوەندی بە نەژادی لێنینەوە هەیە کە دەگەڕێتەوە سەر نەژادی تورکی ئاسیاوی لە ڕەگەزی کەڵمیکی چوڤاشی. زۆر سەرچاوە هەن دەیسەلمێنن لە ڕەسەنایەتی تورکی ئاسیایی لێنین بەلایەنی بنەماڵەی باوکیەوە. ڤیکتۆر سیبەستیان لەپەڕتووکەکەی بەناوی" لێنین- دیکتاتۆر. وێنە ڕۆحانیەکەی" پیاوی مەزنەکەی جیهانی گۆڕی" ئامازەی پێکردووە. [98]

لەو مۆزەخانە ئەو پاڵتۆیە دانراوە کە قۆپچەکانی ڕەنگ و قەبارەیان جیاوازە و دورواوەتەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە حالی باش نەبووە کاتێ لە دەرەوەی وڵات ژیاوەو بەحاڵ توانیویەتی خۆی بگووزەرێنی. کەچی ئەوجل و بەرگ و پاڵتۆ نوێیانە دانەنراون کاتێ بوو بە ڕابەری وڵات لە چاکترین کوالیتی ئەو سەردەمە لەبەری بووە. بەڵام بۆ ئەوەی چینی هەژار و ڕەش و ڕووتی پێ کەر بکەن و پێی هەڵبخەلەتێنن دەڵێن ببینە لێنین'یش جل و بەرگی دڕاوی لەبەر کردووە وەک نێچیروان بارزانی کاتێ لەئۆردووگای کەرەج و شنۆ و نەغدە ژیاوە .

[98] ڤیکتور سیبەستیان" لێنین-دیکتاتۆر .وێنە ڕۆحانیەکەی" چاپە ئینگلیزیەکەی ٢٠١٧-

# مێژووی نیشتەجێ بوونی جولەکە لە ڕوسیای قەیسەری

مێژووی نیشتەجێ بوونی جولەکە لەناوچەی ڕوسیای قەیسەری دەگەڕێتەوە بۆ داگیرکردنی خاکی پۆلەندا و لیتوانیا لەلایەن ئێکەتەرینی دووهەمەوە هەر لەساڵی ۱۷۸۳-۱۷۸٦. لەساڵی ۱۷۹۱ شازنی قەیسەری ئێکەتەرینی دووهەم ڕێگەی بە جولەکەی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا کە پێشتر لەسەر خاکی پۆڵەندەو لیتوانیا و ئۆکرانیا و پرووسیا دەژیان و ئێستا بووەتە بەشێک لەخاکی ڕوسیا تەنها مافیان هەیە لەناوچەیەک بژین کە دووربێ لە ئاوەدانی و نابێ تێکەڵی خەڵکی غەیری جولەکە بن و بێن بۆ ناو شاری گەورەو نیشتەجێ بن. واتە گوندەکانیان دەبێ دورەدەستبێ لە گوندی ڕوسی ئەرثەدۆکسی .

مێژوونووسێکی جولەکەی کەنەدی "هێنری ئەبڕامسۆن" کە بەڕەسەن دایک و باوکی لە ئۆکڕانیاوە هاتوون بۆ کەنەدا . هێنری ئەبڕامسۆن دکتۆرای لە مێژوو هەیەو مامۆستایەو وانەو محاضراتی هەیە لەکەنەدا . لەیەکێ لە محاضراتەکانی دەڵێ : "۲۰٪ ڕێژەی جولەکەی ڕوسیا گووزەرانیان باش بووەو کاری بانق و ئاڵگۆڕی بازرگانیان کردووەو توانیویانە خۆیان بژیەنن. بەڕێژەی ۳٪ جولەکە لە بواری کشت و کاڵ کاریان کردووە کە ڕێژەیەکی زۆر کەمە، ئەگینا زۆربەیان کاری پیشەییان کردووە. ژمارەیەکی کەم لە ئێلیتی بەرزبوون وەک دکتۆر و بواری پیشەیی جیا جیا کاریان کردووە. بەڵام زۆربەی زۆریان لە ئاست هەژاری ژیاون" .

هەربۆیە لەو کاتەوە تاوەکوو سەرکەوتنی شۆڕشی بەڵشەڤیکیە کۆمۆنیستەکان لەساڵی ١٩١٧ زۆرینەی جولەکە لەناو خاکی پۆڵەندەو لیتوانیا و بێلەڕووس ئۆکڕانیا ژیاون و بەتایبەتی زۆرینەیان لە ئۆدێسەو ناوچەی قرم ژیاون .

بۆ ڕکابەرایەتی ڕێکخراوی صەهیۆنیەت کە دژایەتی بیری کۆمۆنیزم و چەپەکانی دەکرد، هەربۆیە جولەکە چەپەکان هەڵسان بەدروستکردنی ڕیکخراوێک بەناوی کۆمزێت لەساڵی ١٩٢١ بۆ پاڵپشتی حوکومەتی بەڵشەڤیک. کۆمزێت یارمەتی دارایی خۆی لە جولەکەکانی تاراوگەوە بۆ دەهات بەتایبەتی جولەکەی ئەمەریکاوە.

بزووتنەوەی صەهیۆنیەت پێشنیاری ئێسرائێلی دەکرد بۆ ڕاگواستنەوەی جولەکە وەک الأرض میعاد، بەڵام کۆمزێت پێی باش بوو جولەکە ئەوروپا بەجێ نەهێلن، بەڵکو لەسەر خاکی ڕوسیای بەڵشەڤیک کۆمارێکی ئۆتۆنۆمیان هەبێ و هەموو جولەکەکانی تێدا کۆببێتەوە لەبری چوونیان بۆ ئێسرائێل .

بزووتنەوەی کۆمزێت لەسالانی ١٩٢٤-١٩٢٦ زۆر چالاکانە جمعیاتی تعاونی لەناوچەی ئۆکڕانیا و ستاڤرۆپۆڵ(باکوری قەفقاز) و قرم ی دروستکردو جولەکەیەکی زۆری کۆکردەوە بۆ کاری هەرەوەزی بەرهەم بهێنان و نیشتەجێیانی کرد. بۆیە بزووتنەوەی کۆمزێت و بەتایبەتی چەند کەسایەتیەکی جولەکەی ئەمەریکا هاتن بۆ لای لێنین لەسەرەتای شۆڕشی ئۆکتۆبەر و داوایان لە لێنین و حیزبی بەڵشەڤیک کرد ئەگەر ڕێگا بدەن بە جولەکەی پەرت و بلاوی سەر خاکی ڕوسیا کۆببنەوە لەناوچەی قرم جولەکە بتوانێ نیشتەجێی قرم بن و کۆمارێکی ئۆتۆنۆمیان پێبدەن لەبری ڕێکخراوی صەهۆینەت کە داوا لە جولەکەکان دەکا بەرەو ئێسرائێل برۆن باشترە لە قرم کۆببینەوە. تائەو کاتە بریاری تەواو نەدرابوو ئەگەر بەرەو ئێسرائێل برۆن یان نەء و پێیان باشتر بوو لەسەر خاکی ڕوسیا شوێنێکیان بۆ دابین بکرێ بۆ نیشتەجێکردنیان.

لێنین و ترۆتسکی و زۆرینەی ئەندامە جولەکەکانی لیژنەی مەرکەزی دژی ئەو پێشنیارە نەبوون .

## کووشتاری جولەکە بە کۆمەڵ لە ئۆکرانیا و ڕۆڵی سیمۆن پێتلیوڕە و نەستۆر ماخنۆ لەو کۆمەڵکوژییە

بە شێوەیەکی گشتی نەتەوەی جولەکە هاوسۆز و لایەنگیری دەسەڵاتی نوێی سۆڤیەت بوو. نەک لەبەرئەوەی ٤/٣ لیژنەی مەرکەزی و ئەندامە چالاکەکانی ناو بەلشەڤیک لەنەتەوەی جولەکە بوون، بەڵکو زۆربەی ئەوکەسانەی کە لەدژی سووپای سوور و حوکمی بەلشەڤیکی کۆمۆنیست شەڕیان دەکرد، بەکاری جولەکە و فیتی نەتەوەی جولەکەیان لەقەڵەم دەداو تاوانباریان دەکردن کە ئەو نەهامەتیە هاتووەتە سەر وڵات جولەکە لێی بەرپرسیارە. هەربۆیە لەهەموو لایەکەوە بەربەرەکانی جولەکە دەکرا . هەربۆیە ئەو جولەکانەی ئەگەر هاوسۆزی حوکمی بەلشەڤیکیش نەبوون ئەوا ئیدی بە ناچاری بەگەڵ بەلشەڤیکیەکان کەوتن و پشتگیری خۆیان ڕاگەیاند. چونکە کۆمۆنیستی بەلشەڤیک داکۆکی لەکەمایەتیەکان و نەتەوەی جولەکەی دەکرد و بواریان بۆ ڕەخساند لە ناو حوکومەت پۆست و بەرپرسیارییەتی وەربگرن. وە لەمەودوا بەیەک چاو سەیردەکرێن لەگەڵ نەتەوەکانی تری ناو ڕوسیاو مافی تەواویان پێ دەدرێ. وە بەتایبەتی ترۆتسکی و لێنین پاڵپشتی تەواوی جولەکە بوون بۆ مانەوە و پارێزگاریان لێ بکرێ .

ئەنارشیستەکانی ناو سووپای سپی ئۆکرانیا بریتی بوون لە نەتەوە پەرستەکانی ئۆکرانیا کە هەم لە دژی سووپای سوور و حوکومەتی مۆسکۆ شەڕیان دەکردو هەم هێزێکیان دروستکردبوو بۆ لەناوبردن و دژایەتی نەتەوەی جولەکە. زۆربەی جاران ئەگەر ڕێگایان بە شوێنێک بکەوتایە و لەو شوێنە گوندێکی جولەکەی لێ بوایە ئەوا قەتل و عامێکی باشی جولەکەکانیان دەکردو نەفەریان لێ نەدەهێشتنەوە. بەڵام حوکومەتی دامەزراوی ئۆکرانیای سەر بە سووپای سوور و مۆسکۆ هاوسۆز بوو لەگەڵ جولەکەی ئۆکرانیا هەربۆیە زۆربەی جولەکەکان بوون بەلایەنگیری دەسەڵاتی سوور . سەرۆکی نەتەوە پەرستەکانی ئۆکرانیا بەناوی سیمۆن پێتلیوڕە بوو(١٨٧٩-١٩٢٦). بۆ ماوەیەک وەک سەرۆکی کۆماری میللی ئۆکرانیا هەڵبژێردرا .کەسێکی سیاسی- سەربازی ناوداری ئۆکرانی بوو لەهەمان کاتدا بوو بەسەرۆکی سووپای وشکانی و دەریایی ئۆکرانیا .زۆرینەی حیزب و بزووتنەوە سیاسیەکانی ئۆکرانیا بۆ سەربەخۆیی وڵاتیان خەباتیان دەکرد پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری و لەدوای هاتنی بەڵشەڤیکە کۆمۆنیستەکان داوای جیابوونەوەی ئۆکرانیایان دەکرد لە ڕوسیا .تەنها تاکە حیزب لە ئۆکرانیا پاڵپشتی یەکپارچەیی خاکی ڕوسیایان دەکرد کۆمۆنیستە ئۆکرانیاکان بوون کە خۆیان دایە پاڵ سووپای سوور. بێجگە لەو سیمۆنە کەسایەتی تری بەناوبانگی ئۆکرانی تر هەبوون وەک "ماخنۆ" .

تەنها ئەو سیمۆنە زیاد لە ٥٠ هەزار جولەکەی کوشت. لەلایەن خۆیەوە سەربەخۆیی ئۆکرانیایی ڕاگەیاند لەساڵی ١٩١٨ تاوەکوو ١٩٢١ تا ڕادەیەک جیابوونەوەی ئۆکرانیا پێوەی دیاربوو لە ڕوسیا . بێجگە لەسیمۆن یەکێکی تر بەناوی ژەنەڕاڵ ئەنتۆن دینکین لە سووپای سپی هەبوو لەگەڵ سووپای سەوز کەبریتی بوون لەو جوتیارانەی

پارێزگارییان لە خاکی خۆیان دەکرد لەدژی ناحەزەکانیان ئینجا سوور بوایە یان هەر هێزێکی تر بووایە، بەڵام بەگشتی لەدژی سووپای سوور وەستان کاتێ زانیان زەوییەکانیان لێ زەوت دەکەن .

هێزی نەتەوە پەرست و ئەنارشیست و سووپای سەوز و سپی ئۆکرانیەکان بەهەموویان زیاد لە نێوان ٣٠ یان ٧٠ هەزار جولەکەیان کوشت. وە بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە ئەو ژمارەیە زۆر زیاترە لەنێوان ١٠٠ هەزار بۆ ١٥٠ هەزار جولەکە کوژرابێ لەنێوان ١٩١٨-١٩٢٣ لە ئۆکرانیا کە بە یەکێ لە جینۆسایدەکانی نەتەوەی جولەکە لەقەڵەم دەدرێ لە مێژوودا.

کاتێ سووپای سوور توانی ئۆکرانیا کۆنترۆڵ بکاو سیمۆن پێتلیورە ڕایکرد بەرەو فەڕەنسا، جولەکەکان بەدوای شوێنی نیشتەجێ و هاتووچۆی کەوتن تا توانیان لە بەر دەرگای ڕێستۆرانێک لە پاریس بیکوژن لەساڵی ١٩٢٦ لە تۆڵەی ئەو جێنۆسایدەی کردی بەرامبەر بەنەتەوەکەیان. بکوژی سیمۆن کەسێکی جولەکە بەناوی صاموئێل شڤارتسبوورد بوو کە خۆبەخشانە بەوکارە هەڵسا لەتۆڵەی ئەو هەموو تاوانانەی کە کراوە لە ئۆکرانیا لەکاتی حوکم و دەسەڵاتی شەڕی پارتیزانی سیمۆن لەدژی سووپای سوور و نەتەوەی جوو لەئۆکرانیا.

تەنانەت بکوژی سیمۆن بێتاوان دەرچوو کاتی هەندێک پارێزەری جولەکە داکۆکیان لە تۆلەسەنێرە جولەکەکە کرد .

لەدژی سووپای سوور و کۆمۆنیستەکان هەرچی خەڵکی چەقۆ وەشێن و شەللاتی و تاوانبارو دزو جەردەو شەقاوە هەبوون خۆیان دایە پاڵ بزووتنەوەی ئەنارشیستەکانی

ئۆکرانیا بەسەرۆکایەتی نەستۆر ماخنۆ( لە خێزانێکی جوتیاری هەژاری باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا لەدایک بووە) .

هێزی ماخنۆ کە لە ١٥٠ هەزار سەربازی نیزامی و غەیر نیزامی پێکهاتبوو بەهاوکاری سووپای سوور وەک هاوپەیمانیەک و بەرژەوەندی هاوبەش لەدژی سووپای ئەڵمانیا-هونگاریا واتە پرووسیا شەڕیان کردو سەرکەوتن، بەڵام پاش ئازاد بوونی ئۆکرانیاو پاکردنەوەی لە سووپای سپی و نەتەوەپەرستەکان و سووپای سەوز ئیدی گرژی و پێکداداان دروستبوو لەنێوان ئەنارشیستەکان و بەڵشەفیەکان .

ئەنارشیستەکان دەیانوت نابێ هیچ دەسەڵاتێک وەک دیکتاتۆر حوکم بکاو بەتایبەتی دژی حوکمی دیکتاتۆرییەتی پڕۆلێتاریایی بوون و لەگەڵ بەڕێوەبردنی خۆجێی بوون بۆ ئەوەی هەر ناوچەو هەر هەرێمێک بۆخۆیان هەڵبستن بە بەڕێوەبردنی خۆیان و بێ گەڕانەوە بۆ سێنتەر. ڕاوبۆچوونەکانی ئەنارشیستەکان شێوەیەک بوو لەحوکمێکی بەرەڵلای و هەرکەسەو بۆ خۆی بێ و جوتیاران هاوکاری یەکتر بکەن و ئازاد بن لەکارکردن و سەربە سێنتەر نەبن، مافی خوێندن و ئازادی تەواو هەبێ .
پاش ئەوەی سووپای ماخنۆ شکستی هێنا بەرامبەر بە سووپای سوور ئیدی ڕایکرد بەرەو سنووری ڕۆمانیا و چەند جارێک گیراو زیندانی کراو پاشان توانی خۆی بگەیەنێتە فەرەنسا.

ماخنۆ لە ٣ بەرگ یادەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە لەتەمەنی ٤٥ساڵی مردووە بەنەخۆشی سیل لەساڵی ١٩٣٤. هەر بۆ زانیاری خەڵکانێکی زۆر لەجیهان لەو ٤ سەدەی ڕابردووە لە ئەوڕوپا بەتایبەتی و لە جیهان بەنەخۆشی سیل مردوون و دەردە نەخۆشیەکی کووشندە بووە و کەسی نەپاراستووە .

هەرچەندە ماخنۆ خۆی لێ بێبەری کرد لەهەر تاوانێک ئەگەر کردوبیتی بەرامبەر بە کەمینەی مێنۆنایتس و جولەکەکان. بەڵام کەمینەی ئەڵمانی- هۆڵەندی کە نیشتەجێی خاکی پروسیا بوون پێش ٢٥٠ ساڵ لەوناوچەیەو هێندێکیان نیشتەجێی خاکی ئۆکرانیا بوون. مەزهەبی مێنۆنایتس شێوەیەکە لە پرۆتێستانیزم لە ڕیفۆرم بۆ مەزهەبی کاثۆلیکی کە زۆرینەی ئۆکرانیەکان کاثۆلیکن، هەر بۆیە ماخنۆ لە دژی ئەو مەزهەبە وەستاو زۆری لێ کووشتن، بەهەمان شێوە تاوانبارکرا لە کوشتن و قەتل و عامی جولەکەی ئۆکرانیا.

هەربۆیە جولەکەکان بوون بەلایەنگیری سووپای سوور، چونکە زۆربەی هێزەکانی تر لەدژی جولەکە بوون وە لێنین و ترۆتسکی دژی سێمیتیزم بوون و ڕێگایان نەدا لەدژی جولەکە قسە بکرێ یان هەڵسووکەوت بکرێ و لەپۆستی بەرز دانران. بەڵام ستالین بە پێچەوانەی ئەوان دژایەتی جولەکەی دەکردو زۆرجار بە تەنز و بە شێوەی سووکایەتی ناوی دەهێنان .

## لەکوێ ستالین جولەکەکانی نیشتەجێ کرد؟

هەرچەندە پارتی کۆمۆنیستی بەلشەڤیک بەهەموو شێوەیەک لە دژی ئایین و مەزهەب و تەنانەت زۆر لەگەڵ بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتی میللەتان نەبوو وەک حیزبێکی ئێیثیست( بێ باوەڕی ئایینی و مولحیدی، لادینی) خۆیان لەقەڵەم دەدا، بەڵام دیسان جولەکەیان قبوول کرد وەک نەتەوەو ئایینێکی جیا لەمیللەتانی تر مافیان هەبێ لە ئۆتۆنۆمی. بەڵام لێنین و ترۆتسکی ترسی ئەوەیان هەبوو فەڕەنساو ئینگلتەرەو ئەڵمانیا یاری بە هەستی جولەکەکانەوە بکەن لەدژی بەلشەڤیەکان و

دەریای ڕەش ببێتە بنکەی دەوڵەتە ناحەزەکانی بەڵشەڤیک هەربۆیە ڕەتیان کردەوە ئەگەر لەسەر خاکی ئۆکرانیا یان ناوچە سنورییەکانی ڕۆژئاوای ڕوسیا ئەو کۆمارە ئۆتۆنۆمیەیان بۆ دابمەرزرێنن، ئیدی هەر ئاوا ماوە تاوەکوو ساڵی ١٩٢٧ دیسان مەسەلەی ئۆتۆنۆمی بۆ نەتەوەی جولەکە هاتەوە باس، بەڵام ئەمجارە بڕیاریان دا لە شاری "بیرۆبیدجان" خودموختاریان پێبدەن کە دەکەوێتە ئاوایی "خەباڕۆڤسکی کرایی" بەئاراستەی "دالنی ڤەستۆک" واتە سەر سنووری چین بەلای کۆریای باکوور. لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە شوێنێکی پان و بەرین و دانیشتوانی کەم بووە، بۆ ئەوەی پڕی بکەنەوە بەخەڵک و ببێتە شوێنێکی پتەو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر ئەگەرێکی هێرشی ژاپۆن و چین و کۆریا بۆ سەر ئەو ناوچەیە ئەگەر داگیری بکا . هەربۆیە بەڵشەڤیەکان لەو ناوچانەی کە دانیشتوانیان زۆرە و خاکەکەی پڕە لەخەڵک هەڵسان بە ڕاگواستنی خەڵکی قەفقاز و ئۆکرانیاو ناو جەرگەی ڕوسا بۆ شوێنە دوورەکانی سەر سنوور بۆ ئەوەی ببن بە قەڵغان بۆ پاراستنی سنوورەکان. بە فەرمانێکی ستالین لەساڵی ١٩٢٨ بڕیاردرا جولەکەکانی ناو خاکی سۆڤیەت بگوازرێتەوە بۆ ئاوایی بیرۆبیدجان. بەتایبەتی لەساڵی ١٩٣٠ ئیدی بەزۆرەملێ و بەخۆشی و ناخۆشی جولەکەیەکی زۆری ڕاگواستەوە بۆ ئەو هەرێمە. بەگوێرەی سەرژمێری دوا ساڵانی چلەکان(١٩٤٠) نزیکەی ٤٦ هەزار جولەکەی لێ ژیاوە، ئیدی بەرەبەرە بەرەو کەمتر چووە. لەبەر ئەوەی شوێنەکە هێندە دوور بوو لە ئاوایی و شارستانیەتی جیهان هەربۆیە هێدی هێدی ڕایان کردووە لەو شوێنەوە. بەتایبەتی دوای مردنی ستالین ئیدی جولەکەکان یان بەرەو ئیسرائیل چوون یان بەرەو ڕۆژئاوا بوون بە پەناهەندەو کۆچیان کرد یان بەرەو شارەکانی تری سۆڤیەت گواستیانەوە. بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی ٢٠١٠ لەو کۆمارە ئۆتۆنۆمیەی بیرۆبیدجانە تەنها ١٧٦،٥٥٨ جولەکەی لێی

ژیاوە. وە پێم وابێ ئێستا ڕێژەکەی هێشتا کەمترە بۆ ساڵی ٢٠١٨. لەبەر ئەوەی ساڵ بەساڵ ژمارەی جولەکە لەو ناوچەیە ڕوو لەکەمی دەکاو بەرەو ئێسرائێل و ئەوروپاو شوێنێ تر دەگوازنەوە ئیدی لەساڵی ٢٠١٣ دوو هەرێمی دراوسێی خودموختاری جولەکەکان وەک خەبارۆڤسکی کرایی و هەرێمی ئاموور داوایان کرد کە بکەونە ناو ئەو دوو ناوچەیەی تر و ببن بە بەشێک لەوان چونکە ناوچەی جولەکەکان ئەگەر ئاوا بڕوا کەسی تێدا نامینێ مانای نیە هەرێمێک تەنها بەس بەناو خودموختاری هەبێ و دانیشتوانەکەی تێیدا نەژی. بەڵام بەهۆی ڕێفێراندۆمێک کە کرا لەو هەرێمە ئۆتۆنۆمیەی بێرۆبیدجانەی جولەکەکان دەنگیان بە نەخێر داو وتیان هەر سەربەخۆیی خۆمان دەوێ و حەزناکەین ببین بەبەشێک لە خەبارۆڤسکی کرای یان بەشێک لە هەرێمی ئاموور، لەگەڵ ئەوەش لەسەرووی ١٠٠ هەزارێک دانیشتوانە .

کۆچکردنی نەتەوە و کەمینەکانی ڕوسیای قەیسەری و پاش هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی بەڵشەفیک بۆ حوکم و دەست پێکردنی شەڕی ناوەخۆیی و پێشلکردنی مافی مرۆڤ و زەوتکردنی ماڵ و موڵک و زەوی دانیشتوان و خۆماڵی کردنیان ئیدی خەڵک ڕووی لە دەرەوی وڵات کرد. کاتێ دانیشتوانی وڵاتێک کۆچ دەکاو سەری خۆی هەڵدەگرێ ئەگەر ببینێ بەرپرسەکان تێخزاون لە گەندەڵی و دزینی سامانی وڵات و نایەکسانی وساختەکاری لە هەڵبژاردن و گوێنەدان بە هاوڵاتیان. ئیدی خەڵک ئینتیمای نامینێ بۆ نیشتمان و خاک و نەتەوە، بەڵکو لەکوێ ژیان و گوزەرانی دابین بکرێ و لە کوێ دڵی ئارام بگرێ و لەکوێ ژیانی بۆ ماڵ و منداڵی دابین بکرێ ئیدی ئەوێ دەبێتە نیشتمان و خاک و وڵاتی.

بە درێژایی مێژوو ئەو کارەساتانەی بەسەر مرۆڤەکان هاتووە لەو وڵاتانەی کە ناچار بوون وڵات و زێدی خۆیان بە جێ بهێلن ئیدی سەری خۆیان هەڵگرتووە و

گواستوویانەتەوە بەرەو وڵاتێکی تر کە شوێنەکە ئارامتربێ، ئیدی زێدی خۆیان لەبیرکردووەو دەگەن بەقەناعەتێک کە ببن بە ئەندامێکی نوێی ئەو کۆمەڵگا نوێیە .

زۆربەی خەڵکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لەنێوان ساڵانی ١٨٢٠-١٩٢٠کۆچیان کردووە. وە لەنێوان ساڵانی ١٨٦٠-١٩٢٠ ئەوروپای ڕۆژهەڵات و باشوور ڕوویان تێکردووە .

تەنها لەماوەی ٢٤ ساڵ لەنێوان ١٨٩٠-١٩١٤ زیاد لە ١٥ ملیۆن خەڵک کۆچی کردووە بۆ ئەمەریکا زۆربەی لە ئەوروپاوە هاتوون. تەنها لەساڵی ١٩٠٧ بەڕێژەی ١،٥ ملیۆن خەڵک ڕووی لە ئەمەریکا کردووە.

بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان زۆر ئاسان بوو کۆچکردن بۆ کیشوەرێکی وەک ئەمەریکا . ئەوکاتە سواری کەشتی بەو هەر لە بەندەری نیۆرک یان هەر شوێنێک کە دادەبەزیت تەنها نەخۆش نەبیت و سیل و طاعون و نەخۆشی نەهێنیت بۆ ئەو وڵاتە ئەگینا دەرگا کراوەبوو بۆ کۆچبەران .

ئیتالیەکان هەر لەسەرتای سەدەی بیستەوە لەبەر قات و قڕی و برسیەتی و شەڕی جیهانی یەکەم بە ملیۆنەها ئیتالی ڕوویان لە دەرەوەی وڵات کرد بەتایبەتی کیشوەری ئەمەریکا .

ئایریشەکان بەتایبەتی و سکۆتش و ئینگلیز ڕوویان لە کیشوورەی ئەمەریکا کرد بەهەمان شێوە لەبەر بێ کاری و ڕوخانی ئابووری وڵات و ئاژاوەی مەزهەبی

یۆنانیەکان بەهەمان شێوە لەهەمان سەدەو هەمان ساڵانی پاش جەنگی یەکەم ڕوویان لە کیشوەری ئەمەریکا کردووە و پاش شەڕی ناوەخۆیی ساڵانی ١٩٤٦-١٩٤٩ دیسان بووە ماڵوێرانی و تەنانەت ڕوویان لە سۆڤیەت کرد. بێگومان ستالین زۆربەی زۆری لەو یۆنانیانەی ڕەوانەی ئوزبێکستان و قازخستان و کۆمارە سەقەتەکانی کردوو و ئیدی مۆڵەتی گەڕانەوەشی پێنەداون بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان یان ئەگەر لە وێوە

بتوانن کۆچبکەن بۆ وڵاتێکی تر لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری هەڤاڵی بارگرانی کۆمۆنیستی یۆنانی بوون. بێجگە لەمە بە ملیۆنان یۆنانی ڕوویان لە لاتین ئەمەریکا کرد بۆ ژیان و زۆرینەیان لە کەنەداو ئەرجەنتین گیرسانەوە.

هونگاریەکان؛ فینلەندی نەرویجی و سێرب و کروات و ئەلبان و مەکەدۆنی هەر لە کۆتایی سەدەی ۱۹ هەمەوە بەرەو کیشوەری ئەمەریکا هاتوون .

ئۆکرانیەکان بە چەند کەشتیەکی گەورە و زۆرینەیان لەڕێگای هاوپەیمانی ئەتلانتای ئینگلیز و فەرەنسی گواسترانەوە بۆ کیشوەری ئەمەریکا لەدوای شۆڕشی بەڵشەڤیک. تەنها بەس بۆ کەنەدا ئەوکات زیاد لە ۱۰۰ هەزار ئۆکرانی هاتن و وەک کۆڕەو . پێش ئەمە ۲ ملیۆن جولەکە تەنها لەناوچەی ئۆکرانیاو بێلەڕووس و باشووری ڕوسیا کۆتایی سەدەی ۱۹ بەرەو کیشوەری ئەمەریکا هاتن .

## چەند وشەیەک دەربارەی پەڕتووکی ئەندرێ دیکی

بەهاتنی بەڵشەفیکیەکان هەر کەسێ لە چین و توێژی نبلاء و بەگزادەو دەرەبەگ و پرۆفیسۆر و مامۆستای قات و بۆینباغ و کەسانی خاوەن پایە بەرز و ڕێز و خانەوادەی بەناوبانگ بوایە ئەوا بەربەرەکانیان دەکردن و لەناو کوچەو شەقامەکان گاڵتەو سووکایەتیان پێ دەکرا . زانیاریم هەیە کە بەهەموو شیوەیەک هەوڵیان داوە بۆرژوا و وردە بۆرژواو ئۆپۆرتۆنیست و قەیسەرییەکان و قەشەو ئایینداراەکان نەهێلن لەناویان بەرن. بەڵێ بەڵشەڤیکیەکان بەربەرەکانی هەموو مێژووی ڕابردوو و کوولتوورو شارستانیەتی کۆنی ڕوسیاو پێش بەڵشەڤیکەکانیان کردووەو هەوڵیان داوە بیسڕنەوە. تەنانەت چەندەها کۆپی گرانبەهای دەقی مەسیحیەت و ئەرشیڤی قەیسەر هەیە بەفەرمی لەلایەن مەکتەبی سیایسی حیزبەوە فرۆشراوە بەپارەیەکی ڕەمزی بە

مۆزەخانەکانی ئینگلتەڕاو فەڕەنسە لەبڕی بڕە پارەیەک بتوانن خۆیان بەڕیوە ببەن. تالانکردنی دەستمایەی شارستانیەتی کڵێساکان و گەنجینەی قەیسەریان دەفرۆشت لەمەزاتخانەکانی جیهان ، ئیستا ڕوسیا باسی ئەو تاوانە گەورەیە دەکا، کە پێشتر باسیان لێوە نەدەکرد و حاشایان لێ دەکرد. بەڵشەڤیکیەکان هێندە کاری نەشیاو و نادادپەروەرانە و نامرۆڤایەتیان کردووە، ئیدی مرۆڤی سەردەم کاتێ ئەو باسەی خوارەوە دەبیستێ بەڕاستی شەرم لە مرۆڤ بوونی خۆی دەکاو قێز بکا لەهەموو بیرو باوەڕ و ئایدیۆلۆژیایەک .

ڕاستە لەولاتی چین سەردەمی ماوتسی تۆنگ، لە کەمبۆدیای- پۆلپۆتۆ زۆر خراپتر کراوە تەنانەت کەسێک سەعاتێکی لەدەست بوایە، یان قات و جلێکی ئەوڕوپی یان تەنانەت چاویلکەی لەچاو بکردایە ئەگەر نەکوژرابوایە ئەوا حەسیر مەیدانێکی باشیان دەکردو بەنیوە مردوو لەو ڕێگایانە فڕێیان دەدا کە گوایە چاویلکە نیشانەی بۆرژوازیەتەو کەسێکی ئۆپۆرتۆنیستە و ئەو کەسە دەخوێنێتەوە. ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیری نیشانەی مشەخۆری و خۆپەرستی و بۆرژوازییانەیە و نابێ هیچ پەڕتووک و بەرهەمێک بخوێنیتەوە لەکەمبۆدیا تەنها کتێبەکانی ماو و مارکس و ئێنگلس و وتارەکانی پۆلپۆتە نەبێ. . ئا لەو حاجیاتانە .

لینکی ئەو سەرچاوەیە وەک پی دی ئێف لەشێوەی پەڕتووک بۆ کەسانێ کە زمانی ڕوسی دەزانن و لەگەڵ وێنەی ئەو لاپەڕەی کەباس لەو کارە نامرۆڤانەی بەڵشەڤیکیەکان دەکا لەخوارەوە دامناوەو بەهێلی سوور لەژێرییەوە ئاماژەم پێکردووەو ئەو بڕگەیەم وەرگێڕاوە .

ئەندرێ دیکی" جولەکە لە ڕوسیاو یەکیەتی سۆڤیەت". چاپی یەکەم نیۆرۆک چاپی ١٩٦٧ چەند جارێک چاپکراوەتەوە، بەڵام بۆ جاری یەکەم لە ڕوسیا لەساڵی ١٩٩٤

چاپکراوە و کتێبەکە ٦٠٨ لاپەڕەیە. خودی نووسەر بەڕەگەز ئێمیگڕانتێکی ڕوسە و پاش شۆڕشی بەڵشەڤیک ڕوسیای بەجێ هێشتووە و چالاکوانێکی سیاسی و سەربازی دژی حوکومەتی بەڵشەڤیکی کردووە. ئەندرێی لەخێزانێکی بەگزادەی دەوڵەمەند لەدایک بووە. چەند کتێبێکی تری هەیە. بەڵام ئەم کتێبەی پڕ لەزانیارییە، تەنانەت سەڵجەنیتچین و ڤەدیم ئەبڕامۆڤیتش سوودیان لەم کتێبە وەرگرتووە و لەبەرهەمەکانیان ئاماژەیان بەم پەڕتووکە کردووەو لەدوای بیرۆێسترۆیکا زۆر الأطروحە و لێکۆلینەوەی لەسەر ئەم پەڕتووکە کراوە. یەکێکە لە دەوڵەمەندترین پەڕتووک بۆ زانیاری دەربارەی مێژووی جولەکە لە ڕوسیاو ژیانیان لەکاتی قەیسەر و تاوەکوو دوای خرۆشۆڤ و سالانی شەستەکان زۆر لایەنی گرینگی ناوخۆی ولات باس دەکا . هەرچەندە کەمتر باسی ئەو جولەکانە دەکا کە ڕایانکرد بۆ دەرەوەی ڕوسیا و ژیانی هەندەرانیان و کەمتر خۆی لەسیاسەتی دەرەوەی بەڵشەڤیەکان دەکا، بەڵام پەڕتووکێکی زەنگینە بۆ مێژوونووسانی کوردو ڕوسی زمان .

ئەندرێ دیکی لەپەڕتووکەکەی بەناوی" جولەکە لەڕوسیاو یەکیەتی سۆڤیەت"
لەلاپەرە 151 دەڵێ :

" ئیمتیازات و پێگەیەکی تایبەت بە قووتابیە جولەکەکان درابوو. لەساڵی ١٩٢٣ کاتێ لەهەموو ڕوسیا دەستکرا بە دەرکردنی قوتابیان بەکۆمەڵ لەسەر بنەمای بنەچەو ڕەگەز و نەژاد. تەنانەت هەندێک قوتابی لە دوا قۆناغی خوێندن و دوا سیمێستەریان بوو. قوتابیەک دەردەکرا ئەگەر سەر بە چینی پڕۆلێتاریا( واتە لەچینی هەژارو ڕەش و ڕووت) نەبوایە. کوڕانی نەک تەنها سەر بە بەگزادەو دەرەبەگ یان ئەفسەر و مووچەخۆری قەیسەر و حوکومەتی کاتی و بازرگان و خاوەن کارگەی پیشەسازی بوایە، بەڵکو خەڵکانی لەپیشەی سەربەخۆ و ڕۆشنبیر و پیاوە ئایینیەکان(قەشە) و دیاکۆن و

خزمەتکارەکان(مەبەستی لەوەیە پلەیەک و چەند پلەیەک خوارتر لەقەشەی ئایینی ناو کلێساکانی مەسیح کە کاریان کردووەو پەروەردە دەکران بۆ ئەوەی ببن بە قەشە لەدوا ڕۆژدا . بۆ ئەوەی زیاتر روون بێ مەبەستی لەچیە؟ وەک نموونەی ئیسلام بهێنمەوە هەروەک چۆن لە ئیسلام و فەقێ و موریدەکانی مزگەوت و تەکیە خزمەتکار لە ناو مزگەوتەکان هەیە ئا ئەو جۆرە پلەو پایەیەکە لە ئایینی مەسیحیەتی ئەرثەدۆکسی ڕوسیا ) هەر هەموویان دەرکران و دوورخرانەوە و بێ ماف پێدان تا بتوانن بچنە ناو هیچ دام و دەزگایەکی خوێندن و پەروەردە. هەربەهۆی ئەمەوە ڕۆژانە لەچاپەمەنیەکان بڵاودەکراوە زۆر حاڵەتی خۆکوشتن لەنێوان قووتابیانی دەرکراو لەدام و دەزگاکانی خوێندن هەبوو. بەڵام جولەکەیان دەرنەدەکرد هەربۆیە خۆکوشتن لەسەر ئەم بنەمایە ڕووی نەدا " .[99]

لینکی ئەم پەڕتووکە لەبەشی سەرچاوەکان لە خوارەوە دادەنم دەتوانن وەک پی دی ئێف بۆ داونلۆد کردن بەزمانی ڕوسی .

---

[99] - ئەندرێ دیکی لەپەڕتووکەکەی بەناوی" جولەکە لەڕوسیاو یەکیەتی سۆڤیەت".چاپی ڕووسیەکەی لاپەڕە- ١٥١

# مێنێنایست و ئامێشەکان کێن؟

ئامێش و مێنێنایستەکان سەر بە ڕەوتی ئەناباپتیستن ئەویش لە مەزهەبی پڕۆتێستانتەوە دەرچوون و پەیڕەوی بابتیزم دەکەن. واتە ئەگەر هەر لەمنداڵیەوە تۆ کراویت بە مەسیحی ئەوا کاتێ گەورەبوویت تۆ دەبێ جارێکی تر بشووریێیتەوە بەئاوی پاکی مەسیحە بۆ ئەوەی باوەڕی بهێنیتەوە بە پاکی مەسیح و بەمەسیحی بوونی منداڵی تۆ ئێکسپایەر بووەو دەبێ لەکاتی باڵغ بوونی تۆ جارێکی تر ئەو مەڕاسیمە بکەیتەوەو لەئیمانەوە قەناعەتی پێ بهێنین نەک لەڕێگای تەقلیدی خێزانیەوە کە هەر لە منداڵیەوە دەیکەن بە مەسیحی .

ئامێشەکانی ئێستا لە جیهان بە ٣٠٠ هەزار کەس سەرژمێر دەکرێن. زۆرینەیان لە کیشوەری ئەمەریکا دەژین هەر لەکەنەداوە تاوەکو ئەرجەنتین پەرت و بڵاوبوونەتەوە و هەروەها لە باشووری ئەفەریقاو کێنیا و چەند وڵاتێکی تری ئۆکرانیا و ئەوروپا و هێندیک وڵاتانی تر

مێنێنایستەکان ئێستا لەجیهان بە ٢ ملیۆن و ١٠٠ هەزار کەس سەرژمێر دەکرێن. بەهەمان شێوەی ئامێشەکان زیاتر لە کیشوەری ئەمەریکا دەژین و هەندێکیان هێشتا ماون لە ئۆکرانیا و ئەوڕووپا.

هەردوو ڕەوت واتە ئامێش و مێنێنایستەکان لە ژیانێکی سادە دەژین هەم لە جل و بەرگ و قسە کردن و ڕۆیشتن و گووزەرانیان. هەروەک بڵێیت ئێستا ئەوان هێشتا لە سەدەکانی نێوەڕاست دەژین. ژنەکانیان زۆر هۆگری مێردن و لەژێر فەرمانی مێردیان دەرناچن و منداڵەکانیان گوێڕایەڵی باوک و دایکن. مۆسیقاو دانس و ئەو بەزمانەیان

نیەو پەردەی کچێنی گرینگە لەکاتی مارەکردن و حەز بەشار ناکەن و دوور لە شار دەژین خۆیان دوورە پەرێز دەگرن لەهەموو داهێنانێکی شارستانی .

ئامێشەکان زۆرینەیان ئەڵمانی و هۆڵەندین بەرەسەن .

جیاوازی مێنێنایستەکان لەگەڵ ئامێش ئەوەیە ڕێگە پیدراوە ئامێری تراکتۆر و ئامێری جل و بەرگ شووشتن( غسالة) و تەلەفۆن بەکاربهێنیت. تەنانەت ڕێگە بەئەندامەکانی خۆی دەدا بچن بۆ کۆلێژ و ببن بە سیستەر( ممريضة)، تەنانەت بۆ بازاڕکردن دێن بۆ شار و ماشین لێخوڕین ، کەچی ئامێشەکان خۆیان دوور لەشار دەگرن و ئەگەر پێویستیان بەشتێک بێ لەشارێکی بچووک گووندەکەیان ئەوان بە سواری ئەسپ و عارەبانە دێن و تەنکۆلۆژیا بەکار ناهێنن .

ئامێشەکان کارەبا بەکارناهێنن و هەرکاتێ کوڕێکی ئامێش ژنێکی ئامێشی خواست ئەوا دەبێ ڕیش دابنێ و بەڵام سمێل دانانێ. منداڵەکانیان تەنها ڕێگە پێدراوە بخوێنێ لە قوتابخانە بۆ قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی. ئەگەر ژن سووڕی مانگانەی هەبێ ئەوا پیاوەکان لێیان نزیک نابنەوە، تەنانەت لەسەر یەک مێز نان ناخۆن، دەبێ ژنەکە بچێ لەشوێنێکی دوور لە مەجلیس دابنیشێ و خواردن بەتەنیا بخوا و تێکەڵ نەبێ، چونکە بەپاکی نازانن. هەروەک لەعادەت و ئاییني جولەکەش هەر ئاوایە. لەئیسلام کەمترە بەڵام دیسان ژنی سووڕی مانگانە بە پاک لەقەڵەم نادرێ . هەم ئامێش و هەم مێنێنایستەکان دەست ڕەنگینن لەکارەکانیان بەتایبەتی لە دروستکردنی قەنەفەو کورسی و دارتاشی .

ئامێش و مێنێنایستەکان باوەڕیان وایە کە وەحی بەردەوامە و بیروباوەڕی ئاییینیان-تاکەکان بەبەردەوامی ڕاستیەکان بۆ ئاشکرا دەبێ بە ڕاستەخۆی لەلایەن اللەوە. هەردووکیان لەگەڵ ئاشتین و حەز لە توندوو تیژی ناکەن و دژی شەڕ و کووشتارن .

لە ئینجیلی جۆن ١٣ و بەشی ١- ١٧ هاتووە دەڵێ : ئەگەر اللەو مامۆستاکەت پێی تۆیان شووشت ئەوا تۆش دەبیت پێی ئەوانی تر بشۆیت. ." هەر لەسەر ئەم ڕێنماییە مێنێنایستەکان پێی یەکتر دەشۆن. ئەگەر یەکێ توندوتیژی لەگەڵت بەکار هێنا ئەوا نابێ تۆ دەست بکەیتەوە وەڵامی بدەیتەوە، بەڵکو ئەگەر پێویست بکا بتکوژێ تۆ نابێ دەست بکەیتەوە .

مێنێنایستەکان شوێن کەوتەی مێنۆ سیمۆنس لە فریزلاند(١٤٩٦-١٥٦١) لە هۆڵەندا لەساڵی ١٥٣٦ بوون. لەسەرەتای سەدەی ١٧ یارمەتی پوریتانیەکانی (پاکەکان- جوداخوازو سەربەخۆ بوون لە کڵێسا)ی ئینگلتەرایان دەکرد ڕزگاربن لەدەست ئینگلیز لە کاثۆلیک و پڕۆتێستانتەکان بەرەو شوێنێکی ئارامیان دەبردن و دەیان شاردنەوە و گەلێکیان هاتن بۆ ئەمەریکا لە ویلایەتی مەساتشوسێت جێگیربوون، چونکە ئەو دوو مەزهەبە( کاثۆلیک و پڕۆتێستانتەکان) زۆر بەشێوەیەکی نامرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن .

ئامێشەکان لقێکە لە پەیڕەوانی مێنێنایستەکان و لە سویسرا لەسەر دەستی یاکۆب ئەممان دروستبووە و دیسان لەلایەن کاثۆلیک و پڕۆتێستانتەکان بەشێوەیەکی وەحشیانە دەچەوسێندرانەوە، هەربۆیە زۆربەی ئامێشەکان ڕوویان لە ئەمەریکاو کەنەدا و لاتین ئەمەریکا کردووە بۆ ئەوەی لەدەست زوڵمی ٢ مەزهەبی سەرەکیەکە ڕزگاربن .

# چەند وشەیەک دەربارەی بوخارین

بوخارین لەسەرەتای ئینقلاب ۱۹۱۷ تاوەکوو ۱۹۲۱ بە کەسێکی باڵی چەپی توندڕەوی ناو حیزبی بەڵشەڤیک لەقەڵەم دەدرێ. بەڵام لەدوای ئەو بەروارەوە ۱۸۰ پلە دەگۆڕێ بۆ باڵی ڕاستڕەوی ناو حیزب.

بوخارین بەهەمان شێوەی ترۆتسکی تاکۆتایی ۱۹۲۱ باوەڕی بە "پەیامی شۆڕشی جیهانی " هەبووە .

لێنین لەسەر بوخارین دەڵێ :

" کەسێکی بیرمەندە نەک کەسێکی گوێڕایەڵیی بێ. بوخارین بۆ ڕابەرایەتی دەست نادا، چونکە کەسێکی زبر و دڵرەق و بێ ڕەحم نیە". مەبەستی لێنین لەوەیە کەسێک بۆ ڕابەرایەتی دەبێ توندوتیژ و زبر و بێویژدان بێ و یەک و دوو نەکا بۆ فەرمانی کوشتن، بەڵام پێدەچێ لێنین ئەو سیفاتەنەی لە بوخارین نەدۆزیوەتەوە .

بەهیچ شێوەیەک حەزی نەکردووە کە لێنین پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئەڵمان ببەستێ و کۆتایی بەجەنگی جیهانی بهێنێ بە گوێرەی ڕێککەوتنی برێست لیتۆڤسک. لەبڕی ئاشتی هەڵبستێ تەعویزاتی شەڕ بدا بە ئەڵمان بۆ کۆتایی هێنان بەو شەڕەو هەندێک لە خاکە سنووریەکانی ڕوسیا بکەوتە ژێربەرژەوەندی ئەڵمانیا.

سۆشیال- دیموکراتی ئەڵمانیا لەنیوان ساڵانی ۱۹۱۸-۱۹۲۰ بەشداری حوکومەتێکی ئیئتلافیان کرد لەگەڵ چەند لایەنێکی تر. تەنانەت ڕادیکال و ڕۆزا لوکسێنبێرگیش بەشداریان تێدا کرد.

پارڤووس دەڵێ: بەڵشەڤیەکان حەزیان نەدەکرد لەو دانووساندنانە ئەندامانی سۆشیال- دیموکراتەکانی ئەڵمان بەشداری بکەن، چونکە ترسی دەست تێوەردانیان

هەبوو لە پرۆسەی ئاشتییان لەگەڵ ئەڵمان. هەربۆیە بەڵشەفیەکان زیاتر حەزیان دەکرد لەگەڵ دیپلۆماتە کۆنەپەرستەکان دابنیشن و سازش بکەن. لەهەمان کات دا بەڵشەڤیەکان داوایان لە سۆشیال- دیموکراتەکانی ئەڵمان دەکرد پاڵپشت و لایەنگیری شۆڕشی بەڵشەڤیک بن و لەدژی وڵاتی خۆیان پڕۆپاگەندە بکەن بۆ ئەوەی سووپای ڕوسیا سەربکەوێ و بەسەر ئەڵماندا و شکست بهێنێ لەو شەڕە، کەچی ئەوان ڕەتی پاڵپشتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیەکانیان دەکرد لە خەباتی پەڕلەمانیان. لەئەنجامی ئەوە بووە هۆی هەڵوێستیان بەرامبەر بە بەڵشەڤیەکان.[100]

تەنانەت بوخارین داوایکرد کە پێویستە هەرچی پرۆلێتاریای جیهان هەیە چەک هەڵبگرێ و شەڕی هێزی ئەتلانتا( فەڕەنساو ئینگلیز. .هتد)و لەگەڵ ئەڵمانیا لەلایەکی تر بکەن. بەکوردی و کورمانجی بیلێین، بوخارین پاش سەرکەوتنیان بۆ سەر حوکم دەیویست شەڕی دارو بەرد بکا بۆ پەیامی شۆڕشی پڕۆلێتاریای جیهان. تەنانەت هەندێک لە هەوادارانی پێشنیاری بوخارینیان کرد کە بچن لێنین بگرن لەبەرئەوەی ئەو ڕێککەوتنە شوومەی کردووە لەگەڵ ئەڵمان. چەند ڕاستە هیچ بەڵگەیەک لە ئەرشیڤ نیە تەنها ئەوە نەبێ بەگوێرەی شانۆگەرییەکەی ستالین لە دادگایی کردنی بوخارین یەکێ لەو تۆمەتانەی خستیە پاڵیەوە کە بەنیاز بووە بچێ لێنین بگرێ لەبەر ئەوەی ڕێککەوتنی لەگەڵ ئەڵمان کردووە .

پاشان بوخارین هەموو هیوایەکی بەو هێزە کۆمۆنیستانەی وڵاتانی ئەوڕوپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوو کە شۆڕش بکەن و لەلای خۆیانەوە حوکم وەربگرن هەروەک

---

100 ـ پارڤووس:-" لە تێکۆشینەوە بۆ ڕاستی". لاپەڕە- ٢٩

ئەوان کردوویانە، بەڵام لەهیچ کام لەو دەوڵەتانە کۆمۆنیستەکان نەک لە ڕێگای هەڵبژاردنەوەو نە لە ڕێگای خۆپێشاندان و کودەتاوە نەیانتوانی بێنە سەرحوکم. ئیدی بوخارین بێ هیوا بوو لەچارەنووسی پرۆلێتاریای جیهان بێنە سەرحوکم .

لەساڵی ١٩٢١ بەدواوە بیروڕای گۆڕاو نەرمی نواندن و کەوتە باڵی ڕاستڕەوی ناو حیزبەوەو گەیشتە قەناعەتێک کە پێویستە لێرەوە( لە ڕوسیاوە) دەست بکرێ بە بنیات نانی دەوڵەتی کۆمۆنیست و لێرەوە بڵێسەی ئاگری شیویعیەت بەهەموو جیهان بڵاوببێتەوە. واتە شۆڕش لەیەک دەوڵەت بەرپابێ و سۆڤیەت ببێتە قەڵای شۆڕش. ملکەچی بەرنامەی "نێپ"ی لێنین بوو.

لەدوای مردنی لێنین لە ساڵی ١٩٢٤ بوخارین کرا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب. لێرەوە ڕکابەری لەسەر دەسەڵات دروست بوو. بوخارین خۆی دا پاڵ ستالین هەروەک کامینیێڤ و زینۆڤییێڤ لە دژی ترۆتسک و تەنانەت خۆی زیاتر نزیک کردەوە. لەدوای ١٩٢٦- ١٩٢٨ دەسەڵاتێکی تەواوی هەبوو دوای ستالین و بوو بە ئەمینداری گشتی کۆمێنتێرن .

## بوخارین - تاکتیک و ستراتیژیەتی جیاواز لەستالین

ڕاوبۆچوونی لەگەڵ ستالین یەکی دەگرتەوە بۆ دامەزراندنی کۆمۆنیزم یەک دەوڵەت.

پاشکەوتووی پێش قۆناغی سەرمایەداری وەک ڕوسیای کشتووکاڵی دەرەبەگ و شۆڕش هەناردەی دەرەوە نەکرێ مادام شۆڕشەکانی جیهانی سەرمایەدار شکستی هێنا .

بوخارین بوو "بیرۆکەی سۆشیالیزم لەیەک وڵات" ی دارشت، بەڵام کاتێ ستالین تەواو

حوكمی گرتەدەست وتی ئەو بیرۆکەیە هی من و بوخارینەو پێکەوە داامانڕشتووە،بەڵام پاش کوشتنی بوخارین ئیدی خۆی کردە بە خاوەن بیرۆکەکە بەتەنیا.

بوخارین بەباڵی ڕاستڕەوی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لەقەڵەم دەدرێ. بوخارین لەگەڵ زۆرەملێی جوتیاران نەبوو بۆ کاری هەرەوەزی و لە ئۆردووگای زۆرەملێ بەناوی کەلخۆز و سەڤخۆز کار بکا بۆ بڕە نانێک، بەڵکو باوەڕی وابوو بۆ مەسەلەی کشتوکاڵ جووتیاران پێویستە لە سیستەمێکی کۆپەرەیشن کاربکەن بە هەماهەنگی لەگەڵ حوکومەت. واتە جوتیاران کۆمپانیای خۆیان هەبێ و بەهاوکاری حوکومەت بەرهەمەکانیان بفرۆشنەوە، دیسان مانای وانیە بازاڕی ئازادە نەخێر، بەڵکو لەژێر چاودێری حوکومەت دەبێ کاتێ بۆخۆیان کار دەکەن، بەڵام دیسان وەک بیرۆکەی منصور حیکمەتی نیە، کەلای ئەو هەموو شتێک جوتیارو کرێکار بۆخۆیان بڕیار دەدەن و دەیفرۆشنەوەو سەرمایەداری حوکومەتی نیە .

بەهەمان ڕێگە بۆ کرێکاران، بوخارین بڕوای وابوو کرێکاران دەتوانن کۆمپانیای خۆیان هەبێ( شرکة التعاونیة) لەتەک حوکومەت یارمەتی و چاودێری بەرهەمیان بێ. بوخارین لایەنگیری نێپ'ی کرد، واتە سیاسەتی ئابووری نوێی لێنین.

ڕاستە ستالین لەدوا قۆناغ سیاسەتی ئابووری و بەرگری و وڵاتی خستە قۆناغێکی پیشەسازی و سەرکەوتنی بەدەست هێناو لەڕووی کشتووکاڵ و بەرهەمەوە زۆر سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام لەژێر فشار و داپلۆسین و زۆرەملێ توانی جوتیاران بخاتە سیستەمی کۆموونەی بەرهەم هێنانی کەلخۆز و سەڤخۆز .

زۆرێک لە هەڤاڵانی بارگران لە تەڤگەڕەکان دەڵێن :

ئەی ئەوە نابینیت ستالین وڵاتی پێشخست لەدەوڵەتێکی دەرەبەگایەتی و پاشکەوتووەوە کردی بە وڵاتێکی پێشکەوتوو؟ بەڵێ ! بەڵام بە چ قوربانیەک؟ چەند کەس بوونە قوربانی ئەو سیاسەتە خوێناویەی؟

ئەگەر وابێ فیرعەونیەکانی میصریش کارێکی باشیان کردووە. کۆیلەکانی بەکارهێنا بۆ دامەزراندنی گەورەترین شارستانیەت، بەڵام بە چ باجێک ، چەند مرۆڤ کرا بەکۆیلە بۆ پڕۆژەکانی فیرعەونەکان .

ماوتیسی تۆنگ وڵاتی بەرەو کاول بردن برد تەنها بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ سیاسەتی ئابوورییەکەی سەرکەوتووە، کەچی قڕان و برسیەتیەکی بەدوای خۆی داهێنا . چین لە گوندەکان باجی سیاسەتی چەپەڵی ماوتسی تۆنگیان دەدا . چەند ساڵێک پاش مردنی ماو ئینجا بەهاتنی دێن سیاوپین وەزعەکە گۆڕا.

واتە مەرج نیە بە زۆرو زۆرەملێ و بە خوێن و کوشتن سەرکەوتوویی خۆت بسەپێنیت، بەڵێ مرۆڤ بەکار بهێنیت بۆ حەزەکانی خۆت و سەلماندنی ڕاوبۆچوونەکانی خۆت و گرینگ نەبێ چەند قوربانی لێ دەکەوێتەوە، ئیدی لای من ئەوە لووتکەی فاشیەتە!

گەلێک سەرچاوەی بێگانەو ڕوسی هەن، بەڵام من زیاتر حەزم کرد ڕوسیەکان بەکاربهێنم بۆ دەستەواژە و بەیاننامەکانی ناو حیزب و کۆنگرەکانیان کە چۆن دەرباز بووە و هەندێک لەو بڕگانەم داناوە لەخوارەوە و لەگەل لینکی سەرچاوەیەک کە زۆر بە دووروودرێژی باسی خیلافەکانی ناو بەڵشەڤیکیان کردووە.[101]

---

101 http://stalinism.ru/elektronnaya-biblioteka/stalin-ekonomicheskaya-revolyutsiya.html?start=7

# ناکۆکی نێوان بوخارین و ستالین

لەسەر ئەو چەند خاڵانەی خوارەوە کورت کراونەتەوە و وێنەکەیشم داناوە لەخوارەوە لەبەشی سەرچاوە. بوخارین بیرووڕای وابوو کە

١ - جووتیار ناچێتە ناو کەلخۆز .

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لە مانای کەلخۆز لەدید و ئایدیۆلۆژییەتی ئابووری سیاسی کۆمۆنیزم بۆ خوێنەری کورد .

کەلخۆز بریتیە لە سیستەمی کۆموونە، کاری هەرەوەزی، کرێکارەکان پێکەوە بەرهەم دەهێنن و یارمەتی یەکتر دەدەن بۆ بەرهەم هێنان و دروونەوەی بەروبوومیان و حوکومەت سەرپەرشتی کارکردن و وەرگرتنی بەرهەمیان دەبێ، لەبڕی ئەوە هەندێک کەلوپەل و ئامێر و لەتێ نانێکیان پێ دەدا، واتە قازانج و پاشەکەوتی بەروبوومیان نابێ، بەڵکو جوتیارەکان لەشێوەی کرێکار کاردەکەن بۆ حوکومەت و خاوەن موڵک و زەوی نابن .

ئەی سەڤخۆز چیە؟

جیاوزی لەسەڤخۆز ئەوەیە کەلخۆز جوتیارەکان هەندێکیان دەتوانن خاوەنماڵ و هەندێک ئاژەڵ بن وەک سەگ و هێندێک بەراز، بەڵام لە سەڤخۆز بێ خاوەندارییەتیەو زۆرینەی ئەوانەی لەکەرتی بەرهەم هێنانی سۆڤیەتی کاریان دەکرد ( سەڤخۆز)، ئەوانە ڕاستەوخۆ لە سیستەمێکی دەوڵەتی سۆڤیەت کاردەکەن هەموویان کەسانی نەدار و هەژار و بێ موڵک و حاڵ بوون و نەخاوەنی بەرازێکن و نەئاژەڵ و ماڵیان هەیە بەڵکو لە مجمعاتی سکنی دەژین .

٢ - بەتین گەشەپێدانی دامەزراندنی سیستەمی کەلخۆز تەنها نیگەرانی گشتی لە برسیەتی و قات و قڕی و ناڕەزای جووتیاران و لێکدابڕان دروست دەکا نەک یەکیەتیەک لەگەڵ کرێکاران دەهێنێتە ئاراوە .

٣ - دەروازەی پێشکەوتنی سۆشیالیزم لە گوندەکان کەلخۆز نیە بەڵکو کۆئاپە( تعاونیة) واتە کۆئۆپەرەیشنە.

٤- گەشەپێدانی کەلخۆز و هێرش کردنە سەر توخمی سەرمایەداری جوتیاران( مەبەستی لە کولاک و جووتیارانی خاوەن زەوی و بەرهەمی خۆیانە) لەوانەیە ولات بەرەو برسیەتی ببا.

ستالین ئەو خالانەی بوخارینی ئاوا وەصف کردووە :

هەموی ڕووخاو پەرتەوازە بوو وەک خۆڵەمێش، هەروەک گڤگی( زبالة)ی بۆرژوازی -لیبێڕال .[102]

## مانای کۆلاک چیە و کێن؟

بۆ لێنین و ستالین و سۆشیالیستە ڕوسەکان دژی جووتیارە کۆلاکەکان بوون؟ کۆلاک بە زمانی ئۆکرانیە و پاشان لە ئەدەبیاتی سیاسی ڕوسی دووبارە بەکارهێنراوە.

---

[102] ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بەهەردوو زمان ڕوسی و ئۆکرانی واتە مست(بۆکس بەدەست هاویشتن)، بەڵام لە ڕووی سیاسیەوە بەو جووتیارانە گووتراوە کە خاوەن زەوین، خاوەن کشتووکاڵ و بەرهەم هێنانی تایبەت بوون و هەر خۆیان کڕین و فرۆشتنی بەرهەمەکانیان دەکرد لەبازاڕەکان. هەر خۆیان جوتیاری تریان بە کرێ دەگرت بۆ کاری کشتوکاڵ .

ئەو جۆرە جوتیارانەی کە پێیان دەگووترا کۆڵاکەکان دەرەبەگ نەبوون، بەڵکو کەسانی ئاسایی و سەربەخۆ بوون لەکارەکانیان، بەڵام بەرهەمیان زۆر بوو، چونکە بەرهەم هێنەربوون، خەزێنەو عەمبارەکانیان پڕ بوو لە گەنم و داهاتی کشتوکاڵ. فرۆشتن و قازانج و بە کرێدانی پارچە زەوی بە جوتیاری تر یان بە کرێ گرتنی جوتیاری تر هەر کۆڵاکەکان خۆیان سەرپەرشتی کارەکانی خۆیان دەکرد.

کۆڵاکەکان هەر لەزەمانی ئیمپراتۆری ڕوسیای قەیسەری هەبووە و تاوەکو کۆتایی سالانی ٣٠یەکانی سەدەی بیست هەر مابوون، بەڵام ستالین کۆتایی بەو سیستەمە بەرهەم هێنانە هێنا . ژمارە کۆڵاکەکانی ڕوسیای قەیسەری تاوەکوو سالانی سیەکان زیاد لە ١٠ ملیۆن جوتیاری کۆڵاک هەبوونە .

کۆڵاکەکان ملکەچی سیستەمی نوێی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ نەبوون. واتە حەزیان نەکردوە. لەبەرژەوەندی ئەوان نەبوو هەموو زەوی خۆیان ڕادەستی حوکومەت بکەن تەنانەت عەمبار و کۆکردنەوەی سالانەیان لە گەنم و جۆو بەرهەمی کشتوکاڵ بێ بەرابەر بە حوکومەت بدەن، تەنانەت ئامادە نەبوون وەک جوتیارێکی ئاسایی لەگروپ کاری کشتووکاڵ و کێلان بکەن وە حەزیان نەکرد حوکومەت سەرپەرشتی کڕین و فرۆشتن و بەرهەمیان بێ و ڕادەستی حوکومەتی بکەن لەبری پارچە نانێک بێ ئەوەی قازانجی هەبێ بۆ ئەوان.

چونکە لە فەلسەفەی مارکسی-لێنینی ( فرۆشتن واتە درۆکردن)
هەربۆیە کۆلاکەکان بە کەسانی درۆزن و مشەخۆر و بۆرژواو دژە شۆڕش و گەڕانەوەی ئیمپراتۆریەت و بەرەو کەپیتالیزم و دوژمنی گەل و هتد لەقەڵەمیان دەدان .

## مامەڵەی لێنین و دوو کەسایەتی تری بەڵشەڤیک لەگەڵ کۆلاکەکان

هەر بۆیە لێنین زۆر بە توندی لە دژی ئەو جوتیارە سەرکێشانەی دژە گەلە کۆمەکی کشتوکاڵیە( کۆڵخۆز و پاشان بوو بە سەڤخۆز) وەستاو وتی دەبێ لەناو ببرێن و ماڵ و منداڵەکانیان وەک بارمتە بگیرێن کە پاشان هەر هەموویان کوژران .
دەقی بەشی دووەمی ئەو نامە تێلێگرامەی لێنین بۆ بەرپرسەکانی ئۆکڕانیا و ناوچەی باشووری مۆسکۆ لینکەکەی لە خوارەوەیە.

١- هەڵبواسرێن( بەدڵنیایی هەڵبواسرێن، بۆئەوەی خەڵک ببینێ) بەلایەنی کەمەوە ١٠٠ لەوانەی بەردەست دەکەون لە کۆلاک و دەوڵەمەندە خوێنمژەکان.

٢- ناویان بڵاوبکەنەوە.

٣- هەموو نانەکانیان لێ وەربگرن( بێگومان مەبەستی لەوەیە هەرچی گەنم و جۆ و بەرهەمی کشتوکاڵە کە هەیانە لێیان بسەنن و زەوتی بکەن)

٤- بارمتەکان دەستنیشان بکەن (مەبەستی لەوەیە ماڵ و خێزان و منداڵەکانیان وەک بارمتە بگرن) بەگوێرەی ئەو تێلێگرامەی دوێنێ وا بکەن بۆ ئەوەی لە سەد کیلۆمەتر

(میل) میللەت ببیینێ( مەبەستی لەوەیە بیبیستێ)، بلەرزن، بتۆقن، بیزانن، بقیژێنن، هەناسەیان لێببڕن و بیانخنکێنن خوێنمژەکانی کۆلاک

پسوولەو جێبەجێکردن بۆ ئێوە، لێنین'ی ئێوە.

خەڵک زیاتر بدۆزنەوە( مەبەستی لەوەیە تا بۆتان دەکرێ هەوڵ بدەن ئەو کۆلاک و تاوانبارانە بدۆزنەوەو سزایان بدەن )

ڕوونکرندنەوەیە لەسەر مانای کۆلاک : ( جوتیاری دەوڵەمەند نەک دەرەبەگ، بەڵکو تەنها جوتیارەو خاوەن زەوی خۆیەتی و بەرهەمی بۆ خۆیەتی و لەوانەیە ئەو جوتیارە هەندێک جوتیاری تریش بەکرێ بگرێ بۆ دروێنەوەی بەرهەمەکەی )

٢ تێلێگرامی لێنین'ە بە دەست و خەتی خۆی نووسیویەتی بۆ بەرپرسەکانی ناوچەی ئۆکرانیاو خوارووی مۆسکۆی

لەبەشی یەکەم ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن مامەڵەی بێویژدانانە بکەن لەگەڵ جوتیاری خاوەن زەویی و گەنم و ئاژەڵەکان دەکەن و داوا دەکا بە شێوەیەکی زۆر بێ ڕەحمانە لەگەڵ ئەو جوتیارانەی کە زەوی و دەرامەتی باشیان هەیە مامەڵەبکرێن لەوانەی بەرهەمی گەنم و جۆو ئاژەڵ و ئەسپیان هەیە .

کاتێ جوتیارەکان ئامادە نەبوون بێبەرابەر بەرهەمی خۆیان ببەخشن بە حوکومەتی بەڵشەڤیکی لێنین ( واتە بێ ئەوەی لەبڕی پارە یان پاداشتێک وەربگرن دەبوایە

هەرچی بەرهەمی ئەو ساڵەیان هەیە بیدەن بە حوکومەت، چونکە حوکومەت گیرۆدەی شەڕی ناوخۆیی تەواو نەبووەو هێشتا سەرەتایەو هێشتا کارەساتی شەڕی جیهانیش ساریێژ نەبۆتەوە).

لێنین لەو ٢ تێلێگرامە دەڵێ :

" لەگەڵ ڕاپەڕیوەکان بێ ڕەحمانە مامەڵە بکەن، هیچ سازشێک لەگەڵیان نەکرێ و دەبێ وانەیەکیان پێ بدەن کە ببێتە پەند بۆ جووتیارانی تر.
هەر کەسێ سەرپێچیی بڕیاری حیزب بێت ئەوا گەورەترین سزای دەدرێتێ و هەر ئێستا دەبێ هەر جوتیارێک هەر گەنم و جۆ و بەرهەمێکی هەبێ دەبێ ڕادەستی حیزبی بکاو بێبەرامبەرو هەموو ئەو زەویانەی کە خاوەنداریەتی دەکەن دەکرێنە موڵکی دەوڵەت " .[103]
وێنەی ئەو ٢ تێلێگرامەی لێنین لەخوارەوە کلیک بکە بۆ بینینی دەست خەتی لێنین.
١١ مانگی ٨ ی ساڵی ١٩١٨. ئەو ڤیدیۆیەم بە ژێرنووسی کوردی کردووە.

دوو کەسایەتی بەناوبانگی تیرۆری سوور
ڤۆڵۆدارسکی و لەگەڵ یڤگێنیا بۆگدانۆڤنە مایش بۆش

103 https://www.youtube.com/watch?v=Kc0XFWBFolc

- ڤۆڵۆدارسکی( ناوە ڕەسەنەکەی مۆیسێیا واتە موسای کوڕی مارکۆڤیتشت گۆڵدنشتێین) جولەکەی ناوچەی ئۆکرانیا بوو لە دایکبووی ساڵی ١٨٩١کەسێکی ساقط لە خوێندن و حاقدو ئاژاوەگێر بوو. هەر بۆیە نەیتوانی قوتابخانەی ئامادەیش تەواو بکا لە پۆلی ٥ دەرکرا لە خوێندن ، ئیدی چ کارێک بۆ ئەو باشەو بتوانێ شوێنی خۆی بکاتەوە بێ ئیش کردن و بێ ماندووبوون؟ بێگومان کاری حیزبی و سیاسەت .

ڕۆلی هەبوو لە کاری پڕۆپاگەندەو هارکردنی خەڵک لە دژی قەیسەر و ڕاپەڕین و خۆپێشاندان. ئیدی لەساڵی ١٩١١ دەستبەسەر کراو ڕەوانەی باکوور کرا لای کەوتگەی باکوور( قطبی شمالی) بەڵام بەهۆی لێبووردەیی گشتی بەردراو پاش ٢ساڵ لە دوورخرانەوە .

چوو بۆ ئەمەریکا لە فیلادێلفیا نیشتەجێ بوو پاشان لەگەڵ بوخارین و ترۆتسکی ڕۆژنامەیەکیان لە نیۆرک دەردەکرد بەناوی ( جیهانی نوێ ) .

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر گەڕاوە ڕوسیاو خرایە بەشی کاری پڕۆپاگەندەو سەرپەرشتی هەموو ئەو چالاکوان و ڕۆژنامەو نووسین و چالاکیانەی دژی شۆڕش کاردەکەن ئەو بە توندی لە دژیان بوەستێ و سزایان بدا . هەربۆیە بە یەکێ لە توندڕەوترین کۆمۆنیست لەقەڵەم دەدرێ. کارێکی کرد لە دژی بیری ئازادو جوڵانەوەی خۆپێشاندان و دەنگی ناڕەزایی لەمێژوو نموونەی نەبووە .

تیرۆرکردنی ڤۆلۆدارسکی یان گۆڵدنشتێن خرایە ئەستۆی کوڵاکەکان. هەرچەندە کۆلاکەکان هیچ دەوریەکیان نەبوو لە کوشتنی ڤۆلۆدارسکی، بەڵکو

کۆنترە-شۆڕشگێڕە سپیەکان بوون لە بۆسەیەکی سەر شەقام سەیارەکەیان ڕاگرت و بە گوللە کوشتیان .

بەڵام لێنین بۆ ئەوەی کوشتنی ڤۆلۆدارسکی بقۆزێتەوە بۆ ئەوکاتە کە تازە سەرەتای ڕاپەڕینی جوتیارە کۆلاکەکان بوو خستیە پاڵ جوتیارەکان و وتی دەبێ بە تووندترین و بێ ڕەحمانەترین شێوە سزا بدرێن، چەند سەد دانەیەک لەو جوتیارانە بهێنن لەبەر چاوی خەڵک بیانکوژن بۆ ئەوەی ببێتە عیبرەت بۆ هەزاران جوتیارانی ترو دەنگۆی ئەو تیرۆرە سوورەی ئێمە ببیستن بە سەدان کیلۆمەتر لەدوور ئەو ڕووداوە، تەنانەت ژن و ماڵ و منداڵەکانیان وەک بارمتە بگرن و سزایان بدەن( پاشان هەر هەموویانی کووشتن) وێنەی دەقی ئەو نامەیەی لێنین لەبەشی سەرچاوەکان دامناوە لێرە .[104]

- یڤگێنیا بۆگدانۆڤنە مایش- بۆش (١٨٧٩-١٩٢٥) لە خێزانێکی بە ڕەسەن ئەڵمانی لەدایکبووە. شوێنی لەدایکبوونی دەکەوێتە خاکی داگیرکراوی ناوچەی ئۆکرانیا کە ئەو کاتە لەژێر دەستی ئەڵمانیا بوو .

کەسایەتیەکی دەروون نەخۆشبووە کەسایەتیەکی جێگر نەبووە سایکۆپاث بووە .

خاتوون بۆش تەنها قوتابخانەی ئامادەیی تەواو کردووەو هەر لەوێ دەستی بە کاری سیاسی کردووە لە گرووپە چەپەکان- وەک ئۆکرانییەک. هەر لە قوتابخانە

104

https://www.youtube.com/watch?v=jvYJvBB3mcU&feature=share-

ئەستێرەی ژیانی پەیداکردو مێردی پێکرد، بەڵام زۆر لەگەڵی نەماوەو داوای تەلاقی لێکردو ئیدی تەواو خۆی تەرخانکرد بۆ کاری سیاسی، تا ئەو کاتەی کاری سیاسی چالاکیەکانی ئاشکرا بووەو گیراو ڕەوانەی ئێکەتەرینبورگ کرا لە ڕۆژهەڵاتی چیای ئوراڵ لەساڵی ١٩١٢. پاش مانەوەی لە زیندان دادگا بڕیاری دا دووری بخاتەوە بۆ سیبیریا . بەڵام توانی خۆی بدزێتەوە لەو نەهامەتیە لەکاتی ڕاگواستن و زیندانی بۆ سیبیریا لە ڕێگا لای داو بۆ ڤلادیڤەستۆک دوا خاڵی ڕوسیا لەبەرەی ڕۆژهەڵات، هەربۆیە توانی خۆی بگەیەنێتە ژاپۆن و لەوێ بۆ ئەمەریکا پاشان سویسراو سوێدو نەرویج. خۆی لەگەڵ جەماعەتی مێنشەڤیکەکانی بوخارین داو پاشان لە دوای سەرکەوتنی ئۆکتۆبەر. کاتێ لێنین بەیانی ئەپریلی بڵاوکردەوە خۆی بەگەڵ لێنین داو بوو بە بەڵشەڤیک .

لەبەر ئەوەی کەسێک بوو لەبارێکی تەندروستی خراپ بوو، چونکە نەخۆشی دڵی هەبووەو سییەکانی باش کاریان نەدەکردو ئەوە ماوەیەی کەلە زیندان بوو ئیدی زیاتر کاریگەری لەسەر تەندروستی ئەو خاتوونە کردبوو، هەربۆیە زۆر جار لەکاتی کۆنگرەو کۆبووەوەو دەمەتەقێ هەڵچوون و شێت و هاری پێوە دیاربووە. زۆر لە ئاژاوەی سیاسی دروستکرد لەناو گروپە چەپەکانی ئۆکرانیا .

مەبەستی سەرەکی ئەم باسە لەوەیە کە لێنین چاک زانیویەتی کە یێڤگێنیا مایش بۆش کێیە و چ کەسایەتیەکە؟

بێگومان زانیویەتی کە کەسایەتیەکی دڵڕەق و توندوتۆڵە هەربۆیە ئەو خاتوونەی ناردووە بۆ هەرێمی پێنزە بۆ ئەوەی ڕاپەڕینی جوتیارە کۆڵاکەکان دابمرکێنێتەوە لە ساڵی ١٩١٨.

لێنین تایبەت بەو خاتوونەی وت دەبێ زۆر بێ ڕەحمانە لەگەڵ ڕاپەڕیوەکان مامەڵە بکەیت هیچ سازشێک لەگەڵیان نەکرێ و دەبێ وانەیەکیان بدەیت ببێتە پەند بۆ جووتیارانی تر. سەیری ئەم تێلێگرامەی لێنین بکە، من بە ژێر نووسی کوردی-سۆرانیم کردووە ئەگەر ژێر نووسەکە دەرنەچوو ئەوا کلیک بکە لە سێتینگەکەی لە گۆشەی ڕاستی خوارەوە بۆ هەڵبژاردنی زمانی کوردی سۆرانیەکە.[105]

پێڤگێنیا بووش لەکاتی کۆکردنەوەی جوتیارە خاوەن زەوی و خاوەن گەنم و جۆکان وتی هەر کەسێ سەرپێچیی بڕیاری حیزب بکا ئەوا گەورەترین سزای دەدرێ و هەر ئێستا دەبێ هەر جوتیارێک هەر گەنم و جۆ و بەرهەمێکی هەبێ دەبێ ڕادەستی حیزبی بکا بێ بەرامبەر. هەموو ئەو زەویانەی کە خاوەنداریەتی دەکەن دەکرێنە موڵکی دەوڵەت .

فەلاحی بەدبەخت زەوی و کشتووکاڵ و ئەسپ و وڵاخەکەی خۆی بەهەموو دونیا و دەسەڵات نادا، چونکە ژیانی لەسەر ئەوە وەستاوە نازانێ سیاسەت چیەو سیاسەتی ئابووری و ئابووری سیاسی مانای چیە؟ کارکردن بە کۆمەڵ لەزەویەکی حوکومی فێرنەبوونەو هۆشی سیاسیان گەشەی نەکردبووە. هەربۆیە هەر هەموویان ناڕەزایی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بەبەرپرسی بەلْشەڤیک واتە پێڤگێنیا مایش- بۆش و کۆمەلێک لەو جوتیارە کۆڵاکانە بە توندی بەرپەچی ئەو خاتوونەیان داوە.

مایش- بۆش هەر لەناو کۆبوونەوەکە دەمانچەکەی دەرهێنا و دەستی کرد بە کوشتنی یەک بە دوای یەکی ئەو جوتیارانەو بە بەرچاوی خەڵک قەتڵ و عامێکی باشیکرد بەناویان. ئیدی هەرچی جوتیار هەبوو کە لەوێ مابوونەوە تۆقین و نقەیان لێوە

---

105 - هەمان ڤیدیۆی پێشوو.

نەهات .

نەخۆشی ماش- بۆش بەرەو خراپی دەچوو. لێنین پاش دەستخۆشی و ڕازی بوونی لەکارەکەی نادری بۆ قەفقاز بۆ داپلۆسینی جوتیارو دەنگە ناڕەزییەکان لەوێ. ئیدی بەردەوام بوو لە داپلۆسینی ناوچەی یاڵتەو شوێنی تەتەرەکانی ئۆکرانیا .

پاشان بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی لە گرووزیا ماوە پاشان ناردیان بۆ ئەڵمانیا پاشان بۆ ئیتاڵیا هەر لەوێ یادەوەرییەکانی خۆی نووسیوە. لە دوای گەڕانەوەی بۆ مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٢٥ خۆی کوشت، بەگوێرەی ڕاپۆرتی فەرمی سۆڤیەتی ئەوکات لەبەر ئازاری جەستەی نەیتوانی زیاتر بەرگە بگرێ هەربۆیە خۆی کوشتووە .

## ڕاپەڕینی چینی کرێکار لەدژی بەڵشەڤیکیەکان

شۆڕش بەناوی جووتیار کرا، کەچی فەللاح ڕاپەڕی لەدژی ئەو شۆڕشەی بەناوی ئەو کراوە. . بۆ؟

چینی کرێکار ڕاپەڕی لەدژی حیزبی بەڵشەڤیکیەکان کە بەناو نوێنەرایەتی چینی کرێکارو جوتیارانی دەکرد. ئینقلابچیەکان بەناوی فەللاح و کرێکار هاتنە سەر حوکم بۆ ئەوەی مافی فەللاح و کرێکار وەربگرن و بەختەوەریان بکەن، لەگەڵ ئەوەی هیچ کام لە ئینقلابچیەکان فەللاح نەبوو، بەڵکو کەسانێ بوون لە خانەوادەی دەوڵەمەندو تێر و تەسەل ژیا بوون. کەسانی ڕۆشنبیر بوون کەچی نوێنەرایەتی فەللاحیان دەکرد بۆ مافەکانیان. هەڤالانی بارگران واتە بەڵشەڤیەکان نەک مافیان بە جوتیاران نەدا، بەڵکو ماڵی فەللاح و کرێکاریان کاول کرد. نەک خاک و بەرهەمیان پێنەدرا، بەڵکو زیاتر لەسەردەمی دەرەبەگایەتی چەوسێندرانەوە .

لە پێش ئینقلابی لێنین و بەڵشەڤیکیەکان واتە سەردەمی قەیسەر گووزەرانی کرێکارێکی ئاسایی زۆر باشتر بووەو پارەی زیاتری وەرگرتووەو تەنانەت ئەگەر کاتژمێری زیاتر کاری بکردایە ئەوا پارەی زیاتری وەردەگرت، کەچی لەدوای ئینقلابی بەڵشەڤیکیەکان تەنانەت زۆر زیاتر کار بە کرێکارەکان دەکرا بە ١٠ کاتژمێر و ١٢ کاتژمێر بە بڕوبیانووی ئەوەی ئێمە لەشەڕی ناوخۆیی داین و هێرشی دەرەکیمان لەسەرە و پێویستە کار زیاتر بکەین و زۆر زۆر کەمتر لەجاران مافیان پێدراوەو ئەگەر خاوەن ماڵێک بوایە ئەوا ماڵەکەشی لەدەست دەچوو و ببوو بە بەشێک لە عقاراتی حوکومی .

سەربازەکانی بەڵشەڤیک لە٩٠٪ لە چینی جوتیار بوون، زۆریان لەتاو برسیەتی و بێ کاری بوون بە سەربازی سووپای سوور .

لەمانگی ٤ ی ئایاری ساڵی ١٩٣٣ جێگری فەرماندەی سووپای سوور لە ئەو پەڕی ڕۆژهەڵات (دالننی ڤەستۆک- بەلای ژاپۆن) ڕاپۆرتێکی نووسی :

"سەربازەکانم زۆر ناڕازین کە ئەو هەواڵانە دەبیستن کە قات و قڕی لە گوندەکان دروست بووە بەهۆی برسیەتی و نەبوونی خواردن" .

چونکە دەسەڵات هەموو گەنم و بەروبوومێکی جوتیارانی زەوت کردووەو دەسەڵات دەیفرۆشت بە ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی بتوانێ ئامێرو کارگەی پێبکڕێ و بەرهەم و پارەی دەست بکەوێ لەبەرامبەردا . بەڵام لەبڕی تالانکردنی گەنم و جۆی جوتیاران هیچ بڕە پارەیەکی پێ نەدەدان، تەنانەت هێندێک گەنم و جۆی بۆ نەهێشتنەوە وەک تۆ بیچینێن بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو بەرهەمەکەی بدروونەوە. تەنانەت خشڵ و تابلۆ بەهاکانی کلێساو شوێنە ئایینیەکان لە زێرو زیویان تالانکردو تواندیانەوە بۆ ئەوەی

بیکەن بە سکەی دۆلار لەبازاڕی جیهاندا . لینکی ئەو باسانەم لە بەشی سەرچاوەکان داناوە .

لەساڵی ١٩٢٩ جوتیارەکان ڕاپەڕین لە دژی سیاسەتی لەناوبردنی کۆلاک( جوتیاری خاوەن بەرهەم). لەهەموو وڵات ١٣٠٠ جار جوتیارەکان یاخی بوون لە دەسەڵات. واتە ئەگەر دابەشی ئەو ساڵەی بکەین ئەوا بۆ هەر ڕۆژێک ٤ ڕاپەڕینی بەردەکەوێ .

لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٢٩ زیاد لە ١٢٥ هەزار جوتیار بەشداری ئەو یاخی بوونەی کردووە. لەمانگی دووی هەمان ساڵ ٢٢٠ .٠٠٠ جوتیار بەشدارییان کرد لەو یاخی بوونە. لە مانگی ئازار بوو بە ٨٠٠ هەزار. وە لە ٢٨ی مانگی ئازار کرێکار و خەڵکی شار هێرشیان کردە سەر دوکانەکان کە خواردنیان تێدا هەبوو، چونکە هەموو شتێکیان لە جوتیارەکان زەوت کردبوو. کارگەکان وەستابوون لەکارکردن، چونکە خاوەن کارگە یان ڕایکردبوو واتە وڵاتی بەجێ هێشتبوو بەرەو هەندەران یان کوژرابوو وەک بۆرژوا . یان قاو درابوو لە کارگەکەی ئیدی کەسی نەزان و تەمبەڵ سەرپەرشتی کارگەکانیان دەکرد و بەگوێرەی خۆیان پلانیان بۆ کارکردن دادەڕشت و کاریان دەکرد و بەرهەمیان دەهێنا . بەرنامەی ئابووری سەربەخۆی مەنصور حیکمەتیش هەرئاوایە .
لەمانگی ئەپڕیل یاخی بوون گەیشتە لێنینگراد. لەمانگی ئایار یاخی بوون و ئاژاوە گەیشتە مۆسکۆ و هێرشیان کردە سەر پۆلیس و لێیان دان .

ستالین ڕێگای نەدا سووپا بەکاربهێنێ یان چەک لە دژی ئەو یاخی بووانەی جوتیاران بەکاربهێنێ بۆ دامرکاندنەوەی، چونکە هەموو سووپای سوور لە کەسانی جوتیار پێکهاتبوون. ستالین لەوە ترسا کە سووپاکەی لەجیات ئاراستەی تفەنگەکان بەرەوڕووی جووتیاران بکەنەوە، بەڵکو بەڕەورووی خۆیی و دەسەڵاتەکەی ببێتەوە .

"کولاک لەناودەبەین وەک چین". ئا ئەمە درووشمی بەڵشەڤیکیەکان بوو لەدژی جوتیاری خاوەن موڵک و زەوی و زار، بەچینێکی بۆرژوازی مشەخۆری دەوڵەمەندیان لەقەڵەم دەداو کە پێویستە لەناو ببرێن .

ڕاستی بێ کۆڵاک چین نیە، بەڵکو بەشێکە لە چینی جوتیار. جیاوازییەکی کەمی هەبوو لەگەڵ جوتیاری بێ زەوی، ئەگینا نە دەرەبەگە نە بووژووازی سەرمایەداری تێگەیشتوو بووە، بەڵکو فەللاحێکی بەدبەخت بووە تەنها ماڵ و حاڵێکی بۆ خۆی دابین کردووەو پارچە زەوییەکی هەیە و دەیکێڵێ و بەروبوومەکەی خۆی لەبازاری مەحەلی دەفرۆشێتەوە. کۆڵاکەکان مشەخۆر نەبوون بەڵام بەڵشەڤیکیەکان ئەو دەستەواژەیان لێنابوون وەک مشەخۆر و خوێنمژ بۆ سووکایەتی و بەربەرەکانی کردنیان. ئەگینا لە ڕاستیدا خودی بەڵشەڤیکیەکان مشەخۆر بوون و دەیان ویست لەسەر سکی کولاک بژین و بازرگانی بە ئابوورییەکەیەوە بکا.

نەچینی کرێکار و نە توێژی( دەستەی) کۆڵاک تێدەگا لە کاروباری بازرگانی گەورەی جیهان بە کڕین و فرۆشتن لەگەڵ بازاڕی جیهان و جیهانی سەرمایەداری و ستۆک مارکێتی جیهانی و نرخ بەرزبوونەوەو کەمبوونەوەی دراو. .. ئەوانە تێناگا بۆ ئەوەی ببێتە هەڕەشە لەسەر باری ئابووری وڵات، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەستەی کۆڵاک خێر و بەرەکەتی زیاتربووەو بازاڕی کشتوکاڵی بوژاندبۆوە، بەتایبەتی لەکاتی شەڕی جیهانی یەکەم. واتە ئەو بەربەرەکانیەی توێژی کۆڵاک لەوکاتە ناسکەی پڕۆسەی بنیاتنانی دەوڵەتی بەڵشەڤیک بەکارێکی باش دانانرێ، بەڵکو زیاتر زیانی بە سیاسەتی ئابووری خودی بەڵشەڤیکی کۆمۆنیستەکانی گەیاند .

پێم وابێ ئەگەر ترۆتسکی بوایە لە شوێنی ستالین لەو حاڵەتە چەک و توندوتیژی بەکار دەهێنا لە دژی جوتیاران، وەک لەهەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە

ترۆتسکی زۆر حەماسەتی بۆ جوتیاران نەبووە زیاتر باوەڕی بەکرێکاری ناو شارەکان هەبووە .

دوا قسەم لەسەر ڕاپەڕینی جووتیاران و کرێکار لەدژی دەسەڵاتی بەڵشەڤیک ئەوەیە، شۆڕش کرا بەناوی جوتیارو کرێکار، کەچی هەمان چین لەدژی ئەو حیزبە وەستاوە کە بە ناوی ئەوەوە قسە دەکا و پەیامی هەڵگرتووە. ئەمە مانای چیە؟

١- نوێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی بەڵشەڤیک لە چینی ڕەش و ڕووت و بەلەنگاز و هەژارو هەڤاڵی بارگران نەبوون، بەڵکو زۆربەیان لەتوێژی ڕۆشنبیر و چینێک بوون لەڕووی ماددیەوە بەدەرامەت بوون. بەتایبەتی جولەکەکان ٨٠٪ لەخێزانی دەوڵەمەند و پارەدارەوە هاتبوون و بەحساب غەمخۆری چینی هەژاری وڵات بوون، لەڕووی لۆژیکەوە یەکناگرێتەوە چینێکی تێرو تەسەل لە غەمی چینێکی سک برسی بێ و هەست بە ئازارەکانی بکا . هەربۆیە ئەو ئێلیتە نۆمێنیکلاتوورە بوون بە بەلا بەسەر دەسەڵات و بوون بەچینێکی مشەخۆری دیکتاتۆری بیرۆکرات و لەهەموو ڕویەکەوە جیابوونەوە لەکۆمەڵگای چینی کرێکار .

٢- درووشمەکانی حیزبی کۆمۆنیستی بەڵشەڤیک هەمووی بۆ خۆشگوزەرانی و داوای مافی چینی کرێکارو جوتیاران بوو، بەلام مادام ڕاپەڕین لەدژی ئەو دروشمانە، کەواتە دەبێ هەڵەیەک لەو دروشم و پڕۆژانەی بەڵشەڤیک هەبووبێ کە بەقازانجی ئەوان نەشکاوەو درۆیان لەگەڵ کردوون، وەک نەدانی زەوی و خۆیان ببن بەخاوەن موڵک، بەڵکو کران بە کۆیلەی سەرمایەداری دەوڵەتی. نەک مافیان نەما بەڵکو بەڵشەڤیەکان إستغلالی مافی جوتیار بە پلەی یەک و کرێکار بە پلەی دووهەمیان کردوو و سودیان لەنەزانین و سادەیی ئەو چینە وەرگرت بۆ مەرامی حوکمی خۆیان. بەڵشەفیەکان

سیاسەتێکی قڕکردنەوەو برسیەتی و نەهامەتیان هێنا ئاراوە کە بووە مرداربوونەوەی زۆرێک لەدانیشتوان .

## کورتە باسێک لەسەر ژیاننامەی سیاسی ستالین

ستالین لە خێزانێکی هەژاری گروزینی لەدایک بووە. باوکی پینەدۆز بووە و عارەق خۆرێکی پلە یەک بووە. زۆرجار لە دایکی ستالینی داوە بۆ ئەوەی بچێ عارەقی بۆ بهێنێ. هەربۆیە ستالین هەر لەمنداڵیەوە حەزی لەباوکی نەکردووەو لەسەر دایکی کردۆتەوە کاتێ باوکی لەدایکی داوەو لە خودی ستالینی داوە. تەنانەت بەگوێرەی سەرچاوەکانی مێژوونووسانی سۆڤیەت و پاش خرووشۆڤ بڵاوکراونەتەوە، باوکی ستالین هێندە توورە بووە چەقۆیەکەی لە ستالین ڕاوەشاندووەو هێندەی نەمابوو بیکوژێ، هەربۆیە چەند جارێک لەماڵ دەرچووە .[106]

ستالین لە تەمەنی ٧ ساڵیەوە تووشی نەخۆشی ئاوڵە( خڕووکە)ی دەم و چاو بووە هەرچەندە توانی بەسەری زاڵ بێ، بەڵام پێستی دەم و چاوی هەمووی کوون و قوڵی ئاوڵەیە. هەربۆیە منداڵان گاڵتەیان بە ستالین کردووەو بە گەڕ ناویان بردووە .

لەساڵی ١٨٨٨ لە ٢ ڕووداوی گالیسکەی ئەسپ وەرگەڕاوەو دەستی کەوتووەتە بەر عارەبانەکە و ئیدی دەستی ئازاری پێگەیشت و ئیدی ئەو دەستەی چیتر گەشەی نەکرد و چەمایەوە. واتە دەستی چەپی سەقەتەو لە چاو دەستی ڕاستی کورتری هێناوە.

---

106 https://russiapedia.rt.com/prominent-russians/leaders/joseph-stalin/?fbclid=IwAR3qg0tDekMFdd-wdkhtlD8SqRsngamw06ReN_blMYww4erDhPwZNOW2VxU

هەربۆیە بەهەمیشەیی ئەو دەستەی شاردۆتەوەو دیارە لەڤیدیۆ و فیلمەکانی یوتوب ئەگەر دیقەتی بدەیت لەکاتی ڕۆیشتن و وەستانی هەمیشە چەماوەتەوە یان دەیشارێتەوە وە هەمیشە ئازاری هەبووە .

ستالین'یان بردۆتە قوتابخانەی ئایینی بۆ ئەوەی ببێت بە قەشە لەدوارۆژ. وە تاوەکو تەمەنی بووەتە ١٦ ساڵان هەر بەردەوام بووە لە قوتابخانەی ئایینی، بەڵام کاتێ لێی ئاشکرا دەبێ کە بەشداری گروپی سیاسی و چەپەکان دەکا ئیدی دەرکرا لە خوێندنی ئایینی. بوو بە بەڵشەڤیک و لەساڵی ١٩٠٥ بە لێنین ئاشنا بوو، چەند جارێک گیراوە دوورخراوەتەوە .

ستالین کاری ڕێگری و دزی و تاڵانکردنی بانق و بارمتەی گرتنی منداڵانی بەرپرسەکانی کردووە لەبری پارە وەرگرتن. بەگوێرەی پارتی کۆمۆنیستی بەڵشەڤیک ستالین ئەو کارەی کردووە، چونکە بەڵشەڤیەکان پێویستیان بە پارە بووە. هەر بۆیە ئەوکارەیان کردووە لەدژی دەسەڵاتی قەیسەرو چەند جارێک لەسەر ڕێگری و دزی و تاڵان گیراوەو بەردراوە و دیسان هەمان کاری دووبارە کردۆتەوە.

یەکێ لە جیاوازییەکان و لێکترازان لەناو حیزبی سۆشیال- دیموکراتەکانی ڕوسیا کە بووە هۆی دروستبوونی ٢ باڵی حیزب وەک ( بەڵشەڤیک و مێنشەڤیک)، ئەوەیە یەکێکیان داکۆکی و هاندانی ئەندامەکانی دەدا بۆ دزی و تاڵان و ڕێگری بۆ بەدەست هێنانی پارە بۆ حیزب - ئەو لقە لەناو حیزب بەناوی بەڵشەڤیک'یەکان بەڕابەرایەتی لێنین جیابوونەوە لە گروپێکی تری ناو حیزب کە لەگەڵ دزی و تاڵان و ڕێگری نەبوون و زیاتر باوەڕیان بە پڕۆسەی دیموکراتی بوو لەڕێگای هەڵبژاردن و چوونە ناو پەرلەمانی دووماوی قەیسەری ڕوسیاوە دەسەڵات بەدەست بهێنن بەو دەستەیەی ناو حیزبەکەیان دەوت مێنشەڤیک'یەکان و مارتۆف ڕابەریان بوو. ئیدی حیزب بوو بە ٢

پارچەو بە ۲ ناوی جیاواز کاریان دەکردو لەدژی یەکتر بەیان و قسە وسوکایەتیان بەیەکتر دەکرد .

ستالین بەخالەتی بێ پایانی هەبوو بە کەسایەتی ترۆتسکی. لەبەر ئەوەی ترۆتسکی توانایەکی سەرسوورڕهێنەری هەبوو لە وتار وتنەوەدا . ژیاننامەی شۆڕشگێری پڕشنگداربوو، کەچی ستالین هیچ سەربردەیەکی سەر سوورڕهێنەری نەبووە لەژیانی شۆڕشگێریدا . تەنها لەبەر ئەوەی قەفقازی بووەو کادیری ڕۆژهەلاتی و ئاسیاوی زۆر کەم بوون لەناو کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی حیزب. هەر بۆیە لێنین ستالینی بەرزکردەوە، ئەگینا تواناکانی هی ئاستی کۆمیتەی سەرکردایەتی حیزب نەبووە. ستالین بابەتی فکری لاوازبووەو هێندە لای گرینگ نەبوو، تەنها ئەوە بەلایەوە گرنگ بوو حوکم و دەسەلات لەخزمەتی تاکرەوی خۆی بێ و حوکمی لەدەست نەچێ و کورسیەکەی لەق نەبێ .

ترۆتسکی ماوەیەک لە دەرەوەی وڵات ژیابوو و چەند زمانێکی بێگانەی زانیوە و لەبواری نووسین و ڕۆژنامەگەری و کاری پڕۆپاگەندە نموونەی نەبووە، کەچی ستالین هیچ وڵاتێکی تری نەبینیوە بێجگە لە ڕوسیا، هەرچەندە هەندێک مێژوونووس دەڵێن ئامادەبووە لە کۆنگرەی حیزب لە لەندەن و هەر لەوێ چاوی بە لێنین و ترۆتسکی کەوتووە. بۆ کۆنگرەی تاران چووە بۆ چەند ڕۆژێک تەواو ئیدی هیچ شوێنێکی تری جیهانی نەبینوە، بێجگە لە زمانی دایکی واتە گروزینی و ڕوسی هیچ زمانێکی تری نەزانیوە.

ترۆتسکی یەکێک بوو لە ئەستێرەکانی شۆڕشی ڕوسیا . یەکێک بووە لە کۆڵەکەی ئەو شۆڕشە. دامەزرێنەری سووپای سوور بووە. ترۆتسکی بوو توانی بەسەر سووپای سپی و دوژمن و نەیارەکانی شۆڕشی نوێ سەربکەوێ. یەکێک بوو لە بیرمەندی مارکسی.

ترۆتسکی تا دوێنێ دامەزرێنەری حوکومەت بوو، کەچی ئیمڕۆ بە سەرسەختترین دوژمنی هەمان شۆڕش لەقەڵەم دەدرێ لەلایەن ستالین و ستالینیەکانەوە .
دەنگی نارەزایی و رەخنە لەناو حیزب و هاوبیرە چەپەکان هەمیشە هەبووە. تەنانەت زەمانی لێنین و ترۆتسکی ئاسایی بوو ئەگەر گوێت لە کادیرێک یان کەسێک بووایە رەخنەی لە سیاسەتی بەڵشەفیکی بگرتایە. واتە کاتێ بەڵشەفیەکان لەدەرەوەی دەسەڵات و هاتنیان بۆ دەسەڵات لەگەڵ چەپەکانی تر لە مێنشەفیک و ئێسێرو لیبێرالەکان هێشتا قابیلیەتی رەخنە هەر مابوو و داپڵۆسین دەستی پێ نەکردبوو، بەڵام کاتێ ستالین حوکمی کەوتە دەست ئیدی دەنگەکانی ناوخۆی حیزب و دەرەوە لە رەخنە و نارەزاییەکان نەک کپ کرانەوە نەما، بەڵکو بەتوندترین شێوە سزای لەسەر بوو .

## پیلانی ستالین بۆ لادان و دەرکردنی ترۆتسکی

ترۆتسکی ماوەیەک لەقەراغ دەریای رەش پشووی دا و خەریکی ژیاننامەو یادەوەرییەکان و نووسینی تێزی تیۆری مارکسی بوو. کاتێ لێنین مرد لە مۆسکۆ، ترۆتسکی'یان درەنگ وەخت ئاگادارکردەوە کاتێ لە شوێنی حەوانەوەی بوو. ستالین بروسکەیەکی لێدا بۆ ترۆتسکی و وتیبووی هاورێ خۆت نارەحەت مەکەو مەگەرێوە بۆ مۆسکو ئێمە لێرە لێنین دەنێژین و تۆش پشووی خۆت بدە چونکە پێراناگەیت. کاتێ هاتەوە مۆسکۆ ئیدی بینی جەماعەتێکی مافیا لەدژی ئەو وەستاون هەموویان خۆیان داوەتە پاڵ ستالین لەدژی. ئیدی ترۆتسکی زانی کار لەکار ترازاوەو درەنگ بەئاگا هاتۆتەوە کە جەماعەتێک دروستبووە لەناو حیزب لەدژی ئەو.

زۆرینەی ئەوانەی لەدژی ترۆتسکی بوون حەزیان لەستالین'یش نەدەکردو بە کەسێکی گەمژە لەقەڵەمیان دەدا، بەڵام دیسان بوونی گەمژەیەکیان پێ باشتر بوو وەک لەکەسێکی خاوەن جەماوەرو ژیرترو چالاکتر لەخۆیان. هەروەک وتمان زۆرینەی بەرپرس و خاوەن بڕیارەکان بەدەست نەتەوەی جولەکەوە بووە. بەتایبەتی کامینییێڤ و ترۆتسکی لە ڕێگای منداڵەکانیانەوە خزمایەتیان هەبووە، تەنانەت کامینییێڤ خوشکی ترۆتسکی خواستبوو، واتە زاوای ترۆتسکی بوو، کەچی ئەو دووانە حەزیان لەچەهرەی یەکتر نەکردووە.

بەڵام دیسان ترۆتسکی جەماوەرو سووپای بەکار نەهێنا لە دژی دەسەڵات، بەڵکو دەست بەرداری ئەمری واقیع و بریاری سێ کوچکەی وەک ستالین و زینۆڤییێڤ و کامینییێڤ بوو هەر لە دوای ساڵی ١٩٢٢-١٩٢٣ بەدواوە

ترۆتسکی لەساڵی ١٩٢٥ وەلا نرا لە بەڕێوەبەرایەتی و سەرپەرشتی بەسەر سووپای سوور و لیژنەی شۆڕشی سۆڤیەت.

ترۆتسکی لەنێوان سالانی ١٩٢٥- ١٩٢٨ قۆناغ بە قۆناغ لە دەسەڵات دوورخرایەوەو کاریگەری بەسەر حیزب و جەماوەرەکەی نەما . تەنانەت ستالین دەستیکرد بە پڕۆپاگەندە لە دژی ترۆتسکی گوایە لە دژی شۆڕشی ئۆکتۆبەربووەو لەکاتی بەرپرسیاریەتی سووپای سوور ڕۆلی باشی نەبووەو ترۆتسکی هۆکاری ئەو قەیرانە ئابووری و سیاسی و نەهامەتیەی وڵاتە. بەکورتی و کورمانجی کێ کردی و کێ خواردی.

تەنانەت ستالین داوای لە دەرهێنەری بەناوبانگی سۆڤیەت کرد کە لەنەتەوەی جولەکە بوو بەناوی ئێزنشتێین و ڕایسپارد فیلمێک لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەربهێنێ و ڕۆلی ترۆتسکی لەو فیلمە هەر نەبێ و تەنها ڕۆلی ستالین و کەسی یەکەم

لەو شۆڕشەو کاراکتەری سەرەکی بێ. ئەوانە هەمووی بووە ڕوخانی ترۆتسکی و نەیتوانی بەرەنگاری ستالین بوەستێتەوە، چونکە زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی کە زۆرینەیان جولەکە بوون پاڵپشتی ستالین'یان کرد وەک لە ترۆتسکی جولەکەو هاو خوێنی خۆیان. لەدواییدا هەرهەموویان گورزی ستالین'یان خوارد و یەک بەیەکە تێرۆرکران لەلایەن ستالینەوە.

زینۆڤیێڤ و کامینییێڤ زانیان کارێکی خراپیان کردووەو یارییەکەیان بە قازانجی ئەوان تەواو نابێ هەربۆیە زوو خۆیان داوە پاڵ ترۆتسکی جارێکی تر و لە هەوڵی کۆکردنەوەی دەنگی کۆنە بەلشەڤیەکان بوون لە دژی ستالین و بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆن درووست بکەن، بەڵام تازە کار لەکار ترازابوو ستالین بنکەی خۆی دروست کردبوو .

ستالین لەساڵی ١٩٢٧ ترۆتسکی دوورخستەوە بۆ ئەڵمانیا-کۆماری قازاخستان.

٢٠ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٧ بەبۆنەی یادی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ژێر فەرمانی ستالین، سێرگێی ئێزینشتێین فیلمێکی دۆکومێنتاری دەرهێنا . ئەو فیلمە پڕ بوو لە شێواندنی ڕاستیەکان.

سێرگێی ئێزینشتێین لەباوکەوە جولەکە بوو و لە دایکەوە ڕوس بوو، بەڵام ئایینی خۆی گۆڕی بۆ ئەرسەدۆکسی مەسیحی بۆ ئەوەی بتوانێ گووزەرانی باشتربێ و خەڵک نارەحەتی نەکا بەهۆی ئایینەکەیەوە. لەو فیلمەی ئێزینشتێین زۆر بەشێوەیەکی خراپ باسی ڕۆڵی ترۆتسکی کراوە. ئاوا نیشان دراوە کە ترۆتسکی دژی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بووەو لەپێشی وەستاوە. کەچی لە ڕاستیدا ترۆتسکی داهێنەری ئەو شۆڕشە

بوو. تەنانەت ترۆتسکی بوو ئەو ڕۆژەی دیاری کرد کە هەڵکوتنە سەر کۆشکی زستانی( زیمنی دڤەڕێتس). پاشان دەرکەوت بۆ ئاوا سووڕبوو کە دەبێ لەو ڕۆژەدا بکرێ، چونکە لەو ڕۆژە ترۆتسکی لەدایکبووەو ویستوویەتی نەمرییەک بۆ خۆی تۆمار بکا . لەو ڕۆژەدا تەمەنی ترۆتسکی بوو بە ٣٩ساڵ و هەر لەو شەوە تووشی فێ بوو و لە هۆش خۆی چوو ماوەیەک لەژێر صرع ماوە بەتەنیایی .

کەچی هەر خودی ستالین بەبۆنەی ساڵێک تێپەڕبوون بەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ حیزب ئاماژە بە ڕۆڵی ترۆتسکی دەکاو دان پێدا دەنێ کە ترۆتسکی ڕێکخەری ڕاستەوخۆی ئەو ڕاپەڕینە بووە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش. هەموو کارەکان بە سەرپەرشتی ئەو کراوە بەکردارو بە قسە. بەڵام پاش ١٠ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو شۆڕشە لە ژێر چاودێری ستالین سیناریۆ و مۆنتاژی ئەو فیلمە کراوە. لەزۆر دیمەن و وێنەبڕینی تێداهەیەو وێنەی ترۆتسکی لە فیلمە ئەرشیڤەکان بڕاون بۆ ئەوەی بەدیار نەکەوێ نەبێتە بەڵگە لە بوونی یان ئامادەیی هەبووبێ لەو شۆڕشەدا . لە سیناریۆی فیلمی ئێزینشتێین زۆر بە شێوەیەکی خراپ باسی ڕۆڵی ترۆتسکی دەکا . هەموو ئازایەتی و خەبات و کارەکان خودی ستالین پێهەڵساوە. ئەگەر ستالین نەبوایە ئەوا ئەو شۆڕشە هەر سەری نەدەگرت و سەرکەوتوویی بەدەست نەدەهێنا . لەمانگی ئازاری ساڵی ١٩٢٨ ئەو فیلمە کە ستالین ئامادەی کردبوو لەدژی ترۆتسکی بەهەموو ڕوسیادا بڵاوی کردەوە بە مەبەسیی شکاندنی ترۆتسکی. توانی ترۆتسکی دووربخاتەوە لە مۆسکۆ بۆ ئەڵماتەی پایتەختی قازاخستان.

توێژەرێکی ئەمەریکی باس لە ڕۆڵی ستالین دەکا لەو شۆڕشە بەشێوەیەکی کۆمێدی و دەڵێ :

ستالین ئەو کەسەیە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەخەبەر هاتۆتەوە.

مەبەستی لەوەیە ستالین ڕۆڵی تێدانەبووە و هەر ئاگای لەو شۆڕشە هەر نەبووە و لە خەوێکی قووڵدابووە کاتی ئەو شۆڕشە بەرپاکراو ئەنجام دراوە. ستالین هاتووەتە سەر حازری. هەروەک بە کوردییەکەی دەڵێن :کێ کردی و کێ خواردی

سیاسەتی ستالین بەهەمان شێوەی سیاستی مافیاکانی ئیتاڵیای شیکاگۆی ئەمەریکای سالآنی بیستەکان بووە. وە تاوەکوو لە ژیان ماوە هەر هەمان سیاسەتی پەیڕەوکردووە. ئەویش ئەوە بوو وەک داشی دامە یاری پێدەکردن و یەک یەکتری بەکوشت دەدا. لەگەڵ کۆمەڵێک خۆی نزیک دەکردەوە و بەرەیەکی دروست دەکرد لەدژی دەستەیەکی تری ناو حیزب تاوەکوو کارەکانی پێ جێبەجێ دەکردن و پاشان لەگەڵ کۆمەڵێکی نوێ تر لەدژی کۆمەڵەکەی پێشوو پاشان ئەوانی تری دەکوشت

هیچ کام لە سەرۆکی دەگازی هەواڵگری و سیخوری و ئاسایش بەناوی ( تشیکیست پاشان بوو بە ئێنکەڤێ دێ و پاشان بوو بە کەی جی بی) لە دووساڵ نەماون لەو بەرپرسیارییەتەو دەسەڵاتە تەنها لاڤێرێنتی بێریا نەبێ ئەویش ئەگەر تۆزێکی تر ستالین بمابایە لەژیان ئەویشی دەکوشت. بەڵام ئەوانی پێشوو هەر یەکێکیان لە ٢ ساڵ لەو بەرپرسیارییەتە نەمانەوەتەوە و کارە چەپەڵەکانی پێ دەکردن و پاشان بڕوبیانوویەکی بۆ دروست دەکردن و بە کوشتنی دەدان .

شکستی و هەڵەی ترۆتسکی لەوەبوو کە بەها و بەدفەڕی ستالینی بەهەند وەرنەگرت و قەت چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کە کەسێکی قەفقازی بتوانێ شوێن بە ئەو چۆل بکا . بەڵام کاتێ کار لەکار ترازاو ستالین لغاوی دەسەڵاتی گرتە دەست، ئیدی ترۆتسکی زانی شکستی هێناوەو ئاسان نیە بتوانێ بەرەکە لەژێر ستالین ڕابکێشێ، چونکە ستالین هەڵسا بە بەربەرەکانی ترۆتسکی لە هەموولایەکەوە.

ستالین ئاوای لەگەل و کادیرانی حیزبی سۆشیالیستەکەی گەیاندبوو کە ترۆتسکی نەک پاڵەوانی شۆڕش نیە، بەڵکو دوژمنی شۆڕش و گەلە ! ئابەم شێوەیە پێناسەی ترۆتسکی کرا لە پاداشتی خەبات و شەونخونی بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

لەساڵی ١٩٢٣ ستالین بەرەیەکی لە دژی ترۆتسکی درووست کرد لەگەڵ کامینییێڤ و زینۆڤییێڤ. بەڵام ستالین لە ساڵی ١٩٢٦ بەرەیەکی لەگەڵ بوخارین( بە نەتەوە جولەکە ) دروستکرد لە دژی ئەو دووانەی پێشوو( کامینییێڤ و زینۆڤییێڤ- هەردووکیان جولەکە). هەر لەو ساڵە ئەو دووانەی دەرکرد لە مەکتەبی سیاسی حیزب .
وەک هەنگاوی یەکەم ترۆتسکی لە مۆسکۆ وەدەرنا بەرەو کازاخستان و هەر لەو کاتەوە ستالین وورده وورده گروپی ترۆتسکی دەستنیشان کرد کێن ئەوانەی لە دەوروبەری ترۆتسکی کاریان کردووە و هاوبیر و هاو خەبات و لایەنگیری ئەو بوون. ستالین خۆی ئامادەکرد بۆ کات و ساتی گورز وەشاندن لە دژی ترۆتسکی و گرووپەکەی. بەگوێرەی هێندێک مێژوونووسی ڕووسی بێ ئێستا باسی ئەوەی دەکەم کە ستالین تەنانەت بەدوای ئەو کەسانە داچووە کێ لەنزیکەوە وێنەی لەگەڵ ترۆتسکی گرتووەو ناسرابێتەوە ئەوا ئەوانیش ڕەوانەی قیامەت کراون .
ستالین نەک توانی ترۆتسکی وەلابنێ بەڵکو سەر لەنوێ دەستی کرد بە نووسینەوەی مێژوو. لە ساڵی ١٩٢٩ لە ڕوسیای فێدێرالی دەست کرا بە ساختەکردنی مێژوو( تەزویر کردنی نووسینەوەی مێژوو). ستالین ڕۆڵی خۆی لەو خەباتە وەک ڕزگارکەر و ڕابەری ئەو شۆڕشە نیشان داوە. خۆی وەک میرات شەڕعی و قانوونی مارکس و لێنین لەو خەباتە نیشان داوە. لەهەموو مەنهەجێکی خوێندن و میدیاکان پڕۆپاگەندەو پەیکەر و وێنەو پۆستەری خۆی بڵاوکردەوەو پیرۆزی و نەمری و پیاهەڵدان دەستی پێکرد کە

بەهیچ شێوەیەک بۆ هیچ ئیمپراتۆرێک بۆ هیچ سەرکردەیەکەی مێژووی بەو شێوە نەمرییە نەکرابوو تا ئەو کاتە.

لە یادی ٥٠ ساڵەی ستالین واتە لەساڵی ١٩٢٨ **ڤەرۆشیلۆڤ** وتارێکی دا و وتی :

"ڕابەری مەزن ستالین بوو سەرکەوت بەسەر شەڕی ناوخۆییدا . ستالین سووپای سووری پێکهێنا" کە ئەوە لە ڕاستییەوە زۆر دوورە. ستالین یەک شتی لە بیرچوو یان حسابی بۆ نەکرد ئەویش ئەوەیە :

تۆ دەتوانیت مێژوو سەرلەنوێ بنووسیتەوە بە دڵی خۆت بیشێوێنیت، بەڵام مرۆڤە زیندوە شایەتحاڵەکان چی لێدەکەیت؟

واتە ڕۆژێک ئەو درۆ و دەلەسانەت هەر لێ ئاشکرا دەبێ ، چونکە خەڵک ئاگاداری ئەو واقیعە بوون دونیا بێ خەبەر نابێ. هەرچەندە لە دواییدا هەوڵی دا هەموو ئەو شایەتحاڵەکان بکوژێ و کەمتەرخەمی نەکرد لە کووشتنیان، بەڵام دیسان هەر بۆی نەچووە سەر.

لەبەر ئەوەی ترۆتسکی بەهیچ شێوەیەک ڕانەوەستا لەهاندانی کادیرانی حیزب لەدژی ستالین و پەیوەندی کردن بە هاوڕێیانیەوە کە دەبێ ستالین دەربخرێ لەو بەرپرسیارییەتەی حیزب و دەسەڵات. ستالین بەوەش نەوەستا دیسان ترۆتسکی لە کازاخستان و ڕوسیا دەرکردو بەرەو تورکیا ڕاوینا . لە تورکیا جێگیر بوو بۆ ماوەی ٣ ساڵ.

حوکومەتی تورکیا ترۆتسکی لە دوورگەیەک نیشتەجێ کرد بەناوی "پرینکیپۆ-بیوقەدا" نزیک ئەستەنبول. ترۆتسکی ئەوکات تەمەنی ٤٩ ساڵی بوو. لەگەڵ ئەوەی کەمال ئەتا تورک مەرجی بۆ دانا لەڕێگای وەزیرێکیەوە پێی ڕاگەیاند کەنابێ هیچ چالاکیەکی سیاسی لەسەر خاکی تورکیا بکاو نابێ پەیوەندی دروست بکا لەگەڵ

کۆمۆنیستەکانی تورکیا کە تا ئەوکاتە هەرچی کۆمۆنیستی تورکیا هەبوو لەساڵی ١٩٢٧ هەمووی گیرابوون و بەفەرمی حوکومەتی تورکیا حیزبی کۆمۆنیستی تورکیای بەنایاسایی لەقەڵەم دابوو. لەگەڵ ئەوەش ترۆتسکی چالاکی سیاسی و نووسینەکانی نەوەستاند لە دژی ستالین، بەڵام هیچ بڵاوکراوەیەکی لەسەر خاکی تورکیا بڵاونەکردەوەو پەیوەندی بڕی لەگەڵ بواری ناوخۆی تورکیا . هەرچەندە کۆمۆنیستەکانی بێگانەی ڕۆژئاوا سەردانیان دەکردو تەنانەت پاسەوانیشیان دەکرد. ترۆتسکی ستالینی بە هۆکاری بەژێر خاک کردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا لەقەڵەم دەدا . زۆر بە توندی مەحکومی کرد. مەبەستی لەوەبوو ئەو سیاسەتەی ستالین بەرپای کردووە لە کوشتن و بەکارهێنانی هێزو داپلۆسین و دیکتاتۆرییەت بەسەر هاوڕێیان و کۆمێنتێرنی ئینتەرناسیۆنال کە بووەتە ئامێرێکی دەستی ستالین هەمووی بەرەو گۆڕ بەگۆڕکردنی ئەو شۆڕشەیە کە ئەوان لەپێناوی خەباتیان بۆکردووە و ڕەنجیان بۆ داوە.

ترۆتسکی هەر لە تورکیاوە پەیوەندی بەست لەگەڵ ئەندامانی کۆمێنتێرنی سێهەم و هاوبیرەکانی کە پێویستە کۆمێنتێرنێکی نوێ دروست بکرێ لە دژی کۆمێنتێرنەکەی ستالین و توانی سەربکەوێ و کۆمەڵێکی زۆر لە هاوڕێ کۆمۆنیستەکانی ئەوروپای جیابکاتەوە لەو ڕێکخراوە ئینتەرناسیۆنالەی ستالین کە دەستی بەسەر داگرتبوو. ترۆتسکی کۆمێنتێرنی چوارەمی ئینتەرناسیۆنالی دروستکرد.

پاش ساڵێک بەسەر دوورخستنەوەکەی بەیانێکی دەرکرد لە تورکیاوە داوای لەخەڵکی سۆڤیەت کرد ڕاپەڕن و بوەستنەوە لە دژی ستالین. ئیدی ستالین چەند سیخورێکی خۆی نارد بۆ تورکیاو هەوڵێکی سەرنەکەوتوانەیان دا بۆ کوشتنی ترۆتسکی. ئەویش بە ئاگربەردانی ماڵەکەی لەکاتی نوستنی. بەڵام بەختی ترۆتسکی و

خێزان و کوڕ و نەوەکەی بەسەر سووڕمانەوە سەلامەت دەرباز بوون. هەرچەندە هەندێک لەبەرهەمی نووسینەکانی ترۆتسکی بەو ئاگرە سووتان. یەکێ لەو بەرهەمانەی کە کەوتە ژێر ئاگرەوە، بەگوێرەی هەندێک سەرچاوەی ڕوسسی هەندێک لە ڕەشنووسی مێژوو "شۆڕشی ڕوسیا" سووتا، بەڵام توانی جارێکی تر بەشە سووتاوەکان بنوسێتەوە. ئیدی ترۆتسکی تێ گەیشت ستالین وازی لێ ناهێنێ و ڕۆژێک هەر تیرۆری دەکا . بۆیە بڕیاری دا تورکیا بەجێ بهێلێ و بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی ئارامتر .

گووتەیەکی ترۆتسکی هەیە کاتێ لەو دوورگەیە نەفی کرابوو دەڵێ :

"ئەگەر لێنین لە ژیان بمایە ئەوا ئیستا لەگەڵ من لێرە لەم دوورگەیە ڕاوە ماسی دەکرد" .

مەبەستی لەوەیە ستالین کڵاوی لەسەر لێنین'یش دەناو شاربەدەری دەکرد و بە پیاو خراپیش ناوی دەبرد ئەگەر بیزانیایە بەنیازە کورسیەکەی لەق بکا .

ترۆتسکی لەساڵی ١٩٣٣ بڕیاری دا بچێتە فەرەنسا . هەرچەندە فەرەنسا وەک پەناهەندە قەبوولی کرد، بەڵام لەهەمان کات دا حەزی نەکرد لە فەرەنسا بمینێتەوە. تەنانەت یەک دەوڵەتی ئەوروپی ئامادە نەبوو وەری بگرێ وەک پەناهەندە، چونکە ترۆتسکیان بە کەسێکی تاوانبارو کودەتاچی ڕوسیا لە قەڵەم دەدا . ترۆتسکیان بەکەسێکی ترسناک و تیرۆریستی سوور و داپلۆسێنەر و بکوژی نەیار و دووژمنەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەقەڵەم دەدا، چونکە ئەو دامەزرێنەر و هاندەری کۆنگرەی ئینتەرناسیۆناڵی جیهانی و پارتە چەپەکانی ئەوروپا بوو. ترۆتسکی بوو هانی هەڤاڵانی دەدا لە ئەوروپا بۆ شۆڕشێکی پرۆلێتاریای سەرتاپای جیهان ڕاپەڕن لەدژی دەسەڵاتدارەکان. ترۆسکی و لێنین دەست پێشخەری مەنیفێستی ئینتەرناشیۆنالی

سێهەم بوون کە لە مۆسکۆ بەڕێوە چوو. ئیدی لەهەموو لایەکەوە کەمپینی دژی ترۆتسکی بەرپابوو لە ئەوڕوپا و سۆڤیەت.

تەنانەت چەمبێرلین سەرۆک وەزیرانی ئینگلتەڕا وتی :

" ئێمە لەگەڵ ڕوسیا گفتۆگۆ ناکەین تا ترۆتسکی لەبن دیوارێک گوللە باران نەکا"

هەربەدوای سەرۆک وەزیرانی ئینگلتەڕا، ئینجا هیتلەر نارەزایی خۆی دەربڕی لەهاتنی ترۆتسکی بۆ ئەوڕوپای ڕۆژئاوا، ئەگەر بێتە ناو جیهانی سیاسەتیانەوەو پێویستە هەموو دەوڵەتەکان یەکبگرن لە دژی ترۆتسکی .

ترۆتسکی بەختی هێنا کاتێ لە نەڕویژ ساڵی ١٩٣٥ سۆشیال دیمووکراتەکان هاتنە سەر حوکم و بەفەرمی ترۆتسکیان قەبوول کردو ١٣ پۆلیسیان وەک پاسەوان بۆ دانا بۆ پارێزگاری و حەوانەوەی لە نەڕویژ. بەڵام لەهەمان کات دا حوکومەتی نەڕویژ هۆشداری دایە کەنابێ هیچ چالاکی و خەباتی سیاسی بنوێنێ لەسەر خاکی نەڕویژ، تەنها دەتوانێ یادەوەریی و بەرهەمە تیۆرییەکانی بنووسێتەوە. بۆ ترۆتسکی تەنها ڕێگەپێدانی بەنووسین و بتوانێ بڵاوی بکاتەوە گرنگ ئەوەیە بگا بە دەستی ستالین ئیدی بەسە بۆ تۆقاندنی. ترۆتسکی پێی وابوو نووسین و بەرهەمە فکرییەکانی دەتوانێ کورسی بە ستالین لەق بکا.

## کوشتنی کیرۆڤ و شانۆگەری تۆڵەسەندنەوە

لەکاتی بەستنی کۆنگرەی ١٧ی حیزب لەساڵی ١٩٣٤، لە ١٩٦٦ نوێنەری کۆنگرە ٩٩٢ نوێنەر دەنگیان نەدا بە ستالین. لەناو ئەوانە ١٠٨یان کوژران یان لەژێر فشار خۆیان کوشت، چونکە زۆربەی زۆریان دەنگیان بە ستالین نەدا کە ببێتەوە بە سکرتێری حیزب. تەنها ٣ دەنگ لەدژی کیرۆڤ دەنگیان دا، کەچی دەستەی ستالین ساختەیان

لەدەنگەکان کردو وتیان ستالین'یش هەروەک کیرۆڤ تەنها ۳ دەنگ لەدژی بووە.
هەربۆیە کیرۆڤ ڕەتیکردەوە ئەگەر شوێنی ستالین بگرێتەوە. لەو کۆنگرەیەدا وتی : هیچ پێویست ناکا ستالین هەڵبژێرین، چونکە لێنین هەرماوە واتە ستالین لەشوێنی لێنین'ە. پاشان ستالین بە پیلانێکی نامرۆڤانە کەسێکی بۆناردو کیرۆڤی هاوڕێی خەباتیشی کوشت. هەر ئەو کوشتنەشی دیسان قۆزتەوە بۆ بڕوبیانوو بۆ کوشتنی خەڵکی تر لەبڕی بەناو تۆڵەسەندنەوەی خوێنی کیرۆڤ ئیدی شانۆگەرییەکی تراژیدیای تاوانی تری دەست پێکردەوە .

چۆن لە ئیسلام معاویە کوشتنی عوسمانی بە هەند وەرگرت و دەستی کرد بە تۆڵەسەندنەوەو حوکمی شەڕعی خۆی بەسەر خەلافەتەوە سەپاند ئەویش ئابەم شێوەیە "پڕۆسەی کیرۆکەڤ " بەهەمان شێوەی (قميص عثمان) بەناوبانگە .

لەساڵی ١٩٣٦ ستالین داوای لە دەزگای پۆلیسی نهێنی بەناوی " ئۆ. گ. پ. ئو" واتە یەکیەتی ئیدارەی سیاسی حوکومەت ١٩٢٣-١٩٣٤" کرد کە بوو بە بەشێک لە ( ئێنکەڤێ دێ، واتە قۆمیساری میللی بۆ کاروباری ناوخۆی لەدوای ساڵی ١٩٣٤). هەموو لایەنگران و دۆست و خزم و ناسیاو تەنانەت هەر کەسێ وێنەیەکی لەگەڵ ترۆتسکی گرتبێت و بیناسنەوە ئەو کەسەش دەکەوێتە بەر تیغی ستالین .

پۆلیسی نهێنی بەناوی (ئۆ. گ. پ ئو) هەروەک گووتمان بوو بە بەشێک لەدەزگای ئێنکەڤەدێ کە سەرۆکی ئەو دەزگایە لەنێوان سالانی ١٩٣٤-١٩٣٦ گێنری گریگۆرۆڤیتش یاگۆدە ( بەنەتەوە جولەکە) بوو هەر هەموو ئەندامە جولەکەکانی ناو مەکتەبی سیاسی و لیژنەی مەرکەزی و ئەندامەکانی ناو بەڵشەڤیک خیانەت و وەفایان بۆ ترۆتسکی نەبوو، لەدواییدا ستالین پاش ئەوەی کارە پیسەکانی پێکردن یەک بەیەک هەموویانی کوشت. دەزگای ئو. گێ. پێ. ئو. سەر بە یاگۆدە توانیان

لیستێکی ٥٠٠ هەزار کەسی پێش کەش بەستالین بکەن لە هەوادارانی ترۆتسکی. زیاد لە ١٠٠ هەزار کەس کوژران کە ترۆتسکیان ناسیوە یان پەیوەندیان هەبووە لەگەڵی یان کاریان کردووە یان لەگەڵی وێنەیان گرتووە. ستالین فەرمانی دەستگیر کردنی هەر هەموویانی دا و بێ دادگایی کردن بە نهێنی هەر هەموویانی گوللە باران کرد. هەر لەساڵی ١٩٣٧ بەدواوە پۆلیسی نهێنی سۆڤیەت( ئێنکەڤێ دێ) هەموو ڕۆژێک ڕاپۆرتی بۆ ستالین دەهێنا لەناوی لیستی لایەنگرانی ترۆتسکی. ستالین لە کرێملینەوە فەرمانی دەرکرد بۆ ڕاوە دوونانی ترۆتسکیەکان و دۆزینەوەیان و پاش زیندانی کردنیان بە شێوەیەکی سیستیماتیکی هەر هەموویانی لەناو برد لە کەمپی زیندان و شوێنی دوورخراوەکانی سیبیریا.

ستالین بۆیە ئەو کارەی کرد چونکە دەیزانی ئەو کەسانەی حەز لە ترۆتسکی دەکەن و هەوادار و لایەنگیری ئەون هەرگیز بیرو ڕایان ناگۆڕێ و نابن بە لایەنگیری ستالین و بەشان و باڵی ئەو هەڵنادەن و بە نەمری لەقەڵەمی نادەن هەربۆیە باشترە لەناویان ببەم هەموو ئەوانەی لەدەوروبەری ترۆتسکی بوون هەر لەسەرتای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە تا ئەو ڕۆژەی لە ڕوسیا دەرچوو هەرهەموویان گوللەباران کران و لەناو بران .

## ستالین- تیرۆرو سیاسەتی چەپەڵ

یەکێ لە قسە نەستەقەکانی جۆزێف ستالین( کۆۆبا) ئەمەی خوارەوەیە :

**"عەقیدە بەهێزترە لە چەک، ئێمە ڕێگا بەدوژمنمان نادەین**

## چەکیان هەبێ، بۆ دەبێ ئێمە ڕێگایان پێبدەین عەقیدەیان هەبێ؟

" جۆزێف ستالین.

عەقیدە بەهێزترە لە چەک، گووتەیەکی جوان و زۆر ڕاست و پڕ بەمانایە، لە هەمان کات دا مرۆڤ سەری خۆی پێخواردەوە بە درێژایی مێژوو. هەر لەو ڕۆژەوە عەقیدە و بیرووباوەڕ و ئایین و ڕێباز هاتە ئاراوە. .. . کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە ڕەحەتی دانەنیشتووە تاوەکوو ئیمڕۆ، چونکە عەقیدە و چەک دوو پەیامی ماڵوێرانین بۆ مرۆڤایەتی .

لەیەکێ لە چاوپێکەوتنە تەلەفیزیۆنەکانی کەناڵێکی ڕوسیا لەگەڵ کوڕی میکۆیان ( ستێپان ئەنەستاس میکۆیان )کە باوکی ئەندامێکی مەکتەب سیاسی حیزبی بەڵشەڤیکی بوو کەسێکی دیاری ناو حیزب بوو، لەبەر ئەوەی کوڕەکەی لە نزیکەوە ستالینی دەناسی و هاتوو چۆیان هەبووە و شایەتحاڵی وەزعی ئەوکاتی سۆڤیەت و زەمانی ستالین بووە و دەڵێ :

"ستالین ئەگەر کەسێک لە ئاستی سەرکردایەتی یان بەرپرسیاریەتی گەورە بوایە و بە تاوانی دوژمنی گەل و دژی دەسەڵات لەقەڵەم بدرایە ئەوا دڵنیابە کە ژن و منداڵیشی لەگەڵی دەبوونە قوربانی و تیرۆڕ دەکران و سزای گشتی بەسەر خێزانەکەیدا دەدرا . واتە هەموو کەس و کاری دەکوژران. لە هەندێک حاڵەت ئەگەر کەسێک لە ئاستێکی بەرپرسی ناوەندی بوایە، لەوانەیە ژن و منداڵەکەی وازی لێ بهێنرایە، بەڵام بەرپرسی گەورە هەمیشە هەموو خێزانی کوژرابوون لەگەڵی، هەموو ئەو کەسانەش لەگەڵیدا کاریان کردووە، هەموو خزمە دوورەکانیشی بەر سزای ستالین

دەکەوتن ".[107]

ستالین لەهەر پێنج مارشاڵی سۆڤیەت سێیانی کوشت واتە ٥/٣ کوشت بەناوی دووژمنی گەڵ.

ستالین ژەنەڕالێک بانگ دەکات بەناوی ڤیکتەر ئەباکوومەڤ کە سەرۆکی هەواڵگری سۆڤیەتەو هێندێک پرسیارو وەڵامی لێ وەردەگرێ .

ستالین گلەیی لە میللەت و کادیرانی حیزب دەکا لەکاتی دەنگدان هەمووی لەگەڵێن، بەڵام لەڕاستیدا زۆریان نارازین لە سیستەم و بارودۆخکە، هەربۆیە دەبێ مامەڵەی جیددیان لەگەڵ بکرێ. ستالین دەڵێ بەڕێژەی ٥٪ یان ٧٪ ی میللەت لەدژی گەلن( مەبەستی لەوەیە لە دژی منن) .

ژەنەڕاڵەکە (ئەباکومەڤ) دەڵێ : بەڵێ تەواوە بەڕێژەی ٥٪ یان لە ٧٪. .( میللەت دژی گەل و شۆڕشن) .

ستالین بەو ژەنەڕاڵە دەڵێ : ئەها . .. تۆ ڕاست دەکەیت، مەعقول نیە ژەنەڕالەکانی تر بەمن دەڵێن ولات ئێستا خاوێن و پاککراوەتەوە لە دوژمنی گەڵ، بەڵام تۆ ڕاست دەکەیت. هەوڵ بدەن بچنە ناو قوتابیانەوەو بزانن ئەوان چی دەڵێن؟ ئەی مەزاجی گەنجەکان چۆنە؟ پێویستە زیاتر بایەخیان پێبدرێ( بەمانایەکی تر مەبەستی لەوەیە پێویستە غەمێکیش لە قوتابیان بخۆن)

بەدکاری و گێرە شێوێنی لەنێو گەنجەکانە. پێویستە بەرگەیان نەگرن( تەحەمول، قبوولی ) نەکەن چیتر. پێویستە چاودێری توندتر(چڕو پڕتر) بکرێ لەسەر مەزاجی

---

107 https://www.youtube.com/watch?v=b_3KJffumrg&t=351s

قوتابیان. پاشان. .. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بڕۆنە قۆناغێکی تر لە بەرئەوەی یاسا لەپشتی ئێوەیە ٢٥ ساڵ نەک ١٠ ساڵ زیندان .

( مەبەستی لەوەیە حوکمی زیندانی. ١٠ساڵ؟ قوتابخانەیە نەک زیندان. ئەو کەسەی بۆ ١٠ ساڵ زیندانی بکرێ هەروەک ئەوە وایە چۆتە قوتابخانەو سەفەرو گەشت و گوزار، هەربۆیە پێویستە زیاتر حوکم بدرێ بۆ ئەوەی بزانێ سزای زیندانی چۆنە، ئەمە مەبەستی ستالین بوو بۆ ئەباکوومەڤ) .

قوتابیە سەرەتاییەکان بە١٠ساڵ حوکم بدرێن(مەبەستی لەوەیە ئەو قوتابیانەی لە قۆناغی قوتابخانەی سەرەتایین و موویان لێ نەهاتووە- توکە حەڕامەیان لێ نەهاتووە بۆ ئەوان ١٠ ساڵ حوکم بدرێن. بۆ ئەوانەی کە سمێلیان هەیە( واتە موویان لێهاتووە یان دەیتاشن) ئەوا ٢٥ ساڵ حوکمیان بدەن. .. گەنجن. . دەژین( مەبەستی لەوەیە ئەگەر گەنج بێ و بچێتە زیندان بۆ ٢٥ ساڵ هێشتا دەتوانێ بەرگە بگرێ و تەمەنی یارمەتی دەدا بۆ مانەوەی) .[108]

میژوو دووبارە دەبێتەوە بە فۆرمێکی تر. ستالین بە شێوەیەک لە شێوەکانی موحەمەدی پێغەمبەر مامەڵەی لەگەل منداڵ و گیراو و نەیارەکانی کرد. کاتێ موحەمەد هێرشی کردە سەر قەبیلەی بنی قریظةی جولەکە، منداڵە جولەکەکانی سزا دا ئەوەی تووکە حەڕامەی لێ هاتبێ واتە گەنگەموو ئەوا فت کوشتی و ئەوەی تووکە حەرامەی لێ نەهاتبێ ئەوانی کرد بە کۆیلەو دابەشی کردووەو هەندێکی لەبازاڕی مەدینە فرۆشتەوە .

---

108 https://www.youtube.com/watch?v=bIxTYCwO2Nc

# ستالین - تیرۆڕی مەزن

کەمپینێک بۆ پاککردنەوەی حیزب بە پلەی یەکەم لە نەتەوەی جوو. ستالین پێش هیتلەر بەو کارە هەڵسا . لەمانگی ٨ ی ساڵی ١٩٣٧ ستالین دادگایەکی گاڵتەجاڕی پێکهێنا بۆ دادگایی کردنی ١٦ کادیرو بەرپرسی گەورەی کۆمیتەی ناوەند و مەکتەبی سیاسی حیزب کە زۆربەیان سەر بە ڕێبازی لێنین و ترۆتسکی بوون. واتە ستالین نەک تەنها ترۆتسکیەکانی دەکوشت بەڵکو دەستی کرد بە لایەنگرانی لێنین'یش واتە سیاسەتی پاکتاوی سیاسی لەناو حیزب دەستی پێکردو لەنەیارەکانی خۆی پاکی کردەوە لە لێنینی و ترۆتسکیەکان. تا کۆتایی ساڵی ١٩٣٧ ستالین هەموو لایەنگرو هاوڕێکانی لێنینی کوشت و تەنها خۆی مایەوەو ژیا لەناو هەموو بەڵشەڤیکەکانی لێنین .

**ڕۆبێرت کۆنکڤێست** لە پەڕتووکی "تیرۆڕی مەزن" بەرگی یەکەم وەرگێردراوەکەی بۆ سەر زمانی ڕوسی لە ئینگلیزیەوە دەڵێ :

" یەکێ لە هەرە بڕیارە دەست بەسەرداگرتنەکانی ستالین مەکتەبی سیاسی حیزب بوو. دوابەدوای ئەو دەست بەسەرداگرتنە ترۆتسکی بوو، پاشان زینۆڤییێڤ و کامینییێڤ و بوخارین و ڕیکەڤ و تۆمسکی مەحکوم کردن و یەک لەدوای یەک، بەدەستی یەک کەس کەماوە لەژیان لەناو مەکتەبی سیاسی ئەویش ستالین بوو" .[109]

---

[109] -ڕۆبێرت کۆنکڤێست لە پەڕتووکی "تیرۆڕی مەزن"،بەرگی یەکەم چاپی وەرگێرە ڕووسیەکەی، لاپەڕە-٩

نووسەری بەناوبانگی ئینگلیز "ڕۆبێرت کۆنکڤێست" لە ئەمەریکا ژیاوەو خەڵاتی "میدالیای ئازادی"

پێبەخشراوە لەلایەن جۆرج بۆشی بچووکەوە لەساڵی ٢٠٠٥ کە یەکێ لە کەسە لێهاتووەکانی ئەمەریکایە بۆ خزمەتی زانست و کارو چالاکیەکانی. چاکترین پەڕتووک " تیرۆڕی مەزن" تاوەکوو ئێستا نووسرابێ لەسەر تیرۆری مەزن، پێم وابێ ڕۆبێرت کۆنکڤێستە لەساڵی ١٩٦٨ نووسیویەتی و لەساڵی ١٩٧١ کراوەتە ڕوسی، بەڵام ئەو کتێبە لە ڕوسیا قەدەغەبووە تا سەرهەڵدانی پێرێسترۆیکا و لەساڵی ١٩٩١ چاپکراوەتەوە بڵاوکراوەتەوە. لە بەشی سەرچاوەکان لە خوارەوە ئاماژەم پێکردووەو دەتوانن وەک پی دی ئێف داونلۆدی بکەن بەزمانی ڕوسیە و ٢ بەرگە.

تاکە نووسەر کە دژی نووسراو و بەرهەمەکانی ڕۆبێرتە ئەویش نووسەری ستالینیست " گرووڤەر فوور "ە و دەڵێ قسەکانی ڕۆبێرت بێ بنەمایەو حەق بە ستالین دەدا لەو تیرۆرە مەزنەی کە کردوویەتی .

کەسانی وەک زینۆڤییێڤ و کامینییێڤ کە تاوەکوو دوێنێ ئەو دووانە و زۆرێک لەو ١٦ ئەندامە لەدژی ترۆتسکی وەستان و دەنگیان بە ستالین دا کەچی ئیمڕۆ ئەوانیش ڕۆژیان هات و کەوتنە بەر تیغی ستالین. تەنانەت کامینێڤ خوشکی ترۆتسکی خواستبوو، واتە خزمی ئەو بوو، زینۆڤییێڤ و ڕادێک و زۆری تر جولەکە بوون، کەچی هەر ئەو ١٦ ئەندامە کاتی دەنگدان لەدژی ترۆتسکی وەستان و بێوەفا بوون بەرامبەر بە ترۆتسکی لە خەباتی فکری و پەیامی مارکسیەت کە کەسانی لێهاتوو دەبێ بایەخی پێبدرێ ، بەڵام ئەو ١٦ ئەندامە لەبەر ناحەزی خۆیان بەرامبەر بە زیرەکی ترۆتسکی دەنگیان بە ئەحمەقێکی وەک ستالین دا، چونکە پێیان وابوو ئەوان دەتوانن کۆنترۆلی ستالین بکەن و کارەکان بە ئەو بکەن، بەڵام ئەوان حوکم بەڕێوە ببەن.

بەڵام لەڕاستیدا هەر هەموویان بە هەڵەداچوون و ستالین کڵاوی کردە سەر هەموویان. دادگای کارتۆنی ستالین تاوانی ئەو ١٦ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەند و مەکتەبی سیاستی حیزبی خوێندەوە، کە هەموویان دان بەخیانەتی خۆیان داناوە، لە دژی شۆڕش وەستاون و پیلانیان داڕشتووەو کار و بەرنامەیان لەدژی فکرەی لێنین و گەلە. ئەو تاقمە ١٦ نەفەرییە هەوڵی هەڵگەڕانەوەیان داوە لەدژی دەسەڵات و پیلانی کووشتنی ستالینیان بە فیتی ترۆتسکی داڕشتووە. تەنها پۆلیسی نهێنیێ( ئێنکەڤێ دێ) بەو شانۆگەرییە دادگایی کردنەی ستالینیان زانیووەو هەر لەو چوارچێوەیەش دا مابۆوە .

ستالین دەیتوانی ترۆتسکی هەر لەڕوسیا بکوژێ، بەڵام ئەو کارەی نەکرد، بەڵکو توانی سووک و ڕەزیلی بکاو بۆ ئەوەی پێش گەڵ سوکی بکات کەسایەتی ئەو بشکێنێ. تا بتوانیت لە ڕوسیا دەری بکات، لە هەمان کات دا ترۆتسکی بەکاربهێنێ وەک هێمایەکی شەیتانی شۆڕش و وەک داردەستێک بۆ لەناو بردنی ناحەزەکانی خۆی لەژێر ناوی پیلانی ترۆتسکی و لە دژی شۆڕشەوە. واتە کەسایەتی ترۆتسکی وەک ئامرازێک لە دژی نەیارەکانی خۆی بەکاری هێنا.

لەمانگی ٩ی ساڵی ١٩٣٧ ستالین واتە حوکومەتی سۆڤیەت داوای لە حوکومەتی نەرویژ کرد کە دەبێ چیتر شوێنی حەوانە بە ترۆتسکی تاوانبارو بکوژی گەل نەدا و لە وڵاتەکەی دەری بکات، ئەگینا ئێمەی سۆڤیەت هیچ کارێکی بازرگانی کڕینی بەرهەمی کشتووکاڵ و گەنم ناکەین لەگەڵ نەڕویژ. هەڕەشەی بڕینی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بۆ نەروێژ زۆر کاریگەری دەبوو لەسەر بەرژەوەندی ئابووری وڵاتەکەی. هەربۆیە ناچار بوو داوای لە ترۆتسکی کرد کە وڵاتی نەڕویژ بە جێ بهێڵێ .

# ستالین- شەلاتی و چەقۆکێشەکانی

ڕۆبێرت کۆنکڤێست لە پەڕتووکەکەی بەناوی "تیرۆری مەزن" بەرگی یەکەم دەڵێت " "لەگەڵ ئەوەش کەسانی سیاسی ئاسایی هەبوون کە بەفەرمی وەک مەکینە لەخزمەتی حیزب و دەوڵەت کاریان دەکرد. ستالین لەساڵانی بیستەکانەوە دەستی کرد بەدروست کردنی گرۆپێکی سیخوری تایبەت بەخۆی کاری بۆ بکا . هەڵبژێردراوانی ئەو گرۆپە کەسانی بە حەیاو ئابروویان لێ بەدی نەدەکراو بە حەماسەوە کاریان دەکرد و ڕاستەوخۆ لەژێر گوێڕایەڵی فەرمانی ستالین'دا بوون" .[110]

ڕۆبێرت کۆنکڤێست بەردەوام دەبێ و دەڵێ :

**" لەڕاستیدا ئەو خەڵکانەی ستالین هەڵی بژاردبوون کەسانی قێزەون بوون بە هەموو پێوەرێک. ئەو گرۆپە نامۆبوون بە سیاسەت- تەنانەت دووربوون لەهەموو بەهاو ڕەفتارێکی کۆمۆنیستی. دەتوانین بڵێین ئەو کادیرانە جەماعەتێکی سەر بڕ بوون. ئامادەبوون بۆ هەر فەمانێکی ڕابەر لە بۆ توندووتیژی و ساختەکاری " .**

مەبەستی نووسەر لەوەیە ستالین کەسانی بەڕەڵاو چەقو کێش و شەقاوەی شەلاتی ناو جادەکانی لەدەوروبەری خۆی کۆکردبووەوە بۆ کاری سیخوری و گرتن و کوشتن( هەروەک زەمانی بەعسیەکان و دەستەی صەدام لەبەغدا گرۆپێکی دامەزراند بەناوی أبو طبر'ەوە، بەشەو هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵە نەیارەکانی بەعس و بە تەور سەریان

---

110 ڕۆبێرت کۆنکڤێست لە پەڕتووکی "تیرۆری مەزن". بەرگی یەکەم ،لاپەڕە -١٦-

دەبڕین).[111]

ڕۆبێرت کۆنکڤێست بەردەوام دەبێ و دەڵێ: "لەهەمان کات دا، میکانیزمی سیاسی وڵات بەردەوام بوو. تاڕادەیەک هێشتا خەڵکانێکی بەڕێز بە بەردەوامی و بە ڕواڵەت کاریان تێدا دەکرد. ئەوانە بریتی بوون لەکۆمەڵێک کەسانی فەرمانبەری کارگێر یان ئابووری".[112]

نووسەر(ڕۆبێرت کۆنکڤێست) ئاماژە بەسەرچاوەی مێژوونووسێکی ئینگلیز بەناوی ئیسحاق دەیتشەڕ دەکا کە بەگوێرەی قسەی ترۆتسکی بێت:

ستالین زوو زوو ئاماژەی بە پەندێکی ڕوسی کردووەو دووبارەی کردۆتەوە. پەندەکە دەڵێ:

"شازادە لە قوڕو لیتاو دروست دەکەن".[113] دۆیتشەر "پێغەمبەر بێ چەکە" لاپەڕە ٤٥٨

## ترۆتسکی- گەڕان بەدوای شوێنێکی حەوانەوە

پێش ئەوەی ترۆتسکی شوێنێک بۆ حەوانەوەی خۆی بدۆزێتەوە یان داوا بکا، کۆمیتەی داکۆکی کردن لە ترۆتسکی داوایەکی فەرمیان بە فرانکلین ڕووزفێلت سەرۆکی ئەمەریکا پێشکەش کرد بۆ ڕێگا پێدانی بێتە خاکی ئەمەریکا وەک پەناهەندە مافی پێ بدرێ. بەڵام سەرۆکی ئەمەریکا ڕەتی کردەوەو وتی:

---

111- هەمان سەرچاوە،هەمان لاپەڕە

112- **هەمان لاپەڕە**

113-دۆیتشەر "پێغەمبەر بێ چەکە". چاپی ئینگلیزی، لاپەڕە- ٤٥٨

" نامانەوێ کێشە بۆخۆمان دروست بکەین لەگەڵ سۆڤیەت. بەهاتنی ئەو بۆ ئەمەریکا قەیرانێکی سیاسی دەخولقێ نێوان ئەمەریکاو سۆڤیەت " .

بەختی ترۆتسکی ئەوکاتە هێنای، کاتێ لە مەکسیک تازە سۆشیالیستەکان هاتبوونە سەر حوکم. بۆیە بەناچاری بانگهێشتی سۆشیالیستە مەکسیکیەکانی قەبوول کرد.
هەربۆیە حوکومەتی نەرویژ ترۆتسکی بەکەشتیەکی حوکومی ڕەوانەی مەکسیک کرد.
لە ١٩٣٧/١١/٩ ترۆتسکی گەیشتە مەکسیک و بەشێوەیەکی فەرمیش پێشوازی لێکرا .
ژەنەڕالێک هات بۆ پێشوازی کردنی و وتی :
بەناوی حوکومەت و سەرۆکی وڵاتی مەکسیک بە خێرهاتنت لێدەکرێ. لەو پێشوازییەدا چەند کەسایەتیەکی لە حیزبە چەپەکانی مەکسیکی و ئەمەریکی ئامادەبوون. لەنێو ئامادەبوان ژن و مێردێکی هوونەرمەندی وێنەکێشی بەناوبانگی مەکسیک لەو پێشوازییە بەشدار بوون بەناوی دیێگۆ ڕیڤێرە و خێزانەکەی بەناوی فەریدە کالۆ. ئەو دوو هوونەرمەندە پڕ بە دڵ پێشوازییان لە ترۆتسکی و خێزانەکەی کرد. تەنانەت ماڵێکی خۆیان پێ دان و لەگەڵ چەند پاسەوانێک لە چەپڕەوە ترۆتسکیەکانی ئەمەریکی هاتن و پاسەوانیان دەکردو شەو و ڕۆژ لەدەورووبەری ماڵەکەی بوون نەوەک ستالینیەکان پەلاماری بدەن .
دیێگۆ ڕیڤێرەو خێزانەکەی دوو کەس بوون لە دامەزرێنەرانی پارتی کۆمۆنیستی مەکسیک .

سەرۆکی ئەوکاتەی مەکسیک لە حیزبی سۆشیالیست بووەو هەواداری ترۆتسکی بوو. هەربۆیە دیێگۆ هەڵسا بە وێنەکێشانی مارکس و لێنین و ترۆتسکی لە کۆشکی سەرۆکایەتی و تابلۆکانی هەموو لایەکی تەنیبووە. دیێگۆ هێندە سەرسام بوو بە ترۆتسکی، تەنانەت تەختی نووستنی خۆی ڕازاندبۆوەو بە وێنەی مارکس و لێنین و

ترۆتسکی. تەنانەت دییێگۆ لەگەڵ نزیکترین برادەری خۆی تێکی دا لەسەر ترۆتسکی کە ئەویش هوونەرمەندێکی وێنەکێشی بەناوبانگی مەکسیک بوو بەناوی دێڤد ڤارس پییێرس. دێڤد لایەنگیری ستالین بووەو دژی ترۆتسکی بوو، بەڵام دییێگۆ و ژنەکەی شێتانە لایەنگیری ترۆتسکی بوون. بەهۆی ئەو دییێگۆوە، ترۆتسکی توانی مافی پەنابەرییێتی لەمەکسیک وەربگرێ و هەموو معامەلاتی بۆ کرد و تەنانەت بە شەخصی چووە لای سەرۆک و داوای لێکرد کە ڕێگا بدرێ بە ترۆتسکی بێتە مەکسیک و پێشوازی لێبکرێ .[114]

## ستالین- شەڕی دەروونی و جەستەیی لەگەڵ تڕۆتسکی

لەساڵی ١٩٣٧ ستالین کەمپینێکی ڕاگەیاند لەدژی ترۆتسکی هەر بە گەیشتنی ترۆتسکی بۆ مەکسیک. ستالین ڕایگەیاند کە ترۆتسکی لەپشت تەقینەوەکەی کارگەکانی وڵاتە و دەستی تێکەڵ کردووە لەگەڵ هیتلەر لەدژی سۆڤیەت و خیانەتی نیشتمانی دەکا و دەبێ سزا بدرێ. لە ڕێگای ئەو کەمپینەوە دیسان ستالین کۆمەڵێ لەنەیارەکانی خۆی گرت و کوشتی بە بڕوبیانووی ئەوەی بە فیت و پیلانی ترۆتسکی کار دەکەن لە دژی سۆڤیەت .

بەگوێرەی نووسەری ئەمەریکی : گرۆڤەر فوور لە پەڕتووکەکەی بەناوی " هاوکاری لیۆن ترۆتسکی لەگەل ئەڵمان و ژاپۆن. پیلان گێڕی لەسیەکان" لە ٢ بەرگدا چاپی کردووە. لەبەرگی یەکەم و لاپەڕە ١٠٨ دا دەڵێ :

---

114 https://www.youtube.com/watch?v=45Z0keLaGhQ

" ستالین توانی لە مارشاڵێکی سەربازی گەورە خۆی خەلاس ببێ بەناوی مارشاڵ توخاچییێڤسکی وە لەگەڵ چەند فەرماندەی سووپا و کەوتنە ژێر پاکتاوی هێزی سەربازی وڵات" .[115]

وێنەی ئەو لاپەرەم لەبەشی سەرچاوەکان وێنەم گرتووەو لێرەش دەتوانن وەک پی دی ئێف ئەو پەڕتووکە بە ئینگلیزی بیخوێننەوە .[116]

ستالین بەم شێوەیە توانی هەموو سووپای سوور خاوێن بکاتەوە لە لایەنگرانی ترۆتسکی کە دامەزرێنەری ئەو سووپایە بووەو تاکە سووپای وڵات بوو. هەموو ڕۆژێک کۆمەڵە ئەفسەرو فەرماندەیەک لەبەر چاوی ئەفسەرەکانی تر ون دەبوون، ئیدی خەڵک لێ ڕاهات هەر جارەی کەسێ بەدیار نەدەکەوت لە سەربازگە ئیدی دەیان زانی بەر کەمپینی کوشتنی ستالین کەوتووە .

ستالین پلانی دارشت بۆ کوشتنی کوڕی ترۆتسکی( لێڤ سیدۆڤ) لە فەرەنسا کە خەریکی ڕێکخراوی ئینتەرناسیۆنال بوو لە ساڵی ١٩٣٧. کوڕی ترۆتسکی لێڤ سیدۆڤ لە فەرەنساوە نامەیەکی نارد بۆ دایکی لە مەکسیک، تێیدا دەڵێ :

باش بوو باوکم لە ڕوسیا نەماوە ئەگینا ئێستا لەژیان نەدەما . باش بوو، ئێوە بوون بە بەربەست لەگەڕانەوەم بۆ ڕوسیا، ئەگینا ئێستا منیش لە ژیان نەمابووم .

---

115 گرووڤەر فوور" هاوکاری لیۆن ترۆتسکی لەگەڵ ئەڵمان و ژاپۆن بیلان گێری لە سیەکان"،بەرگی یەکەم،لاپەڕە- ١٠٨-

116 http://marxism.halkcephesi.net/Grover%20Furr/Furr%20tortsky%20japan.pdf

کاتێ ستالین حوکمی غیابی لە سێدارەدانی بەسەر ترۆتسکی'دا سەپاند. لە ساڵی ١٩٣٧ ترۆتسکی هەوڵی دا لە ڕێگای کۆمەڵەی نەتەوە"عصبة الأمم" بەرگری لەخۆی بکاو پاکانە بۆ خۆی هێناوە کە هیچ تاوانێکی نەکردووەو ئەگەر سەلمێندرا کە تاوانبارە ئەوا ئامادەیە خۆی ڕادەستی ڕوسیا بکاتەوە. بەڵام عصبة الأمم وەڵامی نامەکەی ترۆتسکیان نەداوە .

لە ١٠ی ئەپریلی ساڵی ١٩٣٧ بانگهێشتێکی گشتی بۆ ڕای جیهانی کرد بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە خۆی ( ترۆتسکی) تاوانبار نیە و ئەو تاوانانە ستالین بۆی هەڵبەستووە و هیچ بنەمایەکی نیە. بۆ ئەو مەبەستە زۆر لە کەسایەتی جیهانی ئامادەی بوو. بەشداربوانی ئەو کۆنگرەیە بریتی بوون لە میدیاکار و ژۆڕنالیست و پارێزەرو یاساناس و کەسایەتیە سیاسیەکان بوون. پرۆفیسۆرێکی ئەمەریکی سەرپەرشتی ئەو کۆنگرەیەی ترۆتسکی کرد .لیژنەیەک پێکهێنرا لە ئەمەریکا لەلایەن ئەو کۆنگرەوە کە لەئەمەریکا بەڕێوە چوو. هەفتەیەک درێژەی خایاند لە پرسیارو وەڵام بۆ ترۆتسکی. ئەنجامی لێکۆلینەوەی ئەولیژنەیە ترۆتسکی بێتاوان دەرچوو و گوناحبار نیە، بەڵکو ستالین ئەو تاوانانەی بۆ هەڵبەستووەو بنەمای نیە. واتە بەقازانجی ترۆتسکی تەواو بوو .[117]

لە ٢٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٧ ستالین فەرمانی کوشتنی کوڕو کچەکانی ترۆتسکی دا کە لە ڕوسیا مابوونەوەو ڕازی نەبوون لەگەڵ باوکیان بچن بۆ دەرەوەی وڵات.

---

117 https://www.youtube.com/watch?v=J2g1yhntWgc&t=113s

کەچی لەگەڵ ئەوەش ستالین هەر بوختانی بۆ دروستکردن گوایە کوڕەکەی ترۆتسکی (سێرگێی سیدۆف) کرێکارەکانی ئەو کارگەیەی کاری لێدەکرد هەمووی ژەهراوی کردوون. پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر بۆ ئەوەی دان بە تاوانەکانی دابهێنێ و بڵێ بە فەرمانی باوکم ئەو کارەم کردووە، بەڵام سێرگێی لەژێر ئەشکەنجە نەشکاو دانی بەو تاوانە هەڵبەستراوەی نەداو ستالین نەیتوانی ئیرادەی کوڕی ترۆتسکی بڕوخێنی، ئیدی لە دوا جاردا کوشتی .

منداڵەکانی ترۆتسکی بوون بە قوربانی شەڕی نێوان باوکیان و ستالین. پاشان دوو کچەکەی تری ترۆتسکی بەناوی( زینەو نینە) کە لە ژنی یەکەمی بوون دیسان بوون بە قوربانی پەیامی باوکیان .

نینە تووشی نەخۆشی سیل بوو، زینەی خوشکی ئاگای لێبوو و چاودێری دەکرد.

لەتەمەنی ٢٦ ساڵی نینە گیانی لەدەست داو تەنانەت دەسەڵاتی ستالین نەیهێشت خوشکەکەی بەناوی زینە بچێ بۆ سەرقەبران و ماڵئاوایی و تەعزییەی بۆ خوشکەکەی دابنێ. پاشان خودی زینەش تووشی نەخۆشی سیل بوو بەهۆی خوشکەکەیەوە .

لە ژێر فشاری دەرەوەو میدیاکانی جیهان باسیان کرد ئیدی ستالین ناچار بوو ڕێگای پێبدا بچێتە دەرەوە بۆ چارەسەری لەئەڵمانیا بەمەرجێک مافی هەیە تەنها یەک منداڵ لەگەڵ خۆی بباو منداڵەکەی تری کە ٧ ساڵانە بوو لای داپیرەی خۆی وەک بارمتە لە ڕوسیا بە جێی هێشت .

بەگوێرەی هەندێک سەرچاوەی تر دەڵێن کە زینە و کوڕە منداڵەکەی یەکەم جار چوون بۆ لای باوکیان لە تورکیا واتە بۆ لای ترۆتسکی و دەرکراون و لەوێوە ترۆتسکی هەوڵی بۆ داوە بەنامە نووسین و عەریزە نووسین بۆ سەفارەتی ئەڵمانیا لە تورکیا کە ڕێگا بە کچەکەی بدەن بۆ چارەسەر، چونکە نەخۆشە و پاش هێنان و بردن و دواخستنی

ڤیزەکەی، ئەڵمانیا ڕازی بوو ڕێگا بە کچ و منداڵەکەی بدا بچێ بۆ ئەڵمانیا بۆ چارەسەری کە نازییەکان بەرەو زیاد بوون دەچوون و دەبوون بەهەڕەشە بۆ سەر نەتەوەی جوو .

بەبیروو ڕای من دوا سەرچاوە ڕاستە کەچۆتە لای باوکی یەکەمین جار بۆ تورکیا، چونکە هەندێک نامەی ترۆتسکی هەیە بڵاوبۆتەوە کە کاتی خۆی بۆ سەفارەتی ئەڵمانیا لە تورکیای نووسیوەو داوای ڕێگەپێدانی کچەکەی دەکا بۆ ئەڵمانیا . لە یوتوب هەیە بە ئینگلیزی ئەو فیلمە دۆکومێنتارییە لە ٦ بەش .[118]

لە ساڵی ١٩٣١ ڕەوانەی ئەڵمانیا کرا . داپیرە( واتە دایکی ژنەکەی ترۆتسکی) دوو منداڵی تریشی بەسەر ساغ ببۆوە لە کچی دووهەمی ترۆتسکی واتە داپیرە ٣ منداڵی نەوەی ترۆتسکی بەخێو دەکرد کە زۆر بە ڕەزالەت دەژیا.

مێردی زینە کە دوورخرابۆوە بۆ سیبیریا هەر لەوێ کوشتیان. بەگەیشتنی زینە بۆ ئەڵمانیا بۆ چارەسەری، ستالین یەکسەر بڕیاری بێبەری کردنی هەم بۆ ترۆتسکی و هەم بۆ هەموو منداڵەکانی لە ڕەگەزنامەی سۆڤیەتی دەرکرد و مافیان نیە بگەڕێنەوە ڕوسیا و بژین یان نیشتەجێ ببنەوە. لەهەمان کات دا حوکومەتی ئەڵمانیا بڕیاری دا کەدەبێ زینە ئەڵمانیا بە جێ بهێڵێ. ئیدی لەغەمی ئەوەی کە ناتوانێ بگەڕێتەوە ڕوسیا و جارێکی تر منداڵە ساواکەی ببینێتەوە و هیچ شوێنێکی حەوانەوەی تازەی پێ نادرێ، ئیدی لەبێ دەسەڵاتی خۆی بێزار بوو، گەیشتە قەناعەتێک کە خۆی بکوژێ لە ئەڵمانیا پێش ئەوەی بەڕەڵای سەر سنووری بکەن. لەو ژوورەی کە جێگیر بوو لە

---

118 https://www.youtube.com/watch?v=38mRNdESPgk

ئەڵمانیا گازی چێشتخانەکەی کردەوەو پەنجەرەو دەرگای لەسەر خۆی داخست و ڕاکشابوو تا گیانی لەدەستدا بە ژەهراوی بوونی گاز.

دەقی نامەی ترۆتسکی بۆ پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، بە پلەی یەکەم ستالین تاوانبار دەکا لە خۆکوژی کچەکەی. کاک پێشڕەو موحەمەد نامەیەکی ترۆتسکی وەرگێڕاوە دەربارەی خۆکوژی کچەکەی لە ئەڵمانیا.[119]

ژنی یەکەمی ترۆتسکی کە ئەوکاتە تەمەنی ٦٠ساڵی بوو لە سزای دوورخراوەیی ستالین بوو کە نامەیەکی بە نهێنی بۆ نەوەکەی نووسی بوو کە گەورەبێ بیخوێنێتەوە چیان لێ بەسەر هاتووە کە لای داپیرە بۆی جێمابوو. لەو نامەیە دەڵێ :

"ئیدی هیچ باوەڕیم بە ژیان نەماوەو باوەڕ ناکەم منداڵەکانم گەورەبن و بژین و چاوەڕوانی ئەو ساتە دەکەم کە کارەساتێک بەڕێوەیە". بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو هەردوو کچەکەی لەدەست دابوو، بەڵام زوو دەنگۆی ئەو نامەیە بڵاوبۆوە کە بۆ نەوەی خۆی ناردوویەتی. ساڵێکی نەبرد ژنی یەکەمی ستالین لەو تەمەنە واتە لە ٦٠ ساڵی لە دوورخراوەییەوە بۆ زیندانی ڕەوانەکرا و هەر لەوێ کوشتیان. بەدوای ئەو خوشک و براو کوڕە پووری ترۆتسکی کوژران .

---

[119] پێشڕەو محمد" نامەیەکی کراوە دەربارەی ڕۆڵی ستالین لە مردنی زینابیدا ڤۆلکۆف" سەیری ئەم لینکە بکە.

https://www.facebook.com/842572292489878/photos/a.848811855199255/1072798529467252/?type=3&theater

ستالین بە ئەنقەست بە سیستیماتیکی هەموو خزم و کەسە نزیکەکانی ترۆتسکی دەکوشت بۆ ئەوەی ترۆتسکی شێت و هار بکا و تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە. تەنانەت گۆڕی دایکی ترۆتسکی هەڵدایەوە( هەڵی کەندەوە) لە ناوچە "خیرسۆن" لە گوندی "نیڤکە" و هەرچی ئێسک و پروسکی دایکی بوو پەرت و بڵاوی کردەوە بۆ ئەوەی شوێنەواری نەمینێ. ئابەم شێوەیە دەردی دا بە ترۆتسکی .

ئێستا ترۆتسکی تێگەیشت کە ناحەقی کردووە لەبنەماڵەی قەیسەر، کە هەمیشە پاکانەی بۆ کوشتنی ماڵ و خێزان و منداڵەکانی ئیمپراتۆری کردووە و بەکارێکی ڕاستی زانیوە تەنانەت قەناعەتی وابوو کەدەبێ نەوەی قەیسەر'یش بکوژرێ بۆ ئەوەی شوێنیان نەمینێ لە مێژووی سیاسی ڕوسیا، بەڵام ئێستا بینی بەچاوی خۆی کە چۆن بەسەر خۆی داهات. چاڵ بۆ خەڵک هەڵبکەنیت دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بکەیت خۆت تێی بکەویت یان چاڵت بۆ هەڵبکەننەوە .

لەساڵی ١٩٣٧ ترۆتسکی لەیەکێ لە یاداشتەکانی نووسیویەتی، ئەگەر نەوەکانی قەیسەر لەژیان بمابانەوە ئەوا بێگومان ئەو منداڵانە دەبوون بە ئەستێرەو ڕۆحی سووپای سپی و هەوادارەکانی قەیسەر لەدژی حوکمی پرۆلێتاریا. واتە دان پێدانان بە کوشتنی منداڵەکانی قەیسەری پشتڕاست کردۆتەوە .

ترۆتسکی هێندە خۆی بە بێدەسەڵات هاتە پێش چاو کە لە هەموو شتێک بێبەری و دەربەدەری وڵاتان بووە. لەگەڵ ئەوەش منداڵەکانی یەک بە یەک لەدەستی دەچێ و دەزانێ ستالین وازی لێ ناهێنێ. تەنانەت گەیشتە ئەو قەناعەتە کە خۆی بکوژێ.

بەڵام بیری کردەوە کە ستالین دیسان بە مردنی ترۆتسکی ناوەستێ بۆ تۆڵەسەندنەوە . ئەو کوڕەی کەلە فەڕەنسا مابۆوەو ببووە دەستە ڕاستی ترۆتسکی و سکرتێرو پاسەوان و یاریدەدەری باوکی لەکاری سیاسی . هیچ دەوڵەتێکی ئەوروپی ترۆتسکی قبوول نەکرد کاتێ لە تورکیا بوو، بەڵام توانی کوڕەکەی بنێرێ بۆ فەڕەنساو نیشتەجێی ئەوێی بکا لەسەرەتای سییەکان واتە ساڵی ١٩٣١. کوڕەکەی توانی بە هاوکاری کەسانی چەپ و ئینتەرناسیۆناڵەکان ڕۆژنامەیەک وەک نامیلکەیەک دەربکا بەناوی " هەڵوێست". کە هەموو بابەتەکان بریتی بوون لە ئایدیۆلۆژییەتی چەپی ترۆتسکی لەدژی ستالین .

کاتێ نازییە ڕەگەزپەرستەکان لە ساڵی ١٩٣٣ ڕایخستاگیان سووتاند. بەفەرمانی ترۆتسکی لییێڤ لەگەڵ گرووپە چەپەکان بەرەیەکی چەپیان دروستکرد بۆ ئینتەرناسیۆنالی چوارەم. یەکگرتنەوەی چەپە کۆمۆنیستەکان وەک حیزبێکی ترۆتسکی کاریان دەکرد. بەڵام ستالین توانی سیخورەکانی بخاتە شانەی حیزبیەکەیەوە تەنانەت توانی دۆستایەتی لەگەل ژنی لییێڤ( کوڕی ترۆتسکی ) دروست بکات لەڕێگای سیخوڕەکانیەوە بە بڕوبیانووی نەشتەرگەری ڕیخۆڵە کوێرە نەشتەرگەرییەکیان بۆ کرد لە خەستەخانەو بۆ ڕۆژی دوایی بەمردووی هێنایانەوەماڵەوە .

١٦ ی مانگی دووی ساڵی ١٩٣٨ دییێگۆ ڕیڤییێرە ڕۆژنامەیەکی کڕی هەواڵی کۆچی دوای دواهەمین منداڵی ترۆتسکی تێدا نوسرابوو. بەگوێرەی زانیارییە فەرمیەکانەوە لە نەشتەرگەرییەکی ڕیخۆڵە کوێرە دەرنەچووە و مردووە. بەڵام ترۆتسکی زوو زانی ئەوە کاری ستالینە و پیلانەکەی داڕشتووە بۆ کوشتنی دوا منداڵی ترۆتسکی کە چوار منداڵ بوون . لێڤ تاکە منداڵی بوو کە ئارەزوو مەندانە بەگەڵ باوکی کەوتبوو و بچێ

بۆ هەندەران و لایەنگیری باوکی بکا لە ساڵی ١٩٢٨. تەنانەت بۆ دوا جار نەیتوانی منداڵەکەشی ببینێ و ماڵ ئاوایی لێ بکا . ترۆتسکی ئیدی تەواو ڕوخا .

هەر لەو کاتەدا ستالین دەستیکرد بەنووسینی بەرهەمە فکریەکانی خۆی و کردیە مەنهەج کە دەبێ لەهەموو قوتابخانەو ئینستیتوتێک بخوێندرێ و پیرۆز ڕابگیرێ کتێبەکانی هەروەک کتێبی ئینجیلهەر لە ساڵی ١٩٣٨ بەدواوە ڕۆلی هیچ کەسایەتیەکی سیاسی لە مێژووی حیزبایەتی پاش لێنین ئامازەی پێ نەکراوە بێجگە لە لێنین و ستالین .دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە ترۆتسکی لەگەڵ هیتلەری ئەڵمانیا ڕێککەوتوون بۆ لەناوبردنی یەکیەتی سۆڤیەت. هەروەک زۆربەی نووسەرانی سەر بە ستالین و ستالینیستەکان وەک گرووڤەر فوور دەڵێ :

بەڵێ ترۆتسکی پەیوەندی بە ئەڵمان و ژاپۆنەوە کردووە لەدژی سۆڤیەت .

بەڵام هیچ بەڵگەیەکی نیە بۆ ئەو قسانە تەنها ئەو بەڵگە هەڵبەستراوانەی ستالین نەبێ، ئەگینا هیچ دەست خەتێک و ڕێککەوتنێک یان هیچ یادەوەرییەک لەلایەن نازییەکانەوە یان لە ئەرشیڤی ترۆتسکی دا نیە بۆ ئەم مەسەلەیە .

ستالین لەلایەن خۆیەوەو لەڕێگای هەوادارانیەوە هەم لە مەکسیک و دەرەوەو ناوخۆی وڵات دەنگۆی ئەوەی بڵاوکردەوە کە ترۆتسکی لەگەڵ هیتلەر ڕێککەوتووە بۆ ڕووخاندنی یەکیەتی سۆڤیەت. بە حسابی ئەو دەنگۆیە دەبوایە ترۆتسکی بە نووسین ئابرووی ستالین ببا لەئاشکراکردنی تاوانەکانی و ڕۆڵی خراپی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و باسی بکاو زانیارییەکانی بدا بە ئەڵمانیا بەرامبەر بە بڕە پارەیەک. بەڵام ئەوە تەنها بوختانێکی ستالین بوو لە دژی ترۆتسکی ئەگینا بە هیچ شێوەیەک هیتلەر ڕێککەوتنێک ناکا لەگەڵ کەسێکی جولەکە، بەڵکو سیناریۆی بەلشەڤیەکانەو کاتی

خۆی هەر بۆ خۆیان دەستیان تێکەڵ کرد لەگەڵ ئەڵمان لە دژی قەیسەر، بەتایبەتی ڕابەری بەڵشەڤیک - لێنین و دەستەو دائیرەکەی وەک ستالین ڕازی بوون ڕێککەوتن لەگەڵ ئەڵمان بکەن و هەر خودی ستالین پێش شەڕی جیهانی دووهەم ڕێککەوت لەگەڵ ئەڵمانیای نازی، ئیدی ویستی هەمان سیناریۆ بخاتە پاڵ ترۆتسکی.

پێشبینیەکانی ترۆتسکی ڕاست دەرچوو، کاتێ وتی ستالین هەموو بەهای شۆڕش و خەباتی چینی کرێکار لەپێ دەکاو ڕێکدەکەوێ لەگەڵ فاشیستی ئەڵمانی. ڕێک ئاوا دەرچوو. کاتێ ئاشکرابوو ڕێکەوتنەکەی "مۆڵۆتۆڤ و ڕۆبێنترۆپ" نێوان سۆڤیەت و ئەڵمانیای نازی لەسەر دابەشکردنی پۆلۆنیا لەدژی ئینگلیز و فەڕەنسا . ستالین ڕێککەوت لەگەڵ هیتلەر. بەڵام ترۆتسکی وتی هیتلەر لەدوا ساتەکان کڵاو دەکاتەسەر ستالین، دواجار هەر ئاواش دەرچوو .

ترۆتسکی ڕەخنەی لە ستالین گرت وەک سەرکردەیەکی ئینتەرناسیۆنالی سێهەم بەو کارە هەڵسێ لەگەڵ هێزێکی فاشیست ڕێک بکەوێ لەسەر دابەشکردنی خاکی پۆڵەندا . ئیدی سۆڤیەت لە دەوڵەتێکی داکۆکی کەری مافی کرێکارانەوە بووە بە هێزێکی داگیرکەرو هەر ئابەم شێوەیە ناوی دەبرد .

ترۆتسکی وتی ستالین لە پێناو مانەوەی خۆی بۆ ئەوەی حاکم بێ بەسەر دەوڵەتێکی شۆسیالیست ئامادەیە هەموو جۆرە ڕێککەوتنێک لەگەڵ دوژمن وازۆبکا . هەربۆیە گەیشتە قەناعەتێک کە ستالین ڕۆڵی هەبووە لە ژەهراوی کردنی لێنین تەنها لەپێناو جێگرتنەوەی لێنین بۆ دەسەڵات .

ئەمەش یەکێ لەهۆکارەکانی تربوو کە پاڵی بە ستالینەوە نا بڕیاری کۆتایی بدا بۆ

تیرۆرکردن و لەناوبردنی ترۆتسکی، چونکە لەدەرەوەی وڵات ئابرووی ستالین دەبا و لە ڕۆژنامەکان بڵاویان دەکاتەوە .

## تێکچوونی پەیوەندی نێوان دییێگۆ ڕیڤێرە و ترۆتسکی

بەبۆنەی لەدایکبوونی ترۆتسکی'یەوە لە ٢٥ی ئۆکتۆبەر واتە ٢٠ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر و یادی لەدایکبوونی ترۆتسکی و فەریدە کالۆ وێنەی پۆرتریێتی خۆی پێشکەشی ترۆتسکی کرد. لێرەوە بەد بەختی و چارە ڕەششی ترۆتسکی دەستی پێکرد کەبووە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان خۆی لەگەڵ برادەری هاوبیری مەکسیکی دییێگۆ. هەندێک ناخۆشی و تکچوونەکە دەگەڕێننەوە بۆ پەیوەندی سۆزداری و خەوتنی فەریدە کالۆی ژنی دییێگۆ ڕیڤییێرە لەگەڵ ترۆتسکی بەنهێنی و لێی ئاشکرا بووە. هەر ئەوە بووە سەرەتای قەیرانەکانی نێوان دییێگۆ و فەریدەو ترۆتسکی و خێزانەکەی خۆشی. پێشکەش کردنی پۆرتریێتی خۆی بۆ ترۆتسکی بووە جێگای مشتومڕی خەڵک و دەنگۆی پەیوەندی سۆزداری نێوان فەریدەو ترۆتسکی بڵاوبووەوە. تەنانەت لەم لینکەی خوارەوە ئەو ڕووداوە کراوە بە فیلم لە ڕوسیا ساڵی پارو پێ دەچێ توێژەرانی ڕوسیا باوەڕ بەو دەنگۆیە بکەن .[120]

من بە دوورو درێژی باسی خۆشەویستی و عەشقی ترۆتسکیم کردووە لەم لینکەی خوارەوە .[121]

---

120 https://www.facebook.com/NeazyAsma/videos/pcb.1424866060979225/1424862370979594/?type=3&theater

121 https://www.facebook.com/NeazyAsma/posts/1424866060979225?__tn__=-R

تەنانەت هێندێک مێژوونووسی ڕووس دەڵێن : یەک دوو جار ژنی ترۆتسکی داوای جیابوونەوەی لە ترۆتسکی کردووە لەسەر ئەم مەسەلەیە، بەڵام ترۆتسکی حاشای لەو پەیوەندییە سۆزداریەی خۆی کردووە لەگەڵ فەریدە کالۆ. ئەم بابەتە چەند ڕاستە هیچ بەڵگەیەک لەبەر دەست دانیە .

بەڵام بەگوێرەی زانیارییەکانی ڕوسیا وا بڵاوە کە پەیوەندی سێکسی هەبووە بە نهێنیٚ نێوان ترۆتسکی و فەریدە هەربۆیە مێردی فەریدە بڕیاری دا کە ترۆتسکی و خێزانەکەی دەربکا لەوماڵەی کە بۆی تەرخانکردبوو و پێی ڕاگەیاندبوو دەڕۆیت بەڵام بۆ کویٚ دەڕۆی بڕۆ گرنگ نیە، من لەمەو دوا لایەنگیری تۆ ناکەم ئیدی بەناچاری ترۆتسکی ماڵی دییێگۆی بەجێهێشت و ماڵێکی سەر ڕێگاو سەر گۆشەی ناو شاری بە کریٚ گرت و چەپە ئەمەریکیەکان پارەی خانوو و خەرجی پاسەوان و خواردنی ترۆتسکیان دابین دەکرد .

بەڵام بەگوێرەی هەندێک سەرچاوەی تر، ئەوا ناخۆشی نێوان دییێگۆ و ترۆتسکی دەگەڕێننەوە سەر ئەوەی دییێگۆ داوای لە ترۆتسکی کردوە لە کاتی هەڵبژاردن کەمپینی لایەنگیری و پڕۆپاگەندە بۆ دییێگۆ بکا بۆ سەرکەوتنی لە هەڵژاردنی سەرۆکایەتی مەکسیک، بەڵام ترۆتسکی ئەو داوایەی ڕەت کردۆتەوە لەبەر ئەوەی حەز ناکا تێکەڵی سیاسەتی ناوخۆی مەکسیک بیٚ و سەرۆکی مەکسیک لەخۆی تووڕە بکا بۆ ئەو هەڵبژاردنە . باری ئابووری ترۆتسکی زۆر باش نەبوو، هەربۆیە هەوادارە کۆمۆنیستەکانی ئەمەریکا یارمەتی مادییان دەنارد بۆ ترۆتسکی بۆ ئەوەی بتوانیٚ

بژێوی ژیانی خۆی پێ بەرێتەسەر. سەرەڕای ئەوەش وتاری بۆ ڕۆژنامەکان دەنووسی. کۆنتراکتێکی بەڵێندەری بۆ هات کە پارەیەکی باشی لێدەست دەکەوت کە داوایان لێکرد ژیاننامەی ستالین بنووسێتەوە و ڕۆڵی لە مێژووی کۆمۆنیزمی دا . هەرچەندە حەزی نەکرد بەو کارە هەڵسێ، بەڵام لەبەر کەم دەرامەتی ئەو داوایەی قبوول کرد. بەڵام خودی ترۆتسکی زیاتر حەزی دەکرد ژیاننامەی لێنین بنووسێتەوە نەک ستالین .

## چارەنووسی نەوەی ترۆتسکی لە مەکسیک

ترۆتسکی توانی نەوەی خۆی بهێنێتە مەکسیک. نەوەی ترۆتسکی بەناوی (ئێستێپان ڤۆڵکۆڤ) گەیشتە لای تڕۆتسکی باپیرە. ئەو منداڵە بەناوی( ئێستیپان) هی کچی ژنی یەکەمی بوو- بەناوی زینایدە ڤۆڵکۆڤە. ئەو کچە بوو کە لە ئەڵمانیا خۆی کوشت و منداڵێکی لەدوای خۆی بەجێهێشت لە ئەڵمانیا، بە هۆی هەوادارەکانی ترۆتسکیەوە توانیان داڵدەی بدەن و بۆ ماوەیەک بیشارنەوە لە ئەڵمانیاوەو ڕەوانەیان کرد بۆ نەمسا، پاشان ناردیان بۆ مەکسیک. نەوەی ترۆتسکی بەناوی ڤسێڤلۆد ڤۆڵکۆڤ برۆنشتێین بانگدە کرا . کاتێ ئەو منداڵە هات بۆ مەکسیک ترۆتسکی هەموو کەسە نزیکەکانی خۆی و دەوروبەری ئەو منداڵەی ئاگادار کردەوە کە کەس باسی سیاسەت لای ئەو منداڵە نەکا . ترۆتسکی حەزی نەکرد چارەنووسی ئەو منداڵەش بکەوێتە خەتەر و سەرگەردان بێ لە دوارۆژدا بە تێکەڵ بوونی بە سیاسەت گەربێتو گەورەبێ .

هێشتا نەوەی ترۆتسکی ماوە لە مەکسیکەو لەم ڤیدیۆیەی خوارەوە. سەیربکە بزانە چۆن ئێستا نەوەی ترۆتسکی'ش پیربووەو بەساڵاچووە. ئەوماڵەی ترۆتسکی لە مەکسیک کراوە بە مۆزەخانەو ڕۆژانە خەڵک سەردانی دەکاو زۆرجار نەوەی ترۆتسکی لەگەڵ گەشتیاران وێنە دەگرێ کاتێ سەردانی ئەو ماڵە دەکەن. لەم لینکەی خوارەوە

دەتوانن ئێستا نەوەی ترۆتسکی( ئێستێپان ڤۆڵکۆڤ) ببین بە ئینگلیزی قسە دەکا لەم ڤیدیۆیە.[122]

## بڕیاری کۆتایی ستالین بۆ لەناوبردنی ترۆتسکی

لە ساڵی ١٩٣٩ستالین فەرمانی بە بێریای وەزیری ناوخۆی ڕوسیاو جێگری بەڕێوەبەری وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت ( پاڤێل سۆڤلاڤۆڤ) دا کە پیلانێک بۆ کوشتنی ترۆتسکی دابڕێژن و کاتی لەناوبردنی هاتووە. هەر بۆیە ستالین وتی ئیدی کاتی لەناوبردنی ترۆتسکی هاتووە. ناوی ئەو ئۆپەراسیۆنەیان ناو نا "مراوی". چونکە ترۆتسکی زۆر حەزی لە ڕاوە مراوی بووەو هەر بەو ناوەش ناوبرا . ستالین وتی بۆ سەرکەوتنی ئەو پیلانە هەرچەند پارەی تێ دەچێ کێشە نیە چەندی تێدەچێت بۆی تەرخان بکەن، گرینگ ئەوەیە سەربکەوێ .

ستالین هەوڵی کوشتنی ترۆتسکی دا لەڕێگای پاسەوانێکی ترۆتسکیەوە کە ئەمەریکی بوو لە ژێرەوە لەگەڵ ئێنکەڤێدێ( موخابەڕاتی سۆڤیەت) کاری دەکردو توانی ١٢ چەکدار بهێنێتە ژوورەوە تەقەی لێبکەن و دەستڕێژی گوللە بکەنە سەر ترۆتسکی بەڵام بەرنەکەوت .

موخابەڕاتی سۆڤیەت جارێکی تر هەوڵی دا لەڕێگای ئەفسەرێکی خۆیانەوە کە پەیوندی سۆزداری دروست کرد لەگەڵ ژنێکی کۆمۆنیستی ئیسپانی تەڵاقدراو کە هەواداری ستالین بوو. ئەو ژنە کۆمۆنیستە تەڵاقدراوە کوڕێکی گەورەی هەبوو بەناوی

---

122 https://www.youtube.com/watch?v=wULx1YaKkmg

ڕەمۆن مێرکەدێر. ئەویش کۆمۆنیست بوو وەک خۆی و توانی ڕازی بکات بچێتە مەکسیک و ترۆتسکی بکوژێ .

ڕەمۆن مێرکەدێر توانی لەگەڵ سکرتێری ترۆتسکی کە کچێکی مەکسیکی بوو پەیوەندی خۆشەویستی دروستبکات و زوو زوو هاتووچۆی ماڵی ترۆتسکی دەکرد بە بڕوبیانوی سەردانی کچە دەستگیرانەکەی. ئیدی ترۆتسکی متمانەی بەو کوڕە گەنجە کرد کە بێتە ماڵیەوە، تەنانەت چەند جارێک شەو لەوێ خەوتووە. تاوەکوو ڕۆژێک دەرفەتی بۆ هەڵکەوتوو بە تەورێک لێیدا کە لە ژێر پاڵتۆکەی شاردبوویەوەو دەری هێناو لەپشتی سەری ترۆتسکی وەستابوو کێشای بە تەپڵەی سەری ترۆسکی'داو گورزێکی کوشندەی لێوەشاند. ترۆتسکی پاش چەند ڕۆژێک مانەوەی لە خەستەخانە گیانی لەدەست دا.

٣٠٠ هەزار کەس بەشداریان کرد لە ڕۆژی بەخاک سپاردنی ترۆتسکی لەمەکسیک .

بکوژەکەی ترۆتسکی دەستگیرکراو حوکمێکی توندی بەسەردا سەپێندرا لە مەکسیک. بەڵام لەساڵەکانی کۆتایی ژیانی ئازادکراو هاتە سۆڤیەت و لە مۆسکۆ لە ئەپەڕتمێنێک نیشتەجێ کراو ڕێزی لێنراو چەند خەڵاتێکی پاڵەوانی سۆڤیەتی پێ بەخشرا و ژنێکی ڕوسی خواست و پاشان پێدەچێ بێ تاقەت بووبێت لە سۆڤیەت و بەرەو چیکۆسلۆڤاکیا ڕۆیشت و لەوێ نیشتەجێ بوو، بەڵام لەوێش خۆی نەگرت و بەرە و کوبا ڕۆیشت تاکۆتایی ژیانی هەر لەوێ مایەوە. من چاوپێکەوتنێکی ئەوم خوێندۆتەوە لە ڕۆژنامەیەکی ڕوسی لە دەقێکی ئیسپانیەوە وەرگێردرابوو کە باسی پەشیمانی خۆی دەکا ئەو کارەی کردووەو بەڕاستی نەزانیوە، بەڵام قەناعەت و بیرو باوەڕی ئەوکاتە ئاوای خواستووە، بەڵام ئێستا ئەو دونیا بەشێوەیەکی تر دەبینێ و جیهان لەبەر چاوی گۆڕاوە .

دەبێ ستالین چ بوغزو کێنیەکی  لە دڵدا بووبێت دەرحەق بە ترۆسێکی بە جۆرێک ئاوا زەونەقی لێچووبێت؟ تا لە دواجاردا هەوڵی کوشتنی بداو توانیشی تیرۆری بکات. دەبێ چ تۆڵەسەندنەوەیەک لە گیانی ستالین'دا هەبووبێت بەرامبەر بە ترۆتسکی بۆ ئەوەی تا ئەو پەڕی دونیا بە دوایدابچێت و بە نامرۆڤانەترین شێوە هاوڕێی دوێنێی خۆی بکوژێت؟

هەموو قسەکانی بکوژەکەو بەڵگەو لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس هەڵگیراون لەلایەن پۆلیسی مەکسیکەوە. تەنانەت ئەو پەڕاوانەش کە پڕ بوون لەخوێن لەکاتی کوشتنی ترۆتسکی سەری نا بەسەر مێزی نووسینەکەیەوە .










this studio in Coyoacan, Mexico, when Ramon Mercader – a Spanish-born Soviet agent, posing as Trotsky's friend but really under Stalin's orders – attacked him in the back of the head with a mountaineering ice pick. Trotsky died of his injuries a day later, aged 60. Mercader was found guilty of murder and sentenced to 20 years in prison; he was released in 1960





**کۆمەڵە دەقێکی ووتاری ئامادەکراو لەلایەن بەڕێز کاک پێشڕەو محمەدەوە**

وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. بەڕێزپێشڕەو زۆر شارەزایە لە ئەدەبی کۆمۆنیزم و ئەگەر هەڵەم نەکردبێ و بڵێم چەپێکی مێشک کراوەیە پێم وابێ ڕاستم وتووە. هەرچەندە لەسەر تێزی ڕادیکاڵ زۆر دەنووسێ، بەڵام دیسان دان زۆر بە ڕاستیەکاندا دێنێت کە ئەوەی لە ڕوسیا قەوما . ئینجا ئەگەر من ناوی بنێم ئینقلابی لێنین بەسەر دیموکراتیەتی تازە پێگەیشتووی حوکومەتی کاتی کیرێنسکی یان وەک هەڤاڵانی بارگران ناوی دەنێن شۆڕشی ئۆکتۆبەری چینی کرێکار. بە هەرحاڵ لە چەند بەرهەمێکی وەرگێڕان و ئامادەکردن و نووسین و وتارەکانی بەڕێز پێشڕەو ڕاستیەکانی ئەو ئەڵقانەی من دەسەلمێنێ کە من بوختان و درۆم هەڵنەبەستووە بۆ مێژووی ڕەشی ئەو شۆڕشە.

" لە یادی حەفتاو هەشتساڵەی تیرۆری ترۆتسکیدا، ئەم کتێبە بخوێننەوە، کە بەشێوەی پی دی ئێف " لەخوارەوە دامناوە .

هەڤالانی بارگران دان پێدادەنێن کە ستالین تاوانی کردووە، کەم نیە ئەو دان پێدانە ، چونکە دروستبوونی ئەو سیستەمە درێژەی کێشا لە ۹۱۷ تا ساڵی ۱۹۹۱ واتە لە ۱۹۲٤-۱۹٥۳ ماوەیەکی کەم نیە حوکمی ستالین'یش وە بەردەوامیەتی هەبوو ئەو سیستەمەو حوکمەی تاوەکوو ۱۹۹۱ ئەگەر ناوی بنێین سۆشیالیزم .

ئەو سیستەمەی لە سۆڤیەت دروست بوو بەهەزاران میل دوور بوو لە سۆشیالیزم (لاپەڕە ۸٥ ) دا . هەڤالانی بارگران دان پێدادەنێن بەو سیستەمەی یەکیەتی سۆڤیەت سۆشیالیزم نەبوو بەڵکو ستالینیزم بوو .

( لاپەڕە ۸٦ )

هەڤاڵانی بارگران دان پێدادەنێن کوشتنی هەموو هاوڕێیانی لێنین( لاپەرە ٤٨)

زۆرێک لە هەڤاڵانی بارگران ماچکردنی جوتێ قۆندەرەی ڕوسی هەروەک بەردی کەعبەیە لە ئیسلام. نموونە هێنراوەتەوە لەو سەرچاوەیەی خوارەوە ( لاپەڕە ٧١)

حاکمانی ڕوسیا لە ڕازاوەترین باڵەخانەیان لە مۆسکۆ و جوانترین ڤیللایان لە دەریای ڕەش هەبوو .( لاپەرە ٨٦) .


لەساڵی ١٩١٧ یەکسانی بە ئافرەت درا لەگەڵ پیاو بەڵام دیسان مافی نەبوو بۆ ئەبۆرشن( ڕێگری کردن لە دوو گیانی بوون)، تەڵاق بەیاسایی کرا و تا ساڵی ١٩٩١ ژن دایکەو بەدایکایەتی کرا . لاپەڕە ٨٥-٨٦)لەو بابەتە نووسراوە کە هۆمۆ سێکسوالیزم هەر لەساڵی ١٩١٧-١٩٩١ ئازادکراوە و بەیاسایی کراوە( لاپەڕە ٨٦)تاچەند ڕاستە من ئاگادار نیم، بەڵام وەک من شارەزای کولتووری ڕوس بم بەهیچ شێوەیەک لێبوردەییان نەبووە لەگەڵ لێزبیان و هۆمۆسێکسوالیزم و بەخشینی نەبووە ئەگەر پێیان زانی بێ پێم وابێ گەورەترین سزایان دراوە ئەگەر لەلایەن دەسەڵاتەوە نەبێ ئەوا لەلایەن خەڵکەکەوە بەهیچ شێوەیەک قبوولیان نەکردووە. هەروەک وتم کۆمەڵگەیەکی عەقل شەڕقین و وە تاوەکوو ئیمڕۆ هەستێکی ئایینیان تێدا هەیە، ئینجا ئەگەر لە ڕووی ئاینەوە وەک گوناح و کفر بێ یان وەک مرۆڤێکی شەڕقی پێیان قبوول نیە هاوڕەگەزبازی. زۆر یاسای جوان و مرۆڤانە هەیە لەدونیای دیکتاتۆرو ویلایەتی فقهی ئێران و حەوزەی نەجەف و ڤاتیکانی مەسیح و طالیبانیەکان، بەڵام تا چەند پەیڕەوی دەکەن؟ واتە مەرج نیە یاسا دابڕێژیت مەرجە پەیڕەو قبوول بکرێ لەلایەن کۆمەڵگەوەو ئامادەیی تێداهەبێ .

بە قەولی خرووشۆڤ، ستالین ٧٠٪ ی ئەندامان و کاندیدەکانی کۆمیتەی ناوەندی

هەڵبژێردراوی ساڵی ١٩٣٤ و ٨٠٪ی ئەو کەسانەی کوشت و لەناوبرد کە پێش ساڵی ١٩٢١ پەیوەندیان بە حیزبەوە کردبوو (لاپەرە ١٠٢) .

.Seventy-eight years since Leon Trotsky's Assassination, edited by me

لە یادی حەفتا و هەشت ساڵەی تیرۆری ترۆتسکی'دا، ئەم کتێبە بخوێننەوە، کە بەشێوەی پی دی ئێف، ئامادەکراوە و کۆمەڵێك وتاری گرنگی سیاسیی، فیکریی و بەڵگەنامەیی لەخۆگرتووە. [123]




لایەنگران و هەوادارانی ترۆتسکی بیروڕایان وابوو، ئەگەر لە شوێنی ستالین

123 https://www.scribd.com/document/386641967/Trotsky-Assasination

ترۆتسکی بوایە ئەوا وڵات دەبووە شامی شەکرو یەک پارچە گوڵ و گوڵزارو ئاوەدانی و بەختەوەری .

نامەی نەتالیا سیدۆڤە ژنی دووهەمی ترۆتسکی لەسەر إستقالە دەستلەکار کێشانەوەی لە ئینتەرناسیۆنالی چوارەم لەسەر هەڵوێستیان بۆ سۆڤیەتی ستالین گوایە وەک دەوڵەتێکی کرێکارییە، کەچی ژنی دووهەمی ترۆتسکی دەڵێ دەوڵەتێکی بەرەو گەڕانەوەی کەپیتالیزم دەچێ و هەموو بەهاو شۆڕشی پرۆلێتاری و شۆڕشی ئینتەرناسیۆنالی جیهانی لەناو بردووە .[124]

## بۆریس ڤ. یاکۆڤێنکۆ( مێژووی شۆڕشی مەزنی ڕوسیا) کادیرانی بەڵشەڤیک شایستەی پۆستەکانیان نەبوون

نووسەر ٣ ئەندامی بەڵشەڤیک وەک نموونە دەهێنێتەوە لە دەستەی بڕیاری حوکم و بەرپرسیاریەتی لە دەوڵەتی نوێی سۆڤیەت، کە هیچ کام لەو ٣ نەفەرە بە لێهاتووی کفائات و شارەزایی خۆیان شایستەی ئەو پۆستانە نەبوون. بێگومان نموونەکان گەڵێک زۆرن، بەڵام من تەنها ئەو ٣ نەفەرەم لەو پەڕتووکە هەڵبژاردووە ئەگینا بە دەیان و بە سەدان سەرچاوە هەن باس لەکەسانی نە شارەزاو ئاست نزم و نا لێهاتوو بوون و پشتخان ـ باگڕاوندی ـ ئەخلاقیان خراپ و بەدڕەوشت و نامرۆیی بووەو هەندێکیان نە ئەسڵیان هەبووەو نەفەسڵ و لە هەتیوخانە گەورە ببوون و هەڵیان بۆ هەڵکەوت لەو

124 https://www.marxists.org/archive/sedova-natalia/1951/05/09.htm

سیستەمە نوێیەو ببن بە جەللادی ڕژێم وەک یۆژەڤی هۆمۆ سێکسوال.

**١ - نیکۆلای ڤەسیلێڤیتش کڕیلێنکۆ .**

بەنەتەوە ئۆکڕانی ئەندامێکی بەڵشەڤیک بوو. لەبواری ئەدەبی - بەشی مێژووی خوێندووەو ماوەیەک پیشەی مامۆستایی کردووە. پاش ئەوەی بەڵشەڤیەکان دەسەڵاتی حوکمیان گرتە دەست یەکسەر شەهادەی دکتۆرا (١٩٢٢-١٩٢٥) و پرۆفیسۆری پێدراوە لەبەشی یاسا (١٩٢٥-١٩٢٩) .

سەرەتای خەباتی کڕیلێنکۆ پڕۆپاگەندەچی و ڕکلامەچی بەڵشەڤیەکان بووە لە بەرەی جەنگی جیهانی یەکەم نێوان ئەڵمان و قەیسەری ڕوسیا . پڕۆپاگەندەی دژی شەڕ دەکردو پاشان ڕایکرد لە شەڕ. نە جارێک و نە دووجار، بەڵکو چەند جارێک گیراوە و حوکمدراوە و هەمیشە سزاو حوکمەکەی کەم بووە و بەرەڵاکراوە و دیسان هەر لەسەر هەمان تاس و حەمام خەباتی دژی قەیسەری ڕوسیا و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی بەڵشەڤیکی کردووە. بەهۆی نزیک بوونەوەی لە لێنین و خانەوادەکەی، ئیدی بوو بە جێگای متمانەی لێنین .

لەساڵی ١٩١٨ کرا بە بەرپرسی دادگای شۆڕش، لە شێوەی ئایەتوواللەی خەڵخانی ئێران بۆ حوکم و سزای کوشتن بەسەر نەیارەکانی شۆڕش. لەساڵی ١٩٢٢-١٩٣١ کرا بە سەرۆکی دەستەی باڵای دادگا لەلایەن کۆمیتەی مەرکەزییەوە بۆ سزادانی ئێسێر و مێنشەڤیک و هەر کەسێ نقەی لێوە هاتبێت لە دژایەتی شۆڕش ئەوا کڕیلیێنکۆ ئەو کەسەی تاوانبار دەکرد .

کڕیلیێنکۆ بە ڕاستەخۆی و ناڕاستەخۆ تاوانبارە لە کوشتنی ملیۆنەها کەسی بێتاوان بە بڕوبیانووی دژی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و پڕۆلێتاریای بەڵشەڤیکی. بەڵام کاتێ ستالین

کاری پێ نەما و ئیدی پێویستە کەسێکی تر لە شوێنی ئەو دابنێ و بەردەوام بێ ، ئیدی زوو بوختانێکیان بۆ دروستکردووە و بە تاوانی دژی شۆڕش و دەست تێکەڵکردنی لەگەڵ نەیارانی شۆڕش و دەستەی بوخارین تاوانبار کراو گوللەباران کرا لەساڵی ١٩٣٨، وە لە هەندێک سەرچاوەی تر وەک باس دەکرێ بەتاوانی سیخوری بۆ ئەڵمانیای فاشی دەستی تێکەڵ کردووە. واتە، ئەوەی کرپلێنکۆ خەڵکی پێ تاوانبار دەکرد هەر بەهەمان شێوەیە خۆی پێ تاوانبارکراو بە سزای خۆی گەیشت .

دەربارەی ژیاننامەی کرپلێنکۆ سەیری ئەم ٢ سایتە بکە .[125]

نیکۆلای ڤەسیلێڤیتش کرپلێنکۆ ئەندامێکی بەلشەڤیک بوو لەساڵی ١٩١٨ بەولاوە کرا بە بەرپرسی دادگای شۆڕش، لە شێوەی ئایەتوواللەی خەڵخانی ئێران بۆ حوکم و سزای کووشتن بەسەر نەیارەکانی شۆڕش .

ئالەم ڤیدیۆیە خوارەوە فیلمێکی دۆکومێنتاری سۆڤیەتە لەکاتی دادگایی کردنی نەیارەکانی شۆڕش و حیزب و دەوڵەت چۆن کرپلێنکۆ حوکمیان بەسەر دادەدا وتارێکی ڕەق توند و هەڕەشە پێشکەش دەکاو بێ پرسکردن و لێپرسینەوەو لێژنەو پارێزەر و بەرگری لەخۆ کردنی تاوانباران لەمافەکانیان یەکسەر دەڵێ هەر هەموویان گووللەباران بکەن .

ئەو خەڵکە عەوام و چینی ڕەش و ڕووتەی هاتوون بۆ ناو دادگاکەو پشتیوانی لە بڕیاری حیزب و دادگا دەکەن بۆ توندترین سزا بەسەر تاوانبارانی دژی شۆڕش و دژی گەل سزا دران. تەنها کەسە حیزبییە عەوامەکان ئامادەبوون وەک میوان و ڕێگایان

---

125 https://topwar.ru/144209-reabilitirovan-posmertno-praporschik-stavshiy-glavkoverhom.html
http://www.hrono.ru/biograf/bio_k/krylenko_nv.php

پێدراوه لەم دادگایە قسە بکەن کە داوای توندترین سزا بکەن بۆ تاوانباران ، وەک توتی و قاز دروشمی حیزب شۆڕشی بەڵشەڤیک دووبارەدەکەنەوە .

حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت مێشکی هەموو ئەو خاتوونە- هەڤاڵ بارگرانانەی شتۆتەوە، هەربۆیە هەموویان وەک یەک دروشم لێدەدەن و بەیەک تۆن قسە دەکەن . خۆشی ئەم ڤیدیۆیە ئەوەیە ٢ بەرپرس لە کۆتاییدا قسە دەکەن یەکێکیان بەناوی "مەڕتێمیان نیکیتیش ڕیوتن" و ئەوی تریان بەناوی " نیکۆلای کرپیلێنکۆ" کە هەردووکیان بەرپرسی گەورەی حیزبین، کەچی هەردووکیان هەر بەهەمان ئەو تاوانانەی لەم ڤیدیۆیە خەڵکیان پێ تاوانبار کردووە وەک دژی گەڵ و سیخوری هەر بەهەمان تاوان خۆیان سزادران و گوللە باران کران لەلایەن ستالینەوە بەدرەنگتر لەساڵی ١٩٣٨ لە تیرۆری مەزن .

ڕیوتن ڕکابەری ترۆتسکی بوو تا سەر ئێسقان و لایەنی ستالین'ی دەگرت لەدژی ترۆتسکی و بۆ ئەوەی نەک سزای دوورخستنەوە بەڵکو لەناوی ببا، کەچی ستالین کاتێ ئیشی پێ نەما هەر بەتاوانی دەست تێکەڵکردنی لەگەڵ ترۆتسکی سزای داو کوشتی . بەم شانۆگەرییە گاڵتەجاڕیە لە پۆست ستالینیزم پێی دەڵێن" کۆماری کۆمی یان کۆمیک". لەهەندێک میدیاو سەرچاوەی ڕوسی بەو سەردەمە دەڵێن " گاڵتەجاڕی ڕەش "

وێنەی یەکەم :

**نیکۆلای کرپیلێنکۆ**- بەرپرسی دادگای شۆڕشی بەڵشەڤیک لەشێوەی آیة الله خلخانی ئێران هەر کەسێ لەدادگای ئەو بوایە ئەوا بەسزای گووللە باران تاوانباری دەکرد و مردن چاوەڕوانی بوو، کەچی ستالین لەدوا سات کاری پێنەما و هەرخۆی پێسزادا بەهەمان ئەو سزایەی خەڵکی پێ تاوانبار دەکرد وەک دژی گەڵ و سیخوری و دەست تێکەڵکردن لەگەل ترۆتسکی.

وێنەی دووهەم :

**مەرتێمیان نیکیتیش ڕیوتن-** ئەندامێکی بەرزی حیزبی بەڵشەڤیک و لایەنگیری ستالین بوو لەدژی ترۆتسکی کەچی لەدوا سات ستالین پشتی تێکردوو هەر بەتاوانی لایەنگیری ترۆتسکی سزای گوولـلەبارانی بۆ دەرکرد. کەچی لەماوەی دەسەڵات و بەرپرسیارەتی ڕیوتن لەناو حیزب بە توندترین شێوە خەڵکی سزای گوللەباران دەکرد وەک تاوانی دژی گەل و شۆرش و حوکومەت بەکوشتی دەدان، کەچی لەدوا سات خۆی پێ تاوانبارکرایەوەو خۆی بووە قوربانی و هەمان سزای بەسەردا سەپێندرا. [126]



بۆریس ڤەلێنتینۆڤیتش یاکۆڤێنکۆ لە پەرتووکەکەی ( مێژووی شۆڕشی ڕوسیای مەزن) بەردەوام دەبێ و باس لەهێندێک ئەندامانی بەرپرسی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت دەکا پۆستی گەورە و هەستیاریان پێ بەخشرابوو، لەگەڵ ئەوەش هیچ پسپۆڕ نەبوون لەو بوارەی کە دامەزران لێی، بەڵام لەبەر ئەوەی حیزبی بوون ئیدی دەرگا بۆ ئەوان والابووە بۆ هەر کارو بەرپرسیاریەتیەک کە پێیان سپێردرابێ .

126 https://www.facebook.com/NeazyAsma/posts/1468092283323269

**٢ - ڤلادیمیر ئەلێکساندرۆڤتیش ئەنتۆنەف- ئەڤسییێنکۆ ( 1938 — ,1883)**

بەتەنەوە ئۆکرانیەو تەنها خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە. هەر لەساڵی ١٩١٤ وەک شۆڕشگێڕێکی مێنشەڤیکی دەستی بەسیاسەت کردووە، بەڵام لەساڵی ١٩١٧ بیری خۆی گۆڕی و بوو بە بەڵشەڤیک. پاش ئەوەی کە ڕایکرد لە بەرەی شەڕی نێوان قەیسەری ڕوسیا و ژاپۆن، بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، بەڵام بڕیارەکە گۆڕا بۆ ٢٠ ساڵ حوکم لەگەڵ کاری قوڕس( الأعمال الشاقة) و دوورخرانەوە. ئەڤسییێنکۆ سەرپەرشتی هێرشی کۆشکی زستانەی کردو بەرپرسی یەکەمەو لەژێر فەرمانی ئەو وەزیرەکان گیران. لە ساڵی ١٩٣٨ بە بڕوبیانووی لایەنگیری دەستەی ترۆتسکی لە دژی شۆڕش و سۆڤیەت گوللە باران کرا.

**٣- پاڤێل ئێفیمۆڤیتش دیبێنکۆ .**

بەنەتەوە ئۆکرانی بوو. هێندێک کۆرسی ئەلێکترۆنی خوێندووە بەڵام هیچ شەهادەیەکی خوێندنی ئامادەیی نیەو لە شاری ڕیگەی کۆماری لاتڤیەی- بەڵطیق ساڵی ١٩٠٨ وەک حەمباڵ کاری کردووە لە گواستنەوەی کوتاڵ بۆ ناو دەرەوەی کەشتیەکانی قەراخ دەریا . پاشان وەک سەربازێکی دەریایی(مەترۆس) خزمەتی ڕوسیای قەیسەی کردووە. لەبەر ئەوەی پڕۆپاگەندی دژی شەڕکردن دەکردو سەر بە بەڵشەڤیەکان بوو بۆیە هەر بۆیە دەرکراو ڕەوانەی بەرەی شەڕی زەمینی کرا وەک سەربازێکی سادە .پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر دیبێنکۆ لە سەربازێکی سادەوە کرا بە

ئەندامی کۆمیتەی گەل بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وەزارەتی جەنگی دەریایی.
لەساڵی ١٩٣٨ وەک خائینێکی دژە شۆڕش بەفەرمانێکی هەڵبەستراو گوللە باران کرا.
لەم لینکە لیستی ناوی سەرکردەو بەرپرسانی بەلْشەڤیک کە پۆستی هەستیارو سەرکردایەتیان وەرگرتووەو هیچ کامیان بە شایستەی ئاستی خوێندن و زیرەکییەوە وەریان نەگرتووەو بۆ هەر یەکێکیان ناو فامیلیا و پۆست و ڕەگەزو شناسی نەتەوەییەکەی نووسراوە و لەکام بەشدا کاری کردووە .[127]
لەم لینکەی خوارەوە وێنەو ناوی بەرپرسیارەکان نووسراون .[128]

**نەفتالی فرانکێل :**

بەقسەی سەڵجەنیتسین بێ، نەفتالی دەبێ جولەکەی تورکی ئەستەنبوول بووبێ و خۆی گەیاندۆتە ناو بەلْشەڤیەکان و لەدوا ئێستگەی ژیانی بوو بە جەللادی نەیارەکانی دژی گەلی سۆڤیەت و بەرپرسیارەتی ئۆردوگا زۆرەملێکانی سیبیریا پێسپێردرابوو کە بەناوی "ئەرخیپیلاگ گوولاک" ەوە بەناوبانگە. شێوەیەکە لە شێوەکانی نقرة سلمانی عێراق و چوونی هەبوو بەڵام گەڕانەوەی نەبوو. بۆ زیندانیەکان چونکە یان مردن و سەرماو سۆڵ و برسیەتی و کارکردن چاوەڕوانیان بوو تاکۆتایی ژیان یان هەر لەوێ گووللە باران دەکران. بەگوێرەی هەندێک سەرچاوەی تر

---

127 https://litlife.club/br/?b=168305&p=31

128 https://infourok.ru/prezentaciya-repressii-h-gg-2604655.html

دەڵێن جولەکەی حەیفای فەلەستینی بووە کە ئەو کات لە ژێر حوکمی ئیمەپراتۆریەتی عوسمانی بووە و خۆی گەیاندۆتە ڕوسیا، وە هەندێکی تر دەڵێن جولەکەی هونگاری نەمساوی بووە .



**بێلە کون( بێلا کۆهین) :**

جولەکەیەکی هونگاری بوو، بەڵام لەبەرئەوەی کۆمۆنیست بوو ئیدی ڕایکرد بۆ سۆڤیەت و کرا بەیەکێ لە جەللادەکانی تیرۆری سوور و بکوژی سووپای سپی بوو. لەساڵی ١٩٢٠بە فەرمانی ئەو ٥٠ هەزار دیلی سووپای سپی کوژران کە بەڵێنی پێدابوون ئەگەر خۆیان ڕادەست بکەنەوە نایان کوژێ و ئازادیان دەکا، بەڵام کاتێ ئەو سووپایە خۆیان تەسلیم کردو وتیان چیتر شەڕ ناکەین لەناوچەی قرم ی سەر بە ئۆکرانیا هەر هەموویانی کوشت .

**مارشال ڤەرۆشیلۆف** کێیە؟

ئەوکاتە حوکومەت هەڕەس دەهێنێ ئەگەر چارەنووسی وڵات بکەوێتە بەر دەستی کەسانی نەزان و نەشیاوی وەک مارشاڵ ڤەڕۆشیڵۆڤ - کلیمێنت ئێفرۆمۆڤیتش

کاتێ مرۆڤ خۆی هەڵدەقورتێنی لە کارو پیشەیەک کە بواری ئەو نەبێ و لێهاتوویی تێدا نەبێ بۆ ئەو کارە، نەک تەنها شکست دەهێنێ لەکارەکەی، بەڵکو خۆی دەکا بە گاڵتەجاڕی مێژوو .کەسانی نەزان زۆرن خۆیان لە هەموو شتێک هەڵدەقورتێنن و هیچ شەرم و حەیا نایانگرێ، ئەگەر تۆ پێی بڵێیت تۆ ئێستا کراویت بە وەزیری بەرگری یان دارایی یان پلاندانان یان کراویت بە وەزیری داد. .. . باوەڕبکەن بە پێخۆشحالیەوە قبوولی دەکا، چونکە کەسانی ئاوا ڕوودار زۆرن .

ڤەڕۆشیلۆڤ لە خێزانێکی کرێکاری هێلی شەمەندەفەر لەدایک بووە. هەر لە ٧ ساڵیەوە کاری شوانی کردووە. پاشان بووە بە کرێکارێکی خەڵوز دەرهێنان یان بەواتایەکی تر کرێکاری کانزای ژێر زەوی (عامل مناجم) پاشان وەک کرێکار لەکارگەیەکی بەرهەمی پیشەسازی ئاسن کاری کردووە. زۆر بە درەنگ دەستی کردووە بە خوێندن .

هەروەک مەسعود بارزانی یان تۆزێک لە ئەو باشتر توانی قوتابخانەی سەرەتایی تەواو بکا . .. . ئیدی تەواو بەس هەر هێندەی خوێندووەو زیاتری نەخوێندووە .

ئێستا دەبا بزانین چەند پۆستی هەستیاری وەرگرتووە لە سۆڤیەت و چ کارەبووە؟

هاوڕێی هەڤاڵی بارگران - ڤەڕۆشیڵۆڤ : لەژیانیدا یەک ڕۆژ خزمەتی سەربازی نەکردبوو پێش ئەوەی ئەو پۆستە سەربازییانە وەربگرێ. لەژیانیدا یەک ڕۆژ کتێبێکی نەخوێندۆتەوە هەتا ئەو ڕۆژەی کراوە بەبەرپرس و دەسەڵاتی کەوتووەتە دەست. چەند جارێک لەسەر کاری سیاسی گیراوەو دوورخراوەتەوە. بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتانەی لە ئەرشیڤی زیندانیەکانی قەیسەری ڕوس هەڵگیرابوو تاوەکوو سەردەمی گۆرباتشۆڤ و

بڵاوکراوەتەوە. باس دەکرێ کە ڤەڕۆشیڵۆڤ بەگوێرەی ڕاپۆرتی جندرمەکانی قەیسەر لەسەر ڤەرۆشیلۆڤ کەسێکی ئاژاوەچی بووە لەناو زیندان و زۆر جار یاخی بووە لەخواردن. تەنانەت خۆی نەخۆش خستووەو خۆی ئاوا نیشان داوە کە بواری تەندروستی باش نیە هەربۆیە زۆر چاوپۆشیان لێکردووە. بەگوێرەی ئەرشیڤەکانی قەیسەر بە کەسێک یان تاکێکی باش لەقەڵەم نەدراوە .بەهۆی خۆ نزیک کردنەوەی لە حیزب و حیزبایەتی و سیاسەت و زمان لووسیەوە هەمیشە خۆی داوەتە پاڵ لایەنی بەهێزی ناو حیزب سەیری کردووە بەکام گروپ و دەستەولایەن دەشکێتەوە. شەنسی هێناوە بەلای ستالین'ەوە دایشکاندەوەو هێندە زمان لووس بووە ئیدی لێنین'یش حەز بە چەهرەی ڤەڕۆشیلۆڤی کردووەو دایمەزراندووە لە بەشی دەزگای هەواڵگری کتوپڕ و ئاسایش و پاشان کرا بە بەرپرسی حیزبی بۆ کاری سەربازی لە ئۆکڕانیا و قەفقاز لەدژی گەلانی ڕاپەڕیوی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کە لێنین ئیدیعائی بۆ دەکرد بۆ مافی گەلان. واتە ئەو قسانەی لێنین بۆ گەلانی ژێردەست تەنها دروشمی سەر کاغەز بوون، ئەگینا لەڕووی واقیعەوە بە توندترین شێوە گەلانی ڕاپەڕیوی داپلۆسیوە.

ڤەرۆشیلۆڤ بۆ ئەوکارە لێهاتووی خۆی نیشان دا لە فەرمان دەرکردن بەسەر سەربازەکانەوە بۆ کوشت و کوشتاری گەلانی قەفقاز و ئۆکرانی و میللەتانی بەڵطیقی ئوستۆنیا و لیتڤا . سەربازانی کڕانشتاد(هێزی دەریایی) کە هێزی سەرکی ئینقلابی بەڵشەڤیەکان بوون بۆ سەر حوکم، بەڵام پاش فەشەلی بەڵشەڤیەکان لە بەڕێوەبردنی حوکم و پەشیمانیان لە بەڵێنەکانیان وەک ئازادی و نان و ئاشتی ئیدی سەربازەکانی کرانشتاد پەشیمانی خۆیان بۆ بەڵشەڤیەکان ڕاگەیاند. ئیدی لێنین فەرمانی دا بە توندترین شێوە بیانکوژن. ڤەرۆشیلۆڤ و ترۆتسکی بەوکارە هەڵسان. ڤەڕۆشیڵۆڤ زۆر بەڕەقانە بەرامبەر بە سەربازانی کڕانشتاد( هێزی دەریایی) مامەڵەی کردووە.

هەروەک پێشوو باسم کرد، زیرەکایەتی ڤەرۆشیلۆڤ لەوەبووە هەمیشە بەلای دەنگی زۆرینەو لایەنگیری کەسایەتیە بەهێزەکانی کردووە. ڤەرۆشیلۆڤ لەبەرەی ستالین و ماستاوچیەکی باشی بووە لە دژی ترۆتسکی وەستاوە. بەگوێرەی گێڕانەوەی هەندێک لەو شایەتحالانەی ئەوکات و تۆمارکراوە لە ئەرشیڤی سۆڤیەت و لە سەردەمی گۆرباتشۆڤ ئیدی بڵاوکراونەتەوەو کراوە بە فیلمی دۆکومێنتاری و لە یوتووب هەیە.

بەگوێرەی زانیارییەکانی دوای پێرێسترۆیکا، ستالین لەگەڵ ژنی ڤەرۆشیلۆڤ خەوتووەو عاشقایەتی لەگەڵ کردووە، بەڵکو خودی ڤەرۆشیلۆڤ بەو پەیوەندیە سێکسیەی نێوان ژنەکەی خۆی و ستالێنین'ی زانیوە و خۆی لێ بێدەنگ کردووە ئەگەر لەگەڵ ڕابەری حیزب بخەوێ. لەشەوی سەری ساڵ لەبەر چاوی ژەنەراڵ و کادیرە حیزبیەکان ستالین دەست بازی کردووە لەگەڵ ژنی ڤەرۆشیلۆڤ و هەردووکیان سەرخۆش بوونەو پێکەوە دانسیان کردووە. پاشان ستالین بردویەتیە ژوورێکی نێو کرێملێن و لەگەڵی خەوتووەو هەر ئەو شەوەش ژنی ستالین خۆی کووشتووە بەناوی ئەلیلووڤە، کاتێ پێی زانیوە .

نەشیاوی و سەرنەکەوتنی ڤەرۆشیلۆڤ لە پۆستەکانی. ستالین زۆر پۆستی هەستیاری بە ڤەرۆشیلۆڤی بەخشی. چونکە دیکتاتۆر و قاتلەکان هەمیشە دەگەڕێن بەدوای کەسانی دەروون نزم و ئاست نزمی ئەخلاق و نامرۆڤانە بۆ ئەوەی کاری نامرۆڤانەیان پێ بسپێرن و بیکەن. هەربۆیە ستالین کەسانی وەک یۆژەڤ و ڤیکتەر ئەباکومەڤ وبێریا و ڤەرۆشیلۆڤ و سەدانی تر لەو جۆرە نەخوێندەوارانەی لەدەوروبەری خۆی کۆکردبۆوە بۆ ئەوەی جورئەت نەکەن یاخیبن لەڕابەری شۆڕش. ڤەرۆشیلۆڤ هەر لە پۆستی ئەندامی مەکتەب سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستیەوە بۆ پۆستی جێگرو پاشان وەزیری بەرگری و دەریای پۆستی مارشاڵی سەربازی پێدراوە. هەروەک پێشوو باسم

کرد. تەنانەت یەک ڕۆژ لەژیانی خزمەتی سەربازی نەکردبوو پێش شۆڕشی بەڵشەفیک. هیچ پۆست و کارێک نەما پێی نەدرێ و نەیکا و تێیدا نەدۆڕێنێت. تەنها لە کووشتن و پیلان گێران نەبێ کە زۆر سەرکەوتووبوو تێیدا . مێژوونووسانی ڕوسیا بەڵگەی ئەوەیان دەرخستووە کە دەستی هەبووە لە کوشتاری ۲۰ ملیۆن کەسی بێگوناح لە شەڕی ناوخۆیی و دەنگە ناڕەزاییەکانی کپ کردووەو بە سەدان هەزار کەسی بە فەرمانی ستالین کوژراون و ئەویش جێبەجێی کردووە. بەناوی "ڕێپرێسی ساڵانی سیەکان " بەناوبانگە لە نێوان ساڵانی ۱۹۳۰ - ۱۹۳۸ بەردەوام بووە .

لەبەر ئەوەی زۆر لێهاتوو نەبوو لەبواری سەربازی و شکستی هێنا بۆ گرتنەوە و کۆنترۆڵکردنی فینلەندا بۆ باوەشی سۆڤیەت کە ڤەڕۆشیلۆڤ بەرپرس بوو ئیدی ستالین لەو کارە لای برد، بەڵام کاریکی تری پێ سپارد. ڤەڕۆشێلۆڤی کرد بە سەرۆکی دەستەی سەرکردایەتی سەربازی کە فرِی بەسەرییەوە نەبووە، هەربۆیە لەو کارەش دووری خستەوە .

بەشداری کۆنفرانسی تارانی کرد لەنێوان ئینگلتەراو ئەمەریکا و سۆڤیەت لەگەڵ ستالین لە ۲۸ ی مانگی ۱۲ی ساڵی ۱۹٤۳، بەڵام هیچ دەورێکی نەبوو چونکە کاری دیپلۆماسی و قسەکردنی یاسای نێودەوڵەتیدا شارەزایی نەبوو. لەگەڵ ئەوەی کە لێهاتووش نەبوو، بەڵام ڤەڕۆشیلۆڤ تاکە متمانەی ستالین بوو هەربۆیە کردی بەسەرۆک لیژنەی کۆنترۆلی سۆڤیەت لە هونگاریا . بەڵام دیسان ستالین لەکارەکەی ڕازی نەبوو .

دیسان ستالین کارێکی باشتری پێ دا پێش ئەوەی بمرێ ۱۹٤٦-۱۹٥۳ کردی بە جێگری سەرۆک وەزیرانی سۆڤیەت و پاشان کرا بە سەرۆک وەزیران و هەر لەو پۆستە ماوە بەهاتنی خرووشۆڤ تاوەکوو ساڵی ۱۹٦۰.

بەمردنی ستالین، ڤەرۆشیلۆڤ زوو تێگەیشت حسابی لەگەڵ دەکەن لەسەر ئەو تاوانانەی کردوویەتی لەگەڵ ستالین لە ساڵانی سیەکان لەدژی دەنگە نارەزاییەکان. خۆی دەیزانی کە شیاوی ئەو پۆستانە نەبووە کە پێی دراوە، وەک پلەو پایەی مارشاڵی سەربازی کە بەرزترین پلەی سەربازییەو دەبێ ئەکادێمیای سەربازی بخوێنیت وەک زانایەکی سەربازی بیت. پۆستی سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتێکی وەک سۆڤیەت گاڵتە نیە، هەر بۆیە دەیزانی لەو پۆستە لای دەبەن. ڤەرۆشیلۆڤ هەوڵی پیلان گێرانی دا لە دژی خرووشۆڤ، چونکە دەیزانی خرووشۆڤ لەدژی ستالین قسە دەکا لەناو حیزب و نیازی ئەوەی هەیە تاوانەکانی ستالین ئاشکرا بکا ئیدی زانی کۆتایی ئەویش هاتووە. هەربۆیە هەوڵی دا گروپ گروپێنێ بکا لەناو حیزب و لە دژی خرووشۆڤ پیلان دابرێژێ، بەڵام ئەمجارە بۆی نەچووەسەرو نەک لە پۆستی سەرۆک وەزیران دەرکرا، نەک لە پۆستی لیژنەی سەربازی و حیزبیەکان، بەڵکو لە مەکتەب سیاسی و کۆمیتەی مەرکەزیش دەرکرا . واتە هیچ رۆڵیکی پێ نەبەخشرا هەرچەندە داوای لێبوردن و دان پێدانی خۆی ڕاگەیاند بۆ پیلان گێران و تەنانەت دانی بە تاوانەکانی هێنا لەبەر دەم حیزبەکەی لە کووشتنی نەیارەکانی بەڵشەڤیک لەساڵانی سیەکان بەڵام هەر دادی نەدا و دەرکرا.

بەڵام کاتێ برێژنییێڤ هات بۆ سەر حوکم ڤەرۆشیلۆڤی قبوول کردەوە بۆ ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی حیزب، چونکە برێژنیێڤیش حەزی لە خرووشۆڤ نەدەکرد و لەدژی کاری دەکرد. ئیدی دوژمنی دوژمنم دۆستمە .ڤەرۆشیلۆڤ لە ٢ ئۆکتۆبەری ١٩٦٩ مردووەو لە مەیدانی سوور نێژراوە .

لە گرتە ڤیدیۆیەک لە خوارەوە لەبەشی سەرچاوەکان لینکەکەیم داناوە و وە لێرە لینکی ئەو گفتۆگۆیەی لیۆنید ملێتشینەم داناوە باسی ئەو ڕووداوە گاڵتەجارییەی بێ

ئاستی دیپلۆماسی ڤەرۆشیلۆڤی دەکا . کورتەی ئەو باسە لێرە نووسیومە. ببورن ڤیدیۆکەم بە ژێرنووسی کوردی نەکردووە چونکە کاتی زۆری دەبرد .

یەکێ لەو ڕووداوە گاڵتەجارییانەی ڤەرۆشێلۆڤ :

کاتێک سەرۆک وەزیرانی سۆڤیەت بووە. لە کاتی پێشوازی کردنی ڤەرۆشیلۆڤ لە باڵوێزی وڵاتان لە مۆسکۆ بۆ بانگهێشتی گشتی، لەنێو ئەوان باڵوێزی شاهەنشاهی ئێران بوو .

کاتێ بالوێزی ئێران نامەی دەستخەتی فەرمی محمەد ڕەزا شاهی ئێرانی پێش کەش کردووە بۆ قبوولکردنی لە مۆسکۆ، ڤەرۆشیلۆڤ لەبەر ئەوەی کەسێکی خوێندەواری بواری دیپلۆماسی و یاساو ڕێساکان نەبووە دەستەواژەو وشە دیپلۆماسیەکانی نەزانیوە چۆن پێشوازی بکا یان قسەیان لەگەڵ بکا.

لەکاتی خۆ پێشکەش کردنی بالوێزی ئێران بۆ ڤەرۆشیلۆڤ : من نێردراوی شاهی ئێرانم. وەک باڵوێزێک دەست بەکار دەبم بۆ پتەوکردنی پەیوەندی هەردوو وڵاتمان.

... ڤەرۆشیلۆڤ یەکسەر قسەی پێ بڕیوەو پێی ووتوە: ئەههها ئێوش شاتان هەیە؟ ئێمەش زەمانێک قەیسەرێکمان هەبوو هەروەک شاکەی ئێوە، بەڵام میللەت حەزی لێ نەدەکردو قاوی داوەو ئێستا ئێمە بەبێ قەیسەر بەڕێوەی دەبەین.[129]

باڵوێزی ئێران کاتێ گوێی لەو وەڵامەی ڤەرۆشیلۆڤ بوو زۆر تووڕە بوو، یەکسەر ڕاپۆرتێکی نارد بۆ ئیران بە چ شێوەیەک سووکایەتی پێشوازی لێکردووە.

---

129 /https://echo.msk.ru/programs/victory/2073084-echo

شای ئێران بە فەرمی ناڕەزایی دەربڕی و وتی دەبێ حوکومەتی سۆڤیەت ڕوونکردنەوە بدا ڤەڕۆشیلۆڤ مەبەستی لەوە چی بووە؟

ئایا سەرۆک وەزیران مەبەستی لەوەیە شای ئێران بڕوخێنێ؟

ئایا مەبەستی لەوەیە ئێران تێکبدا؟

بەڵام حوکومەتی سۆڤیەت زۆر پێویستی بە نەوت و گازی ئێران هەبووەو بەهیچ شێوەیەک حەزی نەدەکرد ئێران بەرەو ئەمەریکاو بازاڕی ئەوڕوپا بڕوات. هەربۆیە حوکومەتی سۆڤیەت بە فەرمی داوای لێبوردنی لە ئێران کردوو و وتیان مەبەستی خراپ نەبووە هەر ویستوویەتی باسی مێژووی ڕوسیا بۆ باڵوێزتان بکا کە ئێمە چۆن هاتووین بۆ دەسەڵات لە ڕابردودا.

بەڵام سوودی نەبوو هەربۆیە خرووشۆڤ وەک خاڵێکی لاواز لەسەر ڤەرۆشیلۆڤی نووسی و کردی بە بڕوبیانوو بۆ لابردنی ڤەڕۆشیلۆڤ لەو پۆستەی . هەرچەندە خرۆشۆڤ'یش لەو باشتر نەبوو. واتە ئەویش لەبواری دیپلۆماسی و سیاسەتی نێو دەوڵەتی دەرکی پێ نەدەکردو تەقەی سەری دەهات، چونکە ئەویش هەر لە چینی فەللاح و کرێکارەوە سەری هەڵدابوو .

تەنها ٢ نموونەی بە وێنەو بەڵگە لەسەر تیرۆر کردنی کادیران و بەرپرسانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لەلایەن خۆیانەوە چۆن یەکتریان قڕکردووە .


هەڤاڵە بارگرانەکان زۆربەیان هەموو تاوانەکان دەخەنە پاڵ یەک نەفەر ئەویش ستالین'ە، بەڵام ڕاست نیە هەر هەموویان دەستیان لە درووستکردن و مامەڵەکردن و هەڵوێست وەرگرتن و کارە نەشیاوەکان بووەو بە یەکسانی ئەو تاوانانە بەریان

دەکەوێ هەر یەکەو بەگوێرەی بەرپرسیارییەتی و ئاست و پلەی حیزبیەکەی و تاوانەکەی .

١ - وێنەی یەکەم لەو ٥ مارشاڵە سەربازییە کە گەورەترین پلەی سەربازییە لەناو سووپا (توخاتشێڤسکی، سیمیۆن بودیۆنی، کلیمێنت ڤەرۆشیلۆڤ- لەریزی پێشەوە لەناوەند دانیشتووە، ڤەسیلی بلیوخێر ئەلێکساندەر یاگۆرەڤ)، تەنها یەک مارشاڵ لەو تیرۆرە مەزنە پاکتاوییە نەجاتی بوو، ئەگینا ٤ لەو ٥ مارشاڵە تیاچوون و ئەو وێنەیەی خوارەوە ستالین کوشتینی بە بڕوبیانووی جیاواز. ئەو مارشاڵەی کە ماوە لەناو ئەو ٥ بەناوی ڤەرۆشیلۆڤەو دۆستێکی گیانی بەگیانی ستالین بوو. ستالین زۆر لەکارە بەدفەڕ و نەشیاوەکانی خۆی بەو مارشاڵە دەکردو دەستی تاوان و خوێنی بێگومان بەبەردەکەوێ. تەنها ٤ یان کووژراون کە لەم وێنەیە بەدەرکەوتوون ، ئەگینا کە ڕاستیدا لەو ٧ مارشاڵەی کە سۆڤیەت هەیبوو ٥ یان تیرۆرکران لەلایەن حیزبەوە .

٢ - ئەو ٤ بەرپرسەی لەوێنەی دووهەم دانراوە سەرۆک و جێگری دەزگای تیرۆری بەڵشەڤیک بوون، لە دەستی چەپەوە (یاکۆڤ ئەگرانۆڤ، گێنریخ یاگۆدە، ستانیسلاڤ ڕێدێنیس، ؟ ) ئەو چوارەو زۆری تر دەستیان هەبوو لە کوشتنی ملیۆنەها و دەیان ملیۆن کەسی بێ تاوان و بوون بە قوربانی سیسیتەمی کۆمۆنیزم. هەر ٣ لەو ٤ کەسەی ئەم وێنەیە خۆشیان لە دوا ساتەکان بوون بە قوربانی هەمان تاوان کە پێشتر خۆیان دەیان خستە پاڵ ئەندامان و کەسانی تر. واتە خۆشیان تیرۆرکران لەلایەن هەمان دەزگاوە لەلایەن کەسانی نوێترو شوێنگرتنەوەی ئەوان و ئەوانەی دوای ئەوانیش دیسان کووژرانەوە و دیسان ٢ ساڵ پاش دەستەی دووهەم دیسان کووژرانەوە، واتە ستالین و دەزگای تیرۆر تەنها ئەو کەسانەی لەو پۆستانە دەهێشتەوە تەنها بۆ ٢ ساڵ و تێر کاری کوشتن و تۆقاندنی پێ دەکردن و پاشان دەیکوشتن کە کاری پێ نەدەمان

یان ئیدی زانیاریان زۆر لا دروست دەبوو ،ئیدی دەبوون بە گەنجینەی بەڵگەو نەوەک ڕۆژێک تاوانەکان ئاشکرابکەن هەربۆیە ستالین زوو زوو دەیگۆڕین و دەی کوشتن و کەسانی نوێ لەشوێنی ئەوان دادەنا.



پاش تێپەڕبوونی ٧٤ ساڵ ئینجا ڕوسیا تێگەیشت ئەوەی کراوە لەماوەی ئەو ٧٤ ساڵە هەمووی قوربانی دان  و پڕۆژەیەکی خراپ و نامرۆڤانە بووە. کاری دەستکردی مرۆڤی خۆپەرست و نەخۆش بووە. کەسانێ بوون لە ژیانیان یەک ڕۆژ کاریان نەکردووە و نەیانزانیوە کشتووکاڵ و کارگە چۆن بەرهەم دەهێنرێ؟

بەڵکو خوێندنەوەو زانیارییەکانیان لەسەر بەرهەمی ئەو کەرتە ئابووری سیاسیە و بە ئایدیۆلۆژی کردنی سیاسەتی ئابووری لە پەڕتووکخانەکانەوە داڕێژرابوو. ئەنجامی لێکۆلینەوە و توێژینەوەی ئابووری ناس و کۆمەڵناسەکان بووە، بەڵام تاقی نەکرابووە لە ڕووی واقیعەوە .

لە شوێنێک تاقی کراوەتەوە، کەچی سوور دەیانزانی شکستی هێناوە، بەڵام دیسان بەردەوام ویستوویانە لە شوێنی ترو وڵاتانی تر دووبارەو سێ بارەی بکەنەوە تەجرووبەی فاشیلی کۆمۆنیزم. چەند خوێن ڕژا، چەند قوربانی درا، چەند کەس لەبرسان مرد، چەند کەس دەربەدەر و ماڵ وێران بوون، لای هەڤالانی شۆڕشگێر هیچ بەهایەکی نەبووە، ئەگەر بۆ پەیامی بەختەوەری دواڕۆژی پڕۆلێتاریابێ .

لە زۆر سەرچاوە باس لە کەسایەتی ستالین دەکرێ وەک مرۆڤێکی سایکۆپاث و دێسپەتیست و دیکتاتۆرو خۆویست و خۆپەرست و نەرجسی و تاکڕە و هتد. واتە هەرچی سیفاتی ناشیرینە دراوەتە پاڵ ستالین. پێم وابێ هێشتا کەمە مەگەر هەندێک سیفاتی مرۆڤی شەڕقیشی بخەینە سەر ئیدی پێناسەیەکی تەواوی پێ دەبەخشێندرێ.

بەڵام هەندێک لەو کەسانەی لەژێر دەستی ستالین پەروەردەکران یان هاتن بۆ ناو ڕێزی حیزبەوەو بوون بە بەشێک لەو دەزگایە، بەڵکو هەندێکیان مرۆڤی باش بوون، بەزەیی و بە ویژدان بوون، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەو مرۆڤانە لە مرۆڤایەتی کەوتن و بوون بە سۆسیۆپاث و ئامێر و هیچ ڕۆح و ویژدانیان تێدا نەما، زۆر ئاسایی بووەو شانازی بوو لە پێناو حیزبدا ڕاپۆرتێکی خراپ لەسەر هەڤاڵێکی خۆت پشکەش بکەیت و بە کوشتنی بدەیت، ئەگەر بەقازانجی حیزب تەواو بوایە. مرۆڤەکانیان هێندە بێ ئەخلاق کرد، هیچ کارێک نەما نەیکەن لەدژی نەیارەکانیان .

ڕۆبێرت کۆنکڤێرت لە بەرگی ١ بەناوی" تیرۆری مەزن" باس لە کەسایەتی مرۆڤی حیزبی دەکا

( بێگومان مەبەستی لە بەڵشەڤیەکانە) کە لە مرۆڤایەتی کەوتوون .

"لەزاری بوخارینەوە لەکەسێکی نزیک بە ئەو لە کاری حیزبی و پاش ڕاکردنی لە سۆڤیەت و بلاکردنەوەی یادەروەرییەکانی باس لە حیزبییەکان دەکا، زۆرێک لەوانەی بەرگەی تاوان و ئەشکەنجە و درۆکردن و نایەکسانی و بێ هیوایی لە حیزب شێت بوون، خۆیان کوشت، یان بوون بە هۆڤی (وەحشی و لەمرۆڤایەتی کەوتن) کاتێ کەوتنە ناو دەزگای سۆڤیەت. لای زۆربەی کۆمۆنیستەکان ئازاردان و ناحەقی کردن بەرامبەر

بە جوتیاران و ڕاگواستنی خەڵک و کارەساتی قات و قڕی و شەڕی ناوەخۆیی کاریگەری نەبوو لەسەریان بەقەد هێندەی ئەندامێکیان بە ئۆپۆرتۆنیست و دژی گەل لەقەڵەم بدرایە، چۆن دەبێ ئەندام حیزبیەک خیانەت بکا لە حیزب؟ زۆر لایان سەیر بوو تووشی شۆک دەبوون ".[130]

لای کادیرانی کۆمۆنیست بێ لایەنی و ناحیزبیەکان هەموو کاتێ کۆیلەن و تەنانەت مرۆڤ نین. مرۆڤ بوونت پارتی بوونی تۆیە. مرۆڤە حیزبیەکان دەبن بە ئامێرێکی مەکینەو بەگەڕ دەخرێن، هیچ هەستێکی مرۆڤانەیان تێدا نامینێ بەدرێژایی مانەوەیان لە کارکردنیان لەناو ئەو جیهازە( سیستەمی حیزبی و دەزگای داپڵۆسین گ، پ، ئو) .[131]

" حیزب ڕاستە یان هەڵەیە ئەوە حیزبی منە ئا بەم شێوەیە پەروەردە دەکران دەبێ پشتگری لە حیزبەکەت بکەیت ئەگەر سوورِ بزانیت هەڵەشە ".[132]

ڕۆبێرت کۆنکڤێرت بەردەوام دەبێ و دەڵێ: " ناحەقی ئەبرامۆڤیتش ( مێنشەڤیک) نیە کاتێ لەسەر ترۆتسکی دەڵێ :

" برسیەتی( مەبەستی لە قات و قڕی هاوڵاتیانی ڕوسیایە ) یەک زەڕە کاریگەری لەسەر ترۆتسکی نەبوو، بەقەت بوختان و هەڵبەستراوەکانی ستالین لەدژی ئەو".

---

130 - ڕۆبێرت کۆنکڤێرت "تیرۆری مەزن"،چاپی ڕووسی،لاپەڕە- ٢٣-٢٨

131 - سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە

132 - سەرچاوەی پێشوو،هەمان لاپەڕە.

بەهەمان شێوە بوخارین و ڕیبیکەف بێ دەنگیان نواند لەو هەموو کارەساتەی بەسەر وڵات هات" .[133]

## چەند ئامارێک لەسەر قڕکردنی مرۆڤ لەڕوسیا

لەشەڕی جیهانی یەکەم ١٩١٤- ١٩١٨ نزیکەی ١،٧٠٠ یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار کەسی ڕوسی کوژراون. لەشەڕی ناوخۆی ڕوسیا لەنێوان ساڵی ١٩١٧-١٩٢٢ نزیکەی نێوان ٨ -١٣ ملیۆن کەس کوژراون .

سیاسەتی کپ کردن و دامرکاندنەوە ٢٠ ملیۆن کوژران پێش شەڕی جیهانی دووهەم. لەوانە ٧ مردن. ملیۆن گوولـلە باران کران. ئەوەی ماوە لەدوورخراوەی وەک کەمپی زۆرەملێی یان لەناو زیندان

تا کۆتایی ساڵی ١٩٣٧ ستالین هەموو لایەنگرو هاوڕێکانی لێنین'ی کوشت و تەنها خۆی ماویەوەو ژیا لەناو هەموو بەڵشەڤیەکانی لێنین .

تیرۆری کۆمەڵکوژی ستالین لە نێوان ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨ بوو، بەڵام لەمانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٣٨ لەپڕێکا ستالین وتی بەسە ئیدی تیرۆر .

## باسێک لە سەر یەکسانی و مافی ئافرەت لە سەردەمی بەڵشەڤیەکان و تاوەکوو ئەمڕۆ

بەدرێژایی مێژووی ڕوسیا، پێش و پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر و تاوەکوو ئێمرۆ ئافرەت لە پۆستی هەستیارو نوێنەرایەتی دەوڵەت دا نەبووە، تەنها یەک کادیری بەرز بەناوی

---

133 ـ هەمان سەرچاوە و لاپەڕە-٢٢

کەڵەنتای لەگەڵ بەڵشەڤیەکان کاری کردووەو ئەویش هەر لە سەردەمی قەیسەرەوە هەرلەناو خەبات بووەو پۆستێکی بەرزی حیزبی هەبووە. ئیدی هیچ ژنێک پۆستێکی بەرزی حوکمی وەرنەگرتووە .

باسی سیستەمێک دەکەین کەلە ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزمی بەڵشەڤیک هاتە ئاراوە ویستی سەر لەبن کۆمەڵگەو ئابووری و ژێرخان و سەرخانی ووات بگۆڕی و گۆڕی و ماڵوێرانی هێناکایەوە. دەوڵەت واتە سیاسەت و ئابووری و کوولتور، ڕێکاری کۆمەڵایەتی دەستکاری هەمووی کرد تەنانەت بە خوێن و زەبر توانی سەرکەوتوون بەدەست بهێنێ، ئینجا بە خراپ یان بەباش شکاوە بەسەری کەچی نەیتوانی ئافرەت بهێنێتە ڕێزی پیاو کە یەکێکە لەبنەماکانی یەکسانی لای کۆمۆنیزم

ڕوس لە ڕوخسار و خوێن و ڕەچەڵەک ئەوڕوپین، بەڵام لە هەڵسوکەوت و عەقلیەت و تێگەیشتنیان زۆر شەرقیانەن . **ترۆتسکی** دەڵێ :

**( ڕوس لە سیفەتی خۆرهەڵاتیانەی ئەوانەوە نزیکتربوو، خۆرهەڵات توانی ئەو تۆی تەتەرییەی تێدا بچێنێ).** [134]

داب و نەریتی تەتەر چۆتە خوێنی ڕوسەوە، چونکە بەدرێژای مێژوو ڕوس کێشەی لەگەڵ تەتەری تورک هەبووە هەر لە شەڕ و پێکدادان و ڕاوەدونانی یەکتر بوونە لەگەڵ ئەوەش بە ڕێژەیەکی زۆر تێکەڵی خوێنی لە نێوانیان دروستبووە .

لە ڕوسیا بە تڕادیسیۆن واتە بە داب و نەریت و باو باوە کە ئافرەت دەتوانێ تەنها نوێنەرایەتی یان سەروکاری کاری خزمەت گوزاری و پۆستی بەڕێوەبردن بکا، بەڵام

---

134 ـ ترۆتسکی "مێأووی شۆڕشی ڕوسیا".چاپی کوردی لاپەڕە ٥٩

بڕیاردان هەمیشە لەدەست پیاو بووەو هەرئاواش دەمینێتەوە بۆ کاتێکی نادیار .
دروشمەکانی کۆمۆنیزم بۆ یەکسانی چین و هەردوو ڕەگەز بووەو دەبوایە کادیرەکانی بەڵشەڤیک پەیڕەویان بکردایەو بە حساب کۆمۆنیزم یەکسانی بۆ ژن و پیاو دەهێنێ و هەمان مافی پیاوی دەبێ کەچی وا نەبوو. لە فەلسەفەی کۆمۆنیزم ئافرەت نەک تەنها ڕۆلی دایک دەبینێ و نابێ بە چاوی کالای سێکسی سەیر بکرێ، بەڵکو ئەڤەنگارد و پێشڕەوی خەباتی چینایەتی و کرێکاران دەبێ، بەلام لە ڕاستیدا وانەبوو .
کاتی بەڵشەڤیەکان حوکومەتیان دامەزراند یەک ژن لە وەزارەت و پۆستی هەستیارو مەکتەبی سیاسی و لیژنەی مەرکەزی نەبووەو ئەگەر هەرە پۆستێکی مەزنی وەرگرتبێ لە سەردەمی ستالین تەنها نوێنەرایەتی بەڕێوەبردن و لەخزمەت بەرژەوەندی حیزبی بەڵشەڤیک کاریان کردووە .

تەنها لە زەمانی خرووشۆڤ بۆ ماوەیەکی کەم ( تەنها ٤ ساڵی ) ئێکەتەرینە فوورچێڤە بوو بە سکرتێری کۆمیتەی مەرکەزی حیزب و پاشان خرایە ناو دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و پاش ئەوە خرۆشۆڤ لایبرد لەو پۆستەو کردی بە وەزیری کوولتووری سۆڤیەت تا کۆتایی ژیانی بۆ ماوەی ١٤ ساڵ .
پاش خرۆشۆڤ برێژنێڤ هات بە حساب زۆر حەزی لە ئافرەت دەکردو ڕێزێکی تایبەتیان هەبوو لای ئەو کەچی یەک ئافرەت لە پۆستی هەستیاری وەک ڕابەر و سەرۆکایەتی و نوێنەرایەتی سۆڤیەت نەبوون .

لەدوای برێژنێڤ و سەردەمی تشێرنێنکۆ و ئەندرۆپەڤ و گۆرباتشۆڤ هیچ کامیان بایەخیان بە ئافرەت نەداوە پۆستی هەستیاریان پێ بدەن یان ئافرەت خاوەن قسە و

بڕیاربێ وەک پیاو لە بواری سیاسەت و یاسادانان، تەنانەت یەک باڵوێز و یەک وەزیریان نەبوو،ە یەک قسەکەریان نەبووە بەناوی سۆڤێتەوە قسەبکا . هەر هەمووی پیاو ڕۆلی بینیوە .

بۆ ئەوەی ڕوون بێ. من ناڵێم ئافرەت چەوساوە بووە، بەڵکو زیاتر پیاوی ڕوس کە سەیری ئافرەتی کردووە لە ڕەوانگەی دەروونیەوە واتە سایکۆلۆژیەتی پیاوانەیی بەرامبەر کردووە بەهەڵە تێمەگەن پیاوسالار نەبووەو نیە. لە دیدی ئەوانەوە ئافرەت هەر ئافرەتە، دیسان وەک پیاوی شەرقی ئافرەت تەنها بۆ سک و منداڵ بوون نەبووە بۆ ئەوەی بە عەقڵیەتی پیاوی ئیسلام سەیری بکا نەخێر، بەڵام لە دیدی ئەوانەوە ئافرەت هێشتا ماوە بگاتە ئاستی پیاو بڕیار لەسەر پیاو بدا . هەر بەم بۆنەیەوە لەناو زمان و کوولتووری ڕوسی دەستەواژەی زۆریان هەیە لە وشە بۆ ئافرەت کە نیشانەی بێ عەقڵی و ژنانەو پیرەژنی و دەمشڕی ئافرەت باس دەکەن. مامەڵەی خراپیان بەرامبەر بە ئافرەت نەکردووە لەڕووی فیزیکیەوە وەک پیاوێکی شەرقی ئیسلامی دەیکا بەرامبەر بە ئافرەتی کۆمەڵگا ئیسلامیەکەی. بەڵام لەهەمان کات دا ئەگەر ژنێك چووبێتە لای پۆلیس و سکاڵا لەسەر مێردەکەی بکردایە و بیوتایە مێردەکەم لێی داوم ، باوەڕبکەن زۆر جار پۆلیس بە ژنەکەی وتووە دەستی مێردەکەت خۆشبێ دەبوایە زیاتری لێی بدایتایە، واتە لەجیات ئەوەی بچێ مێردەکەی بگرێ کەچی ئاوای وەڵامی داوەتەوە لە ئێستگەی پۆلیس من شایەتی هەندێک لەو ڕووداوانە بوومە .

پاش ڕوخانی سەربازگەی سۆشیالیست و وەلادانی حیزبی کۆمۆنیست لە دەسەڵات کە تاوەکوو ئیمڕۆ کەمترین دەنگ دەهێنن لە هەڵبژاردنەکان، تەنها چەند کورسیەکیان

بەبەر دەکەوێ لەپەرلەمان. پاش ئەوەی سنوورەکان کرانەوە و ئینتێرنێت هاتە ئاراوە و ئازادی ڕادەربڕین تارادەیەکی باش گەشەی کردووە لە ڕوسیای فێدێراڵ. وردە وردە ئافرەت پەروەردە دەکرێ بۆ پۆستی بەرز وەک باڵوێز و قسەکەری وەزارەتەکان و بەڵکو لە دوا ڕۆژ چەند پۆستێکی وەزیریشیان پێ بدرێ. بەڵام هێشتا عەقڵیەتی پیاوی ڕوس ئامادە نیە ژن وەک سەرۆکی خۆی ببینێ .

## بەڵشەڤیەکان و تاقیکردنەوەی گازی ژەهراوی لەسەر زیندانیان - کارەسات بەمانای وشە

بۆ یەکەم جار ئەڵمانیا لەجەنگی جیهانی یەکەم گازی کلۆرینی ژەهراوی بەکار هێنا لەدژی سووپای فەرەنسا لەساڵی ١٩١٥. لە وەڵامی ئەو کارە نامرۆییەی ئەڵمان، ئینگلتەرەو فەرەنسا هەڵسان بە تێکەڵکردنی گازی کلۆرین و مەستەرد لەدژی ئەڵمان. هەرچەندە قەدەغەکراوبوو لەسەر ئاستی دەوڵەتی و پاشان کرا بەیاسای دەوڵەتی هەر کەسێ گازی ژەهراوی بەکار بهێنی لەدژی مرۆڤ ئەوا جەنگی لەدژی بەرپادەکرێ و هەتاوەکوو ئەمڕۆ پەیڕەوی دەکەن. تەنانەت سوریا چەند جارێک بەکاری هێنا، بەڵام بۆیان نەسەلمێنرا کەبەکاری هێناوە ئەگینا شەرعیەت دەدرا بە هێزی نێونەتەوەیی لەدژی سوریا شەڕ بەرپابکەن جیددی تر هێرش بکەنە سەر سوریاو حوکومەتەکەی، چونکە ئێستا دژایەتی حوکومەتی سوریا لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە سنووردارە .

بێینەوە سەر بابەتی ئەساسی باسەکەم :

هەروەک ئاشکرایە هیتلەر گازی کیمیاوی بەکار هێناوە لەدژی جولەکە لەنیوەی ساڵی ١٩٤١. پاش ئەوەی زانای ئەڵمانی گێرهارد شرێیدەر ویستی مادەیەکی ژەهراوی

درووست بکا بۆ کوشتن و لەناوبردنی ئەو زیندەوەرانەی کە بەرهەمی کشتوکاڵ دەخۆن و زیانیان هەیە، هەر بۆیە مادەی فۆسفۆر و سینایدی تێکەڵ کردو ئەنجامێکی باشی هەبوو، بەڵام ئەمجارە هەڵسا بەتێکەڵکردنی مادەی سینایدو ئەکرۆنیۆم ئیدی تێگەیشت ژەهرەکەی زۆر کاریگەرەو لەسەر هەر زیندەوەرێک تاقی بکرێتەوە یەکسەر دەیکوژێ، ئەو داهێنانەی خۆی پێشکەش بەنازیبیەکان کرد بۆ کوشتنی میللەتی جولەکە و قەرەج و مرۆڤی پەککەوتەو نەخۆشی بێ چارە کەوتنە ئەو کەتیگۆریەوە . بەڵام ئەگەر ڕاستیمان بوێ ئەوا زۆر زووتر پێش نازیبیەکانی ئەڵمانییش بەڵشەڤیەکان ئەو کارە نامرۆییەیان کردووەو پاش مردنی ستالین ئاشکرا بوو، بەڵام دیسان هەواڵەکان تەنها لەناو کادیرانی سەرو دەنگ و باسی هەبوو نەک بۆ کۆمەڵگە و میدیاو جیهان پێی بزانن ، هەرچەندە سیخوڕو هەواڵگرەکانی ڕۆژئاوا بەو کارەیان زانی و بڵاویان کردەوە، بەڵام سۆڤیەت خۆی لێ بێبەری کردوو و حاشای لێ دەکرد . بەهاتنی گۆرباتشۆڤ هەموو ڕاستیەکان کەوتنە میدیاو ڕێگە درا بە مێژوونووسان پشکنین لەسەر ئەو دۆکۆمێنتانە بکەن، کێ بەو کارە نامرۆییە هەڵساوەو چۆن بووە؟ هەربۆ زانیاری گشتی و خوێنەران، وشەی "گوللەباران، بیکوژن" وشەی سەرزاری لێنین بووە بۆ حوکمدانی نەیارەکانی. تاوانی "سیخوڕی ئینگلتەڕایە، دوژمنی گەلە" وشەی سەرزاری ستالین بوو لەکاتی حوکمڕانیەکەی .

## لیۆنید ملێتشین- تاوانەکانی بەڵشەڤیک :

لیۆنید ملێتشین کە میدیاکارێکی بەناوبانگی جولەکەی ڕوسەو کاتی خۆی لەگەڵ دەزگای هەواڵگری سۆڤیەت( کەی جی بی) کاری کردووە. هەر زۆر زوو ئەو ڕاستیانەی

دەزانی و زۆر بەڵگەی ترسناکی لەبەر دەست بووە لەچەندەها ڤیدیۆی تر باسی هاتنی بەڵشەڤیەکان دەکا و دەسەڵاتی کۆمۆنیست لە ساڵانی ١٩١٧ -١٩٨٥ .

بەڵام ساڵانی ١٩١٧-١٩٥٢ خراپترین و کارەسات ترین مێژووی نامرۆڤایەتی ئەو ڕژێمە بووە بەتایبەتی کارە نهێنیەکانی دەزگای داپلۆسینی تشیکیستەکان و بەرپرسەکانی ئەو دەزگایە هەر لە درژینسکی یەوە تاوەکو ڕیکەڤ و یاگۆدە وینۆکێنتی خالێپسکی یۆژەڤ و لاڤێرێنتی بێریا کە سەرپەرشتیان دەکرد .

لەم ڤیدیۆیەی خوارەوە لیۆنید مێلتشن باس لە دەزگای داپلۆسینی بەڵشەڤیکە کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەت دەکا لە سەردەمی ستالین لە کات و شوێنی جیاواز .[135]

١- باس لە فەرمانی ستالین دەکا کە تێلێگرامی شیفرەیی کردووە بۆ هەموو ناوچە و هەرێم و بارەگاو لق و ئۆرگانە حیزبیەکان کە ڕەحم بەکەس نەکەن و ئەشکەنجەی زیندانیەکان بدەن

٢ـ باس لە یۆژەڤ دەکا کاتێ سەرپەرشتی دەزگای داپلۆسینی "ئێنکەڤێدێ" کردووە دەڵێ لەیەکێ لەکۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت کە ستالینیش ئامادەی بوو یۆژەڤ هاتە ژوورەو ستالین لێی پرسی بۆ پاڵتۆکەت بە خوێنە؟

لە وڵامدا وتبووی، ئەوە دەبێ شانازی پێوەبکرێ کە خوێن بەپاڵتۆکەمەوەیە، چونکە خوێنی دوژمنی شۆڕشی گەلەکانە. ستالین زۆر کەیفی بەو کەسانە دەهات کە ئەرکی ئەشکەنجەدان و لێپرسینەوەی جیددی دەکەن لەگەڵ زیندانیان و ڕێزی لە

135 /https://www.facebook.com/NeazyAsma/videos/1415195138612984

بکووژەرەکان دەگرت. یۆژەڤ خۆی ڕۆژانە سەردانی گرتووخانەکانی دەکرد و سەرپەرشتی لێکۆلینەوەو ئەشکەنجەو لێدان و کوشتنەکانی دەکردو چێژی لێوەردەگرت. یۆژەڤ نەک تەنها لەئاست هەیکەل و پیاوی ڕوس بچووک و سیخەمارە بوو، بەڵکو ئەگەر بیهێنیتە ئاستی مرۆڤێکی شەرقیش دیسان بچووکەلە و بوودەڵە بوو. هەربۆیە زۆرجار دەبووە جێگای گاڵتەجاڕی ستالین و هەڤاڵەکانی کە بۆ ئاوا سووک و کوورتە باڵاو لاوازە .

٣- لیۆنید ملێتشین باس لە ڕووداوێکی نامرۆڤانە و نا ئەخلاقی کادیرانی بەڵشەڤیک دەکا لەپێناو بەدەست هێنانی پۆستی بەرزتر و پلەو پایەو وەرگرتنی مێدالیا بۆ کارەکانیان. کارێکیان دەکرد بێجگە لەوەی کە گاڵتەجاڕییە، بەڵکو لەمێژووش کەم کارەساتی ئاوا ڕوویدابێ .

لەسەردەمی ستالین و ساڵانی سییەکان ئیدی باو بوو کادیرێک کەسێ بگرێ و تاوانی سیخوڕی و دژی گەل و دژی شۆڕشی بخاتە پاڵی و بەکوشتنی بدا.

ژاپۆن هەڵسا بەگرتنی چەند کەسێکی سۆڤیەتی بەتاوانی سیخوڕی. بەڵام هەندێک کادیری ئەو ناوچەیەی سەر سنوور لەخوارووی ڕۆژهەڵاتی سۆڤیەت بەرەو سنووری ژاپۆن چوون کارێکی نامرۆڤانەیان کرد. ئەو کادیرە بەڵشەڤیکانە چوون بۆ ناو گووندەکان و گەنجەکانیان کۆکردنەوە کە زۆربەی ببوون بە کەمسەمۆل و کادیری حیزبی( طلائع و ڕفیق حیزبی). بەو گەنجانەیان وت :

"ژاپۆن چەند کەسێکی ئێمەی گرتووە بەبیانووی کاری سیخوری، بۆ ئەوەی ژاپۆن هاوڕێکانمان بەربدا هەریەکێک لەئێوە وەک کارو ئەرکێکی نیشتمانی و حیزبی بەحساب ئێوە سیخوڕیتان کردووە بۆ ژاپۆن و ئێمەش ئەو نامانە دەنێرین بۆ ژاپۆن بۆ ئەوەی گونی ژاپۆنیەکانی پێبگرین و ناچار دەبن بەرەلایان بکەنەوە وەک پرۆسەی

ئاڵوگۆری، بەڵام تەنها وەک تاکتیک ئەوکارە دەکەین بۆ ئەوەی بەڕاست ژاپۆنیەکان وابزانن لای ئێمەش سیخوڕی ئەوان هەیە و گیراون" .

ئەو بەدبەختە گەنجە گوندیانە زۆر دڵیان خۆش بوو ئەگەر هەریەکێکیان ئەو نامە بنوسێ و ببێتە ڕزگارکردنی هەڤاڵانی بارگران لە ژاپۆن. کاتێ نامەکانیان نووسی و دایان بەدەستی کادیرە حیزبیەکان، ئەو کادیرە بەڵشەڤیکیانە هەڵسان بە گرتنی هەر هەموویان و لە دووری گووند هەر هەموویان کوشت کە ژمارەیان ١٠٠ نەفەری بێ گووناح بوون. ڕاپۆرتیان بۆ مۆسکۆ و سەرووی خۆیان بەرزکردەوە کە لەناوچەی ئێمە توانیمان ١٠٠ سیخوڕی ژاپۆنی بگرین و بیانکوژین. چاوەڕوانی مێدالیاو دەست خۆشیان لەمۆسکۆ دەکرد. بەڵام لە مۆسکۆوە لیژنەیەکیان نارد نەک بۆ ئەوەی لێکۆلینەوە لەو ١٠٠ نەفەرە بکەن بۆ کوژراون بێ لێپرسینەوەو بێ ئاگادارکردنەوەی مۆسکۆ، نەخێر ئەوان سەریان لەوە سوڕمابوو چۆن ئەو ڕێژە زۆرە سیخوڕە لەو ناوچەیە کاریان کردووەو هەبووە؟ ئەوە نیشانەی بێ هێزی دەزگای ئێنکەڤێ دێ یە کە پێی نەزانیوە. بەڵام کاتێ چوونە قوڵایی مەزوعەکە ئیدی بۆیان دەرکەوت لەبەر خاتری پاداشت و بەرزبوونەوەی پلەی حیزبیەکانیان بۆ دەست خۆشی ئەوکارەیان کردووە. لەگەڵ ئەوەی ئەو تاوانە نامۆرییەیان کرد کادیرانی شیوعی، دیسان حیزب موحاسەبەی نەکردن و کەیسەکەیان داخست بۆ ئەوەی ئابڕوی دەزگای داپلۆسین نەچێ لەوناوچەیە.

٤- لیۆنید ملێتشین باس لەوە دەکا لەنێوان ساڵانی ١٩٣٨ زاناکانی سۆڤیەت هەندێک مادەی ژەهراویان دروستکردووە بۆ زیندەوەرو گیانلەبەری پێبکوژن و ئەنجامی باشی هەبووە، بەڵام ویستیان تاقی بکەنەوە لەسەر مرۆڤ چۆن کاریگەری دەبێ؟ هەربۆیە لاڤێرێنتی بێریا( سەرۆکی دەزگای ئێنکەڤێ دێ) دەزگای داپلۆسینی ناوخۆییان

ئاگادارکردەوە لەو پلانە ئەگەر بتوانێ یارمەتیان بدا، ئەو زۆر بە پێخۆشحاڵیەوە بێ یەک و دوو فەرمانی دا چەند زیندانیەک بهێنن هەر کێ بێ گرینگ نیە. بەڕێوەبەری چەند گرتووخانەیەک بە چەند زیندانیەکەوە هاتن بۆ شوێنی تاقی کردنەوەکەو تاقیکردنەوەیان لەسەرکرا . هەندێک دەرمان کەتاقی کراوە لەسەر زیندانیەکان بۆ ماوەی ٢ هەفتە بەئازارەوە ڕۆحیان دەردەچووەو هەندێکیان یەکاو یەک مردن. نەک تەنها زاناکان و بەڵکو کادیری هەڤاڵی بارگرانەکانیش سەیری ئەو دیمەنانەیان دەکرد چۆن ئەو مرۆڤانە پەلەقاژەی ڕۆحدان دەکەن و هیچ هەستێکی مرۆڤایەتیان نەبووە. پاشان لێکۆلینەوە بۆ ئەو زیندانیانە کرا کە گەلێکیان هەر هیچیان لەسەر نەبووەو هێشتا لێکۆلینەوەیان لەگەڵ نەکرابوو لەسەر چی گیراون و هەندێکیان حەقی کوشتنیشیان نەبووە، بەڵکو بەمادەی سووک گیراون، بەڵام ئەو کۆمەڵە مرۆڤە بوون بەقوربانی تاقی کردنەوەی کۆمۆنیستەکان. وەک مشک لە ژووری تاقیگە تەجرووبەیان لەسەر کراوە .

دیسان ڕاپۆرت بەرزکراوە بۆ لیژنەی مەرکەزی کە جارێکی تر لەسەر مرۆڤ تاقی نەکرێتەوەو ئەو کەیسە دابخرێ و بەردەوام نەبن. ئەو کارەساتە هەر بەنهێنی ماوە تاوەکوو پاش مردنی ستالین و ئینجا باسی لێوە کرا لەناو لیژنە حیزبیەکان. بەڵام لەدوای گۆرباتشۆڤ ئەو ڕووداوە ئاشکرا کراو نهێنیەکانی بەڵشەڤیک و ستالین کە چیان کردووە.[136] سەیری ئەم گرتە ڤیدیۆیەی خوارەوە بکە.[137]

---

[136] http://www.sinodik.ru/?shoot_date=03-14

[137] https://www.youtube.com/watch?v=GXI6U5Awxq4

لەماوەی بیرۆسترۆیکاو بڵاوکردنەوەی هەندێک ڕاستیە تاڵەکانی بەڵشەڤیک کە ڕۆژانە بڵاودەکرانەوە، دێتەوە بیرم پێش ئەوەی لە سۆڤیەت دەربچم لەساڵی ١٩٩٠ لەیەکێ لە ڕۆژنامەکانی حوکومەتی سۆڤیەت بە فەرمی دانی پێدانا کە ساڵانە لەماوەی حوکمی برێژنێڤ ١ ملیارد دۆلار بۆ کاری پڕۆپاگەندەو ئاژاەو دیماگۆگی و بڵاوکراوەی کۆمۆنیستی و فیشە و پۆستەر و وێنە و نووسینی دروشم و هێماو چاپکردنی بەرهەمی کۆمۆنیستی هەم بە زمانی ڕوسی و هەم بە زمانە جیهانیەکان تەرخان کرابوو.

دیمیتری ڤۆلکۆگۆنەڤ لە پەڕتووکەکەی بەناوی "لێنین کە وێنەی ئەو نووسینەم کۆپی کردووە وا لەخوارەوە دامناوە بۆ ئاماژەکردن بەو بەڵگەیە. دیمیتری ڤەلکۆگۆنەڤ " لێنین" دەڵێ :

"لە مانگی ژانیوەری ساڵی ١٩٩٠ بەرهەمەکانی لێنین بە تیراژی ٦٥٣ ملیۆن دانە چاپکراوەو وەرگێردراوەتە سەر ١٢٥ زمانی بێگانە . تەنها بڵاوکراوەیەکی بەناوی " ئەرکەکانی یەکیەتی لاوان" ٦٦٠ جار بە تیراژی ٥٠ ملیۆن دانە چاپکراوەو بۆ ٩٦ زمان وەرگێڕدراوە. بە ملیۆنان گەنج و لاویان ئابەم شێوەیە پەروەردەکردووە. ڕۆحانیەتی لێنین و بە پیرۆزکردنی لێنین هیچی کەمتر نەبوو لە قورئانێک بۆ بنەماکانی جیهانی موسوڵمانان . کاتێ لێنین لە ژیاندابوو زۆر دیدو ڕووی جیاوازی هەبوو، بەڵام پاش مردنی ئیدی خرایە قاڵبی پیرۆزکردنی : مەزن، عبقری، حەکیم، دووربین، پەیامنێر، مەعصوم، پێگەیشتوو بەدوا قۆناغ، بێڕکابەر، تاک و بێ نموونەو دووبارە نەبوونەوە" 138.

نووسەر بەردەوام دەبێ و دەڵێ :


---

138

"تا بتوانین زیاتر ئەو شێوە وەسف و پێناسەیە دووبارەبکەینەوە زیاتر لە ڕاستی لێنین'ی مێژوویی دوور دەکەوینەوە" .[139]


سەرچاوەی ئەو کتێبە بە ڕوسیەکە لەشێوەی پی دی ئێف لێرە دامناوەو باسی ئەو بابەتە لەو کتێبە ۲ وێنەم لێگرتووە .

دیمیتری ڤەلکۆگۆنەڤ "لێنین".[140]



– ленинская духовная ниша была так же обязательна для каждого советского человека, как Коран у фундаменталистов в мусульманском мире. На
и изданы в нашей стране общим тиражом более 653 миллионов экземпляров на 125 языках! Возможно, это одна из немногих областей
ьсах коммунистического строительства... Некоторым работам особенно „повезло". Так, речь о близком коммунистическом грядущем — „Задачи
м почти 50 миллионов экземпляров на 96 языках!

. Ведь „сочи-



м, я приступил к заключительной части триптиха „Вожди", преисполненный желания прочесть и переосмыслить трагическую фигуру вождя
упнейшим переменам в России и во всем мире. Ленин всегда был многолик, но после смерти его многоликость постепенно была переведена в
ого: „великий", „гениальный", „непревзой-денный", „неповторимый", „мудрый", „прозорливый", „пророческий"... Чем больше и чаще мы
уходили от исторического Ленина.

---

https://www.libfox.ru/322324-dmitriy-volkogonov-lenin-politicheskiy-portret-v-2-h-knigah-kn-2.html

[139] - https://www.libfox.ru/322324-dmitriy-volkogonov-lenin-politicheskiy-portret-v-2-h-knigah-kn-2.html

[140] ـهەمان سەرچاوەی پێشوو.

"**کۆماری قەشمەر**" ناوی ئەو پەڕتووکەیە کە مرۆڤ تێیدا بوون بە قوربانی .

لەم سایتەی خوارەوە پەڕتووکێکە یادیگاری کۆماری کۆمی( قوربانیانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو تیرۆری مەزنی ستالین) لیستی هەندێک لەناوەکان کە ڕۆژانە خەڵک ناوی خزم و کەسە نزیکەکانی دەخاتە ئەم سایتەوە بۆ ئەوەی ڕیکخراوێکی خێرخوازی بۆ قوربانیانی تیرۆری کۆمۆنیزم لە سۆڤیەتی بەڵشەڤیک. ژمارە ڕاستیەکان و بێ سەر و شوێنەکان ئەستەمە ئاشکرا ببێ، بەڵام هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و لیستی ناوە ڕاستەقینەکانی ئەو سەردمە چۆن بوون بە قوربانیانی تیرۆری سوور و تیرۆری مەزنی ستالین. هەرکەسێ خزمێک کەسێکی ناسیاوی هەبێ و ناوی لەم لیستە نەبێ ئەوا دەتوانێ زانیارییەکانی بنێرێ بۆ ئەم سایتە بۆ ئەوەی بۆی زیادکردبێ و ناوی لەبیرنەکرێ .[141][142]

"کۆماری قەشمەر"  Книга памяти Республики Коми

ناوی ئەو پەڕتووکەیە کە مرۆڤ تێیدا بوون بە قوربانی.[143]

## نەوەی ستالین باس لە بێگەردی باپیرەی دەکا

نەوەی ستالین بەناوی ئێڤگێنی دژوگاشڤیلی ستالین، هەر لەباپیرەی دەچێ لە شێوەی قسەکردن و تۆنی گرووزینی. کاتێ گرووزینیەکانی قەفقازی بە ڕوسی قسەدەکەن ئا بەم شێوەیە قسەدەکەن. وە ئەگەر سەرنجی وێنەو ڤیدیۆکانی بیت لە یوتووب، ئەو

[141] - https://irwi99.livejournal.com/1870031.html

[142]- https://ru.openlist.wiki/

[143]- http://memorybookrk.syktsu.ru/

پیاوه سیما و ڕەنگی کۆپی ستالین'ە .

لە چەند چاوپێکەوتنێک و چەند ووتارو تەنانەت پەڕتووکێکی هەیە بەناوی" باپیرەم جۆزیڤ ستالین.پیرۆز بوو". باس لە سەردەمی باپیرەی خۆی دەکا، گوایە ستالین کەسێکی پیرۆزو مرۆڤێکی عادیل و حاکمێکی باش بووە. ڕوسیای ڕزگارکرد لەدەست کەسانی ناحەز کە دەیانویست ڕوسیاو سۆڤیەت بەرەو ئاقارێکی نادیار بەرن .[144]

نەک ئەو بیرۆکەو سەرنجە تەنها کوڕی ستالین ئامازەی پێدەکا، بەڵکو ستالین'یەکان و هەوادارەکانی ئابەم شێوەیە بیردەکەنەوە واتە :

مەبەستیان لەوەیە گوایە ترۆتسکی و کادیرە بەرزەکانی پارتی سۆشیال- دیموکراتی بەڵشەڤیک و مەنشەفیەکان کە زۆربەیان لە نەتەوەی جولەکە بوون بەڕەو ڕۆحیەتی مۆردوخای یەهوودیەت پڕۆپاگەندەیان دەکرد .

نەوەی ستالین ئێڤگێنی دەڵێ سەردەمی ستالین هەر کەسێ دزو گەندەڵ بوایە یەکسەر ستالین ڕیزی دەکردن لە پەنا دیوارێک هەر هەموویانی تیرباران دەکرد. کەچی ئێستا (مەبەستی ساڵانی حەفتاو هەشتاو نەوەدەکانە) دزی و گەندەڵی زۆر بووە سەرکردەکانی کۆمۆنیزم و بەرپرسەکان هەر هەموویان دەوڵەمەندن لەسەر حسابی خەڵکی ڕەش و ڕووتی ڕوس. بەرپرسەکان هەمووشتێکیان هەیەو تاوەکو ئەوان بەرەو دەوڵەمەندترو خۆش گوزەرانی تر بچن ئێمەش زیاتر بەرەو هەژاری و بێ دەرامەتی دەچین.

---

[144] -https://www.litres.ru/evgeniy-dzhugashvili/moy-ded-iosif-stalin-on-svyatoy-11789743/chitat-onlayn/

کورت و کورمانجی هەوادارنی ستالین و خۆزگە بەو ڕۆژانە دەخوازن کە ستالین لەسەر حوکم بوو یان بۆیان بگەڕێتەوەو لەهەوڵی ئەوەدان ڕۆژێک ستالینێکی نوێ پەیدابێ لە ڕوسیا.

نەوەی ستالین دوو ساڵ پێش ئیستا واتە ٢٠١٦ بە ڕۆژی نیوەڕۆ لەناو یەکێ شەقامەکانی مۆسکۆ دڵی وەستا لەتەمەنی ٨٠ ساڵی و مرد.

## ستالینیزمەکان لەسەر ستالین

گوایە ترۆتسکی و کادیرە بەرزەکانی پارتی سۆشیال- دیموکراتی بەلْشەڤیک و مێنشەڤیکیەکان کە زۆربەیان لە نەتەوەی جولەکە بوون بەڕەو ڕۆحیەتی مۆردوخای یەهوودیەت دەچوون. واتە خاک و کوولتووری ڕوس دەسڕنەوەو لەناوی دەبەن بۆ بەرژەوەندی پڕۆتۆکۆڵیزایۆنیزم ـ صهیونة. بەڵام ستالین توانی ڕوسیا لەدەست یەهوودیەت دەربهێنێ و ڕۆحیەتی ڕوس و کوولتووری ڕوس بگەڕێنێتەوە. بەڵام لەڕاستیدا وانیە، ستالین لەچاو ترۆتسکی خاڵی سفر بوو لە زانستە مرۆییەکان .

جان جاک ماری لە پێشەکی پەڕتووکەکەی ترۆتسکی دەڵێ :

ستالین هەرگیز نەیتوانیوە بەتەنها بۆ خۆی شتێک بنووسێ، جگە لە وتار یان نامیلکەیی ئەوتۆ کەلە پرسیارو وەڵام پێکهاتبێ،هەروەها مۆڵۆتۆڤ و گدانۆڤ و ڤەڕۆشیبیلۆڤ'یش نەیانتوانیوە لە سنوری ئەو وتارە ئامادەکرانەوە لابدەن کە بۆ نەوەکان دەنوسران،هەر ئەم قسەیە بۆ کیرۆڤ'یش ڕاستە، ژیاننامەی کیرۆڤی'یش دێتە باس کە کڕاسنیکۆڤ'ی نوسەری سۆڤیەت دەڵێ کیرۆڤ بەشداری نەکردووە لە دانانی

کتێب دا" .[145]

ستالین هیچ شارەزایەکی نەبوو لە کوولتوورو ئەدەبیاتی ڕوسی و نرخ و بەهای بۆ دانەدەنا، کەچی هیچ وتارێکی نیە مەدحی ڕوسی نەکردبێ و بەشان و باڵی ڕوسی هەڵنەدابێ. تەنانەت خۆی بە ڕوس لەقەڵەم دەدا خۆی لە ڕوس بە ڕوس تر دەزانی تەنها لەبەرخاتری ئەوەی خۆی خۆشەویست بکا لای ڕوس. چونکە کێشەو گرفتی ڕەوانبێژی زمانی ڕوسی هەبوو. تەنانەت وەک کەسێکی ڕۆشنبیر نە لەناوی حیزب و نە لە دەرەوەی حیزب نەناسراو بوو، چونکە تا ئەوکاتەی کادیرەکانی تر لەسەرەتای شۆڕش لەناوی جەماوەر وتاریان دەدا.

تەنانەت ستالین بۆ یەک جاریش نەچووە ناو جەماوەر وتارێک بدا تەنها پاش ساڵ و نیوێک بۆ یەکەمین جار، تەنها لە یەک شوێن لە دەرەوەی پێتروٚگرادو مۆسکۆ (خوارووی ڕۆهەلاتی ڕوسیا وتارێکی جەماوەری پێشکەش کرد بۆ کرێکارانی کارگەیەک). لەبەر ئەوەی توانای وتاری (ئەراتۆری) نەبوو وەک ترۆتسکی و زینۆڤییێڤ و بوخارین و مارتۆڤ و هتد

لەیەکێ لەچاوپێکەوتنەکانی گۆرباتشۆڤ لەگەڵ کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی ئۆکڕانی بەرنامەی دیمیتری گۆردۆنۆڤ بەناوی ( لەمیوانی) دەڵێ :

**"ستالین کەسێکی زۆر ترسنۆک بووەو لەخەڵک ڕایکردووەو هەمیشە خۆی دوورەپەرێز کردووە بۆ ئەوەی تیرۆر نەکرێ و کەسێکی ترسناک و دڵرەق و زاڵم بووەو بەیەک واژۆی**

---

145 ـ ترۆتسکی: " مێژووی شۆڕشی ڕوسیا"،چاپی کوردی، لاپەڕە ٤٠

**فەرمانی کوشتنی ١٠ هەزار کەسی داوەو ئەوەی ماوە لە دوای ئەو ١٠ هەزار دەست بەسەرکراوانە وتی ڕەوانەی کەمپی دوورخراوەی سیبیریای بکەن".**[146]

بۆ پاڵپشتی قسەی گۆرباتشۆف کوڕی میکۆیان بەناوی ستێپان میکۆیان کە باوکی هاوڕێی هەڤاڵی بارگرانی ستالین بوو لە خەبات کە لە نزیکەوە کەسایەتی ستالینی ناسیوە و دەڵێ :

**"ستالین کەسێکی حاقدو ترسناک و بێ ڕەحم بوو، وە لەدوا ساڵانەکان بۆم دەرکەوت کە کەسێکی زیرەکیش نەبووە، بەڵکو ئەحمەق بووە".**[147]

باوکی میکۆیان کە ناوی ستێپان میکۆیان بەنەتەوە ئەرمەنی بووە. باوکی ستێپان ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی بوو بەدرێژایی ژیانی سیاسی لەگەڵ ستالین ماوەو ئاشنایەتی نزیکیان هەبووە لەگەڵ ستالین .

یەکێ لە ستالینیستە سەرکێشەکانی ڕۆژئاوا " گرۆڤەر فووری " ئەمەریکیە.

بیروڕاکانی هەمووی پاکانەیە بۆ تاوانەکانی ستالین. لە خوارەوە دەتوانن بەرگی دووهەم بخوێننەوە لەشێوەی پی دی ئێف بەزمانی ئینگلیز. کەزیاتر باسی تاوانەکانی هەڤاڵە بارگرانەکان دەکا.

---

146 - https ://www .youtube .com/watch?v=ypNGRwVgOxQ

147 - https://www.youtube.com/watch?v=b_3KJffumrg&t=353s

باسێک لەسەر پەڕتووکی نووسەری ئەمەریکی **"گرۆفەر فوور"** بەناوی (هاوکاری لیۆن ترۆتسکی لەگەل ئەڵمان و ژاپۆن. پیلان گێڕی لەسیەکان). لە ٢ بەرگ دا .
نووسەر باس لە دەست تێکەڵ کردنی ترۆتسکی دەکا لەگەڵ ئەڵمان و ژاپۆن لە پێش و لەکاتی جەنگی جیهانی دووهەم . نووسەر کەسێکی شارەزای سەردەمی سۆڤیەتی بەڵشەڤیکەو بەتایبەتی لەسەر کەسایەتی ستالین و بواری ستالینیست زۆر شارەزایە. زۆر پەڕتووکی هەیە لەسەر مێژووی سەردەمی سۆڤیەت .

بەڵام پێش ئەوەی نووسەر بناسم دەستمکرد بەخوێندنەوە هەر لە چەند لاپەرەی سەرەتایی ئیدی بۆم دەرکەوت کە نووسەر کەسێکە یان ئاگای لە دوونیا نیە ، یان دەبێ کۆمۆنیستی ستالینی بێ ، یان دەبێ کەسێکی زۆر دژی جولەکەبێ، یان دەبێ کەسێکی چەواشەکاری مێژوویی بێ و دەیشێوێنێ ( التحريفية ) و ئاوت ئۆف ئەپدەیت و ئێکسپایەر بێ باسەکانی. هەر ئابەم شێوەیەش لەناو مێژوونووسانی ڕۆژئاوا ناسراوە کە مێژوونووسێکی دواکەوتووی کۆنە ستالینییە.

تەنانەت خودی نووسەر دەڵێ نەک لەناو مێژوونووسانی ئەوڕوپا بەتەنها، بەڵکو لەناو چەپەکانی ڕۆژئاواو ئەمەریکیەکان هەرهەموویان ستالین بە کەسێکی خراپ و تاوانبار لەقەڵەم دەدەن، دەڵێ ئەگەر باسی ستالین بەباشی بکەیت یان باسێکی لێکۆلینەوە بە ئەرێنی بکەیت لەسەر ستالین ئەوا مەقبوول نیە لایان .

چونکە مەعقول نیە نووسەرێک پاکانە بۆ ستالین بکا کە هەموو لایەک لەسەر ئەوە کووکن کە٢٠ ملیۆن کەس کوژراون لەکاتی حوکمی بەڵشەڤیک و ستالین تاساڵی ١٩٥٣

.

نووسەر دەڵێ : "

هەموو ئەو تۆمەتانەی ستالین ڕاستن کە خستوویەتی پاڵ نەیارەکانی و بەڵی دوژمنی گەل بوون" .

نووسەر ڕەتی زۆر پەڕتووک و لێکۆلینەوەی نووسەران دەکا، کە باس لە تیرۆری مەزنی ستالینی ١٩٣٦-١٩٣٨ دەکەن .

ڕاستیەکەی تەنها ئەم بەرهەمەیم خوێندوەتەوەو هەر ئەمەشیانم پێویست بوو بۆ ئەم باسەی خۆم لە شۆڕشی ئۆکتۆبەرو پێم وانیە هیچ پەڕتووکێکی تری ئەو نووسەر بخوێنمەوەو کاتی پێوە تەرخان بکەم چونکە ئیدی دیارە سەر بە چ قوتابخانەیەکی بێ ویژدانیە!

لەخوارەوە چاوپێکەوتنێکی ئەو مێژوونووسەم داناوە کەباس لە پەڕتووکەکان و بیروبۆچوونی لەسەر ستالین و ترۆتسکی و بوخارین و خرۆشۆڤ دەکا و بوخارینیش بەتاوانبار دادەنێ وەک لەوەی ستالین بەتاوانبار دابنێ لە کوشتنی کەسێکی مارکسیستی وەک بوخارین .

هەرچەندە لە زۆر شوێن لە کتێبەکەی دان بەهەندێک ڕاستی تاوان و هەڵبەستندا دەهێنێ یان دان بە کوشتنی هەر هەموویان دەهێنی بەڵام پاکانە بۆ ستالین دەکا . هەروەک لەخوارەوە ئاماژە بەوێنەی لاپەرە ١٠٨ ی کتێبەکەی دەکەم کە دەڵێ ستالین مارشال توخاتشێڤسکی کوشتووە لەگەڵ ٧ دانە پلەداری مەزنی ناو سووپا. ڕاستیەکەی

ستالین لەهەر پێنج مارشاڵی سۆڤیەت سێیانی کوشت واتە ٣/٥ کوشت بەناوی دووژمنی گەڵ .

لەزۆر شوێن سوودم لەو ٢ بەرگەی ئەو پەڕتووکە وەرگرتووە، بەڵام وەک سەرچاوەی بەهاو سەرەکی بەکارم نەهێناون . باسێک لەسەر پەڕتووکی نووسەری ئەمەریکی : گرۆڤەر فوور" هاوکاری لیۆن ترۆتسکی لەگەل ئەڵمان و ژاپۆن. پیلانگێڕی لەسیەکاندا " لە ٢ بەرگدا.

لەو ٢ بەرگەدا نووسەر هەموو ئەو ئەرشیڤانەی دەستکەوتووە لەدوای خرۆشۆڤ ژمارەیەکی زۆر کەم، بەڵام لەدوای گۆرباتشۆڤەوە ئیدی کەوتنە ژێر دەستی مێژوونووسان لەسەری بنووسن .

بەهیچ شێوەیەک ئەو بوختان هەڵبەستنەی نووسەر قبوول ناکەم ئەگەر ترۆتسکی دەستی تێکەڵ کردبێ لەگەڵ هیتلەر لەدژی ستالین. لۆژیکی نیە بە هیچ شێوەیەک . لەگەڵ ئەوەش خرۆشۆڤ لە کۆبوونەوە نهێنیەکەی پاش مردنی ستالین بە دوورو درێژی ووتارێکی خوێندەوە کە ستالین تاوانی کردووە ئەو هەموو هاوڕێ و کەسە بێ گوناحانەی کوشتووە هەمووی بەڵگەی ساختەو دروستکراو بوون لەوانە بۆ ترۆتسکی. خرۆشۆڤ زۆرێک لەوانەی ستالین کوشتوونی دووبارە شەرەفی حیزبایەتیان پێدراوەو وەک کەسانی نیشتمان پەروەرو قوربانیانی ستالین لەقەڵەم دران، بەڵام سەبارەت بە ترۆتسکی متمانەی نەگەڕاندەوە( إعادة الإعتبار)، چونکە دیسان ترۆتسکی هەر بەکەسێکی تاوانبار بەرامبەر بە گەلی ڕوسیای لەقەڵەم دا هەروەک ستالین. تەنانەت پاش گۆرباتشۆڤیش هەرمتمانەی بۆ نەگەڕاوە، بەڵام لەم دواییانەدا باس کرا کە دەبوایە نەکوژرابایەو خیانەتیشی لە نیشتمان نەکردووە .

پاش تیرۆرکردنی ترۆتسکی هەموو دەست خەت و نووسراوەکانی لای خێزانی ماوە لەمەکسیک و پاشان لای نەوەکەی( حفید ) بەڵام لەسالی ١٩٨٠ بریاریان دا ڕادەستی دانیشتگای هارڤەڕدی ئەمەریکای بکەن بۆ ئەوەی میژوونووسان بتوانن دەستیان پێبگاو لێکۆلینەوە لەسەر نووسین و بیرورِاکانی ترِۆتسکی بکەن. نووسەر دەڵێ چاوی خشاندووە بەئەرشیڤەکانی ترۆتسکی زانکۆی هاڕڤەرد .

نووسەر لە پەرِتووکێکی لەسەر خرۆشۆڤ زۆر بە زەقی نووسیویەتی و دەڵێ: "خرۆشۆڤ درۆ دەکا". کەباس لە وتارە نهێنیە بەناوبانگەکەی ساڵی ١٩٥٦ دەکا کە باس لە تاوانی ستالین دەکاو دەڵێ خرۆشۆڤ درۆ دەکا . تەنانەت دەڵێ ئەرشیڤ و نووسراوەکان و ڕوونکردنەوەکانی ترۆتسکیش لە ئەرشیڤی هارڤەرد هەمووی درۆیەو کەسێکی درۆزنە و درۆ دەکا لەنامەی ئەرشیڤەکانیدا کە دەڵێ ستالین دەستی هەبووە لە کوشتنی کیرۆڤ و زۆرێک لەهاورِێ بەلْشەڤیەکان و هەموو هاورِێ کۆنەکانی لێنینی کوشتووە"

بەگوێرەی زۆرینەی دۆکومێنت و شایەتحاڵەکانی پاش ستالین ئامارژە بەوە دەدەن کە تەنها ٢ دانە لەهاورِێ کۆنەکانی لێنین ماوەتەوە ئەگینا ستالین هەر هەمووی کووشتووە، کەچی نووسەر دەڵێ :
ئەو قسانەی ترۆتسکی لەو ئەرشیڤەی هارڤەرد هاتووە هەمووی درۆیەو هەمووی پیاوی ترۆتسکی بوون".

لینکی یەکێ لەو باسە ئەرشیڤانەی ترۆتسکی لە هارڤەرد لەخوارەوە لینکەکەی دادەنێم کە نووسەر لەسەری دواوە .

نووسەر دەڵێ پاکانە بۆ ستالین ناکەم و ناڵێم ستالین تاوانی نەکردووە، بەڵام بێگومان بارودۆخی ئەو کاتە هەر ئەوەی پێویست بووەو هەڵەی زۆری کردووە، بەڵام ئەگەر دووبارەی بکردایەوە ئەوا تاوان بوو ! .

واتە بەقسەی نووسەر ئەگەر ١٠٠٠ کەس بکوژیت هەڵەیەکەو کردوتەو پێویست نەبوو بیکەیت بەڵام ئەگەر جاری دووهەم هەمان ڕێژە واتە هەزاری تر بکوژیتەوە ئەوا تاوانە. سەیری ئەم لۆژیکە بکە! جاری یەکەم هەڵەیە ئەگەر بیکەیت، بەڵام جاری دووهەم لای ئەو تاوانە .

ئیدی پێدەچێ نووسەر هەموو ئەو گفتووگۆیانەی ناو دادگای ستالینی وەرگێرابێتە سەر زمانی ئینگلیزی و بڵاوی کردۆتەوە لەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ هەر یەکی لەسەرانی دوژمنی گەلەکان کە زۆرینەیان بە تاوانی دەست تێکەڵبوون و هەوادارانی ترۆتسکی لەقەڵەم دراون بە ( ترۆتسکیەکان) ناودەبرێن. لەگەڵ ئەوانە چەند ناوی مارشاڵ و ژەنەراڵ و ئەفسەری گەورە لەو دادگایانەی ستالین باس کراوە

بەڵام لەهەمووی سەرسوڕمێنەتر نووسەر دەڵێ : "دڵنیام کە ترۆتسکی دەستی تێکەڵ کردووە لەگەڵ ئەڵمان" .بەڵام هیچ بەڵگەکیش نادا بەدەستەوە یەک بەڵگە یان بوونی ڕێککەوتنێک لە نێوان ئەڵمان و ترۆتسکی ئەگەر هەبووبێ. بڕوبیانووی نووسەر ئەوەیە کاتێ ڕێککەوتنێکی نهێنی ئالەم جۆرە دەکرێ هەمیشە ناخرێتە سەر کاغەزو دۆکومێنتی ناکەن، هەربۆیە هیچ ئەرشیڤێک نیە نە لەئەڵمان و نەلەلای سۆڤیەت بۆ سەلماندنی بەڵگەکەی، تەنها بیرو بۆچوونی خودی نووسەرە، ئەگینا تاوان خستنەپاڵ

کەسێکی وەک ترۆتسکی ناوداری ئەوکاتە بۆ دەبێ نەتوانێ شایەتحاڵێک بدۆزێتەوە لەناو ئەڵمانیەکان یان لەهەوادارانی ترۆتسکی بۆ سەلماندنی باسەکەی لەو کتێبە؟ . تەنها هەموو پاڵپشتێکی ئەرشیڤە هەڵبەستراوەکانی ستالینە لە دژی ترۆتسکی، کە ئەویش خودی دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت ڕەتی دەکەنەوە کەشتێکی ئاوا هەبووبێ نەک بۆ ترۆتسکی، بەڵکو ئەگەر یەک ژەنەڕاڵ یەک مارشاڵی وەک توخاتشێڤسکی ، ئەگەر یەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لیژنەی مەرکەزی لەژێرەوە دەستی تێکەڵ کردبێ لەگەڵ ئەڵمان و ژاپۆن. کەواتە هەمووی تەنها بۆ لەناوبردنی نەیارەکانی ستالین ئەوکارە کراوەو بوختانی بۆهەڵبەستراووە .

لەزۆر شوێن سوودم لەو ٢ بەرگەی وەرگرتووە، بەڵام وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ وسەرەکی بۆ باسەکەم بەکارم نەهێناوە .لێرەوە دەتوانن بەرگی دووهەم بخوێننەوە لەشێوەی پی دی ئێف بە ئینگلیزی، کە زیاتر باسی تاوانەکانی هەڤاڵانی بارگران دەکا. چەند چاوپێکەوتنێکی نووسەریش هەیە لە یووتوب بۆ ئەو کەسانەی زمانی ئینگلیزی دەزان و حەزدەکەن لەنزیکەوە گوێبیستی هەڵوێست و ڕاو بۆچوونەکانی بن.[148]

---

[148] - https ://www .youtube .com/watch?time_continue=1869&v=zJNjwxcjDn8

لەم ٢ لینکەی خوارەوە یەکێکیان پەڕتووکی گرۆڤە فووری ئەمەریکی لەسەر خیانەتی ترۆتسکی لێرەوە وەک پی دی ئێف دەتوانن داونلۆد بکەن.[149] ئەوی تریان تەنها وتارێکە.[150]

بەڵام ترۆتسکی بە پێچەوانەی ستالین دیدو بۆچوونی هەبوو. لای ترۆتسکی کوولتوور و ئەدەبیاتی ڕوسی زۆر بەرز دەنرخاند. کەسێکی عاقڵ و ڕەفتار و بیرکردنەوەی ڕوسانە بوو وەک جوو خۆی نیشان بدا یان نەتەوە و ئایین ڕۆڵی هەبێ لای ئەو، بەڵکو بوونی وەک جولەکە بوو بەبەربەست بۆ خەونەکانی. شارەزاییەکی زۆر باشی هەبوو لە ناودارەکانی ڕوس لەشاعیر و نووسەر و فەیلەسووفەکانی. بەڵام هیچ نرخێکی بۆ هیچ نەتەوەیەک دانەدەنا یان بە واتایەکی تر هیچ میللەتێکی لەسەروو هیچ میللەتێکی ترەوە نیە، بەڵام ستالین ئەوکارەی دەکرد. لای ترۆتسکی هەموو مرۆڤێک وەک یەکن هەموو نەتەوەیەک وەک یەکن و نەتەوە لای ترۆتسکی نەبوو، بەڵکو گەلەکۆمەک و شۆڕشێکی سەرتاپای جیهان لە ئینتەرناسیۆنالیەت و سیستەمێکی شۆسیالیست بێتە ئاراوە واتە لە غەمی دروستکردنی کیانێکی نەتەوەیی نەبوو وەک بوختان و تاوانباریان دەکرد بە کەسێکی یەهوودی و لەخزمەتی صەهیۆنیەت بێ .
لای ترۆتسکی هونەر، مۆسیقاو سەمفۆنیاو جوانی سرووشت و ڕەنگ و ئەریستۆکراتی و بۆن و قسەی لووس و ڕێز و جەنتڵمانی نەی دەخوارد. لای ترۆتسکی مۆسیقای

---

[149] - http ://marxism .halkcephesi .net/Grover%20Furr/Furr%20tortsky%20japan .pdf

[150] -https ://msuweb .montclair .edu/~furrg/research/gf_tatalk_bj16 .pdf

سەمفۆنیەت و وێنە کێشانی سرووشت و خەیاڵ هەمووی شتی پڕووپووچ و بێ مانا و بێ تاقەتی دەنوێنن، بەڵکو کارکردن و وێنەی واقیعی ژیان بکێشی لە کرێکارو وێنەگرتنی جوتیارو پەیکەر کێشانی شۆڕشگێرەکان شیعری شۆڕشگێری و مۆسیقای ئینتەرنەسیۆنالی و سروود بۆ شەڕ و دروشم لێدان گرنگتر و پیرۆزترە لای ترۆتسکی .

## سادەیی و دەست پاکی ستالین

لەم گرتە ڤیدیۆیەی خوارەوە چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ پاسەوانی تایبەتی شەخصی ستالینەو لەدوای مردنی ڕابەر باس لەهەندێ ڕاستی و سادەیی و دەست پاکی ستالین دەکا . ئەگەر قسەکانی درۆ بوایە ئەوا دەمێک بوو پاسەوانەکانی تر بەدرۆیان دەخستەوە، بەلام دیارە کە ستالین لایەنی ئیجابیشی هەبووە وەک مرۆڤ لەگەڵ ئەوەش کەسێکی دڵ ڕەقی بکووژ بووە، بەڵام دەست پاکی نیشتمان پەروەر بووە تا سەر ئێسقان .

وەرگێرانی نیازی موستەفا لە ڕوسیەوە .

" تا ئەو ڕۆژەی مرد، ستالین هەر بەو پۆستاڵە کۆنانەی خۆی لەپێ کردووە. پۆستاڵی نوێیان بۆ هێناوە بەڵام داوای کۆنەکانی خۆی کردۆتەوە .

٢ ساڵ پێش مردنی ستالین داوای سەرتاشی کردووە سەرو ڕیشی بتاشێ، ئەگینا هەر خۆی بەمەقەست سەرو ڕیش و سمێڵی خۆی تاشیوە .

خەڵاتی میدالیای ستالین لەحسابی مووچەو پارەی شەخسی خۆی بووە بەسەر هاوڕێ حیزبیەکانی بەخشیوە.

بەگوێرەی پەیمانگای مێژووی سەربازی سۆڤیەت کۆڵۆنێل تەڕاتووت لە ساڵی ١٩٥٣ دەڵێ : تەنها ٤ ڕووبل و ٤ کەپێیکی( فلس) لەحسابی بەنقی ستالین هەبووە کاتێ مردووە .

ڕۆژێک بارانێکی زۆر بووەو ستالین بە ٢ ماشینەوە بەڕێگاوە بوون سەیری ئەوبەری جادەیان کردووە خەڵکێکی زۆر بەڕێز وەستان لە ئێستگە و چاوەڕوانی پاس دەکەن.
ستالین بە شۆفێرەکە دەڵێ ماشینەکە بوەستێنەو بە پاسەوانێکی وتووە بەناوی " تووکەڤ "، بچێ ئەو حەشاماتە بانگ بکا بۆئەوەی بیانگوازێتەوە بەو ٢ سەیارە و بۆ ئەو شوێنەی کە خەڵکەکە مەبەستیانە .
تووکەڤ دەڵێ : چووم بۆ لای خەڵکەکەو وتم هاوڕێ ستالین بانگتان دەکا بۆ ناو سەیارەکەی خۆی مادام ئێوە لەسەر ڕێگای ئێمەن و دەتانگەیەنین .
تووکەڤ دەڵێ : کەس لەشوێنی خۆی نەجولایەوە و وایان زانی من تێکچووم و عەقڵم کورتی هێناوە. وادیار بوو خەڵکەکە وتیانە : چۆن ستالین بانگمان دەکا؟
تووکەڤ گەڕاوە لای ستالین و وتی، پێم وت : هاوڕێ ستالین بانگم کردن، بەڵام کەسیان نایەن .
ستالین وتی : مادام نەتوانی بانگیان بکەیت، کەواتە نازانیت چۆن قسەیان لەگەڵ بکەیت .
ستالین بۆ خۆی چوو بۆ لای خەڵکەکە .

تووکەڤ دەڵێ : ستالین خەڵکەکەی بەدوای خۆی ڕیزکردووە و کێ گوونیەی پێ بووەو کێ بە جانتاو شتوومەکەوە هاتن بۆ ناو ئەو ٢ سەیارە .

بەگوێرەی گێڕانەوەی پاسەوانی ستالین بێ، پێدەچێ خەڵکێکی زۆر وەستابێ لەو ئێستگەی پاصە ، هەربۆیە پێیان نەکراوە هەموو خەڵکەکە سواری ئەو ٢ ماشینە بکەن، بەڵام ئەوەی پێیان کراوە بردوویانن بۆ شوێنی مەبەستی خەڵکەکەو جارێکی تر گەڕاونەتەوە هەمان ئێستگەی پاس و بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی ماون ئەوانیش سواری ماشین بکەن. بەڵام وتی کاتێ گەڕانەوە بینیان هێشتا خەڵک زیاتر بوو، چونکە ئیدی خەڵکەکە پێیان زانی ستالین دەگەڕێتەوەو لەوێ یە ئیدی بەسەدان خەڵک لەوێ کۆ ببوەوە .

وتی ئێمە بە ستالینمان وت، بەنزینمان نامینێ ئەگەر ئاوا بەردەوام بین .

ستالین وتی دە هەر ئاوا لەخەڵک بگەیەنن کە بەنزینمان پێ نەماوە ."[151]

- [151] https ://www .youtube .com/watch?v=2bcmGnygysU&list=LL-o73gpGJeYnpLA7GeA1Jfg&t=445s&index=182

## *ئایا ستالین یان ترۆتسکی بۆ بەڕێوەبەرایەتی سۆڤیەت باش بوو؟*

**زۆر لە خوێنەران پرسیار دەکەن :**

"ئەگەر لە دواساتەکانی کۆتایی دەسەڵاتی لێنین دا لە جیاتی ستالین جڵەوی دەسەڵات و حکومداری بکەوتایە دەستی ترۆتسکی و ئەو رابەرایەتی بکردبایە ئایە سەرەنجامی ئەو شۆرشە شێوازێکی باشترو کاریگەرتری بەخۆە نەدەدی؟
ئایا بەڕێوەبردنی ترۆتسکی لەبڕی ستالین خراپترو دیکتاتۆرتر دەبوو یاخود دەبووە وەرچەرخانێکی نوێ و باشتر بۆ کۆمەڵگەی ئەوکاتی سۆڤیەت و جیهانیش؟ ".
ئەگەر بەراوردی ئاستی هۆشیاری و رووناکبیری ترۆتسکی و ستالین بکەین ئەوا ئاسمان و زەویان جیاوازە لەگەڵ ئەو هەموو تواناو لێهاتووەی کە ترۆتسکی هەیبووە، کەچی لێنین دەسەڵاتێکی وەهای پێ نەداوە کاتێک لەژیاندا بووە تەنها ئەوە نەبێت کە پێش کۆتایی هاتنی ژیانی وەسێت نامە ئەکات کە ترۆتسکی شوێنی بگرێتەوە، بەڵام هەر زوو ستالین ئەوخەونەی زیندەبەچاڵ کردووە"

## *ئایا ستالین یان ترۆتسکی بۆ بەڕێوەبەرایەتی سۆڤیەت باش بوو؟*

هەرچی بگوترێ لەئەگەرەکان هەروەک پێشوو باسم کردووە، هەمووی گریمانە مەرج نیە ڕاست دەربچێ، بەڵکو تەنها خوێندنەوەیەکە لەکەسایەتی و عەقیدەو بارودۆخی ئەو کاتی ڕوسیا . هەندێک خوێنەر ئاماژە بەوە دەکەن ئەگەر هەرکامیان بوایە ئەوا هیچی لە هاوکێشەکە نەدەگۆڕی، چونکە ئەوان لەسەر بنەمای عەقیدەیەک کاریان کردووەو هەمان ئەنجامی دەبوو .

هێندیکی تر دەڵێن نەخێر ڕۆڵی تاک گرینگە لە ڕەوتی مێژوو هەرچەندە ئەگەر لەسەر هەمان عەقیدەشبن لەبەر ئەوەی ڕۆڵی کەسایەتیەکان هەیە لەمێژوو بێ ڕەچاوکردنی هەردووکیان بۆ هەمان ئایدیۆڵۆژیای کۆمۆنیستی .

زۆرینەی ئاماژە بە لێهاتووی ترۆتسکی دەکەن وەک لە ستالین، بەڵام لەهەمان کاتدا دیسان زۆرینە ستالینیان پێ باشتر بووە بۆ ئەو قۆناغە، چونکە پاکانە بۆ بارودۆخ و بواری نالەباری وڵات و ناجێگیری و ترسی ئینشقاق و لێکدابڕان دەکەن هەربۆیە پێویستی بەو ململانێ سیاسیە هەبووەو ستالین باشتر بووە لەگەڵ هەموو هەڵە و تاوانەکانی .

ڕاستە هەر دووکیان یان هەر هەموویان لەسەر هەمان بیرو ئایدیۆلۆژیا کاریان کردووە، ئەگەر سەیری هەموو دەوڵەتانی سەر بەبەرەی سۆشیالیزم بکەیت بەتایبەتی باڵی چەپە توندڕەوەکانی وەک چین و کەمبۆدیاو کۆریای باکور ئەنجامێکی خراپیان پێشکەش بە بیرۆکەی مارکس کردووە. بەڵام ئەگەر سەیری یۆگۆسلاڤیا، بولگاریا، کوباو زۆری تر بکەیت تاڕاددەیەک بێ خوێن و بەئاشتیانە بەڕێوەچووە نەک بەڕێگای کوشتنی نەیارەکان هەروەک لێنین و ستالین کردیان. ڕاستە لە کوبا ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر لە هاوڵاتیان وڵاتیان بە جێهێشت و هێشتا لە ڤەنزوێلا ڕۆژانە لە ٣ هەزار تاوەکوو ١٠ هەزار کەس دەردەچێ لەو وڵاتەوە بۆ وڵاتانی دراوسێ، بەهۆی خراپی بەڕێوەبردنی سیستەمی کۆمۆنەو خۆماڵی کردنی کۆمپانیاو عقارات و بانق و هتد .

کەواتە دەبێ لەهەمان سیستەم و لەهەمان ئایدیۆلۆژیا تاکەکان دیدو بۆچوون و تێڕوانین و هەڵوێستی جیاجیایان هەبێ لە تاکتیک و ستراتیژیەت بۆ هەمان مەبەست. ڕاستە هەموویان هەمان پەیامیان هەبووە، بەڵام بەشێوەی جیاجیا بۆی چوون .

هەرهەموو ئەندامانی بەڵشەڤیک و چەپەکان پەیامی ئێگەلیتاریاییان هەبوو.
ئێگەلیتاریا مانای چیە؟
واتە : مافی یەکسانی و دادوەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و کوولتووری و نەتەوەیی ئابووری ئەو پرینسیبانەی کەزۆرینەی شۆڕشی فەڕەنساو ڕۆشنبیرەکانی سەدەکانی پێشوو خەباتیان بۆ دەکرد .

کاتێ ستالین بەیەک واژۆ بڕیاری گووللەبارانکردنی ١،٢٠٠ کەسی داوە بەناوی دژی گەڵەوە لەهەمان کات دا دەیوت من پەیامێکیان بۆ دەهێنمە ئاراوە کەهەموویان بەختەوەر بن تێیدا، ئەی باشە بۆ هێندە دژی من و گەڵ و دەوڵەتن؟ بەهەموو قەناعەتێکیەوە پێیوابوو ئەوەی لەدژی ئەو وەستابێ ئەوا لەدژی ڕەوتی بنیات نانی سۆشیالیزم وەستاوەو پێویستە لەناوببرێ، چونکە ڕێگرن لەپێشکەوتن .
زۆرینەی بێ جیاکاری هەرهەموویان درێغیان نەکردووە لە کوشتنی نەیارەکانیان ئەگەر بهاتنایە سەر ڕێگایان . زۆرینەیان پاشینەیەکی ئایینیان هەیە و لە قووتابخانەی ئایین پەروەردە بوون یان کارەساتێک لەژیانی منداڵیان قەوماوەو کاری تێکردوون و ئەو ڕێچکە توندڕەوییەیان هەڵگرتووە .

ترۆتسکی کاتێ منداڵ بووە بردویانەتە قوتابخانەی ئایینی (دیانەتی جولەکە) بۆ ئەوەی ببێتە ڕابای- حاخام. بێگومان بوونی وەک جوو کاریگەری هەبووە کاری تێکردووە لەنەتەوەیەکی ترەو ڕوس بە چاوێکی تر سەیری دەکا . ترۆتسکی سەیری دەوروبەری خۆی کردووە لە دژایەتی جولەکە ئەوانە هەمووی کاریگەری لەسەر کەسایەتی ئەو دروست کردووە .

میکۆیانی ئەرمەنی کەسێکی نزیکی لێنین و ترۆتسکی بوو، بەڵام پاشان بوو بە پیاوی ستالین. ئەویش لە منداڵیدا لە ئەرمێنیا بەهەمان شێوە خراوەتە بەرخوێندنی ئایینی-مەسیحی

ستالین بەهەمان شێوە خراوەتە بەر خوێندنی ئایینی مەسیحی لە گرووزیاو بڕیار بوو ببێتە قەشە .

چەگەلۆڤ گیۆرگی ئابووریناسی ئۆسێتێنی-قەفقازی دەڵێ :

ترۆتسکی دایکی مرد، نەچوو بۆ ناشتن و سەر گۆڕی تا ئەو ڕۆژەی تیرۆرکرا . لەدوای هاتنی بۆ سەر حوکم تەنان بەرگری لەباوکی نەکرد بیپارێزێ لە دەست چەتەو کەمپینی دژی جوولەکە، لەگەڵ ئەوەش ٢ نەوەی(کچی ترۆتسکی لەژنی یەکەمی) بەسەردا جێهێشتبوو بۆی بەخێوبکا.[152] سەردانی ژنی یەکەمی هەر نەکردەوە یان نامەیەکی بۆ بنووسێ ئەگەر پێویستی بە یارمەتی هەبێ هەرنەبێ خێزانەکەی لەسەر حیزب و سیاست تووشی دوورخراوەیی وماڵوێرانی بوو وە هەر لەوێ جێگیرو چەقبەستوو ماوە .

بەهەمان شێوە ستالین کاتێ لەسەر حوکم بوو دایکی مرد نەچوو بۆ ناشتن و سەر گۆڕەکەی. چەند منداڵێکی لەم و لەوی هەبوو سوراغیانی نەدەکرد چۆن دەژین یان ئەگەر پێویستیان بە یارمەتی و سۆزی باوکایەتی هەبێ؟ واتە لەزۆر خاڵ هەر هەموویان یەک دەگرنەوە هەڤالانی بارگران، چونکە پێیان وابوو خەڵک و کۆمەڵگاو

---

152 - http://www .lgz .ru/author/tsagolov-georgiy/

تاکی خێزانەکانیان هەر هەموویان بۆ ئەوان قوربانی بدەن، چونکە پەیامێکی مرۆییان هەڵگرتووە بۆ خۆشگووزەرانی سەرتاپای جیهان .

لێنین لە تەمەنێکی منداڵی بووە کاتی بینیویەتی برا گەورەکەی سزای هەڵواسینی بۆ دەرچووە لەلایەن قەیسەرەوە، ئیدی لێی بوو بە عقدەی نەفسی و تا دوا تەمەنی، هەر لە منداڵییەوە خەسڵەت و ڕک و کینەی ترکی ئاسیاوی لە دەروونیدا چەسپیوە بەرامبەر بە قەیسەر تاکاتی ڕوخانی قەیسەر .
ستالین بەسەر باڵی چەپی ناو بەڵشەڤیکدا سەرکەوت، کە نوێنەریان کەسێکی جەربەزەو چاو نەترسبووە، شۆڕشگێری وەک ترۆتسکی بوو. ناواقیع بینانە و ئایدیالیستیانەی ترۆتسکی باوەڕبوونی بە" شۆڕشی بەردەوام " بۆ سەرتاپای جیهان و هەناردەکردنی لەو حاڵەتەی کە ڕوسیا هێشتا لەناو جەنگی جیهانی دەرنەچووە شەڕی ناوخۆیی کەچی ئەو پەڕی هێز بەکار دەهێنێ. قات و قڕی و برسیەتی و لەهەمان کات دا دەیانەوێ سیستەمێک بنیات بنێن کە هێشتا ئامادەباشی بۆ نەکراوە. میللەت هەمووی دەناڵێنێ بە دەست برسیەتی و کوێرەوەری و نەخوێندەواری و نەخۆشی تاعونیش بەدوایدا لەچەند ناوچەیەک سەری هەڵدابوو، زۆرینەی میللەت هێشتا باوەڕیان بە ئایین و قەیسەرەو ئەو هێشتا هەر لەشوێنی اللەیە لەسەر زەمین، کەچی پەیامی ترۆتسکی لەو دیوی سنوورەو دوور دەڕوانێ .

کەچی ستالین زیاتر خۆی بە میانڕەو نیشان دەداو و هەمان بیروڕای بوخارینی هەبوو درحەق بە دروستکردنی سۆشیالیزم لەیەک دەوڵەتدا بنیات بنرێ و دەبێ دەست پێبکرێ، پاشان هاوکاری دەوڵەتانی تر بکرێ بۆ هەمان پەیام .

واتە لێنین لەوە گەیشتبوو لەناو هەموو ئەندامەکانی بەلْشەڤیک بۆ ڕابەرایەتی بۆ ئەو قۆناغە لە ستالین کەسێکی دی لێهاتووتر نیە. هەرچەندە لەدوا ساتەکان لێنین بیروڕای خۆی گۆڕی لەسەری، کاتێ ستالین بوو بەبەرپرسی کۆمیتەی میللی بۆ کاروباری نەتەوەکان لەلایەن لیژنەی مەرکەزی حیزبەوە مامەلْەی لەگەلْ هاو نەتەوە و میللەتانی قەفقاز زۆر خراپ بوو لەکاتی ڕاپەڕینیاندا لەدژی ڕژێمی بەلْشەڤیک و داوای جیابوونەوەیان دەکرد لە ڕوسیا . ستالین و ئەرجەنیکیزدێ زۆر بەشێوەیەکی زالْمانە مامەلْەیان کرد لەگەلْ جیاخوازو حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی قەفقاز و گرووزیا، هەربۆیە لێنین ڕەخنەی توندی لەستالین گرت کە کەسێکی توندڕەوی سەرسەختە . یان کاتێ بینی لە سەروی قەفقاز چەند بە نامرۆڤانە مامەلْە دەکا لەگەلْ جوتیاران بە زۆر گەنم و جۆیان لێ دەسەنێ و بەزەبری چەک و کوشتن و داپلۆسین سیاسەتی کەلْخۆز پەیڕەو دەکا.

لێنین دلْگران بوو لە ستالین کاتێ ڕایسپارد بچێ بۆ هاوکاری ترۆتسکی لە ڕاونانی سووپای پۆلْۆنیا ئازادیخوازەکان کە یارمەتی سووپای سپیان دەدا . ترۆتسکی سووپای سووری بەرەو پۆلْۆنیا بردو نزیک پایتەختی پۆلْۆنیا- وارشۆ ببۆوەو کە دەبوایە لەوحالْەتە ئاوا ڕێککەوتبوون کە ستالین'ش هێزەکەی لە باشورەوە بەرەو شاری لڤۆڤ بەرێت و پاشان بەرەو باکور بچێ و بۆ یارمەتی ترۆتسکی و بەیەک بگەن و لەوێوەش هێرش بکرێتە سەر وارشۆو داگیری بکەن. کەچی ستالین شەڕی نەکردو لەشاری لڤۆڤ لێی وەستا . یەکسەر گەڕاوە مۆسکۆ و ڕایگەیان کە سەرکەوتووی بەدەست هێناوەو ئەو توانی سەربکەوێ بەسەر سووپای سپیدا . بەلاْم کاتێ ترۆتسکی گەڕاوەو ژەنەڕالْەکانی

ترۆتسکی ئەو ڕاستیانەی بۆ لێنین باس کرد، ئیدی لێنین تەواو بیروڕای گۆڕی لەسەر ستالین و زۆر بە توندی ڕەخنەی لێگرت .

دوو هەفتەی بەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر دانەچوو بوو بەڵشەڤیەکان تازە بەتازە بیریان کردەوە چۆن حوکومەت پێکبهێنن و چی بکەن؟

لێنین و ئەندامەکان وتیان باشە وا کودەتامان کرد پاشان چی؟ ئێستا چۆن دەوڵەت بەڕێوە ببەین؟ هەروەک هەمووتان دەزانن یەک ئەندام لەدەستی سەرۆکایەتی ئەزموونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی نەبووە. هیچ کامیان لە وەزارەتێکی قەیسەر یان حوکومەتی کاتی وەزیر نەبووە تاوەکوو بزانێ وەزارەت چۆن بەڕێوە دەچێ واتە وەزعێکی ئاوایان خوڵقاند بۆ ماوەیەک دەوڵەت بێ سەروبەر بوو، ترسی دەرەکی و ئەڵمان زۆر بەئاسانی دەیتوانی نەک سنوور ببەزێنێ بەڵکو پێترۆگراد و ئۆکرانیا بگرێ، چونکە هێشتا سووپایان دروست نەکردبوو. سووپای بەڵشەڤیک بریتی بوون تەنها لە کەسانی خۆبەخشی چەک هەڵگری حیزبی بەڵشەڤیک. ئەو سەربازانەی کە سەر بەهیچ لایەک نەبوون مەیدانی جەنگیان بەجێ هێشت و گەڕانەوە ماڵ و حاڵی خۆیان و شەڕیش هەربەردەوامە، لەگەڵ ئەوەشدا لێنین داوای ئاشتی دەکرد، بەڵام هێشتا هیچ ڕێکەوتنێک نەکرابوو لەگەڵ ئەڵمان .

هەروەک لەسەرەوە باسمکرد پاش شۆڕشەکە بەچەند هەفتەیەک لە خۆشی و هەڵپەڕکێ تەواو بوون، ئیدی تێگەیشتن تازە ئەوان( بەڵشەڤیەکان ) دەستیان بەسەر حوکومەت و ڕژێم داگرتووە دەبێ حوکومەت پێکبهێنن. چۆن پێکی بهێنن کێ لە کوێ دابنێنین تا ئەو کاتە هیچ بڕیارێکی پێشوەخت نەدرابوو .

لێنین بە ترۆتسکی وت : تۆ پلانی شۆڕش و سەرکردەی ئەو ڕاپەڕینە بوویت، مادام وایە حوکومەت پێک بهێنە. وەڵامی ترۆتسکی : **تۆ ڕابەڕی شۆڕشیت تۆ پێکی بهێنە!. من جولەکەم و پێم باش نیە من سەرۆکی حوکومەت بم، یان ببم بە وەزیری ناوخۆ.**

لێنین بەو وڵامە زۆر قەڵس بوو، وتی : **پێویستناکا گوێ لە گەمژەکان بگریت !ترۆتسکی وتی، نەخێر پێویستە حساب بۆ گەمژەکان بکرێ .**

سڤێردلۆڤ بەقسە هات کە ئەوکات( ئەمینداری گشتی لیژنەی مەرکەزی و سەرۆکی لیژنەی تەنفیزی گشتی بوو بۆ هەموو ڕوسیا) وتی مادام وایە باشترە ترۆتسکی بکەین بە وەزیری کاروباری دەرەوە. بۆ ماوەیەک بەوکارە هەڵساو پاشان وازی لێهێنا لەبەر ئەو هۆیانەی لە سەرەتای ژیاننامەی ترۆتسکی'دا باسم کردووە. سڤێردلۆڤ دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر حیزبەوە هەبوو کێ بهێنێتە ناو حیزب، کێ بەرزبکاتەوە، کێ لەکام شوێن دابنێ و کاروباری ناوەخۆیی لەژێر دەستی ئەو بوو. واتە سەرەتا ترۆتسکی وەک وەزیری دەرەوە ڕوسیای بەڵشەڤیک کاری کرد. بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕووی تاکتیکی سیاسیەوە نەرم و نیان و کەڵەکەباز نەبوو وەک لێنین یاری بەکات کات بکات، بەڵکو کەسێکی ڕەق و توندڕەو بوو. درووشمی ترۆتسکی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئەڵمان :

***"نە شەڕ نە ئاشتی"***

بەڵام لێنین پێی وابوو کێشە نیە ئەگەر بۆ ئەڵمان سەر دابنوێنین و هەندێک خاک داگیربکاو باجی شەڕەکەی بۆ بژمێرین تاوەکوو ئێمە سووپا دروست دەکەین و دێینەوە سەر قاچ. واتە سیاسەتی لێنین سەرکەوتووتر بوو وەک لە توندڕەوی ترۆتسکی.

بەڵام پارڤووس پێیوابوو: بەڵشەڤیەکان دانیان بە شکستی خۆیان نەدەهێنا لەو شەڕەی ئەڵمان،زۆر بەشێوەیەکی مۆڕاڵی ترسنۆکانە و گەوجانەی سیاسیانە هەڵوێستی

خۆیان ڕاگەیاند لە میدیاکان کە ئێمەی بەڵشەڤیک" ئێمە نە ئاشتی واژۆ دەکەین و نە بەردەوامی شەڕیش دەبین" ئەگەر بەزمانی سەربازی لێکی بدەینەوە واتە" حەزمان لێبوو شەڕەکە بەردەوام بێ، بەڵام لە توانامان‌دا نیە". ئەو شێوە سیاسەتەی بەڵشەڤیک وای لێکردن ئەڵمان گورزێکی چاکیان لێی بوەشێنێ و شکستیان پێ بهێنێ لەو شەرەو جارێکی تر چاو بەو ڕێککەوتنەی نێوانیان دابخشێننەوە، بێگومان بەقازانجی ئەڵمان تەواو بوو.[153]

هەمیشە ستالین جەماعەتی أشهدو باللە هەبوو، هەرچی لێنین پێشنیاری بکردایە ئەو دەستی بەرزدەکردەوەو لە جەماعەتی دەست بەرزکردنەوەکان بوو. هەربۆیە ترۆتسکی زوو وازی لەو وەزارەت و ڕێککەوتنەی نێوان ڕوسیاو ئەڵمانیا هێناو داوای دروست کردنی سووپای کرد وەک وەزیری بەرگری وشکانی و ئاوی دەست بەکاربێ.

ترۆتسکی کەسێکی سەربازی نەبووەو هیچ زانستێکی سەربازی نەبووە، بەڵام زیرەکایەتی ترۆتسکی لەوەد بوو سوودی لە ئەفسەرانی قەیسەر وەرگرت و هەربۆیە ڕاوێژی پێدەکردن، بەڵکو دەیوت ئێوە سەربازن ئێوە پێم بڵێن چی بکەم. تەنانەت لە ٨٠٪ ئەفسەران و ژەنەراڵ و بەرپرسەکانی سووپای سوور لە ئەفسەرانی کۆن و قەیسەرییەکان بوون و ڕێزێکی تایبەتی لێدەگرتن و ڕاوێژی پێدەکردن. هەربۆیە زۆرێک لەو ژەنەڕالانەی کۆن هاتنە ناو ڕیزی سووپای سوور .

جیاوازی ترۆتسکی نەرم و نیانی نواند بەرامبەر بە ئەفسەرانی کۆن، کەچی ستالین حەزی دەکرد کوێربێت بەس ئەفسەران و مارشاڵ و دەزگای کۆنی قەیسەی نەبینێ .

---

153 ـ پارڤووس:-" لە تێکۆشێنەوە بۆ ڕاستی". لاپەڕە- ٣٠

*ئایا ستالین یان ترۆتسکی شیاوتر بوو لەدوای لێنین؟*

وتەیەکی نەستەقی ستالین هەیە کە پڕە لە لێبوردەیی و ویژدان

ستالین دەڵێ :

**" مەسەلەی لێخۆش بوون لە دووژمنەکانمان هەیەو دەکرێ، بەڵام مەسەلەیەکی ئاوها نیە تا لە هاوڕێکانمان خۆش بین"**

مەبەستی لەوەیە دوژمن دوژمنەو بۆ ئەوەی بیهێنیتە سەر خەت و بیبەخشیت دەبێ چاوپۆشی لە کارە بەدفەڕەکانی بکەیت کە لەدژی تۆ کردوویەتی، بەڵام ئەگەر دۆستەکەت هەمان کاری بەدفەڕی لەگەڵ تۆ بکا، ئەوا ئیدی هیچ شتێک نیە بەناوی لێبوردەیی و لێخۆش بوونەوە !

ڕێک عەقڵیەتی شەرقی قەفقازی تێکەڵ بە بیرۆکەیەکی توندڕەوی چەپی خوێناوی و فەناتیکیە. دونیا تەنها لە دیوێکەوە دەبینێ و دەیسەپێنێ بەسەر کۆمەڵگای ڕوسیا.

هەندێک ڕوونکردنەوەم دا بۆ کەسایەتی و نەرمی و توندڕەوی هەردووکیان بۆ مەسەلەی جیاواز. لەحاڵەتی جیاواز هەردووکیان جیاواز هەڵوێستیان هەبووە لە نەرمی و توندڕەوی پێچەوانەی یەکتر،

هەرچەندە هەردووکیان سەر بەیەک قووتابخانەی فکری بوون لەگەڵ ئەوەش تاکتیک و ستراتیژیەتیان جیاواز بووە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دوژمنی ناوخۆیی و دەرەکی .

مەرجە ئەو کەسەی دەوڵەت بەڕێوە ببا، کەسێکی زیرەک و لێهاتوو بە ئەزموون و خۆشەویست و گوێڕایەڵی بیروبۆچوونی جیاوازبێ و ڕەخنەی بنیات نەر قبوول بکا .

بەڵام نەک هەردووکیان، بەڵکو لە ئەدەبیاتی ڕەخنەی مێژووی بەلشەفیک بە لێنین و

ستالین و ترۆتسکی دەڵێن "سێ کوچکە" هەر سێ کوچکەکە کەسانێ بوون بەرگەی ڕەخنەو گوێڕایەڵی ڕەخنەو سەرنج و بۆچوونیان نەدەگرت، بەڵکو کەسانی دیکتاتۆری کەللەڕەقی سەرکێشی جەرەزچی بوون. کەسانی نەرم و میانڕەوی تر هەبوون لە ناو دەستەی سەرکردایەتی و حیزب، بەڵام دیسان بۆ ئەو قۆناغە دەستیان نەدەدا، هەربۆیە توندڕەوێکی زاڵمی و وەک ستالین شیاوترینیان بوو .

ستالین هەروەک هەڤاڵانی بارگرانی ناو حیزب دەستی لە تیرۆری سوور هەبووە. بەتاوانباری پلە یەک لە قەڵەم دەدرێ لە تیرۆری مەزنی ١٩٣٥-١٩٣٨ .

کۆی قوربانیانی تیرۆرو تیرۆری مەزن و سیاسەتی سەقەتی کۆلیکتیڤەیشنی کەڵخۆز و سەڤخۆز و زۆرەملێی زەوت کردنی موڵک و ماڵ و زەوی و بەرهەمی جوتیاران و شەڕی ناوخۆیی و برسیەتی و قات و قڕی و نەخۆشی تاعون دزین و تاڵان و ڕێگری و ڕاوو ڕووت و تاوان، تا ئەو ڕۆژەی ستالین مرد ١٩١٧-١٩٥٣ مێژوونووسان کۆکن لەسەر ئەوەی٢٠ ملیۆن لە دانیشتوان بوون بە قوربانی .

بێگومان زۆربەی مێژوونووسان لەگەڵ ئەو بڕوایەن کە ئەگەر ترۆتسکی لە سەر حوکم بوایە قوربانیەکان کەمتر دەبوون. هەرنەبێ تیرۆری مەزنی ١٩٣٥-١٩٣٨ی نە دەکرد وەک ستالین بۆ پاکتاوی ناو حیزب و هاوڕێکانیشی لەناو ببا . بەڵام ستالین ٥ ملیۆن لەنەیارەکانی ناو حیزب و دەرەوی حیزبی کوشت بە بڕوبیانووی جیاوازەوە .

بەڵام من پێم وانیە سیاسەتی دەرەوەی ترۆتسکی لە هی ستالین باشتر بوایە، بەتایبەتی لە سەردەمی هیتلەر. من پێم وانیە بەهیچ شێوەیەک هیتلەر لەگەڵ کەسێکی جولەکەی وەک ترۆتسکی ڕێک بکەوتایە، کە لە هەمان کاتدا ئەگەر تیرۆری ستالین نەبوایە ئەوا زۆرینەی ئەندامەکانی ناو بەڵشەڤیک هەر ئاوا بە زۆرینەی

جولەکە دەمانەوە. بەڵام ستالین لە ساڵانی تیرۆری مەزن جولەکەی ناو حیزب و دەرەوی حیزبی قڕ کردەوە، پێش ئەوەی هیتلەر قڕیان بکات .

پێم وابێ سیاسەتی هاوپەیمانان کەمتر هاوکاری ترۆتسکیان دەکرد وەک لەوەی هاوکاریان پێشکەشی ستالینیان کرد لەجەنگی دووهەم لە فڕۆکەو ماشین سەربازی و چەک و تەقەمەنی و کەڵ و پەل و خواردن لەڕێگای ئێرانەوەو بۆ کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت و شاری باکۆ .

تەنانەت تا ئەوکاتەی ترۆتسکی لەژیان مابوو تاساڵانی چلەکانیش لە ئەوڕوپا زۆرینەی سیاسەتمەداران و حکومەتەکان لەدژی ترۆتسکی بوون و یەک دەوڵەت قەبووڵی نەدەکرد، چونکە بەتاوانباری یەکەمی شەڕی ناوخۆیی لەقەڵەمیان دەدا لەدژی سووپای سپی و بە تاوانباری سەرەکی بۆ ئەو شۆڕشەی ئۆکتۆبەریان لەقەڵەم دەدا . ترۆتسکی تا ئەو ڕۆژەی تیرۆرکرا لەلایەن ستالین'ەوە هەر لەسەر هەمان عەقیدە و بیروڕای شۆڕشی جیهانی و ئینتەرناسیۆنال مابۆوەو ترسێکی گەورەبوو بۆ ڕۆژئاوا.

واتە ستالین بۆ هاوپەیمانان شیاوتر بوو .

دەرحەق بە ڕوس و عەقڵیەتی ڕوس ستالین شیاوتر بوو سەرەڕای ئەوەی قەفقازی بوو، چونکە زۆرینەی حیزب و چینی ڕەش و ڕووتی بێ سەوادی بێ مەعریفەت کەوتنە دەسەڵات، زۆر چاکتر لە وتارەکانی ستالین تێدەگەیشتن و بەزمانی ئەوان قسەی دەکرد لە سادەیی و نەرمترو بێهات و هاوارتربوو .

بەڵام ترۆتسکی خۆشەویست نەبوو لەناو حیزب و هەمیشە لەناو بەڵشەڤیەکان بە مێنشەڤیک لەقەڵەمیان دەدا، چونکە کاتی خۆی لە مێنشەڤیکەوە ببوو بە بەڵشەڤیک.

ڕاستە لەناو سووپا جەماوەری هەبوو، بەڵام فەلەک هەمیشە لەگەڵ دەسەڵاتی

زۆرینەو حاکمە. واتە هەر کە لە حیزب دەرکرا ئیدی جەماوەری ڕەش و ڕووت لەکوێوە دەنگ و هات و هاوار هەبێ ئیدی ئەوان بەلای ئەو دەیشکێننەوە .

دۆستی دوێنێ بوون بە دوژمنی ئەمڕۆی ترۆتسکی، کێ کردی و کێ خواردی .

پێویستە ڕاستیەکیش بڵێم دەربارەی دەستپاکی سەرانی پلە بەرزی حیزبی بەلْشەفیک ،کە تاوەکوو دوای خرۆشۆف یەک گەندەڵی تۆمارنەکراوە لەسەر هیچ کەسێ، ئەگەر موڵک و ماڵ و حاڵ و پارەیان بەجێ هێشتبێ بۆ نەوەکانیان یان لە ڕێگای حسابی بانقیاندا پارە هەبووبێت. نەخێر کەسانی دەست پاکبوون بەهەموو مانایەکەوە .

لەگەڵ هەموو زوڵم و زۆرداری و ناحەقی بەلْشەڤیەکان بەرامبەر بەهاونیشتمانیانی خۆیان کە چەند خراپ بوون، بەڵام دیسان نیشتمانی خۆیان تا سەر ئێسقان خۆش ویستووەو سەرانی حیزب بەهیچ شێوەیەک خیانەتیان لە وڵات و نیشتمانی خۆیان نەکردووەو نەیانفرۆشتووە بە بێگانە. هەرچەندە دەنگۆی هێندێک دۆکومێنت لەسەر حیزبی بەلْشەڤیکی لێنین هەیە بەناڕاستەوخۆ پارەی لەئەڵمان وەرگرتووە، بەڵام حیزب خۆی لێ بێبەری دەکا.

هەرچەندە ستالین دەستی تاوانی بۆ نەیارەکانی خۆی درێژکردووەو بڕوبیانووی پێگرتوون بۆ ئەوەی لە هاوڕێکانی ڕزگاری بێ و خۆی حوکمی و بکا، بەڵام لەڕاستیدا هیچ کامێکیان خیانەتی نیشتمانیان نەکردووە، ئەمە دەڵێم بۆ مێژوو و ناحەقی دەکەم ئەگەر تاوانیان بخەمە ژێر پاڵیانەوە .

## هێندێک گرتە ڤیدیۆ و تێلێگرامی لێنین بە ژێرنووسی کوردی-سۆرانی کراوە لەلایەن نیازی موستافاوە .

باس لە تاوانەکانی تیرۆری سووری حیزبی شیویعی سۆڤیەت دەکا بەرامبەر بە جوتیاران و خەڵکی بێ تاوانی وڵات.[154]

لەم گرتە ڤیدیۆیەی خوارەوە ستالین دانی پێدادەنێ کە ١٠ ملیۆن کەس بوونە قوربانی سیاسەتی دژە کولاک و بردنی بە زۆرە ملێی جوتیاران بۆ کاری هەرەوەزی بەرهەم هێنان .[155]

تێلێگرامەکانی لێنین لەم ڤیدیۆیەی یوتوب بڵاوکراوەتەوە لەلایەن ڕوسیاوە خراوەتە بەر دەست مێژوونووسان. دەقی تێکستی ئەو ڤیدیۆیە بۆ ئێوەی خوێنەرم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی .[156]

"لێنین

لە سویسراوە ساڵی ١٩٠٥

بانگەوازی گەنج و لاوانی پێترۆگرادی کرد تیزاب و ترشی ئەسید بڕژێنن بەسەر پۆلیس

---

154 - https://agitpolk.ru/919-ilja-belous-red-and-white-terror/

155 - https ://www .youtube .com/watch?v=Wv6l4-nzGvc&feature=share

156 - https ://www .youtube .com/watch?v=hALMmrCCo6Y&feature=share

له قەرەباڵغیدا له شوێنی بەرزی (باڵەخانەوە) ئاوی گەرم بڕژێنن بەسەر سەربازەکاندا.

بزمار بچەقێنن بۆ ئەوەی ئەسپەکانیان ئەشکەنجە بکێشن .

بۆمبای دەست( مەبەستی نارنجۆکە) فڕێ بدەن بۆ سەر جادەکان .

کاتێ لێنین لەسەرووی دەسەڵات بوو فەرمان و سزاکانی هەموو وڵاتی گرتەوە فەرمانێکی نارد بۆ خواروی نۆڤۆگۆڕەد ناوەرۆکی ئەو کاغەزە ئەمەی خوارەوەیە :

تۆقاندنی( تیرۆرکردنی) جەماوەر بە گووللە باران کردن و ڕاکێشانی

بە سەدان لەو قەحپانەی لەگەڵ سەربازەکان خەوتوون کۆنە ئەفسەرەکان( ڕژێمی پێشوو)

بۆ یەک خولەکیش دوانەکەون لەم بڕیارە دەبا بزانین سزاکەی لێنین بۆ شاری سەراتۆڤ چی بوو .

گووللەبارانکردنی پیلانگێڕەکان و دوو دڵەکان و ئەوانەی دوو دڵ بوو لەڕووی بیروباوەڕەوە،متردد) .

یەک و دووی لێ مەکەن و بێ لێپرسینەوە ئەو گەمژانە بەرەڵا نەکەن .

**تێلیگرامی دووهەمی لێنین**

لەنامەیەکی لێنین داهاتووە

لەناو ئەو دۆکومێنتە ترسناکانەی لێنین، بڕیاری لەناوبردنی هاوڵاتیانی خۆی داوە، بۆ نموونە سووتاندنی عەمبارەکان، هەموو بارمتەکان لەپشتی بەرەی جەنگەوە بۆ بەرەی پێش جەنگ وەک قەڵغان لەپێشی ئێوە بوەستن بۆ خۆپاراستن لەکاتی هێرشەکانتان بۆ سەر دوژمن .

لەپشتەوە گوولـلەبارانیان بکەن .

مل پەڕێنە سوورەکان بنێرن بۆ ئەو ناوچانەی کە هێزی زیلیۆنی لێیە بۆ ئەوەی خەڵک وا بزانێ ئێوە لە زلیۆنەکانن لەسەر ئەوان حساب بکرێن پاش ئەوەی شەلاتیەکانمان هەڵدەستن بە هەڵواسینی بەرپرسە دەوڵەمەندەکان قەشەکان، ئاغاو خاوەن زەوییەکان بۆ هەر کووشتنێک بڕی ١٠٠هەزار ڕۆبلیان پێی بدەن .

بێگومان ئەوپارەیە لەپاداشی کاری هەڵواسینە و خەڵاتی منە بۆیان .

**ئەی بۆ قەفقاز بە بەردەوامی بروسکەی دەنارد بەم ناوەرۆکە :**

پارچەپارچەکردنی(مەبەستی لەوەیە بەچەقوو پارچە پارچەیان بکەن و سەریان ببڕن) .

هەموویان لەبیرتان بێ هەروەک ترۆتسکی و سڤێردلۆڤ کردیان لە دژی کەزاکە ڕووسەکان( سووپای قەیسەری بوون- لەشێوەی سوارەی حەمیدیەی سوڵتانی عوسمانی) لێنین ئەوکاتە لە وڵات بوو .

**ئێستا بروسکەیەکی فەرمی لێنین دۆزراوەتەوە کە ناردوویەتی بۆ فرونزێ بۆ کۆمەڵ کووژی کەزاکەکان** *وە* **ئەمەش نامەیەکی تری بەناوبانگی ڕابەرە بۆ دێرژینسکی**

لە ١٩ی دیسامبەری ١٩١٩ باسی بە دیل گرتنی ئەو نیوملیۆن کەزاک دەکا کە فەرمانی لێنین گوللەباران کردنی دانە بەدانەیان کراوە.

**نامەیەکی لێنین بۆ ستالین**

هەڕەشەی کوشتن لەو فاسقانە بکە کە پەیوەندی تەلەفۆنی نێوان من و تۆ دروست دەکەن و بەکاری خۆیان هەڵناستن کەمتەرخەمن و هێواشن لە کارەکانیانن. بۆ نموونە

له ۱۱ی مانگی هەشتی ساڵی ۱۹۱۸ فەرمانی بە بەڵشەڤیەکانی ناوچەی پێنزە دا ( هەروەک لە پێشوو باسی کەسایەتی ئێڤگێنیا ماش بووشم کرد لە شاری پێنزە بەفەرمانی لێنین)

هەڵیان بواسن بەهەموو مانایەک هەڵیانبواسن بۆ ئەوەی ببێتە عیبرەت بۆ هەموو خەڵک بیانبینێ کە بەلایەنی کەمەوە ۱۰۰ لەو جوتیارانە هەڵبواسن بۆ ئەنجامدانی ئەوکارەیەش بە کەسانی شارەزا بسپێرن

لە کۆتایی ساڵی ۱۹۱۷کاتێ لێنین سەرۆکایەتی حوکومەتی کرد پێشنیاری کرد لە هەر ۱۰ مشەخۆرێک یەکێکیان گوولەباران بکرێ لەکاتێکدا کە بێکاری سەرتاپای وڵاتی گرتبووەوە

لێنین چاوی بەرایی ئایینی نەبوو. بەتایبەتی مەزهەبی پراڤۆسلاڤی ڕوسی( کڵێسای شەرقی) .

لە ڕۆژی یادکردنەوەی نیکۆڵای چیتۆدڤۆرچە ئەو ڕۆژە کەدەکاتە دێسەمبەری ۱۹ وەک جەژن بووە و نەدەبوایە کەس کار بکا بەڵام لێنین بڕیاری دا لە ۲۵ی دیسەمبەری ۱۹۱۹ تەنانەت ئەگەر ئەو ڕۆژە بکەوێتە شەمەش هەر دەبێ هەموو کەس کار بکا وە هەر کەسێ گوێڕایەڵی ئەو فەرمانە نەبێ دەبێ سزای گوولە بارانی بەسەر بسەپێنرێ بۆ هەر کەسێ لە سەر کار بەدیار نەکەوێت .

خەڵکانێکی کەم دەزانن دەربارەی ئەو دۆکۆمێنتەی لە ۱ ئایاری ساڵی ۱۹۱۹ی نارد بۆ دێرژینسکی لە دۆکۆمێنتی ژمارە ۱۳٦ ٦٦۲ هاتووە و دەڵێ، بەزووترین کات کێشەی قەشەکانی ئایین تەواو بکەیت قەشەکان دەستبەسەر بکە وەک دژە شۆڕش و

ئاژاوەچی،

بێ ڕەحمانە گوللەبارانیان بکەن لەهەموو شوێنێک، تا پێتان دەکرێ زیاتر بکەن و دەبێ کلێساکان دابخرێن، کلێساو شوێنی پەرستگاکان مۆریان لێبدرێ و بکرێنە شوێنی عەممبار (مستودعات) ."[157]

ئەوەی زمانی ڕوسی بزانێ و گوێ بگرێ لەم گرتە ڤیدیۆیە دەزانێ چ باسە،بەڵام دیسان لێرە دەقی ئەو قسانە بۆ ئێوەی خوێنەر وەرمگێڕاوە بۆئەوەی تێبگەن چ باسە، ئەوکاتە دەزانێ قسەکردنی ئەو حاکمە- یاسازانە- بەڵشەڤیکیە سۆڤیەتە بەناوی ڤیشینسکی لەزەمانی ستالین چەند دەم پیسەو وشەی ناشیرین بەکاردەهێنی دەرحەق بە هەڤاڵانی دوێنێ خۆی و کە ئەمڕۆ بەتاوانباریان دادەنێ .

بێ ڕێزی کردن بەرامبەر بە هەڤاڵانی بارگرانی خۆی کە ئیمڕۆ پێان دەکا لەکاتی دادگایی کردنیان، ئەو وشە ناشیرنانەیان پێ دەڵێ هەتاوەکوو دوێنێ لەسەر هەمان مێز پێکەوە کاری حیزبیان کردووە. تاوەکوو دوێنێ پێکەوە پیلانی ئینقلاب و هاتنە سەر حوکمیان داڕشتبوو، بە هاوڕێ هاوڕێ بانگی یەکتریان دەکردو دڵسۆزی یەکترو گەڵ و حیزب بوون کەچی ئەمڕۆ ئەو هاوڕێیانە بوون بە :

بە گرۆپێکی عەسابەی نا سیاسی و تاوانبار ناو دەبا . بە تاوانباری خۆفرۆشی کاری سیخوی ناویان دەبات، کە جینایەتکارن. مەکروهترین کەسی سەرلێشێواون. دەستەی ترۆتسکی بریتیە لە ڕێکخراوێکی سیخوڕی. زیان بەخشی تێکدەری بکوژی سیاسین. ئەو

157 ـهەمان ڤیدیۆ وەک سەرچاوەی بەڵگە پێکراوی ئەرشیڤی ڕوسیای فیدێڕال

دەستەیە خۆفرۆشی نیشتمانن بۆ دوژمنان. ئەو دەستەیە هیچ بیرو ئایدیالۆژیاو ڕووحانیەتێکیان نیە. ئەو دەستەیە دەمێکە پەرتوبڵاوبوونەتەوە و بوون و کارە سیخوڕی قێزەنەکەیان لەناوچووە .

لە چەند ڤیدیۆیەکی تری ڤیشینسکی هەڤاڵانی بارگرانەکانی دوێنێ و کە ئیمڕۆ وەک تاوانبار و چەتە و عەصابەو پیلانگێرو مشەخۆر و ئاژاوەگێڕ و تیرۆڕیست و بکوژی لێنین و کیرۆڤ و مەکسیم گۆرکی وە هەوڵی تێڕۆرکردنی و ئینقلابکردن بەسەر هاوڕێ ستالینیان دادەنێ .
ئەو دەستەواژەو ناو ناتۆرانەی حاکم بەناوی (ڤیشینسکی) بۆ دەستەی ترۆتسیکەکان کە پێی تاوانباردەکا بریتین لەم کەسایەتییانە :

بوخارین و کامینییێڤ و زینۆڤییێڤ و ڕیتوتین و کریلێنکۆ زۆری تر کەزیاد لە ١٠٠ هەزار کەسی پێ تاوانبارکرا.

ئا لەم ڤیدیۆیە ئاستی کوولتوورو پایەی ڕۆشنبیری ئەو حیزبەت بۆ دەردەکەوێ کەچۆن دەوڵەتیان بەڕێوە بردووە .

ڤیشینسکی حاکم و قازی و یاسازانی بەڵشەڤیک پاشان بوو بە وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت، واتە نموونەی وێنەی سۆڤیەت لە دەرەوەی وڵات و قسەکەرو نوێنەری حوکومەتی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبوونەوە جیهانیەکان کاریان

کردووه. ڤیشینسکی بکوژێکی بڕیاردەرو دەم پیس و کیناویی و جەللادێک بوو ستالین کردی بە نوێنەری گەلەکەکەی لە دەرەوەی وڵات .

هەندێک بەسەرهاتی وەک نووکتە لەسەر ئەو قازییە هەیە لەهێندێک کۆبوونەوە و ئامادەبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان بەجۆرێکە جێگای مەهزەلەو پێکەنین و خەفەتە چۆن ئەو دڕندانە دەوڵەتیان بەڕێوە بردووە، ئەگەر ئا ئەمە ئاستی ڕۆشنبیری و یاسازان بووبێ دەبێ چۆن بێت! مەگەر لە بۆنەیەک دا پۆستی بکەم .
تاوەکوو دوێنێ هەر هەموویان پێکەوە خەباتیان کردووە کەچی ئیمڕۆ بەیەکتر دەڵێن تۆ خائینیت خۆفرۆشیت چەتەو چەقۆکێشیت .

هەربۆیە جەماعەتی قەیسەرو سووپای سپی و هێزی ئۆپۆزیسیۆنی دژی بەڵشەڤیەکان بە کادیرانی کۆمۆنیستی بەڵشەڤیەکانیان دەوت : جەماعەتێکی چەتەو چەقوکێش و بەڕەڵلا دەستیان بەسەر حوکمی ڕوسیا گرتووەو هیچیان کەسانی بە شەخسیەت و ئاست بەرزی بەگزادە نین. لینکی ئەو گرتە ڤیدیۆیە لێرە کلیک بکە .[158]

لەم گرتە ڤیدیۆ کورتەی خوارەوە ئەنەستاس میکۆیان( ئەرمەنی بەنەتەوە) کەسی سێهەم لەسەردەمی ستالین، بەتایبەتی لە سەردەمی تیرۆری مەزن

158 - https ://www .facebook .com/NeazyAsma/videos/1468097473322750/

لە ٢٠ هەمینساڵیادی دامەزراندنی دەزگای داپڵۆسینی سیخوری و پاراستن و هەواڵگری " ئۆگێ پێ ئووی ئێنکەڤێ دێ" لەساڵی ١٩٣٠.

میکۆیان بە شانازییەوە باسی کوڕێکی حیزبی دەکا کە باوکی خۆی بەگرتن داوەو داوای کوشتنی بۆ دەخوازێ لە حیزب سزای باوکی بدا وەک دوژمنی گەڵ و ئیتر لەمەودوا باوکی نیەو بە باوکی خۆی دانانێت، لەبەر ئەوەی باوکی کەلووپەلی بەرهەمهێنانی بێ بەرپرسیارانە بەفیڕۆداوە، بەڵکو تالآنی کردوبێ؟

میکۆیان دەڵێ : " هاوڕێیان ئێمە کەسانی ئاوامان هەیە، ئێمە کەسانی طلائعی ئاوامان هەیە. ئا ئەوەیە هێزو توانا لەناو گەل دا".[159]

خەڵک دەست دەکەن بە چەپڵە ڕێزان و هەموو پێدەکەنن ئینجا یان لە ترسان یان لە گاڵتەجاڕی بەو عەقڵیەتەی حاکمدار کە حوکمیان کردوون. ئا بەم شێوەیە کۆمۆنیستەکان گەنج و لاوەکانیان پەروەردە کردووە بۆ ئەوەی ڕاپۆرت لەسەر باوکیان بنووسن، یان باوک هەبووە ڕاپۆرتی خراپی لەسەر ٢ منداڵە کچ و کوڕەکەی نووسیوەو بە کوشتنی داون، چونکە لەدژی حیزب لەماڵەوە قسەیان کردووە. چەندەها ڕووداوی دڵتەزێن هەن و چیرۆکی مێژووی ڕەشی ئەو حیزب و کادیرە عەوامانە نیشان دەدا . تەنها ٧٤ ساڵ حوکمیان کردووە، ئەگەر بۆ ٧٤ ساڵی تریش ئەو ڕووداو بەسەرهاتانە بگێرینەوە هێشتا تەواو نابێ .

میکۆیان :- کەسێکی کووس کێشی ماستاوچی و دووڕووی خۆفرۆشی خۆپەرست بووە. لەهەموو کەش و هەوایەک خۆی دەگونجاند. لەکاتی لێنین لێنینی بوو، لە سەردەمی

159 - \https://www.youtube.com/watch?v=dqe30iGxbR8

هێز و توانای ترۆتسکی خۆی ئاوا نیشان دەدا کە موعجیبی ترۆتسکی'ەو بەڵام زوو هێزو توانای ستالینی زانی و خۆی دا پاڵ ستالین، بەڵام لەدوای مردنی ستالین بوو بە دژی ستالین و چووە پاڵ خرۆشۆف. بەڵام کاتێ زانی خرۆشۆف بەنیازە دەربکرێ لە حیزب یان خانەنشینی بکەن ئیدی خۆی دا پاڵ کودەتاچیەکان و لەدەستەی پیلانگێری دژی خرۆشۆف بوو، واتە جارێکی تر خۆی دا پاڵ کۆنە ستالینیە مردووەکان. میکۆیان لەسەردەمی برێژنییێڤ جارێکی تریش ژیاوە تا ئەو ڕۆژەی مرد خۆی پاراست لە لەناچوون. خرۆشۆف کاتێ زانی میکۆیان پشتی تێکردووەو سەیرێکی میکۆیانی کرد و گووتی میکۆیان تۆش پشتی منت بەردا، هەروەک پشتی هاوڕێ کۆنەکانی لێنین و هەڤاڵانی خۆت بەرداو بەگرتنت دان؟ دەبوایە تۆم باشتر بناسیایە!.

لەیەکێ لە چاوپێکەوتنەکانی کوڕی میکۆیان باس لەوە دەکا کاتێ ستالین یەکێ لە براکانی واتە کوڕی میکۆیانی گرتووە، ستالین هەر بۆ گاڵتە پێکردن بە میکۆیان دەڵێ: کوا کوڕەکەت؟ ئایا خەبەری دەزانیت لە کوێ یە؟ میکۆیان نقەی لێوە نایە! ستالین دەڵێ حەزدەکەیت بیهێنمەوە بۆ لای تۆ( چونکە دووری خستبووەو بۆ سیبیریا ) ؟ دیسان نقەی لێوە نەهاتووە، چونکە ئەگەر بڵێ : بەڵێ حەزدەکەم کوڕەکەم بۆ بهێنیتەوە لەوانەیە ستالین ڕق بیگرێ و بیکوژێ، هەربۆیە بە پێچەوانە ڕەفتار بکەیت باشترە یان بێدەنگی بنوێنیت باشترو سەرت سەلامەت دەبێ.[160]

هەر لەبەر ئەمەیە، هەموویان یەکتریان باش ناسیوەو مامەڵەی پشیلەو مشکیان بەرامبەر بەیەک. چەتەو چەقۆکێش دەزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن .

---

160 - https://www.youtube.com/watch?v=b_3KJffumrg&t=353s

بەهەمان شێوە ستالین برای کاگانۆڤیتشی( بە نەتەوە جولەکەو دەستی ڕاستی ستالین بوو سەردەمانێک) و کوشتی، کەچی هیچ نقەی لێوە نەهات یان نارەزایی دەربڕێ بەڵکو تاوەکوو مرد هەر پیاوی ستالین بوو لە تاوانەکان. بەگوێرەی هێندێک سەرچاوە دەڵێن کاگانۆڤتیش ٣٠٠ جار زیاتر لە ئەوانی تر ستالینی تر بووە. بەڵام لەدوای مردنی ستالین دەرکرا لە حیزب و تەنانەت هیچ بایەخێکیان پێ نەدا تاوەکوو گۆرباتشۆڤ لە ڕووی مرۆڤایەتیەوە پارەی خانەنشینەکەی بۆ زیاد کردوو و مانگێ جارێ مافی پێدراو بوو سوود لە خەستەخانە تایبەتیەکان وەربگرێ و جار نا جار داوای ماشین بکا بۆ هاتووچۆ، بەڵام بەهیچ شێوەیەک تاوەکوو مرد داواکەی ڕەت کراوە بیگەڕێننەوە ناو حیزب .

## بۆ چی ڕێژەی ڕەگەزی مێینە زیاترە لەنێرینە لە سۆڤیەت و ڕوسیا؟

هەمیشە لە ڕوسیا ڕێژەی ڕەگەزی مێینە زیاتربووە لە نێرینە، هۆکارەکانیش زۆرن لە نێوان سالانی ١٩١٤-١٩١٨ واتە شەڕی جیهانی یەکەم بە هۆی جەنگ و کوژران لەشەڕ و نەخۆشی تاعون و نەخۆشیە ئێپیدێمیەکان و دزین و تاوانی کوشت و بڕیی و ڕاوڕوت کردن و مردن لە برساو سەرماوسۆڵەو کەم بوونی خواردن و برسیەتی کۆی گشتی لەنێوان ٢،٤٨٠-٣،٣٩٤ ملیۆن کەس لەناوچوو دەخەملێندرێ.
لەشەڕی ناوخۆیی نێوان بەڵشەڤیک و سووپای سپی و سەوزو هێزە سەربەخۆییەکانی ترو ئاژاوەی ناوخۆیی بە ١،٧ یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار کەس کوژراو

خەملێندراوە.

وە لەنێوان 1929-1953 زیاتر لە ١٤ ملیۆن کەس ڕەوانەی گولاگ کراون( شوێنێکە لە سیبیریا بۆ زیندانیە سیاسیەکان هەروەک نقرة سلمانی باشووری عێراق بوو). لەناو ئەو ژمارە زۆرەو لەو ماوە زۆرە بە سەدان هەزار لەو زیندانیانە مردن. لەناو ئەوانەش زیاد لە ٧ تا ٨ ملیۆن هەر لەو ناوچەیە بە زۆرەملێ دوورخرانەوەو مافی گەڕانەوەیان بۆ ناو شارستانیەت نەبووەو زۆر لەو دوورخراوانە مردن لەبەر برسیەتی و نەخۆشی و کارپێکردنیان و سووکایەتی پێکردن و کوشتنیان بەکۆمەڵ.

لەنیوان ١٩٣٢-١٩٣٣ برسیەتی هەموو وڵاتی گرتەوە بەهۆی سیاسەتی دژە کوڵاک( لە دژی جوتیارانی خاوەن زەوی و موڵکدار کە بەشێکی زۆریان کاریان دەکرد بۆخۆیان و پاشەکەوتی گەنم و جۆیان هەبوو سەربەخۆ کاریان دەکردو جوتیاری تریان بە کرێ دەگرت) سیاسەتی بەڵشەفیەکان لەدژی جوتیاران بووە هۆی قات و قڕی خواردن و نەمانی کشتوکاڵ و بەرهەم هێنان و سیاسەتی سەقەتی کۆموونەی کەلخۆزو سەفخۆز وڵاتی وێرانکرد کە بووە هۆی مردنی ٦ تا ٨ ملیۆن کەس.

هۆکارەکانی زۆرینەی ڕەگەزی مێینە لە نێرینە لە ڕوسیاو سۆڤیەت چیە؟

لەنێوان ١٩٣٦-١٩٣٧ زیاد لە یەک ملیۆن و نیو بە بڕوبیانووی پاکتاوکردنی حیزب لەدژی نەیارەکان و سیخوڕو بەکرێگیراو و دژە شۆڕش کوژران. لەو ماوە کورتە ڕۆژانە زیاد لە ١٠٠٠ کەس گوللەباران دەکران.

لە نێوان ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٥ شەڕی جیهانی دووهەم بەگوێرەی دوا ئەژمار و لێکۆلینەوەی ئەکادێمیای ڕوسی بۆ زانست نووسراوە ٢٦ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار کەس بووە

بە سەربازی ون بوو و نەخۆشی و برسیەتیەوە.

لەماوەی ساڵانی ١٩٤٦-١٩٤٧ دوای شەڕی جیهانی برسیەتی وڵاتی گرتەوە بەتایبەتی ئەوناچانەی کە شەڕی جیهانی دووهەمی لێکەوتەوە بووە هۆی قات و قڕی نەمانی بەروبوومی کشتوکاڵ و بەرهەم هێنان و بێ پلانی حوکومەت وای کرد ١ تا ١،٥ ملیۆن کەس بمرێ لە برسانا .

## تابوری پێنجەم

بەو ئەڵمانیانە دەگووترا کە نیشتەجێ سەر خاکی ڕوسیاو سۆڤیەت بووبن هەر لە پێش شەڕی جیهانی یەکەمەوە، بەڵام هەمیشە دەسەڵات سەیری ئەو ئەڵمانیانەیان دەکرد وەک سیخوڕو خەت مائیل و کارکردنیان لەگەڵ زێدی خۆیان بۆ ئەڵمانیاو بەدوژمنی میللەتی سۆڤیەت سەیر دەکران. هەربۆیە ستالین هەرچی ئەڵمان هەبوو دووری خستەوە بۆ قازاخستان و سیبیریاو کۆمارە ڕۆژهەڵاتیەکانی وەک قیرغزستان و ئوزبێکستان و تاجێکستان وهتد. پەرت و بڵاوی کردنەوە وە ئەوانەی مانەوە و توانیان ڕابکەن لەدەست ڕکێفی ستالین و حوکمی شوعیەت توانیان خۆیان بگەیەننە ئەڵمانیا و نەمسا بێگومان لەژێر فشاری ڕۆژئاواو ئەمەریکا گەڵێکیان ڕێگەیان پێدرا لە وڵات دەربچن پاش شەڕی جیهانی دووهەم.

ڕاگواستنی ئەڵمانیەکان لە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپاوە بەرەو زێدی خۆیان بۆ ئەڵمان بەگەورەترین پرۆسەی کۆچکردن حساب دەکرێ لەنێوان ٢٠ تا ٣١ ملیۆن کەس لەدوای شەڕی جیهانی دووهەمەوە.

پیرۆسترۆیکا گۆرباتشۆڤ و ئاشکراکردنی تاوانی ستالین و جارێکی تر پێداچوونەوەی

بۆ کراوە. ڕێگەدرا بە لێکۆڵێنەر و توێژەرانی مێژوو سەیری ئەرشیڤی ئێنکەڤێ دێ بکەن( دەزگای پاراستن و دژە سیخوڕو ئاسایش هەروەک میتی تورکی و یتلاعاتی ئێران و کەی جی بی ئێستای ڕوسیا). بەگوێرەی ئەو تاوانانەی کە تۆماریان کردووە شاراوە نەبوون بە ٧٩٩،٤٥٥ هەزار کەس بووە ، بەڵام کۆی بەڵای ستالین لە کوشتن و ڕاو نان و ئەشکەنجەو مردن لە برسان و قات و قڕی و نەخۆشی ئاژاوەی ناوەخۆ و شەڕی ناوەخۆ و پڕۆسەی پاکتاوی حیزب و شەڕی جیهانی دووهەم هەمووی لەنێوان ٢-٦٠ ملیۆن دەبێ.

## ئایا ڕووداوەکانی مێژوو دووبارە دەبنەوە لەکات و شوێنی جیا ؟

ئەکتەرەکان، دەم و چاوەکان جیاوازن بەلام هەمان ڕۆڵ و ئامانجیان پێکاوە دیسان. ئایا بەڕێکەوتە ؟

کات و شوێنی جیاوازەو هەمان ڕووداو و ئەنجام خۆی پەیامێک دەگەیەنێ کە بۆ ئاوا دووبارە دەبێتەوە؟

ئایا سرووشتی مرۆڤ و ڕەفتارەکانی ئاوا دەخوازن بۆ هەرکات و شوێنە جیاکان؟

یان کۆپیکردنەوەی هەمان ڕووداوە لای مرۆڤەکان لەشوێن و کاتی جیا کە ئەوەش مەحاڵە؟

ئەوانە هەمووی جێگای پرسیارو کاری توێژینەوەیە وەک شیکارێك بۆ مێژوو لەڕووی مرۆڤەکانەوە بۆ سەردەمانی خۆی.

١- **ڕووداوەکانی مێژوو دووبارە دەبنەوە :** لە پەڕتووکی دکتۆر عەلی وەردی بەناوی " وعاظ السلاطین" لەلاپەڕە ٨٦ هاتووە دەڵێ : لە صەحیحی بوخاری بەرگی ٢ لاپەڕە

١٧٨ باس لە ڕووداوێک دەکا کەهەمان ڕووداو وە هەمان تێڕوانین و هەمان ئەنجامی هەیە لە ڕوسیای پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر؟

واتە هەمان ئەکت و ڕووداو ئەنجام دووبارە بووەوە پاش ~ ١٣٥٠ ساڵێك.

یروی البخاری فی صحیحە أن الصحابة تشاتموا مرة أمام النبي و تضاربوا بالنعال ( سەرچاوە شریف الدین،الفصول،المهمة، لاپەڕە ١٤٦)، ویروی أیضا : أن النبی أمر أثناء مرضە الدی توفی فین أن یؤتی لە بدواة و قرطاس لكي یكتب للناس كتابا لن یضلوا بعدە، فرفض بعض الحاضرین أن یطیعوا أمر النبي وقالوا عنە "یهجر" أی یهذی. وتنازعوا فیما بینهم. فأمرهم النبي بالخروج ولم یكتب لهم ما كان یرید أن یكتبە- مع الأسف" .

مەبەستی لەوەیە

"کاتێ موحەمەد لەسەر مردن بوو ویستی وەسیەت بکا لای عومەر و ئەبووبەکر و عائیشە دارو دەستەکانیان کە چۆن دەوڵەتی ئیسلام بەڕێوە ببەن و کێ ببێتە خەلیفە لەدوای خۆی و ڕازو نیازی دڵی خۆی بخاتە سەر کاغەز، بەڵام کەس ئەو داوایەی جێ بەجێ نەکرد. هەرچەندە محمەد لەسەرە مەرگی توانی بە ئیشارەت و نووزە نووزەوە بڵێ : کاغەز و قەڵەمم بۆ بهێنێن وەسیەتی خۆمتان بۆ بنووسم کەس گوێ پێنەداو وتیان موحەمەد نەخۆشەو خەلەفاوەو تێک چووەو قسەی نامەعقول دەکا ( یهجر بەگوێرەی معاجم عەرەبی).

هەمان ڕووداو ڕوویدا کاتێ لێنین لەسەر مردن بوو داوای کرد کە کۆنگرەیەک ببەستن پێش ئەوەی بمرێ و بچنە لای لە گۆرکی ( شوێنی پشوودانی لەدەرەوەی شاری مۆسکۆ). لێنین داوای کرد کە وەسیەت بۆ کۆمیتەی مەرکەزی بنووسێ کە چیبکەن و چی نەکەن و کێ لەدوای ئەو ببێتە سکرتێری حیزب و ڕێنماییەکانی. هەرچەندە پێشتر لە نامەیەک بۆ دەفتەری سیاسی نووسیبووی کە ستالین نەکەن بە سکرتێر و ترۆتسکی بکەن لەگەڵ ئەوەی کەسێکی هەلپەرستە، بەڵام دیسان شایستە ترە لەستالین. بەڵام

ستالین ئەو نامەیەی شاردبووەوە تا سالانێکی دوای مردنی ستالین و خرۆشۆف بڵاوی کردەوە. کۆمیتەی مەرکەزی داواکارییەکەی لێنین'یان پشتگوێ خست بە بڕوبیانووی ئەوەی کە لێنین خەلەفاوەو تووشی جەڵتەی دڵ بووەو هەرچەندە لە دەم و قسەکردن کەوتبوو، بەڵام هێشتا دەیتوانی دەستی قەڵەم بگرێ و مێشکی کار بکا بۆ وەسیەت نامەکەی، بەڵام عەوام وعازەکان بەرژەوەندیان نەبوو گوێی لێبگرن، نەوەک شتێک بنووسێ لە قازانجی ئەوان نەبێ!

**٢- دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکانی مێژوو لەکات و ساتی جیاواز ئایا جێگای پرسیارە؟**

ژەهر دەرخوارنی محەمەد و مردنی لەلایەن جولەکەوە .

هەروەک هەمووومان دەزانین و بەتایبەتی ئەوانەی عەودالْ و سوڕاغی ڕاستیەکانن بۆ مێژووی ئایینی ئیسلام، ئاگادارن و دەزانن کە دەنگۆی ئەوە هەیە کە ژنێکی جولەکە لە سەر بانێکەوە هەوڵی داوە موحەمەدی پێغەمبەر بکووژێ  ژنێکی جولەکەی تریش دیسان لە ڕێگای ژەهرەوە ژەهری دەرخواردی موحەمەدی داوە بۆتە هۆی مردنی .

زۆر گومان خراوەتە سەر ژنێکی جولەکە کە لەکاتی دەعوەتی موحەمەد بۆ قەبیلەیەکی جولەکە ژەهری پێدابێ. محەمەد زوو هەستی پێکردووە کە سکی بەژان هاتووەو هەمیشە گلەیی کردووە لای عائیشە کە ئەو ژنە جولەکەیە خواردنی ژەهراوی پێداوە، ئەمەش بووەتە هۆی ژانە سکی و مردنی .

ڕووداوی دووهەم : لەکات و ساتێکی جیاوازو ئەکتەرانی جیاوازو هەمان ئەنجام هەوڵی تیرۆرکردن و ژەهردەرخواردنی لێنین.

دوو جار هەوڵی تیرۆڕ کردنی لێنین دراوە، بەڵام سەری نەگرتووە، بەتایبەتی جاری دووهەم کە ژنێکی جولەکە بوو بەناوی فاننی کەپلان. چەند گوللەیەکی لە لێنین دا بەدەمانچەیەکی بچوک لە مەودایەکی زۆر نزیک و ئەنجامەکەی پێکاو بووە هۆی

ئیفلیج بوونی لێنین. بەبەردەوامی تا کۆتایی ژیانی بە ئازاری گوللەکان دەینالاند، ئیدی نەیتوانیوە بێتەوە مۆسکۆ حوکم بکا وەک پێویست، تەنها تێلێگرامی دەناردو لەکۆتایی ژیانی کەس گوێی بەفەرمانەکانیشی نەدەداو تاکۆتایی ژیانی هەر لەشوێنی پشووی خۆی مرد. ڕۆژ بە ڕۆژ ئازارەکانی زیاتر دەبوو تاوەکوو وای لێهات تەواو پەکی کەوتبوو، ئیدی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی هەر کەسەو لە هۆزێک دەی خوێندو هەموویان بەجیا دەمی خۆیان گەرم کردبوو بۆ خەلافەت لەدوای لێنین. هەربۆیە کەس گوێ بە لێنین نەدەدا، تەنها ستالین نەبێ کە زۆر ترسی هەبوو پێش ئەوەی بمرێ دەریببکات لە کۆمیتەی حیزب، چونکە بەکەسێکی دڵرەق و زاڵم سەیری دەکرد. هەربۆیە هەر خۆی ئاگاداری تەندروستی لێنین بوو هەر خۆی سەرپەرشتی ئەوکەسانەی دەکرد کێ دەچێتە دەرەوەی شار بۆ لای لێنین و سەردانی دەکا . ستالین ژنێکی ڕوسی وەک سیخور دانابوو، وەک سکرتێرێک بۆ لێنین لەشوێنی پشوودانی دەرەوەی شار هەموو دەنگ و نووسراو هاتووچۆکانی لێنینی ڕاپۆرت دەکرد بە نهێنی بۆ ستالین. تا ستالین گومانی لا دروستبوو کە لێنین لە دەسەڵات دەری دەکات

هیچ بەڵگەیەکی ڕاست و دروست لەسەر ئەو قسەیە نیە، چونکە تاوانی لەم جۆرە تۆمار ناکرێ وەک بەڵگەو کەس ئامادە نیە تاوانەکانی بخاتە سەر کاغەز بۆ مێژوو . بەڵام هەروەک هی موحەمەد دەنگۆ هەبوو، کە ژەهراوی کراوە. بەهەمان شێوە زوو دەنگۆی ئەوە بلاوبۆوە کە ستالین لێنینی ژەهراوی کردووەو دەرمانی داوەتێ، چونکە نەیتوانیوە بەرەنگاری بێتەوە بۆ ئەوەی نەیخواتەوە.

بەتایبەتی ئەو تاوانە خرایە پاڵ ستالین کاتێ ترۆتسکی'دا لە مەکسیکەوە وتی

ستالین لێنینی ژەهراوی کردووە بە فەرمی بڵاوی کردەوە. هەرچەندە پێشتریش لەناو خەڵک و مەکتەبی سیاسی لەنێو کادیرەکانی حیزب نێو خۆیان بەنهێنی دەیانوت ستالین لێنینی ژەهراوی کردووە، ئەگینا ئاوا زوو نەدەمرد.

لەهەردوو ڕووداو ژنە جولەکە بوون. بوون بە سەبەبکاری پەکەوتنی تەندروستی خوداکانی سەرزەوی!

**٣- ڕووداوەکانی مێژوو لەکات و شوێنی جیا دووبارە دەبنەوە.**

دەم و چاوەکان جیاوازن بە حوکمی کات و ساتی جیاواز کە تێیدا نمایشیان کردووە،بەڵام بۆ هەمان مەبەست لە دوا قۆناغ.

موسای پێغەمبەر کوڕە هەتیو بووەو شوانکاری دەکردو لەنێو چیا ماوە بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ و ٤٠ شەو بێ نان و ئاو ژیاوەو هەر لەو چیاو دوور لە ئاوەدانییە وەحی بۆ هاتووەو اللە بە لەیزەر پەیامەکانی لەسەر تاشە بەرد بۆ نەقش کردبوو .
بەهەمان شێوە عیسای مەسیح کوڕە هەتیو بووەو شوانکاری کردووەو بۆ ماوەی چەند مانگێک دوور لە ئاوەدانی بەرەو دەریای مردووی ئوورد چووەو نەگەڕاوەتەوە تاوەکوو اللە وەحی و پەیامی پێداوە .
بەهەمان شێوە محمەد کوڕە هەتیو بووە وەک ئەوانی پێشوو شوانکاریی کردووە بۆ ماوەی ١٥ ساڵ حوشترەوان بووە بە گوێرەی مێژوونووس جواد عەلی لە مێژووی عەرەبی پرێش ئیسلام باسی لێوە دەکا . محمەد بوو بە بازرگانێکی بچوکی بێ سەرمایە، بەڵام

بەخت یاری بوو و بوو بە گەورەترین کەسایەتی مێژوو لەجیهانی ئیسلام بە حوکمی چەند تێکستێکی وشکی دەقی قورئان

لێنین کوڕە هەتیو بووە، وەحیەکانی مارکس زیاتر توندوتۆڵی کردبوو کاتی لە پەناهەندەیی و دوورە وڵات جێگیر بوو لە دووبارە کردنەوەو هەرسکردنی بابەتەکانی مارکس و بە زەبری هێزو خوێن سەپاندن بەسەر واقیع کە نە مارکس و نە ئێنگلس هیچ بەرنامەو پرۆژەو بیرۆکەیەکی بەدەوڵەت بوونی کۆموونەی ئامازە پێ نەکردووە کە چۆن دەبێ و دەبێ چۆن بکرێ؟ بەڵکو لە ڕووی توێژینەوەی ئابووری و سیاسی شیکاریان کردووە .

بەهەمان شێوە محمەد هیچ بیرۆکەیەکی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی نەبووە، چونکە نە پاشخانی ئیمپراتۆرییەت و شاهەنشاهی وەک ساسانی و ڕۆمەکان هەبووەو لە دوورگەی عەرەبی واتە لەهیچەوە هاتن بۆ سەر حوکم.

لێنین لە کەسێکی دەربەدەری دەربەدەری پەناهەندەیی ئەوروپای ڕۆژئاواوەو لەم دەوڵەت بۆ ئەو دەوڵەت لەخانوویەکی هەرزان بگەڕێ و ئاو و سۆپەی گەرمی تێدابێ و بتوانێ خۆی بژێنێ تاوەکوو توانی لە ڕێگای فەتوا ئاگرینیەکانیەوە ڕەش و ڕووت و دەنگە نارەزاییەکانی دژی شەڕی جیهان بقۆزێتەوە بۆ مەرامی خۆی و توانی ببێتە قەیسەرێک و خوداو پێغەمبەرێک کە بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ زیاتر وەک اللە و محمەد دەپەرسترا، بەڵام مەسەلەی چارەنووسی وەک سووکایەتی بە لێنین ئەگەر هەڵواسین نەبوایە ئەوا بدڵنیاییە دەربەدەی سیبیریا دەبوو.

لە دەربەدەرییەوە گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ و بۆ دەرەوەی مۆسکۆ شوێنێکی هەڵبژارد کە

شوێنی و کۆشک و تەلاری یەکێ لەدەوڵەمەندترین کەسانی ڕوسیای دەرەبەگ بوو.

کۆشکی گۆرکی (من چووم بۆ ئەو شوێنەی لێنین تێیدا ژیاو تاوەکوو مردو ئەو شەمەندەفەرەی کە تەرمەکەی پێی گواسترایەوە بۆ مۆسکۆ هەرلەوێ هەڵگیراوە وەک مۆزەخانە .) ئەو کۆشکە هێندە گەورەیە، هێندە جوان دروستکراوە بە بیبینی تووشی سەرسوورمان دەبیت پێش ١٢٠ساڵ کەسێکی تێدا ژیابێ پیانۆ و دەریاچەو باغ و دارستان بەدەورەوەیەوە.

لێنین دژی دەرەبەگ و دژی دەوڵەمەندو خاوەندارییەتی بووەو بەڕای ئەو دەببوو هەموو کەسێک وەک یەک بژی ، کەچی هەر خودی خۆی چووە شوێنی هەمان دەرەبەگ کە خودی خۆی دژی ئەو جۆرە ژیانەبووە.

مەسعود و نێچیروان لە دەربەدەری کەرەج و شنۆ نانە ڕەقەیان دەخوارد لات و پووت وەک پەناهەندەو جلەکانیان سادەبوون. هێندێک وێنەی نێچروان بارزان هەیە لە ئینتێرنێت کە چەند شڕ و وڕ بووە، کەچی ئێستا لە کۆشک و تەلاری کۆنەی صەدام و عیزەت دووری'دا دەژین و چونەتە سەری ڕەش. ئەوان دژایەتی ڕژێمی صەدام و حوکمی چەوساندنەوەی صەدامیان دەکرد کەچی خودی خۆیان هەر هەمان ڕەفتاری صەدام دەکەن لە نازو نیعمەتی عێڕاق. بڵێ صەدام ٢٠ساڵ حوکمی کردووە بەسەر عێڕاق زۆر کەمتر بووە بۆ حوکمی مطلقی سەرانی کورد لەهەمان شوێنی صەدام دانیشتوون زۆر زیاتر ماونەتەوە.

تەنها دەم و چاوە دووفاقەییەکان دەگۆڕدرێن و دێنە دەسەڵات لەهەمان شوێنی ڕەقیبەکانیان دەژین و داگیری دەکەنەوەو هەمان ڕۆڵ دەگێرنەوە. ڕاستە دەم و

چاوەکان دەگۆڕێن، بەڵام عەقڵیەت هەمان عەقڵیەت و هەمان ئاخ و ناڵەی میللەتە لەدەست دیکتاتۆرەکان.

**٤- ڕوداوەکان دووبارە دەبنەوە هەر بەهەمان نەغم و ڕەفتارو هەڵوێست**

دوو ڕووداوی جیاواز لە دوو سەردەمی جیاواز، دوو فکرەی دژ بەیەک، بەڵام بۆ هەمان مەبەست. بیل ئاخیرە( بە قەولی کوردی ڕۆژهەڵات دەڵێن). بۆ ئەوەی دەستەواژەکان ڕوونتر بێ بۆ خوێنەران کە شارەزاییان نیە لە دەستەواژەی ئیسلامی و عەرەبی، هەربۆیە پێویستە پێشتر من دەبێ ڕوونی بکەمەوە مانای عەڕاب و عرِبان و مەوالی چیە؟

عەڕاب و عربانی سەردەمی قورەیشیەکان بەوکەسانە دەگووترا کە بەڕەش پێست و لات و پووت و بەدبەخت و هەژارو چینی چەوساوەو ڕەش و ڕووت و کارکەر بوون. مەرج نیە عەڕاب کۆیلەبێ، بەڵکو چینی هەژاری ئاست نزمەکانی کۆمەڵگای دوورگەی عەرەب و مەککە بوون .

بە عەجەم و فارس دەگووترا مەوالیان پێ دەگووتراو مامەڵە نزم و ئاستی کۆیلەیان لەگەڵ دەکرا . چینی قوڕەیش و أهل مەککە أبو سوفیان لە بەگزادەکانی مەککەو خانەدان و پیاو مەعقولانی شار بوون، هەروەک چینی ئەریستۆکراتی ئێستا بوون بەمانای ئەمرۆ و منداڵەکانیشیان تێکەڵ بە عەراب و موالیەکان نەدەبوون بەڵکو بەچاوێکی نزم و سوکایەتییەوە سەیری عربان و عەرابیان دەکرد. کاتێ مەککە گیرا لەلایەن محمەدو هاوەڵەکانیانەوە یەک بەزمیان بە پیاوماقولانی قوڕەیش کردووە. ئیهانەو سووکایەتی و گاڵتەجاری و شکاندنەوەیان پێکردوون لەناو خەڵک و کوچەو کۆلانەکاندا، ئیدی تا ڕۆژی قیامەت بەنی ئوومییە و قوڕەیشیەکان لەبیری ناکەن و

تۆڵەی خۆیان هەر کردەوە لە کۆتاییدا . قورەیشیەکان دەڵێن ئێمە خاوەن عەقڵی بارزگانین لەسایەی ئێمەوە خێر و بەرەکەتمان هێناوە بۆ مەککە، عرِبانە رِەش پێستەکانیش دەڵێن لەسایەی شەرِو غەنیمەو تالأنی ئێمەوە ئێوە جارێکی تر لەهەوڵی دەست بەسەر داگرتنی حوکمن. جارێکی تر رِێگە بە بەگزادەکانی قورِەیش نادەین حوکم وەربگرنەوە .هەرچەندە خالید بەنی وەلید ببوو بە ئیسلام، بەڵام دیسان موحەمەد بیلالێکی رِەش پێستی حەبەشی بەرِێزترو بەدەسەڵات تر و قسە رِۆیشتوو تر دەبینی وەک لە کەسێکی خانزادی قورِەیشی وەک خالید. هەربۆیە بۆ شکاندنەوەی خالید موحەمەد رِێگەی بە بیلال دا سووکایەتی بە خالید بکا، کاتێ دەستێکی رِاوەشاند بۆ عەمامەکەی خالید بۆ ئەوەی شەرەفی بشکێنی وەک هەیبەتی قورِەیش و لەملی خالیدی ئالأند.

عومەر کورِ خەطاب عمار بن یاسری کردە والی کوفەو سەلمانی فارسی کردە والی لە مەدائین کە هەردوکیان کاتی خۆیان کۆیلەبوون پێش ئیسلام بوونیان. کەچی ئەو پایەی نەبەخشی بە بەگزادەکانی خەڵکی قورەیش. عومەر کورِی خەطاب رِێگەیدا بۆ هاتنە ژوورەوەی دیوان بۆلای خۆی بە بیلالی حەبەشی و صهیب( صوهەیب) کەهەردووکیان کۆیلە بوون، بەڵام ئێستا دەسەلات لەدەستی رِەش و رِووتەو خانزادەکانی وەک ئەبوو سوفیان سهیل(سوهەیل ) کورِی عمرو جەماعەتەکەی نەهێشت بێنە ژوورەو لەبەر دەرگای دیوان رِایگرتن و وەک بێ رِێزییەک بەوان و ئەفزەلیەتێکی دا بە رِەش و رِووت. نموونەکان زۆرن.

ئێستا بێینەوە سەر کۆموونەی شیویعیەتی سۆڤیەت.

کاتێ حیزبی سۆشیالیستی رِوسیا واتە بەڵشەڤیەکان هاتنە سەر حوکم و رِایان گەیاند ئیدی لەمەو دوا چینی ئەریستۆکراتی حوکم ناکاو لەم کۆمەڵگە نوێیەدا شوێنیان

نابێتەوە، بەڵکو حوکم و دەسەڵات  لەدەستی کەسانی ڕەش و ڕووتە و حوکم حوکمی ئەوانە. ئینجا ڕۆژی حەشرهات بۆ ڕاو و ڕووت. تالآن دەستی پێکرد ( هەروەک سەردەمی جەنگیز خان، هەر جارێک شوێنێکی بگرتایە تاوەکوو ٣ ڕۆژ ڕێگە پێدراوبوو هەرچی بکەیت و نەیکەت تۆ ئازادیت لە لاقە کردنی ژن و تالآن و کوشت و بڕین و دزین) ئا بەم شێوەیە هەرچی ڕەش و ڕووتی سەر جادەو گەجەرو گوجەر هەبوون کەوتنە گیانی پرۆفیسۆرو دەرەبەگ و خانزادەو موڵکدار و خاوەن دوکان و کارگە. هەرچی بکەوتایە بەردەستی چینی ڕەش و ڕووت درێغییان لێ نەدەکردو کەس نەبوو لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکا . تەنانەت ئەگەر پیاو مەعقولێکیان ببینیایە لەسەر جادەو بە قات و تەکسیدۆ و شەپقەی ئەریستۆکراتی و گۆچانێکی لەدەست بوایە و دەستماڵێکی لەدەستەکەی تر بوایەو دەست کێشی لەدەست و شاڵێک واتە ملپێچێکی لەمل بئالآندایە ئیدی یەکسەر دەکەوتە بەر ڕەسەدی ڕەش و ڕووتەکان. هەر لەسەرجادە ئەو کەسەیان ڕووت دەکردەوەو گاڵتەو قەشمەری و سووکایەتیان پێدەکرد، ئیدی چین و توێژی ڕۆشنبیری وڵات هەرهەموویان هەر لە  پرۆفیسۆری دانیشتگاو بەگزادەکانی شارە گەورەکانەوە تاوەکو کەمترین ئاست وازیان هێنا لە جوانی جل و بەرگ و جلی  ڕاقی. دەستیان کرد بە لەبەرکردنی جلی پیس و سادە بۆ ئەوەی نەکەونە بەر چاوی ڕەش و ڕووتەکان. تەنانەت هێندێک لەو پرۆفیسۆرانە بە ئەنقەست پانتۆڵی خۆیان دەدڕی بۆ ئەوەی وا خۆیان نیشان بدەن کە کەسێکی هەژارو لات و پووتن. واتە تاوەکوو تۆ زیاتر لات و پووت و هەژارتر و سەرو شکلت لە بائع مخلص بچوایە تۆ ڕێزت لەناو کۆمەڵگەو هەڤالآنی بارگران و کۆمۆنیستەکان زیاتر دەبوو .

**٥- مێژوو دووباره دەبێتەوە بە فۆرمی جیاواز**

فیرعەونەکان لە میسر مۆمیا دەکران لەبەر ئەوەی کەسانی پیرۆزو نوێنەرو جێگرەوەی اللە بوون لەسەر گۆی زەوی .

کینیچ جەنەئاب پەکاڵی سەرۆک قەبیلەی مایا لە تشتشینیزێی مەکسیک (٦٠٣-٦٨٣) مۆمیاکرا، وەک نوێنەری خودای ڕۆژ لەسەر گۆی زەوی .

ئێستا بێینە سەر باسی فیرعەونەکانی هەڤاڵانی بارگرانی کۆمۆنیستەکان و بزانین چۆنە؟

لێنین مۆمیا کرا وەک فیرعەون لەدوای ئەو ستالین مۆمیا کرا، بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت، چونکە پاشان فڕێیاندا دەرەوەی ئەو مەڤزۆلیە( مەزارگایە)و تەنها لێنین تاوەکوو ئەمڕۆ ماوەتەوە. هەرچەندە لەدوای ساڵانی نەوەدەکان ویستیان لێنین دەربخەن و وەک بەشەر بینێژن، بەڵام سەرانی ڕوسیاو بەتایبەتی پوتین وتیان ئەو مەزارگایە سەرمایەکی نیشتمانیەو دەخلێکی باشە بۆ بەدەست هێنانی پارە و ڕۆژانە و توریستەکان دەچن سەردانی دەکەن و بڕە پارەیەکی پێ دروست دەکەین لە مەیدانی سوور .

لێنین ئێستا تەنها وەک بووکە شووشەو کاڵایەکی بازرگانییەو پارەی پێ پەیدا دەکرێ بەهەمان شێوە لە بولگاریا سکرتێری کۆمۆنیست مۆمیا کراوە- گیۆرگی دیمیترۆڤ و من بە دەیان جار سەردانی ئەو مەزارگەیەم کردووەو بە ٢٤ کاتژمێر پاسەوانی لەبەردەرگای مەزارەکەی هەیە و لەشێوەی بت و صەنەم درێژکراوەو مۆمیا کراوە .

ئەی باشە بۆ جۆسێف تیتۆی یۆگۆسلاڤیای مۆمیا کراوە، چونکە ئەویش شیویعی هەڤاڵی بارگران بوو .

ئەی باشە بۆ کیم ئێل صۆنەکانی باو باپیرەی کۆریای باکوور مۆمیا کراوەو بە سەدان پاسەوانی بۆ لاشەکەی دانراوە؟
بەهەمان شێوە ماوتسیتۆنگ ڕابەری کۆمۆنیستی چین مۆمیا کراوەو دەتوانی سەردانی ڕابەری مردوو بکەیت لەناو جامی شووشە .

لەمەش سەیرو سەمەرتر ئەوەیە بینای مەزارگەکانی ڕابەرانی کۆمۆنیستیەکان بەڕێژەی ٧٠ ٪ تصمیم و دیزاینەکەی لەشێوەی هەمان مەزارگەی فیرعەون و پیرامیدەکەی(هەڕەمی) قەبیلەی مایایە. واتە هەیکەلی بیناکە بەهەمان شێوەی پیرامیدو هەڕەمی حوکمی فیرعەونی دروست کراوە. کەئەمەش زۆر مانا دەبەخشێ لە مەزنی و گەورەیی ئەو زاتەی کە نێژراوە .
کۆنەکان نوێنەری اللەو ڕۆژ بوون لەسەر ئەم گۆی زەوییە!
نوێیەکانیش نوێنەری چینی کرێکار و ڕەش و ڕووت و جوتیاری کۆیلەی دەرەبەگ بوون

**٦- ڕووداوەکانی مێژوو دووبارە دەبێتەوە لە سەردەم و شوێنی جیاواز بەهەمان نەغم و ڕەفتار**
کاتێ موحەمەدی ئیسلام لە مەککە بوو پەیامەکەی زۆر ئاشتیانە بوو : دینی ئێوە بۆ ئێوەو دینی خۆم بۆ خۆم و کوشتنی مرۆڤ گوناحەو ئاشتی و پێکەوە ژیان بوو. بەڵام

کاتێ هاتە مەدینەو هێزو دەسەڵاتی پەیداکردو هاتە سەر حوکم، هەموو پەیامە ئاشتیەکەی گۆڕاو، بوو بە کووتەک و شیرو هەڕەشەکردن و هەمیشە کوشتنی لەسەر زاری بوو .

بەهەمان شێوە کاتێ لێنین لە سویسڕاو دەربەدەری بوو هەموو نووسین و بەرهەمەکانی باسی دیموکراتیەت و دەنگی گەل و ئازادی و خۆش گووزەرانی بوو . بەلاًم کاتێ حوکمی کەوتە دەست، وتی ئەم ڕۆژانە قسەو گفتوگۆ پارە ناکا، بەلاًم کوتەک زمانی گفتوگۆیە و هەمیشتە ووشەی "گووللەبارانی بکەن، حەقی کووشتنە، لە سێدارەی بدەن، ئەو چەپەڵە، ئەو بێ قیمەتە. هتد" ئا ئەمە زمانی ڕابەری چینی کرێکار و یاساناس بوو .

کاتێ موحەمەد هێرشی کردە سەر مەککە ترش و خوێی تێکەڵ کرد و خەڵکی بە دیواری کەعبەوە هەڵواسی و چەندەها ژنی ڕووسپی کوشت بەحساب بەڕەڵلان کەچی ڕێگای بە صعالیکەکانی خۆی دا بۆ ٣ ڕۆژ هەرچی دەیکەن بیکەن لە مەککە ئازادن و بێ لێپرسینەوەیە ئەگەر لاقەی کچیش بکەن هەرکێیان کەوتە دەست لەنەیارەکانیان. . هەر هەمان سیاسەتی جەنگیزخان .کاتێ جەنگیزخان تووشی بەرەنگاربوونەوەی دوژمن دەبوو خۆیان بەدەستەوە نەدەداو کاتی بەسەر دوژمنەکانی سەردەکەوت و دەربازی ناوشارەکانیان دەبوو بە سوارچاک و مەغۆلیەکیانی دەوت ئێوە ئازادن بۆ ٣ ڕۆژ هەرچی دەکەن بیکەن لە تالاًن و لاقە کردن و کووشتن و ڕاونان لێپرسینەوەی لەسەر نیە. بەلاًم پاش ٣ ڕۆژ دەبێ بوەستێ و هەر کەسێ سەرپێچی فەرمانەکەم بکا ئەوا سزا دەدرێ .

کاتێ بەڵشەڤیەکان خێزان و بنەماڵەی قەیسەریان گرت تەنانەت منداڵی قەیسەر کە نەخۆشی خوێن بەربوونی هەبوو کچ و دکتۆرو پاسەوان و چێشت لێنەرو شۆفێر و خزمەتکارەکانیشیان کوشت .

بەهەمان شێوە کاتێ جەماعەتی عبدالکریم قاسم هێرشیان کردە سەر کۆشکی مەلیکیەت " قصرالرحاب " لە سەردەمی بەعسیەکان ناوی لێنرا (قصر النهایة) واتە هەرکەسێ بچێتە ناوی ئەو زیندانە بەسەلامەتی لێی دەرناچێ و کۆتاییەو دەکووژرێ. لۆتی و شەقاوەکانی ئینقلابی قاسم نەک مەلیکی هەرزەکارو وەلی ئەمرو خوشک و بنەماڵەکەیان کوشت تەنانەت چێشت لێنەرە تورکەکەشیان کوشت و لەگەڵ پاسەوان و خزمەتکارەکان بەهەمان شێوەی تاوان بەرامبەر بەبنەماڵەی قەیسەر .

بکوژی بنەماڵەی قەیسەری ڕوسیا یاکۆڤ یروڤسکی- بەرپرسی یەکەمی ئەو تاوانە بوو بەڵام لەدوا ساتدا خۆی کوشت بەرگەی ڕەخنەی نەگرت و ویژدانی قبوولی نەکرد لەو تاوانەی کردوویەتی .

بەهەمان شێوە بکوژی بنەماڵەی مەلیکی عێڕاق لە دوا ساتەکاندا خۆی کوشت و ویژدانی بەرگەی ئەو زوڵمەی نەگرت کە ئەو تاوانەی کردووە .

**٧- مێژوو دووبارە دەبێتەوە بەفۆرمێکی جیاواز لەکات و شوێنی جیاوازدا.**

"یایها الذین امنوا لا تتخذوا ابائکم واخوانکم اولیاء ان استحبوا الکفر علی الایمان ومن یتولهم"سورة التوبة ئایەتی

"یایها الذین امنوا لا تتخذوا ابائکم واخوانکم اولیاء ان استحبوا الکفر علی

الايمان ومن يتولهم"سورة التوبة ئایەتی ٢٣. لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ . أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿٢٢﴾

موحەمەدی ڕەسوڵی ئەڵا عەقیدەیەکی هێنایە ئاراوە عەبدەکانی اللەی بەشێوەیەک پەروەردەکرد وەلاء و لایەنگیری و بەرگری کردن لە اللە و موحەمەد و ئیسلام پێش بەرگری کردنە لەدایک و باوکت. تەنانەت ڕێگە پێدراوە لەو عەقیدە نامرۆییە تۆ دەبێ ئامادە بیت دایک و باوکی خۆت بکوژیت ئەگەر موشریکین و کوففار بن و ئامادە نەبن بێن بۆ سەر ئایینی ئیسلام. ئەوان دەبێ بە دوژمنی خۆت لەقەڵەم بدەیت هەروەک موشریکینی کوفار.

ڕێک لە عەقیدەی شیویعی بەڵشەڤیک و کۆمۆنیزمی سۆڤیەت ئا بەم شێوەیە بەهەمان ڕۆحیەت و حەماسەت ئەندامە کۆمسەمۆل و پەیانێر( طلائع) و مؤید ،نصیر،رفیق حیزبیەکان پەروەردە دەکران.

ئەگەر تۆ هەستت کرد دایک و باوکت یان هەر خزم و کەسێکی دەوروبەرت قسەیان کرد لەدژی ڕژێم، لەدژی لێنین،ستالین، حوکم و بیری کۆمۆنیزمی ئەوا دەبێ تۆ یەکسەر ڕاپۆرت و ئیخباری بکەیت لەسەریان،چونکە کۆمۆنیزم لە پێش دایک و باوکی تۆیە .

لەم گرتە ڤیدیۆیەی خوارەوە باس لە منداڵێکی ١٣ ساڵانە دەکا بەناوی **"پاڤێل مەڕۆزەف"** کە ڕاپۆرت و ئیخباری لەسەر باوکی کرد لای پۆلیسی نهێنی سۆڤیەت.

پاڤێل وتی: باوکم هەواداری کولاکە ( واتە لایەنگیری ئەو جوتیارانەی کە لە دژی حوکمی کۆمۆنیزم ڕاپەڕین، چونکە زەوی و بەرهەمی کشتوکاڵیان لێ سەندرابووەوە، کە خودی باوکی پاڤێل کولاک نەبوو تەنها لە دڵەوە لایەنگیریان بووە، پێدەچێ لەناو ماڵی خۆیدا قسەی کردبێ بە حوکمی شیویعیەت). بێگومان هەڤالانی بارگران و تەڤگەرەکانی شیویعی بێ یەک و دوو باوکەکەیان ڕەوانەی جەیحون(جەهەننەم کرد واتە کوشتیان). لەهەمان کاتدا حوکمی ستالین دەست خۆشی لەو منداڵە١٣ ساڵەی کرد و کە زمانی لەباوکی داوە و ڕێزی لێگیرا و لەقوتابخانەکان دەیان گێرا وەک نموونەی نەوەی کۆمۆنیزم لەقەڵەم دراو هەوڵیان دەدا خەڵک هان بدەن بۆ هەمان کردار، بۆ ئەوەی منداڵەکانی تریش چاو لەو بەدبەختە بکەن کەمێشک شووراوە بوو  دایک و باوک و براو خوشکی خۆی بەگرتن بدا ئەگەر لەدژی سەرانی بەڵشەڤیک قسە بکەن. بەڵام خزمی ئەو منداڵە بەدبەختە بەرگەی ئەو شانۆگەرییە کۆمێدییەیان نەگرت و منداڵەکەیان کووشت لەبرِی ئەوە حوکومەت خزمەکانی کوشتەوە لەتۆڵەی منداڵی جاسووس و پەیکەرێکی لەو گوندەی کەلێی ژیاوە بۆ دروست کرد و ساڵانە وەک گەشت و سەردان بۆ ئەو شوێنە منداڵانی قوتابخانەکانیان دەهێنا بۆ ئەوەی  ببینن ئەو منداڵە بوو بە قوربانی دەستی کوفاری موشرکینی عەقل بۆرژوای کولاک لە دژی شیویعیەتی هەڤاڵی بارگرانی تەڤگەر.

نازانم چەند ڕاستە دەڵێن ڕووداوێکی ئاواش هەبووە لە سەردەمی صەدام دا، منداڵێک بەبێ مەبەست درکاندویەتی لەلای مامۆستاکەی کە دایک و باوکی جنێویان داوە بە صەدام کاتێ شەوانە  لە تەلەفیزیۆن بەدیار دەکەوێ.

چەند ڕاستە نازانم بەڵام دەڵێن ڕووداوە لە کەرکوک بووە لە گەڕەکی ئیمام قاسم

ڕوویداوە. سەیری ئەو ڤیدیۆیەی خوارەوە بکە کە باس لەو منداڵە ڕوسە دەکا باوکی بەگرتن داوە و پەیکەری بۆ کراوە.[161]

**٨- ڕووداوەکانی مێژوو دووبارەدەبنەوە بەڵام لە فۆرم و کات و شوێنی جیا و ئەکتەرەکان دەگۆڕێن، بەڵام بۆ هەمان مەبەست و ئەنجام.**

ئەگەر بێتەوە بیرتان یان هەروەک باس دەکرێ **عودەی کوڕی صەدام** شەوانە دەگەڕا لەناو شاری بەغدا یان بەر دەرگای دانیشگاکانی بەغدا بە سەیارەی ئاخیر مۆدێل بۆ ڕاوکردنی کچ و قوتابیانی دانیشتگا ئینجا بەخۆشی بێ یان ناخۆشی. لەژێر فشار و ترس دا عودەی حەزە سێکسیەکانی خۆی بەتاڵ دەکردەوە و چەند گەوادێکی فەڵەی هەبوو کچیان بۆ دەهێنا.

ئێستا بزانین ئەو کولتوورە لەکوێوە هاتووە؟

**"لاڤێرێنتی بێریا"** کە بەڕەسەن لە نەتەوەیەکی بچووکی **مەنگێلی جیۆرجیای** بوو. کاتێ ستالین بێریای کرد بە سەرۆکی موخابەڕاتی سۆڤیەت و لەهەمان کات دا پۆستی وەزیری ناوەخۆیشی پێدا لەگەڵ بەرپرسیارەتی پۆلیسی نهێنی. هەمووی لەژێر دەستی ئەو بووە بۆ ماوەیەک وەک کەسی دووهەم بووە لەدوای ستالین.

کەسایەتی بێریا لە دڵڕەقی و نامرۆیی و بکوژی شێوەی نەبووە، مەگەر **ناظم کزاری** زەمانی بەعس و **أبو طبر** بگات بە ئەو.

ئەم گرتە ڤیدیۆیە لە کەناڵێکی فەڕمی ڕوسی وەرم گرتووە و پوختەیەک لەو فیلە دورو

---

161
/https://www.facebook.com/NeazyAsma/videos/1418075424991622

درێژەم هەڵبژاردووە لە چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند شایەتحاڵێکەوە کە بەناڕاستەوخۆیی و ڕاستەخۆ لەکەسی یەکەمەوە ئەو هەواڵانەیان گواستۆتەوە بۆ ئێمە و چەند مێژوونووسێک پێداچوونەوەیان کردوەە بۆ قسەکان و دانپێدانانەکان و وتەی قوربانیانی ئەو تاوانانەی لاڤێرێنتی بێریایان تۆمار کردووە.

بێریا لەچەند ژنێک چەند منداڵێکی ناشەرعی هەبووە، تەنانەت لەگەڵ سکرتێرەکەی خۆی خەوتووە و منداڵێکی لێبووە و نەی خواستووە.

لەم ڤیدیۆیە باس لەوەدەکا، بێریا بەشەوانە شەقامی گۆرکی( مۆسکۆدا گەڕاوەو شەقامەکە لە ناوداەکان بووە) بەسەیارەی جام ڕەش هاتووچۆی تێدا دەکرد. هەروەک باوە بەرپرسەکان بە خێرایی ١٤٠کیلۆمەتر لە سەعاتی تێدەپەڕن و تۆ دەبێ خۆت لابدەیت نەوەک پانت بکەنەوە. هەروەک زەمانی بەعس بەخێراییەک سەیارەکانیان دەڕۆن ئەگەر ١٠٠ نەفەر پان بکەنەوە گوێیان لێ نیە... بەڵام سەیارەکەی بێریای جام ڕەش بوو بە هێواشی بەناو جادەکان دادەڕۆیشت و سەیری ئەم بەرو ئەوبەری دەکرد بزانێ چ کچێک جوانە و بەدڵیەتی بۆ ئەوەی ئەو شەوە بیباتەوە ماڵەوە لەگەڵی بخەوێ. هەرکاتێ دەستی بۆ کچێک نیشان بکردایە ئەوا پاسەوانەکانی سەیارەکەیان ڕادەگرت و دەچوون بەرەو ڕووی ئەوکچەی سەرجادە و دەیانوت وەرە لەگەڵمان . بۆ کوێ؟

ئێمە لە موخابەراتەوە قسەت لەگەڵ دەکەین سواربە، ئینجا یان بە خۆشی یان بەناخۆش سواریان دەکرد و بۆ بێریایان دەهێنا ناو سەیارەکە، کاتێ کچە دەزانێ لەگەڵ بێریا سوار بووە ئیدی تێ دەگەیشت مەسەلە ناو پێخەفە و دەبێ ئەو شەوە حەزە سێکسیەکانی بێریا تێر بکا. سەیری ئەم گرتە ڤیدیۆیە بکە وەرمگێڕاوەتە سەر

زمانی کوردی بەژێر نووسی سۆرانی وەبەتێسکتیش دامناوە لەژێر ڤیدیۆکە ئەگەر نەتوانی پێڕابگەیت بیخوێنیتەوە.[162]

ئا بەم شێوەیە. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی بڵاوکراونەتەوە لەو چاوپێکەوتنانە و ئەو مێژوونووسەی کە ژیاننامەی بیریای نووسیوەتەوە دەڵێ زیاد لە ١٠٠ کچی لاقە کراوەو لەدادگادا شایەتیان داوە و باسی حاڵەتەکانی خۆیان کردووە لەگەڵ بێریا. بەلام بەگوێرەی قسەکەری ئەم ڤیدیۆیە بێ ئەوا ٨ دانە لەو کچانە دەناسێ و ڕاستەخۆی وتویەتی لاقەکراون. زۆر لەو ئەکتەرە سینەمائیانەی لەم ڤیدیۆیەی خوارەوە نیشانی دراوە بێریا لەگەڵیان خەوتووە و بە زۆر ناچاری کردوون. دەبێ بەڵگەی ئەو قسە وەرگرتنانەو قسەکەری ئەو ڤیدیۆیە دەبێ ڕاستبێ ئەگینا بنەماڵەی ئەو ئەکتەرانە سکالای یاسایی لەدژی ئەو کەناڵە تەلەفیزیۆنە دەردەکەن، چونکە دەبێتە ناو زڕاند بۆ بنەماڵەی ئەکتەرو کەسایەتیەکان ئەگەر وانەبوایە.[163]

## ڕەفتاری بێ پرینسیپی سەرکردەکانی بەلشەڤیک

پاش هەرەس هێنانی کۆمۆنیزم میدیاکانی ڕوسیا مێژووی ڕەشی سەردەمی بەڵشەڤیەکانی کۆمۆنیزمی سۆڤیەتیان هەڵداوە.

ڕەوشتی ئەوسەرکردانە هەموو پێوەر و بەهای هاوڕێیەتی و مرۆڤ دۆستیان شکاندبوو.

---

162 https://www.facebook.com/NeazyAsma/videos/vb.100003675337896/1466579563474541/?type=2&video_source=user_video_tab

163 /https://www.facebook.com/NeazyAsma/videos/1416397951826036

دەسەڵاتی حیزبیان إستغلال کردبوو بۆ مەرامی حەزە سێکسی و خۆشگوزەرانی خۆیان. دەست بردن بۆ نامووسی ئافرەتان بەئاگاداری مێردەکانیانەوە زۆر بەکارێکی ئاسایی سەیریان کردووە. بەتایبەتی زۆر باسی ترۆتسکی و ستالین دەکرێ، کە ئەو دووانە لەگەڵ ژنی هاو خەبات و هاوڕێکانیان خەوتوون و مێردەکانیان پێیان زانیوەو نقەیان لێوە نەهاتووە ئینجا یان لەترسان بێ یان لەبێ دەسەڵاتیان بێ کە ناتوانن بەرامبەریان بوەستن، چونکە لەژێر دەستی ئەوان کاریان کردووە و بەرپرسی ئەوان بوون. زۆرجار هەبووە لە بەر بەرژەوەندی شەخسی کەسێ ژنەکەی خۆی کردۆتە قوربانی بەرپرسەکان بۆ ئەوەی کارێکی پێ بدرێ. گرتە ڤیدیۆیەکم داناوە لەخوارەوە بەبۆنەی ١٠٠ ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕوسیا ڕاستیەکانی لێنین ئاشکرا دەکا بەجۆری فیلم.[164]

لێنین ژنێکی بە وەفای هەبووە بەناوی **"کرووپسکایا"** لەهەموو خۆشی و ناخۆشی ژیانی لەگەڵی بووە و قوربانی بۆ داوە. کەچی لێنین لەگەڵ دۆستێکی هاوخەبات و هەڤاڵی بارگرانی حیزب حوب و غەڕام لە نێوانیاندا هەبووە بەناوی **"ئینیسە ئارمەند"**. کرووپسکای هاوسەری لێنین زوو هەستی بەو پەیوەندیە غەڕامیەی مێردەکەیی و دۆستە حیزبیەکەی کردووە. تەنانەت کرووپسکای هاوسەری ئامادەی خۆی نیشاندا بۆ لێنین، ئەگەر حەزبکا ئەوا وازی لێبهێنێ و تەڵاقی بدا بۆ خۆشی لێنین و بۆ ئەوەی بەئازادی لەگەڵ دۆستەکەی ڕۆمانسیەت بکا، چونکە چیتر بەرگەی ئەو پەیوەندیە ناگرێ. ڕاستە لێنین حاشای لێ نەکرد، بەڵام پێی وتووە بەهیچ ژنێکی

164 https://www.facebook.com/NeazyAsma/videos/pcb.1422349611230870/1424866814312483/?type=3&theater

ترت ناگۆڕمەوە.

زۆر مێژوونووس باسی ئەو چیرۆکە دەکەن و بەتایبەتی لەدوا چاپی ٢٠١٧ لە پەڕتووکەکەی **ڤیکتۆر سیبەستیان** بەناوی" **لێنین-دیکتاتۆر.وێنە ڕۆحانیەکەی**" پیاوە مەزنەکەی جیهانی گۆڕی" لاپەڕە - ٢٦ زۆر بەجوانی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە دەسەلمێنێ.[165]

وەک باس دەکرێ لێنین کەسێکی خۆویست بووە و هەموو شتێکی بۆ حەزی خۆی بووە. تەنانەت باس لە شێوەی خواردنی لێنین دەکرێ چۆن نانی خواردووە هیچ بیر و هۆشێکی لای خواردنەکە نەبووە، واتە خواردن تەنها بۆ پڕکردنی سکە و هیچی تر. لای لێنین و ترۆتسکی تابلۆی وێنەکێشان هیچ مانایەکی نەبووە ئەگەر باس لە ئەڤەنگارد و سیمبوولی شۆڕش و ڕەنگی سووری تێدا نەبێ ئیدی تابلۆیەکی بێ مانایە. ڕەمزەکان دەبێ زۆر بە زەقی و ڕوون دیار بن. سوریالیزم و ئەبستراکت مانای نەبووە، تەنانەت هەستی بۆ وێنەکێشانی کلاسیک نەبووە و بەکارێکی بێ مانای زانیوە. جوانی و ڕۆمانسیەت و خۆشی ژیان هەمووی لەپێناوی خەباتە، کەچی هەر خودی خۆی بەدوای ئەوانەوە بووە تاکۆتایی ژیانی گوێ لە مۆسیقا و کۆنسێرتی ڤاگنەر و شانۆکانی شکسپیری کردووە. واتە دروشمی دەرکردووە، بەڵام لەسەر خۆی پەیڕەوی نەکردووە. چیرۆک و پۆخڵەواتی هێندە زۆرن بە ٣٠ پەڕتووک تەواو نابێ.
لێنین لەم ڤیدیۆیە لەگەڵ هاوسەرەکەی لە تیاترۆ دانیشتوون لە بەڵکۆن کەشوێنی مرۆڤە ئەریستۆکراتەکانە و نرخی بیلێتەکەی گرانترە وەک لە ڕیزی خوارەوە و بینەری شانۆی نووسینی ڤاگنەرە و هیچ لەگەڵ چەمکی پرۆلێتاری و چینی ڕەش و ڕووت یەک

---

[165] ـ ڤیکتۆر سیبەستیان " لێنین-دیکتاتۆر-وێنە ڕۆحانیەکەی"، لاپەڕە ٢٦

ناگرێتەوە، بە هەر حاڵ لە بەشی دووهەمی هەمان ڤیدیۆ لەگەڵ دۆستەکەی بەناوی ئێنیستە ئارمەند ماچ و مووچێن دەکا.[166]

## ستالین و دۆستەکانی.

ستالین پێش ئەوەی دەست بەکاری سیاسی بکا هێشتا لە قەفقاز-گرووزیا(جیۆرجیا) بووە کە کچێکی بەناوی ئێکەتەرینە فەنیدزێ ی خواستووە لە گوندەکەی و منداڵێکی لێ بووە بەناوی یاکۆڤ(یعقوب). ژنەکەی پاش ٣ ساڵ مردووە. ستالین منداڵەکەی خۆی نەبینیوە کە لەو ژنەی هەیبوو تاوەکوو گەورە بووەو ستالین'یش نەکەوتە دەسەڵات لە مۆسکۆ. پاشان منداڵەکەی هات بۆ لای و سەردانی کرد. بەڵام ستالین هیچ دڵی پێیخۆش نەبوو کەهاتووەو سەردانی کردووە.

**ستالین و لیدیای تەمەن ١٣ ساڵ**

ستالین لەگەڵ هەڤاڵانی بارگران خۆی سەرقاڵ کردبوو بەسیاسەتەوە لەدژی قەیسەر، بەڵام زوو لێی ئاشکرابوو و سزای زیندانی دوور خستنەوەی لەسەر درا بۆ کەوتگەی باکور( قطب شیمالی) لەمانگی ئازاری ساڵی ١٩١٤ کە ئەو کاتە ستالین تەمەنی تەنها ٣٥ ساڵ بووە. بەهەمان شێوە سڤێردلۆڤ'یش ( جولەکە بەرەسەن لەکاتی حوکمی بەلشەڤیک دەبێتە یەکێک لە جەللادترین بەلشەڤیک بۆ کوشتنی نەیارەکانی حیزب) کاری حیزبی لێ ئاشکرابوو ڕەوانەی هەمان گوندی کەوتگەی باکوور کرا. ستالین و

166 https://www.facebook.com/NeazyAsma/videos/pcb.1422349611230870/1424866814312483/?type=3&theater

سڤێردلۆڤ پێکەوە لەخانوویەک ژیاون بەڵام هەر لەمانگی یەکەمەوە بەرگەی یەکتریان نەگرتووە و تەبیعەتی یەکتریان بەدڵ نەبووە. هەربۆیە ستالین لەو ماڵە دەرچووە. پاشان ستالین لەناو ماڵێک ژیاوە کە هەژارترین خێزانی ئەو گوندە بووە. بریتی بوو لە بێوە ژنێک و چەند منداڵێکی هەبووە کە تەمەنیان جیاواز بووە لە کوڕ و کچ. یەکێ لەو مندالانە کچێکی تەمەن ١٣ سالانە بووە. بەگوێرەی یاسای ئەوکاتە قەدەغە بووە پێش ١٤ ساڵی کاری سێکس و خواستنی بکەیت، بەڵام لە دوای ١٤ ساڵیەوە ڕێگا پێدراو بووە. هەرچەندە لەشارەکان دیسان لەو تەمەنە کچیان بەمێرد نەداوە تەنها لە ئاوایی و گوندە دوور و دەشتەکیەکان نەبێ منداڵانی خۆیان بەمێرد داوە لەدوای تەمەن ١٤ ساڵیەوە. کاتێ لەو گوندە بووە تەنها ٣٨ پیاو ٢٩ ژن لەو گووندە ژیاون.

ستالین پێش ئەوەی ڕابکا بۆ جاری دووهەم لەو گوندە لەساڵی ١٩١٦ کچێکی سک پڕ کردووە بەناوی "**لیدیا** "کە ئەو کات تەمەنی هێشتا ١٣ سالانە بووە و لە تەمەنی ١٤ ساڵی منداڵێکی لێ بووە بەناوی ئەلێکساندەر لەساڵی ١٩١٧. کاتی ستالین هات بۆ مۆسکۆ و دەرگای بەختی بۆ کراوە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بوو بە سکرتێری حیزب و ڕابەری وڵات، بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بەو کچە و منداڵەیەوە نەکردەوە بزانێ چۆن دەژین و یارمەتی داراییان بۆ بنێرێ و لێیان بپرسێتەوە و بزانێ منداڵەکەی ماوە یان چۆن بە خێو دەکرێ.

لەدوای مردنی ستالین،خروشۆڤ هەڵسا بەلێکۆڵینەوەی دەنگۆی بوونی پەیوەندی نێوان ستالین و ئەو کچە ١٣ سالانەی بەناوی "لیدیا "وە کە هەبووە لەو گوندە. داوای لە ژەنەڕاڵێکی بەرپرسی کەی جی بی(دەزگای موخابەراتی سۆڤیەت) کرد بەناوی "**سێرۆڤ** "بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێکی پێشکەش بکا و بەدواداچوون لەو مەسەلەیە بکا ئەگەر

ڕاستە یان تەنها دەنگۆیە.

لەساڵی ١٩٥٦ ڕاپۆرتێکی بە خروشۆف پێشکەش کرد ئەویش لەپێش مەکتەبی سیاسی ڕاپۆرتەکەی خوێندەوە و وتی: ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەریخستووە بەڵێ ستالین لەگەڵ کچێکی ژێر تەمەنی ١٤ ساڵ خەوتووە بەناوی **"لیدیا پێرێپریگینە** " کاتێ دوورخراوەتەوە بۆ سیبیریا. لەڕێگای لێکۆلینەوە و پرسیارکردن لە خەڵکی ئەو گوندە بەناوی" **کورێیکە** " کە لە ناوچەی سیبیریایە لە نزیک کەوتگەی باکور (بازنەی ئارکتیک).

پێش ئەو ڕووداوەش جارێکی تریش کە سزای دوورخستنەوەی بۆ درا بوو لەجاری یەکەم دیسان پەیوەندی حووب و غەرامی لەگەڵ هەڤاڵێکی بارگرانی کچ دروستکرد بوو بەناوی **"پاووڵە"**، بەڵام باس ناکرێ ئەگەر هیچ منداڵێکی لەو کچە ژێر تەمەنەی خۆی هەبووە یان نەء ، هیچ ڕیکۆردێک تۆمار نەکراوە

کاتێ ستالین پۆست و دەرگای بەختی کراوە زوو پەیوەندی لەگەڵ **نەدیێژدە ئەلیلووڤەی** دروست کردووە ئەویش لەتەمەنێکی زۆر منداڵ تر بووە لەخۆی و ١٧ ساڵان بووەو ستالین'یش ٣٩ ساڵی بووە. نەدیێژدە کچی هەڤاڵێکی بارگرانی برادەری بوو لەکاتی کاری سیاسیان لەنهێنی. کوڕێکی لەو کچە بوو بەناوی **"ڤەسیلی"** و کچێکی بەناوی **"سڤێتلانە"**. دایکیان واتە نەدیێژدە خۆی کوشت لەساڵی ١٩٣٢ لەداخی ستالین. زۆر چیرۆک و گومان هەیە لەشێوەی کوشتنەکەی هێندێک دەڵێن ستالین بەدەستی خۆی کوشتوویەتی هەندێکی تر دەڵێن کاتی زانیویەتی ئەو هەموو تاوانەی کردووە بەرامبەر بە دانیشتوانی ڕوسیا لە تیرۆر بەرگەی ئەو تاوانانە مێردی نەگرتووەو هەندێکی تر دەڵێن لەبەر خیانەتی هاوسەرگیری ستالین خۆی کوشتووە.کە لە دوای مردنی ستالین سڤێتلانەی کچی ڕایکرد بەرەو ئەمەریکا و حەیا و ئابڕووی

سیستەمی کۆمۆنیزم و خرۆشۆڤی برد.

ستالین کاتێ لە لوتکەی دەسەڵات بوو پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژنی "ڤەرۆشێلۆڤ" ی هەبووە کە پاشان بوو بە وەزیری بەرگری سۆڤیەت. وەک باس دەکرێ ژنی ڤەرۆشیلۆڤ زۆر جوان بووە، هەرچەندە جولەکە بووەو ستالین هیچ حەزی لەنەتەوەی جولەکە نەکردووە، بەڵام بۆ حەزێکی شەو کێشە نەبوو ئەگەر بخەوێ لەگەڵ ژنێکی جوو لەشەوی سەری ساڵ، کە هەموو ئەندامانی هەڤاڵانی بارگران کۆبوونەتەوە و خواردویانەتەوە تاوەکوو بەرەبەیان. ستالین سەرخۆش بووە و لەدووری سەر مێزەکەی هەر گوڵ و لەتە نان و شتی بۆ ژنی ڤەرۆشیلۆڤی هەڵداوە لەبەرچاوی مێردەکەی و جەماعەتی تەڤگەرەکان. نەک ئەوە بەڵکو هەر هەمان شەو داوای لێکردووە لەگەڵی بخەوێ و بردویەتیە یەکێ لە ژوورەکانی کرێملن و ژنی ستالین پێی زانیوە و هەر ئەو شەوە خۆی کوشتووە. ڤەرۆشیلۆڤی مێردی دۆستی ستالین نقەی لێوە نەهاتووە ئەو شەوە ژنەکەی لەگەڵ هاورێ ستالین دەخەوێ و هیچ هەڵوێستێکی نەبووە وەک پیاو و مێردی ژنە.

لە دوای خۆ کوشتنی ژنی ستالین "نەدیێژدە ئەلیلووڤە" لەساڵی ١٩٣٢، ستالین بەفەرمی ژنی تری نەهێناوە. بەڵام دەنگۆی ئەوە هەبووە کە پەیوەندی سێکسی و عەشقێکی هەبووە بەناوی **"ڤەڵینتینە ئێستۆمینە"** کە ١٨ ساڵی بووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی فەرمی نەبووە تەنها چەند وتەیەکی **مۆڵۆتۆڤ**ی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت لە دوای مردنی ستالین باس لەوە دەکا لەگەڵی خەوتووە بەڵام ژنی نەبووە.

بەگوێرەی شایەتحاڵ و هێندێک لە مێژوونووسەکان باس لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٣

دەکەن کاتێ ستالین بەتەنیا ژیاوە پەیوەندی لەگەڵ خزمەتکارێکی خۆی دروست کردووە بەناوی (ڤەلێنتینە ئیستۆمینە ١٩١٧-١٩٥٥) کەدوا دۆستی ستالین بووە.[167]
من چەند چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنی و هەندێک لە ڕۆژنامەکانی ڕوسیام لە کاتی خۆیدا خوێندووتەوە باس لەو پەیوەندیەی نێوان ستالین و ئەو کچە گەنجە دەکەن، بەڵام سەرچاوە و بەڵگەم نەبوو. بەڵام ئێستا لەبەردەستم دا هەیە سەیری ئەم لینکەی یوتوب بکە بەزمانی ڕوسی باسی ستالین و کچەی ١٣ساڵیە دەکا.
ڤیدیۆیەکە بەزمانی ڕووسیە و چەند مێژوونووسێکن باسی تاوان و کەسایەتی و هەڵسووکەوتی ستالین دەکەن.[168]
"نیکۆلای ناد" ئەندامێکی موخابەڕاتی سۆڤیەتیە و مێژوونووسێکی پسپۆڕە لەسەر ژیاننامەی ستالین و سەردەمی ستالین، وە لەنزیکەوە بەڕێوەبەری (مدیری مخابراتی سۆڤیەت بەناوی کەی جی بی) بەناوی "کرووتشکۆڤ" و جێگرەکەی دەناسێ و پەیوەندی برادەرایەتی لەگەڵیاندا هەبووە کەلەسەردەمی "گۆرباتشۆڤ". هەربۆیە ڕێگەی پێدراوە لەنزیکەوە سەر بەو دۆکومێنت و ئەرشیڤانەی سەردەمی ستالین دابخشێنێ.
چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنی فەرمی ڕوسیای فێدێڕاڵی لەگەڵ کراوە. لەو کەناڵە فەرمیەی ڕوسیا لەژێر چاودێری حوکومەتەوە هەر قسەیەک لەو کەناڵە سیاسیەی

---

167
https://www.youtube.com/watch?v=qArzUqm_PoU&feature=share&fbclid=IwAR1Tg3r4mO4Ew1yBqt8cM_tEwA8-7WuLYlKnNur5UX5FyyhtPtVw8T_YUKU

168
https://www.youtube.com/watch?v=qArzUqm_PoU&feature=share&fbclid=IwAR1Tg3r4mO4Ew1yBqt8cM_tEwA8-7WuLYlKnNur5UX5FyyhtPtVw8T_YUKU

ڕوسیا بکرێ RTV ئیدی دەبێتە دۆکومێنتێکی فەڕمی حوکومەت. بەگوێرەی ئەوکەناڵە بێ هێشتا بە سەدان تۆن ئەرشیڤ هەیە نەخراوەتە بەردەستی مێژوونووسان باس لە نهێنیەکانی ئەو سەردەمە دەکا، وە هیوادارین ڕۆژ بەرۆژ ئەو ڕاستیانەی ئەوکات ئاشکرا بکرێن. لینکەکانی لەخوارەوە دادەنێم

بێینەوە سەر "ڤەلێنتینە ئیستۆمینە" کچێکی بەدبەختی گوندی هەرێمی ئەڕلۆڤسکی بووەو دەکەوێتە باشووری ڕوسیای فیدڕالی ئێستا. کاتێ تەمەنی بووەتە ١٨ساڵ هاتووەتە مۆسکۆ بۆ کارکردن و لەکارگەیەک کاری کردووە. بەڵام جوانیەکەی سەرنجی دەزگای هەواڵگری (گەوادەکانی) ستالینی ڕاکێشاوە و گەیاندویانەتە بەرێوەبەری پاسەوان و هەواڵگریی تایبەتی خودی ستالین بەناوی (نیکۆلای ڤلاسیک ١٩٣١-١٩٥٢). نیکۆلای ڤلاسیک چووەتە لای ئەو کچەو ئۆفەرێکی باشی پێشکەش کرد ئەگەر حەزبکا نانی بکەوێتە ڕۆنەوە ئەوا دەتوانی ببێتە چێشت لێنەری ستالین و خزمەتکاری شەخسی ستالین. سەرەتا لە چێشتخانەیەکی نزیک کۆشکەکەی ستالین لەدەرەوەی مۆسکۆ ڕۆژانە خواردنی دروست دەکرد و دەیخستە بەردەست ستالین. هەرلەوێ لەهەمان ساڵدا پەیوەندی لەگەڵ سەربازێکی پاسەوان دروستکرد و هەر لەوێ و خواستوویەتی.

ستالین ئەوکاتە تەمەنی ٥٧ ساڵ بووە ئەو کچەش ١٨ ساڵی بووە. بەڵام ستالین هەرچاوی لەسەر ئەو کچە ١٨ ساڵیە بووە. ئیدی ڕۆژانە ستالین لێی نزیک بۆتەوە و بانگی کردووە بۆ لای خۆی بەناوی خزمەت کردنی لە دوای ساڵی ١٩٣٥ ئیدی پەیوەندی سێکسی لەنێوانیاندا دروست بووە.[169]

---

169

مێژوونووس نیکۆلای ناد کە لە ٤ بەرگ ژیاننامەی ستالینی نووسیوەتەوە هەر ئەم ساڵ ٢٠١٨ نوێترین و دەوڵەمەندترین سەرچاوەی ئەرشیڤی نوێی کەوتووەتە دەست. ڕاستیبێ من هێشتا بەدەستم نەکەوتووە ئەو ٤ بەرگە بیانخوێنمەوە، بەڵام بەگوێرەی ئەو٢ زنجیرە چاوپێکەوتنە نەبێت و لە قسەکانی دیارە هاو سۆز و لایەنگیری ستالینە و پاکانەی بۆ دەکا و دەڵێ بەفەرمی خواستوویەتی.[170]

بەڵام قەت باس نەکراوەو کەس بەفەرمی باسی نەکردووە ئەگەر ستالین بەفەرمی خواستبێتی. چۆن ئەو کچەی هێناوە ئەگەر مێردی بە پاسەوانێکی ستالین کردبێ هەر لەوێ؟ بەگوێرەی پێداچوونەوەی خۆم و خوێندنەوەی هەندێک سەرچاوەی ئێنتێرنێت، وا باس دەکرێ تەنانەت کاتێ ستالین مردووە تەنها ڕێگەیان بەو ژنە داوە لاشەی ستالین بشوا و کفنی بکا. ستالین متمانەیەکی تەواوی بەو ژنە هەبووە تەنها بەدەستی ئەو نانی خواردووە و دەرمانەکانی خواردووە لەترسی ئەوەی نەبادا کەسێکی تر ژەهری بداتێ.[171]

سەرچاوە زۆرن بەزمانی ڕوسی لەسەر حوب و غەڕامی ئەو سێ کووتکەیە- لێنین و ستالین و ترۆتسکی، بەتایبەتی لەدوای گۆرباتشۆڤ زۆربەی ئەرشیڤەکانی بەڵشەڤیک

---

http://chudosveta.spb.ru/istomina-valentina-foto.html?fbclid=IwAR3KZBjEpZ2LHhvk8fy-M5ApzMWc-0gIFA8bV-caeyNw41QmUHq80xLDd4k

170

https://www.facebook.com/NeazyAsma/videos/1436043226528175/?permPage=1

171

https://ru.wikipedia.org/wiki/%D0%98%D1%81%D1%82%D0%BE%D0%BC%D0%B8%D0%BD%D0%B0,_%D0%92%D0%B0%D0%BB%D0%B5%D0%BD%D1%82%D0%B8%D0%BD%D0%B0_%D0%92%D0%B0%D1%81%D0%B8%D0%BB%D1%8C%D0%B5%D0%B2%D0%BD%D0%B0?fbclid=IwAR1pjVDnF5YQ2uPvGOP-pJSZAiLHzovplh2jTeQasMm9oKfoVC6oldL5VhE

و سۆڤیەت و هەندێك لە مخابەراتی سۆڤیەت خرانە بەردەستی مێژوونووسان ، ئێستا مێژوونووسەکان لەچاوپێکەتنە تەلەفیزیۆنەکان باسی ئەو ڕووداو و کارەساتانەی ئەوکات دەکەن.

## ئەنجامی باسەکەم چەند پرسیارو وەڵامێك دەهێنێتە گۆڕێ:

ئەگەر سەرکردەکانی بەڵشەڤیک هێندە دەستیان بەخوێن و تاوانە ئەی بۆ ئەو هەمووئەرشیڤ و تێلێگرامانەیان نەسووتاندووە یان لەناویان نەبردووە پێش ئەوەی بمرن یان لەدەسەڵات نەمینێن؟

پرسیارێکی جوانە. هەر پێش ماوەیەک بەچەند هەفتەیەک باسێکی ئەرشیڤ و ـ رقابة ـ چاودێری سۆڤیەتم کردووە کە چۆن چۆنی کاری کردووە.

ڕاستی بێ ئەگەر لە کوولتووری مەسعود بارزانی و تاڵەبانی و حیزبە کوردیەکان بێ زۆر زۆر ئاساییە ئەوکارە بکەن و تاوان و ڕێککەوتنە ژێر بەژێرەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بە شاراوەیی بیهێڵنەوە . بەڵام بۆ لێنین یان ستالین یان یوگۆدا، یۆژەڤ و بێریا و ئەباکوومەڤ ئەو کارەیان نەکردووە؟

ڕوسیای قەیسەری ، سۆڤیەتی بەڵشەڤیک و یەکیەتی سۆڤیەت دەوڵەتە و سیستەمە. ڕۆژانە بەهەزارەها تێلێگرام و نامە گۆڕینەوە کراوە، کۆبوونەوەی حیزبیەکان هەر هەمووی نووسراوەتەوە و تدوین کراون وە تاوەکوو ئێستا لەهەموو دەوڵەتێک و جیهانی شارستانی هەموو گفتووگۆیەک نەک لەنێوان دەوڵەتان و وەفد و سەردانەکان

دەنووسرێتەوە و دەخرێتە ئەرشیف بۆ ئەوەی نەوەک لەدوا ڕۆژ بەچاوی یەکتر دابدرێتەوە دەبێ هەر لایەنە و پاڵپشتێکی هەبێ لەنووسراوەکان.

واتە هەموو کۆبوونەوەکانی حیزب نووسراوەتەوە، تەنانەت قسەکانیان هەر کەسێ یەک وشەی وتبێ لەهەر کۆبوونەوەیەکدا نووسراوەتەوەو تۆمارکراوە و پارێزراوە.

ڕۆژانە لێنین بە دەیان تێلێگرامی لێداوە، واتە نێردراوە بۆ شوێنی جیاواز، بۆ شار و گوند و هەرێم لەم سەری وڵات بۆ ئەو سەری باکوور. قابیلە لێنین بچێ بۆ ئەو پەڕی ڕۆژئاوا بگەڕێ بەدوای تێلێگرامەکەی لەو پۆستەچیە داوای تێلێگرامەکەی لێبکاتەوە بزانێ چی نووسیوە بۆ ئەوەی بیسووتێنی نەوەک لەدوا ڕۆژ بکرێتە بەڵگە لەدژی؟ نەخێر ئەو تێلێگرامانە زۆریان لە شارو هەرێمەکانی ترەوە وەرگیراون. پاشان نە لێنین و نە ستالین و نە ترۆتسکی شەرمیان لە تێلێگرام و واژۆکردنی بە کۆمەڵ لە سێدارەدان نەکردووە. ترۆتسکی زۆر بەڕاشکاوانە دەیوت:

بۆ هەر تیپێکی سەربازی بگەڕێتەوە لەشەڕ پاشەکشە بکا لە هەر ١٠ دانە سەرباز و ئەفسەر یەکێکیان دەبێ بکوژرێ و حەیەیاللە کێ بەردەکەوێ لەکاتی ژماردنی سەربازەکان. واتە سەربازەکانی ڕیز کردووە دەیژماردن یەک، دوو، سێ، هتد تا دەگەیشتە سەربازی ژمارە ١٠ و دەریان دەهێناو گوولە بارانیان دەکرد بێشەرم کردن و بە ئاشکرا ئەوکارەیان کردووە.

لێنین ووتەیەکی بەناوبانگی بێشەرمانەی هەیەو نایشارنەوە کاتێ دەڵێ:

" **کەپیتالیزم پەت بە ئێمە دەفرێ و ئێمەش هەر بەو پەتە هەڵیان دەواسین** ".

تیرۆری سوور و تیرۆڕی مەزنی ساڵی ١٩٣٧ کارەسات بوو و ناشاردرێتەوە. بەیەک واژۆی ستالین لەسەر ٣،١٠٠ فەرمانی گولە بارانی کردووە، پاشان چووە سەیری فیلمی کردووە. بۆ دەبێ ستالین پێش مردنی بچێ یان داوای ئیمزاکەی بکا بۆ ئەوەی ڕەشی

بکاتەوە، لەبەرئەوەی لەدوا ڕۆژ ئاشکرا نەبێ کەئیمزای کردووە؟ نەخێر بەشانازییەوە ئەوکارەیان کردووەو باوەڕناکەم چاوەڕوانی ئەم ڕۆژەی ئێستایان کردبێ کە مێژوونووسان و سیاسەت مەداران و خەڵکی خاوەن ویژدان و مێشک و عەقڵ لەعنەتیان لێدەکەن.

سەیری ئەم گرتە ڤیدیۆیە بە ژێرنووسی کوردی- سۆرانی بکە من وەرمگێڕاوە

دان پێدانێکی فەرمی ستالین

ستالین دانی پێدادەنێ کە ١٠ ملیۆن کەس بوونە قوربانی سیاسەتی دژە کوڵاک و بردنی بە زۆرەملێی جوتیاران بۆ کاری هەرەوەزی و بەرهەم هێنان".[172]

هەرچەندە ستالین قسەی دڵی لای هەڤاڵانی درکاندووە کە لەدوای مردنی خەڵک گۆڕەکەی دەکەن بە زەباڵە و گڤک. هەرچەندە تاوەکوو لە ژیان بوون شارو گوند و کوچەو کۆڵانەکانی وڵاتیان تەنی بوو بە پەیکەرو پۆستەری خۆیان، بەڵام لەدوای ستالین یەک بەدوای یەک پۆستەری یەکتریان لابردووەو لەعنەتیان لەئەوەی پێش خۆیان کردووە.

ئەگەر تۆ ئەرشیڤیش بسوتێنیت ئەی مرۆڤەکان چی لێ دەکەیت؟ هەرچەندە بە ملیۆن و ٢٠ ملیۆن نەفەری بێتاوانی کوشت، تەنانەت سەرۆکی ئێنکەڤێ دێ و تشیکیست و کەی جی بیەکانیشی کوشت بۆ ئەوەی تاوانی خۆی( ستالین کەمتر بێتەوەو وەک شایەتێک نەمینێتەوە پێش مردنی خۆی)، بەڵام دیسان نهێنی قەت ناشاردرێتەوە هەر

172 https://www.youtube.com/watch?v=Wv6l4-nzGvc&feature=share

ئاشکرا دەبێ. برا چەند ئەرشیف بسوتێنیت دیسان ڕاستیەکان هەر ئاشکرا دەبێ، هەربۆیە پێم وابێ بۆ ئەوکات کۆنترۆڵی تەواویان نەبووە وەنەیان زانیوە بەم ئاراستەیە دەشکێتەوە. بۆ تۆ پێت وانیە مەحزەرەکانی پوتین نانوسرێتەوە؟ بە سەدان بەڵگەو تاوانی کردووە بۆ پێت وایە ئێستا پوتین دەچێ بۆ دائیرەی موخابەراتی و دەڵی دەنگە تۆمارییەکەی من و نووسراوەکانم بدەرێ لە کوشتنی چالاکوانی ڕوسی کە پوتین پێی تاوان بارە؟ ئەگەر ئەوکارەش بکا دیسان شایەتحاڵ زۆرن باسی بکەن چەند دانەت کوشتووە.

ئەنجامی نەهامەتی ئەو شۆڕشە بەچەند ووشەیەك:

بەماوەیەکی زۆر کەم پاش سەرکەوتنە مەزنە شکۆدارەکەی ئۆکتۆبەر، لێنین دەڵێ: " گرتنی دەسەڵات هەر زۆر ئاسان بوو هەروەک هەڵگرتنەوەی پەڕەمووچێک( ڕیشەی باڵدارێک) وابوو".

قسەکەی زۆر ڕاستە، بەڵام وا پێدەچێ چاوەڕوانی عاقیبەی هەڵگرتنەوەی پەڕە ڕیشەکەی نەکردبێ، چی بەدوای قەوما یان نەیزانی چی بەسەر ڕوسیا دێ و چەند خوێن دەڕژێ و باجەکەی چەند زۆرە و چ کارەساتێک دەخوڵقێ؟

١- سیستەمی کارکردنی زۆرەملێ بەرە و کۆیلەکردنی گشت کۆمەڵگا.

٢- هەر لە شەڕی ناوەخۆییەوە تا کوشتنی نەیارەکانی بەڵشەڤیک یەک بەدوای یەک.

٣- بۆ ماوەی ٧٤ ساڵ کەسایەتی تاکیان لەکەدار کرد لەڕێگای حوکمی کۆمۆنیزمەوە.

٤- مۆدێلێکی سەقەت کە ئەنجامێکی شکستخواردووی بەدوای خۆی دا هێنا.

٥- حوکمی بەڵشەڤیکی- کۆمۆنیزم کەوتە زەبالەی مێژووەوە. بە تەجروبەیەکی سەقەت لەقەڵەم دەدرێ، چونکە لەڕووی واقیعەوە خەڵک پێشوازی لێ نەکرد و لەزۆربەی

ولاتان لەڕێگای کودەتاو خوێن ڕشتنەوە هاتنە سەر حوکم و دەسەلاتیان بەرنەدا تاوەکوو لەژێر فشاری گەڵ لە حوکم لا بران یان دەرکران.

**ئینقلاب کردن وەك ئاوخواردنەوە وابووە!**

بەماوەیەکی زۆر کەم پاش سەرکەوتنە مەزنە شکۆدارەکەی ئۆکتۆبەر، لێنین دەڵێ گرتنی دەسەلات هەر زۆر ئاسان بوو هەروەک هەڵگرتنەوەی پەڕەمووچێک( ڕیشەی باڵدارێک) وابوو.

قسەکەی زۆر ڕاستە، بەلام وا پێدەچێ چاوەڕوانی عاقیبەی هەڵگرتنەوەی پەڕە ڕیشەکەی نەکردبێ، چی بەدوای قەوما یان نەیزانی چی بەسەر ڕوسیا دێ و چەند خوێن دەڕژێ و باجەکەی چەند زۆرە و چ کارەساتێک دەخوڵقێ؟

١- سیستەمی کارکردنی زۆرەملێ بەرە و کۆیلەکردنی گشت کۆمەڵگا.

٢- هەر لە شەڕی ناوەخۆییەوە تا کوشتنی نەیارەکانی بەلشەفیک یەک بەدوای یەک.

٣- بۆ ماوەی ٧٤ ساڵ کەسایەتی تاکیان لەکەدار کرد لەڕێگای حوکمی کۆمۆنیزمەوە.

٤- مۆدێلێکی سەقەت کە ئەنجامێکی شکستخواردووی بەدوای خۆی دا هێنا.

٥- حوکمی بەلشەفیکی کۆمۆنیزم کەوتە زەبالەی مێژووەوە. بە تەجروبەیەکی سەقەت لەقەڵەم دەدرێ، چونکە لەڕووی واقیعەوە خەڵک پێشوازی لێ نەکرد و لەزۆربەی ولاتان لەڕێگای کودەتاو خوێن ڕشتنەوە هاتنە سەر حوکم و دەسەلاتیان بەرنەدا تاوەکوو لەژێر فشاری گەڵ لە حوکم لا بران یان دەرکران.

پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە: **" مادام لێنین دەیزانی کە وایە، ئەی بۆچی ستالینی کرد بە جێگری خۆی؟ وەسیەت نامەکەی لێنین زۆر گاڵتە جاڕییە" !.**

ئەگەر لێنین زانیویەتی ستالین کەسێکی دڵڕەق و زاڵمە و بەکەڵکی سەرکردایەتی و جێگرەوەی خۆی( لێنین ) نایە ئەی باشە بۆ کردی بە ئەمینداری گشتی بۆ لیژنەی مەرکەزی حیزب لەساڵی ١٩٢٢ پاش نەخۆش کەوتنی ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵاتی زیاتر دەبوو، ئەی بۆ نەیتوانی لەکاتی گونجاودا وەلای بنێ، یان بۆ ترۆتسکی هەڵنەبژارد؟ یەکەم جار لەترۆتسکیەوە دەست پێبکەین. تاوەکو یان بڵێن پێش کودەتاکەی لێنین بە چەند مانگێک تا ئەو کاتە ترۆتسکی هەر لەسەر مێنشەڤیک حساب کرابوو نەک بەڵشەڤیک ئەمە یەک. دووهەم: ترۆتسکی لەناو بەڵشەڤیەکان بەکەسێکی ناحەز و هەر بەچاوی مێنشەڤیک سەیریان دەکرد و لایەنگرێکی زۆری نەبوو لەناو لیژنە مەرکەزی. تەنانەت بەدرەنگەوە کردیان بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەڵشەڤیک. لەگەڵ ئەوەش وەک کەسێکی غەریب سەیریان دەکرد لەناو کۆبوونەوەکان، بەڵام دیسان هەربەچاوی کەسی دووهەم سەیر دەکرا لەناو جەماوەر. بەتاییەتی لێنین بایەخی زۆری پێی دەدا لەگەڵ ئەوەش چەند جارێک ڕاست و ڕەوان لەدەستی ترۆتسکی ناو وتی: دەزانم من (لێنین) و تۆ( ترۆتسکی) حەساسیەتمان بەرامبەر بەیەکتر هەیەو بەڵکو حەزیش لەیەکتر نەکەین، بەڵام پێویستە پێکەوە کاربکەین بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی پڕۆلێتاریا و تۆزێک نەرمی بنوێنە بەرامبەر بە هاڤالانی مەکتەبی سیاسی و حیزب و ئەندامەکان لەخۆت مەڕەنجێنە، چونکە هەست دەکەم تۆ بەچاوێکی کەمتر لەخۆت سەیریان دەکەیت و هەر ئەم هۆیەشە ئەوانیش حەز لەتۆ ناکەن، چونکە موجامەلەیان ناکەیت." هەربۆیە لێنین پێی وا بوو ترۆتسکی ئەگەر ببێتە جێگرەوەی لێنین لەوانەیە نەتوانێ پاڵپشتی حیزب بەدەست بهێنێ. و قسەکەش ڕاست دەرچوو هەر هەموویان لە دژی ترۆتسکی وەستان لەکاتی قەیرانی سەرۆکایەتی و دایانە پاڵ ستالینی گەمژە.

ئێستا بێینە سەر ستالین: لێنین دەیزانی کە ستالین کەسێکی زیرەک و تیۆریزان نیە وەک ترۆتسکی. دەیزانی کە ڕوس نیە و زمانە ڕوسیەکەی لەئاستی وتاردان نیە بۆ جەماوەر، بەڵام دەیزانی کەسێکی زاڵم و بێویژدانە و بەڵکو بۆ ئەو قۆناغە کەسێکی ئاوای پێویست بێ و موجامەلەی هەڤاڵانی خۆی دەکرد و لەزۆربەی بڕیارەکانی لێنین نەوەستاوەتەوە ٩٩٪ هەمیشە لەگەڵ دەنگی لێنین بووە و بەرپەچی نەداوەتەوە و کەسێکی ئیداری باش بووە.

کاتێک لێنین تەواو لەڕووی تەندروستیەوە پەکی کەوتبوو، هێشتا دەستی خامەی دەگرت زوو زوو بەڵکو ڕۆژانە تێلێگرامی دەکرد و فەرمانی دەدا، ئیدی وای لێهات فەرمانەکانی نالۆژیکی بوو، وە هەندێک جار هێندە بێ سەروبەر و منداڵانە بووە ئیدی لیژنەی مەرکەزی گەیشتنە قەناعەتێک کە لێنین تووشی نەخۆشی ئەلزایمەر و ئیفلیجی عەقڵی بووە و خەڵەفاوە، هەر ئەوکاتە بوو ئیدی دەست و جولانەوەی لەدەست داو قسەی حەلەق و بەلەقی دەکرد و تا ئەو ڕۆژەی مرد هەر کۆڵی نەدا بزانێ لە وڵات چ خەبەرە. هەرچەندە لە کۆشکی کۆرکی بە دووری ٥ کیلۆمەتر لەمۆسکۆ، تەنانەت ڕادیۆیان لێ قەدەغە کرد گوێی لە هەواڵ و دەنگوباس بگرێت بە بڕوبیانووی ئەوەی هەواڵی ناخۆش بۆ تەندروستی باش نیە. تەنانەت لیژنەی مەرکەزی بێگومان بە فەرمانی ستالین هەموو ڕۆژێک یەک دانە کۆپی تایبەت لەهەواڵی درۆ و ساختەیان بۆ لێنین ڕەوانە دەکرد کە گوایە ئەمە ڕۆژنامەی ناو شارە. واتە ئەو ڕۆژنامانەی بۆ لێنین دەچوو بۆ دەرەوەی شار هەمان ئەو هەواڵانە نەبوو کەلەهەمان ڕۆژنامە لەناو شار و وڵاتەکە بڵاو دەبووەوە. واتە یەک نسخەیان بۆ چاپ دەکرد و پڕ بوو لەهەواڵی خۆش بۆ لێنین. ئابەم شێوەیە بۆ ماوەی ساڵێک هەر هەواڵی ساختەیان بۆ دەنارد، تەنانەت لە دوا ساتەکان ستالین ئیدی تەواو کۆنترۆڵی کۆشک و دەرەوەی کۆشک و

تەلەفۆنات و تێلێگرام و میوانەکانی هاتوو چۆکردن بۆ لای لێنینی قەدەغە کردبوو بە بڕوبیانوی ئەوەی تەندروستی باش نیەو (لێنین) خۆی فەرمانی داوە کە کەس قبوول ناکا.

بەگوێرەی **"ڤیکتۆر سیبەستیان "** لەپەڕتووکەکەی بەناوی **"لێنین- دیکتاتۆر.وێنە ڕۆحانیەکەی"**- ئەو پیاوە مەزنەی کە جیهانی گۆڕی چاپی ٢٠١٧ لندن- و لەپاڵ ئەم کتێبە چەند کتێبێکی تری هەیە لەسەر سەردەمی سۆڤیەت و ڕوخانی حوکمی سۆڤیەت.

لەیەکێ لەبەرهەمەکانی ڤیکتۆر سیبەستیان دەڵێ :

**" لێنین هێندە بێ تاقەت بوو لەدوا ساتەکانی ژیانی تەنانەت داوای لە هاوسەرەکەی کردووە ژەهری بۆ بهێنێ و خۆی بکوژێ لەو ئازارەی کە هەیبووە "**

بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

**" ئەو وەسیەتنامەیەی کە لەکۆتایی مانگەکانی ژیانی نووسی بوو وەک دۆکومێنتێکی کەسێکی نەخۆش و دڕندە لەقەڵەم دەدرێ ".**

مێژوو نووس بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

**" ئاشکرایە کە لێنین حەزی نەکردووە نە ترۆتسکی و نە ستالین دەسەڵاتی باڵا بەدەست بهێنن وە بەردەوام لە پێکدادانی ئەو دوو زاتە بووە ".**

ڤیکتۆر سیبەستیان بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

**" یەکێ لە گەورەترین هەڵەکانی لێنین ئەوە بوو کەسێکی لەدوای خۆی هەڵنەبژارد وەک خەلیفە، وە پێی وابوو شوێنی ئەو بەکەس پڕ ناکرێتەوە، هیچ کام نە ترۆتسکی و ستالین یان هەرکەسێکی تر لە لیژنەی مەرکەزی ناتوانن هەمان ڕۆلی ئەو ببینن هەربۆیە پێی وابوو بەڕێوەبردنی وڵات ئەگەر بکرێ بە جەماعی بێ".**

واتە کاتێ لێنین ویستی پەشیمانی خۆی ڕابگەیەنێ لە هەڵبژاردنی ستالین بۆ ڕابەرایەتی ئیدی درەنگ بوو کار لەکار ترازابوو.

"ڤیکتۆر سیبەستیان لەپەڕتووکەکەی بەناوی" لیننین-دیکتاتۆر.وێنە ڕۆحانیەکەی پیاوە مەزنەکەی جیهانی گۆڕی".[173]

**پرسیارێکی تر بەڵشەڤیک بەنیاز بوو چ کۆمەڵگایەک درووست بکا؟**

بەرپرسانی بەڵشەڤیک ئاوایان لەکادیر و هەڤاڵانی بارگرانەکان گەیاندبوو کە:

**"ئێمە کۆمەڵگایەك دروست دەکەین نەك لەسەر بنەمای ماددی موڵکداری نەمینێ، بەڵکو تەنانەت لەڕووی ڕۆحیەتیشەوە موڵکداری بۆ کەس نامینێ".** مانای چیە؟

ئەگەر ئەو چەمکە لەڕووی سێکسەوە بیخوێنینەوە، کاری جووت بوون و سێکس و تێکەڵ بوون لە قۆناغی کۆمۆنیزم مانای نامینێ.

## "هەموو تاکێک لەخزمەتی گشتە و هەمووانیش(گشتیش) لەخزمەت یان بۆ خزمەتی تاکە"

---

173 [http://ren.tv/novosti/2017-04-22/britanskiy-istorik-raskryl-tayny-lenina?fbclid=IwAR3asb88xWAyrLhguQ7BqeGKJfRUOV1z57ebK4TpM9vOdgkSMMKd8feU-80](http://ren.tv/novosti/2017-04-22/britanskiy-istorik-raskryl-tayny-lenina?fbclid=IwAR3asb88xWAyrLhguQ7BqeGKJfRUOV1z57ebK4TpM9vOdgkSMMKd8feU-80)

هەر کەسێ حەزی لەهەر شتێ بێ، لەهەر کەسێ بێ و دەستی بۆ بەرێ دەتوانێ لەگەڵی بخەوێ. حەزت لە نانە(خبز) ئەوا لەهەموو شێلڤێکی دوکانەکان دانراوەو بێ دراو هەڵی بگرە بەگوێرەی پێداویستیت. ئەگەر دراو مانای نەمینێ کەواتە کۆمەڵگا هەروەک کۆمەڵگا سەرەتاییەکان لە فۆڕمێکی نوێ دەژین و تێکەڵبوونێکی گەلەکۆمەکە.

مادام ئەخلاق لەسەر بنەمای ئایین لای کۆمۆنیزم دانەڕێژراوە کەواتە دەبێ لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیەکی مادی پرینسیپەکان کاربکەن.

سێکس حەزێکی تێکەڵ بوونی ٢ جەستەی ماددیە و لەش پێویستی بەو کردارە لێکخشانە هەیە. خێزان مانای نامینێ، چونکە هەموو کۆمەڵگا بەرهەمی یەک جۆرە تاکە.

لەبەر ئەوەی سێکس بەو مانا ڕۆژئاواییە حەز و چێژ و بازرگانی پێناکرێ، بەڵکو تەنها حەزێکی جەستەییە هەروەک خواردن بۆ لەش، هەربۆیە پڕۆپاگەندە و ڕێکلام بۆ جەستەی لەشی ژن و پیاو بۆ سێکس و جوانی نەماو ڕێگە پێدراو نەبوو، إستغلالی تاک و کەسایەتیت بکرێ وەک کالا.

تەنانەت عەشق و حوب و غەڕامیش زۆر مەرغووب نەما چونکە لەدیدی کۆمۆنیزمەوە لەچالاکی خەباتت دەباو کەسێکی بێ هێز و ئادیالت لێ دروست دەکاو دەبیت بەکەسێکی سست و لاواز بەرامبەر بە ژیان، هەربۆیە زۆر بایەخیان پێ نەدەدا لە میدیا و وتارە سیاسیەکانیان لە دوای ساڵی ١٩٢٦ بەدواوە پڕۆسەی مارەکردن و تەڵاقدان مانای نامینێ تەنانەت بە ئامادە بوونی بووک و زاوا بێ شایەت مارە دەکرێن لە دائیرەیەکی حوکومی، وەبەهەمان شێوە تەڵاق دەدرێن، تەنانەت ئەگەر یەکێکیشیان ئامادە نەبێ ئەوا بە یەک سەعات تەڵاقەکە دەخرێتە کارەوە. منداڵ

بوونی شەرعی و ناشەرعی نیە هەمووی بەیەک چاو سەیر دەکرێ و هەمان مافی کوومەکی دارایی و پشووی ژنی سکپڕ هەیە بەچەند هەفتەیەک پێش منداڵ بوون و پاش منداڵ بوونەکەی. هیچ پێویست ناکا بزانرێ باوکی کێیەو ئەگەر ئەو مافی هەبێ یان نەبێ بەسەر ئەو منداڵەوە ئەوا منداڵی حوکومەتە و ئەو بەرپرسە لێی

بەگوێرەی ئەحکامی بەڵشەڤیک هەر لەڕۆژی یەکەمی ئینقلابەوە ڕایانگەیاند کە ژن و پیاو یەکسانن بەرامبەر بەیاساو حوکومەت و بەیەک چاو سەیر دەکرێن. هەرچەندە کۆمەڵگاو عەقڵیەتی کۆمەڵگای سۆڤیەت تاوەکوو ئێستاش نەگەیشتووە بەو یەکسانیە بۆ هەردوو ڕەگەز.

**ئاکامی ئەو شۆڕشە چی بەدوای خۆی داهێنا؟**

جەنگی جیهانی یەکەم و شەڕی ناوخۆیی و قات و قڕی و برسیەتی و نەخۆشی تاعونی بەدوای خۆی داهێنا. بێجگە لەمە سیاسەتی دژی جوتیاران بۆ ڕادەست کردنی بەرهەمەکانیان لە بۆ حوکومەت خەڵک ئیدی هیچ نەما بیچێنێ و ئاژەڵەکانی پێ بەخێوبکا، نەک تەنها مرۆڤەکان مردن لەبرسانا، بەڵکو زۆربەی ئاژەڵ و ئاژەڵداری قڕکردەوە. تەنها لەماوەی ۱۹۲۸-۱۹٤۰ زیاد لە ۱۳ ملیۆن کەس مردن بەهۆی سیاسەتی کۆموونەی جمعیة التعاونیة للفلاحین.

لەماوەی دەسەڵاتی لێنین لەنێوان ۱۹۱۷-۱۹۲٤ زیاد لە ۹ ملیۆن کەس بوون بەقوربانی شەری ناوخۆیی و برسیەتی و مردن.

لەماوەی حوکمی ستالین لەنێوان ۱۹۲٤-۱۹٥۳ زیاد لە ۲۰ ملیۆن کەس بوونە قوربانی سیاسەتی سەقەتی ستالین.

واتە کۆی قوربانیانی حوکمی بەڵشەڤیک لەماوەی۱۹۱۷-۱۹٥۳ بوو بە ٤۹ ملیۆن کەس لەجەنگی جیهانی دووهەم زیاد لە ۲۰ ملیۆنی تریش کوژران و ماڵ وێران بوون.

زۆرینەی نەیار و دژە کۆمۆنیستەکان وڵاتیان بەجێ هێشت. ئیدی وڵاتێکی داڕماو پڕ لە بێوەژن و کچی عازەب و بێ مێرد ڕوسیای تەنی بووەوە.

جوتیاران هەوەسی کارکردنیان نەما لە گووندەکان، چونکە ئەوەی بەرهەمی دەهێنا دەبوایە ڕادەستی حوکومەتی بکردایە، دەبوایە لە کێڵگەیەکی بەکۆمەڵ وەک سەربازگەیەکی زۆرەملێیی کاری هەرەوەزی بکردایە بەکۆمەڵ. جوتیار پێکەوە کاریان بکردایە تەنها لەبڕی کارەکەی لەتێ نانێکی پێ دەدرا.

ئیدی فەللاح و دەشتەکیەکان وەک قالۆنچە و کوولە بە شارەکان وەربوون. بێگومان ئەو پڕۆسەی بەڵێشاو هاتن بەرەو شارەکان پێش دەرکردنی یاسای بەڵشەڤیەکان بوو کە مافی تاک و دانیشتوان نیە و قەدەغەیە لە هاتووچۆ و گواستنەوە لەنێوان شارەکانی ناوەوەی وڵات. ڕێژەی بێکاری و قۆرخ کردنی ئەو ڕێژە زۆرەی جوتیارانی بێ تەجرووبە و بێ کولتووریان ئیدی شارەکانیان وێران کرد. بێ ئەوەی فەللاح هیچ شارەزاییەکی هەبێ لەکار و پیشەی ناو شار. دەشتەکیەکان کولتوورێکی وێرانکاریان هێنا بۆ ناو کۆمەڵگای شارەکان و زاڵبوون بەسەر کولتووری شار و سیمای شارییانەی(مەدەنیانە) نەما لەناو شارەکان، بەڵکو شارەکان بەشێوەی گووند بەڕێوە دەبران لە بێ یاساییان و ناڕەحەتی خەڵکی شارەکان و دامەزراندنیان لە بواری کاری حیزبی و بەڕێوەبردنی حوکم و زۆریان ڕوویان لە خزمەتی سەربازی کردو بوون بە بەشێک لە سووپای سوور وە هەندێکیان ڕوویان لەکارگە و کارخانە و شوێنە خزمەت گوزارییەکان کرد و کولتوورێکی نوێیان هێنا کایەوە. بێگومان برسیەتی و تێکدانی سیستەمی بەرهەم هێنان لەگوندەکان وای لەو خەڵکە کردبوو کۆچ بکەن بەرەو شارەکان.

**بڕیاری سەقەت ئەنجامی سەقەت بەرهەم و هەڵوێستی سەقەتیش بەرهەم دەهێنێ.**

دیسان بڕیارێکی سەقەتتر پێشکەش دەکەیت بەحساب بۆ چاکردنی ئەنجامە سەقەتەکەی یەکەم کەبەهۆی بڕیاری یەکەمەوە ئەنجامی سەقەتی هێنا هەمووی بەهۆی سیاسەتی ئابووری بەڵشەڤیک بوو لەدژی جوتیاران بۆ بەرهەمهێنانیان. حوکومەتی بەڵشەڤیک بڕیارێکی سەقەتی دەرکرد، کە چیتر خەڵک نەتوانێ بێتە ناوشارەکان و ئیقامەی پێ بدرێ و بمێنێتەوە تێیدا و قەدەغەبێ و سزای زیندانی لەسەردەبێ.

بەگشتی خەڵکی دەشتەکی و فەللاح منداڵ زۆر دروست دەکەن بۆ کاری کشتوکاڵ و بێ کولتووری لەبواری زانستی پرۆسەی سێکس کردن وای لێکردوون هەر منداڵ بەرهەم بهێنن و هاتنی بەلێشاوی دەشتەکیەکان بۆناو شارەکان ڕێژەی ژنی کەم نەکردەوە بەرامبەر بەڕێژەی پیاو، بەڵکو هێشتا زیاتری کرد. بێ پیاویی و زۆری ڕێژەی ژن کارەسات بووە، بەتایبەتی ئەگەر کەسێکیش بەرپرسی دەوڵەت بوایە ئەوا زۆر بەئاسانی پۆستەکەی خۆی قۆرخ دەکرد. زۆر ژن هەبوون لەبەر بێ مێردی و بێ کاری و بۆ دۆزینەوەی کارێک لە دائیرەیەکی حیزبی و حوکومی ئامادە بوو لەشی خۆی پێشکەش بکا بە کەسی بەرپرس.

لەکاتی حوکمی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لە وڵاتی سۆڤیەت یەک ڕادیۆی محەللی هەبوو سەرتاپای وڵاتی گرتبووە و لەم سەری سنووری ژاپۆنەوە تا ئەو سەری لای فینلەندا. هیچ ڕادیۆیەکی بێگانە و دەرەوەی سۆڤیەت وەرنەدەگیرا. هەموو ڕادیۆکانی دەرەوەی وڵات سیگنالی تەشویشاتی لەسەر بوو هەر لە تەشویشاتی هانی هانیەوە تاوەکوو لاوازی تۆڕی سیگنالەکە. ڕادیۆ محەللیەکان بەشێوەیەک دروست کرا بوو کەهیچ ئێستگەیەکی دەرەوە وەرنەگرێ. ئێستا یەکێ لەهەڤاڵە بارگرانەکانی کورد دەڵێ ئەی

زەمانی خۆی ڕادیۆی سۆڤیەت نەبوو لە عێراق دەفرۆشاو هەموو ئێستگەی جیهانمان پێوەردەگرت، بەڵێ بەڵام ئەو ڕادیۆیانەی کە دەیفرۆش بە دەوڵەتە سۆشیالیستەکان کە ئەوکاتە عێراقیش بەشێک لەو سۆشیالیستە بوو و تایبەت بۆیان دروست کرابوو، جیاواز بوون لە تصمیم و ساختمانی محەللیەکە. هەواڵەکانی جیهان پاش پاککردنەوەی هەواڵەکانی دەرەوە و چی بگوترێ و چ بدرێ بە گوێگری خەڵک هەڵبژاردەیەکیان لێهەڵدەگرت و دەیان دا بە گوێ گوێگران بێگومان بەقازانجی سیاسەتی خۆیان. وە هەر شارێکی گەورە ڕادیۆیەکی بۆ دانرابوو کە ڕاستەخۆ گەیەندرابوو بە ڕادیۆی مۆسکۆوە، واتە یەک ڕادیۆ یەک کەناڵی ڕادیۆ تەنها ٢ کەناڵی تەلەفیزیۆن هەبوو یەکێکیان لە٦ی ئێوارە -١٢ شەو ئەوی تریان لە ٩ی ئێوارە -١١ شەو بوو هەر کاتێ دەبوو بە هەواڵ هەروەک عێراق دەبوون بە یەک کەناڵ و دونیا دەبوو بەیەک جیهان، هەموو هەواڵ و بەرنامە و فیلمەکان ڕەنگدانەوەی کۆمۆنیزم و خۆش گوزەرانی ژیانی تاکی سۆڤیەت بوو.

بەهاتنی بەڵشەڤیەکان وشەی ماڵ نەما چونکە موڵکداری وخانوو نەما و کەس خاوەن ماڵ نەبووەو هەر شوێنێک لەشێوەی خانوو بووایە وەک کۆشک یان لەشێوەی خانووی پڕایڤەت ئەوا دەکرا بەشوێنی بارەگای حیزبی یان ئۆفیسێکی حوکومی بەگوێرەی گەورەیی و بچووکی شوێنەکە. بەڵشەڤیەکان تەنها باڵەخانەی سێ چوار یان ١٠ نهۆمیان دروست دەکرد. لەهەر شوقەیەک بەلایەنی کەمەوە ٣ ژوور بوو. هەر ژوورەی خێزانێکی سێ چوار کەسیان تێخزاندبوو. چۆن دەژین؟ چۆن دەخەون؟ چۆن جێگایان دەبێتەوە لەژوورێکی ٢ مەتر بە ٢ مەتر ئەوا کێشەی تۆیە.

بەکورتی و کورمانجیەکەی زیندانیەکی موحتەرەمانە بوو. شوقەکە یەک چێشتخانەی هەبوو بۆ هەر٣ ژوورەکە و دەبوایە بە نۆرە( سرة) خواردنی تێدا بخۆن چونکە شوێنی

٣ یان ٤ سەر خێزانی نەدەبووەوە، لەهەمان کاتدا نانی تێدا بخۆن، سەرەتا زۆر کێشە دروستبوو لەنێو خێزانەکان ئیدی پاش چەند ڕووداو پێکدادان و شەڕ و کوشتنی یەکتر خەڵکەکە فێری ئەوەبوون ڕژێم و پەروەردە ناچارییەو دەبوو بەرگەی یەکتر بگرن. ببورن ئەگەر بڵێم بە حەیوان کردنی مرۆڤەکان. هەرکاتێ تۆ دەچوویت بۆ چێشتخانە ئەگەر خێزانێکی تری لێبوایە ئەوا تۆ دەگەڕایتەوە ژوورەکەی خۆت و چاوەڕوانت دەکرد تاوەکوو ئەو لەخواردن دەبێتەوە و خەڵکەکە فێر ببوو زوو خواردنەکەی دەخوارد و شوێنی بۆ تۆ دەکردەوە تا نۆرەی تۆبێت. بەهەمان شێوە بۆ حەمام کە شوێنی خۆشتن و قن پاککردنەوە بوو، ئەویش سەرە و نۆرەی لەسەر بوو.

ئینجا بێینەوە سەر باسی ڕادیۆکە. حوکومەت بۆ هەر شووقەیەک یەک ڕادیۆیی بۆ تەرخانکردبوو. تەنها یەک ئێستگەی وەردەگرت. لەهەموو چێشتخانەی شووقەکان ڕادیۆیەک هەڵواسرابوو. ئیدی بە گوێرەی حەماسەتی شیویعیەتی ئەو خێزانانەی پێکەوە دەژیان ، ئەگەر یەکێکی شیویعی هەڤاڵی بارگران لەناو ئەو خێزانانە بوایە ئیدی هەر هەمووی دەکەوتنە بەر ڕەحمەتی ئەو هەڤاڵی بارگرانە و ئەگەر ئەو ڕادیۆکەی بۆ ٦ ی بەیانی داگیرساندووە ئیدی هەمان تاس و حەمام ڕووی دەداو کەس جورئەتی نەدەکرد بچی مارشی سۆڤیەت و سروودی نیشتمانی و شیویعیەکان بکووژێنێتەوە یان کاتێ برێژنێڤ یان بەرپرسێکی حوکومی لەو ڕادیۆیە قسە بکردایەو تۆ بچیت بیکوژێنیتەوە... بە کورتی و کورمانجی جارێکی تریش بلێمەوە هەروەک بەعسیەکانی لای خۆمان بوو، یان کاتێ صەدام قسەی بکردایە کێ دەیتوانی لەمەجلسێکی ناو چایخانە یان شوێنێکی گشتی بچێ بیکوژێنێتەوە، لە سۆڤیەت هێشتا خراپتر خەڵکەکەیان پەروەردەکردبووە. صەدام ویستی بەهەمان شێوەی سۆڤیەت خەڵکەکە پەروەردەبکا، بەڵام بۆی نەچووە سەر نە کورد، نە عەرەب بەرگەی ئەو

تاکپەرستییەی صەدام و حیزبەکەی نەگرت، بەڵام لە ڕوسیای بەڵشەڤیک بۆ ماوەی ٧٥ ساڵ خەڵکەکە بەرگەی گرت، بێگومان قوربانیەکەی زۆر زۆر زیاتر لەعێراقیان دا. ئەگەر بەڕێژەی دانیشتوانیش بێ لەزۆری سۆڤیەت و کەمی دانیشتوانی عێراق دیسان قوربانیانی دەستی تیرۆری سوور زیاتر بوو.

لێرە پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە:

**ئایا ئەوە لەسەرچاوەی ئایدیۆلۆژیەتەکەوە سەرچاوەی گرتووە یاخود لەو کارەکتەر و ڕابەرانەی هەڵگری ئەو ئایدیۆلۆژیە بوون و کاریان لەسەرکردووە؟**

خوێندنەوەی من بۆ خودی کەسایەتی لێنین و هەڤاڵەکانی ئەو چیە؟ هەستە جیاکارییەکانیان تێدابووە یاخود لەبنەڕەتا فەلسەفەکەی کارل مارکس واهەڵدەگرێت؟.

**گریمانی یەکەم:** بەگوێرەی فەلسەفەی مارکس و ئێنگلس و پێکهێنانی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای یەک چین و ئاستی هەموو تاکێک وەک یەک بێ و جیاوازی نەمینێ و تەنانەت بوون و مانەوەی دەوڵەت بەمانای دەوڵەت بە تێپەڕبوونی کات نامینێ، واتە ئەگەر دەوڵەت نەمینێ کەواتە بەرپرس نامینێ، کەواتە هەموو تاکەکان هەست بە بەرپرسیاریەتی و کارکردن دەکەن لە شوێنی خۆیانەوە. کەس بەرزتر نابێ لە کەسێکی تر هەروەها پێکەوە کارکردن ، پێکەوە بەرهەم هێنان ، پێکەوە پلاندانان و بیرکردنەوە. واتە نابێ کەس سەروەر و ڕابەریش بێت.

**گریمانی دووهەم:** هەروەک سەیری دەیکەیت بووەتە تڕادیسیۆن هەر لەهاتنی حیزبێکی چەپی ڕادیکاڵ ئینجا لەڕێگای کۆدەتا بێ یان شۆڕش یان هەڵبژاردنێک ئیدی دەسەڵات دەگرێتە دەستیەوە ئیدی هەڵبژاردن نامینێ، یان ئەگەر بمینێ ساختەی

تێدادەکاتەوە و بەردەوام لەدەسەڵات دەمینێتەوە هەروەک ڤەنزوێلا، بەهەڵبژاردن هات بەڵام الفاتیحة لە دیموکراتیەت.

ئەگەر ١٠٠٪ نەبێ ئەوا بە ٩٥٪ سەرکردەی حیزب و دەوڵەتانی کۆمۆنیستی-سۆشیالیستی ڕابەری یەکەمی دەکا بە فیرعەونێک و المجد و القائد الفذ و پەیکەر لەدوای پەیکەر هەموو قوتابخانەو دوکان و هیچ شوێنێک نامینێ بێ وێنە و پەیکەر تەنها تەوالێت نەبێ. ئەگەر ئاوابێ لەم گریمانە دەبێ هەڵەکە لە ئادیۆلۆژیاکەدابێ، چونکە مەعقول نیە لەهەموو دەوڵەتەکان بەهەمان نەغم و ئاواز دووبارەدەبێتەوە لەتاکپەرستی و ئێلیتێک ئینجا یان لەشێوەی ئۆلیگارخیا یان ئیرارخیا، نۆمێناکلەتوورە، چینێکی بیرۆکراتی، فاسدی، ئیدیۆکراسی، تۆتالیتاری،کۆموونەیی،گێرۆنتاکرەسی، نێکرۆکراسی،فۆبیۆکراسی و زۆرداری دروست دەکەن و دورەپەرێز لەخەڵک لەشێوەی مەلیک و قەیسەر دەژین؟ ڕاستە دژی مەفهومی مارکسیەتە، بەڵام بۆ دەبێ ئەو ئایدیۆلۆژییە ئەوە بەرهەم بهێنێ؟ ئایا لەبەر شێوەی هەرەمی دەسەڵاتە کە لە طلائعەوە- کۆمۆسەمۆل وئەندامی حیزب و رفیق حیزبی و مؤید و نصیر و رفیق و بۆ مەکتەبی سیاسی بە پلێکاین بەردەکەویت. ئا ئەم جۆرە ڕێکخستنە هەرەم دروست دەکات، واتە قائید و قاعیدة و کۆمەڵ بۆ تاک و تاک بۆ کۆمەڵ؟

**گریمانی سێهیەم و دوا ئەنجامی تێڕوانینی من**

هەروەک پێشوو ئاماژەم پێکردووە، ڕوس و عەقلیەتی کۆمەڵگای میللەتانی ڕوسیای قەیسەری و سۆڤیەتی بەڵشەڤیک و ڕوسیای پوتینی ئێستا هەمووی عەقلێکی شەڕقیانەیە. تێڕوانیان شەڕقیە هەڵسان و ڕەفتارو تووڕەبوونیان و ڕق و کینە و عەبوسییان خۆرهەڵاتییەو وەک مرۆڤێکی خۆرهەڵاتیش بیردەکەنەوە لەگەڵ ئەوەش

خوێنی و جیناتیان لە ئاری و ئەوروپیە، بەڵام بەدەردی ترۆتسکی دەڵێ تەتەر تۆییەکی چاکی چاندووە لەناو خوێن و عەقلی ڕوس دا. واتە بۆ ماوەی ٣٠٠ساڵی حوکمی بنەماڵەی ڕۆمانۆڤ و پێش ئەویش چەند بنەماڵەیەک حوکمیان کرد بە چەند سەدە، هەر هەموویان قۆرخکارو ستەمکار بوون، هەروەک سوڵتان و شانشینەکانی خۆرهەڵات.

گۆڕینی حوکم و سیستەم مانای وانیە گۆڕین لە عەقڵە چونکە خاوەن عەقڵی گۆڕانخواز خۆی بەرهەمی ئەو سیستەمە کۆنە بووە.

زۆرینەی ڕابەرەکانی چەپ وەک لێنین و کامینیڤ و ترۆتسکی و زینۆڤییێڤ و بوخارین و پلیخانۆڤ و دێرژینسکی و سڤێردلۆڤ هەرهەموویان لەخانەوادەی دەوڵەمەند و بنەماڵەی پارەدار و حاڵ باش بوون و لەچینی کرێکار نەبوون، هەر بۆیە پێم وایە ئەستەمە بگەڕێیتەوە سەرچینێک کە پێی ڕانەهاتووبیت پێشتر و لەتەمەنێکی سەرو ٥٠ ساڵە ئەستەمە وەک جوتیار بژیت، ئەگەر لە توێژ و چینێکی دەوڵەمەند لەدایک بووبیت. بەڵام ستالین و چەتەکانی ستالین بەدواوە لە خێزانی لات و پوت و هەژار ژیاون، بەڵام کە سەیری کردووە ڕابەرەکەی بەو شێوەیە ژیاوە ئەویش بەردەوام دەبێ لەسەر هەمان نەغم و ئاواز کاری کردووە.

تێگەیشتنی کوردێکی شیویعی هەورامان جیاوازە لەشیوعیەکی ئەڵمانی بۆ هەمان تێکست. ناتوانێ بەهەمان نەغم و ئاوازی ئەڵمانیەکی فڕانکفرۆت سۆشیالیزمت بۆ پەیڕەوبکات، چونکە عەقل و تێگەیشتنیان جیاوازە، واتە ئەو سۆشیالیزمەی کە لە ئەڵمان دروست دەبێ بێ گومان زۆر جیاواز دەبێ لەکەسێکی هەورامی لەهەورامان دروست بکا، واتە ئەو هەورامیە کۆمۆنیزمێکت بۆ دروست دەکا بۆ نموونە ناوی لێ بنێین "کۆمۆنیزمی هەورامی" کە تێکەڵە بە داب و نەریتی ناوچەکە و ناتوانێ لێی

بێبەری بێ.

لەبەر ئەوەی یەکەم جار لە ڕوسیا بەرپابوو پاشان لەدەوڵەتانی تر دووبارە کرایەوە، بێگومان چاو لەباوک دەکەن چاو لە مۆدێلی یەکەم دەکەن دەبینن بەو شێوەیە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە ئەگەر بەو شێوە پڕۆپاگەندە و پەرستنی ڕابەر مانەوەی دەسەڵاتی حوکم بێ. بەڵام لەبەر ئەوەی حیزبە چەپەکان بەشێوەی هەڕەمی دروست بوون ئیدی ئۆتۆماتیکی ملکەچی یەک بڕیار و یەک کەس دەبن هەموو کۆمەڵگەی تێوە دەگلێنن بێ جیاکاری و بەدەرکردن.

مارکس و ئێنگلس باسی ڕێکخستنی حیزبی نەکردووە بەو شێوەیەی لێنین دایڕشت، تەنانەت تەنها ئامازەی بە پلان دانان کردووە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە ڕووی ئابوورییەوە واتە مارکس نەخشەی ڕێگای بۆ دروستکردوون ـ خاريطة الطريق ـ هەڵبەت بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی شییویعی نەکردووە چۆن بینا دەکرێ تەنها دەڵێ دەبێت ئابووری بە پلان بەڕێوە بچێ ، چ پلانێکە چۆن پلانێکە ئیدی ڕوونی نەکردۆتەوە، هەربۆیە لێنین و ستالین دەرفەتیان لە بارودۆخەکە وەرگرتووە و وتی مەبەستی مارکس پلانی پێنج ساڵەییە- الخطط الخمسية للاقتصاد. ئەو پلانە درێژ خایەنە ماڵی سۆڤیەتی کاوڵ کرد، چونکە هەڵەیە تۆ بۆ ٥ ساڵ پلان دابڕێژیت و ماوەکەی دوورو درێژە و گەندەڵی و ساختەی لێ دەکەوێتەوە.

**میللەتی ڕووس هەمیشە چەوسێندراوەتەوە و پێویستی بەسەپانێك بووە**

ڕووس میللەتێکی بە بەدبەخت و کولەمەرگ وچەوساوەیە و بەدرێژایی مێژوو نقەی لێوەنەهاتووە ئەگەر یەکێ ببێتە طاغوت بەسەر سەرییەوە. بێجگە لەمە میللەتێکە

باوەڕخۆشەو ئیمان لەناو خوێن و جەستەیانە ئینجا چ ئایین و مەزهەب و خورافاتی جادووگەری بێ یان ئادیۆلۆژیا، واتە میللەتێکی ڕووحانین و بەلەنگازن، بەڵام بۆ؟

**" ترس و ئیمان و یەقین بە شاهزادە "**

نووسەر ( **ڕۆبێرت کۆنکڤێست**) ئاماژە بەسەرچاوەی مێژوونووسێکی ئینگلیز بەناوی ئیسحاق دەیتشەڕ دەکا کە بەگوێرەی قسەی ترۆتسکی بێت:

ستالین زوو زوو ئاماژەی بە پەندێکی ڕوسی کردووەو دووبارەی کردۆتەوە. پەندەکە دەڵێ:

"شازادە لە قوڕو لیتاو دروست دەکەن " . دۆیتشەر "پێغەمبەر بێ چەکە" لاپەڕە ٤٥٨

هەموو میللەتێ بە قۆناغی کۆیلایەتی و چەوساندنەوە داڕۆیشتووەو ملکەچی دوژمن بووە بۆ ماوەیەک و لەژێر ڕەزالەت ژیاوە. بەگوێرەی ئەوەیە کە چەند ماوەتەوە لەژێر دەستی چەوسێنەرە؟

ئایا ئەو چەوسێنەرە چی بەدوای خۆی بەجێهێشت لەنەهامەتی و کوولتوورێکی سەقەتی بۆ میللەتی چەوساوە. ئەوانە هەمووی کاریگەری دەبێ لەدواڕۆژی میللەتی چەوساوە، تەنانەت پاش ئازاد بوونیش چەند سەدەیەکی دەوێ تاوەکو دەگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی ڕاست و سرووشتی گەشەکردنی خۆی .

هەربۆیە ئەو میللەتانەی بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر دەست دەمێننەوە هەمیشە "ترس و ئیمان وعەقیدەو یەقینێك" وەک قیرسیچمە پێوەیان دەنووسێ و زۆری دەوێ تاوەکو ترس و ئیمان لەجەستەیان دەربچێ.

ڕووس بۆ ماوەی ٣٠٠ ساڵ لە ژێر دەستی تەتەرو مەغۆل بووە. وە کاتێ بەرەنگاری تەتەر بووەتەوە، دیسان کەسێکی زاڵمیان لێ پەیدابوو هیچی کەمتر نەبوو لە تەتەر و مەغۆل، بەڵکو زاڵمترو دڵڕەقتر و بێ ویژدانتر و نامرۆڤتر و شێت و شوور و سایکۆپاث

بوو بەناوی ئیڤان گرۆزنی کە نزیکەی نیو سەدە حوکمی کردوون، بەڵام مێژوویەکی ڕەشی بەدوای خۆی داهێنا .لەدوای مردنیشی بۆ سەدەها ساڵ کاتێ گوێبیستی ناوی ئەو زاڵمە و خوێن ڕێژە دەبوون، خەڵک مووچڕکی بەلەشی دادەهات .

دەیگێڕنەوە کاتێ قسەی یەکێ لەوەزیرەکانی ( بە پێوەری ئێستابێ دەبێتە وەزیری دەرەوە) بەدڵ نەبووە و گووتی بیهێنن لەمەیدانی سوور پێستی کەوڵ بکەن.

جەللادەکانی ئیڤان گرۆزنی بە پلایس و قولاپ پێستی وەزیریان کەول دەکرد. دیسان ئیڤان گرۆزنی بەوە دڵی دانەمرکاوە وتی  لەشی پارچە پارچە گۆشتی لێبکەنەوە هێواش هێواش، بۆ ئەوەی ئازار بکێشێ و خۆیشی بەرامبەر ڕاوەستاوەو چێژ لەو ئەشکەنجەی وەزیرەکەی وەردەگرێ و جەخت دەکاتەوە لە جەللادەکانی نەهێلن زوو ڕووحی دەربچێ،چونکە نەیویست زوو فیلمەکە تەواو بێ بۆ ئەوەی زۆرترین ماوە ئازار بکێشێ پێش ئەوەی بمرێ.

لەدوای سەردەمی ئەو قەیسەر بەدوای قەیسەر هات هەر بەهەمان نەغم و جەڵلادەکانی تەتەرو مەغۆل مامەڵەیان لەگەڵ هاوخوێنی خۆیان دەکرد. یاسایەک دەرکرا بەناوی " "کرێپەستنۆیێ پڕاڤۆ". بەو یاسایە تەواو جوتیار و هەژارو داماوەکانیان گەڕاندەوە سەردەمی کۆیلایەتی پێش زایینی. وە بەردەوام بوو تاوەکوو ١٥٠ ساڵ پێش ئێستا تەنانەت هاتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەناڕاستەخۆیی و مەفعولی هەرمابوو لە شوێنە دوورەکان.

هەربۆیە هەمیشە وە تاوەکو ئیمڕۆ لە عەقلیەتی ڕووس خۆی بە کۆیلەی دەسەڵات دەزانێ و ماوەیەکی زۆری دەوێ بە قۆناغی دیموکراتیەت دابچێ.

بێگومان پووتین بڕووبیانوو دەهێنێتەوە بۆ مانەوەی خۆی کاتێ دەڵێ:

"هێشتا ڕووس ئامادە نیە بۆ پڕۆسەی دیموکراتی ڕاستەقینە"

واتە ڕووس هێشتا لە قۆناغی ڕزگاربوونی تەتەرەو هەربۆیە پوتین بە نموونەی پەندە ڕووسەکەی ستالین مامەڵە دەکا لەگەڵ ڕووس. چونکە سایکۆلۆژیەتی ڕووس وادەڵێ و پەندی بۆی داناوە کە دەڵێ:

" **ڕووس شاهزادەی خۆی لە قوڕ لیتاو دروووست دەکا**" بۆ ئەوەی بیپارێزێ!

## سەرچاوەکان

ڕۆبێرت کۆنکڤێست "تیرۆری مەزن" ٢ بەرگە لە ئینگلیزیەوە وەرگێڕدراوەتە سەر ڕوسی .


لینکی ٢ بەرگی پەڕتووکی ڕ .کۆنکڤێست چاپە زمانە ڕوسیەکەی لێرەوە دەتوانن داونلۆدی بکەن

https ://drive .google .com/file/d/0B9RNfvdfVX7PZ2NqU0RIRmgya28/view


https ://drive .google .com/file/d/0B9RNfvdfVX7PbXp1RDA0cG9IVkE/view

**Роберт Конквест**

**Большой террор. Книга 1.**










ئەندرێ دیکی" جولەکە لە ڕوسیاو یەکیەتی سۆڤیەت" چاپی یەکەم نیۆڕۆک چاپی ١٩٦٧ چەند جارێک چاپکراوەتەوە، بەڵام بۆ جاری یەکەم لە ڕوسیا لەساڵی ١٩٩٤

https ://antisys .files .wordpress .com/2016/05/iudei1 .pdf

http://kuluars.info/stati/skolko-evreev-bylo-v-pervom-sovetskom-pravitelstve.html

В особое привилегированное положение были поставлены и студенты-евреи, когда (в 1923 году) происходили во всей стране массовые исключения студентов «по социальному происхождению». Исключали, даже с последних семестров, студентов, если устанавливалось их происхождение непролетарское. Сыновья не только дворян и помещиков или офицеров и чиновников царского времени, купцов и промышленников, людей свободных интеллигентских профессий, священников, диаконов и даже дьячков — все исключались без права поступления в какое-либо другое высшее учебное заведение. В связи с этими исключениями периодическая печать писала о многочисленных случаях самоубийств исключённых. Но евреев не исключали и самоубийств на этой почве не происходило.




تڕۆتسکی " دروس ثورة أكتوبر

ژیانی من ١٩٣٠ چاپتەری حەوتەم. وەرگێڕانی : بژار سەردار

گوڵاگ : سۆڤیەت خیوەتگەی بەندیخانە و کاریگەرییان. لەم لینکەوە دەتوانن

پەڕتووکە ئینگلیزیەکە داونلۆد بکەن

http ://gulaghistory .org/nps/downloads/gulag-curriculum .pdf

http ://factsanddetails .com/russia/History/sub9_1e/entry-4968 .html

گرۆفەر فوور "هاوکاری لیۆن ترۆتسکی لەگەل ئەڵمان و ژاپۆن. پیلان گێڕی لەسیەکان"

لە ٢ بەرگدا چاپی کردووە. لەبەرگی یەکەم

http ://marxism .halkcephesi .net/Grover%20Furr/Furr%20tortsky%20japan .pdf

https ://cei .org/blog/what-happened-us-wages-during-mass-immigration

https ://www .quora .com/Why-did-European-flee-to-America-in-the-19th-century

/https ://www .ural .kp .ru/daily/26407/3282429

https ://www .youtube .com/watch?v=qxoZ783je3w&t=9s

https ://www .youtube .com/watch?v=38mRNdESPgk

https ://www .youtube .com/watch?v=Qfp-uJscUE4&list=PLCA5879B983FD6CB2

https ://www .youtube .com/watch?v=GICjue1F8Bg

https ://www .youtube .com/watch?v=QsZTkJ01AGk&feature=share

https ://www .youtube .com/watch?v=jvYJvBB3mcU&feature=share

لەم گرتە ڤیدیۆیە باس لە دۆکومێنتێک دەکا کە چۆن بەرپرسێک بەناوی یاکوپۆڤیتش لە دەزگای داپلۆسینی پۆلیس نهێنی "ئێنکەڤێ دێ" چۆن ئیمزای کردووە لەسەر کەیسی تاوانباران بێ ئەوەی کەیس و فایلەکان بخوێنێتەوە بزانێ تاوانبارن یان نەء یان تاوانەکانیان چیەو ئایا لێپرسینەوەو ئیفادەیان لێ وەرگیراوە چی بووە؟

نەخێر. .. .

یەکێ لەکاربەدەستەکانی ئەو دەیگێڕێتەوە جارێک یەک تۆپەڵە فایل و کەیس لەسەر مێزەکەی بوو کە دەبوایە سەیریان بکاو پشکنین لەسەر تاوانەکانیان بکا ئینجا بەگوێرەی کەیسەکە واژۆیان لەسەر بکا . .. نەخێر وتی : سەعات ڕابگرن، خۆیشی سەعاتەکەی لەسەر مێزی خۆی دانا لەتەک فایلەکان و وتی بزانە لەماوەی چەند چرکەیەک یان خولەکێک دەتوانم چەند ئیمزا لەسەر ئەو فایلانە بکەم .

واتە بێ ئەوەی بیخوێنێتەوە سەعاتی گرتۆتەوە بەخێرایی چەند دەتوانێ ئیمزایان لەسەر بکا بیان نێرێتە جەهەنەم .

باس لەوە دەکا چۆن زیندانانیان ڕووت و قووت کردۆتەوە لە ژوورێکی بچوک زیندانی کراون کە زەوییەکەی زۆر گەرم بووە بۆ ئەوەی بزانن تاچەند بەرگەی ئەوگەرمایە دەگرن؟

هەندێک لەو زیندانیانە کەزۆربەیان نووسەرو ئەکتەرو مامۆستای زانکۆ و بیرمەندی ڕوس بوون و دژی سیاسەتی بەڵشەڤیک بوون یان لەم لاو لەولا قسەیەکیان لەدەم دەرچووەو گیراون و باسی لێدان و شەق و پێلەقە لە گورچیلەو سینگیان دەکەن کە چۆن لێدراون تاوەکوو لە هۆش خۆچوون .

لەو ڤیدیۆیەی خوارەوە یەکێ لەو زیندانیانەی ئەو کات کە ڕزگاری بووە باس لەوە دەکا کە چۆن شەوانە بردویانەتە دەرەوە لەگەڵ جەماعەتێکی زیندانی و پێیان وتوون ئیمشەو دوا شەوی ئێوەیەو وەرنە دەرەوە ڕوو لەدیوار بکەن ئێستا گوللەبارانتان دەکەین .
دەڵێ : هەرچاوەڕوانی دەنگی گووللە بووین بەر تەپڵی سەرمان بکەوێ هەرچاوەڕوان بووین ئیدی تاوەکوو بەیانی لەسەر پێ و ڕوو لەدیوارمان کردبوو، کەچی هەربۆ گاڵتە ئاوا بەزمیان بەو زیندانیانە کردووەو گەلێکیان لەهۆش خۆچوون .

زۆرجار خودی "یۆژەڤ"سەرۆکی ئێنکەڤێ دێ هاتووەتە ناو زیندان بەشەو ڕاستەوخۆ ئەشکەنجەو سەرپەرشتی زیندانیانیانی کردووەو چێژی لێوەرگرتووە. بێگومان لە سەقەتی و جەستەیی خۆی بووە، چونکە زۆر گاڵتەیان پێکردوە لەبەر ئەوەی کابرایەکی قووتەو قەزم بوو بەگوێرەی قەبارەو هەیکەل لەچاو ڕوسەکان زۆر بچوک بووە، هەر لەمنداڵیەوە بووەتە گاڵتەجاڕی قوتابیان و کەسانی دەورووبەری.
بەهەتیوی ژیاوە لە هەتیوخانە، تەنانەت توماری خێزانی نیە کوڕی کێیە و کێ دایک و باوکی بووە، هەلگیراوە لەزەمانی قەیسەرو پەروەردە کراوە. بەڵام کاتێ دەسەڵاتی

کەوتە دەست ئیدی تۆڵەی خۆی لەهەموو بەشەرییەت کردەوە. لەڕووی سایکۆلۆژییەوە بەخشێندراوە چونکە هەستی کەمی خۆی کردووە .

کاتێ ستالین یۆژەڤی گرت بەتاوانی پیلان گێڕان و کاتێ زیندانی کردو ئەشکەنجەی دا وەک قەحپە دەپاڕایەوەو گریان و نووزە نووزی دەستپێکردووە بۆ ئەوەی نەیکوژن. واتە ئەوەی بەسەر خەڵکی هێناو بەسەر خۆیدا هات. لەڕۆژی دادگایی کردنەکەی لێیان پرسیوە هیچ شتێکت هەیە بیڵێیت یان تۆی پێ جیابکرێتەوە لە ئەندام و هاوڕێکانی تر؟ وەڵام گووتی : تەنها جیاوازی من لەگەڵ هەڤاڵان ئەوەیە من هۆمۆ سێکشوالیستم. لە یوتووب هەیە یەکێ لەو مێژوونووسانەی سەیری إفادةی قسەکانی یۆژەڤی کردووەو خوێندوویەتیەوە، کە دادوەر تووشی شۆک بووە .

[/https ://www .facebook .com/NeazyAsma/videos/1412614875537677](/https ://www .facebook .com/NeazyAsma/videos/1412614875537677)

بەڵشەڤیکی شیویعی سۆڤیەت یەکەم داهێنەرو بەکارهێنەری گازی ژەهراوی بووە لەدژی دەنگە نارەزاییەکانی، نەک هیتلەری فاشیستی نازی.

١ -لەم گرتە ڤیدیۆیەی خوارەوە ئەفسەرێکی کەی جی بی (مخابراتی سۆڤیەت) باس لە دۆکۆمێنتێکی کارەسات دەکات و باسی دەکا کە لە ئەرشیڤێکی سەردەمی بەڵشەڤیەکان پارێزرابوو. بەگوێرەی قسەی ئەو ئەفسەرە موخابەراتیەبێ کۆمۆنیستی سۆڤیەت زۆر پێش هیتلەر گازی کیمیاویان تاقی کردۆتەوەو بەکاریان هێناوە بۆ کووشتنی زیندانیان. لەڕێگای پانکەوە گازەکە بە بۆڕی ڕەوانەی ناو ژوورێکی داخراوی

تایبەت کراوە، وەک فڕن زیندانیەکانیان تێپەستووەو بەگاز کوشتوویانن. تەنانەت ناوی داهێنەری ئەو گازە کیمیاویەش ناو دەهێنی بەناوی " عیسای داڤیدۆڤیتش بێرگ" بەگوێرەی ناوە فەمیلیەکەو ناوی یەکەم و دووهەمی بێ لە ١٠٠٪ زانایەکی جولەکەی ڕوس بووە. کەچی هەر خودی جولەکە لەدوا سات بوونە قوربانی ئەو گازە.

٢ -ڕابەری شیویعی سۆڤیەت ژەنەراڵ- لیسیموس و قائد الفذ و مەزن ستالین بەیەک نووکە قەڵەم واژۆی لەسەر کووشتنی ٣،٢٠٠ بێتاوان کرد بەیەک ئیمزا بێ ئەوەی چاوبخشێنیت بەفایل و کەیسەکاندا . هەر لەدوای ئەو واژۆکردنە یەکسەر چوو سەیری فیلمێکی کۆمێدی ڕوسی کرد کە پێشتر چەندجارێک بینیبووی.

ئەو ڕووداوە من بیستبووم و خوێندبوومەوە لە ڕۆژنامەیەکی سۆڤیەتی سەردەمی گۆرباتشۆف باسی لێکراوە، بەڵام لەوێ دەڵێن پاش واژۆکردنەکە چووەتە کۆشکی پشوودانی لە دەرەوەی شارو لەوێ سالۆنێکی تایبەتی بەخۆی هەبووە و سەیری فیلمی شارڵی شاپلینی کردووەو زۆر پێکەنیوە تاوەکوو فرمێسکی لەچاوی هاتووە .
/https ://www .facebook .com/NeazyAsma/videos/1412575565541608

ئەم کورتە ڤیدیۆیەی خوارەوە تەنها بەشێکم لێ تۆمارکردووە لە تاوانەکانی ستالین، بەزمانی ئینگلیزیەو دەتوانن بەژێر نووسی عەرەبی بیخوێننەوە بۆ بەڵگەی زیاتر وەک لە ڕوونکردنەوەی من.

سەیری ئەو گاڵتەجاڕییە بکە بە مرۆڤی بێگوناح کراوە، چۆن دەبێتە قوربانی مەکینەی

تیرۆر .

یەکێ لەرزگاربوانی ئەو تیرۆرەی ستالین ئەکتەری ڕوس ڤۆلیا لیبیدینسکی'یە دەیگێڕێتەوە ئەوکاتە چۆن خەڵکیان گرتووە.

١- بەڵشەڤیە کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەت ئەگەر گومانیان لەیەکێ بوایە ئەوا بێ یەک و دوو دەیانکوتایە سەر ماڵەکەی یان لە شوێنی کارەکەی و دەستی گیر دەکرا، بەڵام تراژیدیاکە لەوەدابوو ئەگەر ئەو کەسە لەو شوێنە نەبووایە ئەوا دەبوایە ١٢ کەس لەبری ئەو بگرن و ڕاپێچیان بکەن بۆ " لوبیانکە" وەک قصر النهایة ی بەعسیەکانی عێراق بوو، کە چوونت هەبوو هاتنەوەت نەبوو.

ئەو ١٢ کەسە لە دراوسێی کەسی تاوانبار، ئەو ١٢ کەسە بەڵکو لەشوێنی کار هەڵیان دەگرتن و هەڕەمەکییانە هەڵیان دەبژاردن. .. کێ لەو کات و ساتە بەبەربکەوێ ئیدی بەسەرچوو و ماڵی کاول بوو. یان ئەگەر لەدراوسێی تاوانبار نەیانتوانی ١٢ نەفەر کۆبکەنەوە ئەوا هەر بەڕێگاوە کاتێ دەگەڕانەوە بۆ قصر النهایة خەڵکیان لەسەر جادەو شەقامەکان هەڵدەگرت واتە سەیارە ڕەشە جام ڕەشەکان هەر بەڕێگاوە چەند قوربانیەکیان هەڵدەگرت بۆ ئەوەی ببێتە ١٢ قوربانی، چونکە گەڕانەوەیان بۆ مەرکەز بەدەستی بەتاڵ مانای وایە خۆیان دەبوونە قوربانی لێپرسینەوە.

٢- کوڕی یەکێ لە موخابەڕاتی دەزگای داپلۆسینی سۆڤیەت و محقق دەیگێڕیتە لەزەمانی تیرۆری بەڵشەڤیک کەس دەفتەر تەلەفۆناتی هەڵنەدەگرت، تەنانەت لەسەر شێلف و دوکانەکان نەماو کەس نەی دەکڕی و بەکاری نەدەهێنا . بۆ؟

چونکە هەرکاتێ کەسێکیان بگرتایە بەبڕووبیانووی تاوان ئیدی هەموو ناوماڵ و باخەڵیان دەپشکنی و ئەگەر دەفتەر تەلەفۆنی ئەو کابرایە بەدەست موخابەرات بکەوتایە ئەوا هەرکەسێ لە لیستی ئەوکابرایە ناوی هەبوایەو ژمارەی تەلەفۆنی نووسرابێت ئەوا دەگیران و بە هەمان تاوان حوکم دەدران. هەربۆیە خەڵک بۆ سەلامەتی کەسە ناسیاوەکانیان و برادەرانیان ئیدی ژمارەی تەلەفۆنی یەکتریان نە دەنووسیوە، بەڵکو لەبەریان دەکرد بۆ ئەوەی سەلامەتی یەکتر بپارێزن .

/https ://www .facebook .com/NeazyAsma/videos/1412545398877958

ئەم گرتە ڤیدیۆیەم بە ژێرنووسی کوردی- سۆرانی کردووەو وەرمگێراوە باس لە ستالین دەکا کە چاک دەیزانی پاش مردنی مێژوونووسان و قوربانیانی تیرۆری مەزن لەعنەتی بۆ دەنێرن بەباش باسی ناکەن. هەربۆیە قسەی دڵی خۆی درکاندووە لای هەڤاڵانی بارگرانەکانی حیزب .- "کاتێ دەمرێ گۆڕەکەی دەکەن بە گفکێک لەزەبالە" .

https ://www .youtube .com/watch?v=WUs4iItrZ-I&feature=share

https ://www .newyorker .com/magazine/2017/10/16/russias-house-of-shadows

https ://en .wikipedia .org/wiki/Nomenklatura

https ://gpib .livejournal .com/42771 .html

https ://www .youtube .com/watch?v=YF4aoMYrwnk&feature=share

https ://www .youtube .com/watch?v=cakdEeYWVc0&feature=share

https ://www .youtube .com/watch?v=brnVHA4i9n8&feature=share

https ://www .youtube .com/watch?v=bH1bUFDr1Zw&feature=share

https ://www .youtube .com/watch?v=dwVMjSUIRkk&feature=share

https ://www .youtube .com/watch?v=wVAQJcRhA9w&feature=share

https ://www .youtube .com/watch?v=qArzUqm_PoU&feature=share

https ://istoriarusi .ru/cccp/nep-kratko-novaja-econom-politika .html

https ://vtoraya-literatura .com/pdf/anin_revolutsiya_1917_glazami_ee_rukovoditelej_1971__ocr .pdf

https ://ru .wikipedia .org/wiki/%D0%92%D1%81%D0%B5%D1%80%D0%BE%D1%81%D1%81%D0%B8%D0%B9%D1%81%D0%BA%D0%BE%D0%B5_%D1%83%D1%87%D1%80%D0%B5%D0%B4%D0%B8%D1%82%D0%B5%D0%BB%D1%8C%D0%BD%D0%BE%D0%B5_%D1%81%D0%BE%D0%B1%D1%80%D0%B0%D0%BD%D0%B8%D0%B5

زۆربەی ئەو بەڵگانەی لەم فیلمەدایە بروسکەکانی لێنینە. بڕیار و فەرمانی لێنین بۆ بەرپرسە کادیرە حیزبی  بەڵشەڤیەکان، ئەوبەڵگانە لە ئەرشیڤی ڕوسیا بۆ ماوەیەکی زۆر شاراوەو نهێنی بوون، بەڵام ماوەیەکە ئەو بەڵگانە لە میدیاکان بڵاودەکرێنەوە. هێشتا بە تۆن و عەمبار دۆکۆمێنتی شاراوە هەن هی زەمانی قەیسەر و سۆڤیەت. زۆر لەو فایل و بڕیارە سزا شاراوانە هێشتا لەناو کۆمارەکانی سۆڤیەتی کۆن ماون

بەتایبەتی ئەو کۆمارانەی ئاسیا کە زۆرینەی کەمپی زۆرەملێیی لێ بووە و لیستی و ناوی زیندانیانی تێدا نووسرا بوون. زۆرن بەڵام هێدی هێدی بەدەردەکەون. ئەم ڤیدیۆیەم وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی ئەگەر ژێرنووسە کوردییەکە دەرنەچوو ئەوا کلیک لەگۆشەی ڕاستی خوارەوە بکە لەو ۲ پیەتەی سی سیەکە CC بدە لەتەک سێتینگەکەیە Settings بۆ ئەوەی بیکەیت بە کوردی .

https ://www .youtube .com/watch?v=hALMmrCCo6Y&feature=share

هەندێک لایەنی شاراوەی ژیانی لێنین بەژێر نووسی کوردی سۆرانیەوە. هێمای سی سی ئەکتیڤ بکە ژێرنووسە کوردیەکە دەردەکەوێت .

https ://www .youtube .com/watch?v=g8Tr1e9TpOU

ژێر نووسی کوردی : لە ئەرشیڤی سۆڤیەت تێلێگرامێکی لێنین فەرمانی کووشتنی جوتیاران دەدا .

https ://www .youtube .com/watch?v=Kc0XFWBFolc

لەم گرتە ڤیدیۆیە باسی هەندێک لایەنی ژیانی شاراوەو سیاسی لێنین دەکا وە هەندێک بەڵگەنامەو دەستخەتی لێنین بڵاوکراوەتەوە کە بۆ ماوەی ۱۰۰ ساڵ بەنهێنی هەڵگیرابوو ، بەڵام ئێستا خراوەتە ژێر دەستی مێژوونووسان بۆ کاری توێژینەوە. لە هەندێک لەو نامە دەستخەتانە نامەی عەشق و غەرامی لێنین و دۆستەکەی تێدا هەیە کە بۆ یەکتریان ناردووە بەدزی ژنەکەی لێنین'ەوە .

https ://www .youtube .com/watch?v=Aio8ek5dlhk&feature=share

زیاد لە ۱۰۰ ساڵە مشتومڕێکی زۆر دەکرێ لەنێو مێژوونووسان بۆ خوێندنەوە کەسایەتی ڕاستەقینەی لێنین. ئایا کەسایەتیەکی ئاسایی بوو یان شەخسیەتێکی دژ بەیەکی لەهەڵسووکەوتی دەبینرا ؟

https ://www .youtube .com/watch?v=jLSZPp-ApSM&feature=share

گرتە ڤیدیۆیەکم لەخوار ئەم بابەتە داناوە بە ژێر نووسی کوردیم کردووە لە ڕووسیوە وەرمگێڕاوە دەتوانن ببینن یان لێرە وەک تێکست بیخوێننەوە .
ڕۆیی میدڤێدییێڤ دکتۆرای هەیە لە بواری زانستی پەروەردە ( نووسەرو چالاکوان و زیندانی سیاسی سەردەمی ستالین) لەساڵی ۲۰۱۲ ئەو چاوپێکەوتنە تەلەفیزیۆنیە تۆمارکردووە. باس لەهەندێک ڕووداو تاوانەکانی بێریا دەکا . لاڤێرێنتی بێریا بە ڕەسەن لە کەمینە نەتەوەی مەنگێلی ناو کۆماری گروزیا بوو. کاتێ ستالین هێنایە مۆسکۆ و کردی بە سەرۆک دەزگای موخابەرات و پاشان وەزیری ناوخۆیی و بۆ ماوەیەک جێگری سەرۆک وەزیران و سەرپەرشتیاری بواری تەکنۆلۆژیای سەربازی و بۆشایی ئاسمان و سەرۆک و سەرپەرشتیاری فەرمی بەشی پاسەوانی لە ستالین و هەندێک پۆستی تری وەرگرتووە. کەسێکی شەرقی و بکوژ و دڵڕەقی ناخۆشەویست و بە بوغزاویی و جنێو فرۆش و دەم پیس و مامەڵەی کردووە لەگەڵ فەرمانبەرەکانی ژێر دەستی هەروەک سەید و کۆیلە سەیری کردوون. زۆرجار هەبووە خۆی سەرپەرشتی ئەشکەنجەدانی زیندانیان کردووەو چێژی لە بورانەوەی زیندانیەکانی وەرگرتووە کاتێ بینیویەتی گیان لەدەست دەدەن.

لەم گرتە ڤیدیۆیەدا باس لە هەندێک ڕەفتاری لاڤێرێنتی بێریا دەکا چۆن ڕەفتاری کردووە لەگەڵ کچان و ژنانی باوک و هاوسەرو برا زیندانی کراوەکانیان زیندانی بوون و بە هەموو شێوویەک پاوانی کردوون، هەروەها ڤیدیۆکە ئەوە دەردەخات کەس و کاری زیندانیان چوونەتە لای بێریاو لێی پاڕانەتەوەو تکاو ڕجایان لێکردووە باوک و مێردەکانیان بەربدەن، بەڵام ئەو ئەگەر ئەو ژنە یان ئەو کچەی بە لاوە جوان بوایە دەیوت بۆت بەردەدەم، بەڵام لەبەرامبەردا دەبێت تۆ لەگەڵم بخەویت. هەڵبەت خۆی کەسێک بووە لە هەڤالانی بارگران و نموونەی کۆمۆنیستی بەڵشەڤیک بووە. هەروەک لە زۆر ئەڵقە باسی کەسایەتی و ڕەفتارو ئەخلاقی ئەو هاوڕێیانەم کردووە کەزۆربەیان لە ڕووی ڕەوشتەوە کەسانی سوک و خازاوبوون.

***وەرگێڕانی- نیازی موستەفا.***

قسە لەسەر ئەوە دەکرێ، بێریا سەدان کچی بەزۆر لاقە کردووە پاش ئەوەی هەڵبژێردراون بەگوێرەی فەرمایشی ئەو لەناو شەقامەکانی مۆسکۆداو هەڵیان بەرەو کۆشکەکەی بێریا بردویانن. ئایا ئەوە ڕاستە؟

بەڵی ئەوە ڕاستە بەڵام زیاڕەوی زۆر تێدایە .

زۆربەی جاران بێریا دەرفەتی دەقۆستەوە لە پاوانکردنی کردنی ژن و کچی گیراوەکان کاتێ تکا و شفاعەتیان لە بێریا کردووە مێرد و باوکەکانیان بەربداو لێیان خۆش بێ ئەگەر بێریا حەزی لەو ژنە بکردایە، ئەوا بانگی دەکرد بۆ لای خۆی بۆ مەبەستێکی تایبەت .

پاشان بێریا لێبوردەیی بۆ پیاوەکەی دەردەکرد؟

پاشان بەری دەدا.

بێریا خۆی هەڵی دەبژارد لەکێ خۆش بێت، لەسەر ئەو بنەمایە : تۆ لە من داوا دەکەیت کە بۆت بکەم، ئەی ئەگەر من شتێکت لێ داوا بکەم( مەبەستی لە سێکسە)؟

خەڵک بەرەو پیری داواکەی بێریا چوون و من نازانم ئەگەر کەسێک ئەو داواکارییەی ڕەت کردبێتە .( مەبەستی لەوەیە زۆربەی ژن و کچەکان ڕازی بوون لەگەڵ بێریا بخەون لەبەرامبەر بەردانی مێردو باوکەکانیان) .

حاڵەت هەبووە، کاتێ بێریا ئافرەتێکی لەشوێنێکی تر بینیوەو بەپاسەوانەکەی خۆی وتووە کە عەقیدێکی بووە( سەرکێسیان- ئەرمەنی) ئەو کچەی وا نیشانت دەدەم بۆم بانگ بکە .

بەزۆر دەیهێنان یان بە ڕەزامەندی خۆیان دەچوون؟

نەخێر! ئەو پێشوازی و دەعوەتی سەر مێزەکەی خۆی دەکردن بۆ خواردن پاشان داوای لە ئافرەتەکان دەکرد لەگەڵی بچنە ناو حەمام و حەوزی گەرماو. ئیدی لێرەوە خەڵکەکە( ئافرەتەکان ) تێدەگەیشتن بەچی کۆتایی دێ .

ئەو جۆرە مامەڵەیە بە زۆر بووە، واتە بە خۆشەویستی و ئارەزوومەندانە نەبووە .

ئاخۆ کەس هەبووە ڕەتی بکاتەوە؟

من نازانم. .. . من نازانم .

هەندێک لەو ژنەی بەساڵاچووانە، پاش سزاو لەناوبردنی بێریاو پێداچوونەوە بە قوربانیانی زیندانەکاندا، دانیان پێدانابوو کە ئەوان بە بێ ئیرادەیی خۆیان بوون بە دۆستی بێریا.

بەڵام هیچ کەس لەوە زیاتر ووردەکاری تایبەتی نەداوە .

/https ://www .facebook .com/NeazyAsma/videos/1518557738276723

**دۆست و عیشقە سێکسیەکانی ترۆتسکی**

لێنین و ستالین و ترۆتسکی کە بە سێ کوچکە ناودەبرێن، بە جۆرێک پۆستەکانیان قۆرخ کردبوو ئا بەو شێوەیە لەکادیر و هەڤاڵانی بارگرانی- تەڤگەرانی خۆیان گەیاندبوو گوایە : سێکس پڕۆسەیەکە لەحەزو ئازادی مرۆڤ و نابێ کۆت و بەند بکرێ .

بەڵام هەر خودی خۆیان ڕێگایان بەهیچ پیاوێک نەداوە نزیکی ژنەکانیان ببنەوە. کۆمێدی بەمانای وشە. هەموو کادیرە هەڤاڵە بارگرانەکان بێ وەفاو خائین بوون بەرامبەر بە هاوسەرەکانیان .

ترۆتسکی یەکەم جار تووشی خۆشەویستی کچێکی هاوخەبات بوو لەناو شانە حیزبیەکە بەناوی ئەلێکساندرە سۆکۆلۆڤە. پەیوەندی خۆشەویستیان دروست بوو. بەڵام لەساڵی١٨٩٨ هەردووکیان گیران لەگەڵ ٢٠٠ ئەندامی تر هەر لەو شارە لەسەر کارو چالاکی سیاسیان. ترۆتسکی لەگەڵ خۆشەویستەکەی هەر لە زیندانی مۆسکۆ مارەی بڕی لەسەر شەریعەی جولەکەو حاخامێک هات بۆ ناو زیندانەکەو مارەی کردن لەسەر ڕێنمای یەهوودیەت. هەربۆیە حوکومەت ناچاربوو شوێنی زیندانی ئەو دوو کەسە پێکەوە دابنێن و لەیەک شوێن بێ. هەربۆیە بڕیاریان دا لە سیبیریا لە یەک شوێن هەردووکیان بژین و هەر لەماوەی دوورخرانەوەی سزای زیندانی کردنیان ٢ منداڵی

کچیان بوو. بەناوی زینەیدەو نینە. بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ژیانی دوورخراوەیی سیبیریای وشک و ساردو سڕی بەفرو دوور لە شارستانیەت ژیانیان بردە سەر بە خۆی و خێزانیەوە .

لەساڵی ١٩٠٢ توانی ڕابکا بەنهێنی و ژن و دوو منداڵەکەی لەو دوورخراوەییەوە بەجێ هێشت و وتی دێمەوە بەدواتاندا یاخود هەوڵ دەدەم ئێوەش بێنە لای خۆم، بەڵام بەڵێنەکەی خۆی بە جێ نەگەیاندو تا کۆتایی ژیانی نەچووەوە لای ژنەکەی. بەڵام منداڵەکانی سەردانیان دەکرد کاتێ گەڕاوە ڕوسیاو شۆڕشیان بەرپاکرد .

کاتێ لەدەرەوەی وڵات بوو بەتایبەتی لە فەڕەنسا و پاشان نێوان ئینگلتەرەو ئەڵمان و نەمسا هاتوو چۆی دەکرد، حەزی لەکچێکی تری هەڤاڵی بارگرانی ڕوس کرد بەناوی "نەتالیا سیدۆڤە" پاشان خواستی و بوو بەژنی دووهەمی ترۆتسکی و چوار منداڵی لێ بوو .

ژنی دووهەمی تاکۆتایی ژیانی لەگەڵ ترۆتسکی مایەوە لەکاتی حوکم و لەکاتی دوورخرانەوەی لەلایەن ستالینەوەو پاشان لە ژیانی دەربەدەری وڵاتانیش هەر لەگەڵی بووە. بەلام ترۆتسکی لەهەمان کاتدا دڵی لەژنەکەی پیس بوو کە گومانی هەبوو لەگەڵ پاسەوانەکەی خەوتبێت، بەڵام بۆ خۆی بسووڕێتەوە کێشە نەبوو . ترۆتسکی کاتێ کەسی دووهەمی وڵات بوو زۆر بێشەرمانە لەگەڵ ژنی بەرپرسێکی سەربازی سوور کە هاوکاری ترۆتسکی بوو دەخەوت و تەنانەت لەناو فارگۆنەکەی لەگەڵیدا دەماوەتەوەو مێردەکەی دەیبینی ژنەکەی بە ڕووت و قوتی لای ترۆتسکیەو ئەو

داماوه نەی دەتوانی داوای ژنەکەی خۆی بکاتەوە، هەرچەندە لەدڵەوە ئەوکارەی زۆر پێناخۆش بوو .

گرتە ڤیدیۆیەکم داناوە لەخوارەوە ڕاستی ئەو ڕووداوانەی سەرکردەکانی بەڵشەڤیکی ئاشکراکردووە لەچەند فیلمێکدا، لەسەر بنەمای دۆکۆمێنت و گێڕانەوەو فاکت و ئەرشیڤەکانیان بەبۆنەی ١٠٠ساڵ تێپەڕبوون بەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر .
پاشان کاتێ ترۆتسکی دەربەدەری مەکسیک بووەو برادەری هاوبیری مەکسیکی دییێگۆ ڕیڤییێرە کۆمەک و هاوکاری کردووەو لای خۆی داڵدەی داوەو خانوویەکی خۆی بۆ ترۆتسکی و خێزانەکەی تەرخانکردووە تێیدا بمینێتەوەو هەمووی لەسەر حسابی ئەو بووە کە خزمەت بکرێن. کەچی ترۆتسکی لەگەڵ ژنی هاوبیرە مەکسیکیەکەی خەوت کە ئەویش هەر هەڤاڵی بارگران بوو بەناوی فەریدە کالۆ. خۆی و مێردی هەردووکیان دوو هوونەرمەندی نەخش و نیگار و وێنەکێشی بەناوبانگی مەکسیک بوو وە کاری سیاسیان دەکرد و هەڤاڵی بارگران بوو .

ئەو فاکت و ڕاستیانە کراون بە فیلم و لەسەر بنەمای ڕووداوەکانی مێژوو دروست کراوەو ڕوسیا خۆی هەستاوە بەو کارە نەک دەوڵەتانی کەپیتالیزم بۆ لەکەدار کردنی ڕابەری پرۆلێتاریا . لەخوارەوە دامناوە ئەو گرتە ڤیدیۆیانە و وێنەی خێزانی یەکەمی ترۆتسکی .

https ://www .facebook .com/NeazyAsma/posts/1424866060979225

ترۆتسکی و ژنی دووهەمی و لەهەمان کاتدا دڵی لێی پیسەو بۆ خۆیشی بە ئارەزووی خۆی بەملاو ولادا ڕۆیشتووەو کێشە نەبووە بۆی .

https ://www .facebook .com/NeazyAsma/videos/pcb .1424866060979225/1424862370979594/?type=3&theater


ئەلێکسێی مێزنیچییێڤ بەرپرسی قەیسەر بۆ مەسەلەی تێلێگرامی بەلشیڤەکان و تایبەت فایلی بەڵشەڤیەکان لای ئەو بووە بەرپرسیاری کەیسی سیخوری و چالاکی حیزبە چەپەکان دژی قەیسەر. پاشان لەلایەن جەماعەتی لێنین'ەوە گیرا . ئەلێکسی زۆر بە دوورو درێژی باسی خەباتی سیاسی بەڵشەڤیەکانی کردووە چۆن دەستیان تێکەڵ کردووە لەگەڵ ئەڵمان و کاری ئاژاوەو تێکدانی ئارامییان کردوە لە ڕوسیای قەیسەری دا . زۆر بە ڕوونی باسی ئەو ڕووداوانە دەکا بەر لە هاتنی بەڵشەڤیەکان بۆ حوکم و هەمووی نووسیوەتەوە، بەڵام پاش مردنی ئەو زاتە، بەڵشەڤیەکان دەستیان گرت بەسەر نووسینەکەیدا . تاوەکو ئێستا بەشێکی کەمی ئەو نووسینانەی بڵاوکراونەتەوە .




لێنین دەڵێ :

"کوشتنی سیخوڕەکان، پۆلیسەکان، جندرمەکان، تەقاندنەوەی بارەگاکانی پۆلیس، ئازادکردنی زیندانیەکان، پارەی حوکومەت تەرخان بکرێ بۆ خزمەت و پێداویستی ڕاپەڕین- هەر مەفرەزەیەکی سووپای شۆڕشگێڕ پێویستە بەزووترین کات ئامادەبێ بۆ ئەو کردارانە. لێنین" ئەرکی مەفرەزی سووپای شۆڕشگێر. ساڵی ١٩٠٥"

https ://www .facebook .com/photo .php?fbid=1219684064830760&set=a .164184490380728&type=3&theater




جوڵە بە ٢٠ هەزاری تر بکرێت لە کرێکارانی پێترۆگراد بۆ سەر ١٠ هەزار بۆرژوا ، گووللە لەپشت سەریان بتەقێنن( واتە گوللە لە تەپڵی سەریان بدەن) و چەند سەد دانەیەکیان لێبکوژن ئەو کاتە فشارێکی حەقیقی دەخەینە سەر یودێنیتش. ( ئەو یودێنیتشە قۆمیسارێکی سووپای ڕوسیابووەو پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕوسای قەیسەڕی، ئەو قۆمیسارە بوو بە یەکێ لە سەرکردەکانی سووپای سپی لە دژی سووپای سووری کۆمۆنیستی ڕوسیا لەساڵانی شەڕی ناوەخۆیی.

لێنین"نامەیەک بۆ ترۆتسکی لە ٢٢ ئۆکتۆبەری، ١٩١٩

https ://www .facebook .com/photo .php?fbid=1220848721380961&set=a .164184490380728&type=3&theater





یەکێ لە تێلێگرامە ترسناکەکانی لێنین کە بۆنی خوێنی لێ دێ!

"کاتێ لە ناوچە برسیەکان خەڵک خەڵک دەخۆن و لە ڕێگاو بانەکاندا بە سەدان و هەزاران لاشەی مردوو بڵاوبۆتەوەو کەلاکەکانیان لەو ناودا کەوتوون، ئێمە پێویستە لە سەرمان : ( هەربۆیە دەبێ ) بەهەموو هێزو تواناو بێڕەحمانەو شێتانە دەست بەسەر بەهاو نرخی شتومەکەکانی ناو کڵێساکان دابگرین، دەبێت سڵ نەکرێتەوە لە داپڵۆسینی هەر شتێک یان هەر بەرەنگاربوونەوەیەک گەر بێتە پێشەوە ."

لێنین " نامەیەک بۆ مۆڵۆتۆڤ" ئازاری ١٩ ساڵی ١٩٢٢


https ://www .facebook .com/photo .php?fbid=1221845557947944&set=a .164184490380728&type=3&theater





دوو نامەی لێنین بۆ کریستینسکی "نهێنیە زۆر" بۆ یەکەم جار لە تەلەفیزیۆنی کەناڵی ڕوسیای ١ بڵاوکراوەتەوە ( نامەیەکی نهێنیە)

١- " بەنهێنی تیرۆر ئامادەبکەن، پێویستە و بە خێرایی بکرێت "

٢- نامەی لێنین بۆ کریستینسکی نهێنیە زۆر( نامەیەکی نهێنیە)




ئەم ڕۆژانە نابێت بە مێشکت کار بکەیت، دەنا پەنجەت دەقرتێ، بەڵکو بێ بەزەییانە دەبێ بکێشیت بە تەپڵی سەردا . (لێنین)

https ://www .facebook .com/photo .php?fbid=1220123931453440&set=a .164184490380728&type=3&theater

خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە بۆ لێنین

لەم گرتە ڤیدیۆیە باسی هێندێ بەڵگەو دەستخەت و نامەی لێنین دەکا کە بۆ ماوەی

١٠٠ ساڵ بەنهێنی مابۆوەو لە ئەرشیڤی سۆڤیەتدا، بەڵام ئێستا خراوەتە ژێر دەستی مێژوونووسان.

هەندێک لەو نامە عەشقانەی لێنین نیشان دەدا کە بۆ دۆستەکەی خۆی(ئێنێسە ئەرماند) ناردوویەتی کە بریتیە لە ١٠٨ نامەو تەنها یەک نامەی دۆستەکەی زانراوە کەوتۆتە دەستمان .بەڵام لەو نامانە بۆت دەردەکەوێ کە لێنین ناپاکی کردووە لەگەڵ خێزانەکەی و دەرچوون و سەرەڕۆیی نهێنیان هەبووە بە دزی " نەدێژدە کرپووپسکایا"ژنی لێنین.

دۆستی لێنین ئێنێسە ئەرماند بە ڕەسەن فەڕەنسی بوو، بەڵام هەر لە پێترۆگراد گەورە ببوو. باوکی ئەو کچە لەلایەن فەڕەنساوە لە پێترۆگراد بۆ خزمەتی دەسەڵاتی قەیسەر کاری دەکرد. بەڵام کچەکەی وەک گەنجێکی ئەو کات بیری چەپڕەوی لەمێشکدابووە، چونکە بۆ ئەو سەردەمە هەر ئەوە باو بوو، ئیدی خۆی لەکاری سیاسی خزاند. هەندێک لەو دەست خەتانەی لیینین بەپەلە نووسراوە و هەندێک قەڵەمی ڕەشی بەسەر نووسینەکانی داهێناوە کە ئەوەش ئەوە دەردەبڕی کە بڕیارەکانی یەک لانەکردۆتەوە و پەلەپەلی نووسینی وای کردووە هەڵەبکا لە هەڵوێستەکانیدا.

ڕیپۆرتاژی ئەم ڤیدیۆیەی خوارەوە هێندە بە خێرایی قسە دەکا وەک گوولە لە هەندێک شوێن زۆر ئەستەمە ئێوە پێ ڕابگەن بە ژێرنووسە سۆرانیەکەو بتوانن بیخوێننەوە، هەربۆیە ئاسان کاریم کردووە بۆ ئێوە لەگەڵ هەندێک ڕوونکردنەوە لەتەک هەر ڕستەیەک بۆ کاراکتەر و ڕووداوەکان.

وەرگێڕان و ئامادەکردنی ژێرنووسە کوردییەکە: نیازی موستەفا.

فرە بەهرەمەندی و کارامەیی و ووردەکاری

لە قوتابخانەی ئامادەیی

هیچ شتێکی لێ بەدی نەکراوە، تەنانەت یەک حاڵەتیش

تۆمار نەکراوە ئەگەر قسەی کردبێ یان کارێکی کردبێ ببێتە مایەی دەست خۆشی

لێی.

ستایش کردن و بەشان و باڵ خۆهەڵکێشان ئەوکاتە دەستی پێ کرد.

کە ڤەلۆدیا( لێنین) بوو بە ١٧ ساڵ. تەزکییەی پێاهەڵکێشان

لەوساتەوە دەستی پێکرد کە ناوی کەوتە ناو ناوانە

بەهۆی باس و خواستی براکەیەوە وەک

تاوانبارێکی حوکومی

ئەلێکساندەر ئولیانۆڤ و پیلانی

هاویشتنی نارنجۆکێک بە کاروانی

خاوەن شکۆی ئەلێکساندەری سێهەم و تاقمەکەی دا ( برای لێنین بەناوی ئەلێکساندەر

لەگەڵ تاقمێکی گەنجی چەپڕە و هەڵسان بە هێرشکردنە سەر کاروانی قەیسەر بۆ

ئەوەی تیرۆری بکەن لەئەنجام دا کەوتە بەردەست و لە سێدارەیان دا )

براکەیان هەڵواسی لە کاتێدا لێنین تاقیکردنەوەی کۆتایی قوتابخانەی ئامادەیی

تەواوکرد و خۆی

ئامادە کردبوو تا نمرەکانی پێشکەشی دانیشتگا بکا

بەڕێوەبەری قوتابخانەی هاوشارەکەی خۆی تەزکیەی بۆ لێنین نووسی ( لەبەر ئەوەی

لێنین ناوی بە برای تیرۆریست ناسرا، هەربۆیە هیچ دانیشگایەک قبوولی نەدەکرد

ئەگەر بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی تەزکیەی ڕەوشتی بۆ دانیشتگاکە نەنووسیبایە.)

فیۆدۆر کیرێنسکی( بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی بووەو

برادەری باوکی لێنین بوو و کوڕی ئەو فیۆدەرەیە پاشان دەبێتە وەزیری داد و پاشان سەرۆکی حوکومەتی کاتی ڕویسا پاش ئەوەی قەیسەر وازی لەدەسەڵاتی ئیمپەڕاتۆریەت هێنا، لێنین بە منداڵی یاری کردووە لەگەڵ کوری بەڕێوەبەر کەچی پاش ۲۸ ساڵ کودەتای بەسەردا دەکا ) و کوڕی بەڕێوەبەر دەربەدەری وڵاتان دەبێ و لەتەمەنی ۱۰۰ ساڵی لە فەڕەنسا بەخاک دەسپێردرێ.

پاش ۳ مانگ لە قبووڵ کردنی لە دانیشگا لێنین تێکەڵ بە ڕێکخراوی نهێنی لاوانی شۆڕشگێر دەبێ و

لە ئەنجام دا مامۆستاکان بڕیار دەدەن بینێرن بۆ تورکمنێنستان

و پاش ۲۸ ساڵ هەمان لێنین کوڕی بەڕێوەبەرەکەی کیرێنسکی لە دەسەڵات لادەباو

لەگەڵ هەموو کابینەی حوکومەتی کاتی ئەوکاتە و

کوڕی کیرێنسکی لەدەربەدەری لەتەمەنی ۱۰۰ساڵی مرد

لێرە پێمان دەڵێ ئەمە یەکەمین دۆکۆمێنتی پاش

تەواوبوونی شۆڕشە لە دژی حوکومەتی کاتی

بەم شێوەیە داڕێژراوە و نووسراوە

بژی شۆڕش.

لەڕاستیدا ئەو بەڵگەنامەیە نووسراوە

کاتێ لێنین هێشتا لە بارەگای سمۆلنە کاری کردووەو شووقەیەک بوو کرابوو بە بارەگای بەلشەفیەکان

فەرمانەکان زۆربەی لەو شووقەیەوە دەردەچوو

زۆر بەڕوونی دیارە کە مەزاجی لێنین چۆن بووە لەو شوقەیە کاتێ دەست خەتەکانی دەبینین

چونکە دیارە دەست و خەتەکە زۆر بە پەلە نووسراوە

لە نیوەیدا ڕەشی کردۆتەوە

بڕیارەکان دەبوایە زۆر بەپەلە بدرایە

بەگوێرەی شێوەی دەست خەت و

لێکۆلینەوە لە دەست خەتەکانی لێنین دا

زۆر بەئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ کە

ئەو تێکستە لەگەڵ تێکستەکانی لێنین جیاوازیان هەیە بە حوکمی کات و سات و

مەزاج و پەلەکردن لەنووسینەکەی

وەک ئەوانی تر نیە بەشێوەیەکی ئارام نووسیویەتی

ئەم بەڵگەنامانە هەرگیز پێشانی کۆمەڵگە نەدراون،

بەتایبەتی لەم بەڵگەنامەیە و لەم دێڕەی کە نووسراوە

بژی سۆشیالیزم.

بەڵام لێرە لێنین لە گۆشەی ڕاستەوە بەپەلە ڕەشی کردۆتەوە و

ڕاستی کردۆتەوە و نووسیویەتی

بژی شۆڕشی کرێکار و

سەرباز و جوتیار. ئا بەم شێوە ئاسان بووە

گۆڕینی جیهان لەڕێگای شۆڕشەوە

گۆڕی و جیهانی گۆڕی، چونکە ئەو

قەناعەتی وابوو ئەو دەتوانێ بیکا

ئەو سەردەمە کە هەمووی لەژێرکاریگەری دروشمی شۆڕش بوو.

گۆڕانکاری بەسەر هەموو جیهان دا هات

مێژوونووسی بەناوبانگ لێت گۆردۆن کۆسی
بەرهەمە شاکارەکەی چاکترینیان
ژیاننامەی لێنین و بە تایبەت هات بۆ ئەو پێشانگایە
من خۆم فەرەنسیم بەڵام لەنەوەی ڕوسم
لە باو باپیرانی ڕوس و خێزانی ڕوس هاتوومەتە دونیا،
من ئەمڕۆ لێرەم لە کردنەوەی ئەم پێشانگەیەی لێنین
من کەسێکم لەدەرەوە وڵات ژیاوم
لەکەش و هەوای خێزانێکی تاراوگەوە ژیاوم و
گەورەبووم و لە دەرەوە و بە چاوێکی دەرەوەی وڵات
دید و بۆچوونی خۆم لەسەر
ئەو وڵاتەی کە کاری نووسینەوەی مێژووەکەیم تێدا کردووە
نەک تەنها نووسینەوەی مێژووی
ڕوسیا، بەڵکو سەردەمی سۆڤیەتیش،
ئەوە نیشانمان دەدا کە ئێمە گەیشتوون بەو باوەڕەی کە شتەکان کۆتایی پێهاتووە
ڕازی بوونێک هەیە ئەوەی ڕوویدا لە ڕابردوو واتە
سۆڤیەتی کۆن و ڕابردوو لەگەڵ سەردەمی ئێستادا
لەم پێشانگایەدا زۆر شتی تاک و بێ هاوتا پێشان دەداو
بەتایبەتی تەرخانکراوە بۆ
ژیانی لێنین و چی بەسەر
گیانی ئەو مرۆڤە داهاتووەو کە
وڵات و هەموو جیهانی وەرگێڕا

نمایشگەیەکی بێ هاوتایە

ئەمە تاکە نامەی ئێنێسە ئەرماندەیە بۆ لێنین

کە گەیشتۆتە دەستی ئێمە تاوەکوو ئێستا

بۆ ماوەیەکی زۆر نامە گۆڕینەوەی نێوان لێنین و جوانی شۆخ و شەنگی

ئێنێسە ئەرماندی چالاکوانی شۆڕشگێڕ

هەروەک بە دۆست و عەشیقەی لێنین ناوی دەهێنراو

بەنهێنی مابۆوە، لەم پێشانگایە دەتوانی

١٠٨ نامەی ڤلادیمیر ئیلیتش لێنین بخوێنیتەوە کە بۆ ئەرماندنی نووسیوە

کە تاوەکوو ئیمرۆ بۆمان ماوەتەوە

تەنها چەند دەست خەتێکی کەم ماوە لەنامەکانی ئێنێسە ئەرماند بۆ لێنین.

لێرە چەند وشە و ڕستەیەکی ئێنێسە ئەرماند

پاش ١٣ساڵ لێکترازانیان بۆ لێنینی نووسیوە و دەڵێ

من ئەو کاتە وەک لە دارستان دەترسام بەڵام

گڕم گرتبوو حەزم دەکرد بتبینم

زۆر پێم باشتر بوو بمردبام لە شوێنی خۆم

وەک لەوەی بێمە لات بۆ ژوورەوە و تۆش بەهەر هۆیەک بێ

سەرت بە ژوورەکەی "نەدێژدە کۆستەنتینە" دا دەکرد

من یەکسەر سەرم لێشێوا و گێژ بووم

شەڕی دارمان ڕوسیا پەلە قاژە دەکا، ئەی باشە من چی بکەم

گوێچکەکانت چاک بکە

چی،

لەمێژە حەزدەکەم پێت بڵێم

ئەو شەپقەیە زۆرجوان لێت دێ

بەڵام دەبێ چاکی بکەیت

گوێچکە قەشمەرەکانی ئەم کڵاوە

ڕۆلی لێنین لەلایەن ئەکتەری لێهاتووی پڕشنگدار

یئێڤگێنی میرۆنۆڤەوە" گێراوە"

فیلمێکی شاکاری هوونەرییە بەبۆنەی تێپەڕبوونی

١٠٠ ساڵ بە سەر شۆڕش ناوی فیلمەکە بەناوی

شەیتانی شۆڕش ناوی مەبەستی لەوەیە

ئیمیگرانتی سیاسی ئەلێکساندەر.

پارڤووس و دەست تێوەگلانی لەگەڵ

حوکومەتی ئەڵەمانیا

هەوڵدانی بۆ کاریگەری لەسەر لێنین

فیلمەکە بەڵگەنامەیەکی ڕاست و دروستە

لەسەر لێنین لەڕووی فیلم تۆمارکردنەوە

کە هێشتا نەکرابوو

لە چەپ لێنینی حەقیقی و لە دەستی ڕاست نمایشی لێنین لەو فیلمە

سەیربکەن لە ڕۆیشتن و جوولانەوەی هەر دوو دیمەن

وەک یەکن و تەنانەت دەستیان وەک یەک دەجولێنەوە

یان سەیر بکە لێنین لە سالۆنی کۆبوونەوە دەردەچێ

ئێڤگێنی میرۆنەڤ

یەک بەیەک لەگەڵ ڤلادیمیر ئیلتیتش

زۆر بە ئاستەم سەری بەرزدەکاتەوە

سەیری مرۆڤەکەی بەرامبەری دەکا دیمەنێکی تر

ئێمە ئامادەین یارمەتی داراییتان بکەین

دۆکۆمینت و هەر شتێکتان پێویست بێ

پارە پارە شتێکی سەرنج ڕاکێشە

پارە لێرە لەدەرەوەی وڵات زۆر زەحمەتە گیرت بکەوێ کاپیتالیزم

هەر کەسێ پارەت پێ بدا

لەبەرامبەر داواکارییەکی هەیە، ئەی چی داواکارییەت دەتوانیت پێشکەشی بکەیت

لەو سەری ڕوسیا و چاوەکانی لێنین

ناتوانی سەیریان بکەیت

هەروەک ناتوانیت سەیری سەرە دەرزی بکەی

حەزی کردووە قسەکەری بەرامبەری بکوژێ دوژمنەکەی

کاتی موجامەلە و دەست خۆشی نەبووە

فەرموو ئەمەش سیفات و ڕووی سەرنجڕاکێشی

هەموو پەیامەکان دەبێ تەرخان بکرێ بۆکاری سەرەکی

هەر بۆیە دەبێ ژن ئامادەبێ لە تەکیەوە

لەبەر ئەوە هەستێکی تایبەت

ئەو تەنانەت ترساوە بۆ یەک چرکەش کات بەفیڕۆ بدا

چونکە دەبێتە بەربەست لە بیرکردنەوەیی و بەجێگەیاندنی پەیامەکەی.

بۆ بنینی ئەو فیلمە دۆکومێنتارییە ئەرشیڤەی ڕوسیا کەبڵاوکراوەتەوە ٢ ٢٠١٧ بەبۆنەی ١٠٠ ساڵ بەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر. لەو لینکەی خوارەوە کلیک بکە.[174]

"ئێنیستە ئارمەند" دۆستی لێنین بوو



174 https://www.youtube.com/watch?v=Aio8ek5dlhk&feature=share

گرتە ڤیدیۆیەکی لێنین لە خوارەوە بە ژێر نووسی کوردی-سۆرانی وەرمگێڕاوە

بەرنامەی کەناڵی تەلەڤیزیۆنی ڕوسیا ١ لەپێشکەش کردنی دۆکوومێنتە نهێنیەکانی لێنین

کە بۆ ماوەی ١٠٠ ساڵ شاراوە بوو بۆ مێژوونووسان، بەڵام ئێستا خراوەتە بەر دەستیان لە پێشانگای مۆسکۆ. هەر کەسێ ناتوانێ پەلە بکا لەخوێندنەوەی ژێرنووسە کوردیەکە ئەوا دەتوانێ لێرە لەخوارەوە ببینیت و بۆم داناون.[175]

ئەمەش یەک لەو ٢٥ تێکستەیە لە فەرمانەکانی لێنین کە جێ بەجێ کرا.

تێکست

کوشتنی سیخوڕەکان، پۆلیسەکان، جندرمەکان

تەقاندنەوەی بارەگا و دائیرەکانی پۆلیس

ئازادکردنی زیندانیەکان، تالانکردنی پارەی حوکومەت بۆ خزمەت و پێداویستی ڕاپەڕین

هەر مەفرەزەیەکی سووپای شۆڕشگێڕ پێویستە بەزووترین کات ئامادەبێ بۆ ئەو کردارانە

لێنین " ئەرکی مەفرەزی سووپای شۆڕشگێڕ" ساڵی ١٩٠٥

پێشانگای لێنین لەزۆر ڕووەو لێنین'ێکی نوێمان نیشان دەدا ئەو لێنینە نیە کە نەوەی کۆن لە یەکیەتی سۆڤیەت لەگەڵی ڕاهاتبوون و دەیانبینی، بەڵکو لێنین'ێکی ترە لە پاش دارمانی یەکیەتی سۆڤیەت،کاتێ هەڵسان بە دارشتنەوەی لێنین'ێکی نوێ.

---

175 https://www.youtube.com/watch?v=jLSZPp-ApSM&feature=share

کەسایەتیەکی مەزن لەمێژوو کە حەزدەکەین تێبگەین
سەرەتا بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن لەسەدەی ٢٠ و چ جۆرە جوانکارییەکیان کردبوو بۆ لێنین

فکر و ئەنجامی چالاکیەکانی واتە ئاشکرایە پێوەری کەسایەتیەکەی هەسارەیی ئوومەمی ئەستێرەی گەش بوو. ئایا لێنین هەوڵدانەکەی ڕاستگۆبوو بۆ دروستکردنی ژیانێکی باشتر بۆ هەموو مرۆڤایەتی دەست پێکردنی لە ڕوسیاوە بەڵێ ڕاستگۆ بووەو حەزی دەکرد باشتر بێ

بە تێڕوانینی من وزەیەکی بورکانی ڕۆشنفکری هەبوو قسەی لەسەر نیە لە کاریزمای ڕۆمانسیەتەوە بەرە و دابڕان بەمانای وشە عاشقێکەو بەگوێرەی واقیعەکەی ڕەفتاری کرد

لێنین تاوانی کردووە؟ بەڵێ ئەو کردوویەتی و بێ شومارە بەڵام ئەو تاوانە بە پێوەری ئەوکاتی ڕوسیا بەو قەبارەیە کە لێنین بەهاو مۆڕاڵ و شیرازەی سیستەمی حوکمی تێکداو

لە خوێن ڕشتن و دەست بەسەراگرتنی موڵکایەتی بەرزترین دادپەروەری بەئەنجام گەیاند

ببینە ئێستا دەڵێن لێنین خاوەن کەسایەتیەکی دژ بەیەک بووە بەڵێ ئەگەر بە چاوی ئیمڕۆ سەیری بکەین. هیچ دژوارییەک و جیاوازییەکی لەزاتی لێنین دا نەبووە. ئەو پەرتووبڵاو نەبوو

بەڵکو بەڕەهایی زاتێکی تەواو بووە. ئەخلاقێکی نوێی داهێنا لەڕێگای "وشەی ئازادی"ەوە توانی ئومێدو گەشەیەک بە ملیۆنەها کەس ببەخشێ مەعنویەتی ئێمەی بەرەو کۆمەڵگەیەکی نوێ و شۆڕشێکی جیهانی نوێ برد

واتە لەپێناو ئامانجی ئازادی دەتوانی سزابدەیت، تەنانەت ئازادانە خەڵک بکوژیت ئەمەش لەپێناو بەختەوەری هەموو کۆمەڵگە لەهەمان کاتدا هەر تاکێک دەبێ ئامادەبێ بۆ قوربانی دان لەپێناو هەمان ئامانج بۆ بەختەوەری هەموو کۆمەڵگە، قسەی لەسەر نیە کە بە های سیستێمی لێنین لە یەکیەتی سۆڤیەت لەسەروی هەمووشتێکەوە بووە، حوکوم دان لەسەر هەموو شتێکی ئەوکاتەی سۆڤیەت لە توانای ئێمە دانیەو ئەوە ناهێنێ ئەوە بکەین

بیر لە ئەگەرەکانی بوون یان نەبوونی بەینەوە. بڵێین بیکەینەوە، دیسان سوودی نیە پێویستە بژیت لە واقیعی لێنینی لەمێژووەکەمان بەواقیعی بۆ یەکیەتی سۆڤیەت لێنینی ئێمە و لێنینی سۆڤیەت.گەشەپێدانی هاوردەی تیۆری ڕۆژئاوا و لێنین ڕوسیای بەرە و بەواقیع کردنی خەونێکی زەبەللاحی برد،

کۆمەڵگەی خستە ژێر تاقیکردنەوەیەکی مەزن. بڕیار بوو کۆمەڵگەیەکی بێ خاوەن موڵک، ئابوورییەکی سەرکەوتووانە بێ ئاڵوگۆڕی بازاڕ بەرهەم بهێنێ

ئەنجامی تاقیکردنەوەکە وەڵامەکەی نشستی بوو کە بەدەستمان هێنا

بەڵام وەڵامی ئەو پەیامە هەیە

ئەویش لێنینی قارەمانە بۆ مرۆڤایەتی هەروەک وڵاتەکەمان قارەمانە بۆ مرۆڤایەتی بێ ڕەچاوکردنی خۆبەخشین و قوربانی دان بۆ هەموو جیهان پێویستە سپاس گوزاربێ، هێشتا ئێمە زۆرمان ماوە بۆ ئەوەی لە لێنین تێبگەین،

باشیەکەی لەوەیە کە لێنینێکی شاراوە نیە، ئەم ماوەیە ئەرشیڤی ڕوسیا لەسەر ڕابەری پڕۆلێتاریای جیهان ئیدی هیچ شتێک نایشارێتەوە. ئەنتۆن لیادۆڤ چاوێکی بەو دۆکومێنتانەدا خشاندووە.

"هاوڕێیانی سووپای سوور کەپیتالیستی ئەمەریکا و ئینگلتەرا و فەڕەنسا هێرشێکیان

بەرپاکردووە لە دژی ڕوسیا ئا بەم شێوەیە نابێ سووپای سوور نابەزێ "لێرە خودی لێنین قسە دەکا

لەم پێشانگا نموونەییە نەک تەنها گوێت لە دەنگی حەقیقی لێنین دەبێ بەڵکو دەنگێکی بێ خشەخش توانراوە گوێبیستی دەنگی بیت لە دووری بە دەیان مەتر، لێرە دەتوانی چەندەها گرتە فیلمی تۆمارکراوی لێنین ببینیت، ڕابەر لە وتارەکانی زۆر متمانەی بەخۆی هەبووە لەکاتی قسەکردنیدا لە بەردەنم کامیراداو لە پێش جەماوەر و پاش هەوڵێکی سەرنەکەوتووانە بۆ تیرۆرکردنی لێنین، داوایان لێکرد لە پێش کامیرا بوەستێ و نمایش بکا هەروەک کەسێکی ماندوو نەبوو لە خوێندنەوە و کارکردن و دانیشتنی لەسەر کورسیەکی ڕەق و تەق.

ماوەی ١٠٠ساڵە بەبەردەوامی بووەتە جێگای مشتومڕی مێژوونووسان بۆ دیاریکردنی هەڵسووکەوتی دژی بەیەکی شەخسیەتی لێنین

لێرە هیچ شتێک نیە، تەنها دۆکۆمینت و فاکتن.[176]

---


176 https://www.youtube.com/watch?v=jLSZPp-ApSM&feature=share



ئەم ڕۆژانە نابێ بە مێشکت کار بکەیت،پەنجەت دەقرتێ، بەڵکو بێ بەزەییانە دەبێ بکێشیت بە تەپڵی سەر (لێنین)







لەدوای ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەت، حیزبێک درووست بوو لەسەر هەمان نەغم و ئاوازی بەڵشەڤیکی کۆن لەساڵ ( ١٩٩٣-٢٠٠٧)، یەکێ لەهەرە کەسایەتیە ناودارەکانی " حیزبی نیشتمانی بەڵشەڤیک" ئێدوارد لیمۆنۆڤ'ە، کە بە فاشیستێک لەقەڵەم دەدرێ. ئەو حیزبە بەڵشەڤیکیە لە ڕوسیای فێدێڕال بەیاسا قەدەغە کراوە، چونکە بۆچوونەکانیان زۆر فاشیتانەو ڕادیکاڵانەی نامرۆڤانەیەو ڕەتی هەموو سیستەمێکی دیموکراتی و ئایدیۆلۆژیایەیک دەکەن و دەسەڵاتی ڕەهای بەڵشەڤیکیان دەوێ. هەرچەندە جەماوەرییان نیە، بەڵام ترسناکن کەسانی ئاوا نەک لەمەیدانی سیاسی کاربکەن بەڵکو لە بەرنامەی تەلەفیزیۆنەکانیش بانگهێشت ناکرێن ، چونکە نایانەوێ میللەت بە قسەی نیۆ-بەڵشەڤیەکان هەروەک نیۆ-نازییەکان ژەهراوی بکرێن.[177]

ئەرشیڤی ئەڵمانی ساڵی ١٩١٤

---


177 https://en.wikipedia.org/wiki/Eduard_Limonov





لە ئەرشیڤی حوکومەتی نەمسا وەرگیراوەو نووسراوە کە لێنین شەڕ دەوەستێنی و داوای ئاشتی دەکا پاش بەدەست هێنانی ١٠ ملیۆن مارک وەک یارمەتی لە ئەڵمانیا .

بەشی دووهەم لەو ئەرشیڤەی نەمسا.








وەرگرتنی ١ ملیۆن ڕۆبڵی کاش لە نوێنەری ئەڵمان لە کۆپنهاگن بۆ پارڤووس لە ڕۆژی ٢٩ دێسەمبەری ١٩١٥ بۆ پێداویستی ڕاپەڕاندنی شۆڕش لە ڕوسیا.




изацию революции. Текст: « Получил 29 декабря 1915 один миллион рублей в банкнотах на потребности революционного движения в России от
»


واژۆی پارڤووس بۆ وەرگرتنی ١ ملیۆن مارکەکە




لە ٩ی نۆڤەمبەری ١٩١٧ لە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیاوە بۆ قەیسەری ئەڵمان تێلێگرامێک نێردراوە داوای١٠مارک دەکا، پاشان دەستکاری کراوەو نووسراوە بە ١٥میلیۆن مارک بۆ پاڵپشتی بەڵشەڤیەکان لە بواری پڕۆپاگەندە .




له بالۆێزخانەی ئەڵمانیاوە لەکۆپنهاگنی دانیمارک یەک ملیۆن ڕوبڵ دراوە بە پارڤووس لە ٢٩ دێسەمبەری ١٩١٥ بۆ پەرپاکردنی شۆڕش. پاش مانگێک لە مانگی ژانیوەری ساڵی١٩١٦ خۆپێشاندان و مانگرتنێکیان بەرپا کرد، بەڵام سەرکەوتوونەبوون، ڕێکخەرو پاڵپشتی دارایی ئەو ڕاپەڕینە پارڤووس بوو.




وێنەی دوو دۆکۆمێنتی ئەرشیڤی سۆڤیەت کە بڵاوکراونەتەوە باس لە ناردنی پارەی ئەڵمان دەکا بۆ بانقێکی سیبریا.



1/ КОЗЛОВСКIЙ М.Ю.

...ое Агентство въ Сочи по порученiю Софiи Ко

20 Iюня уплатить Козловскому /Преображенска

каковое порученiе названнымъ Агентствомъ уп

2/ СУМЕНСОНЪ ЕВГЕН.МАВРИКIЕВНА.


внесла на счетъ Aktiebolaget Nya Banken, Stockh

15 Апрѣля с.г. Руб. 50.000.-

26 Апрѣля " " 20.000.-

16 Iюня " " 100.000.-





Der K. Legationsrat an Auswärtiges Amt.

No. 551.


Oberste Heeresleitung übergibt folgende Meldung der Sektion Politik des Generalstabes Berlin:

"Steinwachs drahtet aus Stockholm am 17. April 1917:


"Lenin Eintritt in Rußland ge- glückt. Er arbeitet völlig nach Wunsch

Daher Wutgeheul Stockholmer Entente -

پارە زیاتر بەخشراوە بەو کرێکارانەی دەچن بۆ خۆپێشاندان و لە بەرامبەردا نەچن بۆ کارگە دووقات پارەی ئەو ڕۆژەیان پێدراوە .


ка лѣтъ 13-14, получивъ разъ десятиру-
левку спряталъ ее въ карманъ и подбѣжалъ
вторично съ другой стороны съ крикомъ:
"дяденька, дай мнѣ и я тоже буду кричать
долой...."
Раздача десятирублевокъ продолжалась
довольно долго, и, въ виду многочисленности
желающихъ, ленинцами была роздана значитель-


لیستی ناوەکانی ئەو کەسانەی لەو فارگۆنەی شەمەندەفەری ئەڵمانیادابوون و پێیدا تێپەڕیون. هەموویان ئەندامی بەڵشەڤیکی بوون کە نزیکەی ۳۳ کادیری حیزبی بەڵشەڤیکی بوون بەرەو پێترۆگرادی ڕوسیای قەیسەری بەڕێ کەوتبوون.




ڕۆژنامەی پۆلیتیکی سوێدی بەشان و باڵی لێنین هەڵدەداو دەڵێ ڕێبەرو پێشەوای شۆڕشی ڕوسیا لێنین، کاتێ شەمەندەفەرەکەی دەگاتە سوێد لەئەڵمانیاوە .




ئەندام پەرلەمانی نەمسا ڤیکتۆر ئادلەر داکۆکی لە لێنین و ترۆتسکی دەکا کە ئەو دوانە لەدژی ڕوسیا خەبات دەکەن. ڤیکتۆر ئادلەر پاشان بوو بە یەکێ لەوەزیرە ناودارەکانی ئیمپەڕاتۆری نەمسا- هونگاریا . لایەنگیری چەپەکان بوو .


eten Dr.Adler und Dr.Diamand sind hier ers
angegeben: Ulianow ist ein entschiedener
sein Leben dem Kampfe gegen Russland gewi
ssland wä dort sofort auf das strengste beh
htet.Er hat angeblich einen europeischen R
gen den russischen Carismus,- Dr-Adler (Wi
r.1) und Dr.Diamand (Lemberg gegenwärtig W

دوو تێلێگرامی لێنین فەرمان بە کوشتنی جوتیاران دەکات .

траммy о подавлении «кулацкого» восстания в Пензенской губернии:

Минкину и другим пензенским коммунистам.

волостей кулачья должно повести к беспощадному подавлению. Этого требует интерес всей революции, ибо теперь везде
ный бой» с кулачьём. Образец надо дать.

нно повесить, дабы народ видел) не меньше 100 заведомых кулаков, богатеев, кровопийц.
мена.
леб.
ков — согласно вчерашней телеграмме.

сотни вёрст народ видел, трепетал, знал, кричал: душат и задушат кровопийц кулаков.

чение и исполнение. Ваш Ленин.

отвёрже


Свердлова Е. Бош направили в Пензу, где она возглавила губком РКП(б). В этом регионе, по мнению В. И. Ленина, была
ктивизации работы по изъятию хлеба у крестьянства. В Пензенской губернии надолго запомнили жестокость Е. Бош,
тьянских восстаний в уездах. Когда пензенские коммунисты — члены губисполкома воспрепятствовали её попыткам
крестьянами, Е. Бош обвинила их «в излишней мягкости и саботаже» в телеграмме на имя В. И. Ленина. Исследователи
будучи «психически неуравновешенным человеком», сама спровоцировала крестьянские волнения в Пензенском уезде,
атора продотряда. По воспоминаниям очевидцев, «в с. Кучки Бош во время митинга на сельской площади лично застрелила
ть хлеб. Именно этот поступок возмутил крестьян и вызвал цепную реакцию насилия». Жестокость Е. Бош по отношению к
особностью пресечь злоупотребления своих продотрядовцев, многие из которых не сдавали государству изъятый у
но и водку[2].

и чаще, всякий раз надолго приковывая Е. Бош к постели. Некоторое время она работала в ЦК Всероссийского
образования, в комиссии Центросоюза и Наркомпрода по помощи голодающим, в наркомате рабоче-крестьянской
правляло Е. Бош на лечение в Грузию, Германию, Италию. Там она начала писать автобиографию в форме писем к
) и книгу «Год борьбы. Борьба за власть на Украине с апреля 1917 года до немецкой оккупации».

ыносимыми, Е. Бош покончила жизнь самоубийством. Это случилось в Москве 5 января 1925 года.

1925 году уже после смерти автора (переиздана в 1990 году).

شۆڕش بەدەستکێشی سپیەوە ناکرێ( مەبەستی لەوەیە شۆڕش بێ خوێن ڕشتن و قوربانی دان نابێ و کوشتن و بڕینی تێدا دەبێ)




Dekulakization



Dekulakization was the Soviet campaign of political repressions, including arrests, deportations, and executions of millions of the better-off peasants and their families in 1929–1932. Wikipedia

**Date:** 1917–1932?


**Deaths:** 700,000-5,000,000

**Location:** Soviet Union

**Perpetrators:** Secret police of the Soviet Union

**Attack types:** Classicide, Mass murder, Deportation, Starvation

"لە قوڵایی" - ناوی ئەو ئەو نۆڤێلەیە کە کرا بە شانۆ لە ئەوروپای ڕۆژئاوا لە سیناریۆیی مەکسیم گۆرکی .




تاتیانە بێرمەن ( ژنی یەکەمی پارڤووس) لەگەڵ ئێڤگێنی گنێدین (کوڕی پارڤووس)


وێنەی دووهەم : کوڕی پارڤووس ئێڤگێنی ئەلێکساندرۆڤیتچ گنێدین(١٨٩٨-١٩٨٣).

دیپلۆماتێکی سۆڤیەت و زیندان و دورخراوەی ستالین و نووسەر .





پارڤووس



ڕووسکەیا گازێتە - ڕۆژنامەیەکی ڕوسی بوو لەلایەن ترۆتسکی و پارڤووسەوە لەساڵی ١٩٠٥ لە سانت- پیترسبوورگ ڕوسیا دەردەچوو .



ВЕЧЕРНИЙ ВЫПУСК

Русская ГАЗЕТА

ПОСЛАННИК ФР. КОЦЫНЬ У МИНИСТРА-ПРЕЗИДЕНТА


Югославии и Болгарии обмен нотами

между СССР и Румынией

ВОСПРИНЯТ СОВЕ

Германский фронт против Анг

протяжением в 900 кил




جولیۆس مارتۆڤ سەرۆکی مێنشەڤیک لە ساڵی ۱۸۷۳ لە ئەستەنبوول لەدایک بووە لە خێزانێکی جولەکە. پاشانماڵیان گواستراوە لیتوانیای سەر بە ئیمپەڕاتۆریەتی ڕوسیا لە کۆمارەکانی بەڵتیق. لەبەر چالاکی سیاسی ۳ ساڵ زیندانی بۆ دەرچووەو بڕیاری دوورخستەنەوەی بۆ دەرچوو بۆ ڤیلنەندەی نزیک لیتوانیا کە یەکێکە لە کۆمارەکانی بەڵتیق ئەوکاتەی ژێر دەستی ئیمپەڕاتۆڕیەتی ڕوسیا . بەڵام باپیرەی ویستی پارەی سزاکەی بۆ بداو بیکڕێتەوەو بیبا بۆ ئەمەریکا و ژیانێکی نوێ دەست پێبکاو کۆچ بکا . بەڵام ڕەتی کردەوە هەر خەریکی کاری سیاسی بوو تا ئەوکاتە کێشە دروست بوو لە

نێوان لێنین و مارتۆڤەوە. بوون بە بەڵشەڤیک- لێنین و مارتۆڤیش بە مێنشەڤیک و لەساڵی ١٩٢٣ لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە .



ئەو سێ کەسەی خوارەوە بەسەرکردەی مێنشەڤیک لەقەڵەم دەدرێن هەرچەندە سەرەتا پلێخانۆڤ لەگەڵ بەڵشەڤیکیەکان بوو، بەڵام هەر پاش ٢ ساڵ بە توندی ڕەخنەی لە لێنین و ترۆتسکی گرت لە سیاسەتی دیموکراتی مەرکەزی کە بەشێوەیەکی دیکتاتۆری دەیبینی. هەر بۆیە زیاتر بەلای مێنشەڤیکەکاندا شکاندیەوە .

شەپقە لەسەر مارتۆڤ جولەکە ، پلێخانۆڤ ڕوس لەناوەند ، دان لە دەستی ڕاستەوە



مارشاڵ ڤەرۆشیلۆف دەستی ڕاستی ستالین بوو. بەرپرسە لە کوشتنی نەیارەکانی ناو حیزب و دەرەوی حیزب و سوپای سپی و گەلانی داوای مافی سەربەخۆیی و چارەنووسیان کردووە وەک قەفقازییەکان و ئۆکرانی و کۆمارە بەلْتیقیەکان، کە بە تیرۆری سوور و تۆقین و داپلۆسینی سیەکان بەناوبانگە "ڕیپرێسی سیەکان" .



پیتەر خرووستالییێڤ- سەرۆکی ڕێکخراوی "نێونەرانی کرێکارانی سانت پیتسربورگی سۆڤیەت" کرێکاری سەندیکایی بوو



پارڤووس و ترۆتسکی و لەدەستە ڕاست لیۆ دۆیتش هەرسێکیان لە سۆشیال - دیموکراتی ڕوسیا بە ڕەگەز جولەکەبوون



لە دەستی چەپەوە ترۆتسکی لەناوەڕاست چاویلکە لەچاو کڵاو ڕەش کامینییێڤ لەتەک ئەوەوە زینۆڤییێڤ هەرسێکیان لەنەتەوەی جولەکەو ئەندامی سەرکردایەتی بەڵشەڤیکی ڕوسیا.



وتاریکی ترۆتسکیە لەڕۆژنامەی نۆڤی میر لە نیۆرک- ئەمەریکا لەساڵی ١٩١٦-١٩١٧ دەرچووە .


ЕЖЕДНЕВНАЯ РУССКАЯ РАБОЧАЯ ГАЗЕТА

НОВЫЙ МІРЪ

وێنەی ئەو پاسپۆڕتە فەڕەنسیەیە کە ترۆتسکی سەفەری ئەمەریکای پێکردووە لە ئیسپانیاوە .



فۆتۆئەلبوومێکی ترۆتسکیە و پڕە لەوێنە ئەرشیڤی لەسەر ترۆتسکی لەم لینکەی خوارەوە .

https ://www .alamy .com/stock-photo-trotsky-leon-lev-davidovich-bronstein-7111879-218-1940-soviet-politician-58475747 .html


سێرگێی سیدۆڤ کوڕی ترۆتسکی لە ژنی دووهەمی، کە لە ڕوسیا ماوەو لەگەڵ باوکی دەرنەچوو بۆ دەرەوەی وڵات و ستالین تیرۆری کرد پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر. وێنەی دووهەم : ترۆتسکی و نینەی کچی لەهاوسەری یەکەمی لەساڵی ١٩١٥ وێنەی گیراوە.
وێنەی سێهەم : زینەی کچی ترۆتسکی لە ژنی یەکەمی ترۆتسکی .
وێنەی چوارەم : ترۆتسکی و هاوسەرەکەی بەناوی ئەلێکساندرە سەکەڵۆڤە (١٨٧٢-١٩٣٨). وێنەی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم لە نامەکەی ترۆتسکی بۆ کۆنسوولیەی ڤیزەی ئەڵمانیا لە ئەستەنبووڵ نووسیویەتی بۆ ئەوەی ڕێگای بە کچەکەی بدەن بۆ چارەسەری، چونکە نەخۆشە .




C
HEZ-2682174
FOTOSTOCK
Fine Art Images









... emir verilmesini istirham ederim zira
müteakip vapur ancak ikincikânun nihayetine doğru hareket
edecektir stop Telgraf masarifi derhal tarafımdan tediye
edileceğini arz ve cevabı ailelerinin atideki adrese
gönderilmesini istirham ederim Efendim Hazretleri

Trotsky

İstanbul Büyükada İzzetpaşa konağında Trotzky



hazırda Odesada ağır
Zinaida Volkofa Türk
rham ederim stop Halı



بەڵگەی فەرمی سعودیة لەسەر بارزگانی کردن بە کۆیلەوە .



جريدة ام القرى فى يوم الجمعة ١٦ رجب سنة ١٣٥٥ الموافق ٢ أكتوبر سنه ١٩٣٦

## تعليمات بشأن الاتجار بالرقيق

### الفصل الاول

المادة الاولى — نظرا الى ان احكام الشرع الشريف تقضي بعدم استرقاق رعايا البلاد المعاهدة أو شرائهم فانه يحظر حظرا باتا.

١ ) ادخال الارقاء من أى البلاد الى المملكة العربية السعودية بطريق البحر .

٢ ) ادخال الارقاء الى المملكة العربية السعودية بالطرق البرية مالم يكن لدى جالب الرقيق وثيقة حكومية تثبت أن المجلوب كان معترفا به أنه رقيق فى البلاد المجلوب منها حين نشر هذا النظام

٣ ) استرقاق الاحرار فى المملكة العربية السعودية .

٤ ) مشترى أو تملك أى رقيق ادخل أو استرق ( بصورة مخالفة للفقرات السابقة ) بعد نشر هذا النظام وكل مخالفة لما ذكر فى الفقرات السابقة تستوجب جزاء مرتكبها بالجزاء الآتى :

١ ) اعتبار الرقيق حرا واطلاق سراحه .

٢ ) تطبيق انظمة الجمرك السارية المفعول على المهربين .

٣ ) الجزاء الصارم بالحبس لمدة لا تزيد عن سنة .

### الفصل الثانى

المادة الثانية عشرة — لا يجوز تعاطى الاشتغال بالر...
تعطى من قبل جهة الاختصاص.

المادة الثالثة عشرة — يعين موظف مخصوص بأشغ...
له معاون متنقل عند اللزوم .

المادة الرابعة عشرة — على جهات الاختصاص المح...
مفعول هذا النظام يحوى خلاصة المعاملات التى تمت و...
مفتش الرقيق الى وزير الداخلية خلال شهرين من تار...

المادة الخامسة عشرة — ان جهات الاختصاص الم...
العاصمة والامارات فى الملحقات . وحين النظر فى القض...
الاختصاص هيئة مؤلفة من مندوب عنها ومندوب عن...
للنظر فى القضية والحكم فيها .

المادة السادسة عشرة — يصبح هذا النظام سارى ا...

دراسات فى

الادب القديم والا...

دیعایەی ڕۆژنامەی پارێزگاری کیێڤ-ئۆکرانیا لەساڵی ١٨٣٨ کڕین و فرۆشتن و بازرگانی کردن بە کۆیلە

26. Купчая крѣпость на проданнаго Канцеляристомъ Яковомъ Сичевскимъ чиновнику 8-го класса Василію Троцкому мальчика Степана Лаха, записаннаго за отцомъ его Волынской Губерніи Овручскаго Уѣзда при деревнѣ Большой-Хайчи за сумму 100 руб. серебромъ, взято процентныхъ 16 руб. серебромъ и явочныхъ 10 руб. ассигнаціями.


— Купчая крѣпость на проданную Колежскимъ Совѣтникомъ Николаемъ Щул...скимъ Поручику Платону Остроградскому дворовую дѣвку съ малолѣтнимъ ея сыном за 50 р. серебромъ; взято процентныхъ к числу душъ 16 р. и явочныхъ 10 р. ассигна...

— Закладная данная женою отставного Цейгдшера 2-го класса Пелагіею Федоровою женѣ Полковаго Есаула Екатеринѣ Дементьевой въ занятыхъ 500 р. ассигнац. и 25 полуимперіаловъ, съ залогомъ дома въ Печерской части; взято явочныхъ 10 ру. ассигнаціями

— Купчая крѣпость, на проданную чиновницею 12-го класса Ульяною Бордуновою, женѣ отставнаго Маіора Клонеръ Татьянѣ, дворовую дѣвку Анну Евстафіеву дочь Цюцюренкову, записанную по 8 й ревизіи по городу Кіеву за 150 руб. взято процентныхъ 8 руб. и явочныхъ 10 руб. ассигнаціями.

Сообщение в газете «Киевские губернские вѐдомости» за 1838 г. о продаже крепостных.

ئەو خێزانەی کە خۆی وەک کۆیلە دەفرۆشێ. ئەو جوتیارانە کۆیلەی خاوەن موڵکن. مولکدار مافی بەسەر ئەو کۆیلانەی خۆی هەبووە بیانکووژێ یان بیانفرۆشێ یان سێکسیان لەگەڵ بکا، منداڵەکانیان لێ زەوت بکا و بیانفرۆشێ. ئەو سیستەمە لە ڕوسیا تاوەکوو ١٥٠ ساڵ پێش ئێستا هەر بەردەوام بووە، بەڵام پاش ئەوە بە بڕیارێکی ئیمپراتۆر بڕیاری بە کۆیلەکردنی جوتیاران قەدەغە کرا . پێی دەڵێن یاسای کرێپەستنۆییێ پراڤۆ. کۆیلەکردنی مرۆڤەکان بەردەوام بووە تا کۆتایی سەدەی ١٩












ئەم خێزانە لەلایەن خاوەن موڵکەوە بڕیاردراوەو ئامادەن بۆ فرۆشتن کۆتایی سەدەی ١٩ ، ئەو حاڵەتە پێش ١٨٦١ بووە .



وێنەی ئەو دیعایە لە ڕۆژنامەیەکی هەرێمی ئۆکڕانیای سەر بە ڕوسیای قەیسەری
دەگەڕێتەوە بۆ بەرواری ١٨٣٨
کەباس لە فرۆشتنی کوڕێک دەکا بە ١٠٠ ڕۆبل
لە یەکێکی تر باسی کچێک دەکا دەیفرۆشین بە ١٥٠ ڕۆبل و یەکێکی تر باس لە کچێک
دەکا ئامادەیە بیفرۆشین بە ١٠ ڕۆبل و هتد..



26. Купчая крѣпость на проданнаго Канцеляристомъ Яковомъ Сичевскимъ чиновнику 8-го класса Василію Троцкому мальчика Степана Лака, записаннаго за отцомъ его Волынской Губерніи Овручскаго Уѣзда при деревнѣ Большой-Хайчи за сумму 100 руб. серебромъ, взято процентныхъ 16 руб. серебромъ и явочныхъ 10 руб. ассигнаціями.

— Купчая крѣпость на проданную Коллежскимъ Совѣтникомъ Николаемъ Щульскимъ Поручику Платону Остроградскому дворовую дѣвку съ малолѣтнимъ ея сыномъ за 50 р. серебромъ; взято процентныхъ и числу душъ 16 р. и явочныхъ 10 р. ассигн.

— Закладная данная женою отставнаго Цейгдишера 2-го класса Пелагіею Федоровою женѣ Полковаго Есаула Екатеринѣ Деревой въ занятыхъ 500 р. ассигнац. и 25 полуимперіаловъ, съ залогомъ дома въ Печерской части; взято явочныхъ 10 ру. ассигнаціями.

— Купчая крѣпость, на проданную чиновницею 12-го класса Ульяною Бордуновою, женѣ отставнаго Маіора Клоперъ Татьянѣ, дворовую дѣвку Анну Евстафіеву дочь Цюцюренкову, записанную по 8 й ревизіи по городу Кіеву за 150 руб. взято процентныхъ 8 руб. и явочныхъ 10 руб. ассигнаціями.

Сообщение в газете «Киевские губернские ведомости» за 1838 г. о продаже крепостных.

ئێستێیبان ڤۆڵکۆڤ نەوەی ترۆتسکی کوڕی کچەکەی لە ژنی یەکەمی، کاتێ لەمەکسیک بوو پێش تێرۆرکردنی ترۆتسکی. ئێستێبان ڤۆڵکۆڤ نەوەی ترۆتسکی لەو تەمەنە هات بۆ مەکسیک لەنێوان باپیرەو ژنی دووهەمی ترۆتسکی ( زڕە داپیرە)





پاسەوانی تایبەتی ستالین لەسەر کەسایەتی و پاکی بێ گەردی ستالین قسە دەکا و دەڵێ بەگوێرەی ڕاپۆرتی خەزێنەی دەوڵەت پاش مردنی ستالین تەنها ٤ ڕۆبل و ٤٠ فلس لە ژمارە حسابی بووەو هیچ موڵک و ماڵ و میراتێک لەسەر ناوی خۆی تۆمار نەکردووە یان بۆ منداڵەکانی بەجێی نەهێشتووە .

له حسابی بەنقی ستالیت پاش مردنی تەنها ٤ روبل و ٤٠ سەنت هەبووه




پاش ئەوەی ستالین هەر کادیرێکی حیزبی کوشتووە یەکسەر فەرمانی داوە وێنەکەی لەو دۆکومێنت و بڵاوکراوانە هەڵبگرن و فۆتۆشۆپی بکەنەوە، بۆ ئەوەی نەناویان بمێنێ و نەوێنەیان بمینێ و کەمپینی کۆکردنەوەی وێنەکانیان کردووە لەدام و دەزگاکان، بەڵام ستالین بەهەڵەداچوو بوو،چونکە کەس ناتوانێ ڕاستی لە مێژوو بشارێتەوەو بیشێوێنێ،لەبەرئەوەی هەر ئاشکرا دەبێ .


Год, на всём протяжении которого Ежов находился в должности — 1937 — стал символическим обозначением репрессий; сам этот период очень скоро стали называть ежовщиной.
Из-за своего невысокого роста (151 см) в народе был прозван «Кровавым карликом». Расстрелян в 1940г.
Год, на всём протяжении которого Ежов
Слайд 14 из 16









Alexander Malchenko has been edited out.








وێنەی یەکەم : کارڵ ڕادیك بە نەتەوە جولەکە و یەکێ لە سەرانی بەلْشەڤیک لە دادگای تیرۆرە مەزنەکەی ستالین کوژرا . وێنەی دووهەم : دادگای زینۆڤییێڤ لە تیرۆری مەزنی ستالین کوژرا کە یەکێ لەهەرە نزیکەکانی لێنین بوو لە بەلْشەڤیکە

کۆنەکان بوو. وێنەی سێهەم : بوخارین و ڕیکەڤ لە ڕۆژی دادگایی کردنیان لەلایەن ستالینەوە بە تیرۆری مەزن بەناوبانگە ساڵی ١٩٣٧ .هەرهەموویان بەنەتەوە جوولەکە بوون و ستالین تیرۆری کردن .











لیستی ناوی ئەو جولەکانەی کە لە وەزارەتەکانی حوکمی بەڵشەڤیک پۆستیان هەبووە. لیستی دووهەم ناو ڕێژەی ئەو جولەکانەی کە ئەندام بوون لەناو کۆمیتەی ناوەندی حیزبی بەڵشەڤیک .

The most detailed description of Jewish influence in the Bolshevik 'revolution comes from Robert Wilton, the Russian correspondent of *The Times*. In 1920 he published a book in French, *Les Derniers Jours des Romanofs*, He reported that the **Central Committee of the Bolshevik Party** was made up as follows:

| NAME | NATIONALITY |
|---|---|
| **Bronstein (Trotsky)** | Jew |
| **Apfelbaum (Zinovief)** | Jew |
| **Lourie (Larine)** | Jew |
| **Ouritski** | Jew |
| **Volodarski** | Jew |
| **Rosenfeldt (Kamenef)** | Jew |
| **Smidovitch** | Jew |
| **Sverdlof (Yankel)** | Jew |
| **Nakhamkes (Steklof)** | Jew |
| Ulyanov (Lenin) | Russian |
| Krylenko | Russian |
| Lounatcharski | Russian |

| MINISTRY | NAME | NATIONALITY |
|---|---|---|
| President | Ulyanov (Lenin) | Russian **[Ron: Jew]** |
| Foreign Affairs | Tchitcherine | Russian |
| Nationalities | Djugashvili (Stalin) | Georgian **[Ron: Jew]** |
| Agriculture | Protian | Armenian |
| Economic Council | **Lourie (Larine)** | Jew |
| Food | **Schlichter** | Jew |
| Army & Navy | **Bronstein (Trotsky)** | Jew |
| State Control | **Lander** | Jew |
| State Lands | **Kauffman** | Jew |
| Works | **V. Schmidt** | Jew |
| Social Relief | **E. Lelina (Knigissen)** | Jewess |
| Public Instruction | Lounatcharsky | Russian |
| Religions | **Spitzberg** | Jew |
| Interior | **Apfelbaum (Zinovief)** | Jew |
| Hygiene | **Anvelt** | Jew |
| Finance | **Isidore Goukovski** | Jew |
| Press | **Volodarski** | Jew |
| Elections | **Ouritski** | Jew |
| Justice | **I. Steinberg** | Jew |
| Refugees | **Fenigstein** | Jew |
| Refugees (assist.) | **Savitch** | Jew |
| Refugees (assist.) | **Zaslovski** | Jew |

نەفتالی فڕانکێل( بەقسەی سەڵجەنیتسین بێ نەفتالی دەبێ جولەکەی تورکی ئەستەنبوول بووبێ و خۆی گەیاندۆتە ناو  بەڵشەڤیەکان و لەدوا ئێستگەی ژیانی بوو بە جەللادی نەیارەکانی دژی گەڵی سۆڤیەت و بەرپرسیارەتی ئۆردوگا زۆرەملێکانی سیبیریا پێسپێردرابوو کە بەناوی "ئەرخیپیلاگ گووڵاک" ەوە بەناوبانگە. شێوەیەکە لە

شێوەکانی نقرة سلمانی عێراق و چوونی هەبوو بەڵام گەڕانەوەی نەبوو بۆ زیندانیەکان چونکە یان مردن و سەرماو سۆڵ و برسیەتی و کارکردن چاوەڕوانیان بوو تاکۆتایی ژیان یان هەر لەوێ گوولله باران دەکران. بەگوێرەی هەندێک سەرچاوەی تر دەڵێن جولەکەی حەیفای فەلەستینی بووە کە ئەو کات لە ژێر حوکمی
ئیمەپراتۆریەتی عوسمانی بووە و خۆی گەیاندۆتە ڕوسیا، هێندێکی تر دەڵێن جولەکەی هونگاری نەمساوی بووە .



بێلە کون( بێلا کۆهین) جولەکەیەکی هونگاری بوو، بەڵام لەبەرئەوەی کۆمۆنیست بوو ئیدی ڕایکرد بۆ سۆڤیەت و کرا بەیەکێ لە جەللادەکانی تیرۆری سوور و بکوژی سووپای سپی بوو. لەساڵی ١٩٢٠بە فەرمانی ئەو ٥٠ هەزار دیلی سووپای سپی کوژران کە بەڵێنی پێدابوون ئەگەر خۆیان ڕادەست بکەنەوە نایان کوژێ و ئازادیان دەکات. بەڵام کاتێ ئەو سووپایە خۆیان تەسلیم کردوو گووتیان چیتر شەڕ ناکەین لەناوچەی قرم ی سەر بە ئۆکڕانیا هەر هەموویانی کوشت .



مارڜاڵ توخاتشێڤسکی لاپەرە ١٠٨ لەپەڕتووکی گڕۆڤەر فوور بەرگی یەک


We have no evidence that Iakovlev was tortured, beaten, etc. Even if we had evidence that some kind of real torture had been used against Iakovlev, it would not mean he was innocent. We'll discuss this issue below. Nor would it explain why Iakovlev confessed at trial. We know he did so because Rudenko's "zapiska" says he did – the full transcript of his trial has not been declassified.


**Tukhachevsky and The Military Leaders**

The rest of the evidence we present concerning Trotsky's collaboration with Germany and/or Japan comes from the investigative materials connected with the so-called "Tukhachevsky Affair." On June 11, 1937 Marshal Mikhail Tukhachevsky, one of only five marshals of the Red Army, and seven other very high-ranking military commanders were tried and convicted of collaboration with Trotsky, other oppositionists, Germany and/or Japan to bring about the overthrow of the Stalin government, the assassination of its leading members, the facilitation of war between the USSR and its

Copyright © 2009 by Grover Furr and *Cultural Logic*, ISSN 1097-3087


GROVER FURR
LEON TROTSKY'S COLLABORATION WITH GERMANY AND JAPAN


GROVER FURR
TROTSKY'S 'AMALGAMS'
Trotsky's Lies, The Moscow Trials As Evidence, The Dewey Commission
Trotsky's Conspiracies of the 1930s
Volume One


GROVER FURR
KHRUSHCHEV LIED
THE EVIDENCE THAT EVERY "REVELATION" OF STALIN'S (AND BERIA'S) "CRIMES" IN NIKITA KHRUSHCHEV'S INFAMOUS "SECRET SPEECH" TO THE 20TH PARTY CONGRESS OF THE COMMUNIST PARTY OF THE SOVIET UNION ON FEBRUARY 25, 1956, IS PROVABLY FALSE.

*«Рухнули и рассеялись в прах возражения „науки" против возможности и целесообразности организации крупных зерновых фабрик в 40—50 тысяч гектаров. Практика опровергла возражения „науки", показав лишний раз, что не только практика должна учиться у „науки", но и „науке" не мешало бы поучиться у практики...*

*Рухнули и рассеялись в прах утверждения правых оппортунистов (группа Бухарина) насчет того, что:*

*а) крестьяне не пойдут в колхоз,*

*б) усиленный темп развития колхозов может вызвать лишь массовое недовольство и размычку крестьянства с рабочим классом,*

*в) „столбовой дорогой" социалистического развития в деревне являются не колхозы, а кооперация,*

*г) развитие колхозов и наступление на капиталистические элементы деревни может оставить страну без хлеба.*

*Все это рухнуло и рассеялось в прах, как старый буржуазно-либеральный хлам»* [57. С. 301—302].

Они чаще всего возникали при помощи государства, на крупных пустующих участках земли. Государство им выделяло в беспроцентный кредит стройматериалы, инвентарь, посевное зерно и скот. Далеко не все коммуны выдерживали сколь-нибудь долгий срок. Большая их часть разорилась от неумеренного снабжения своих членов «по потребностям» и от неумелого хозяйства. Однако самые сильные коммуны, тем не менее, вполне благополучно дожили до 1934 года, до тех пор, пока они не были реорганизованы на основе единого устава в сельхозартели.

Ну а совхозы, советские хозяйства, это государственные предприятия, организуемые государственными органами, за счет государства приобретающие материалы, инвентарь, скот и зерно для посева. Бедный крестьянин мог стать рабочим в совхозе, получая за свой труд определенное вознаграждение, частью деньгами, а частью продуктами.

Форм привлечения крестьян к коллективному труду было, как видим, много. Но все же в массе своей крестьянство оставалось единоличным, ведущим мелкое хозяйство с низким выходом товарного хлеба.

жатки, веялки. Плата за них раскладывалась на членов товарищества поровну. В 1929 году было более 20 тысяч таких товариществ, в которых состояло более 400 тысяч человек, в среднем по 20 человек на товарищество.

Для таких крестьян был и другой способ ведения хозяйства. Крестьяне могли объединиться в артель. Артель — это обобществление земельных участков, угодий, крупного скота, лошадей и крупного сельского инвентаря, но при сохранении дворов. Каждый крестьянин, состоящий в артели, работал на артельном поле, но имел свой собственный двор с участком, огородом, посадками, скотом и птицей. Крестьяне выбирали старосту артели, который следил за работами и делами артели. Когда собирался урожай с артельного поля, его делили поровну между членами артели. Это был некий прообраз колхоза.

Те же крестьяне, у которых совсем не было ни кола, ни двора, могли вступить в коммуну или стать рабочими в совхозе. Коммуна — это объединение крестьян, которые сдавали в общий фонд все свое имущество, вплоть до зимней одежды. Коммуна обеспечивала своих членов и их семьи продовольствием за счет общей работы. Потому она так подходила для беднейших крестьян.

Позиция Бухарина, которой он придерживался с 1921 года, заключалась в том, что для дальнейшего развития Советского Союза такого способа сосуществования частного и коллективного секторов в сельском хозяйстве вполне достаточно. Бухарин говорил, в особенности до начала 1926 года, что мелкое крестьянство будет «врастать в социализм», понимая под этим «врастанием» систему охвата крестьян кооперацией. Бухарин более определенно выразился об этом в 1923 году:

«Мы будем многие десятки лет медленно врастать в социа - лизм: через рост нашей промышленности, через кооперацию, через возрастающее влияние нашей банковской системы, через тысячу и одну промежуточную форму» [46. С. 182].

Бухарин более определенно выразился об этом в 1923 году:

«Мы будем многие десятки лет медленно врастать в социа - лизм: через рост нашей промышленности, через кооперацию, через возрастающее влияние нашей банковской системы, через тысячу и одну промежуточную форму» [46. С. 182].

На этой точке зрения Бухарин выдержал длинную череду теоретических боев с троцкистами. Но обстановка начала меняться, и он оказался вынужденным вносить в свои взгляды коррективы. В 1926 году Бухарин начал пересмотр своей программы, который дошел до своей кульминационной точки в декабре 1927 года, как раз к XV съезду партии.В связи с ростом промышленности и необходимостью больших капиталовложений, Бухарин разработал программу «наступления на кулака», которую провозгласил в октябре 1927 года.

Суть этой программы сводилась к тому, чтобы ограничить возможности роста кулацкого хозяйства, то есть лишить его права голосования, обложить более высокими налогами, ужесточить правила аренды земли и найма работников. При этом основа этой политики — охват кооперацией крестьян — оставалась в неприкосновенности.

پاڤێل میلیوکۆڤ- وەزیری دەرەوەی حوکومەتی کاتی ڕوسیا دوای حوکمی قەیسەر



ئەلێکساندەر هێرزن ١٨١٢-١٨٧٠ ژیاوە، بەڕەسەن لە خێزانی ئەڵمانیای ڕوسیای قەیسەری بوو. هێرزن بە باوکی بیری سۆشیالیزمی ڕوسی لەقەڵەم دەدرێ. بەرهەمە فکریەکانی دەربارەی سۆشیالیزم و نووسینی ڕۆمان لە ئاستێکی زۆر بەرزن. چەندەها بەرگە کتێبی هەیە لە نووسین. لە خێزانێکی گەڵێک دەوڵەمەند لەدایک بووە کەچی بە کەسێکی شعوبی و میللی و داکۆک لە چینی جوتیار لەقەڵەم دەدرێ





بکوژانی بنەماڵەی قەیسەری ڕوسیا بەگوێرەی سەرچاوەکان نزیکەی ١٢ سەبازی بەڵشەفیکی بوون و ڕۆڵی سەرەکی ئەوانەی خوارەوە بوون و هەر یەکێکیان سەرەتا شانازیان کردووە بەوکارەیان، بەڵام چارەنووسیان بەشێوەیەکی تر کۆتایی هات.

وێنەی یەکەم : یاکۆڤ یروڤسکی- بەرپرسی یەکەمی ئەو تاوانە بوو، بەلام لەدوا ساتدا

خۆی کوشت، چونکە بەرگەی ڕەخنەو ویژدانی خۆی نەگرت. بەنەتەوە جوولەکە بوو. وێنەی دووهەم : پاڤێل میدڤێدیێڤ یەکێک بوو لەسەرانی دەستپێشخەری کوشتنی بنەماڵەی قەیسەر و پاشان بە دیل گیرا لای سووپای سپی و کوشتیانەوە. وێنەی سێهەم : پێتەر ئێرمەکۆڤ .








پەڕتووکی جۆن ڕید "۱۰ ڕۆژ جیهانی هەژاند" لە ئینتێرنێت بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی هەیە وەک پی دی ئێف داونلۆدی بکەیت.

